

لێدوان، نووسراوە و بیرەوەرییەکانی

هاوڕێ شۆڕش ئەسەدزادە

بەشی یەکەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەزەڵوەری ٢٧٢٦ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٦ی زایینی

پێشمەرگەی ئازا

بەشی یەکەم

پێڕست:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی پێشمەرگەی دیرێن شۆڕش ئەسەدزادە...
٢- گفتوگۆی مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات...
٣- یادێک لە ڕەوانشاد برایم مەسڵەحەت، ناسراو بە مەلا برایم دۆڵە گەرمی...
٤- یادێک لەڕەوانشاد کاک (ئەحمەد ستوودە)...
٥- یادێک لەشەهیدی نەمر: حەمە نارستی...
٦- سالۆڕۆژی مووشەک بارانی قەڵای سەختی دیموکرات...
٧- یادێک لەشەهیدی نەمر: سەید تەها ئیسماعیلی...
٨- یادێک لەشەهیدی نەمر: محمد هیندوەش...
٩- یادێک لە شەهیدی نەمر کەریم بەیرەمی...
١٠- یادێک لە قارەمانەکانی لکی ٢ی هێزی ٢١ ی شەهید پێشەوا...
١١- یادێک لەشەهید: ڕەحمان خەرامان...
١٢- یەکێک لە بیرەوەریەکانم لەگەڵ شەهید چرچە بارام میرزا...
١٣- بۆ لەیلا قاسم...
١٤- محمد زەنگەنە چۆن شەهید بوو؟...
١٥- چۆنیەتی بەردانەوەی هەلیکۆپتەرەکانی دەشتی شارۆیران...
١٦- لە هێزی گیارەنگ بووم لە ناوچەی سەردەشت...
١٧- ڕۆژانی پڕ لە حەماسە...
١٨- یەکێک لە عەمەلیاتەکانی ناو شاری مەهاباد...
١٩- پایەگای بەردە کونتێ چۆن گیرا؟؟؟؟؟؟...
٢٠- پایەگای گردە گڕوێ چۆن گیرا؟...
٢١- داشامەجید بۆ نەگیرا؟؟...
٢٢- ١٤پێشمەرگە چۆن شەهید بوون لە سەیدئاوای مەهاباد...
٢٣- شەڕی بەرزایەکانی سەنگەسار...

بەشی یەکەم

٢٤- شەڕی کەربەلای دارەلەک لە شارۆچرانی مەهاباد...
٢٥- بەبریندارى چۆن هاتمەدەرێ لە مەهاباد؟؟...
٢٦- شەڕی گوندی (کانی زەرد)ی ناوچەی سەردەشت...
٢٧- شەڕی دوو ڕۆژەی ناو شاری مەهاباد...
٢٨- گوندی بەسری لەگەڵ دەیان بیرەوەری...
٢٩- جەعفەری گوشواره فەرماندەری عەمەلیاتە سەختەکان...
٣١- عەمەلیاتێکی کورت و بەهێز...
٣٢- تۆپ بارانی پایەگای "داشامەجید" لەمەهاباد لەلایەن شەهید کاک هەژار...
٣٣- نەقڵی(کووڕە)کەی عەوڵا ئەحمەدی...
٣٤- لەم عەمەلیاتە دوژمن توانیان فێڵمان لێبکەن...
٣٥- یادێک لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٠...
٣٦- یادێک لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان...
٣٧- دەورانی شاخ و ڕۆژە سەختەکانی خەبات...
٣٨- هێرشێکی سەرنەکەوتوی دوژمن...
٣٩- یادێک لە ١٣ بەدەری ساڵی ١٣٦٠...
٤٠- با قسەیەکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە...
٤١- یادو یادگارەکانم لەگەڵ مامۆستا هێمن...
٤٢- تۆپ و خومپارە باران کردنی سوپاو پادگان و جاشخانە لە مەهاباد...
٤٣- یادێک لە شەهیدی نەمر قارەمان ڕەحیم قارنجی...
٤٤- جیاوازیەکی نێوان ئێمەو دوژمن...
٤٥- یوسف سازواری و هاوسەنگەرانی چۆن شەهید بوون...
٤٦- یادێک لە شەهیدانی ئازادی سەرگورد عەباسی و سەروان چەلەبی...
٤٧- نەخۆشخانەی حزب لە گوندی (قالوێ)...
٤٨- خواردنی پێشمەرگە لە ڕۆژە سەختەکاندا چۆن بوو؟؟؟...
٤٩- یادێک لە شەهیدی فەرماندە (حەسەن سوهرابی)...
٥٠- لەدەرگام دا، کوتی کێیە؟ کووتم پێشمەرگەم،..

بەشی یەکەم

٥١- هۆنراوەیەک بۆ ڕۆحی بەرزی شەهیدان...
٥٢- من و کوڕی شای پێشووی ئێران!!!...
٥٣- بێسیم و پێشمەرگە!!!...
٥٤- نیشتیمانەکەت ئەو بەهەشتەیە کە باسی دەکەن...
٥٥- عەزیز سەلیم کێ بوو؟؟...
٥٦- مافەکانی پێشمەرگە چیە؟؟؟...
٥٧- یادیک لە مامۆستا محەممەد سالحی مامۆستای شۆڕش...
٥٨- قسەیەکی خۆشی کاک فەتاح کاویان...
٥٩- یادێک لە شەهیدی نەمر: تاهیر جۆلاکار، ناسراو بە (تالی)...
٦٠- چۆنیەتی تیرۆری کاک غەفوور هەمزەیی؟...
٦١- ئەم وێنەیە خۆم و دکتوری خانەوادەکەمە لە ئەمریکا. ناوی دکتور(جان)ـە...
٦٢- پیرۆزبێ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان...
٦٣- یادێک لە پێشمەرگەی نەمر، شەهید: عومەر نەسرولاهی، ناسراو بە عومەر چکۆل...
٦٤- یەکێک لەیادگاریەکانی فەرماندە سەروان چەکۆ ڕەحیمی...
٦٥- یادی دەورانی پێشمەرگایەتی بەخێر...
٦٦- هەندێک شەڕی قێزەوونی ناوخۆ لە ڕوانگە و گوشە نیگای خۆمەوە!!...
٦٧- کوردو ئەمریکا.. ٢ هەڵوێستی جودا...
٦٨- ئەمریکا دوای ٤٠ ساڵ تۆڵەی خۆی کردەوە لە کۆماری ئیسلامی ئێران...
٦٩- یادێک لەشەهید حیسامەدین مودەڕیسی...
٧٠- قەتڵوعامی خەڵکی گوندەکانی (ئیندەرقاش، یوسفکەند، خانەگێ) لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد...
٧١- یادێک لە شەهید: حەسەن ئاراوەند، ناسراو بە مام حەسەن بازرگان...
٧٢- سەید یەحیا ڕەحیم صفوی کێیە؟؟؟...
٧٣- یادی ٣٨ ساڵەی شەهیدبوونی نەمر سمایل سمایلزادە...
٧٤- یادێک لە شەهید: ئەبوبەکر ئەحمەدی...
٧٥- یادێک لە شەهید شەمسوڵا موزەفەری...
٧٦- پاسدار باقری، هەرەشە لە دیموکرات دەکات...

بەشی یەکەم

٧٧- زۆرم زەحمەت لەگەڵ ئەم وێنانە کێشاوە...

٧٨- شەرم و ویژدان باشە بۆ مرۆڤ!!...

٧٩- دوای کۆماری کوردستان گەورەترین سەرکەووتنی کورد ڕیفڕاندۆم بوو...

٨٠- سپاس و یادێک لە سمایل ئەقدەم...

٨١- کوردستان دڵی دوژمنی مووشەک باران کرد!!!...

٨٢- ٣٧ ساڵ پێش ئێستا. (شاناز قوربانی ئەقدەم) ناسراو بە(بەهار)...

٨٣- یادێک لە شەهیدان: وەستا ئەکرەم و سولەیمان نازداری...

٨٤- یادێک لە نەخۆشخانەی حزبی دیموکرات لە گوندی (دەشتێوو)...

٨٥- یادێک لە شەهید قادر ئاکلیۆن...

٨٦- هاوڕێ (سوڵتان گوڵاوی) بەم شێوەیەی کە دیویەتی بۆی گێڕامەوە...

٨٧- کاک فەتاح کاویان...

٨٨- چوار شەهید لە بنەماڵەیەکی تری کورد لەمەهاباد...

٨٩- دواپین دیدارم لەگەڵ مامۆستا هێمن...

٩٠- هونەرمەند: برایم قادری...

٩١- یادێک لەشەهید: سولەیمان قادری...

٩٢- یادێک لە ٣ برای شەهیدی بنەماڵەیەک...

٩٣- یادێک لە شەهید (عەلی قازی)...

٩٤- یادێک لە هاوڕێی شەهیدمان: یوسف شەریفی...

٩٥- یادێک لە شەهید: جەلال موئمنی...

٩٦- شەهید محێدین نەسیری: ناسراو بە محێدین مەحمەڵ...

٩٧- یادێک لە شەهیدی فەرماندە هەمزە عەبدوڵاهی ناسراو بە (هەمزە سارتکەیی)...

٩٨- مامۆستا (حەسەن شیوەسەڵی)...

٩٩- یادێکی کورت لە شەهید (جەواد شێخ محمد)...

١٠٠- یادێک و وەفایەک بۆ شەهیدی نەمر (متەلیب نەبی زادە)...

١٠١- یادێک لە نەمر کاک ئەمیر قادری...

١٠٢- هونەرمەند "تۆفیق عەزیزی" ناسراو بە "مام تۆفیق تار ژەن"...

بەشی یەکەم


١٠٣- قادر لوتفیانی، ناسراو بە "مامۆستا ئازا"...
١٠٤- شەهید "عەلی سوهرابی قارەمانێکی گەلی کوردو حزبی دیموکراتی کوردستان...
١٠٥- جێگای خۆیەتی قارەمانە زیندووەکان فەرامۆش نەکرێن...
١٠٦- چۆنیەتی شەهیدبوونی (خدرە سوور) و هاوڕێیانی...
١٠٧- ملوێنە ڕووحی" ناسراو بە "پەروین ڕووحی...
١٠٨- بۆ یادی کۆچی (ژێنڕاڵی چیاکان) بارزانی نەمر...
١٠٩- پور زولەیخا...
١١٠- شەهید کەریم توژەڵی ...
١١١- پردی (یەرغوو)...
١١٢- شاخی سوڵتان...
١١٣- فەرماندە عوسمان ئەفشین...
١١٤- کاک سەرگورد عەلیارو کاک عەبوو سەقزی چۆن شەهید بوون...
١١٥- تەها کرمانج پێنجەمین شەهیدی بنەماڵەی کرمانج...
١١٦- فەرماندەکەم...
١١٧- کاک جەلیل باشتر بناسین. با نەبێتە درۆی پاش مردوو...
١١٨- گرتنی پایەگای ئەمیرئاباد...
١١٩- پەلی شاهۆ...
١٢٠- تۆڵەی ٥٩ لاوی مەهابادی...
١٢١- لە ئەمیبئاباد...
١٢٢- بنکەی دەفتەری سیاسی و دەبیرخانە...
١٢٣- یادی ٢ شەهیدی قارەمانی حزب، کە خەڵکی(دیاربەکر)ی باکوری کوردستان...
١٢٤- یادێک لە ڕەونشاد،(حاجی سەید باقی ناوە) کەسایەتی خۆشناوو نیشتمان پەروەر...
١٢٥- یادێکی کورت لەشەهیدی نەمر هەژار قاسمی...
١٢٦- پیرۆزبایی لە لاوان...
١٢٧- یادێک لەشەهید: عەبدوڵا بیژەن فەڕ...
١٢٨- یادێک و وەفایەک بۆ فەرماندەی شەهید (قادر حاجی پوور)...

بەشی یەکەم

١٢٩- یادێک لە شەهید: فەتاح حاجی ڕەشیدی...
١٣٠- چۆنیەتی شەهید بوونی ٥ لاوی قارەمان و پێشمەرگە؟...
١٣١- گرتنی پایەگای "گابازەلە" لە شاروێرانی مەهاباد بە تۆڵەی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد...
١٣٢- شەهیدان: جەعفەر و یوسف گوشواره... کەماڵ عەلیزادە، چۆن و لەکوێ شەهید بوون؟؟...
١٣٣- یادێک لە شەهید: حەسەن جێید...
١٣٤- یادێک لە ٢ شەهیدی زولم لێکراو... شەهید دیار جەناح شەهید سابیر ئیبراهیم پور...
١٣٥- یادێک لەم دوو شەهیدە شەهید سەعدون عەباسی شەهید میرزا ئەحمەد ناسراو بە (ئەحمەدی فاتێ)...
١٣٦- شەهیدی قارەمان سەعدون بارزان...
١٣٧- یادێک لەم دوو شەهیدە قارەمانانە. شەهید سەید تەها ئیسماعیلی شەهید کەماڵ ئەمینی...
١٣٨- یادێک لە شەهیدانی (بنەماڵەی ئاغاز)...
١٣٩- یادێک لە شەهیدی نەمر کاک(عەلی کاشفپوور)...
١٤٠- شەهید ساڵەی حوسەینی...
١٤١- شەهید: عوسمان ئەمجەدی...
١٤٢- عوسمان ئیبراهیم زادە ناسراو بە (عوسمان شوانە)...
١٤٣- یادێک لە شەهیدانی گوندی (قازیاوا)ی ناوچەی مەهاباد...
١٤٤- یادێکی لە شەهید کەریم ئارامش(کەریم عەلی فەرامەرز)...
١٤٥- یادێک لە شەهیدان: یوسف ئیسماعیلزادە و کەماڵ ئیسماعیلزادە...
١٤٦- ڕەوانشاد: مام ڕەسوڵ ئەمین عەشایری... ناسراو بە (مام ڕەسوڵ ئاغا)...
١٤٧- یادێک لە شەهیدانی(بێکەس)...
١٤٨- عەبدوڵا خزری ناسراو بە (عەوڵای مام حەسەنی)...
١٤٩- شـــەهـید محەممەدئەمین بارام میرزا ناسراو بە (چرچە)...
١٥٠- یەکەم شەڕی گۆندی "زکدڕاو" لە ناوچەی مەهاباد...
١٥١- قسەیەکی خۆش...
١٥٢- کاتێ کەلهوڕی چۆن شەهید بوو؟؟...
١٥٣- یادێکی کورت لە ڕەوانشاد (وەستا عەوڵا)ی فیلمهەڵگر...
١٥٤- قاله ڕیشه: پیاوێکی بەهیمەت و جەسوور بوو...

بەشی یەکەم

بۆ هونەرمەندی دەست و پەنجە ڕەنگین کاک (ڕەحمان نەقشی)



شۆڕش ئەسەدزادە

کاک ڕەحمان نەقشی یەکێک لەو هونەرمەندانەیە وەکوو مۆمێک بەبێدەنگ و لەسەرەخۆ بۆ گەل و نیشتیمانەکەی دەسووتێ، وەکوو ئارشیوێکی تۆکمەو جێگای باوەڕ لەماوەی چەندین ساڵەی ڕابردوودا پێ بە پێی مێژووی ڕوداوەکان وەکوو خۆی لەگەڵیان هاتوە و بەشێوەیەکی ئەلکترۆنی سەردەم هەمویانی لای خۆی ڕاگرتووە، بێجگە لەوەش وەکوو کەسێکی ئەمانەتدار پاراستوونی. لەگەڵ ئەوەی کاک ڕەحمان گەورەترین خزمەتی بە ئارشیوی دەیان ساڵەی ڕووداوەکان و بەڵگە نامەکان و کۆکردنەوەی سەرجەم نوسین و بابەت و بیرەوەریەکانی پێشمەرگەو هەروەها بەدەیان نوسراوەو لێکدانەوە، کە نوسەرەکان بۆخۆشیان لەبیریان نەماوە لەکوێ و لە چ ساڵێکدا نوسیویانەوە بڵاویان کردۆتەوە. هەموویان کاک ڕەحمان لە ئارشیوی خۆیدا دڵسۆزانە پاراستوونی. یەکێکی تر لە شاکارەکانی کاک ڕەحمان دروستکردن و ڕێکخستنی کۆبەندی هەوالەکان، ڕۆژ ژمێری کوردی ئینگلیزی، کۆبەندی ڕۆژنامەی کوردستان، کۆبەندی گۆڤارو نامیلکەکان، وێنەی شەهیدان، زۆر بابەتی تر دوای ئەوانەش هونەرێکی دیکەی کاک ڕەحمان دەست ڕەنگینیە لەکارو تەراحی و لێزانین لە بەشی فۆتۆشاپ دا. ئەوانەی لەسەرەوە باسمکردن هەموویان لە قالبی هونەری و دیزاینێکی وەستایانەدا بە فۆتۆشاپ دا چەندین بەرامبەر نرخی هونەرەکەی بەرزو بەرزتر کردۆتەوە کە بەڕاستی جێگای تەقدیرو ڕێزلێنانە.

کاک ڕەحمان خزمەتێکی زۆری بەهەموو ئەو کەسانە کردووە کە ڕۆژێک پێویستیان بە ئارشیوەکەی بووە. ئەویش زۆر

بەشی یەکەم

دڵسۆزانەو بەدڵێکی ئاوەڵاوە ئەوپەڕی یارمەتی داون بەبێ ئەوەی وەکوو سەرمایەی زەحمەتەکانی خۆی چاوی لێکردبێێ. ئێستا کەمتر کەسانێک هەن توانیبێتیان وەکوو کاک ڕەحمان دڵسۆزانە زەحمەت بکێشن بۆ کۆکردنەوەی ئارشیوەکان و لە هەمان کاتدا دڵسۆزانەش بیبەخشن بەو کەسانەی کە داوای شتێک دەکەن لە ئارشیوی کاک ڕەحمان. بەڕاستی گەورەیی نواندووەو هیوادارم هەروا لەسەر دڵسۆزی و گەورەیی خۆی بەردەوام بێ.

لێرەدا من دەمەوێ دەستخۆشی لەم هونەرمەندە بەرزە بکەم کە زەحمەتێکی زۆری لەگەڵ نوسراوەو یاد و بابەتەکانی من کێشاوەو نزیک بەتەواوی نوسراوەکان و یادی شەهیدان و یادی پێشمەرگە دێرینەکان کە بڵاوم کردونەوە، هەموویانی کۆکردۆتەوەو زۆر جوان و بەشێوەی کتێبێکی ئەلکترۆنی ئامادەی کردوون. بەڕاستی نازانم بە چ زمانێک سوپاس لەم هونەرمەندە زەحمەتکێشە بکەم. تەنیا دەتوانم بڵێم ئێمە دەبێ ڕەحمان نەقشی وەکوو (کێوی ئارشیوو) بناسین و ناوی بێنین.

دیسان سوپاس لەهەموو زەحمەتەکانت، بۆ هەموو هەوڵەکانت، بۆ دروستکردنی کێوێک لەئارشیووی زیندوو.

ئەمریکا: ١٣ی دێسەمبەری ٢٠١٩

بەشی یەکەم

کورتەیەک لە ژیاننامەی پێشمەرگەی دیرێن شۆڕش ئەسەدزادە...

سڵاو لە پێشمەرگە



ئامادەکردنی: ارام قادری

کاک شۆڕش ئەسەدزادە، کەسێکی بە ئەمەگ و هاوڕێی پێشمەرگەکانی خۆی خۆشدەوێ، هەموو جارێ یادێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی خەباتی ڕزگاری خوازی کوردستان دەکاتەوە جیلی ئێستامان بە قارەمانێتی و لەخۆبردوویی ڕابردووی ئەو کەسانە ئاشنا دەکا، ئەوکاسانەش کە شەهید بوونە یادیان دەکاتەوە کە هەمیشە لەیادمان بمێننەوە.

جابۆیە من گوتم با لانیکەم ئێمەش هەم وەکوو ڕێزێک بۆ گەورەیی جەنابت و هەمیش وەکوو سپاسێکیش کە جەنابت دەرحەق بە کەسایەتی نەتەوەکانمان دەکەی، ئێمەش جەنابت لەبیر نەکەین، هەرچەند خۆی لەسەرەتا وەکوو خسڵەتی پێشمەرگانەی وەکوو قەدوبااڵی خۆی کە من ئەو شتانەدەکەم بۆ دەستخۆشی و سپاس نایکەم، وەکوو ئەرکی نەتەوایەتی و کوردایەتی دەیکەم، بەس دوایی ڕازی بوو کە ئێمەش وەکوو ئەرکێکی نەتەوایەتی، یەک لە سەدی گەورەیی ئەو زاتە بخەینە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویستان...

بەشی یەکەم

جا با لە زاری خۆی ببیسین کە شۆڕش ئەسەدزادە کێیە!!!

لە زۆربەی خۆپیشاندانەکان لە شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران بەشدار بووم.. لە دوای ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی و ئاشکرا بوونی خەباتی حزبی دیموکراتی کوردستان، من خەریکی کاری (عکاسی) واتە وێنەگری بووم لە عەکاسی (ئەفشین) لە مەهاباد. من و شەهید (حەسەن سوهرابی) پێکەوە لە ماڵێکدا دەژیاین و گەورە بووبوین، ڕۆژانە لەگەڵ هەندێک لە کوڕەکانی ئەوکات خەریکی کاری نهێنی و چەکداری بووین لە ناوشاردا. تفەنگێکی (ویزی)م هەبوو هەمیشە لە دووکان دامدەنا ئەگەر پێویست بوایە دەمهێنایە دەرێ. یان لە بن کۆتەکەماندا دەمانشاردەوە، یان لەناو قوتوێەکی شیرینی گەورەدا بەسەردەستمانەوە دەگرت هەتا ئەو شوێنەی پێویست بوو دەری بێنین. ئەوکات شەهید (چرچەی بارام میرزا) جیبێکی کوورتی پێ بوو بۆ کارەکان من لەو نێوانەدا پەیوەندیم هەبوو لەگەڵ شەهید (سەرگورد عەباسی) لە شوڕای نیزامی. هەر کارێکی عەکاسی و فۆتۆ کۆپی هەبایە دەیانرد لەدوای من و پێی دەسپاردم.. جارێک لەبیرمە کۆمەڵە بەیان نامەیەکیان هێنابوو کە ٥٠٠ دانەیان بۆ کۆپی بکەم کە دیتم باسی ٩ ملیۆن دۆلار کراوە کە گوایا دکتور قاسملو وەریگرتبێ. منیش بێ ئەوەی کۆمەڵەکان بزانن یەک دانەم بۆخۆم گێڕایەوەو خێرا بردم بۆ سەرگورد عەباسی. کاک سەرگورد کووتی ئەوە لەکۆێ دەست تۆ کەووتوە؟ بۆم گێڕایەوە زۆری سوپاس کردم. بۆ سبەینێ کۆمەڵە بە ماشێنێک چەکدارەوە هاتنە بەر دەرکی دووکان و منیان گرت. کەمێکیان ئازار دام و کووتیان چۆن ئەو بەیانامەیە دەست حزبی دیموکرات کەووتوە. تۆ نەبێ هیچ کەس ئەو بەیانامەی نەدیوە، ئێستا ڕاستیمان پێدەڵێی باشە دەنا دەتکوژین. جا بزانە حزبی دیموکرات هەر لێشت دەپرسێتەوە؟؟ بردیانم لە ژورێکیان کردم ئەوکای مقەڕی کۆمەڵە ڕوبەڕوو بە حەمامی کاخ بوو. دوانیوەڕۆ لەناو مقەڕی کۆمەڵە بوو بە دەنگە دەنگ و هەڵات هەڵات و زۆر پەشۆکابوون و یەکێکی سوورەیان تێدا بوو سمێڵ سورێک بوو جار ناجارێک دەهات یەک دوو زللەو مستی لێدەدام، منیش نەمدەزانی چ خەبەرە. پاش ماوەیەک دەنگی چەند تفەنگێک هات، زۆرتر شڵەژان، پاشان دەنگە دەنگەکە کەم بۆوەو دوای نیو کاتژمێرێک هاتن منیان بردە ژورەکەی خواری، هێنایانمە بەر دەرگای دەرێ و دەرگایان بە نیوەیی کردەوەو کووتیان بڕۆ پاڵێکیان پێوەنام و کەووتمە کوچە کە دیتم لەو بەری خیابان پێشمەرگەی لێ بوون هاتن دەستیان گرتم و سواری ماشێنێکیان کردم و بردیانم بۆ لای سەرگورد عەباسی دیتم لەوێش هەروا شڵەژاوی پێیانەوە دیار بوو. کاک سەرگورد هات دەستی لەستۆ گرتم و پێکەنی و کووتی خۆ ناڕەحەتیان نەکردی ئەوجار زانیم هەر کە منیان گرت کورێک کاری دەکرد بۆمان ناوی شەشە بوو خێرا چووبو خەبەرەکەی دابوو بە شوڕای نیزامی کە کاک سەرگورد زانیبووی کۆمەڵە منیان گرتووە خێرا زانیبووی لەسەر چی گرتوویانم، بۆیە پێشمەرگەی ناردبوو کە بە کۆمەڵە بڵێن ئەو کوڕە هەرچی زووتر ئازاد بکەن. کۆمەڵەش دوای کەمێک دەمەتەقە مەجبوور بوون خێرا ئازادم بکەن.....

بەشی یەکەم

هەتا شەڕی ٣ مانگە و بەشداری زۆربەی عەمەلیاتەکان بووم ئەوکات (جەعفەری کەڕووبی) پەلی شاهۆی دەویست دامەزرێنێ کە زۆر بووین کوڕەکان دیارە ئەوکات مەفرەزەی شەپۆل هەبوو کە ئەوانیش زۆر بوون شەهید محمد زەنگەنە و کاک ناسر پیرانی و شەهید کەریم ئەرسەنگ و زۆری تر بوون. ئەوجار پەلی شاهۆش دروست بوو شەهید یوسف سازواری و حەسەن سوهرابی جەعفەر کەڕووبی و عەولا شیرێژ بوو ئەمیر نیزامی. خوسرەو خامچی. من بووم پڕشەنگ و سۆفی سەید سەنعان و ئەوکات کاک شوان هەر لەو پەلەی ئێمە بوو، عەزیز فاتحی بوو، هەتا گرتنەوەی شاری مەهاباد لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانی ڕژێمەوە حزب دەستووری دا کە لەشار وەدەرکەوین. هەتا ئەوکات من کاری عەکاسیشم هەر دەکردو کاری پێشمەرگایەتیش دوکانەکەمان جێگای کۆبونەوەو یەکتر بینین بوو، هەرکەس ویستبای کەسێکی تر ببینێ جێگای دیتنەوەمان دوکان بوو.

حەسەن سوهرابی دوو حەفتە پێش من چووە دەرێ، پاشان داوایان لەمن کرد کە خۆم بگەیەنمە گوندی کۆنەدێ، کە چووم هەر منیان کەم بووم هەموو کوڕەکان لەوێ بوون. یوسف بە ڕەسمی هەڵمانبژارد وەک سەرپەل، نزیک بە ساڵێک لەوێ بووین دوایە گواستمانەو بۆ ناوچەی شارویران. بەڵام تۆپ و خومپارەو موهیماتێکی زۆرمان هەبوو هەر لە کۆنەدێ بەجێهێشتبوو کە چووینە شارویران یەکەمجار بنکەمان لە گوندی قزڵقوپی دانا. پاشان هێنامانە گوندی گاپیس پاش ماوەیەکیش لەوێ پاشان هێنامانە گوندی قومقەڵا دوای ئەوە هاتینەوە بەری ناوچەی مەحاڵ لەوێ لە گوندی شیلاناوێ بنکەمان بە ڕەسمی دانا. و پاشان ماوەیەک لە گوندی بەسری بووین. لە تەواوی ئەم گوستنەوانەدا ٤ ساڵی گرت هەتا ساڵی ١٣٦٣ کە تەواوی ناوچەیان لێ گرتینەوە لە تەواوی ئەو ٤ ساڵەدا لە زۆربەی زۆری عەمەلیاتەکاندا بەشداری چالاکانەم هەبوەو دوو جاریش بریندار بووم جارێک بە سووکی و جارێکیش بە قورسی،، لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا زۆر عەمەیاتی گەورەو زۆر زەرپەی بەهێزو کەمەر شکێنمان لە هێزەکانی ڕژێمی سێدارە وەشاند،، چەندین پایەگای گەورە گیران و تەواوی کەلوپەلەکانیان کەووتە دەستی هێزی پێشمەرگە،، دەیان و دەکرێ بڵێم سەدان کەمین و شەڕی ناوشاری و عەمەلیاتی مین و بە سزا گەیاندنی خۆفرۆشان و عەمەلیاتی چکۆڵەو بەڵام بەهێز ئەنجام دراون لە ناوچەکانی ئێمەدا. کە هەندێکیانم وەکوو بیرەوەری نووسیوەتەوەو بڵاوم کردوونەوە بۆ ئەوەی فەرامۆش نەکرێن و نەوکان و تازە پێگەیشتوەکان بزانن پێشمەرگە کێیەو چی کردووە بۆ ئازادی و ڕزگاری.

ساڵی ١٣٦٣ بەهۆی کارەساتێک کە پێوەم بەدورو درێژی باسی بکەم لە داهاتوودا، چوومە هێزی گیارەنگ لەوێ درێـــژەم دا بە خەبات و تێکۆشان،، لەوێش هەتا ساڵێک پێش دوولەت بوونی حزب لە کۆنگرەی ٨ منیش هەڵوێستی خۆمم گرت و پشتیوانیـــم لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کرد. دیارە لە هێزی گیارەنگ ئەو چەندساڵە لە زۆر عەمەلیات و کاری حزبی

بەشی یەکەم

بەشداریم کردووە ئەویش لە بیرەوەریەکانمدا بە درێژی باسم کردوون. ساڵێک و چوار مانگ پێش جیابوونەوە من لە شاری قەڵادزەی باشوور دانیشتبووم لەگەڵ زۆرێک لە هاوڕێیانی حزبی، بەڵام لە حزب هەڵنەبڕابووین و هەتا چەکی سازمانی خۆمان هەر لەلا بوو.

ساڵی ١٣٦٧ حزب لە ڕانیە خانووی بۆ گرتین و پاشان چوینە دۆڵی (ئاکۆیان) بنکەو بارەگاکانمان دامەزراندن و وردە وردە دامەزراین و سەرەتا من لە کۆمسیۆنی کۆمەڵایەتی بووم پاشان دەبیرخانە داوایان کرد بچمە ئەوێ، منیش قەبوڵم کردو چوومە دەبیرخانە وەکوو کادر. لەوێ دەستبەکار بووم ئەوکات کاک "جەلیل گادانی" سکرتێری حزب بوو لەوێ کارەکانم زۆر بوون تەواوی کاری دەبیرخانە لە ئەستۆی من بوو،، نزیک بە چوار ساڵ بەردەوام بووم لە دەبیرخانە دیارە کاری دەبیرخانە کارێکی تەواو وەخت بوو، شەوو ڕۆژی وەکوو یەک وابوو، پاشان حزب داوای لێکردم لەگەڵ کاک (فەتاح کاویان) بچم بۆ بەغداد وەکوو کادری سیاسی و هاوکاری کاک فەتاح و بەڕێوەبردنی بنکەی پەیوەندیەکانی بەغداد. کاتێک چووینە بەغداد وەزعی حزب لەوێ زۆر خراپ بوو زۆریش لاواز بوو، بە هەوڵی بێ وچانی من و کاک فەتاح توانیمان لەماوەیەکی کورت دا بنکەی بەغداد زۆر بەهێز بکەین هەم لەبارى سیاسیەوە لەگەڵ حزبەکان و بەتایبەتی بۆ بوژاندنەوەی حزب، هەتا سەروبەندی لێدانی عێراق لە لایەن هاوپەیمانانەوە. پاشان گەڕاینەوە کوردستان و پاش ماوەیەک منیان دا بە بەشی قەزایی حزب وەکوو ئەندامی ئەو بەشە و ئەندامی بەشی قەزایی و بەرپرسی زیندان، ئەوکارەم درێژە پێدا هەتا دواییں کۆبوونەوە کە بڕیار درا هەردوو حزب تێکەڵ ببنەوە.. من پێش تێکەڵ بوونەوە ڕۆژێک داوام لە دەفتەری سیاسی حزب و سکرتێر کرد کە دەمەوێ بچمە دەرەوەی وڵات و هاوکاریم بکەن هەتا بڕۆم. سوپاسی بەرپرسانی ئەوکات دەکەم ئەوپەڕی هاوکاریان کردم هەتا توانیم بگەمە ئەمریکا لەکاتی هاتنمەوە بۆ هەندەران پەیوەندیم لەگەڵ حزب و تەشکیلاتی حزب نەپچڕاندووەو هەروا بەردەوامم لە هەر ئەرک و کارێک کە حزب پێی ئەسپاردبێتم. ئێستاش ئامادەییم هەیە هەرکات حزب پێویستی بە من بێت وەکوو جاران چەکی پێشمەرگایەتی بکەمە شانم و وەکوو پێشوو لەو ڕێگایەدا گیانی خۆم دانێنم... چونکە من و سەدانی وەک من خوێنەکەشمان دیموکراتەو بە دیموکراتیش ژیاوین و هەرواش دەمرین. سەرکەوێ خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد،

بژی دیموکرات... بژی پێشمەرگە...

بەشی یەکەم

گفتوگۆی مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دێمۆکرات



سوپاس و ڕێز بۆ هاوڕێی بەڕێز کاک ڕەزا ئەمینی کە ئەم کوورتە گفتوگۆیەی لەگەڵ من ساز کرد. بەڵام لەناوەڕۆکدا گفتوگۆیەکی مەزنە لە ئاگری خەبات و (بەرەنگاری پیرۆز) لەخاکی پاکی کوردستان. هەورەها گەورەیی و هەیبەتی مەردانەی پێشمەرگە.

بژی پێشمەرگە چرای نەکوژاوەی شۆڕشی کورد.

بەڕێزان!

شۆڕش ئەسەدزادە: پێشمەرگە دێرین، نموونەیەک لە کەسایەتی سیاسی بە بیروباوەڕە و دەیان ساڵ ژیانی گەنجێتی خۆی تەرخانی خەبات دژی داگیرکەران کردووە، مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دێمۆکرات بۆ ناسینی ئەو خەباتکارە چەند پرسیاری ئاراستە کردووە.

کە سرنجتانی بۆ ڕادەکێشین

ڕەزا ئەمینی: کاک شۆڕش تکایە با بتناسین؟

بەشی یەکەم

شۆڕش ئەسەدزادە: من شۆڕش ئەسەدزادە لەدایک بوی ساڵی ١٣٤٠، بابم لە بەگزادەکانی فەیزوڵابەگی یە٠ چەند ساڵ دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان ڕوو لە باشووری کوردستان دەکات. هەر لەوێ ژیانی هاوبەش پێکدێنێ من دەبمە نۆبەرەی دایکم و بابم. بەڵام لە مەهاباد گەورە بوم و لەهەردوو بەشی باشوورو ڕۆژهەڵات خوێندووومە. دایکم و بابم هەرگیز نەیانهێشت من لە ڕۆژهەڵات هەڵبڕێم٠ بۆیە هەمیشە پێیان دەکووتم تۆ دووبەرە ئەتڵەسی هەرگیز لەو قسەیە حاڵی نەبووم هەتا بووم بە پێشمەرگە جا تێگەیشتم٠ دەبێ بڵێم کوردیەکەم زۆر لەفارسیەکەم باشترە٠ بەمنداڵیش شێت و شەیدای نووسینی کوردی وخوێندنی سرودی کوردی بووم. خۆشترین سروود لەلای من هەمیشە سرووی (خوایە وەتەن ئاواکەی چەند دڵگیرو شیرینە) بووە هەیە.

ڕەزا نەمینی: کەی تێکەڵاوی خەبات و پێشمەرگایەتی بووی؟

شۆڕش ئەسەدزادە: من هەر لەسەرەتای دەستپێکی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٥٧ تێکەڵ بە چالاکانی بواری کوردایەتی و بەشدار بوون لە جموجۆڵەکانی ئەوکات بووم٠ بەڵام پێش ئەوەی بەفەرمی ببمە پێشمەرگە، پەیوەندیم هەبوو لەگەڵ شوڕای نیزامی ئەوکات کە شەهید سەرگورد عەباسی بەرپرسی بوو. لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆم خەریکی کاری نیزامی و چاودێری ڕووداوەکانی ئەوکاتمان دەکرد. کە بە وردی لە بیرەوەریەکانمدا باسمکردون. دوای شەڕی ٣ مانگە بەفەرمی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیم پۆشی و چەکی شەرەفم هەڵگرت بە بیروباوەڕێکی قوڵ بەڕێبازی پێشەوای نەمر قازی محمد، وە حیزبی دێموکراتم وەکوو باشترین و پاکترین و نزیکترین ڕێگا هەڵبژارد بۆ گەیشتن بە ڕزگاری و مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات٠ یەکەم چالاکی پێشمەرگایەتی لێدانی ستوونێکی سەربازی بوو تەنیا بە ٤ کەس لەسەر جادەی ورمێ بۆ مەهاباد لە نزیک گوندی قزڵقۆپی لە شاروێران. دووەم چالاکی عەمەلیاتیک بوو لە شاری ورمی. پاشان درێژەی کێشاوە هەتا ساڵی ١٣٦٦ کە کوردستان تەواو میلیتاریزە کرا بەهێزی نیزامی و پاشان تاکتیکی شەڕ گۆڕدرا بۆ شەڕی پارتیزانی.

ڕەزا نەمینی: تکایە بیرەوەرییەکی خۆش یان ناخۆشی خۆت بگێڕەوە؟

شۆڕش ئەسەدزادە: بیرەوەری زۆرن ناخۆش و خۆش. زۆر جاری تر باسمکردووە ناخۆشترین بیرەوەریم ئەو ڕۆژە بوو کە شەڕی گوێکتەپەی مەهاباد ڕوویدا. ئەو شەڕە درێژەی شەڕی مەزنی کەربەلای دارەلەک بوو٠ دوژمن ئەوەندە بریندار بوو شێت و هار ببوو. ئەوەندەی زەڕبە خواردبوو بەدەستی پێشمەرگە هۆشی بیرکردنەوەشی نەمابوو. بۆیە (شەلم کوێرم خۆ نابوێرم) هەر خۆی پێدادەدا. دوای بەردانەوەی ٣ هەلیکۆپتەرو کوژرانی ٤٢ کەس لە کۆماندۆ ڕاهێنراوەکانی ڕژیم و خەڵەبانەکان و شەڕی مەزنی کەربەلای دارەلەک و کوژراوو بریندار بوونی زیاتر لە ٤٥٠ کەس لەهێزەکانی دوژمن. وەکوو ماری بریندار دیسان

بەشی یەکەم

هێرشیان کردەوە. ئێمەش لە گوندی گوێکتەپە لە بەرزاییەکی ناودێ کە خانوویەک بوو لەوێرا چاومان لەو هەموو تانک و تۆپ و زرێپۆشە دەکرد کە ڕووبەڕووی ئێمە پێشڕەویان دەکرد.

ئێمە تەنیا چەند کەسێک بووین، حەسەن سوهرابی سەرپەلی پەلی شاهۆ من و شەهید چرچەی بارام میرزاو کەسێکی تر بووین. پێشمان پێگرتن و شەڕ دەستی پێکرد. چرچە ڕۆی هەتا لە قەراخ دێ پێشمەرگەکانی لکی٢ و ئەوانی تر دامەزرێنێ. من بە بیکەیسی سەرقاڵی لێدانی دوژمن بووم. چرچە هاتەوە و گووتی خەبەر چیە؟ منیش پێشانمدا کە وەزع چۆنە. لەوکاتەدا گەرمایەک و دەنگێک منی فڕێدایە چەند مەتر ئەولاتر. کە چاوم کردەوە لەبەر تەپوتۆزو دوکەڵ هیچم نەدەدیت. تفەنگەکەشم پێنەمابوو چاوم گێڕا بیکەیسیەکە لەولاتر کەوتبوو خێرا چووم و هەڵمگرتەوە. گوێم لەهیچ نەدەبوو، دەستێکم بەخۆمدا گێڕا هیچ خوێنم بەخۆمەوە نەدیت، هیچ جێگایەکم ئازاری نەبوو. چاوم لێبوو چرچە بانگی دەکردم هاتەپێش و ڕایتڵەکاندم و گووتی وەرە. کەدیتم تەرمێک لەوێ کەوتووە سەری پێوە نەمابوو. ڕووی خۆم وەرگێڕا گووتم بەڵکوو ڕاست نەبێ. چرچە گووتی ئەگەر نەڕۆین هەموومان دەورەمان گیراوە. بردمیە سەر تەرمەکە کە دیتم حەسەن سوهرابی یە، حەسەن هەم ڕەفیق بووین هەم پێکەوە لەماڵێکدا گەورە ببوین. لەوکاتەوە من هیچ ڕوحمێکم بە دوژمن نەکردووە حەپەسا بووم حەسەن ڕاست تۆپێکی تانگ سەری هەڵگرتبوو. ڕەخت و تفەنگ و نارجۆک هاوێژەکەم لێکردەوە. بردمان لەجێگایەک شاردمانەوە. کە دیتم عوسمان ئەفشین کەوتووە بریندارە ڕێخۆڵەکانی هاتبوونە دەرێ بۆمان بەست و بەرەو بۆکان فڕاندیان. هەرگیز ئەو کاتەم لەپێش چاوان ون نابێ.

ڕەزا ئەمینی: ئەگەر ڕاسپاردە و وتەیەکتان هەیە بیفەرموو؟

شۆڕش ئەسەدزادە: دووایین قسەم: لەهەموو بیرەوەریەکانمدا لە کۆتاییدا چەند دێڕێکم بۆ لاوەکان و تازە پێگەیشتووەکان نووسیوە. لێرەش دیسان پێیان دەڵێم، هەرگیز مەهێڵن تفەنگی شەهیدێک بکەوێتە سەر زەوی بەڵکوو خێرا هەڵیگرنەوەو سەنگەری شەهید پڕ بکەنەوە. ئێوە دەبێ بزانن باب و باپیرانی ئێوە هەموو ناڕەحەتی و نەهامەتیەکانی ژیانیان قەبوڵ کرد، بەڵام سەریان بۆ دوژمنان شۆڕ نەکرد پیاوانە بەپێوە مردن بەڵام سەنگەریان چۆل نەکرد. لاوەکان دەبێ بزانن ئەم شۆڕشە هەروا هاسان نەگەیشتۆتە ئێرە. ئێوە خاوەنی داهاتووی ئەم کوردستانەن، ئێوە ڕێبەران و فەرماندەران و پیاوانی سیاسی و پێشمەرگەی داهاتووی کوردستانن.

بژی کوردو کوردستان، بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل.

بەشی یەکەم

لاوەکان.. خوێن گەرمەکان.. تازە پێگەیشتووەکان..

پێویستە لە سەرتان ئێوە یەک بە یەک قارەمانان و شۆڕشگێڕانی ئەم کوردستانە بناسن و شارەزای ژیانی پڕ لە سەروەری و پێشمەرگایەتی شۆڕشگێڕیان بن..

ئەوانە هەموو زەحمەت و ناڕەحەتیەکانیان قەبوڵ کرد مەرگ و ئاوارەیی و ماڵ وێرانیان قەبوڵ کرد... لە زیندانەکان ئەشکەنجە دران و ملیان بە پەتا کرا بەڵام سەری بەرزیان بۆ دوژمن شۆڕ نەکرد.. مردنیان بە پێکەنینەوە هەڵبژارد.. بەڵام نەبەزین،، بۆ ئەوەی ئێوە بەسەر بەرزی بژین، پێویستە ئێوەش دەرس و ئەزموونیانلێ وەرگرن و فێر بن. بۆ داهاتووی خۆتان سوودی لێوەرگرن،، چونکە لە داهاتوودا هەر ئێوەن سیاسەتوانان و قارەمانان و ڕێبەرو فەرماندەرانی ئەم کوردستانە.


داهاتووی ئەم وڵاتە بۆ ئێوەیە، پێویستە هەتا کوردستان بە تەواوی ڕزگار دەبێ چەکی شەهیدەکان نابێ بکەونە سەر زەوی و دەبێ سەنگەرەکانیان ئاوەدان بکەنەوە.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل ....

شۆڕش ئەسەدزادە

بەشی یەکەم

یادێک لە ڕەوانشاد برایم مەسڵەحەت، ناسراو بە مەلا برایم دۆڵە گەرمی.



مەلا بـرایم سـاڵی ١٣٢٥ نـاوچەی سەردەشـت لەگونـدە جـوانەکەی دۆڵە گەرم لەبنەمـاڵەیەکی هەژار جـاوی بە سرووشـتە جوانەکەی سوێسنایەتی هەڵێناوە. دەورانی خوێندنی سەرەتایی تەواو کردوە، بەڵام لەبەر هەژاری نەیتوانیـوە لەشـار درێـژە بەخوێندن بدات.

بـۆیە بەناچـاری ڕووی لەخوێنـدنی ئـایینی کـردووەو زۆریـش سـەرکەوتووبوە. لەسـاڵەکانی ٤٦ - ٤٧ خولیـای کـوردایەتی و هاوکـاری بـووە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات. بـۆیە پەیوەنـدی بە شـەهید (مەلا ئـاوارە) وە دەکـات و پـاشـان دەبێتە ئەندام و دەست بەکارو تێکۆشانی حیزبی دەکات. مەلا برایم زۆر دڵسۆزانە تێکۆشان دەسپێدەکات و پەیوەنـدی لەگەڵ هەموو چین و توێژەکـانی خەڵـک دەگرێت. بەهـۆی کـارو تێکۆشـان و کـۆڕو کۆبوونەوەکـانی لەگەڵ خەڵـک، دەزگـای سـاواک و جاسوسەکانیان زۆر زوو توانیـان بیگـرن و بـۆ مـاوەی ٩ مانگ لەزینشـان دەبـێ و ئـازارو ئەشکەنجەیەکی زۆری دەکەن. بەڵام هیچ نادرکێنێ و ئازاد دەکرێ. دیسانەوە دەست دەکاتەوە بە هەوڵ و تێکۆشان وەکوو پێشتر. هەتـا سـاڵی ١٣٥٧ کە شۆڕشی هەموو گەلانی ئێران بەدژی ڕژیمی پاشایەتی دەستپێکرد. لەنـاوچەی سەردەشت هێشتا پایەگـاو پاسگاکانی شاهەنشـاهی مابوون، کە مەلا برایم خەڵکی هاندەداو ڕێکی دەخستن و سەرپەرشتی لاوەکـانی دەکـرد. هەر بەهاوکـاری خەڵکی نـاوچەکە مەلا بـرایم تـوانی دەست بگـرێ بەسـەر پێگەکـانی ڕژیـم لە گونـدەکانی، دۆڵە گەرم، قـوڵە سـوێر، دەرمانـاوا، پیـران و قەڵەڕەشە. پاشان کادرو پێمەرگەکانی حیزب هاتنەوە مەیدان و ڕێزیان لە زەحمەت و قارەمانیەتی مەلا بـرایم گـرت. دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی گەلان و ئـاشـکرابوونی خەبـاتی حیزبـی دیمـوکرات لەسـاڵی ١٣٥٨ لەسـازماندەیی ڕێکخسـتنەوەی هێـزی

بەشی یەکەم

پێشمەرگەدا، مەلا برایم وەکوو سەردەستەی دەستەی یەک لە لکی ٣ ی هێزی شەهید موعینی دیاری کرا. مەلا برایم یەکەم شەڕ کە لەژێر فەرماندەیی ئەودا بەڕێوەچوو گرتنی پایەگای پردی بریسوێ بوو٠ کە ئازایەتیەکی کەم وێنەی لەخۆی نیشان دا و پاشان وەکوو فەرماندەیەکی ئازاو چاونەترس بەشداری شەڕەکانی جادەی بانە - سەردەشت و پیرانشار بۆ سەردەشت، هەروەها شەڕەکانی باسی کۆڵەسە و دۆڵی بێوران و جادەی سەردەشت بۆ دەرماناوێ. هەروەها شەڕەکانی دەشتی کەپران و شەڕی مارەغانی - قوچی، شەڕەکانی ناوچەی ئالان کە لەهەموو ئەم شەڕە گەورانەدا لەگەڵ هێرشە زەبەلاحەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئەوپەڕی دەوری چالاکانەی گێڕاوەو جێگا پەنجەی دیار بووە٠ شەڕی ٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦١ کە لە قووچی و مارەغان کرا لەوشەڕەدا ١١ پێشمەرگە شەهید بوون مەلابرایم و چەند کەسی تر بریندار دەبن. پاش چاک بوونەوەی گەڕایەوە سەنگەری شەرەف. دوای ئەو شەڕە گەورەو قارەمانانەیە، مەلابرایم لەلایەن فەرماندەری هێزەوە تەشویق دەکرێ و وەکوو فەرماندەری لکی ٣ شەهید سمایل سەلیمی دیاری دەکرێ٠ لەماوەی فەرماندەیی لکدا زۆر عەمەلیاتی گەورەو گرتنی پایەگاکانی ڕژێم و شەڕی ناو شاری سەردەشت و کەمین و هێرش و بەرەنگاریدا ئەنجام دەدات بەهاوکاری پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەکە. هەتا ٢٩ - ٨ - ١٣٦٤ وەکوو جێگری فەرماندەری هێزی موعینی دیاری دەکرێ. مەلا برایم وەکوو هەموو ئەرکەکانی تر، لەم ئەرکەشدا زۆر ڕوو سورانە و سەربەرزانە کارو وەزیفەکانی خۆی ڕادەپەڕێنێ. مەلا برایم کەسایەتیەکی خۆشناوو جێگای باوەڕی ناوچەکانی سەردەشت بوو بەگشتی. کادرو فەرماندەیەکی دڵسۆزو دڵپاک و پیاوێکی تێگەیشتوو کادرێکی سیاسی خۆشەویست بوو. دوژمن زۆری پیلان بۆ دانا هەتا بتوانن تیرۆری بکەن و چەند جارێکیش هەوڵی تیرۆری درا بەڵام بەخۆشیەوە سەرکەوتوو نەبوون. هەتا سەرئەنجام لەساڵی ١٣٧٨ بەناچاری ڕێگای هەندەرانی گرتەبەرو لە وڵاتی سوئێد گیرسایەوە. بەڵام بەداخەوە لەوێ بەهۆی نەخۆشی ماوەیەکی زۆ لەگەڵ مەرگ بەربەرەکانی کردو هەتا سەرئەنجام بەداخەوە ساڵی ١٣٨٣ ماڵئاوایی لە خاکی پاکی کوردستان و هەموو ئازیزانی کرد.

یادو ناوت بەرزو بەڕێز فەرمانده قارەمانەکی حیزب و گەل.

سوپاس و ڕێز بۆ کاکە خدر میراوەیی کە ئەوپەڕی هاوکاری کردم.

بەشی یەکەم

یادێک لەڕەوانشاد کاک (ئەحمەد ستووده)



ڕەوانشاد ئەحمەد ستووده لەسەرتای شۆڕشی گەلانی ئێران هاتۆته ڕیزی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە. هەتا گرتنی پادگانی مەهاباد لەلایەن خەلک و بەهاوکاری ئەفسەران و دەرجەدارانی دڵسۆزانی کورد لەو پادگانە. دوای دەستبەسەرداگرتنی ئەم پادگانە گەورەیە، کاک ئەحمەد دەکەنە بەرپرسی پارێزگاری لەگەڵ چەندین پێشمەرگە بۆ ماوەیەک. دوای هێرشی دوژمن بۆ سەر شاری مەهابادو داگیرکردنی ئەم شارە. پێشمەرگە شار چۆل دەکەن بۆ پاراستنی گیان و سەرومالّی خەلکی شار. بۆیە هێزی پێشمەرگە ڕوو لە گوندەکانی دەوروبەری شاردەکەن. کاک ئەحمەد لە گوندی (گوێچکەدەرێ) تێکەڵ بە پەلێک پێشمەرگە دەبێ کە کاک کەریم خاڵدار ئەوکات بەرپرسی ئەو پەلە لەپێشمەرگەکان بوو. دیارە لەنەبوونی کاک کەریم دا کاک ئەحمەد وەکوو بەرپرسی پەل بوو. هەتا شاری مەهاباد لەلایەن هێزی پێشمەرگە گیرایەوە. دوژمن تەنها پادگان و سوپای پاسدارانی بەدەست بوو. کاک ئەحمەد لەو ماوەیەدا لەگەڵ شەهید سەرگورد عەباسی دەبوو لەشوڕای نیزامی شار. هەر ئەوکاتیش بوو کە حیزب سازماندییەکی تازەی کردو هێزی پێشەوا دامەزرا. کە پێکهاتبوو لە ٣ لک لکەکانی ١- ٢- ٣ی هێزی پێشەوا. کاک ئەحمەد وەک سەرپەل دیاریکرا بۆ پەلی (هەڵۆ) لە لکی ٣، کاک ئەحمەد لەم ئەرکەشدا زۆر سەرکەوتوبوو. کاک ئەحمەد وەکو پێشمەرگە ئەرک و وەزیفەکانی خۆی زۆر باش دەزانی، خۆشەویستی ناو هاوسەنگەرانی بوو. لەزۆربەی شەڕەکانی شومالی کوردستان و گرتنی پادگانی پیرانشارو شەڕی کۆسەکەرێزو زۆرێک لەناوچەکانی کوردستان بەشدار بوو. هەتا ساڵی ١٣٦٥ لەسەر ئیزن و ڕەزامەندی فەرماندەران و حیزب گەڕایەوە ناو ماڵ و منداڵی. دوای چوونەوەی هەر بەدڵسۆزی و وەفادار بە ڕێبازی حیزب و پێشەوا مایەوە. هەرچەندە دوژمن زۆر مزاحیمی دەبوون، بەڵام سەربەرزانە و بەهیچ شێوەیەک سەری بۆ دوژمن شۆڕ نەکرد.

هەتا سەرئەنجام لەساڵی ١٣٧٤ بەهۆی نەخۆشی گیانی سپارد.

یادو ناوت هەمیشە زیندوو، ڕۆحت شاد بێ.

بەشی یەکەم

یادێک لەشەهیدی نەمر: حەمە نارستی



چەند ڕۆژێک بوو چووبومە هێزی گیارەنگ. لە بنکەی هێز دەبووم لە گوندی (مەزرا) کە بنکەی هێز لەوێ بوو. دوو حەوتوو لەبەهار گوزەرابوو. ڕۆژێک دیتم پۆلێک پێشمەرگە بە قاقا لێدان و پێکەنین و قسەی خۆشەوە هاتن بۆ بنکەی هێز. هێشتا تەواو نەگەیشتبوونە پێشێ یەکێک لە کورەکان گووتی کاک حەمە نارستی و پێشمەرگەکانن. هەموومان هەستاین بەرەو پیریانەوە چوین. کە دیتم شەهید (عەبدوڵا سەدیقی) دەستی دایە تەپڵکەو بە لێدانی تەپڵ و گۆرانی و چەپڵەڕێزان تێکەڵ بە یەکتر بووین. جارێ تێر تێر هەڵپەڕین، من هەر پێم سەیر بوو. ئەوە چیە؟ بۆ وادەکەن؟ بەڵام لەگەڵ ئەوان بەکەیفی خۆم هەڵپەڕیم. پاشان هەموومان هاتینە بنکەی هێزو دانیشتین. کاک حەسەن شیوەسەڵی کە فەرماندەری هێز بوو، هەموو پێشمەرگەکانی ماچ کرد. پاشان گوتی جا بەوردی بۆم بگێڕەوە بزانم چیتان کردووە. کاک حەمە نارستی دەستی کرد بە گێڕانەوەی عەمەلیاتەکە. ئەوجار زانیم کە عەمەلیاتیان ئەنجام داوەو پێشمەرگەکان سەرکەووتنیان بەدەست هێناوە. منیش هەموو گیانم بوو بە گوێ و سەرنجم دایە قسەکانی کاکە حەمە. لە دەستپێکی شەڕەکەوە گێڕایەوە هەتا کۆتایی شەڕەکە. کەمینێکی باشیان دانابوو بۆ دوژمن. هێزێکی زۆری دوژمن کەوتبوونە ناو کەمینەکەیان. هەرچی دەستی کردبۆوە کوژرابوو ژمارەی کوژراوەکان زۆر زۆر بوو. کاک حەسەن لێی پرسی ئەدی کەس تەسلیم نەبوو؟ گوتی وەڵا ٥ - ٦ گوربانۆکەو ئیسیوارۆکە تەسلیم بوون منیش پێم گوناح بوون گووتم هەڵێن برۆن خوڕیلانە هەڵێن دووركەونەوە لێرە ئازادم کردن. کە گوێم لەو قسەیەی کاکە حەمە بوو، هێندە گەورەیی و بەزەیی و لێوەشاوەی کاکە حەمە نارستی لەدڵمدا جێی گرت. ٥ - ٦ گروبان و ئیستیوار کە بە چەشنێک ئەوانە فەرماندەن لە ئارتەشدا. هەر نەشیبژاردبوون لێی ڕوون نەبوو پێنج بوون یان شەش. ئەوندە پێی چکۆڵەو بێ هێزو کەم بوون لەبەرامبەر قەڵافەتی پیاوانەی پێشمەرگەدا. هەر لەوێ ئازادی

بەشی یەکەم

کردوون. ئەوە نیشانەی بڕوا بەخۆبوون و گەورەیی و پیاوەتی فەرماندەیەکە لەناو جەرگەی شەڕدا. لەو ڕۆژەوە کاکە حەمە نارستی لەدڵمدا جێگای خۆی کردەوە. دوای ئەوە زۆر نێوانمان خۆش و برایانە بوو. لە دوو جێگاش پێکەوە بووین. کەسێکی ئازاو جەسوورو شارەزاو بەتاکتیک بوو. زۆر بە ورەو دوژمنی بەهیچ نەدەزانی.

هەتا سەرئەنجام لەڕێکەووتی ٢٢ جۆزەردانی ١٣٧٨ محمد مستەفایی، ناسراو بە حەمە نارستی لەلایەن نۆکەران و بەکرێگیراوان لە باشووری کوردستان وەکوو دەیان کادرو فەرماندەو پێشمەرگەی تر نامەردانە تیرۆر کراو شەهید بوو. هەرچەند دوژمن توانی حەمە نارستی شەهید بکات، بەڵام حەمە نارستی هەر بەزیندوویی تۆڵەی خۆی لەدوژمن کردبۆوە.

ڕۆحت شادو یادو ناوت هەمیشە زیندوو.

سڵاو لە هەموو شەهیدانی کوردستان، مردن و نەمان بۆ نۆکەران و بەکرێگیراوانی ڕژیم.

بەشی یەکەم

ساڵڕۆژی مووشەک بارانی قەڵای سەختی دیموکرات



ئەمڕۆ ١٧ی خەرمانان، بەرامبەر بە ٨ی سێپتامبەری ٢٠١٩ ساڵڕۆژی مووشەک بارانی قەڵای سەختی دیموکراتە لەلایەن دوژمنەوە.

ڕاست ساڵێک پێش ئێستا لەم ڕۆژەدا، سوپای تیرۆریستی پاسدارانی ئێران. هێرشێکی مووشەکیان کردە سەر قەڵای شێرانی دیموکرات لەناو خاکی باشووری کوردستان لە نزیک شاری (کۆیە).سەرڕای بەزاندنی حەریمی هەرێمی کوردستان و بەهێند نەگرتنی هەموو یاساکانی نێودەوڵەتی، هەر دوای مووشەک بارانەکە فیلم و چۆنیەتی لێدانەکەی لەمێدیاکانی خۆیەوە بڵاوکردەوە.

ئەم لێدانە لەوکاتدا دەبێ دوو هۆی سەرەکی هەبووبێ بۆ ڕژێمی مەلاکان. یەکەم ترس و دڵەڕاوکەی ڕژێم لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، وەکوو ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستان بەدژی ڕژێمی بەعس و سەدام.

دووەم پیشاندانی هێزی مووشەکی نوقتەزەنی خۆی بە ئەمریکاو ئیسرائیل. لەکاتێکدا ڕژێم کەوتۆتە گێژاوی ئابلوقەکانی ئەمریکا و ڕەگی حەیاتیان لێ وشک کردووە کە فرۆشتنی نەوتە.

بەشی یەکەم

بەڵام دوای ئەم کارە درندانەو قێزەونەی سوپای تیرۆریستی پاسداران، بە چوار ڕۆژ دواتر هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات داوایان لە خەڵک کرد بەدژی ئەم کردەوەیەی ڕژیم (مان بگرن). لەڕۆژی ٢١ی خەرمانان سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست لەناودەستی یەکترو لەهەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەو بوێرانەدا سەرەڕای هەڕەشەو گوڕەشەکانی ڕژیم. هەموو خەڵکی کوردستان دوکان و بازاڕیان داخست و بە زمانێکی مەدەنیانەو سەردەمانە دژی دوژمنیان لە تاران مووشەک بارانکردەوە. لەڕاستیدا کورد لەڕۆژهەڵات (ڕیفڕاندۆم) یان ئەنجام دا. بەم کارە شۆڕشگێڕانەیە بەدوژمنیان گووت ئێمە هەموومان (پێشمەرگە) ین. هەموومان پشتیوانی ڕاستەقینەی حیزبە کوردیەکانین.

دوژمن لەوڕۆژەوە بەچاوی دژەوە تێگەیشت کە خەڵکی کوردستان لەگەڵ ڕژیم نین و بەهیچ شێوەیەک لەماوەی ئەم ٤٠ ساڵەدا نەیانتوانیوە خەڵکی کوردستان بۆلای خۆیان ڕابکێشن. یان خۆشەویستی حزبەکانی کوردستان لەدڵیان دەربێنن.

دەبێ دوژمنان باش بزانن ئاگری شۆڕش کزدەبێ بەڵام هەرگیز ناکوژێتەوە. دوژمن دەبێ فێربێ و دەرس وەربگرێ کە هەرگیز وڕەو قەڵای پۆڵایینی دیموکرات بە مووشەکی ڕژیم ناڕوخێ. پۆل پۆل شەهید دەبین بەڵام نابەزین. هەتا دواپشوو درێژە بەخەبات و تێکۆشانی حەقخوازانەی خۆمان دەدەین. ئەوەی دەبێ بڕواو بڕوخێ و ببەزێ تەنها کۆماری پەت و سێدارەو خوێنە.

بژی حیزبی دیموکرات، سەردەکەوێ خەباتی بێ ڕاوەستانی کورد.

یادوناوی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و هەموو شەهیدانی کوردستان بەرزو بەڕێز.

یادێک لەشەهیدی نەمر: سەید تەها ئیسماعیلی



سەید تەها لە گوندە جوان و شەهید پەروەرەکەی (لاچین) سەربەشاری (مەهاباد) چاوی بە دنیا هەڵێناوە، لەبنەماڵەیەکی زەحمەتکێش. خوێندنی سەرتایی و ناوەندی لەشاری مەهاباد دەخوێنێ. لەکاتی خۆپیشاندانەکان بەدژی ڕژیمی شاە بەشداری چالاکانە دەکات،سەرئەنجام لەڕیزی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات خۆی دەبینێتەوەو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ. خەسڵەتەکانی سەید تەها بریتی بوون لە ئازایەتی و فیداکاری و قارەمانی، هەروەها کورێکی یەکجار شۆخی بازو شاد و دەم بەپێکەنین بوو. زۆر زوو تواناکانی خۆی پیشان دا. پاش ماوەیەک کرا بە سەرپەلی پەلی شەهیدان لە لکی١ ی شەهید کاک شوان. پاشان لەسازماندەییدا پەلەکان تێکەڵ کران و سەید تەها بوو بەرپرسی دەستەیەک لە پێشمەرگەکان. دوای ماوەیەک وەکوو جێگری لکی ١ دیاری کرا. سەید تەها لە پێشمەرگایەتیەوە هەتا سەر پەل و سەردەستەو جێگری لک، ئەوپەڕی هێزو توانای خۆی بەکار هێنا بۆ خزمەت بەگەل و حزب و نیشتیمانەکەی. ئەوەندەی من ئاگادار بم کە سەید تەها زۆر نزیک بوو لەمن، لەنزیکەوە ئاگاداری قارەمانیەتی و فیداکاری بێ وێنەی ئەم شێرە کوڕەی دیموکرات بووم لەزۆربەی زۆری عەمەلیاتەکانی ناو شاری مەهابادو دەوربەری مەهاباد. لە کەمینە گەورەو چکۆڵەکان، لە گرتنی پایەگاکانی دوژمن لەدەوروبەری مەهاباد. لە بەرەنگاری دژی هێرشە یەک لەدوای یەکەکانی دوژمن بۆسەر ناوچە ئازادکراوەکان. چ وەک پێشمەرگەو چ وەک فەرماندە سەید تەها نەخشی بەرچاوو مەیدانی هەبووە. زۆرجار کە من ڕاپۆرتی شەڕەکانم بۆ ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەنووسی حەتمەن ناوی پەل و دەستەی سەید تەهام هێناوە. چونکە هەر سەنگەرو جێگایەک ئەوانی لێ دامەزرابان دوژمن بەچۆک داهاتووە لەبەرامبەریان.

هەتا سەرئەنجام ئەم قارەمانە دڵسۆزو ئەم فەرماندە تێکۆشەرەی کورد لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی ڕەشەمەی ١٣٦٣ لەکاتی

بەشی یەکەم

گەڕانەوەیان لە ناوچەی شارۆچکەی مەنگورن، لەناو شاری مەهاباد دەکەونە ناو کەمینی جاش و پاسدارەکان دوای تەقەو لێکدانێک بەداخەوە لەیەکەمین تەقەدا سەید تەها شەهید دەبێ. پێشمەرگەکان تەرمی فەرماندەی شەهیدیان لەناوشار دێنە دەرێ و لەگوندی (خرەجۆ) باخاکی پاکی کوردستانی دەسپێرن.

سڵاو لە شەهیدی نەمر سەید تەها ئیسماعیلی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان.

سەردەکەوێ شۆڕش و خەباتی گەلی کورد. مردن و نەمان بۆ خۆفرۆشان و نەیارانی کورد.

یادێک لەشەهیدی نەمر: محمد هیندوەش



شەهید محمد هیندوەش ناسراو بە (وەستا محمدی دەرویشی)، لەدایک بووی شاری مەهاباد. وەستا محمد لەسەرەتای خۆپیشاندانەکانەوە دژی ڕژیمی پاشایەتی چالاکانەو دڵسۆزانە بەشدار بووە. بەئاشکرا بوونی حیزبی دیموکرات، وەستا محمد ڕێبازی پێشەوای نەمری هەڵبژارد بۆ گەیشتن بەئازادی و ڕزگاری بۆ گەلەکەی. لەوکاتەوە چەکی بڕواو شەرەفی کردەشانی و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی. وەستا محمد لەزۆربەی مەئموریەتەکانی حیزبی بۆ ناوچەکانی تری کوردستان کە شەڕیان تێدابوو، بەشداری کردوەو ئازایەتی و فیداکاری لەخۆی نواندووە. بۆیە جێگای سەرنجی هاوسەنگەرانی بوو. کەسێکی ئازاو بەبەرنامەو لەسەرەخۆ بە ئەزموون بوو. لەبەر ئەم هۆیانە ئەرکی سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوای پێ ئەسپێردرا. الحەق هەتا سەرپەل بوو زۆر عەمەلیاتی سەرکەوتوانەیان ئەنجامدا لە ڕێگای ورمێ مەهابادو ناوشاری مەهابادو دەوروبەری سنووری مەهاباد ورمێ و میاندواو.

هەتا سەرئەنجام لەڕۆژی شەممە ١ی سەرماوەزی سالّی ١٣٥٩ی هەتاوی لەکەمینێکدا لەسەر ڕێگای ورمێ مەهاباد لە ڕاست گوندی کۆسەکەڕێز، کاتێک دوژمن دەکەوێتە کەمینەکەیان زۆر چاک لێیان دەدەن و شەڕەکە دڕێژ دەبێتەوە. هێزی یارمیتەدەری دوژمن لە مەهابادو نەغەدەوە بەفریای لەداوکەوتووەکانەوە دێن. شەڕ هەتا ئێوارە دڕێژەی دەبێ. چەندین ماشێن و تانک هەڵگرێک دەسووتێن و کوژراوو بریندارێکی زۆر لە مەیدانی شەڕدا مابوونەوە. بەداخەوە لەم شەڕە

بەشی یەکەم

قارەمانانەیەدا وەستا محمد هیندوەش لەگەڵ پێشمەرگەیەک بەناوی فەتاح حاجی ڕەشیدی شەهید دەبن و گیانی خۆیان دەکەنە پردەبازی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی بۆ نەوەکانی داهاتوو. تەرمی ئەم دوو شەهیدانە لە سەر ڕێگای (لاچین) لە چەند سەدمیتر شاری مەهاباد بەخاکی پاکی کوردستان ئەسپێردراون.

یادو ناوتان هەمیشە زیندوو و بەرزو بەڕێز بێ.

سەردەکەوێ خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد، مردن و نەمان بۆ دوژمنانی کوردستان.

یادێک لە شەهیدی نەمر کەریم بەیرەمی



یادێک لەشەهید: کەریم بەیرەمی کەریم لە گوندە جوان و ڕازاوەکەی (بەیرەم) لەناوچەی مەحاڵ سەر بەشاری مەهابـاد، چاوی بەدنیا هەڵێناوە. بە هەوای پـاک و سـازگاری کوردستان یەکەم هەناسەی هەڵمژیـوە. کەریـم هەر لەسـەرەتای لاوێتی یەوە لەگەڵ کـارو زەحمەتەکـانی ژیـان بـۆ پەیـدا کردنـی بژێـوی ژیـان، دەست و پەنـجەی نەرم کـردوەو تـێکەڵ بە کـارو زەحمەتەکانی ژیانی گوندی بووە. کەریم وەکوو کوردێکی زەحمەتکێش و وریـاو هەستکردن بە زوڵـم و زۆری دوژمنـانی کـورد. بۆ بەرەنگاری لەخاکی نیشتمانەکەی بۆ وەدەستهێنانی مافی ڕەوای گەلەکەی حزبی دیمەکراتی هەڵبژاردو بەنزیکترین ڕێگای دەستنیشان کرد، بۆ گەیشتن بە ئـاوات و ئارەزوەکـانی. بـۆیە بەرگی پیـرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی و چەکی شەرەفی کـردە شـانی. هەر لەسـەرەتای پێشمەرگایەتی یەوە نیشـانی دا کە لاوێکی گـورج وگـۆڵ و نەتـرس و بەورەو شۆڕشگێڕێکی ڕاسـتی مەیـدانی کـوردایەتی یە. کەریـم بـۆ کاروبـاری ئەرکـی پێشـمەرگایەتی لە قـوڵایی نـاوچەدا، بـۆ شـارەزایی و پەیـداکردنی پێداویستی بۆ پێشمەرگەکان نمونەی زۆر کەم بـوو. هیچ کارێک بـۆ کەریـم گـران و سـەخت نەبـوو. هەر تیمێکی پێشمەرگە کەریم لەگەڵیان بوایە لەهیچ بارێکەوە کەمییان نەدەهێنا. پارتیزانێکـی شارەزا، هوشیا، دڵسۆزو، مەحکەم کـار بـوو. بـۆیە تـوانی زۆر بەرپرسـایەتی وەربگـرێ. لەداویـدا سـەرپەلی پەلێکـی پێشـمەرگەکان بـوو. کەریـم لەزۆربەی کـارو چـالاکی و ئەرکەکـانی پێشـمەرگایەتی دا بەشـداری چالاکـانەی هەبـوو. لەشـەڕەکانی نـاوچەی مەهابـادو ناوچەکـانی تـری کوردسـتان و شەڕەکانی ناوشاری مەهاباد. ئەوپەڕی لەخۆبوردووی پیشان داوەو جێگا پەنجەی دیار بووە.

بەشی یەکەم

بۆیە خۆشەویست و جێگای باوەڕ بوەو هاوسەنگەرانی زۆر حسابیان لەسەر کەریم کردووە.


هەتا سەرئەنجام لە ڕێکەووتی ڕۆژی هەینی ١٥ی گەلاوێژی ١٣٧٢ بەرامبەر بە ٦ - ٨ - ١٩٩٣ی میلادی لەشەڕێکدا لە گوندی (عیساکەند) لەناوچەی مەحاڵی مەهاباد شەهید دەبێ. بۆ دواجار ماڵئاوایی لە خەڵکی کوردستان و هاوسەنگەرانی دەکات..

یادوو ناوت هەمیشە زیندوو ڕێگای پیرۆزی خەباتت

بەردەوام هاوڕێی شەهید.

بەشی یەکەم

یادێک لە قارەمانەکانی لکی٢ ی هێزی ٢١ ی شەهید پێشەوا.



هێزی پێشەوا پێکهاتبوو لە ٤ لک. کە هەر لکەی لەناوچەیەک جێگیر کرابوون.

لکی ١ ناوچەکانی شاروێران و مەحاڵی ئاختاچی بەڕێوەدەبرد.

لکی ٢ ناوچەکانی شامات و چۆمی مەجیدخان و شاروێرانی سەرووبان بەڕێوەدەبرد.

لکی٣ ناوچەکانی مەنگورانی بەڕێوەدەبرد.

لکی ٤ ناوچەکانی گەورکانی بەڕێوەدەبرد.

ئەمە پێکهاتەی لکەکانی هێزی پێشەوا بوون لەبارەی سەربازیەوە. هەروەها لەبارەی تەشکیلاتیەوە کەمێک جیاوازی هەبوو لەمەڕ کارکردن و دابەشکردنی ڕێکخراوەکاندا.

لکی ٢ زۆربەی کادرو فەرماندەو پێشمەرگەکانیان خەڵکی ناوچەکانی شامات و چۆمی مەجیدخان بوون. کە ناوچەکە خاک و زێدو نیشتیمانی خۆیان بوو. شارەزای بست بە بستی ناوچەکە بوون. کوڕی زەحمەتکێش و زادەی ئەم خاکە بوون.

پێشمەرگەکانی لکی ٢ هەمووبان کەسانی بەبیروباوەڕ، ئازاو جەسوور، دیموکراتێکی ٢٤ عەیار. دڵسۆزو زەحمەتکێش، گیانفیداو خۆبەخش لەڕێگای ئازادی و ڕزگاری گەلەکەیان. زۆرم ئازایەتی و قارەمانی لەم کادرو پێشمەرگانەی لکی٢ دیوە، بەتایبەتی لە شەڕەکانی ناو شاری مەهابادو دەوروبەر.

تەنها دەتوانم بڵێم هیچ فیداکارییەک نەما کە پێشمەرگە نەیکات بۆ سەرکەووتن و ڕزگاری. گەورەترین سامان کەهەیانبوو گیان و ڕۆحیان بوو ئەوانیشیان کردە قوربانی کوردو کوردستان.

بژی پێشمەرگە، بژی کوردستان.

بەشی یەکەم

یادێک لەشەهید: ڕەحمان خەرامان.



شەهیدی هێزی بەرگری میللی حیزبی دیموکرات.

شەهید ڕەحمان لەگوندە جوان و دڵڕفێنەکەی (زێوە)ی مەنگورانی مەهاباد چاوی بەدنیا هەڵێناوە. هەتا کاتی ڕووخانی ڕژیمی شاهەنشاهی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، خەریکی کاروباری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بوون لەسەر زەوی و مەزرای خۆیان. کاتێک لەلایەن ڕژیمی خومەینی شەڕ بەسەر کوردستاندا سەپێنراو دەستووری جهادیان بۆسەر گەلی کورد دا. خەڵکی کوردستان بۆ بەرگری لەخۆیان و خاک و ئاوو نیشتمانیان دەستیان دایە چەک لەبەرامبەر هێزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی.

ڕەحمان یەکێک لەو کەسە گیانفیداو دڵسۆزانە بوو، کە ناوی خۆی نووسی وەکوو (هێزی بەرگری میللی). کە بۆ هەرکاتێکی پێویست بەچەک و فیشەک و هەموو خەرجی خۆیان شان بەشانی برا پێشمەرگەکانیان کوێیان پێ ئەسپاردان، بێ دوودڵی خێرا دەچوونە ناو سەنگەری شەڕەف و بەرەنگاری.

ڕەحمان کوڕێکی دڵسۆزو لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر دڵسۆزی ناوچەی مەنگوڕان بوو. وەکوو بنەماڵە خزمەتێکی زۆریان کرد بە پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات و ماڵیان وەکوو بنکەی حزب و پێشمەرگە هەمیشە لەخزمەتی پێشمەرگەکاندا بوون. هەر بۆیە شەهید ڕەحمان خۆی بە پێشمەرگەو گیانفیدایەکی ئەم خاک و ئاوە دەزانی و هەمیشە ئامادە بوو بۆ هەر شوئن و شەڕێک حزب ناردبای. ڕەحمان بەشداری زۆر لەشەڕەکانی ساڵەکانی ٦٠ و ٥٩ بوو لەناوچەکانی مەهابادو دەوروبەر.

بەشی یەکەم


ئازایەتی و فیداکاری نواندبوو. خۆشەویستی پێشمەرگەکان و هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچە بوو. شانازی بەخۆی دەکرد کە گیانی خۆی فیدا بکا.

هەتا سەرئەنجام لەساڵی ١٣٦٠ ستوونێک لە ئارتەش و پاسدار بەرەو مەهاباد دێن و پێشمەرگەکانیش بەهاوکاری چەند کەس لە هێزی بەرگری، لەنێوان گوندەکانی (کۆسەکەرێز - دریاز) لە سەر پردی کۆسەکەرێز کەمین بۆ دوژمن دادەنێن و کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ هێزەکانی دوژمن دەکەونە ناو کەمینی پێشمەرگەکان. قارەمانەکانی گەل لێیان وەدەست دێن و غەرقی ئاگرو گوللەو دوکەڵیان دەکەن. هەر گوللە ئاڕپێ جی یەک ماشێنێکی دوژمن دەسووتێنن. شەڕ درێژەی دەبێ هەتا دوانیوەڕۆ٠ هێزی یارمەتیدەر دەگات بەهانای لەداوکەوتوەکان. هەلیکۆپتەرو تۆپ خانە سەنگەری پێشمەرگەکان ئاورباران دەکەن. بەهۆی ئەوەی پێشمەرگەکان ژمارەیان کەم دەبێ و بریندارییشیان دەبێ خەریکی ڕاگوێستنی برینشارەکان و شەهیدەکان دەبن٠ بۆ ڕاگوێستنیان هەردوو قارەمان شەهیدان (ڕەحمان خەرامان و محمد پەروەر) خەڵکی حاجی مامیان کە ئەویش هێزی بەرگری بوو دوژمن سەرگەرم دەکەن و تەقەیان لێدەکەن. بەڵام دوای ئەوەی هیچیان فیشەکیان پێنامێنێ و ڕێگای پاشەکشەیان نابێ. هەتا دوا فیشەکیان ڕوو بە دوژمن شەڕ دەکەن. کەبەداخەوە دوای چەندین کاتژمێر دوژمن دەگاتە سەریان لەکاتێکدا کەسێک بەسواری دووچەرخە لەوکاتەدا پەیدا دەبێ و لەترسی شەڕەو تەقەی زۆر خۆی لەبن پردەکە داوێ کە ڕەحمان و محمدی لێبوو. بۆیە دوژمن وەدوای دەکەوێ و لەوێ هەرسێکیان بەدیل دەگیرێن. کە پاشان ئەو ئازاد دەکرێ٠ هەتا ئێستاش هیچ کەسێک نەیزانی محمد و ڕەحمان چیان بەسەرهات. بنەماڵەکەی زۆر دوای ئەم دوو شەهیدە کەوتن هەتا سۆراغێان بکەن. پاشان زانیبوویان کە هەردووکیان تیرەباران کراون. بەڵام هیچکات هیچیان لە تەرم و لیباس و گۆڕەکانیان بەدەست نەکەوتەوەو ئێستاش هەر سەرگەردانی ئەوەن بزانن ڕۆڵەکانیان لەکوێ بەخاک ئەسپێردراون.

ڕۆحیان شادو ڕێگای پیرۆزی خەباتیان بەردەوام بێ.

ناوو یادیان هەمیشە زیندووە لەناو دڵی خەڵکی کوردستان دا.

یەکێک لە بیرەوەریەکانم لەگەڵ شەهید چرچە بارام میرزا



لەدوکانێ خەریکی کار بووم دوو موشتەری لەوێ بوون. لەناکاو حەسەنی سوهرابی خۆی لەژووری دوکانێ هاویشت. سەرو چاوی شلەژاو دیاربوو، زانیم کارێکی بەدەستەوەیەو پێویستی بە من هەیە. چاوێکم لێکردوو گووتم چیە بۆ وا شلەژاوی؟ گووتی وەرە دەرێ با پێت بڵێم. دیاربوو لەبەر مشتەریەکان بانگی کردمە دەرێ. کەچووینە دەرێ گووتی خێرا قوتووە شیرینیەکە لەگەڵ خۆت بێنەو بابڕۆین هەتا لێمان وون نەبوون. گووتم تێمگەیەنە چی بووە؟ گووتی ٤ پاسدار ڕیشیان تاشیوەو دەیانەوێ بەدزی هەڵێنەوە بۆ عەجەمستان.

ئەوکات ناوشار لەبەر دەستی خۆماندا بوو. بەڵام پادگان و خانەی جەوانان کە سوپای پاسدارانی تێدا بوو بەدەست دەوڵەتەوە بوو. زۆر جار پاسدارەکان بەدزی و بە گۆڕینی قیافەی خۆیان دەهاتنە ناوشارو دەچوونە گەراج و شوێنی ئەو ماشێنانەی هاتوچۆی شارەکانی دیکەی ئێرانیان دەکرد. وەکوو ئێران پەیماو ئەتو عەدل و میهن تووڕ. دەیانویست خۆیان بگەیەنەوە شارەکانی خۆیان. ئێمەوکەسانی دڵسۆزو هوشیاریش هەر کەسێکی مەشکوک و نەناسراومان دیبایە لەناوشار لەجێگایەک پێشمان پێدەگرتن و لێمان دەپرسین چکارەن و بۆکوێ دەچن؟؟ هەر بەفارسی یان ترکی قسەیان کردبایە دەمانزانی کە پاسدارن و دەیانەوێ بەدزی بچنەوە بۆ شارەکانی خۆیان. ئەوە یەکەمجار نەبوو من و حەسەن و چرچە ئەو کارەمان دەکرد. بۆیە زانیم چیەو چ خەبەرە. هاتمەوە ژورێ و شاگردێکم هەبوو ناوی شەشە بوو. بانگم کردو گووتم بڕۆ

بەشی یەکەم

سەرێ ئەو قوتووەم بۆ بێنە خوارێ. ئەویش ئاگاداری هەموو ئەو کارانە بوو. دەیزانی قوتووە شیرینییەکە چی تێدایە. خێرا چوو بۆی هێنامە خوارێ و گووتی توخودا با منیش بیم. گووتم نابێ تۆ دەبێ ئاگات لەدوکان و مشتەریەکان بێت.

بەنابەدڵی گووتی زۆر باشە. قووتووەکە تفەنگێکی یوزی تێدابوو لەگەڵ یەک نارنجۆک و ٤ دەراغ. لەسەر دەستم دانا و لەگەڵ حەسەن خێراو بەپەلە هەڵاتین هەتا دوای ماوەیەک گەیشتینەوە لای چرچە. گووتی هاتن؟؟ با لێرە ڕایانگرین و بیانگرین. دەورەمان دان و چرچە چووە پێشیان گووتی سڵاو ئەوانیش جوابی سڵاویان دایەوەو چرچە گووتی کارتەکانتان بێ زەحمەت. ئەوانیش چاوێکیان لەیەکتر کردوو یەکیان گووتی ببەخشن ئێوە چکارەن؟ دیارە بە فارسی. چرچە گووتی چیت پێدەڵێم جوابی پرسیارەکەم بدەوە. خێرا کارتەکانتان دەربێنن. کیف و گیرفانیان دەرهێناو لەترسان دەلەرزین. حەسەن دەمانچەی بەزگیانەوە نابوو بۆ ئەوەی خەڵک نەیبینن. زۆر ترسان دیار بوو پاسدارن، چڵکن و کوڵکن دیاربوو تازە ڕیشیان تاشیبوو، ڕەنگی پێست و جێگای ڕیشیان دیار بوو. یەکیان زوو دەستی کرد بەگریان و پاڕانەوە. یەکیان دەیگووت دەمەوێ بزانم ئێوە چکارەن؟؟ ئەوانی تر لەترسان زمانیان بەسترابوو.

لەناکاو یەکیان بێ هەدەف هەڵات دەتکووت تاجی یە هەڵدێ. چرچە وەدوای کەووت پاشان گرتی و هێنایەوە، دوای ئەوەی تێر لێدانی خوارد، ئەوانی تر هێندەی تر ترسان. دوای ئاشکرا بوونیان لەڕووی کارتەکانیانەوە دیار بوو پاسدار بوون و هەموویان خەڵکی شاری میاندواو بوون. دوای دوو ڕۆژ لێکۆڵینەوە لەگەڵیان لە ماڵێکی دۆست و حزبی، تەواو ددانیان بەهەموو جنایەت و ڕابردووی خۆیان هێنا. لەهەموو شەڕەکانی ناوشارو دەوروبەر بەشدار بوون. بۆیە بەسزای جەنایەتەکانی خۆیان گەیشتن....

بۆ لەیلا قاسم



مامۆستا هێمن ساڵی ١٣٦١ لە گوندی (شیلاناوێ) ڕۆژێک بۆی گێڕامەوە، گووتی سەروبەندی لە سێدارە درانی (لەیلا قاسم) بوو کە خەڵک بەناوی خوشکە لەیلا ناویان دەبرد. کە زانیمان هەواڵەکە ڕاستەو لەیلایان لە شاری (موسڵ) لە سێدارە داوە. زۆرناڕەحەت بووم، ئەو کات لە سێدارەدرانی ژنێک ڕەنگە یەکەمجار بووبێ. تەواوی کوردستان بەگشتی و شاری سلیمانی بەتایبەتی زۆر غەمبارو شڵەژاو بوون. هەتا بزانن ئەم خەبەرە ڕاستە یان درۆ. بەڵام زۆر بەداخەوە ڕاست بوو. هەتا هەواڵی ئەوە هەبوو کە لە زمان پاسەوانێکی ڕژیمەوە گواستراباوە، ئەو ژنە چەندە بە غیرەت و ئازا بووە لەکاتی دواییین هەناسەکانی ژیانی دا هەر دروشمی کوردایەتی و نەبەزی و شۆڕشگێڕی داوە. گووتبوی ئێمە وەکوو پاسەوانی ئەو لە سێدارەدانەی ژنێکی (کورد) شەرمازار بووین و سەرمان بەردابوەتەوە هەتا ڕۆحی دەرچووە.

بەم بۆنەیەوە (مامۆستا هێمن) شیعرێک بۆ خوشکە لەیلا دەنوسێ. و لەڕێگای چەند دۆستێکی خۆیەوە بلاوی کردبۆوە. شیعرەکە زۆر خێرا لە سلیمانی و دەوروبەر بڵاو دەبێتەوە، بەڵام کەس نازانێ خاوەنەکەی کێیە.گووتی دوای چەند ڕۆژێک بەیانیەکی لەدەرگای ماڵەکەیان دام منیش چووم کردمەوە دیتم هاوڕێیەکی حزبی و هاو وڵاتی خۆمە. زۆرم بەخێرهاتن کردو چایەکم بۆ ساز کردو پێکەوە چامان خواردەوە. شیعرەکەی منی دیبوو، ئەو ڕەش نووسە بوو کە پاکسازیم کردبوو. کاتێک ڕۆشت من نەمزانیبوو کاغەزەکەی کە شیعرەکەی لێ نوسرابوو لەگەڵ خۆی بردووە. ماڵەکەم هێندە شلوق پلوق بوو حوشتر بەبارەوە تێیدا ون دەبوو.

بەشی یەکەم

بۆ ڕۆژی داهاتوو بەیانی لەدەرگایان داو چووم کردمەوە. دیتم دوو مەئموری کوردی سەر بە ئاسایشی سلیمانی بوون واتە (ئەمن). زۆر موحتەرەمانە گووتیان تکایە هەتا دائیرە لەگەڵمان وەرە پرسیارێکت لێدەکەین و دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵەکەت. خۆ نەدەکرا بڵێی نایەم، زۆر ترسام بەڵام وەسەر خۆم نەهێنا. لەگەڵ خۆیان بردیانم بۆ (امن)ی سلیمانیکەچووم بردمیانە ژوورێک دایانام. پاشان بردمیانە ژوورێکی تر کەبەرپرسێکی ئەمنی لێ دانیشتبوو. کە چووم هەستا لە بەرم و هات و تەوقەی لەگەڵ کردم و فەرموەی لێکردم بۆسەر کورسیەک. لەوێ دانیشتم و گووتی دەستووری دا قاوەیان بۆ هێنانم و سیگاری (روزمەن) بۆ داگیرسانم. دوای ئەحواڵ پرسی و ڕێزو حورمەتێکی زۆر. گووتی تەنها پرسیارێکم هەیە لە تۆ، بۆیە بانگم کردووی بۆ ئێرە. منیش گووتم فەرموو لەخزمەتدام بە پێی توانام. لەجێی خۆی هەستا سەرپێ و هاتە لای من. کاغەزێکی بەدەستەوە بوو دایە دەستم، گووتی دەمەوێ بزانم ئەم شیعرە هی کام شاعیرە؟؟؟ هەر ئەوەندەو هیچی تر. منیش لێموەرگرت و هەر کە دیتم هەمان ڕەش نوسەکەی خۆم بوو. هەمان شیعرەکەی خۆم بوو. نازانم بۆ لەترسان ڕۆحم دەرنەچوو؟ لەپێشدا پێمواببوو دەزانن ئەم شیعرە هی منەو دەیەوەێ پێم ڕابوێرێ و مەسخەرەم بکات. بەڵام کە هاتە بن سەرم و گووتی ئەگەر بزانی هی کێیە خەڵاتت دەکەین. بەو قسەیە زانیم نازانن شیعری خۆمە. کەمێک چاوم لێکردوو هێنام و بردم. بە پرتە پرت و شکستە خوێندمەوە یانی نازانم بیخوێنمەوەو شیعرەکە ناناسم. زەنگی لێداو کوردێکی بانگ کرد. گووتی پێی بڵێ هی کێیە ئەم شیعرە وا زوو سەرتاسەری کوردستانی داگرت. منیش خۆم لێ بێ خەبەر کردوو گووتم بەڕاستی نازانم شیعری کێیە. بەڵام هەوڵ دەدەم ببینمەوە. زۆریان سوپاس لێکردم و بە ماشێنی خۆیان بردمیانەوە بۆ ماڵێ. بەڵام هەرگیز بەڕوو ئەو کەسەم دا نەداوەو هەر نەشیزانی کە منیان بانگ کردوەە بۆ لێپرسینەوە. لێم پرسی مامۆستا کێ بوو ئەو کەسە؟؟ ناوەکەی پێگووتم بەڵام گووتی باسیمەکە. منیش قەولم پێدا باسی نەکەم.

ئەوەش ئەو شیعرە بوو کە بە لەیلا قاسم ی گووتبوو.


هەمیشە دەرد دەبینم، دەرد دەبینم
درۆی دوژمن دەهۆی نامەرد دەبینم
مەگەر زەردایی ناکەن چاوەکانم
کە ڕەنگی نەوبەهاری زەرد دەبینم.
بەسۆزەی با کە سکڵی دڵ گەشاوە
دەرون پڕ سۆزو فرمێسکم خوێناوە
لە دووری لەیلا بە واوەیلا و شیوەن
دەڕۆم پۆلی شینگێڕم بە دواوە

بەشی یەکەم

بزەی هاتێ گووتی ڕووناکە ئاسۆم
وەرە جەلاد پەتت باوێژە ئەستۆم
ئەوە پەت نییە میدالّی ئیفتیخارە
کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم
ئەوی بیست شاعیرو گریا بەزاری
ئەگەرچی بەسترابوو لێوو زاری
گووتی لەیلا هەمیشە پایەداری
لەژێر خاکا لە پێش چاوان دیاری
کە تۆ تۆرای لەچاوم وەک خەوی من
لەبسکت ڕەشترە مانگە شەوی من
بڕۆمەجنون بە لەیلای خۆت مەنازە
کە ناوبانگی پتر دەرکرد ئەوی من

بەشی یەکەم

محمد زەنگەنە چۆن شەهید بوو؟...



لە ڕێکەووتی ١٧ - ٥ - ١٩٨٣ عەمەلیاتێکی گەورە لەناو شاری مەهاباد بە مەبەستی زەربە لێدان لە هێزەکانی جاش و پاسدارانی ڕژێم نەخشەی عەمەلیاتێکمان دارشت و داوامان لە لکی دووی شەهید حەسەنی سوهرابی کرد کە دوو پەلیان بەشدار بن لەگەڵمان مەبەستمان بوو هەموو کوچەکانی سێ ئاشان و. ئاشی مام ئەحمەدو کوچەکانی باغی سیسەو خایابانەکانی زەندو پردی یەرغوو. خیابانی حافز بگرین ئێوارە بە فاسیلەو بە بێدەنگی و زۆر بە خێرا خۆمان گەیاندە ناوشار وەکوو هەموو جارێ لاوەکان و خەڵکی دڵسۆزی شارمان لێ کۆبوونەوە ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو پازدە بیست لاوی خوێن گەرم دەم و چاوی خۆیان بەست و کوچە بە کوچەیان پاکسازی دەکردوو وە پێشمان دەکەووتن هەندێکیان چەکیشیان پێ بوو کە هەستەی خۆمان بوون لە شار ئێمە تیمێکی پێبج کەسی بووین دەبوو هەموو کوڕەکان لە ماڵان دامەزرێنین نزیک بە سی پێشمەرگەمان نارده کوچەکانی باغی سیسە کە دەبوو لە پردی یەرغوڕا بیگرن هەتا. سەر خیابانی حافز باقی پێشمەرگەکان لە گەڕەکەکانی سێئاشان و. دەوروبەری ئاشی مام ئەحمەدو ئەو جێگایانەی کە پێویست بوو بیگرین شەوێ هەموومان دامەزراین دەمانزانی کوڕەکان لە کوێن و چەند کەسن لە جێگاکانیانەهموو خاڵە گرنگەکان و جێگا پێویستەکان گیرابوون ناوی نهێنی و شێوەی هاتنەدەرەوە دیاری کرابوو سەرپەلەکان و سەردەستەکان دەیانتوانی کاتی پێویست بێ حزووری فەرماندەری عەمەلیات فەرمان دەربکەن.

کەماڵ سمایلزاده فەرماندەری ئەم عەمەلیاتە بوو شەوێ. وڵات کش و مات بوو ئێمە پێنج کەس بووین لە ماڵی دۆستێکی

بەشی یەکەم

خۆمان بووین لەدەرگایان دا بەو شەوە. کەمێک خۆمان کۆ کردەوە خاوەن ماڵەکە چوو. دوای لێپرسین هاتەوە کووتی کورینە ئەو جیرانەمان سیگاری بۆ هێنابوون سیگاری بەهەمەن بوو نەفەری دوو بەستەیان داینێ من لێم پرسی باشە ئەو جیرانەی تۆ چۆنی زانی ئێمە لێرەین ڕووی تێکردم و بە پێکەنینەوە کووتی. دوژمن نەبێ هەموو کەس دەزانێ ئەم شەو شار پێشمەرگەی لێیە هەموو خەڵکی گەڕەک دەزانێ چۆن نازانن ئێمە هەموو بە دەیان ساڵە جیرانین و خزمین و تێکەڵاوین من لە جیرانەکەم بشارمەوە و پێی نەڵێم تا دنیا بە دنیایە لە دڵی دەرناچێ و لێم نارەحەت دەبێ بەڵام خاترجەم بن کەسی پیاو خراپ و سەر بە دەوڵەتی تێدا نیە کە گوزارشت بدا

بۆ ئەگەر دەوڵەت بشزانێ ئێوە لێرەن دەوێرن بێنە پێشێ لێتان؟؟؟

جا تەخت لێی بنوون بە ئیسراحەتی خۆتان دەزانم ماندووشن

بۆ بەیانی بۆ سەری هەموو خیابانەکان و کوچەکان دیدەبانمان هەبوون دەیانزانی کەنگێ و لە چ کاتێکدا ئاگادارمان بکەنەوە هەتا بێینە دەرێ دیدەبانەکی لای ئێمە سەعاتی نۆی بەیانی بوو هات کووتی پاسدارو جاش زۆرن لە خیابانێ حاڵەتی ڕاوەستان و چاولێکردن و هات و چۆیان زۆر ئاسایی نیە وەک بۆنی پێشمەرگەیان کردبێ وایە. لە کەسیش ناپرسن بەڵام ترس و بێ قەرارییان پێوە دیارە سەعاتی نۆو نیو بوو هاتەوە کووتی سەری هەموو کوچەکانیان گرتووە لە خیابانێش زۆرن هەموویان جاش و پاسدارن سەری کووچەکانی باغی سیسەشیان گرتبوو لای دامپزیشکی و خیابانی حافزو دەوروبەری مجەسەمەو خیابانی زەندوو هەموو ئەو جێگایانەیان گرتبوو کە ئێمە دەبوو بیانگرین کووتم کەماڵ پێم وابێ دەبێ بچینە دەرێ کووتی ئاخر زۆر زوویە بەڵام هەر وا لەوێ بن دەبێ لێیان بێینە دەرێ ئەوانیش فێر بوون کە لە پێشدا کوێ بگرن لە حەساری ماڵەکەدا دەهاتین و دەچووین کە دەنگی ڕەگباران هات زۆر نزیک بوو یەکەم کەس کەماڵ دەرپەڕی بۆ کوچە هەموومان هاتینەدەرێ هەر بە هەڵاتن بەرەو سەری کووچەکانی حەمامی زەندوو ئێران پەیما چووین لەڕێگا بە هەڵاتنەوە کەماڵ دەستی بۆ لای حەمامی زەند ڕاکێشاو بە منی کووت بچنە ئەوێ بۆ خۆی و دوو کەسی تر بەرەو کووچەی ئیران پەیما ئێمە بەرەو ئەو کووچەیە دەڕۆشتین سێ یا چوار پاسدارمان دی لەوێ بوون کە ئێمەیان دی هەموویان دیار نەمان بە تەقە بۆیان چووین تا سەری کووچەکە کە چووین هەڵاتبوون بۆ لای هۆتێل مەهاباد کە بنکەی خۆیانی لێ بوو لەوێڕا لێیان دەداین. جار جار ئارپێجیەکیان داویشت بەڵام یەک دانەشیان لە لای ئێمە نەدا هیچ زیانی بۆ ئێمە نەبوو پێشمەرگەکان هەموویان هاتبوونە دەرێ تەقە گەرم بوو ڕمبەی ئاپێجی و قرمە قرمی قەناسەکانی دوژمن تەواوی شاری

بەشی یەکەم

داگرتبوو کوڕەکانی تر کە هاتبوونە دەرێ هەرچی وەبەر دەستیان کەووتبوو ڕایان ماڵیبوون هەموانیان کووشتبوو پێشمەرگەکانی لکی دوو تەواوی سەری کوچەکانیان کە پێیان ئەسپاردبوون لێی دامەزرابوون شەڕ زۆر گەرم بوو زۆر جاران دوژمن هێزی خۆیان کۆدەکردەوەو هێرشیان دێنا بە اللّە واکبر اللّە و اکبر ئێمەش خۆمان بێدەنگ دەکرد تا دەهاتنە پێشێ لە پڕ وێکڕا لێمان دەدان شوعارو موعار نەدەما ئاوازەکەی دەگۆڕا بە یا حوسین یا ابوالفز لێیان بە جێ دەما کەلاک و بریندارانی بریندارێک کەووتبوو دەستی چەپی هەڵدێناو هەندێک دەبزووت تا خۆی ڕزگار بکا

پاسدارێک هات هەڵیگرێتەوە لێماندا ئەویش بەسەر ویدا بەربۆوە یەکیتر هات ئەویش کوژرا بوون بە چوار هەموو جارێک دەبووە چەپڵە ڕێزان و هوریا کێشانی پێشمەرگەکانی ئەوبەری خیابانێ و ئەو جەوانانەی لای ئێمە کۆ ببونەوە جەوانێکی خۆمان کووتی فلانی؟؟؟

کووتم فەرموو بلێ بزانم دەڵێی چی کووتی تفەنگەکەم دەیە هەر یەک فیشەک تەنها یەک فیشەک بەو پاسدارەوە نێم زۆر بوون جەنازە لەوێ وەسەر یەکدا کەوتبوون فیشەکێکی لەبەردا بوو دەراغەکەم دەرهێنا کووتم ها ئەو فیشەکەی پێوە نێ بزانم لێی دەدەی سێرەی گرت و تەقاندی جا نازانم لە کوێی دا زۆری شایی بە خۆی بوو کە بە دەستی خۆی فیشەکێکی بە پاسدارەوە ناوە کوڕەکان لە کوچەی باغی سیسە زۆر باشیان لێدابوون ئەوانیش زۆریان لێ کوشتبوون هەرچی لە کوچەو خیابانێ بوون لێیان دابوون ئەوانیش هێرشیان زۆر لەسەر بوو دوژمن دەیزانی هێشتا زوویەو هەر بەیانیە خۆی ئامادە دەکرد بۆ هێرشی گەورەترو بە هێز تر جار جار وردە هێرشیان دەکرد دەمانزانی خۆیان سازمان دەدەنەوەو نیازی هێرشی گەورەیان هەیە لەگەڵ کەماڵ. بە کوڕەکانمان کووت تەقەیان لێبکەن هەموتان تا ئێمە دەپەڕینەوە کەماڵ دەیوست سەردانی کوڕەکانی باغی سیسە بکا بزانێ وەزع چۆنە لەوێ لەگەڵ تەقەی کوڕەکان خۆمان گەیاندە ئەوبەری خیابانێ لەوێ هەنێک جەنازەیان لەبەر دەستیدا بوو هەنێکیش لە خیابانێ کەووتبوون کەماڵ کووتی هەتا شەوێ مەچن بۆ تفەنگەکانیان با لێتان نەدەنوەزعیان باش بوو کۆنترۆڵی تەواویان هەبوو بەسەر شەڕەکەدا دوو پەلی لێ بوو خەڵکێکی زۆریان بە دەورەوە بوو ماوەیەکی زۆر لالایان بووین و گەڕاینەوە بۆ ئەوبەری خیابانێ ئێمە هاتینەوە لای کوڕەکان پێشمەرگەکان هاتن کووتیان محەمەد زەنگەنە شەهید بوو زۆرمان پێ سەیر بوو لەگەڵ کەماڵ کووتمان. ئێمە محەمەدمان لەگەڵ نەبوو ئێوە باسی چی دەکەن؟؟؟؟؟

کووتیان بەڵێ ئەوەتا لەناو ئەو کوچەی ایران پیما دایە کە چووین کوڕەکانی لکی دوو لەوێ بوون مەنسووری ئەمیری سەردەستە بوو کووتی هات زۆرم قسە لەگەڵ کرد کووتی محەمەد کووتی زانیم پێشمەرگەکان هاتونەتەوە شاری خۆم پێ

بەشی یەکەم

ڕانەگیراوەو بە ڕۆژی ڕووناک خۆم لەشار هاویشت گوایا لە دوو جێ ڕوبەڕوو بۆتەوە لەگەڵ پاسداران و لێشی کووشتبوون مەنسوور کووتی لەو قسانەدا بووین دەیویست بپەڕێتەوە بە قەناسە ڕاست لەسەری درابوو من کە چوومە سەری سەریم بڵند کرد کەمێک لەسەر دەستم دامنا زۆرم بانگ کرد محمد. محمد هیچ دەنگی نەبوو مەنسوور دەیکووت جار جار چاوی هەڵدێنێ و دەیگێڕێ تەقەش هەر دەهات گەرمتر دەبوو و نزیک تر دەبۆوە

بەڵام تەواو ببو زۆر نارەحەت بووین بۆ شەهید بوونی محەمەد کورەکان هەموویان بە بیستنی شەهید بوونی زەنگەنە. زۆر ئیحساساتی ببوون پاسدارانیش هەر دەهاتنە پێشێ ئەو هەموو ئارپێجیە چی بوو دەیانگاویشت دەتکووت ڕەگباری پێدەکەن گرمە گرمێک بوو دەتکووت ئاسمان دەڕوخێ زۆریان کوچە لێ ئەستاندینەوە هێرشەکەیان زۆرتر ئارپێجی و نارنجۆک و نارنجۆکی سەری ژ ٣ بوو ئێمەش دیسان خۆمان کۆکردەوەو دەبوو هەرچۆنێک بایە لێمان گرتبانەوە ئەگەر نەمانگرتباوە لەوانە بوو کورەکانی باغی سیسە گەمارۆ بدەن بۆیە بڕیارمان دا لێیان بستێنینەوە تەقسیمی کارمان کردوو هەر تیمەی لە شوێنی خۆیەوە پێشڕەوی بکا تا کووچەکان دەگرنەوە بۆیان چووین بە تەکتیرو بە خێرایی لە پڕ یەکیان دەهاتە ناوەڕاستی کوچەو بە اللّەو اکبر ڕەگبارێکی پێوە دەناین و هەڵدەهات یەکی تر دەهات جاری وابوو دوو دوو سێ سێ پێکەوە دەهاتنە ناوەڕاستی کووچەتەقەمان لێدەکردن و خۆمان لە ناو دەرکان داویشت تا ئەوان دەهاتن وێکڕا لێمان دەدان هەتا هەموو سەری کوچەکانمان لێ گرتنەوە سەری کووچەکان خوێنێکی زۆر ڕژابوو دەراغ و شتومەکیان هەموو لێ بەجێ مابوو کوژراویان زۆر بوو هەموویان ڕاکێشا بوون هەتا کن بۆتکەکانیان بردبوون لەوێ بەجێیان هێشتبوون نەیانتوانیبوو بینبەنەوە هەر پێیان کرابوو خۆیان ڕزگار بکەن کات لای دوانیوەڕۆ بوو. دەمانزانی هێرشێکی تریش دێنن چونکە ئەگەر هەوا تاریک بایەو شەوی بەسەردا هاتبا هەموو جەنازەکانیان دەکەووتە بەر دەستی ئێمە ئەو خەڵکە باش و پشت و پەنای پێشمەرگە خواردن و هەرچی لە دەستیان هاتبوو بۆ پێشمەرگانیان ساز کردبوو هێنابوویانە کوچە دایان نابوو سەماوەر لە کوچەی قش قش دەکوڵی و چایان دەداینێ لای ئێوارە ئاخرین هێرشیان کردە سەرمان نەدەهاتنە پێشێ بە هەموو چەکێک لێیان دەداین هەتا کەلاکەکانیان بەرنەوە تەقەیەک بوو کەس ئاگای لەکەس نەبوو بە هەموو لایەکدا ئاگر دەباری گوێم کپ کپ ببون بە ئاستەم گوێم لە دەنگ دەبوو هەر دەزرنگایەوە دەتکووت لە سەرمدا مزگەری دەکەن هەر وێزەی دەهات هەموو کوژراوەکانیان برنەوە بە پێی ئامارێک کە ئەو کات باسیان دەکرد زیاتر لە سەدو پەنجا کوژراوو بریندارییان هەبووە پێم وابێ دوو یا سێ بریندارمان هەبوو

- [x] بریندارەکان و شەهید محەمەدمان. بە ناو ئاپۆڕاو غەم پەژارەی خەلکدا هێناو هاتینە دەرێ لە شار

چۆنیەتی بەردانەوەی هەلیکۆپتەرەکانی دەشتی شارۆیران



چۆنیەتی کەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەرەکانی دەشتی شارۆیران دەشتی قارەمانانی مەهاباد

لە هەر بارێکەوە لێکتداباوە دوژمن بێ هێزو دەستە وەستان بوو لەبەرانبەر ورەو باوەڕی بە هێزی پێشمەرگە کوڕانی بە هەق و میرات گرانی پێشەوا دوژمن زۆر هێرشی جۆراو جۆرو گەورەو چکۆلەی کردە سەرمان هەموو جارێک زۆر پە خراپی تێک دەشکا خۆی زۆر پێ بێ هێز بوو لە بەرانبەر سام و گورزو زەربەی بە هێزی پێشمەرگە لە هەموو ئیمکانات و. لە هەر فرسەتێک کەڵکی وەردەگرت بۆ کۆنترۆڵ کردنەوەی جادەی ئەسڵی نێوان مەهاباد ورمێ مەهاباد مینـدواو هـەموو جارێک تێک دەشکا کەلاکێکی زۆری لێ بەجێ دەما تا وای لێ هاتبوو. بۆ خۆیان زەمی خۆیان دەکرد ئەوکات لە وورمێ. ڕادیۆیەک هەبوو بە ناوی ڕادیۆ ڕەزاییە کە هەموو ڕووداوەکانی باس دەکرد بەو شەڕانەوە کە ڕوویان دەدا دیارە ڕادیۆکە محلی بـوو qq سەر بە سووپای پاسداران بوو ئێمە بۆخۆمان گوێمان لی بوو کە لەسەر شەڕی دارەلەک ووتوووێژیان لەگەڵ بەرپرسێکی بەسیجان دەکرد کە بۆچنەتانتوانی دارەلەک بگرن. پەخشی ڕاستەوخۆ بوو. بێ ئەم لاو ئەولا جوابی داوە کـووتی چۆنمـان گرتبـا ئێمە بـە چـاوی خۆمـان دیتمـان ئیمـام حوسین بـە سـواری ئەسپێکی سپیەوە هاوکـاری ئـەوانی دەکـردو وەک گـەڵای دار لـە ئێمـەی دەکووشت.

بۆیە ناویان لێ نابوو کەربەلای دارەلەک کە لە ڕۆژانی داهاتوودا بە وردی باسی شەڕەکەی کەربەلای دارەلەکتان بۆ باس

بەشی یەکەم

دەکەم.

هەموو شێوەکانی تاقی کردبۆوە لە هەمووی شکستی موونڵەقی هێنابووە بۆیە ئەم جارە پەنای بردبووە بەر دابەزاندنی هێزی کۆماندۆ کە بە هەموو شێوەیەکی نیزامی تەربیەت درابوون پێیان دەکوتن کلاو سەوز کۆماندۆ. لەو کەسانە بوون کە ماروو سەگ و پشیلەو شتی وایان بە زیندوویی بە ددانیان لەت و پەت دەکردوو دەیانخوارد. کە لای خۆمان پێیان دەڵێین فس فس پاڵەوان. ئالەوانە بوون هێنابوویانن کە ئێمە هەموومان بە بێ تەقەو بە بێ دەنگی بگرن و بە دیاری بمانبەن بۆ ئاغاکانیان چۆنیەتی شەڕەکە وەک خۆی بێ ئەم لاو ئەولا بۆ مێژوو ئەوی دیتوومە بە چاوی خۆم ئەوە باس دەکەم بە ئەمانەتەوە وا بزانە چاوو گوێی من دووربینێکی فیلمهەڵگرە چۆنم دیوە وات بۆ دەگێڕمەوە بنکەی پەلی ئێمە پەلی شاهۆ لە گۆێکتەپە بوو زەمانی شا ئێرە بنکەی فەرماندەیی ژاندەرمەری بووە کاک هەژار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەری هێزی بە هێزی پێشەوا. بنکەی هێزو جێگای کاری خۆی لێرە دانابوو ئێمەشی لە لای خۆی دانابوو ڕەنگە خوێنەر پێی وابێ دەبێ ئێستا بنکەی هێز لانی کەم. پێنج سەد کەسی لێ بێ نا.

پەلی ئێمە تەنها. نۆ کەس بووین کە چواریان شەهید بوون:

کەماڵ سمایلزادە
عەباس پاکزاد
حەسەن سوهرابی
ساڵە نادری
متەلیب فتوەت کە بوو بە جاش و مرد
سۆفی پێغەمبەرنژاد
شۆڕش ئەسەدزادە
دووانەکەی تر لە ناوخۆن پێم باش نیە ناویان بنووسم

ئەرکانی هێزیش بریتی بوون لە:

کاک هەژار. ئەحمەد جاوید فەڕ
چرچە بارام میرزا
سولیمان جاویدفەڕ

بەشی یەکەم

سمایل سمایلزادە
سمایل نادری
کەهەر پێنجیان شەهید بوون
کەسێکی تریش کە پێم باش نیە ناوی بێنم لە ناوخۆیە دوکتورمان بوو

لە پرخەی خەوی شیرێندا بووم. کە حەسەنی سوهرابی کووتی هەستە زووبە هێرشیان کردووە پاسداران دەرپەڕیم هەر خەواڵوو بووم کە دیتم کابرایەکی خەڵکی گۆکتەپە هەر بەسەری خۆیدا دەداو دەیکووت تێدا چووین ولاتیان هەموو گرت ئێوەش نووستوون کە چوومە دەرێ دەنگی هێلیکۆپتەر دەهات دەتکووت لە سەربانە زۆر بە پەلەو بێ دواکەوتن خۆمان پێچاوەمن دەستم دایە بیکەیسەکە و هێندێک ڕیزە فیشەکم لە ملم کردو سواری جیبەکە بووین کە کالیبر ١٣ یەکی لە سەر بوو ئەوکات پێمان دەکووت کالیبر ٦٩ هەموومان بە ئەرکانی هێزیشەوە کاک هەژار تفەنگێکی برنۆی پێ بوو لە ڕاستیدا نەماندەزانی چی بووە. دەمانزانی هێرشیان کردووە بەڵام نەماندەزانی هێرشەکە چۆنەو لە کوێڕایەو. چۆن هاتوون حەسەن جیبەکەی لێدەخوڕی کەماڵی سمایل زادە لە پشت کالیبر ١٣ کەوە بوو ئێمەش دابەزین سێ هەلیکۆپتەر لەوێ بوون. یەکیان هەر ١٠ مەتر بڵند بوو تازە نیرووی کۆماندۆی دابەزاندبوو

ئەوی دووەم هەر ٣٠ مەترێک بڵند بوو سێیەم دانە پارێزگاری لەوان دەکرد. ١٠٠ مەترێک دەبوو بڵند بوو کەماڵ بەو چەکە قورسەو ئێمەش هەموومان بە بیکەیسی و هەموو چەکەکان تەقەمان لە هێلیکۆپتەرەکا دەکرد لە بەر گێژەڵووکەو بای بە هێزی فڕۆکەکان. هیچمان. نەدەدیت یەکەم دەستپێژی چەکەکانی ئێمە یەکەم هەلیکۆپتەر لە جێی خۆی کەوتە خوار دووەم دانە ویستی بڵند بێ. ئەویش کەوتە خوار سێیەم دانە هێندێک تەقەی کرد هەر بڵند دەبوو ئەوجار ڕووی چەکەکانمان هەموو لەوی بوو لەو مەجالەی ئێمە سەرقاڵی ئەو دووانەی دی بووین ئەو توانی کەمێک بڵند بێ بەڵام هەر تەقەمان لێدەکرد زۆر بڵند بوو ڕۆی. کەمێک دوور کەوتەوە دووکەڵێکی سپی لێ هەستابە دووکەڵەوە ڕۆی تا لە چاوان وون بوو.

ئەویش لە نزیک دەریاکە کەوتبووە خوارو سووتا ئەلحەق و ئینساف بۆ مێژوو دەیڵێم. دیارە هەموومان تەقەمان لە هەلیکۆپتەرەکان کرد بەڵام چەک و نیشانەی کەماڵ دیار بوو چونکە بەو چەکە قورسە لێیدەدان ئاوری لێ هەلدەستاندن بۆیە چەکەکەی کەماڵ زۆر بێڕووحم ترو زاڵم ترو ئاگردارتر بوو.

تا ئێستا نەمانزانیبوو هێزی کۆماندۆیان دابەزاندووە گەنم تا سەر سینگان هەستا بوو هەتا تەقەیان لێ کردین هیچمان وەبەر دەستپێژی ئەوان نەکەوتین زانیمان ئەو هەلیکۆپتەرانە هێزیان دابەزاندووە جار جار سەریان بڵند دەکرد لە ناو

بەشی یەکەم

گەنمەکان دیتمانن جا ڕۆژ ڕۆژی پێشمەرگە بوو ڕۆژی کوڕەکانی پێشەوا بوو دوژمن هاتبووە ناو ماڵمان ئەوەی ئێمە لێیان دەگەڕاین لە ناو ئەو گەنمانەدا بوون لە چەند مەتریمان زەوق و شەوقێک لە دڵم گەڕا دەتکووت گوولە نامانبڕێ گڕوو دووکەڵی دوو هەلیکۆپتەر لە لای چەپمانب هێزێکی کۆماندۆی گیر خواردوو لە بەر دەممان کاک هەژاریش لە پشت سەرمان دا لێیان دەن دا بیاندروون نیشانیان دەن ئێرە کوێیە بە پانتایی ٥٠ مەتر. بەشێنەیی بە حەوسەلە کاک هەژار کووتی دا کورینە بۆیان بچن چاوەڕوانی ئەم قسەیە بووینەهرکە پەیام گەیشت لەلای فەرماندەوە نە شێنەیی ماو نە حەوسەلە کوڕەکان شێرئاسا هێرشیان کردە سەریان لەو گەنمەدا عەجەب ڕاوە پاسدارێک بوو بەهێواشی بەناو گەنمەکەدا دەڕۆشتم بەسەر عەباس دا کەوتم کووتی ئاگات لەخۆت بێ ئەوەتا بە لوللەی نارنجۆک هاوێژەکەی ئیشارەی بۆ پێش خۆی کرد کەزانی دیتم خێرا کووتی نەیکوژی عەباس ڕۆحێکی هاتەوە بەبەردا منیش خێرا خۆم پێداداو تفەنگەکەیم لەدەستی دەرهێنا عەباس نارنجۆکێکی هاویشتبوو کەڕۆشتبوو بەسەر ئەو کۆماندۆیەدا کەوتبوو نارنجۆک هاوێژەکەی خاڵی بوو فریاش نەکەوتبوو دەمانچەکەی دەرێنێ هەردووکیان ڕووبەڕووی یەک مابوونەوە کۆماندۆیەکە زۆر بە ئاسانی دەیتوانی عەباس شەهیید بکا. یا حەپەسابوو یا نەیوستبوو لێیدا عەباس کووتی سەری خۆت مەیکوژە ئەو منی نەکووشت بوو بە یەکێک لە دیلەکان شەش کەسیان بە دیل گیران ئەوانی تر هەموو کوژران یەک نەفەریشیان هەڵات جا نازانم چۆن و بە چ شێوەیەک توانی خۆی بگەیەنێتەوە ناوچەی خۆیان زۆریشی لێ گەڕاین نەماندیتەوە. کاک هەژار کووتی لێیگەڕێن با بڕوا دەبێ کەسێک خەبەرەکەیان بۆ بگێڕێتەوە لکی دوو بە هەموو پێشمەرگەکانەوە زۆر زوو گەیشتنێ بەشداری باشیان کرد هەروەها کوڕەکانی ئەرکانی لک لەگەڵ کاک شوان خۆیانگەیاندە شەڕەکە لەبەر ئەوەی شەڕەکە زۆر درێژەی نەکێشاو لە ناکاویش بوو. کوڕەکانی دی هەر بە ماشێنیش نەیاندەتوانی بگەنە شەڕەکە لەسەر یەک ٤٢ کەس لەهێزی دوژمن کوژران کە ٣٦ کەسیان کۆماندۆ بوون ٦ کەسیشیان لە هەلیکۆپتەرەکاندا بوون هەروەها ٢٤ تفەنگی کلاشینکۆف و هێندێک ژێسێ مزەلی و ئارپی جی و بڕنۆیەکی دوربینەدار گیران لەگەڵ فیشەکێکی یەکجار زۆری ژێ سێ کە لەگەڵ تیربارە ژێسێ کانی ناو هەلیکۆپتەرەکاندابوون هەموو چوار لولە بوون. هەروەها ڕاکێتێکی زۆر کە بە هەلیکۆپتەرەکانەوە بوون. کە لە شەڕەکانی دواتردا بەدژی خۆیان بەکارمان هێنانەوە لەم عەمەلیاتەدا هیچ زەرەرو زیانێک بە ئێمە نەکەوت ئەوەی بۆم باس کردن هەمووی لەماوەی سەعاتێکدا بگرە کەمتریش ڕووی دا نزیک بە شەش حوت ڕۆژ ئەو کەلالکانە هەر لەوێ بوون خەڵک دەهاتن بۆ دیتنی هەلیکۆپتەرەکان تا لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانەوە داوا لە ئامبوڵانسەکانی مەهاباد کرا بێن بیانبەنەوە دوژمن وەک ماری بریندارى لێ هاتبوو سەری خۆی لە دارو بەرد. دەدا بۆ جوبڕانی ئەم شکستە گەورەیەو هەموو شکستەکانی دیکەی دەستی دایە هێرشی زۆر گەورە تر.

بەشی یەکەم

لە هێزی گیارەنگ بووم لە ناوچەی سەردەشت.



کاتێک من چوومە هێزی گیارەنگ. بنکەی هێز. کە فەرماندەری هێز کاک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی بوو. لە گوندی (مەزرا) بوو.

بە (مامۆستا) بانگمان دەکرد. منیش لێرە هەروا ناوی دێنم. مامۆستا هەم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو هەم فەرماندەری هێز بوو کەسێکی خۆش تیپ بااڵبەرزی جوان چاک. قسە خۆش و هەمیشە دەم بەپێکەنین بێ دەعیەو خاکی و پێشمەرگە بوو. لەگەڵ هەمومان ڕەفیق بوو.

کەسێکی بە ئەخلاق و هەتا بڵێی جێگای بڕواو متمانەی خەڵکی ناوچەکەو هەموو پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ بوو.

دوای گرتنەوەی ناوچە مەرزیەکان لە لایەن ڕژێم و قیادەی مووقەتی ئەو کات هەروەک لە بیرەوەریەکانی پێشوومدا. لە (گوندی کانیزەرد) نووسیومەو باڵاو بۆتەوە بە دوورو درێژی باسم کردووە.

بنکەی هێزمان لە دۆڵ و (خرەی ناوزەنگ). دانایەوە خانوەکانمان هی هێزەکان و سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بوو.

بەشی یەکەم

ئەو جێگایەی بنکەی هێزی تێدا بوو ماڵە (مام جەلال) و کاک. (ئەوشیروان) بوو زۆر چاکو قاییمیان درووست کردبوون دیوارەکانیان زۆر پان و بەهێز بوون.
باقی بنکەکانی تریان لک و دەستەکانی تری خۆمانیان تێدا بوو. ئەو کات تازە یەکێتی نیشتمانی داگەڕابوونەوە ناو خۆی وڵات و بەرەو سەرگەڵ و بەرگەڵ و گواستبویانەوە.
(مامۆستا) لەگەڵ (مام جەلال) نێوانیان زۆر خۆش بوو. ئەو خانوو جێگاو رێگایەیان بۆ ئێمە جێهێشتبوو.
مەنتەقەمان لێ گیرا بوو مەرزەکانیان هەموو بە پایەگا پڕ کردبوو لە هێزی جاش و پاسدار دەروازەی قاسمەڕەشیان گرتبوو. هێزێکی زۆروو زەبەلاحیان تێدا بڵاو کردبۆوە ڕۆژ تا ئێوارە. شەو تا بەیانی هەر وێزەو هاڕەی مووشەک و تۆپی قورس و کاتیوشا بوو بە سەرماندا دەهاتن و دەچوون. شەڕی ئێران و عێراق بوو. ئێمەش لە ناوەڕاستیانا بووین.

ئێمەش هێزەکەمان لە ناوزەنگەوە هەتا ئاخرین گوندی مەرزی گوندی (سوونێ) دامەزراندبوو کۆمیتەی شارستانیش لە (کوونەمار) بوو کە کاک (سەید سەلام عەزیزی) بەرپرس بوو.

ئەوەی بۆم باس کردن پێکهاتەی. هێزی گیاڕەنگ و ناوچەی ئازاد بوو کە بە دەستمانەوە مابوو.

بەڵام هیچ کات ڕژێم بەو هەموو هێزەوە کە هێنابووی لەو ناوچەی دامەزراندبوون نەیتوانی بۆ یەکجاریش ڕێگا لە پێشمەرگە بگرێ. لەو ناوچانەی گیرابوونەوە لە پێشتر زیاتر پێشمەرگەکان لە ناوچەدابوون و بە ئازادی لە هەموو دێیەکاندا دەمانەوە عەمەلیات و لێدان لە هێزەکانی ڕژێم هەر درێژەی هەبوو تەنها شتێک فەرقی کردبوو

بۆ پێشمەرگە ئەوە بوو. پێشتر. هەر بە ڕۆژ دەچووینەوە ناوچە بەڵام دوای گرتنەوەی دەبوو ڕاوەستین تا ئێوارە جا چووباینەوە. دەنا بۆ ناو خۆ هیچ فەرقی نەکردبوو.

لە بنکەی هێز پێشمەرگەیەکمان هەبوو خەڵکی (شیراز) بوو ناومان لێنابوو (ڕەزا شیرازی). ئەم ڕەزایە کەسێکی سەیرو جودابوو. نەقڵ و بەسەرهاتی زۆر سەیرو خۆشی هەیە مامۆستا زۆری دەدواند کوڕەکان هەموو خۆشیان دەویست. زۆریش زیرەک بوو هەرچی نەوعی پارچەو لیباسی ژنانەی کوردی هەبوو. هەمووی دەزانی کۆن و تازە. ناوی هەرچی گوندەکانی کوردستان هەبوو دەیزانی. ناوی هەموو هێزەکان و فەرماندەکانیان و ناوچەکانیان و بەرپرسەکانی دەزانی.

بەشی یەکەم

شۆڕشی کوردی لە سفرەوە بۆ باس دەکردی هەتا ئەوکاتەی قسەی بۆ دەکردی. بێ ئەوەی ناوی یەک کەس یا ڕۆژو ساڵ و وردەکاریەکانی لێ تێکەڵ بێ یا مەحتەل بێ کوردیەکی زۆر باشی دەکووت. هەموو نەقڵ و مەسەلەکانی کوردی دەزانی بۆ یەک ووشەی کوردی مەحتەل نەدەبوو لە نووسینی کوردیدا هیچ کات نەماندی غەڵەتی ئیملایی و ڕێزمانی هەبێ. هەر ڕەقەمێکی گەورە و زۆر گەورەش بوایە. کە پێت دەکووت بۆم (زەڕب) بکە بێ ڕاوەستان لە یەک چرکەدا بۆ زەڕب دەکردی و پێی دەکووتی. هەر لە بەر.

ناوی هەرچی گۆرانیبێژی کورد هەبوو دەیزانی. بە ناوبانگەکان و ناوچەییەکانیش. شەڕە فڕێکی دەکرد هیچ کوردێک پێی نەدەوێرا. مامۆستا زۆری ڕێز لێدەگرت. هەموو خۆشماندەویست. کاری ئەسلیشی لە بنکەی هێز. تەخریبات و دروست کردنی مین و لەو بابەتانەدا بوو لەو کارەیدا هەر زۆر شارەزا بوو.

(تی ئێن تی) دێنا وەکوو ڕۆن دەیتواندەوەو قاڵی دەکردو. لە تەختە قالبی بۆ دروست دەکرد گەورەو چکۆڵە هەر جۆرێک پێشمەرگە ویسبایان. تێی دەکردوو لێیدەگەڕا تا سارد دەبوەوە ئەوجار جێگا چاشنی بۆ دروست دەکردوو ئامادەی دەکرد. هیچ مینیابێک کەشفی نەدەکرد.

ئاخری پایزوو ئەوەڵی زستانی ساڵی ١٣٦٤ بوو شەهید (ڕەحیم قارنجی) بانگی کردم کووتی شۆڕش پێم خۆشە عەمەلیاتێک بکەین پێکەوە بێ ئەوەی بزانم عەمەلیاتەکە چیەو لە کوێیە کووتم زۆر باشە ئامادەم. ڕەحیم بە تایبەتی لە داهاتوویەکی نزیکدا باسی دەکەم ووردەکاری و کەسایەتی (ڕەحیم قارنجی)تان بۆ باس دەکەم. چونکە ڕەحیم کەسایەتیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو پێویستە زۆر بە وردی باسی بکەم.

هەوا ساردی کردبوو زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگەکان. لە ناوچەڕا گەڕابوونەوە بنکە سابتەکانیان دوای ساغ بوونەوە لەگەڵ مامۆستا. لەسەر عەمەلیاتەکە. مامۆستا ئیزنی پێداین بچین بەڵام بە شەرتێک سێ پێشمەرگەی تر لەگەڵ خۆمان بەرین ڕەزا مینی زۆر باش و پتەووی دروست کردبوو چەند مینێکی نەفەری و دوو مینی تانکمان هەڵگرت و ئێوارەیەک ڕۆشتین و چووینەوە ناوخۆ. دەشتی وەزنەی ناوچەی سەردەشت. ببوە جێگای هات و چۆی هێزەکانی ڕژیم بۆ تۆپخانە قورسەکانی ڕژیم و هەر جێگایەک بڵند بوو پایەگایەکیان لێدانابوو هەمیشە تۆپخانەکانی عێراقیش دەیانکووتا. جێگایەکی زۆر حەساس و

بەشی یەکەم

(سوق الجیش)ی بوو ڕژێم مایەی زۆر لەسەر دانابوو. زۆر چاک پارێزگاری لێدەکرد. بۆیە هات و چۆی هێزەکان و ماشێنەکانی بە شەوو ڕۆژ لە هات و چۆدا بوون. ئەو ڕێگایانەمان لە نەزەر گرتبوو بۆ زەربە لێدان لە هێزەکانی دوژمن. ئەو شەوە ڕۆشتین هەتا گوندی (گردێنە). ڕانەوەستاین. چووینە ماڵێکی کە کەسێکیان پێشمەرگە بوو گوندەکە لە بن هێزەکانی دوژمندا بوو هەرکات ویسبایان دەیانتوانی بێنە ناو دێ.

بۆیە بە نهێنی ئەو شەوە لەوێ ماینەوە. پێمان نەکووتن چ دەکەین و چ ناکەین. زۆریان ئەمبەرەوبەر پێکردین هەتا بزانن بۆچی هاتووین بەڵام هیچمان پێنەکووتن. ئەوانیش بیدەنگەیان لێکرد.

خزمەتێکی باشیانکردین. (خەڵک کۆڵەکەی پتەوی هەر شۆڕشێکە). نابێ هەرگیز دڵی خەلک ئازار بدەی. یەکێک لە کوڕەکان ئێستا لە ناوخۆیە. دوانەکەی تر یەکیان ئارپێجی پێ بوو.

بڕیارمان دا کە ئێوارە داهات بچین شوناساییەکی ورد بکەین تا بزانین کۆێ زۆر گونجاوە بۆ دانانەوەی مینەکان.

کاتێک ئێوارە وەدەر کەووتین هەموو خەڵکی دێ ئێمەیان دیت. دەورەیان داین زۆریان پێخۆش بوو زۆریان قسەوباس لە دڵیدا بوون کە پێیان خۆش بوو هەرچی هەبووە بۆمان بگێڕنەوە بەڵام درەنگ بوو ئێمە وەختمان زۆر نەبوو دەبوو کەمێک بە ڕووناکی بچین تا جوان هەموو شوێنەکان ببینین و دەستنیشانیان بکەین. هەر چۆنێک بوو ماڵئاواییمان لێکردن و ڕۆیشتین.

هەموو تەپکەکان. پایەگایان لێ بوو جادەکان هەموو خیزڕێژ بوون. وڵات هەموو تەڕوو تووشی بوو هەوایەکی ساردو باران باریبوو. هەورێکی زۆر ڕەش هەموو ئاسمانی داگرتبوو. قورێکی زۆر بوو. لە بن تەپکەکەی نزیک لە ماڵان و ناو دێ. کە هەر هەزار مەترێک دوور بوو. چۆمێکی لێ بوو بە پێچاو پێچ دەڕۆی و دەوروبەری دارو سەوزایی بوو لەوێڕا چاومان لە ڕێگاکان و هاتووچۆی ماشێنەکان دەکرد هەوا بوڵێڵی کردبوو. منیش لە کوڕەکانم پرسی. ئەم تەپکەی پشت سەرمان پایەگای لێیە ؟؟؟؟؟؟؟

کووتیان. نا لێی نیە. ئەگەر لێیبایە چۆن دەمانتوانی لێرە ڕاوەستین. چونکە لە بنیدا بووین سەر دوندی تەپکەکەمان نەدەدیت و لێمان دیار نەبوو.

بەڵام چوار پایەگامان لێ دیار بوو. دوو ڕێگای پایەگایەک دەهاتنەوە سەر یەک ڕێگای ئەسڵی ئەوێمان دەست نیشانکرد بۆ مینی گەورە. لە هەر لایەکەوە هاتبان وەسەر دەپەڕین.

بەشی یەکەم

ڕەحیم بەڕپرسی عەمەلیاتەکە بوو. بەمنی کووت شۆڕش تۆ لەگەڵم وەرە بە کوڕەکانی تری کووت ئێوە لێرە لە جێگای خۆتان بن تا ئێمە دێینەوە. بۆ هیچ لایەک نەچن ئەگەر شتێک بوو هەمووتان ئاخرین جێگای یەکگرتنەوەمان دۆڵێک بوو کە دەیگەیاندینەوە بن شاخی جاسووسان.

بەڵام تکایە نەدەنگتان هەڵبێنن. نە سیگاری بکێشن. ئێرە جێگایەکی حەساس و خەتەرە. ئێمە ڕۆشتین مینەکەمان لە تەلیسێک کردبوو. گەیشتینە جێگای مەبەست. لەوێ پایەگا زۆر نزیک بوون. جوان گوێمان لە قسەکانیان بوو. نم نم باران دەباری بە بایەکی تونددەوە ئەوەندە سارد بوو دەتکووت چەقۆی لە دەموچاووت دەدەن. گیانمان هەموو تەڕ بوو.

هەر جێگایەک دەمانەویست هەلیکۆڵین و مینەکەی تێدا دابنێین ئەوەندە ڕەق بوو دەتکووت. بەردە ئاخری ڕەحیم بانگی کردم کووتی وەرە. ئێرە باشە. کە چووم قوڵکەیەک بوو پڕ بوو لە قوڕاو. ئەندازەمان گرت قوڵاییەکەی مینەکەی دانەدەپۆشی. بۆیە مەجبوور بووین. کەمێکی قوڵ بکەین چونکە قوڵکە بوو زۆر بە ئاسانی قوڵمان کرد. مینەکەمان دانا. ڕەحیم چاشنی و شتی وای لێ بەست و هەنێکمان لەو خیزو بەردانە لە سەر داناو. دەوروبەری قوڵکەکەمان خاوێن کردەوە هەتا هیچ ئاسەوارێکی جێگا لاق و هەڵکەندنی پێوە دیار نەبێ.

ڕەحیم کە چاشنیەکەی لێدەبەست. چاشنیەکەی ماچ کرد. کووتی. بزانم چ دەکەی ؟؟؟ گوێم لێت بێ چۆن دەنگێکت لێوە دێ و دوژمن لە حەوای دەکەی. هەر بەڕێگای خۆماندا گەڕاینەوە بۆ لای کوڕەکان. کووتیان سێ مینی نەفەریمان داناون پێشانیان داین لە کوێ دایاننابوون ئاخرین مینی گەورە مابوو. دەمانەویست ئەویش بۆ ئەو پایەگایەی ڕووبەڕوومان دابنێین.

هەموومان بە ڕیزو بە بێدەنگی ڕۆشتین. چوینە ئەوبەری جادە. بە نەزەر بووین مینەکە دابنێین و نەگەڕێینەوە بۆ گوندی (گردێنە). کوڕەکان کووتیان ئێمە شارەزای هەموو ناوچەکەین. بەو بەریدا دەڕۆینەوە.

چوینە سەر جادەکەی تر کە هەر جادەیەک بوو بۆ پایەگایان لێدا بوو.

لەوێ هەموومان بە بێدەنگی و زۆر بە هێواشی بە(سەرەنێزە) لە جێگایەکی دەگەڕاین مینەکەی لێ دانێین. دەنگی تەقەیەکی زۆر نزیک هات. هەموو بێدەنگ و ڕاوەستاین و هەستمان ڕاگرت تا بزانین چی بوو ئەو تەقەیە.

بەشی یەکەم

دیتمان شەووقی چرای ماشێنێک ڕووبە ڕوومان دێ ماشێنەکە گەیشتە بن پایەگاکەی تر تفەنگێکی تری هاویشت. زانیمان تەقەکە ئەو ماشێنەیە. پێمان وابوو دیتوویانین. لە ناوەڕاستیاندا بووین جێگاکەمان زۆر خراپ و حەساس بوو.

ڕەحیم کووتی هیچ خۆتان مەشلەژێنن. ئەگەر دیتبێتیانین زۆر بە پیسی لێمان دەدەن دەمانکەنە (ماری ژنان کووشتوو). بەڵام هەر ناوێرن بێنە سەرمان. دەبێ هەتا دواییں فیشەک دیفاع بکەین. چونکە ئەگەر ئێمەیان دیباو زانیبایان لە ناو جەرگی ئەواندایں هەرگیز یەکیشمان دەرنەدەچووین.

خێرا ڕەحیم ب ئاڕپێجیەکەو دوو کەسەکەی تری ناردە ئەوبەری جادەکەو ئەمن و بۆ خۆی لەمبەر بووین و دامەزراین. ماشێنەکە لە بن هەر پایەگایەک ماوەیەک ڕادەوەستا نازانم چیدەکرد حەرەکەتی کرد بۆلای ئێمە هاتە ناومان. تویوتایەکی پڕ لە پاسدار بوو بە هەموومان دایگژاینێ. لولەی تفەنگمان بردبووە ناو ماشێنەکە. هەر کەلاک بوو وەسەر یەک دەگەڕا ئاڕپێجیەکی پێوە نا لەو ماشێنە زەلامەی نەدا. ماشێنەکە هەر دەڕۆی بەملاو بەولادا ئێمەش بە دوایدا هەڵدەهاتین و هەر لێمان دەدا. تفەنگەکەی من گیری کرد دەمویست تفەنگێکی پاسدارەکان بێنم. یەک ناگا لە هەر چوار لامانەوە لێیان دایں چ لێدانێک.؟؟

هەر گولەی سوور بوو لە بن سەرمان هەڵدەبەزیەوە نازانم بۆ وا ئامادە بوون هەرچی چەکیان پێبوو لێیان دەدایں دۆشکە تۆپی مستەقیم ئاڕپێجی خومپارە بیست نورەفکەنیان لە حەوای کردبوو وڵات ئەوەندە ڕوناک بوو. نەتدەتوانی لە جێگای خۆت جوڵە بکەی. ئەمن و ڕەحیم لە کوڕەکانی تر هەڵبڕاین. ئەو تەپکەی کە دەیانکووت پایەگای لێ نیە. وا نەبوو پایەگا بوو هەر ئەوان بوون زۆریان هێرش بۆ هێنابووین. وەک ڕۆژ ڕووناک بوو نەدەکرا هەر خۆت مات بکەی. چونکە دیتمان بۆمان دێنە خوارێ نەفەراتەکان. بە هەموو لایەکدا بۆمان هاتنە خوارێ ئەمن و ڕەحیمیش هەستاین ڕەحیم کووتی. شۆڕش دەزانم شارەزایت نیە لەم ناوچەیە. تفەنگەکەشت گیری کردووە. خۆم بکوژڕێم ناهێڵم تۆ هیچت لێ بێ.

کووتی تەنها ڕێگا ئەوەیە بەرو لای ئەوان بچین لەوێ خۆمان بگەیەنینە چۆمەکە لە چۆمی بدەین و بپەڕێینەوە ئەو بەر. کووتم با برۆین غەمی منت نەبێ.

هەتا لەوان نزیک تر دەبووینەوە تەقە لە سەرمان کەمتر دەبۆوە. بە ناو ئەو بڵندو نەویانەدا دەڕۆشتین زۆرمان نەمابوو

بەشی یەکەم

تێکەڵیان بین. خۆمانگەیاندە ناو دارەکانی قەراغ چۆمەکە بێ ڕاوەستان لە چۆمیمان داو پەڕینەوە ئەو بەری چۆمی. لەوبەریش کە هەموو گیانمان تەڕ بوو. هەر بێ وچان دەڕۆشتین. وابزانم لێیان ون ببوین وەکوو تاوێ پێش موستەقیم لێیان نەدەداین. بۆیە دەڵێم ونیان کردبووین. کوێرانە تەقەیەیان دەکرد.

گەیشتینە دۆڵێک گولە بەسەرماندا دەڕۆی نەیدەگرتینەوە. تاوێک دانیشتین زۆر ماندوو بووبوین ڕەحیم چاوێکی لێکردم. کووتی چۆنی ؟؟ کووتم باشم. کووتم نۆرەتە ئەو مینەی هەڵگرە کووتی بەڕاست مینەکەت هەر پێیە؟؟؟
کوڕە بۆ خاتری خوا فڕێت دابا. چۆن توانیت لەگەڵ خۆتی بێنی.؟؟؟
کووتی. بێنە لێرە دەیشارینەوە وەختێکی تر بۆی دێینەوە. کووتم تازە بۆ دەیشارمەوە هەتا ئێرەم هێناوە تازە داینانێم بەڵام نۆرەی تۆیە هەڵیگری دەستی دایەو هەستاین ڕۆشتین ڕاستی ڕەحیم نەیدەزانی بۆ کوێ دەچین بەڵام. دەمانزانی لە دوژمن دوور کەووتووینەوە.

هەوا ئەوندە تاریک بوو بە ئاستەم یەکترمان دەدیت ڕەحیم هەر دەیکووت تۆ بە دوامدا وەرە من شارەزام. منیش وەدوای کەووتبووم. هەزار جاران خۆمان بە دارو کۆلکە دارو بەردا داوە جەنگەڵ بوو ڕوومان تێکردبوو ئەوەندەی تر تاریک بوو دوو سەعات دەبوو دەڕۆشتین بەڵام هیچ شتێکمان لێ دیار نەبوو. نە چرایەک نە ڕووناکاییەک نە دەنگێک. نە سەگ وەڕێک. نە دەنگی باڵندەیەک. ئاخری ڕەحیم کووتی شۆڕش ئێمە ون بووین نازانم بۆ کوێ دەچین. من بە نەزەری خۆم پێم وابوو دەچینەوە سەر ئەو دۆڵەی کە دامان نابوو بۆ پاشەکشە. بەڵام ئەو هێندە دوور نەبوو. هەمووی ڕێگای سەعاتێک بوو. ئێستا ئێمە نزیکبە سێ سەعاتە بە ڕێوەین. دانیشتین. کووتم هەرچی دەبێ با ببێ. تەنها ناڕەحەتی من ئەوە بوو سیگارەکەم هەمووی تەڕ ببو سیگارم پێنەمابوو.

هەوا زۆر سارد بوو هەموو لیباسەکانمان تەڕ بوو کەوشەکانمان هەر تەڕ بوو. بۆ ئەوەش نەدەبوو لە شاخی لە جێگایەک بمێنینەوە هەتا ڕۆژ دەبۆوە ڕەق دەبووینەوە مەجبوور بووین هەر بڕۆین باشترە دیسان هەستاین بێ هەدەف دەڕۆشتین. نیو سەعاتێک دەبوو دەڕۆشتین. ڕەحیم ڕاوەستا کووتم چیە؟؟ کووتی پێم وابێ ئەوە ڕێگای ماشێنە. دانیشتین. بە دەست. لێدان و وردبوونەوە بۆمان ڕوون بۆوە ئەوە ڕێگای ماشێنە. ئێمە لێی پەڕینەوە کە زانیمان ڕێگایە. بەڵام نەماندەزانی بۆ کوێ دەڕوا.

دانیشتین. ناوچەکەمان دێنایە پێش چاوی خۆمان. دەمانەویست ببینینەوە کە. باشورو باکورو شومال و جنوب چۆن

بەشی یەکەم

هەڵکەووتووە. زۆرمان فکر لێکردەوە شاخێک هەبوو بەسەر دۆڵی ناوزەنگدا دەیڕوانی پایەگای لێ بوو. پێمان وابوو ئەوێیە.

ڕەحیم کووتی زۆر باشە هەرچی بێ ئەوە ڕێگای سەربازیە. مینەکە لە سەر ئەم جادەیە دادەنێین دانیشتین قوڵکەیەکی باشمان هەڵقەند مینەکەمان داناوە. دامانپۆشی و. کووتی جا با بڕۆین نەمانزانی هەر ئەو جادەیە بە پێچێک دەچوەوە ناو پایەگاکە. پێچەکە کە هەر چل پەنجا مەترێک دەبوو کووتمان لەو تەپکەی ئاوابووین دادەگەڕێینە خوارێ ڕاست دەچێتەوە دۆڵی ناوزەنگ.

دوای پەنجا مەترێک هاتینەوە سەر جادەکە دیسان زۆرمان پێ سەیر بوو. ڕەحیم کووتی پێم وابێ ئەوە نیە جادە بۆ شاخ کە لێدەدەن پێچاو پێچی لێدەدەن ئەوە. ئەوەیە ڕاستی دەکرد دەقیقەن وابوو بەڵام چونکە تاریک بوو ئێمە باشمان نەدەدیت کەمێکی تر ڕۆشتین بەڵام زۆر بە ئیحتیاتەوە دەڕۆشتین ڕەحیم ڕاوەستاو دانیشت منیش دانیشتم.
زۆر هەستمان ڕاگرت هیچ باس نەبوو. هەستاین بڕۆین. دەنگە دەنگێک هات لە جێی خۆمان مات بووینەوە هەستمان لە خۆمان بڕی.

گوێمان لێبوو بە فارسی کووتی لێیاندەم. ئەوی تر کووتی نا ئێستا پێوە دەبن دەیگرێ پێم وابێ تەڵەو شتی وایان دانابوو. بۆ بەرازو ڕێوی و گورگ و ئاژەڵان هەستی ئێمەشیان کردبوو پێیان وابوو (دەعباین) ئەو جار زانیمان لە بن دەرگای پایەگاداین. سەبرایەکی زۆر بە هێواشی و بە بێ خووست پاشەوپاش کشاینەوەو کەمێکیان لێ دوور کەووتینەوە. زۆر ناخۆش بوو تفەنگەکەم گیری کردبوو پوکە لە ناو لولەیدا مابوەوە خۆم زۆر بێ دەسەڵات دەهاتە بەرچاو. تەنها ئومیدی هەردووکمان تفەنگەکەی ڕەحیم بوو.

زۆر لەوان دوور کەووتینەوە بە نێوان ئەوان و شاخێکی تر ڕوبەڕویان بوو بەو بەینەدا هاتین هەتا بوو بە سەراولێژی کە خلۆر بووینەوە زانیمان بەرەو دۆڵی ناوزەنگە. هەتا گەیشتینە خوارێ پێم وابێ هەزار ڕەمەوقلاتمان لێداوەو کەووتووینو هەستاوینەوە کە چاومان لێکرد بەیانی هاتبووینە دۆڵێکی ئەولاتری کۆمیتەی شارستان. لەوێ لەسەر بەردان پشوویەکی باشمان داو هە ستاین وردە وردە چووین بۆ لای کۆمیتەی شارستان لای سەعاتی دەی بەیانی بوو گەیشتینێ.

نەقڵەکەمان هەموو بۆ گێڕانەوە بە وردی نان و چامان دەخوارد کە گرمەی مینەکە هات تەقیەوە وڵاتی داگرت بە تۆپ و خەماپارە. تا درەنگانێک هەر هاویشتی.

بەشی یەکەم

دوای چەند ڕۆژان خەبەر هات کە لەبن. ماشێنێکی ئایفای پایەگادا تەقیوەتەوە. کوڕەکانی تریش کە ئێمە بە ڕاستی نیگەرانیان بووین پێمان وابوو هیچیان دەرنەچوون بە ساغ و سڵامەتی ڕزگاریان ببوو.

هەموو مینەکانیتر تەقیبوونەوە ئەفرادێکی زۆریان لێ کوژراوو بریندار ببوو. چووبوون خەڵکی ئەو گوندەیان ئازارو ئەزیەت کردبوو کە ڕێگای پێشمەرگەتان داوە. ئەم بیرەوەریانە بۆ لاوەکان و نەوەکانی داهاتوو دەنووسمەوە بۆ مێژوو باسی دەکەم. کە شانازی بە خۆتان و باب و باپیرانتان بکەن دەبێ بزانن ئەم شۆڕشە کە ڕۆژێک بە ئامانج دەگات ڕۆژێک دادێت کوردستان ڕزگارو سەربەخۆ دەبێتلە بیرتان بێت هەروا سووک و ئاسان تێنەپەڕیوەو ڕۆژ بەڕۆژو ساڵ بەسالێ بە بێ دەنگی و بە سەر شۆڕی تێپەڕ نەکردووە. خۆێن دراوە ماڵوێرانی بووە شەهیدمان بووە دەریایەک خوێن دراوە پێویستە قەدری ڕابوردوو بزانن ئەزموون و دەرس وەربگرن لە ڕابوردوو بۆ داهاتوتان.

بەشی یەکەم

ڕۆژانی پڕ لە حەماسە



ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بوو، یوسف سازواری سەرپەلمان بوو لە پەلی "شاهۆ". لە شارۆچکەران بووین لە گوندی" قومقەلا". ئەوکات پەلەکەمان بنکەی سابیتمان نەبوو، هەتا دوایی بنکەمان لە گوندی "قزڵقوپی" دانا. هەرچی هەمان بوو لە گوندی "گۆنەدێ" بوو لە ناوچەی مەحاڵ. بەڵام بۆخۆمان زیاتر لە ناوچەی شارۆچکەران دەبووین، چونکە ئەوێ کەووتبوە ناوەڕاستی هەردوو جادەی سەرەکی نێوان، "مەهاباد - ورمێ" و "مەهاباد - میاندواو" هەرچی شەڕو تێکەڵچوون و ڕوبەڕوبونەوە بوو لەم ناوچە بوو. ڕێگای مەهاباد بۆ میندواو لە بەر دەستی خۆماندا بوو بەڵام ڕێگای سەرەکی مەهاباد بۆ ورمێ. هەم دوژمن هاتوچۆی پێدا دەکرد بە پاڵپشتی ستوونی ئارتەشی و هێزی هەوایی و پایەگاکانی سەر جادەکان کە داینابوون و، دانانی تەئمینی جادە وەکوو نەفەرات بە درێژایی ئەو جێگایانەی ترسیان لێی هەبوو. جا ئەگەر توانیبایان لە سەد جاران جارێک بەبێ تەقە دەرباز ببن ..ئەوە وەزعی ئەو جادەیە بوو... ئەوکات هەموو ڕۆژانی چوار شەمە، ستوون لە "ورمێ" ڕا دەهات بۆ "مەهاباد" و دوانیوەڕۆیەکی زوو ستوون دەگەڕاوە بۆ "ورمێ" کە زۆر جاران پێشمان بە ستوون دەگرت کە دەگەڕاوە بۆ "ورمێ" ئەویش داستانی خۆی هەیە کە لە بەشەکانی داهاتودا بە درێژی بۆتان باس دەکەم. با بگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان... چەند ڕۆژێک بوو هەر چەند نەفەر لە ماڵێک دەماینەوە. ئەو ڕۆژە یوسف کووتی کورینە پێم خۆشە هەموومان پێکەوە بین. ئەم شەو هەموومان وەرنە مزگەووت لەوێ دەبین. ئەو شەوە هەموومان لە مزگەووت بوین. خەڵکەکە بێ ئەوەی پێیان بڵێین بۆ خۆیان هاتن بە دوامانداو کە بچینەوە ماڵەکانیان. پێیان وابوو نارەحەت بووین. پاشان تێمانگەیاندن کە پێمان خۆشە هەموومان پێکەوە بین.. هەموویان هەرچی هەیان بوو بۆیان هێناین لە خواردن و پێخەف. مزگەوت ئەو شەوە کە هەموومان

بەشی یەکەم

لەوێ بووین ئەوەندە قەرەبالّغ بوو لە خەڵکی دێ، نەمانتوانی کۆبونەوەیەک بگرین.. هێندەیان خەجالّەت کردینەوە هیچمان پێ نەبوو پێیان بڵێین. بۆ سبەینێ یوسف کووتی دەمەوێ هەموومان کۆببینەوە هەندێک تەرحی عەمەلیاتی دارێژین... بۆ ئەو مەبەستە چوینە ناو باخەکانی دەوری دێ، لەوێ دانیشتین و باسمان لە شێوەی عەمەلیاتەکان کرد. دوای قسەکانی یوسف، من هەستام قسەم کرد. لە بیرمە کووتم ئەوەندەی من بزانم لێرە، واتە دەشتی شاروێران بێجگە لە کەمین دانان بۆ دوژمن هیچ، شێوە عەمەلیاتێکی دیکەم پێ شک نایە. یا مەگەر دوژمن هێرش بکاو ئێمە پێشی پێ بگرین. لێرەش باشترین جێگا هەیە بۆ لە داو خستنی دوژمن. هیچ شک و گومانێک لە قارەمانی و لێزانی کوڕەکانیش دا نیە. بۆیە دەتوانم بڵێم هەر عەمەلیاتێک بکەین لە سەر ئەم جادەیە سەرکووتوو دەبین. زۆربەی زۆری کوڕەکان قسەکەی منیان پێ باش بوو. هاوڕێیەکمان نەزەری دا کە جادەکە ببەستین. بەڵام ئەوە لە سەلاحیەتی ئێمەدا نەبوو. لەگەڵ زۆر لە نەزەری هاوڕێیان. ساغ بوینەوە کە لانی کەم هەفتەی چەند جار کەمینمان هەبێ لە جادە. ئێوارانیش دانانی خاڵی پشکنین لەسەر جادە بە درێژایی جادە هەتا نزیک بە سێرای نەغەدە. جار جاریش خۆمان لە ناو شار داوێین و زەربەی خۆمان لێدەدەین. یوسف کووتی بەڵام تکاتان لێدەکەم لە لای کاک "هەژار" و "کاک شوان" باس مەکەن. ئەوانە بزانن هەموو شتێکمان لێ تێکدەدەنەوە.

دوای عەمەلیاتەکان گوزارشتەکەیان بۆ دەنێرین. با شۆڕش بینوسێ کوردیەکەی لە هەموومان باشترە. هەموو کوتمان زۆر باشە. یوسف کووتی "قەول بێ" هەموومان کووتمان "قەول بێ". یوسف کووتی تکاتان لێ دەکەم ئێمە دەبێ حورمەتی خۆمان ڕاگرین لە ناو خەڵکیدا. پێویستە هەموومان ئەو خەڵکە بە دایک و خوشک و باب و برای خۆمان بزانین. بە ڕاستی هەر واش بوو. هەر واشمان چاو لە خەڵکی دەکرد. ئەوانیش ئێمەیان بە کوڕی خۆیان دەزانی.. لەم کاتە زێڕین و پڕ لە ڕەوشتەدا. لەم هەوا ساف و بێگەردەدا. گەر شەهیدیش بوینایە لە سەر سەرو لەسەر چاومان دادەنا مردن. هەرگیز پێمان وا نەبوو جارێکی تر پێکەوە دادەنیشین. ئەوە خەسڵەت و تێڕوانینی پێشمەرگە بوو. دڵێکی ساف. دەم بە پێکەنین، بە هیوای ڕۆژێکی ڕوون، بە ئاوات و ئارەزوو. هەرچەند هەموومان جەوان بوین، دەکرێ بڵێم هەموومان عاشق بوین. هەر یەکەمان گرفتاری عەشقێکی پاک و سادەو بێ گەرد بوین. دنیایەک خاترەی خۆش و تاڵ و پڕ لە بیرەوەری و داستانایەک وەک "لەیل و مەجنون" شیرین و فەرهاد" "مەم و زین" "یوسف و زولەیخا" لە ناو کوڕەکاندا هەبوو. ئەگەر نەمرم هەموویان زیندوو دەکەمەوە. کێ لە یوسفی من جوانتر بوو،،؟؟ کێ لە عەباسی من عاشق تر بوو،.؟؟ کێ لە شەمالّی من جەوان تر بوو.. ؟؟؟ کێ لە کەمالّی من فەرهاد ترو مەجنون تر بوو،،؟؟؟ کێ لە عەلی قازی نازدار تر بوو،،؟؟ کێ لە سالّە قەڵەو هەژار تر بوو،،،؟؟؟؟

بەشی یەکەم

کێ لە جەعفەری گوشوارە "چگوارا" تر بوو؟!... کێ لە "سۆفی" سادەتر بوو..؟؟؟ کێ لە سیامەک بە ئەدەب تر بوو؟! کێ لە کەریم ئەرسەنگ خۆشەویست تر بوو..؟؟؟ کێ لە ئەمیر ماجەراجووتر بوو،..؟؟؟ کێ وەک دوو برای کەماڵ و قادر بە وەفاتر بوو..؟؟؟ هەموو ئەوانە لە پەلی شاهۆدا بوون لە کاتە جیاوازەکاندا. لە بیرمە لە گوندی "شیلاناوێ" وێنەی ٢٤ شەهیدی ئەو پەلەمان لە دیوار دابوو. کە هەر یەکەیان حەریفی دەیان پاسدارو جاش بوون ئەوکات هەموو شەڕەکان و بیرەوەریەکانم دەنوسیەوە موو بە موو. بەڵام هەزار حەیف و مخابن هەموو ئەو نوسراوانەم لە گوندی "ئەمین ئاباد" لێگیراو کەوتە دەستی دوژمن. بەڵام ئەوانەی نوسیومن زۆربەی زۆریان لە زەین و فکرمدا ماون بە خۆشیەوە کە ئێستا بۆ نەوەکانی داهاتووی دەگێڕمەوە...

ڕۆژێک دواتر لەسەر جادەی قومقەڵا مەهاباد کەمینێکمان دانا، لە بەیانی زوو چوینە ناو باخەکانی قەراغ جادەو دامەزراین. شەونمی شەو لەسەر هەموو گیاو دارو درەختەکان نیشتبوو، بەیانی زوو لەگەڵ هەڵاتنی یەکەم گزنگی هەتاو، هەموو وەکوو مروارید دەدرەوشانەوە. شەو بە تاریکی هاتبووین کەس نەیدەزانی لە کوێ دامەزراوەو سەنگەری گرتوە، لەگەڵ ڕوناک بوونی هەوا کوڕەکان شوێنەکانیان گواستەوەو لەجێگای باشتر دامەزران. ماشێنەکان دەستیان بەهات و چۆ کرد. دوو ماشێنی سەربازی وردە وردە دەهاتن هەر چەند مەترێک سەربازیان دادەبەزند ۆ پآرێزگاری لە جادە. لە ئاستی ئێمە دوو سەربازی تورکیان دابەزند. خۆمان مات کردبوو بۆ ماشێنی پاسداران، وەک تویوتا و سیمورغی پڕ لە پاسدارو دۆشکەی لەسەر بێ. لەو پاروە چەورانە. کەمینەکە بە فاسیلەی ٥٠٠ مەتر دەبوو بەڵام هیچ وەسیلەیەکی پەیوەندیمان پێ نەبوو وەکوو "بێ سیم" هەمووی لە ڕێگای ئیشارەت و هاوار کردنەوە بوو. ئەویش لە کاتی دەستپێکردنی تەقە. ڕۆژ بڵند ببو. نزیک بە سەعات یازدەی پێش نیوەڕۆ بوو، هێشتا هیچ یەک لەوانەی ئێمە بە تەمای بووین نەهاتبوون و نەکەوتبونە کەمینەکەمانەوە. یوسف و ئەمیرو کەماڵ و متەلیب لە قەراغ جادە لە بن پردێکدا بوون، ئەمن و عەباس لە سەر تەپکێکی چکۆڵە بووین کە زاڵ بووین بەسەر هەموواندا، کوڕەکانی تر لە ناو قاناوی باخەکاندا بوون لە پشتەوە. بەڵام هەموومان یەکترمان لێ دیار بوو. من بیکەیسیم پێ بوو عەباس نارنجۆک هاوێژی پێ بوو.. هەموومان ئامادە بووین بۆ لێدان لە دوژمن، لە ناکاو حەسەنی سوهرابی هات. کووتی جادە هەموو گیراوە. ئێمەش لەبن جادەین. هەر ماشێنێک لێی مەشکوک بین ڕای دەگرین ئێوە یەکەم کارتان کوشتنی ئەو دوو سەربازەیە لە سەر جادە، پاشان ئاگاتان لە ئێمە بێ ئاگادارمان بن. کوتمان زۆر باشە، حەسەن گەڕاوە. نیو سەعاتی نەگرت دوو سێ ماشێنیان ڕاگرت و ئازادیان دەکردن، چاومان لێی بوو ئوتوبوسێکی لەو گەورەکان هات دەستیان لێ ڕاگرت. بەڵام ڕانەوەستا پێی پێوە نا. کوڕەکان تەقەیان لێکرد بە هەموانیان، دیار بوو لێیان کوژرابوو بە هێواشی هاتە بەر دەستی ئەمن و عەباس. ئێمەش دایگژاینێ ئەو بە نارنجۆک هاوێژ و منیش بە بیکەی سی. جا دۆم بی و کلاشی بۆ خۆت بکەی... کوڕەکانیش گەیشتنە سەربازەکەی لای ئێمە بە زیندوویی

بەشی یەکەم

گیران. کە گەیشتینە سەریان، خوێن بە هەر چوار دەوری ماشێنەکەدا دەهاتە خوارێ، هەموو پاسدار بوون. لە قەراغ جادە ڕایگرت دوو تەگەری لە هەوا بوو پاڵی دابوو بە تەپۆڵکەی قەراغ جادەوە، پڕ پڕ بوو لە پاسدار، هەرچی مابوو بریندار بوون، بەڵام تەقەیان دەکرد، کوڕەکان بەڕەگبارەوە خۆیان هاویشتە ناو ئوتوبوسکە هەرچی دەستی کردەوە کوژرا٠ دوای ئەوەی تەقە نەما کوڕەکان هەموو دەستکەووتەکانیان کۆکردنەوە ١٤ تفەنگ و ڕەخت و کیسە خەوو کەلوپەلی نیزامی هەرچی هەبوو هێنایان لەگەڵ کارتی پێناسەکانیان. من و عەباس تەقەمان لە ئەو پاسدارانە دەکرد کە لەسەر جادە بوون دەیانویست بێنە پێشێ. کوڕەکان بانگیان کردین کە بچینە خوارێ، هەر ٥٠ مەترێک دوور بووین کەچووینە خوارێ دوژمن دەستی کرد بە خومپارە باران کردنی جێگاکەمان، کە ویستمان بڕۆین عەزیز هاواری کرد پاسدارێک ماوە خۆی شاردۆتەوە کەچاومان لێکرد بەپەنجەرەکەدا هاتبووە دەرێ خۆی لەنێوان ماشێنەکەو تەپۆڵکەکە شاردبۆوە تفەنگیشی پێ بوو خێرا یوسف هاواری لێکرد وەرەدەرێ تەسلیم بە هەر جوابی نەداوە کورەکان مەجبوور بوون تەقەی لێبکەن تفەنگ و وەسایلەکانیان هێناو هەندێک لەکورەکان ویستیان ماشێنەکە بسووتێنن بەڵام لەبەر کەلاکی پاسدارەکان نەمانسووتان ئەوەندە سەحنەیەکی ناخۆش بوو یوسف. ڕشاوە کووتی هەڵێن با بڕۆین ئێستا لێرەش دەدا بە خومپارە، هەر وای کووت و دایانگرتین بە تۆپ و خومپارە، بەو ناو دارانەدا هەڵدەهاتین و لێیان دەداین بە دۆشکەی سەر تانک ئەو دارانەی وەکوو مشار دەبڕی. قەت لەپێش چاوم لاناچێ، هەر هەڵاتین و پێکەنین. دەتکووت چاویان لێمانە خومپارەکان لەگەڵ ئێمە دەهاتن. کە گەیشتینە نزیک ئاوایی کەمێک ماندومان حەساوە دانیشتین سیگارێکمان داگیرساندو یوسف هەر دەڕشاوە بێزی لە کوژراوەکان هەستابوو. پێدەکەنی قسەی بۆ نەدەهات، دەیکووت سەگبابێکیان هەردوو چاوی زەق کردبوو زاری کردبۆوە مردبوو زۆر ناحەز بوو. جا لاسایی دەکردەوە کە چۆن مردبوو.. خێرا کەماڵ کیفەکەی دەرهێنا کووتی ئەوە بوو ؟؟؟ کیفەکەی فڕێدا، کووتی لایبە ئەو سەگبابی ناحەزە یوسف پاشان هەمیشە بەو پاسدارە قەڵسمان دەکرد.

بڕی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل.

یەکێک لە عەمەلیاتەکانی ناو شاری مەهاباد



ئەوەی دەیگێڕمەوە لە دیدو ئەوەی بۆخۆم بە چاوی خۆم دیوم دەیگێڕمەوە پێشم خۆش نیە ناوی هەموو ئەو کەسانە بێنم کە بەشدار بوون بە دوو دەلیل یەکەم لەوانەیە ناوی کەسێک یا کەسانێکم لە بیر بچێ هەم غەدرەو هەم بێ ئینسافی دووەم بە نیازم بە هاوکاری چەند هاوڕێیەک کە زیاتر بەشدارو ئاگادارن بنووسمەوە لێرەدا تەنها من زۆر بە کورتی باسێک لەو عەمەلیاتانە دەکەم کە خۆم تێیدا بەشدار بووم و بە چاوی خۆم دیتومە بۆ ئەوەی لە بیر نەچنەوە نەوەکانمان بزانن ئێمە لە کاتی لاویەتی و بە توانایی خۆمان چیمان کردووە بە قولی برا چکۆلەکەی خۆم کە ئێستا کۆمەڵەیە دەیکووت جا کاکە ئێوە وەختی خۆتان چیتان کردووە هەر لە مەقەڕێ دانیشتوون و تەختەو دۆمینەتان کردووە من بڕیارم داوە هەموو ڕووداوەکان بە ئەمانەتەوە وەک خۆی باس بکەم و بینووسمەوە.

با بگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆما ن دایکم و خاڵۆژنم کە دەبێتە خوشکی شەهید حەسەن سوهرابی هاتبوونە سەردانم لە گوندی ئەمین ئاباد لە نزیک شاری مەهاباد ئێوارە گەیشتنێ منیش لە یەکێک لە مالەکان دامنان شەوێ تا درەنگانێک لە گەڵ کوڕەکان پێکەوە دانیشتین بە جەفەنگ و قسەی خۆش شەومان درەنگ کرد دایکم و خاڵۆژنم ماندوو بوون نووستن و منیش گەڕامەوە لای کوڕەکان بەیانی سەعاتی پێنج و نیو نزیک بە شەش شەریف بانەکی هەڵیئەستاندم گووتی هەستە کارم پێتە چوومە دەرێ کووتم چیە شەریف چی بووە؟؟ کووتی لە مێژە چاو لە و شاخە دەکەم پێم وابێت نەفەری لێیە شاخی پشت دێ بوو بە لای شاریدا زۆرم چاو لێ کرد هیچم نەدی کووتم شەریف کەسی لێ نیە دەمویست بچمەوە ژووری نەفەرێکم دیت ڕاوەستام شەریف کووتی. ها. دیتت؟؟

بەشی یەکەم

کووتم شەریف ئەگەر بوون بە دوو یا زیاتر ئەوە دوژمنە ئەگەر هەر یەک بێت لەوانەیە شوان بێت نەخێر بوون بە دوو بە چوارو بە زیاتر زانیمان هێرشیان کردووە کوڕەکانمان هەستاندن خۆمان ئامادە کرد وولات ڕووناک ببۆوە هێشتا تەقە دەستی پێ نەکردبوو چوومە لای دایکم نووستبوون هەڵمنەستاندن کووتم دایە گیان خە جاڵەتم هەڵمنەستاندن دەبێ هەرچی زووتر لێرە برۆن بچن بۆ قزڵجە ئەوێ ئەمین تەرە لێرە دایکم کووتی ئەوە بەڕاستە ڕۆڵە ئەوە دایکی خۆت وا دەناسی بۆ چما بۆ یەک دەقەش بەجێت دێڵم دەبێ پێش تۆ من بکووژن دەنا دڵی دایکت ئۆقرەدەگرێ من دایکم زۆرت ماوە دایکی خۆت بناسی هەرچی دەیکەن برۆ بیکەن کارتان بە من نەبێت نامەوێ ببمە ڕێگر لە کارو بەرنامەی ئێوە کەماڵیشم لەگەڵ بوو دایکم هەردووکمانی ماچ کردوو کووتی برۆن بەرخی نێر بۆ سەر بڕینە خەریکی تەقسیمی کوڕەکان بووین بوو بە تەقە کەدیتم شەریف و عومەرە چکۆڵ بە تەقەکردن ڕۆشتن بۆ قەراخ دێ هەر هاواریان دەکرد ئەوەتان لێیان دەن ویستم بچم بزانم چ خەبەرە کەماڵ هاواری کرد شۆڕش نەچیە پێش لێت دەدەن لەوانڕا دیار بوون من نەمدەدیتن پاسدارێکم دیتکەوتبوو نەمدەزانی ماوە یا نا سێ فیشەکم پێوە نا. وێی دەکەوت نەدەجوڵا زانیم کۆژراوەو نەماوە هێرشیان هێننا تەقە گەرم بوو خۆم گەیاندە کەماڵ لە لای مەقەڕێ بوو کووتم چیبکەین کەماڵ کووتی هەر هێرشیان بۆ ئێرە نەکردووە هێرشەکە سەرتاسەریە لە هەموو لەیەکەوە هاتوون.

دەبێ ناودێ چۆڵ کەین خۆمان بگەیەنینە شاخی چاوێکی لێ کردم کووتی خەمی دایە خاوەرمە چار نیە دەبێ بە هەر شێوەیەک بێ بڕۆین و بچینە شاخی زۆر بە ناڕەحەتی خۆمان گەیاندە شاخەکەی پشتی ماڵان لەوێ دامەزراین. هەموو ناوچەمان دەدیت لەگردەبەردان. لە قزڵجەی سەرێ بە لای شیلاناوێ و ئوزوندەرێ و دەوراندەوری ئێمەدا هاتبوون لە هەمووی تەقەو مقاوەمەت بوو هێرشەکە هێندە گەورە بوو هەموو ناوچەکە هەر ڕەشی دەکردەوە لە جاش و پاسدار ئێمە لەو شاخە هیچمان لە دەست نەدەهات نەماندەتوانی بۆ هیچ لایەک بڕۆین هەر زانبایان لەوێین هیچمان دەرنەدەچووین لە ناوەڕاسی هەموویاندا بووین ڕۆژ هەر دەهات درەنگ دەبوو کەماڵ کووتی کوڕینەئەگەر هاتن شەڕ شەڕی مان و نەمانە هەرگوولەیەک بۆ پاسدارێک بە هیچ شێوەیەکیش نەدەبوو بجووڵێین سیگاریشمان نەدەکێشا ئاشکرابابن خراپ دەبوو لای سەعاتی سێ یا چوار بوو دوانیوەڕۆ ئومێدێکمان پەیداکردەوە تازە ئەگەر هاتباشن زۆرمان پێ موهیم نەبوو وەک دەڵێن شەو قەڵای مەردانە جەماعەتێکی سەد تا سەدو پەنجا کەسی دەبوون کەزۆربەیان جاش بوون ڕوو بە لەی ئێمەدا هاتن وردە وردە وەسەر دەکەوتن جوان گوێمان لێیان بوو کە قسەیان دەکرد کوڕەکان کووتیان هاتن هەموو خۆمان ئامادە دەکرد لای ئەوان تەپۆڵکەو دەشتایی بوو ئێمەش لە گرە بەردەکاندا بووین جێگاکەمان سەخت بوو زۆر بە بڵاوی وەسەردەکەوتن نزیک ببوونەوە ئەگەر پەنجا مەتری کە هاتبان لێمان دەدان بەڵام هەم شانسی ئەوان هەم شانسی ئێمە لە پڕ هەموو دانیشتن نزیک بە. دە. دەقیقەیەک هەموو بە هەڵاتن ڕایان کرد سەر بەرەو خوار فکری ئەوەمان کرد لەوانەیە زانیبیان ئێمە لەوێین کشاونەتەوە ڕەنگە ئێستا بە تۆپ و خومپارە لێمان دەن جا هێرش بکەن هەر چاوەڕوان بووین تۆپ بارانمان بکەن بەڵام

بەشی یەکەم

هیچ ڕووی نەدا لەوێ ماینەوە تا نزیک بە تاریک بوون لەسەر هەموو شاخەکان ئاگریان کردبۆوە وادیار بوو ناڕۆنەوە نیازیان وایە بمێننەوە ئێمەش هیچ ڕێگایەکمان نەمابوو پاشەکشە بکەین تەنها ێگایەک کە مابوو پێیدا برۆین و دەرباز بین ئەو ڕێگایە بوو کە ئەوانی پێدا هاتبوون و گرتبوویان و لێی خاترجەم بوون.

ڕۆحی شادبێ کەمالێ سمایل زادەم زۆر پیاوانە هاتە بەر چاو فەرماندەری لک بوو کووتی کوڕینە بە ڕێگای ئەواندا دەچینەوە ناو شار هەموومان پێمان سەیر بوو هەموو کووتمان ئاخر چۆن شتی وا دەبێ هەموو شوێنێک گیراوە پڕە لە هێزی دوژمن ئێمە چۆن دەتوانین بچینەوە شاری کووتی بە هەر لایەکی دیکەدا برۆین لە کەمینی وان دەکەوین ئەوان قەت فکری وا ناکەن کە ئێمە ئەو کارە خودکوژیە بکەین بۆیەهیچ نیگەران مەبن ئەمین ترین ڕێگایە با بڕۆین دەستەی کەمین شکێن دیاری کران و ناوو نهێنی شەو دانرا لە بیرم نەماوە چی بوو بەرەو شار وەڕێکەوتین زۆر بە ئیحتیات دەڕۆشتین بەهەر شێوەیەک بێ زۆر زوو خۆمان گەیاندە ماڵەکانی قەراغ شار پێمان خۆش نەبوو کەس بمانبینێ ئاشکراباین زۆرمان لەسەر دەکەوت چونکە ولّات هەموو هێزی دوژمن بوو ناوچەکەمان هەموو لێ گیرابوو

وەزعەکە زۆر خراپ بوو ئەوانەی دەیاندیتین پێیان وابوو جاشین هێرش کرابوو خەڵک زۆر ناڕەحەت بوون. نەیاندەزانی پێشمەرگەکان چییان لێ بەسەر هاتووە. هاتووچۆ قەدەغە کرابوو شار بۆ دێیەکانی کە هێرشیان کردبووە سەری دەنگی تەقەو توپ و خومپارە هەر دەهات لە ناوچەکە بۆیە کەس باوەڕی نەدەکرد ئێمە پێشمەرگە بین مەگەر ئەوانە ناسیبایانین سابقەی نەبوو پاسدارو سارولّا بە شەو بگەڕێن ئەو شەوە پێیان وابوو پێشمەرگە نەماوەو لە هەموو ناوچەکە دەرکراون بێ ترس. لە ناو شار دەگەڕان و گەشتیان لێدەدا ئێمە خۆمان گەیاندبووە ناو ماڵەکانی تەپەی قازی لە پڕ کوڕەکان کووتیان هاتن پاسدارن خێرا بۆیان چووین لە بۆسەوە دەنگمان نەکرد تا هاتنە دوو مەتریمان کوڕەکان دایان گژانێ دا لێیان دەن دا وردیان کەن دا دەیان لە خۆڵێ وەردەن بە قولی کاک ڕەسوڵ نادری یا حوسێن یا حوسێنی پاسدار دەچوو بۆ تەشقی ئاسمان ژمارەیانم لە یاد نەماوە بەڵام یەک تویۆتای پڕڕ بوو هەموو گەشتی ساروولّا بوون وایان دەزانی پاشەکشە بە پێشمەرگە کراوە هاتبوون خۆ بە خەڵکی نیشان بدەن و ناڕەحەت و ئازاریان بدەن قەت یەک نەفەریان دەرنەچوو هەر زۆر زوو مردن بێسیمی دەستی بەرپرسەکەیان هەر هاواری دەکردوو بانگی دەکردن کەماڵ بێسیمەکەی لە دەستی دەرهێناو بوو بە شەڕە جنێو شێت ببوون نەیاندەزانی چیبکەن سەریان لێ شێوا بوو باوەڕیان نەدەکرد ئەو هەموو هێزە ڕۆشتوون پێشمەرگە لە ناوچە بە قولی خۆیان پاکسازی بکەن کەچی هەر ئەو شەوە لە ناو شاری ئەو زەربە قورسەیان لێ بدرێ بە دەستی پێشمەرگە خۆشحاڵی خەڵک لە ڕادە بە دەر بوو وەی خەڵک هێندە بەرز بۆوە بۆ دۆست و دوژمن دەرکەوت پێشمەرگە هەر کات و ساتێک بیەوێ دەتوانێ لە هەموو جێگایەک وجودی هەبێ و زەربەش لە دوژمن بدا.

یادی ئەو دەوران بە خێر و ڕۆحی شەهیدەکانمان شاد.

بەشی یەکەم

پایەگای بەردە کونتێ چۆن گیرا؟؟؟؟؟؟



بەڕێکەوتی ساڵی میلادی؛؛؛ ٢٣ - ١١ - ١٩٨٢ ئێمە پێنج کەس بووین چووین بۆ شوناسایی پایەگاکە پێم لە گرتنی پایەگایەکە پێ سەخت تر بوو هەم تەنها پێنج کەس بووین. هەم هێندە چووبووینە پێشکە تەنها نێوانمان لە گەڵ دوژمن دوو یا سێ مەتر بوو.

دوای شوناسایی و گفتوگۆیەکی زۆر چۆنیەتی گرتن و پەلامار دارێژرا سێ سەنگەری ئەسڵی نیگبانی و پارێزگاری هەبوو تانکێکی نەوعی چفتێنی ئەمریکایی لێ بوو خومپارە هاوێژێکی ١٢٠ ملم و یەکی ٨٢ ملم. ی لێ بوو لەگەڵ سێ تیربارى ژێ سێ و کالیبر ٥٠ ملم یەک ڕۆژی شوناسایی تا ڕۆژی گرتنەکەی نۆ ڕۆژی گرت بۆیە پێویست بوو دیسان شەناساییەک بکرێتەوە نەوەک شتێک گۆڕدرا بێ سێ کەس لەو پێنج کەسەی ئەوەڵێ چوونەوە بۆ شوناسایی دووەم من لەگەڵ نەبووم کە هاتنەوە کووتیان هەموو وەک خۆیەتی هیچ شتێک نەگۆڕاوە هەر شەش پەلەکەی لکی یەک بەشداری ئەو عەمەلیاتە بوون بۆ گرتنی پایەگاکە تەنها ٢١ کەس دیاری کرابوو باقی پێشمەرگەکان. وەک کەمین لە دوو لاوە دامەزرابوون بۆ هەر چەشنە هێرشێکی دوژمن یا بۆ کۆمەگی دووەم بۆ ئیحتمالی بریندار بوون یا شەهید بوونی پێشمەرگە لە کاتی هێرش بۆ گرتن و بە سزا گەیاندی داگیرکەران تا نیو کاتژمێر پێش چوونە سەر پایەگا لەو پێنج کەسە زیاتر کەس نەیدەزانی بۆ کوێ دەچین هەر هەموو پێیان وابوو دەچین پایەگای خەزایی بگرین کە دەڕوانێتە سەر شاری مەهاباد لەوێ لە بن پایگا شەهید جەعفەری گوشواره گووتی گوێ بگرن هاوڕێیان ئەوشۆ دەچین ئەم پایەگایە بە سزای خۆی دەگەیەنین کە بۆتە مایەی ئەزیەت و

بەشی یەکەم

ئازارێکی زۆر بۆ سەر خەڵکی بێ گوناحی ئەم ناوچەیە هەر کەس لەگەڵ سەرپەلەکەی خۆی بێ و لە ژێر فەرمانی ئەودا بێت.

بۆ ئاگاداری هەمووتان یەکەم ئاپی جی بۆ خۆم لێی دەدەم بەدوای ئەودا بە بیستنی دەنگی هێرش بەرن لێیان دەن هێرش دەکەین بەڵام تکاتان لێ دەکەم ئگاتان لە یەکتر بێت وەسەر کەوتین تا بن سیمی خاڵدار ڕۆشتین دوژمن هەستی نەکردبوو ئێمە جوان ئەوانمان لە ژێر کۆنترۆڵدا بوو ئاگامان لە نیگابانەکانیان بوو سەنگەری نیگابانەکانمان زۆر بە وردی لە ژێر چاوەدێریدا بوو سیمی خاڵدار هەموو بڕدران من لەگەڵ شەهید جەعفەر بووم لای جادەمان بۆ هێشتبوونەوە کە پێیدا هەڵێن لە کاتی هێرش لە خوارەوەش کەمینی پێشمەرگەکان بوو بۆ ئەوانەی هەڵدێن کووتم لێی دە جەعفەر وەختیەتی ڕووی تێ کردم بە پێکەنینەوە کووتی ئەو دوو بێ شەڕەفەش با بچنە ژوور جا لێی دەدەم دیوێک بوو لە هەموو. دیوەکانی دی گەورەتر بوو قەرار بوو یەکەم ئاڕپی جی لەوێ بدا کە نزیک بە سەنگەری یەکەم بوو هەموو ئامادە جەعفەر لێی دا گرمەی دوژمن تۆقێنەری ئارپێ جی پێشمەرگە وەی دوژمنی داڕووخاند هەرگیز پێیان وا نەبوو پێشمەرگە بتوانێ هێرش بکاتە سەریان کوڕەکان هێرشیان کرد وەکوو شێر و پلەنگ وەک پێشمەرگە وەک کوڕی کورد وەک نەوەکانی پێشەوا وەک پارێزەرانی ماف و ناموسی کوردستان تەنها ئاخر سەنگەر تەقەی کردوو چەند ڕەگبارێک بە نارنجۆک بێ دەنگیان کرد خەفەیان کرددمیان شکاند زۆریان هەڵاتن و لە کەمینی کوڕەکاندا کوژران پێم خۆش نیە بڵێم چی بوو چی ڕوویدا لە پایەگا تەنها ئەوەندە دەڵێم هەرچی نەیدەزانی ئەو تانکە لێ بوخڕێ کوژرا تا کەسێک کووتی من دەزانم پایەگا هەموو گیرا تانک هاتە خوار لێیان خوڕی بەرەو ناوچەی ئازاد دوژمن کە زانی پایەگا گیراوە ناو پایەگای بە تۆپ و خومپارە وێران کرد من لەوێ زۆر بە. سووکی بریندار بووم بە پارچەی تۆپ و خومپارە هەرچەند گیانم هەموو خوێن بوو بەڵام نە ئازارم هەبوو نە ناڕەحەت بووم سەرم بریندار ببوو خوێنی پێدا دەهاتە خوار ئەمەی بۆتان باس دەکەم تەنها ماوەی نیو سەعات بو تانکمان لەگەڵ خۆمان برد ئەوەی تانکەکەی لێ دەخوڕی شۆفێر نەبوو لە ترسان کووتبووی من شۆفێری ئەم تانکەم بۆیە هەر بە یەک دەندە لێی خوڕی بوو لە نیوەی ڕێ وەستاو خراپ بوو.

بڕی پێشمەرگە

ئەوەی بۆم گێڕانەوە شێوەی دیدو دیتنی من بوو لەم عەمەلیاتە ڕەنگە هاوڕێیانێک هەبن. بە شێوەی دیدو دیتنی خۆیان باسی بکەن کە بە نەزەرم هەر یەکە ئەوە زۆر سروشتیە وردەکاری و هێندێک هەڵسوکەوت و ڕووداوی گرنگی ئەم عەمەلیاتە کاتێکی تر بە وردی باس دەکەم.

پایەگای گردە گڕوێ چۆن گیرا؟...



هاوینی ساڵی ١٣٦٠ ی هەتاوی گردە گڕوێ. دەڕوانێتە سەر تەپەی قازی و. سێ ئاشان و مەجبوورئاوای مەهاباد هەروەها بە لای ڕۆژهەڵاتدا زاڵە بە سەر گوندی سەیدئاوا

ئەم پایەگایە زۆر گرنگ بوو لە باری نیزامیەوە بۆ پاراستنی ڕێگای. سەیداوا. مەهاباد چۆن و بۆ گیرا؟
هاتبووینە گوندی لاچین چاوەڕوانی بنەماڵەکانمان بووین کە قەرار بوو بێن سەرمان بدەن دەنگی تەقە دەهات لە لای شاری کەس دیار نەبوو لێی بپرسین ئەو تەقەیە چیە؟

بۆیە وردە وردە بە پێیان لە لاچینەوە بەرەو لای شار وەڕێکەوتین نزیک شار ببوینەوە تووشی چوار کەسی خەڵکی شیلاناوێ بووین لێمان پرسین ئەوە چیە ئەو تەقەیە خێرا هەموو پێکەوە جوابیان داوە لە هچیان حاڵی نەبووم کووتم. تکایە. یەک یەک قسە بکەن حاڵیمان کەن چ خەبەرە؟

کاک ساڵە پیاوێکی باش و لە سەرە خۆ بوو جوابی داوە کووتی شۆڕش گیان کەماڵ گیان ساڵە گیان دایکی هەمووتان لەگەڵ ئێمە بوون هەتا گەیشتینە دووڕێیانی. سەیدئاوا. لەوێ ئێمە کەمێک لە پێش ئەوانەوە بووین

بەشی یەکەم

تەقەیان لێ کردین ئێمە هەڵاتین و دەرچووین ئەوانیش هەڵاتن بۆ لای چۆمی. ئیتر نازانین ماون یا نا.
زۆر ناڕەحەت بووین خێرا ئەوانمان بە جێهێشت و بەرەو شاری بە هەڵاتن ڕۆشتین کە گەیشتینە دووڕێیانی سەیدئاوا دیتمان هەموو دایکەکان لە چۆمیدان و کە ئێمەیان دیت کردیانە هات و هاوار کە بڕۆین و با ئێمە هیچمان لێ بەسەر نەیەت ئێمە لە بەر ئەوان تەقەمان لێ نەکردن تا بەڵکوو دایکەکان بە سەلامەتی ڕزگاریان بێ هەر چۆنێک بوو بە سینە خیزو بە خۆشاردنەوە خۆیان ڕزگار کردوو گەیشتنە لای ئێمە تونـد تـو نـد باوەشیان پێدا گرتین و بەرەو ئاوایی شیلاناوێ وەڕێ کەوتین کە گەیشتینە شیلاناوێ بەسەر هاتەکەیان موو بە موو بۆ گێڕاینەوە هەموو لە لێواری مەرگ گەڕانەوە کەماڵ چاوێکی لێ کردم چاوەکانی بڕووسکیان دەدا ئەمن و کەماڵ زۆر زوو لێک حاڵی دەبووین. زانیم دەڵێ چی ئەو شەوە زۆر خۆشمان گوزەراند تا درەنگانێکی شەو. هەرچی لەگەڵ خۆیان هێنابوویان بۆ ئێمە هەموویان فرێدابوو لەترسان ئەوان نزیک بە چوار سەعات لەو چۆمەدا مابوونەوە و کرابوونە نیشانەی تفەنگەکانی پاسدارانی تەپەی گردەگرۆێ بە کەیفی خۆیان. نیشانەیان لێ گرتبوون و تەقەیان لێ کردبوون بە خۆشیەوە هیچیان وەبەر نەهاتبوون و ساغ و سڵامەت بوون بەڵام ئەوەندەیان سەرما بوو هەڵدەلەرزین.. بەڵام لاقو دەستیان هەموو بریندار بوو هێندە. لە سەر سینگان بڕۆن. هەموو گیانیان قوڕاوی و تەڕ بوون سااڵە هەر دەیکووت ئاخر ئەو پایەگایە بوو بەو پیاوەی تەقە لە دایکی ئێمە بکا ؟؟. هەر دەیکووت و دەیکووتەوە ناحەقی نەبوو دایکی سااڵە زۆر بریندار بوو.

دایکی من هەم دووگیان بوو هەم زۆر قەڵەو بوو. حاڵی لە هەمووان خراپتر بوو دایکمان دووڕۆژ لەلامان بوون و بەڕێمان کردنەوە و. ڕۆشتنەوە لەڕاستیدا. گردەگرۆێمان خستە بەرنامەی خۆمانەوە. هەم لێی داخ لە دڵ بووین هەم زۆر جار مزاحیمی خەڵکی ئاوایەکانی دەوروبەر دەبوون کە هات و چۆی شاریان دەکرد

ڕۆژێک هەموو سەرپەلەکانمان کۆ کردەوەو گرتنی پایەگای گردەگرۆێمان بۆ باس کردن. کەس نەبوو نەزەری پێچەوانەی هەبێ هەموو ڕازی بوون شناسیی نەدەویست. چونکە ئاگاداری وەزعیەتی پایەگاکە هەبووین بەڵام هەر بۆ خاترجەمی ئەرکی شناساییان بە کوڕەکانی سەیدئاوا ئەسپارد دوای تەواو بوونی هەموو کارێکی زەرورو پێشمەرگانە ڕۆژی هێرش دیاری کرا و ئەوی ڕۆژێ بە هێواشی و بە بێ دروست کردنی قەرەباڵغی بۆ ئەوەی دوژمن هەست بە وەزعێکی نامۆ نەکا هەموومان لە گوندی سەیدئاوا کۆبوونەوە سێ دەستەی حەوت کەسیمان ئامادە کرد بۆ هێرش لە سێ لاوە. یەکەم دەستە بە لای سەیداوادا بۆیان وەسەر کەون. کە دەستەی شەهیدانی سازواری بون بەرپرسەکەیان شەهید یوسفی گوشواره بوو، مجێدین شەریفزادە و برایم لۆتیە پیرەی سەرگورد سولەیمان کە لەوێ بریندار بوو. دەستەی دووەم بە ناوەڕاستدا کە گەنم بوو ڕووبەڕووی گەڕەکی مەجبوورئاوادا بۆیان سەربکەونن کە دەستەی ئێمە بووین پەلی شاهۆ کە سەرپەلەکەمان شەهید کەماڵ سمایلزادە

بەشی یەکەم

بوو.. دەستەی سێیەم بە لای ماڵەکانی تەپەی قازیدا بۆیان سەرکەون، پەلی سەیداوا بوون کەسەرپەلەکەیان شەهید عەولای ئەمینی بوو.. ڕێگایەکی هەلاتنمان بۆ هێشتبوونەوە تا زۆر بەرگری نەکەن سەعاتی سفر دانرا. ناوی نهێنی شەو دانرا بە داخەوە لە بیرم نەماوە چی بوو باقی کوڕەکانی لکی یەک لە پەلەکانی دیکە هەموویان. لە کەمیندا بوون بۆ ڕێگا گرتن لە هەر هێزێکی یاریدەدەری دوژمن. هەروەها بۆ پشتیوانی لە پێشمەرگەکانی هێرش بەر لە کاتی هەر چەشنە ڕووداوێکی بریندار بوون یا شەهید بوونی پێشمەرگە. یا پێویست بوونی پێشمەرگەی زیاتر بۆ کاتی موقاومەتی دوژمن و خۆ بەدەستەوە نەدانیان. یا گرتنی پایەگاو هێنانە خوارێی دەسکەوت و دیلەکان.

هەموو ئەوانە لە جێی خۆیان دامەزران و هێزی هێرش بەر وەسەر کەوتین من لە دەستەی ناوەڕاست بووم ئەوی چاوساغمان بوو شەریف باڵەکی بوو دەستەی ئێمە. شەریف بوو ئەمن بووم کەماڵ سمایل زادە بو ساڵە نادری بوو عەباس پاکزاد کەماڵ عەلیزادە. سوفی بووین هیچ بیسیمێک نەبوو تا پێکەوە پەیوەندیمان هەبێ. کە گەیشتینە بن بەردەکانی سەرێ پێمان وابوو بن سەنگەرەکانیانە. دوای بێدەنگی و خۆپاراستن لە دەنگە دەنگ و خشپە خشپ دوای ئەوەی هێندێک ماندوومان حەساوە کە سەرمان هەڵبڕی چاو لە پایەگا بکەین دیتمان. زۆرمان ماوە بگەینە سەرێ بۆیە دیسان. کەمێک بە پەلە تر. هەنگاومان هەڵێنا تا. بێ دەنگی بگەینە بن پایەگا ئەوجار تەواو گەیشتبووینە بن سەنگەرەکانی پایەگا لە دوومەتری پایەگا بووین پێشمەرگەیەکمان ئێستا لە ناو خۆیە قەرار بوو ئەو بە ئارپێ جی لێی بدا. خودا هەڵناگرێ سەری وەختی خۆی یەکەم ئارپێ جی لێداو گرمەی لە پایەگا هەستاند. یەکەم شریخەی ئارپێ جی دوژمن تەزێنی پێشمەرگە. خورپەی لە دڵی دوژمن خوڵقاندوو بێ دەنگی شەوی بێدەنگی شکاند بایەکی کەمێک تووندیشی دەهات هەوا سارد بوو لیباسی سپیمان لەبەردا بوو ..

خۆمان لە پایەگا هاویشت بە تەقەو هاویشتنی نارنجۆک. بوو بە قرمە. هاژەی باو ڕەگباری بە سام و دوژمن تەزێنی پێشمەرگە. لە دوو لاوە سەنگەرەکانی دوژمن ئاور باران دەکران دەستەی سێیەم بە هۆی هێندێک کێشەی نەبوونی جێگای شێیاو و بۆ پاراستنی گیانی ئێمە نەکوو تەقەی ئەوان ئێمە بگرێتەوە خۆیان پاراستبوو لە تەقەکردن کاری باشیان کردبوو ئەگەر تەقەیان کردبا. لەوانە بوو ببێتە لێکەوتنەوی ڕوداوی دڵتەزێن و بریندار بوونی پێشمەرگە بە دەستی خۆمان.

لە ماوەی پازدە تا بیست دەقەدا پایەگا دەستی بەسەردا گیرا ساڵە هەرچی وەبەر دەستی دەکەوت. لێی دەداو دەیکووت تەقە لە دایکی من دەکەی یا حسێن یا حسێنی پاسدار دەچوو بۆ تەشقی ئاسمان هەرچی کوژرا کوژرا دەنا ئەو ڕێگایەی بۆمان هێشتبوونەوە پێیدا هەڵێن ئەوی توانیبووی هەڵێ ڕزگاری بوو. دەنا ئەسیروو شتی وامان نەبوو. شەریف دەوریکی

بەشی یەکەم

زۆر باشی گێڕا، دیارە هەموو پایەگاکە نەگیرا چونکە کانالێیان لێدابوو بۆ خوارێ بەویودا هەتا تێکەڵ بە پایەگا گەورەکەی پشتی تەپەی قازی دەبوەوە ، لەوێ تانگ و تۆپخانەی لێ بوو.

نیگابانێکی بە زیندووی گرت لە عەرزێی دابوو هەر دەپاڕاوە. نازانم چی پێدەکووت یەکبەخۆی بە گوێیدا دەیقیژاند. زۆری حەوسەلە نەبوو لەگەڵی کووشتی و پۆتینەکانی پڕ بە پێی شەریف بوو زۆر ئازاو دلێرو بە غیرەتم دیت ئەوەی ئەو کردی پیاوی دەویست بیکا لە هەر کوێیەکی سڵاوت لێ بێ دەستی لای سەیداوا کوڕەکانی پەلی سەیداوا بوون کە شەهید عەولای ئەمینی سەرپەلیان بوو بریندارێکیان دا کە ئێستا لە ناوخۆیە تفەنگێکی زۆر گیرا خومپارەیەکی ٨١ ملم دۆشکەیەک موهیماتێکی زۆر. زیاتر لە سی کەس کوژرابوون. بریندارم نەدی پایەگای داشامەجید کە زانی پایەگا گیرا. دایگرتین بە تۆپ و خومپارەو دۆشکەو تۆپی تانک.

پێمان باش بوو تا شەهیدوو بریندارمان نەداوە خۆمان بپارێزین لە کۆکردنەوەی دەسکەوت و کەل و پەلی ناو پایەگا هەموو بە سەرکاووتووی و بە دەستکەوتێکی زۆرو. بە سزا گەیاندنی داگیرکەران پایەگامان بە جێهێشت و گەڕاینەوە

پێویستە بڵێم دوای ئەو لێدانە پایەگا وەک ماستی مەیوی لێ هاتبوو پێشمەرگەکانی دەدیت. کاری بە کەس نەبوو ئاقڵ ببو بۆ حەوت پشتی داوام لە لاوەکان و تازە پێگەیشتوەکان ئەوەیە دەرس لەم ڕووداوانە وەرگرن ئەمانە ڕاستیەکن لە کوردستان ڕوویان داوە وە پێویستە هەمیشە دوژمن وەک خۆی بناسن دوژمن هەر دوژمن و داگیرکەر هەر داگیرکەرە ئێمەش هەر کوردین و هەر کورد دەبین.

بژی کوردستان

بژی پێشمەرگە

بەشی یەکەم

داشامەجید بۆ نەگیرا؟؟



خوێنەری بەڕێز هەرچۆنێک بە چاوی خۆم دیومە هەر بەو شێوەیە بۆتان دەگێڕمەوە و دەیخەمە پێش چاووتان هەوڵ دەدەم. بە شێوەیەکی بنووسمەوە کە خوێنەر هەست بکا بۆ خۆی لەگەڵ بووە نامەوێ ئەم بیرەوەریانە لە سنگی خۆمدا زیندانی بکەم و دەمەوێ تا ماوم. بە شێوەی خۆی بێ زیادو کەم بیگێڕموەو.

لە گوندی قومقەڵا بووین. کاک هەژار بە لاندەوێرەکەیەوە هات بۆ لامان سەردانی کردین و عەمەلیاتێکمان کردبوو لە جادەی هەهاباد ورمێ دەستێکی باشمان لە دوژمن وەشاندبوو

هەرچەندە ئەو کەسەی کە کەمینمان بۆ دانابوو نەهات و وەبەر نەکەوت بەڵام هێزێکی دیکەی دوژمن کەوتنە کەمینەکەمان و. تاقە نەفەرێکیشیان لێ دەرنەچوو

کاک هەژار زۆر خۆشحاڵ بوو هەموومانی ماچ کرد ئێمەش وەکوو ندی و بدی لەو فرسەتە کەڵکمان وەرگرت و. هەر کە وێستی بڕوا کووتی هیچ کارێکتان نیە؟؟ هەموو لە یوسمان کووتا پێی بڵێ دەی پێی بڵێ کاک هەژاریش چاوێکی لێکردین و کووتی دەڵێی دەتانەوێ شتێک بڵێین منیش هەڵمدایە کووتم ئەرێوەڵا کوڕەکان. پێیان خۆشە ئەگەر ئیزنمان بدەی

بەشی یەکەم

سەردانێکی شار بکەینەوە و حەمامێکی بۆ بکەین کەمێک ڕاوەستا و چاوێکی لە سمایلی سمایلزادە کرد کە لاندەوێرەکەی لێدەخوڕی کووتی نا. هەمووتان پێکەوە نابێ بچنەوە دوو. دوو یا سێ سێ. بە نۆرە بچنەوە منگە منگێکمان لێهات و بە پرتە پرت کووتمان بەڵێ باشە کاک هەژار ڕۆشت و. ئێمەش بۆ ئێوارە. نەماندەزانی بچینەوە یا چیبکەین یوسف کووتی کورینە هەموو پێکەوە دەچینەوە بەڵام نابێ کاک هەژار بزانێ. هەموو کووتمان باشە ئێوارە خۆمان لە شار هاویشتەوە یوسف کووتی ئەوشۆ هەموو برۆنەوە تا سبەینێ یوسف و پرشەنگ و عەباس و ئەمن و حەسەن لە ماڵە ئێمە بووین ئەوکات پاسدار نەیاندەوێرا بێنە ناو شار هەرکاتێک ئێمە ویستبامان شارمان کۆنترۆڵ دەکرد خەڵکیش بە تەواوی مەعنا لەگەڵ پێشمەرگە بوون لای دوانیوەڕۆ بوو یەک یەکوو دوو دوو کوڕەکان هاتن و هەموومان لە ماڵە ئێمە بووین لەسەر پردی یەرغوو تا لای ئێران پەیماو دەوروبەری موجەسەمەی شا بڵاو بوبوین خەڵکمان لێ هاڵابوو خۆشحاڵی خۆیان. نیشان دەداو شانازیان بە کوڕەکانی خۆیانەوە دەکرد

لاوەکان و نەوجەوانەکان دەورەیان گرتبووین ئامادەیی خۆیان بۆ هەر چەشنە هاوکاریەک و فیداکاریەک دەردەبڕی زۆرێک لەو لاوانە. ئێستا پێشمەرگەن و بەرپرسایەتی گەورەشیان هەیە لە حزب بوونەتە سەرمایەیەکی بە هێزو گەورە بۆ خەڵک و خاک لە ناکاو ماشێنێکی گەورەی پاسداران هات و کەوتە ناو ئێمەوە. کوڕەکان لێیان دا شەش کەسی تێدا بوو هەموویان کوژران تەقە ساز بوو خەڵک زۆر خۆشحاڵ بوون ماشێنەکە سووتا دەستکەوت و ناوو نیشانی کوژراوەکان. هەڵگیرانەوە بە هۆی ئەوەی لە تەپەی داشامەجیدەوە تەقەمان لێدەکرا بۆ ئەوەی کەس زیانی پێ نەگا بڵاوەمان کردوو ڕۆشتین بۆ سبەینێ شەوێ چووینە گەڕەکی مەحموودکان قەرارمان وابوو لەوێڕا بچینەوە دەر لە شار هەموومان لە ماڵێک بووین منداڵانێک کە هەموو ئامادەی هاوکاری بوون بە پەلە خۆیان لە حەساری ماڵەکە هاویشت و کردیانە هاوار هاوار ماشێنی پاسدار هات ئەوە لە سەر هەورازەکەن خێرا خۆمان بەست و وەدەرکەوتین کە دیتمان ماشێنێکی. ئارتەشی ڕۆیاڵ بوو پشتەکەی پڕ بوو لە سەرباز ئەم بەرەو بەر دانیشت بوون دەنگمان نەکرد تا گەیشتنە یەک دوو مەتریمان هەر هەموومان دامانگرتن مقاومەتێکی سێ چوار دەقیقەیان کرد بەڵام کەسمان بریندار نەبوو لەگەڵ لێدانەکەی ماشێنەکە وەرگەڕا و تەگەرەکانی ڕوو لە ئاسمان بوو سەربازێک بەو هەموو وەسایل و. کۆڵەپشتیەوە بە ناوەڕاستی خیابانێدا هەڵدەهات ڕوو بە ناو شار لە بڵواری زۆرمان بانگ لێکرد هەڵمەیە وەرە ناتکوژین هەر جوابیشی نەدایەوە حەسەن کووتی لێیگەڕێن بۆ من دانیشت یەکەم گوولە هەستی لێ بڕی ئەویش بە کەرێتی خۆی مرد هەشت کەس مابوون ئەسیر بوون یەکیان کەوتبووە بن ماشێنەکەوە مابوو بریندار بوو هەر هاواری دەکرد دەیکووت مەمکوژن خەبەڕێکم پێیە بۆ ئێوە هەزار سوێندو قورئانی دەخوارد کە بە ڕاستمە مەمکوژن هاوڕێیەکمان وبستی بیکوژێ نەمانهێشت کووتمان بزانین دەڵێ چی فیشەکێکیشی پێوەنا بەڵام وێی نەکەوت ئەو هاوڕێیەم ئێستا لە ناوخۆیە بەهەموومان ماشێنەکەمان بڵند کرد هێنامانە دەرێ وەزعی باش نەبوو بەڵام وا خۆی نیشان دەدا کە

بەشی یەکەم

باشە بۆ ئەوەی نەیکوژێن کووتی لە پێشی ماشێنەکە پووڵی تێدایە مەیسووتێنن برۆن دەری بێنن پێشی ماشێنەکە دووکەسی تێدابوو هەردووکیان مردبوون یەکیان شۆفێرەکە بوو ئەوی دی بەرپرسەکەیان بوو.
هەمووی گەڕاین هیچمان نەدی لێمان پرسی لە کوێدایە کووتی لە داشپۆرتەکەدایە داخرابوو شکاندمان کیفێکی ڕەشی تێدا بوو کیفەکەش داخرابوو لەوێ نەمانکردەوە هەڵمانگرت و کۆڕاوەکانمان بە دیلەکان لە ماشێنەکە دوور کردەوە و ماشێنەکەمان سووتاند سەرجەم بیست و شەش کەس بوون کەسێکمان لە دیلەکان نارد ڕەخت و تفەنگی ئەو سەربازە بێنێتەوە بۆمان کە هەڵات و کۆڕا. چونکە داشامەجید تەقەی دەکرد بە تۆپی تانک و دۆشکە تەقەی لێدەکردین. دیلەکە چوو تفەنگ و ڕەختەکەی هێنا.و گەڕایەوە کووتمان ئەوە بۆ هەڵات ئەگەر هەڵنەهاتبایە نەماندەمکووشت. بە پێکەنینەوە کووتی دەڵێی چی تورک بوو.

خۆمان کۆکردەوە هەرچی تفەنگ و فیشەکدان و دەستکەوت هەبوو هەموومان. لە ملی ئەسیرەکان کردبوو وەپێش خۆماندان و لە چۆمیماندا. بەرەو گەڕەکی باخی سیسە ویستمان بپەڕێینەوە هەر کە گەیشتینە ناوەڕاستی چۆمی داشامەجید دایگرتین بە دۆشکەو بە تۆپی تانک دەردێکی داینێ لەو چۆمایدا با بە دەواری شڕی نەکردبێ یەکێک لە ئەسیرەکان چوار یا پێنج تفەنگی بە ملیەوە بوو کە تۆپ لێیدا هەر نەمانزانی بۆ کوێ ڕۆی و چی لێ هات بە تفەنگەوە. وەبن ئاوێ کەوت هەر چۆنێک بوو پەڕینەوە گەڕەکی باغی سیسە لەوێ خەڵکەکە بەرەو پیرمان هاتن چووینە ماڵە عەباسی پاکزاد کوڕەکانڕی دی بڵاو بوون. ئەسیرەکان هەڵدەلەرزین سەرمایان بوو بە هەر حاڵ زۆرمان ڕێز لێ گرتن لیباسی کوردیمان بۆ هێنان لە بەریان کرد زۆر خۆشحاڵ بوون.

دوایە دیلەکان و دەستکەوتەکانمان ناردە دەرێ. لێرە من نامەوێ باسی ئەو پوڵە بکەم کە لە کیفەکەدا بوو دێمەوە سەر باسەکەی خۆمان بەو دوو عەمەلیاتە. کاک هەژارمان لێ تورە بوو نەماندەوێرا بچینەوە دەرێ لە ترسی کاک هەژار. هەموومان تا بڵێی بەدفەڕ بووین ئەوەش یەکێک لەو بەدفەڕیانە بوو کە کردبوومان و تازە وەک خۆمان لێنەدەهاتەوە کووتمان تازە کە وای لێهاتووە گۆم تا قووڵتر بێ مەلەی خۆشترە سمایلی نادری و چرچەی بارام میرزا کاک هەژار ناردبوونی کە بمانهێنە دەرێ چرچە کووتی کاک هەژار زۆر تورەیە لێتان بەڵام منیش دەمێنمەوە لە گەڵتان چرچە مایەوە و سمایل ڕۆشتەوە دەرێ سەرما بوو خەڵک نەفتی نەبوو هیچیان نەبوو خەڵکەکە زۆر داوایان لێدەکردین نەفتێکی زۆر لە شرکەتی نەفتی هەیە بۆ نایدەن بەو خەڵکە؟؟

بۆ دوو ڕۆژ دواتر چوین. هەرچی نەفت هەبوو لەوێ هەموومان بە سەر خەڵکیدا دابەش کرد ڕۆژی دووەم کە خەڵک زۆر

بەشی یەکەم

کۆببونەوە لە بەر دەم شرکەتی نەفت ماڵە ئێمەش هەر لەوێ بوو دیتم بابم لەوێ ڕاوەستاوە هەر دەستم لێ بڵند دەکا دیتم بانگم کرد هاتە پێشێ کووتی ئاخر شەوێ بۆ خۆتان دێنەوە ماڵێ خۆ قەترەیەک نەفت نیە خۆتانی لەبەر گەرم کەنەوە لانی کەم بەشی خۆتان بێنەوە. هەر چۆنێک بوو نیوە بۆشکەیەکمان بۆ جودا کردەوەو بردیەوە
دەوڵەت کە خەبەری زانی لە داشامەجیدڕا بە تۆپی تانک لێیدا شرکەت ئاوری گرت بەڵام خەڵکەکە هەموو نەفتیان وەبەر کەووتبوو باش بوو کەس بریندار نەبوو تا تاریکی کرد هەر لێی دا.

دوو حەفتە دەبوو لە شاری بووین پێشمەرگەکانی لکەکانی دیکەش وردە وردە خۆیان لە شاری هاویشتبوو کە چاومان لێکرد هێندەی پێشمەرگە لێ بوو بۆ ئەوەی دەبوو هەموو شار بگرینەوە.

دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرە زۆری کوردەکانی هێزی پێشەوا لە شاری بوون ڕێگای شار بۆ سەیدئاواو لاچین ئازاد بوو ڕێگای مەهاباد میاندواو ئازاد بوو تەنها ڕێگایەک کە دوژمن دەیتوانی پێیدا هات و چۆ بکا ڕێگای هەهاباد ورمێ بوو ئەویش بە دانانی تەئمین و بە شێوەی ستوون و بە هاوکاری هەلیکۆپتەر دەیانتوانی هاتوچۆ بکەن.

چەند ڕۆژێکی پێ چوو لە هێزەکانی دەوروبەرەوە ش پێشمەرگەی لێ بوو ناوشار دوژمن ناوشاری دایە بەر تۆپ و خومپارە بەرق نەمابوو ئاو زۆر کەم بوو دوکان و بازاڕ داخرابوون. زستان بوو زۆر سارد بوو هەموو ئەمانە خەڵکەکە ڕازی بوون بە مانەوەی پێشمەرگە لە ناو شار هەموو بەرپرسەکان کۆبوونەوە کە عەمەلیاتێکی گەورە بکەن.

تازە لە حزب قاچاغ ببوین کاک هەژارو کاک حەسەنی شەرەفی ئەوکات بەرپرسی کۆمیتە شارستانی مەهاباد بوو زۆریان نارد بە دوامانداا کە هەرچی زووتر شار بەجێ بێڵن و وەرنە دەرێ لەشار ئەوکات لە ڕادیۆ هەهاباد بەدەست سوپای پاسدارانەوە بوو. زوو زوو داوای لێدەکردین کە شار بەجێبێڵین ئێمەش دەمانەویست ڕادیۆ تەلوزیۆنیش بگرین

کاک هەژار بۆخۆی هاتبووە شار تا بمانباتەوە دەرێ ئێمەش نەماندەوێرا خۆمان نیشان بدەین خۆمان لێ دەشاردەوە تازە کار لە کار ترازابوو ئەوی کردبوومان کردبوومان و حەوسەلەی دادگاو دادگایی کاریمان نەبوو

جەوانی و هەزار بەدفەڕی لە بیرمە ئەوانی لەوێ بوون بۆ داڕشتنی نەخشەکان یوسف بوو حەسەن سهوهرابی بوو چرچە بوو کاک کەریم خاڵدار بوو کاک ناسر پیرانی بوو هەمزە بوو. خدر کیسە بوو محەمەد زەنگەنە بووکوردەکانی پەلی شاهۆ

بەشی یەکەم

هەموویان. بوون بڕیار درا داشامەجید بگرین پایەگای تەپەی قازی بگرین. تەقسیمی کار کرا.

کراین بە سێ بەشەوە بۆ هێرش کردن ئێمە وەک پەلی شاهۆ دانراین بۆ داشامەجید بە دیوی شاریدا وەسەر کەوین. کاک کەریم خانّدارو ئەوانی لەگەڵی بوون بە لای دیوی پشتەوەی داشامەجید واتە بە دیوی گەڕەکی مەجبوورئاوادا وەسەر کەون بۆ پایەگای تەپەی قازیش ئەوێ پێشمەرگەی زیاتری بۆ دانرابوو چونکە هێزێکی زۆری تێدا بوو هەروەها تانک و زرێپۆشی زۆری لێ بوو سەعاتی سفر دانرا بۆ لێدان قەرار بوو لە پشتەوەڕا بە ئاڕ پی جی لێیدەن و ئێمەش خۆ لە پایەگا باوێین. هەموو ووڵات بەفر بوو هەموومان لیباسی سپیمان لە بەر کردبوو بە تایبەت بۆیان دورییبووین زۆریش سارد بوو بە دیوی شاریدا ئێمە وەسەر کەووتین. ئەوی لە پێش پێشەوە دەڕۆشت حەسەنی سوهرابی بوو منیشی لەگەڵ بووم لەلای دەستی ڕاستی من یوسفی سازواری بوو بە دوای منەوە خوسرەوی خامچی بوو حەسەن ڕاوەستا دەستی بە سنگمەوە نا کووتی مەبزوو لە جێی خۆت. منیش هەستم لە خۆم بڕی هیچیشم نەدیبوو کووتم چیە؟؟

کووتی لە جێی خۆت دانیشە ئێستا دێمەوە کورەکان پێنج شەش مەترێک لە دوای ئێمەوە بوون نەدەکرا بە قسەو بە دەنگی بڵند قسە بکەین. حەسەن ڕۆشت و هاتەوە لێم پرسی ئەوە چیە؟؟. کووتی دەزانی ئێرە کوێیە؟؟

ئێرە بن سەنگەرەکانی ئەوانە هەرکە سەرم هەڵبڕی للولەی کالیبر پەنجاکەیان دیار بوو هەر سێ یا چوار مەتر دەبوو لێمان. هەناسەمان لە خۆمان بڕی. بایەکی زۆر ساردیشی دەهات هەتا جووڵەمان هەبوو وەسەر دەکەوتین باشتر بوو بەڵام کە لە جێی خۆمان دانیشتین و چاوەڕوانی لێدانی یەکەم ئارپیجیمان دەکرد. زۆرمان سەرما بوو لە کاتی خۆی تێپەڕی هیچ خەبەر نەبوو زۆری لێ تێپەڕی هەر هیچ خەبەر نەبوو بوو بە نیو سەعات هیچ خەبەر نەبوو لەلای خوارەوە دەنگە دەنگی پێشمەرگەکان دەهات هەر پرتەو بۆڵەیان بوو هەقیان بوو ئێمە هەموومان بەو کفنە سپیەی لە بەرمان کردبوو. بە بەفرەکەوە نووسابووین هەر لێنەدەبووینەوە دەتکووت بە چەسپی بە بەفرەکەوە لکاوین لەو دەنگە دەنگو. چ بوو. چ نەبوو. نیگابانەکانیان هەستی ئێمەیان کردوو لێیان داین. بە نارنجۆک و بە تفەنگ و بە هەموو شێوەیەک لێیان داین ئێمە هێندە چوبووینە پێشێ دۆشکەکە ئێمەی نەدەگرتەوە.

پێشمەرگەکان هەموو داگەڕانە خوارێ حەقیان بوو هێندەی نەمابوو هەموومان ڕەق هەڵێین لە سەرمان. مەجبوور هەموومان هاتینە خوارێ پێویستە بڵێم کە هاوڕێیانمان لە پشتەوە کە تەقە دەستی پێکرد لە هەر چوار لاوە ئاور دەباری کە. سااڵە کاکە سووری برای کاک کەریم خانّدار لەوێ بریندار بوو بە تۆندی بە هاوکاری پێشمەرگەکان. گەیاندیانە خوارێ

بەشی یەکەم

پێشمەرگەیەکمان شەهید بوولەوێ. بە ناوی دڵشاد خەڵکی سولەیمانیەی باشووری کوردستان بوو

بۆ سبەینێکەیدا جێگا پێمان هەموو دیار بوو کە هەتا بن سەنگەرەکانی ئەوان ڕۆشتبووین ئەوجار ئاخری لە. ڕادیۆ دەنگی کوردستانەوە ڕایانگەیاند کە هەرچی زووتر شار بە جێ بێڵن و وەرنە دەرێ لە ڕادیۆی مەهاباد پاسداران دەیانکووت بڕۆنە دەرێ لە شار. ئەو ڕادیۆکەی خۆتان دەڵێ وەرنە دەرێ لە شار هێندە بێ دەسەڵات و زەبوون بوون لە بەرانبەر پێشمەرگەدا شەڕوو کێشەو دادگاییمان لە گەڵ کاک هەژار ئەویش بۆ خۆی داستانێکە هاتینە دەرێ لەشار.

ببو بە گۆرانی کیژو کوڕان دەیانکووتەوە
هاتنەدەر لە شار دەستەی پارتیزان
بە فەرماندەیی یوێسفی قارەمان
کوردستانەکەم مایەی حەیاتم
پێشمەرگایەتی ڕێگای نەجاتم

١٤ پێشمەرگە چۆن شەهید بوون لە سەیدئاوای مەهاباد...



دوژمن هێندە زەلیل بوو. لە بەرامبەر پێشمەرگە کە بە تەواوی سەری پێ شۆڕ کرابوو. هێندەی مستی ئاسنینی پێشمەرگە وە دمی کەوتبوو سەری بێسەری گێژو وڕڕ ببوو. سەردارانی سوپای نەزانین و ڕەش و جاشە خۆفرۆشەکان. حەولەوەلایان بوو بە دەست کوڕو کچانی شاری پێشەوا بۆیە بۆ بەرز کردنەوەی وردی ڕووخاویان و سەری گێژیان. پەنایان دەبردە. بەر زۆر کاری ترسەنۆکانەو نامەردانە.

لە هەر شوێنێک. نەیدەتوانی ڕووبەڕووی پێشمەرگە بێتەوە. لەزۆر ڕێگاوە داوای ڕاگرتنی شەڕو ئاگر بەستی دەکرد

دوو جار لە شارۆڕان ئەو داوایەی کردوو تەشکیلات و هێزییش بە داخەوە ئاگر بەستیان دەکردوو تا هێندێک خۆیان ڕێک دەخستەوەو ئێرژیان دەگرتەوەو پاشان هەمان دوژمنی جاران بوو بە داخەوە ئێمەی کورد ئێستاشی لەگەڵ بێ نە دوژمنی خۆمان نەناسیوە نە دەیناسین با بێمە سەر چۆنیەتی ئەو شەڕەو یەکێکی تر لە فرت و فێڵە نامەردانەی دوژمن دوو سێ ڕۆژ بوو ڕادیۆ هەهاباد زوو زوو بڵاوی دەکردەوە کە پێشمەرگە دەتوانن بێن و سەردانی بنەماڵەکانیان بکەن و نە ئێمە کارمان

بەشی یەکەم

پێیانە نە ئەوانیش کاریان بە ئێمە بێ ئەمە پوختەی قسەکانیان بوو لە پشت پەردەوە دەیاندرکاند. وە لە ڕێگای هێندێک لە کەسایەتی خەڵکی شار ئەو پەیامەیان دەنارد دەرێ تا ئێمە باوەڕیان پێ بکەین

کە چەند ڕۆژێک بوو خەڵک گوێیان لەو قسانە دەبوو لە ڕادیۆ هەهابادەوە پێیان وابوو ڕێکەوتوین و خودموختاریان داوینێ بۆیە پۆل پۆل کەس و کاری پێشمەرگەو خەلکی تر دەهاتنە دەرێ بۆ سەردانی پێشمەرگەکان ناو باغەکانی لاچین کە دوور نیە لە شار ببوە جێگای کۆبوونەوەی ڕۆژانەی خەڵکی شارو پێشمەرگە وای لێهاتبوو هەموو ڕۆژێ لە بەیانیەوە تا ئێوارەیەکی درەنگ ئەو دۆڵە گەورەیە. پڕ پڕ دەبوو لە خەڵک ئێمە وەک خۆمان زۆر بەوردی چاودێری وەزعەکەمان دەکرد.

هێندێک لە خوشکەکانمان هاوکاری زۆریان دەکردین. ئاگاداریان دەکردین و کەسانی نەناس و مەشکوکیان پێ دەناساندین ئەم وەزعە ماوەیەکی زۆر بوو هەروا درێژەی هەبوو لە بیرمە کەسێکیان لە دوورەوە پێشان دام کووتیان ئەوە ناناسین زۆریش دەڕوانێ و زۆریش پرسیار دەکا چووین بانگمان کرد بردمانە بن داڕێک لەوێ هێندێکمان پرسیار لێکرد. بۆمان دەرکەووت ناردوویانە بۆ سیخووڕی کووتمان چەند ڕۆژە دێی بۆ ئێرە کووتی دوو ڕۆژە دێم بەڵام هیچم بۆ پاسداران باس نەکردووە. کووتمان بۆ کووتی ڕاستتان دەوێ پێشمەرگە هێندە بە سام و جوان و دڵپاکن پێم گوناح بووە هیچ خەبەرێکیان پێ بدەم پێمانکووت باشە ئێمەش ناتکوژین بڕۆوە شاری. هێندێک کار بوو بۆمان بکا ئەگەر درۆمان لەگەڵ بکەی لە هەرکوێ بی دەتگرین خودا هەڵناگرێ هەرچی ویستمان جێبە جێی کرد بۆمان شەوێک وەک هەموو شەوانی تر لە شار بووین تازە ماشێنێکی تویوتا مان لە دوژمن گرتبوو لە کەمینێکدا. زۆر تازە بوو سەقفەکەیان لێکردبۆوە شووشەو سەری پێوە نەبوو زۆر ئاسان بوو بۆ سەرکەووتن و دابەزین بردبوومانەوە شار. لەوسەر کە هاتینە دەرێ. ئێمە بە ماشێنەکە هاتینەدەرێ لە ڕێگا تووشی کوڕەکان دەبووین. هەر چەند کەس پێکەوە دەگەڕانەوە دەرێ. هەموومان حەمامان کردبوو.

پێش ئەوەی بگەیتە گوندی لاچین هەورازێکی کورتی هەیە لە سەر هەورازەکە شاخەکەیان بڕیوە بۆ ڕێگاکە وەک دەربەندێکی چکۆڵە وایە ئەم بەرەو بەری شاخە هەر کە دوورو نزیکی ئەوێ بووینەوە ڕەگبارێکی سی فیشەکیان لێ کردین چاومان لە ئاگری تفەنگەکە بوو.

کەماڵ سمایلزادە ماشێنەکەی لێدەخوڕی من لە پێشێ دانیشتبووم لە پشتەوەی من. ئەوەی لە بیرم بێ. کەریم ئەرسەنگ بوو. لوقمان بوو سەید تەها بوو سۆفی بوو سیامەک و عەباس بوو کەماڵ کووتی خۆتان فڕێ دەن. هەموومان خۆمان فڕێدا خوارێ و ماشێنەکەش بە سەرمەوقولاتان و بە تەقڵە لێدان لەو هەورازەڕا تا ناو دۆڵەکە ڕۆی ئێمەش مە جبوور هەموومان

بەشی یەکەم

بە دوای ماشێنەکەدا هەڵدەهاتین چونکە هیچمان ڕەخت و تفەنگمان نەبەستبوو

ئەوەش یەکێک لە کەمتەرخەمیەکانی ئێمە بوو بە هەر شێوەیەک بوو وەسایلەکانمان کۆ کردنەوەو بەرەو شوێنی تەقەکە وەسەر کەووتین. کە چووین کورەکانی کە لە پێشدا هاتبوونەوە دەرێ خێرا هاتبوونە جێی تەقەکە کەسێک کە لە پێشدا لەوێ دیتم. محێدین شەریفزادە بوو. بوو بە پرسیار کردن و چۆنن کەس بریندار نەبووە لەم پرسیارانە هیچمان وەبەر نەکەووتین دیار بوو زۆر بە ترسەوە لێیان دابووین لە سێ چوار مەتریەوە هیچمان وەبەر نەکەووتین کورەکان هەموو لە دەوری کەماڵ کۆببوونەوە منیش لەگەڵ چەند لە کورەکان فکرمان لەوە دەکردەوە دەبێ کێ بێ ئەو تەقانەی کردبێ گوێم لێبوو کەماڵ بانگی منی دەکرد کووتم کەماڵ لێرەم وەرە تا ئێرە. هات و کووتی هیچتان پەیدا کرد؟؟

هێندێکمان لە پووکە فیشەکەکان دیتبۆوە هی تفەنگی کلاشینکۆف بوو پێشانی کەماڵم دا. کەماڵ کووتی پێت وایە کێبووە ؟؟؟،

کووتم نازانم بەڵام ئەوە کاری یەک نەفەر نیە یا بۆ شاخی هەڵگەڕاوە یا بەرەو چۆمی داگەڕاوە فکرمان بۆ هیچ شتێکی دی نەدەچوو کووتم کەماڵ بەرنامەت چیە چیبکەین؟؟

کووتی دەڵێم ئەوشۆ با لێرە بین ناچینەوە بۆ شیلاناوێ

کووتم منیش پێم باشە لێرە بین مادام لێرە دەبین با کەمێنێک دانێین و کورەکان بنێرینە شاخ تا بەیانی بزانین چ دەبێ. تەقسیمی کار کراو کەمینی شاخ دەرچوون و بڵاو بوون هەر دەستەی بۆ جێگای خۆی سەعاتێکی نەگرت کورەکان هاتن و کووتیان بریندارمان هەیە لەو کوڕانەی چوونە شاخ زۆرمان پێ سەیر بوو نە تەقە کراوە بریندارى چى. تا هاتنە خوارێ دیتمان پێشمەرگەیەک ناوەکەیم لە یاد نەماوە سەری بریندارەو خوێنی پێدا دێتە خوارێ و یەکی دیکەش لاقی بریندار بوو بۆیانگێڕاینەوە کووتیان هەر دوورو نزیکی دوندی شاخەکە بووینەوە لە چەند مەتریمان. بە کوردی جنێویان پێداین و بە بەردان دایانگرتین ئێمەش هەر پێمان وابوو پێشمەرگەن زۆرمان هاوار کرد بۆ خۆمانین پێشمەرگەین بەردان ماوێن هەر ئەوەندەمان زانی دوومان بریندار بووین دوویەکەی دی هەر توانیبویان بریندارەکان بێنە خوارێ کووتیان هەر هاواریان دەکرد برۆن برۆن مەیەنە سەرێ بە ئێمەیان دەستوور داوە تا بەیانی تەقە نەکەین جا نازانین کێ بوون و چکارە بوون بریندارەکانمان بەڕێکردن و زانیمان دوژمنە هێرشی کردووە کات نزیک بە ڕووناک بوون بوو. کەماڵ. پێشمەرگەکانی دابەش

بەشی یەکەم

کردن. ڕەحمان سوهرابی و چەند کەسێک بۆ قەڵای سارم مێندین و هێندێکی دی بۆ قەڵای سارم چونکە سەخت و درێژە قەڵای سارم دەڕوانێتە سەر گوندەکانی سەیدئاوا. پیربەلە. سارەوانان. حەوتەوانان هەروەها زاڵە بەسەر لاچین و دۆڵە لاچین و شاخی زاوا بووکان و قولقولاخ کووتم کەماڵ بۆخۆمان چیبکەین. چاوێکی لێکردم کووتی شۆڕش. ئەوانە کلاویان لەسەر نایین فێڵیان لێکردین بەڵام دەبێ زەڕبەیەکی وایان لێبدەین یەک نەفەریشیان دەرنەچێ تۆش بچۆ جیبەکە و بیکەیسیەکە بێنە لەهەر کوێ تەجەموعیان کرد لێیاندەن بە کالیبر ٦٩ و بە بیکەیسی منیش لەگەڵ ئەو کوڕانە دەچمە سەیدئاوا لەوێ خۆمان مات دەکەین تا ئێوارە دەگەڕێنەوە هەر کە گەڕانەوە یا هەڵاتن لای دووڕێیانی سەیداوا بۆ شاریان لێدەگرین ئێوەش بکەونە سەریان کەماڵ عەجایەب نەخشەیەکی بۆ داڕشتبوون بەڕاستی ئەگەر گرتبای یەک نەفەریشیان دەرنەدەچوو

کەماڵ کە ڕۆی لەگەڵ کوڕەکان هەر بە داوێنی قەڵای سارمەوە ڕێگایەکی پیادەی لێ بوو بەوێدا ڕیز بوون و بەرەو گوندی سەیداوا بەڕێکەووتن ئەمنیش بە پەلە بەرەو شیلاناوێ. لەوێ عومەر قەمتەرە و جیبەکەو بیکەیسیەکەمان هەڵگرت و فیشەکی زیادی ٦٩. یەکەم دادەنا کە لای قەڵای سارم و سەیداوا بوو بە تەقە زۆر بە گەرمی دەستی پێکرد. هاتین و خۆمانگەیاندە بن قەڵای سارم لەوێ ڕێگای ماشێن نەبوو جیبەکەمان بە جێهێشت و وەسەر شاخی کەووتین لەگەڵ کوڕەکانی شاخی یەکمانگرتەوە. پاسداری لێبون تەقە هەر درێژەی. هەبوو لای سەیداوا تەقەکە زۆرگەرم بوو

کە دیتمان هەرچی ماشێن و زرێپۆش و کاتیۆشاو هەیە هاتبوون بە ڕیز ڕوو بە سەیدائاوا ڕاوەستابوون و وێکڕا لە ناو دێیان دەدا. ناودێ غەرقی دووکەڵ و تۆز ببو ئەو هەموو هاویشتن و تەقینەوەیە دەتکووت فشفشەی لە هەوای دەکەن سەیدئاواو دەوروبەری یەکپارچە جریقەو ئاگروو تەقینەوە بوو. پێمان وابوو ڕۆح لەبەری تێدا نەماوە ئێمە هەم دەرگیر بووین هەم چاوێکمان لەوێ بوو

زانیمان کوڕەکان کە چووبوونە ناو دێ دوژمن دیتبوونی بۆیە هەرچی هێزیان هەبوو هەموویان. گەڕابوونەوە و. ڕوویان لە سەیداوا کردو کوڕەکانیان گەمارۆ دا

یەکێکی دی لە هەڵەکانی ئێمە بە ڕووناکی و بە بەر چاوی دوژمنەوە بچیە ناو دێ و دوژمن بە کەم گرتن بوونزیک بە نیوەڕۆ بوو دوژمن هێرشی کردە ناو دێ ناودێ. لەبن ئاگرو دووکەڵدابوو هەرچی هێزی دوژمن بوو لە ماوەی نیو سەعاتێکدا کۆبوونەوەو. ناودێیان چۆل کردوو گەڕانەوە ناو شار ئەوەی نەدەبوو ڕوو بدا ڕووی دا، پێشمەرگەکان زۆر خراپ لە گەمارۆی

بەشی یەکەم

دوژمن کەووتبوون.. هێزی دوژمن سێ لای شەڕەکەیان بە دەستەوە بوو ئێمە تەنها یەک لامان بە دەستەوە بوو دوژمن کوژراوو بریندارى زۆر بوو بەڵام لە بەرانبەر شەهید بوونی چوارده پێشمەرگەی قارەماندا هیچ نەبوو چوارده پێشمەرگە. چوارده کەس لە باشترین کوڕەکانی گەل تا دوا هەناسە تادوا قەترەی خوێن دیفاعیان کردوو سەریان بۆ دوژمن شۆڕ نەکرد

مێژدین کووتی سەری سولەیمان زەرین. ی دیتەوە کە بە بریندارى نارنجۆکی لە بن خۆی دانابوو کە دوژمن هاتبووە سەری دەستیان لێدابوو پێیاندا تەقیبۆوە کووتیان دڵشادی گادانیش نارنجۆکی لە بن زگی خۆی داناوەو ئەویش بە دوژمندا تەقیبۆوە

ئەم ڕۆژە ڕەشە ئەم ڕۆژە ناخۆشە ڕێکەووتی ٧ - ٥ - ١٩٨٣ بوو

سێ کەس لەوانە توانیان دەرباز بن:

١- کەماڵ سمایلزادە
٢- سەرگورد سەدیق
٣- کەماڵ خەڵکی سەیداوا

شەهیدەکان تەنها ناوی دوازدەیانم لە لایە:

١- خالید مەحموودی
٢- قاسم ڕەحیمپور
٣- کەماڵ ئەسەدی
٤- سوڵتان شامحەمەدی
٥- عەباس پاکزاد
٦- مەحمود بەربەری
٧- سالّە نادری

بەشی یەکەم

۸- ئەبوبەکر جەهانگیری
۹- سیامەک محەمەدجانی
۱۰- دڵشاد گادانی
۱۱- خوسرەو خامچی
۱۲- عوسمان بەتووڕاک
۱۳- سولەیمان زەڕین

ڕۆحیان شادو یادیان بەخێر

دوای دوو ڕۆژان کەماڵ هاتەوە سەرەخۆ و توانی وەک خۆی لێبێتەوە لێم پرسی بۆم بگێڕەوە چۆن بوو بۆ واتان لێ هات کووتی کە لە تۆ جودا بوومەوە یەکسەر خۆمان لە ناو دێ هاویشت. بەڵام کەمێک ڕوونـاک بـوو نەمزانی ئێمەیان دیوە بە کوڕەکانم کووت خۆتان مات کەن تا ئێوارە جوڵەو هات و چۆ مەکەن با هەستمان پێ نەکەن مەهێڵن کەس لە دێش بچێتە دەرێ نیو سەعات یا زیاتر بوو. کووتیان ناو دێ و دەوروبەری دێ هەمووی گیراوەو پڕە لە جاش و پاسدار کـووتی چامان دەخواردەوە کە چاوم لێکرد هەموو لایەکمان لێ گیراوە لێیان هاتینە دەرێ چاکمان لێدان کەلاکێکی زۆر کەوتبو. زۆرمان لێ کوشتن هەڵاتن کەلاکەکان هەمووی بە جێ مابوون پاش کەمێک دیسان هێرشیان هێناوە هـەر لێمـان دان و هـەر هاتنـە پـێش فریای دەراغ گۆڕین نەدەکەووتین کشانەوە. ناو دێی داگرت بە تۆپ و کاتیۆشـاو خومپـارەو. کـووتی پـێم وابـێ بیست تـوێۆتـا زیـاتر بـوو هاتبوونـە پـێشـێ بـە دۆشکە لێیـان دەداینـ ئـارپێجی وەک گوولـە دەبـاری بەسـەرماندا و هـەموو لایـەکمان هـەر تەقینەوە بوو بە کوڕەکانم کووت یەک یەک پاشەکشە بکەن

نەمدەزانی کێ شەهید بووە کێ ماوە هەرچی ڕۆی یا بە دۆشکە لێیـان دا یـا بـە ئـارپێجی کـووتی منیش وەک وان پاشەکشـەم کرد کە دەمزانی ئێستا لێم دەدەن. بەڵام نەمدەزانی وە کوێم دەکەوێ زانیم لە دێ چوومەتە دەرێ بەڵام نەمدەزانی لە کـوێم کووتی کە ئێوە لێتان دەدان تەقە لە سەر ئێمە کەم دەبۆوە بەڵام تـازە ئەوان ئێمەیان لە داو خستبوو دەمـانزانی ناکشێنەوە کەماڵ لە سەروی گوندی سـارەوانان بـە بـێ هۆشی خـەڵکی دێ دیتبوویانـەوەو هێنایانـەوە... دوژمن شـەهیدەکانیان بردبـۆوە شاری گۆڕەکانیان نادیارە لە کوێ بە خاک سپێردراون.

هیوادارم نەوەکانمان دەرس و ئەزموون لـە قـارەمانیـەتی پێشمەرگە وەربگـرن و شـانازی بـە حـزب و پێشمەرگەو فیـداکاری و حەماسەکانیانەوە بکەن

بەشی یەکەم

ڕۆحیان شادو یادیان بە خێر دیسان و هەزاران جاران

پێویستە زۆر سوپاسی کاک مجیدین شەریفزادە بکەم
هەروەها سوپاسی کاک کەریم خانەدار دەکەم بۆ هاوکاریکردنم.
کە زۆری هاوکاری کردم و بۆ خۆشی بەشداری ئەو شەڕە بوو.

١٧ - ٢ - ١٣٦١ی هەتاوی بەرامبەر بە ٧ - ٥ - ١٩٨٣ بوو

بەشی یەکەم

شەڕی بەرزایەکانی سەنگەسار



چۆنم دیوە وای دەگێڕمەوە

لە شارۆچکەی بووین تازە لە عەمەلیاتێکی سەر جادەی مەهاباد وەرێ گەڕابوونەوە تەواو نەحەسابوونەوە کە خەبەریان هێنا کووتیان دوژمن لە ناوچەی مەحاڵ هێرشی کردوە بۆ سەر گوندی بەسری و قەرەبڵاغ کوڕەکانی بەسری دەوروبەریان گیراوەو. کەس نازانێ ماون یا نەماون دەمانزانی پێشمەرگەی زۆر لێ نیەو بریندارییشی لێیە لە بەسری بۆیە زۆر بە پەلە خۆمان ئامادە کردوو بڕیارماندا هەر ئەوشۆ بگەڕێینەوە بۆ بەسری هیچ گوێمان نەدایە هێزی دوژمن کە پارێزگاری جادەی سەرەکی نێوان مەهاباد میانداوایان دەکرد لێماندان و جادەمان پێ چۆلکردن و پەڕینەوە بۆ مەحاڵ کە هاتین تەقە هەر مابوو کوڕەکان زۆر ئازایانە بەرەنگاری ئەو هێزە گەورەیەی دوژمن ببونەوە کە لە سێ قۆڵەوە هێرشیانکردبووە سەر پێشمەرگەکان کاک ناسر پیرانی لەوێ کە هەست بە بوونی دوژمن دەکەن لە دەوروبەری خۆیان کوڕەکان دەکاتە دوو دەستە دەستەیەکیان بەرەو شاخی بەردە هەڵۆ وەڕێدەکەون و دەستەی دووەم بەرەو بەرزایەکانی زاڵ بەسەر گوندەکانی سارەوانان. حەوتەوانان. پیربەلە. سەیداوا و بەشێکی زۆریشی شاری مەهابادی لێ دیارە تا ئێوارە. دوژمن سێ جار هێرش دەکا بەڵام بە دوازدە پێشمەرگە هەر سێ جاران تێکیاندەشکێنن و بەرەو شار ڕاویان دەنێن.

بەشی یەکەم

کوڕەکان توانیبوویان بەرزایەکانی بەردە هەڵۆو بەرزایەکانی زاڵ بە سەر دۆڵی سەیداواوا بۆ شاریان پێ چۆل بکەن و لێیان بستێننەوەو لێی جێگیر بن دوژمن کوژراوو بریندارێ زۆر هەبوو.

لە شارێرا خەڵک دیتبویان چۆن پاسداران بەرەو شار هەڵدەهاتن و نەیاندەوێرا لە پێشمەرگەکان نزیک ببنەوە لای ئێوارە. تەقە کەم ببوەوە تۆپ و خومپارە هەر هەبوو. بەڵام نەیانهێشتبوو دوژمن بچێتە ناو دێ خێزانی کاک ناسر هێنابووی سەرو سمێڵ و بڕۆی ئەو پێشمەرگە بریندارەی تاشیبوو تا ڕەنگی خەڵکی بەسری بگرێ و نەکەوێتە دەستی دوژمن دیارە خەڵکی باش و بەشەرەفی بەسری نەخۆشیەکی تایبەتیان هەیە کە چارەسەری هێندێک سەختەو نیشانەکانی ئەو نەخۆشیە لە سەر دەموچاویان دیارە بەڵام بە هۆی تەقەی کوڕەکان نەیانهێشتبوو دوژمن بچێتە ناو دێ ئێوارە هەموومان لە ناودێی قەرەبڵاغ کۆبوینەوە کە تازە دوژمن چۆلی کردبوو کاک چیا فەرماندەری هێز بوو.

نەزەری کوڕەکانی دەویست کە چیبکەین دوژمن پاشە کشەی کردبوو بەڵام شاخێکی لێ بوو بە ناوی شێخ حەسەن کە زاڵ بوو بە سەر هەموو ناوچەکەدا. دوژمن لەوێ مابۆوە لە ناوەڕاستی ئێمەدا بوو لە ناوچەی ئازاد. لە سەر شاخێک لە قوڵایی ناوچەکە کە هەر چواردەوری پێشمەرگە بوو مابونەوە بۆچی لەوێ مابوونەوە نەماندەزانی هەنێک پێیان وابوو بە هۆی فشاری پێشمەرگەوە نەیانتوانیوە پاشەکشە بکەن و بگەڕێنەوە ئێمەش پێمان وابوو بە بەرنامە لەوێ ماونەتەوە تا هێرش بکەن هێندێکان لە بەرپرسەکان پێیان وابوو هەر ئەو شۆ دەبێ هێرشی بۆ بکەین و بیگرین چۆن دەبێ دوژمن بێتە ناو ماڵمان و ڕێگای بدەین لەوێ بمێنێتەوە ئەمن یەکێک لەو کەسانە بووم کە پێم باش نەبوو هێرشی بۆ بکەین و هەر ئەم شەو بۆی بچین دەلیلیشم ئەوە بوو دەمکووت. من نازانم بۆ ئەوانە لێرە ماونەتەوە ئەگەر بەجێ مابن هیچ ڕێگایەکیان نیە بێجگە لەوەی بۆ خۆیان بێنە خوارێ و تەسلیم بن یا بە بەرنامەو بە عەمد لەوێ ماونەتەوە ئەویش هیچ ڕێی تێناچێ ئەوانە ئەوشۆ بە ئیسراحەت و بە بێ باکی لێی بنوون

حەتمەن تا ڕۆژ دەبێتەوە هەموویان ناخەون و لە کەمیندا دەبن و چاوێکیان دەکەنە چوار چاو لە ترسی خۆیان دەی ئەگەر وایە بۆ پێشمەرگەی بە کوشت دەین سوور سوور دەزانین وایە ئاخری بوینە دوو دەستە دەستەیەک کە پێیان وابوو هەر دەبێ بچین بیگرین وەسەر کەووتن و ئێمەش بەرەو بەسری وەڕێکەووتین تا بچینە ناو دێ و پشتی دوژمنیش بگرین مانگە شەوێکیش بوو وەک ڕۆژێ بوو هێندە ڕووناک بوو

ئێمە پێنج کەس بووین لە پێشەوە دەڕۆشتین من بووم. شەکرە بوو. شینەبوو کەماڵ بوو کامران بوو شەکرە لە پێش

بەشی یەکەم

هەموومان بوو دانیشت کووتم چ بوو؟؟؟

کووتی ئەوانەت دیوە

کە چاومان لێکرد بە دەیان پاسدار بەرەو لای ئێمە دەهاتن کشاینەوە بۆ لای کوڕەکان. کووتمان ئەوە وەزعەکەیە ئەوان بەرەو لای ئێمە دێن بڕیار درا لێیان نەدەین بکشێینەوە چونکە نەماندەزانی هێرشەکە لە چەند لاوەیە دەبوو کۆنترۆڵی ناوچەکەو شەڕەکەش بکەین ئێستا دەبوو بەرزایەکان بگرین تا بزانین ئەوان لە چەند لاوە هاتوون دابەش کراین ئەمن و هاوڕێیەکم کە ئێستا لە ناوخۆیە. هەر لە جێگای خۆمانەوە وەسەر شاخی کەووتین کاک ناسر هەرچەندە بریندارێش ببو لەگەڵ هێندێک لە کوڕەکان. بەرەو تەپۆڵکەکانی کەپەکەند ڕۆشتن باقی کوڕەکانی کە بەرەو بەرزایەکانی سەنگەسار وەڕێکەووتن ئەمن و ئەو هاوڕێیەم کە وەسەر کەووتین دوندی شاخەکەمان لێدیاربوو کە گەیشتینێ پێمان وابوو سەر شاخەکەیە کە چاومان لێکرد. سەر شاخەکە نیە. شاخێکی کە لەو بەرزتر لە پشتمانە بە هەر حاڵ لەوێ دانیشتین. پشوویەک بدەین و کۆنترۆڵێکی وەزعەکەش بکەین دانیشتین بەکەیفی خۆمان سەرو سیگارمان بەبا کرد لە ناو لەپی هەردوو دەستمان زۆر بەتام بوو شاخەکە زۆر سەخت و بەردەڵان بوو چاوێکم لە دەوروبەرم کرد. هەمووی هەر شاخ و بەرد بوو پشتی سەریشمان شاخێکی بەرز بوو بەرزایەکی کە لە لای دەستی ڕاستمان بوو بە هاوڕێکەم کووت لێرە دانیشە تا دێمەوە بزانم ئەولا چ خەبەرە دەمویست بزانم بە لای شیلاناوێدا چ باسە هیچم نەدی هەستم بە هیچ نەکرد گەڕامەوە لای هاوڕێکەم کووتی وەرە زوو وەرە کووتم ها چیە؟؟. دەستی ڕاداشت بۆ خوار خۆمان کووتی چاو ئەوە چن ئەوانە؟؟

کە لێیان ورد بووینەوە. هەر هەموو پاسدار بوون بەرەو لای ئێمە وەسەر دەکەووتن زۆر بوون یەکجار زۆر بوون هەر ڕەشیان دەکردەوە سەد مەترێک دوور بوون لێمان دانیشتن هەموویان بە بڵاوی دانیشتن هاوڕێکەم کووتی چیبکەین؟؟

ئەوە هەموو پاسدارن زانیم کەمێک نیگەرانە کووتم هەر کە لێمان نزیک بوونەوە سەرو دەراغێکی پڕیان. لێ بە تاڵ دەکەین ئەگەر لەم شاخە سەخت و بەردەڵانەدا لێیان نەدەین. لەکوێ کێیاندەین؟؟؟

بە قوربانت بم جا بزانم چ. دەکەی من وام دانابوو کە هەتا زۆر نزیک نەبنەوە لێیان نەدەین بەڵام هێشتا پەنجا مەترێکیان مابوو کە هاوڕێکەم چیدی خۆی پێڕانەگیراو هەر کووتی کوڕە ئاخر ئەوە گەیشتنە سەرمان حەقی بوو لە مەوقعیەتی وا نەکەووتبوو قەت هەر باشیش بوو تا ئێرە خۆی ڕاگرت تەقەی لێکردن مەجبوور منیش لێم دان بوو بە هەڵات

بەشی یەکەم

هەڵات و هاوار هاوار زۆریان لێ بە جێمان چاومان لێیان بوو کوژراوو برینداریان هەموو بە جێهێشت قەرارمان دەراغێک بوو هاوڕێکەم کە دیتی لێمان کوشتوون و بریندار کردوون و هەڵدێن دیسان لێمان دان دوو خوولەکی نەگرت کە بە نارنجۆک ئەندازو بە تەکتیری قەناسە لێیان داین زۆر بە دەقیقی لێیان دەداین خۆمان لە بن هەر بەردێک داویشت ڕاست لەوێیان دەدا بە پڕیشکی نارنجۆک هاوێژ لێوم بریندار ببوو سەر سینگم هەمووی خوێن بوو هەڵکشاین بۆ سەرێ تا. گەیشتینە سەر دوندی شاخ. لەوێ هەموو ناوچەی شەڕەکەمان لێ دیار بوو پشتی سەرمان کە دوور بوو پاسدارمان دەدیت کە بە ناو بەفرەکەدا دەڕۆشتن بۆ سەر شاخەکە ئەوانە لە گوندی شیلاناوێ ڕا وەسەر کەووتبوون زانیمان هێرشەکە زۆر گەورەیە بە سەر شاخەکەوە تیرەگاو تیرەگ بەرەو گوندی دەرمان ڕۆشتین لە ڕێگا هێندێک کەسمان دیت لە ناو بەردەکان دانیشتبوون بە لایاندا ڕۆشتینن نە دەنگیان داین نە ئێمە کارمان بەوان بوو پێمان وابوو پێشمەرگەن بۆیە هیچمان پێنەکووتن لەوان ڕەت بووین و بەرەو گوندی دەرمان بووینەوە

هاوڕێکەم کووتی ئەرێ بابە گیان ئەتۆ چیت؟؟؟

ئاخر بۆ کوێ دەچیت تاوێکی دانیشە وەختە سنگم بتەقێ ماندووم

کووتم دەچینە ناو دێ لەوێ هەرچی لێبێ پێشمەرگە دەیانهێنین لێرە دیفاع دەکەین تا ڕۆژ نەبۆتەوە بەرەو گوندی دەرمان خلۆر بووینەوە کە چوینە ناو دێ تاق تاق خەڵکی لێ مابوو هەموو خەڵک دێیان چۆل کردبوو ڕۆشتین بەرەو مزگەووتی دێ کە چووین دیتمان پڕە لە پێشمەرگە چوینە ژورێ سڵاوم کرد کووتم چەند کەسی لێیە ئێرە؟؟؟

هەموویان کادرو پێشمەرگەی ڕێکخراوەکان بوون هەموویان بانتێوی سپیان لەبەردابوو کاک سەعید بەگزادە کووتی شۆڕش وەرە ژورێ دەنگی کاک سەعیدم ناسی هێندێک تاریک بوو پێم وابێ کووتی ئەمن بەرپرسیانم و دە کەسین شتێکی وای کووت پرسیاریان کردوو هێندێکم بۆ باس کردن و بۆم گێڕانەوە

کاک سەعید کووتی کاکە گیان هەرچی دەتەوێ ئێمە لە خزمەتداین کوتم دەبێ هەمووتان لەگەڵم بێن بچینە سەر شاخ لەوێ ئەو زنجیرە شاخە بگرین و لێی دامەزرێین تا بزانین چۆن دەبێ خودا هەڵناگرێ هەموویانی کۆکردەوەو وە دوای من کەووتن گەڕاینەوە بۆ جێگای ئەوەڵمان کاک سەعید کووتی ئەوانە کێن لەوێ دانیشتوون؟؟؟

کووتم وەڵا نازانم لەوسەر کە هاتین هەر لەوێ بوون نە ئەوان هیچیان کووت نە ئەمە پێم وابێ پێشمەرگەن لە ناو پۆلە بەردێکی وەک ئەشکەووت وابوو ڕاوەستابووین لەگەڵ کاک سەعید سەرگەرمی دابەش کردنی کوڕەکان بووین

بەشی یەکەم

هەر ئەو کەسانە. ئەگەر ڕەبەیان لێ هەستاندین هەر لە بن سەری من و کاک سەعیدیان دا نازانم ئاڕپێ جی بوو نارنجۆک ئەنداز بوو چی بوو نازانم. هەر کاس و گێژیانکردین بانتۆ سپی سەربەرەو خوار هەڵاتن خودا هەڵناگرێ کاک سەعید بەگزاد لەگەڵم مایەوە هەرامان لە کوڕەکان دەکرد مەڕۆن وەرن مەڕۆن هەر ئەو کەسانە جوابیان داینەوە دایانکووت ئەوە جوابت نادەنەوە جا زانیمان جاش و پاسدار بوون ئەوەڵێش کە ئێمەیان دیت پێیان وابوو لە خۆیانین بۆیە لێیان نەداین تا ڕووناکی کرد هەر لەوێ بووین کە چاومان لێکرد هەموویان گرتبوو.

ئێمەش هاتینەوە ناودێ لەوێ ماشێنێکی زیلی ئارتەشی لێ بوو ئاگرم تێبەردا تا وەدەست دوژمن نەکەوێ دوایە. وەڕێکەوتین دێمان چۆلکرد لە ڕێگا تووشی کاک ناسرو کوڕەکان بووین یەکمانگرتەوەو بەرەو قەمتەرە ڕۆشتین.

بەشی یەکەم

شەڕی کەربەلای دارەلەک لە شارۆچکەی مەهاباد...



چۆنم. دیوە. هەر وای دەگێڕمەوە

وەک بەڵێنیم دابوو دریژەی ئەم عەملیاتانە بنووسمەوە؛

فرسەتێکم بۆ هەڵکەووت و دریژەی دەدەملە گوندی گوێکتەپە کە سێ هەلیکۆپتەر بە دەستی کورەکانی پەلی شاهۆ کەووتنە خوارو سووتان و چل و دوو کەس لە کۆماندۆو کلاو سەوزی سوپای پاسداران لەو شەڕەدا کوژران و بە دیل گیران و دوابەدوای ئەو شکستە گەورەیە هێرشیان کردە سەر گوندی دارەلەک و لەوێش پێشمەرگەکانی لکی یەک و لکی دوو کەربەلای دارەلەکیان بۆ دوژمن ساز کردو دەردێکیان دانێ با بە دەواری شڕی نەکردووە دریژەی. باسەکەمان دوای کەربەلای دارەلەک چەند ڕۆژێک گوزەرابوو هێندێک هاتبووینەوە سەر حاڵ تۆپ و خومپارە باران هەر هەبوو وەخت و بێ وەختی نەبوو هەر دەباری بە سەرماندا باران نم نم دەباری ئاسمان هەورێکی پڕوو ڕەش بوو کزە بایەکی کەمێک ساردی دەهات ئێستاش لەهەر کوێی ئەم دنیا بم کاتێک هەوری ڕەش و باران دەبینم هیچ ئیختیارێک بە دەستی خۆم نامێنێ و دڵم گریانی لێم دەوێ وڵات بۆنی باروت دایگرتبوو کە چاوت لە هەر شوێنێک دەکرد بۆنی شەڕو باروتی لێدەهات حزب کەلاکی کۆماندووەکان و خەلەبانەکانیان تازە دابۆوە بە دوژمن ئاگادار کراین کە دیسان دوژمن هێرشی کردووە. کە هاتینە سەر جادەی گوێکتەپە بۆ مەهاباد دیتمان دوژمن بە پانتایی ئەوەندەی لێمان دیار بوو دەهاتنە پێش و لە حاڵی پێشڕەویدا بوون،، وردە وردە لە

بەشی یەکەم

پەنا تانگ و زرێپۆشەکانەوە دولا هاتبونەوەو پێشڕەویان دەکرد زۆر دەترسان دەیانزانی پێشمەرگە چەندە بە زەبرە.. ئێمەش کورەکانی شاهۆ جیبەکەمان پێبوو شەست و نۆکەی لەسەر بوو ڕاوەستابووین چاومان لێدەکردن هەموومان بێ چاوترووکاندن چاومان بڕیبووە ئەو هەموو ماشێن و تانک و زرێ پۆش و نەفەر بەرو ماشێنی ئارتەشی و جیبی سەدوشەش ئاخر نە یەک نە دوو. بە دەیان تانک و ماشێن ئەو هەمووپەیان لە کوێ هێنابوو ئەی بابا ئەوانە عەجەب پڕڕوویەکن.

حەسەن سوهرابی سەرپەلمان بوو هەر هەموومان بیست پێشمەرگە نەدەبووین کووتم حەسەن چیبکەین کووتی وەلا نازانم تۆ بڵێ چیبکەین؟؟

مەبەستی لەو هەموو هێزەبوو کە دەهاتنە پێشێ لێمان زۆر بە هێواشی و بە ترسەوە لە ناو دێ جێگایەکی لێبوو لە هەموو ماڵەکان بڵندتر بوو دەمانتوانی جوانتریان ببینین لەوێڕا چاومان لێدەکردن دەمانەویست تەوزیع بین و سەنگەریان لێ بگرین و هەتا نەگەنە نزیکمان لێیان نەدەین حەسەن کورەکانی تری دامەزراندو بەمن و پێشمەرگەیەکی کەی کووت ئێمە با پێکەوە بین من بیکەیسیم پێبوو حەسەن هەم نارنجۆک هاوێژی پێبوو هەم کلاشینکۆف سێ کەس بووین هێشتا تەقە دەستی پێنەکردبوو. کە چرچە پەیدابوو، کووتی کورینە ئەو هەموو سەگ و گورگەتان دیوە پێدەکەنی دەیکووت ئەوە چ خەبەرە ئەوانە بۆ وادەکەن هەر شۆخی دەکرد

هەر چوارمان لە پشت دیوارێکەوە بووین چاومان لێدەکردن حەسەن بە منی کووت ئەو ماشێنە زۆر هاتۆتە پێش لێیدە با ڕاوەستێ منیش بە تەکتیرو جار جار ڕەگباری سێ چوار فیشەکی. تەقەم لێکرد حەسەن گوللەیەکی نارجۆک هاوێژی هاویشت لە پێشی ماشێنەکە تەقیەوە ڕاوەستا بڵاو بوون

لە پڕ چرچە کووتی ئەها ئەوەتان لێیان دەن بە هەموومان لێماندان نزیک بە سی ٣٠ کەس دەبوون لە ناو دارەکان هاتنەدەرێ ڕووبەڕووی ئێمە دەهاتن هەڵاتنەوە پشتی دارەکان و دیار نەمان چەند کەلاکیان لێکەووتبوو لەوێ بەجێمابوو چرچە هێندێک لە خوار ئێمەوە بوو قسەی دەکرد دەیکووت من دەچمە خوارێ بۆ ئەوسەری دێ لەوێ کورەکان ساز دەکەم کە هاتن لێیان دەدەین ئێوەش ئێرە بەرمەدەن و ئاگاتان لە ئێمە بێ لەو قسانەدا بووین، عوسمان ئەفشین و عومەر قەمتەرەش بۆ لای ئێمە دەهاتن لە لای خوارێ کە پێشمەرگەکان دامەزرابوون بە بیستنی دەنگی تەقەی ئێمە ئەوانیش لێیاندان و تەقە دەستی پێکرد چاومان لێی بوو زۆر چاکیان لێدان هەموو هێزەکانی دوژمن ڕاوەستان و خۆیان شاردەوە تۆپخانەی دوژمن ئاگریان زۆر توندتر کرد لەسەر ئێمە دەنگێکی زۆر گەورە هات و هەستم کرد فڕێدرام هیچم نەدیت نازانم

بەشی یەکەم

چەندە بە حەوایدا ڕۆشتبووم کە چاوم کردەوە تەپ و تۆزو دووکەڵ نەبێ هیچیدیکەم لێ دیار نەبوو، هێشتا بەردو دارو پارچەی گوللە تۆپ بەردەبونەوە خوارێ پێموابوو نەماوم گوێم لە هیچ نەدەبوو هیچ ئازارم نەبوو هیچ کوێم ئێشی نەبوو تەنها لە فکری بیکەیسیەکە بووم. کە بەدەستمەوە نەبوو نەمدەزانی چی لێهاتووە کە هەستامەوە. دەستێکم بە خۆمدا هێنا هەموو گیانم خوێن بوو لە سنگم بۆ سەرێ خوێن و لەتکە گۆشت و شتی وابوو هیچ جێگایەکم نەدێشا پێم سەیر بوو بیکەیسیەکەم دیت لەوێ کەووتبوو هەڵاتم هێنامەوە لە سەر دیوارەکەم دانایەوە ڕوو بە دوژمن کە چاوم لێکردن تەواو لێمان نزیک ببونەوە

ڕیزە فیشەکێکی حەفتا فیشەکی دەبوو لە سەری ڕوومتێکردن زۆر بە پێخۆر لێمەدان کە گوێم لێبوو چرچە بانگی دەکردم جار جار جنێویشی دەدا ئەو شۆخیانەمان هەبوو پێکەوە هەر دەیکووت بەسە تەقە مەکە وەرە ئێرە کە ئاوڕم داوە حەپەسام ڕەق بووم چی ببینم باوەڕم نەدەکرد جەنازەیەک بە دەست چرچەو متەلیبەوە بوو سەری پێوە نەبوو نەمدەویست بزانم کێیە پێم خۆش نەبوو چاوی لێبکەم ئێمە چوار کەس بووین بە خۆمەوە دووی دیکەشم دەدیت حەسەنم لێ دیار نەبوو باوەڕم نەدەکرد پێم خۆش بوو من بووم‌ایە پێم خۆش بوو چرچە بانگی نەکردبامایە هەموو ئەوانەم لە چەند لەحزەدا بە مێشکیدا دەهات بیکەیسیەکەم لەوێ بەجێهێشت و چوومە پێش گەروم وشک ببو دەنگم دەرنەدەهات لە سنگیرا بۆ خوارەوە هەرچەندە هەمووی خەڵتانی خوێن بوو. ناسیمەوە حەسەن بوو.. تۆپێکی دیکەی لەو جێگایە دا کە من تەقەم لێدەکرد ئەگەر چرچە بانگی نەکردبام منیش لەتوپەت ببووم ..

حەسەن هەم خزم بووین هەم پێکەوە لەماڵێکدا گەورە ببوین هەم پێکەوە بووین بە پێشمەرگە لە چرچەم وەرگرت ڕەختەکەم لێکردەوە گیرفانەکانیم دەرهێنا سەعاتەکەییم دەرهێنا.

تفەنگ و نارنجۆک ئەندازو فیشەکەکانی هەموویمان هەڵگرت و کێشامان هەر بەو تۆپە عوسمان ئەفشین زۆر بە تونڈی بریندار بوو کە ڕیخۆڵەی هەموو هاتبوونە دەرێ عومەر ئاغابانووەکەی لە زگی نابوو. تا. بمێنێ و بە پەلە بردیان بۆ شاری بۆکان کە دیتمان زۆرمان لێ نزیک بوونەتەوە کە هەر چوارمان لەوێ بووین. نازانم یا تۆپی تانک بوو یا تۆپی ١٠٦ تۆپەکە ڕاست لە سەری حەسەنی دا سەری پەڕاند،

لە سنگمرا بۆ سەرێ هەموو مێشک و خوێنی حەسەن بوو بە دەم و چاومەوە چرچە کووتی تۆ لێیان دە با نەگەنە سەرمان تا حەسەن لە جێگایەک دەشارینەوە، کە گەڕامەوە سەرێ دیتم. بە لای دەستی چەپماندا لێمان تێپەڕبوون هێندێکم تەقە لێکردن تۆپێکی دیکەیان لێداین هێندێک ئەولاتر بوو دیسان ساغ بووم و کە چاوم کردەوە هەر مابووم

بەشی یەکەم

قەتارەیەکی دیکەم وەسەر دەخست کە چرچە هات کووتی وەرە بابڕۆین کێشامی بۆ خوارێ ئاورم گرتبوو لە تاو حەسەن هەستم بە هیچ نەدەکرد گێژ گێژ بووم.

کووتم چتان لێکرد؟؟؟

کووتی ئالەوێمان داناوە بە دەست پیشانی دام

کووتم دەچم بۆ دواین جار بیبینم نەیانهێشت

هەر بە پاڵەپەستۆ بردیانم یەک بە خۆم هاوارم دەکرد حەسەن چرچەو متەلیب هەر دەیانکووت دەورمان گیراوە دوایە بۆی دێینەوە قەولت پێدەدەم کوڕەکانی دی بە ٦٩ یەکە چاکیان لێدان ئەوانیش پێش ئەوەی بگەنێ. گەڕابوونەوە بنکەی شاهۆو بنکەی هێز لەوێ هەرچی هەبوو لەگەڵ خۆیان هێنابوویان و لەسەر ئێمە ڕاوەستابوون

ئێمەش کە هەر دیار نەبووین ئەوانیش پەیدابوون هەموو یەکمانگرتەوەو کە دیتمان پشتیان لێگرتووین چرچە بە کوڕەکانی کووت ماشێنەکان بەرن و ئێوە بڕۆن زۆر بە سەختی خۆیان گەیاندەوە ماشێنەکان لاڕێگایەک هەبوو بەوێدا زۆر بە تۆندی ڕۆشتن هەتا ون بوون هەر لێیاندان باش بوو بە سەلامەتی دەرچوون، زۆرمان هەوڵ دا جەنازەی حەسەن بەرین لەگەڵ خۆمان هیچ جێگایەک نەمابوو بتوانین تەرمی حەسەن دەرکەین، ساغ بووینەوە بە جێی بێڵین. بۆ دەرچونمان لەو گەمارۆیە ئێستاش نازانم چۆن دەرچووین چۆن زیندوو ماین هیچم لە بیر نیە بیگێڕمەوە ئەوەندە دەزانم. هەرسێکمان بێهۆش کەووتبوین زۆریش دوور نەبووین لێیان بەڵام لێیان دیار نەبووین دەنا کەس نەدەبوو ئەم داستانەتان بۆ بگێڕێتەوە لە گوندی ئازاد بووین دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو هەندێک هاتبوینەوە سەرەخۆ بڕیارمان دا هەر ئەوشۆ بچین گوێکتەپە بگرینەوەو لێیان بستێنینەوە.

کوڕەکانی لکی یەک بە لای گوکتەپەیدا کوڕەکانی لکی دوو بە لای سەرێداو لەپشتەوەڕا بۆیان بچین ئێمەش ئەو سێ کەسەو چەند پێشمەرگەی دی عەباس پاکزاد و کەماڵ و ئەمیرو چەندپێشمەرگەی دی لەکاتی لێداندا بچین تەرمی حەسەن بێنینەوە کوڕەکان ڕۆشتن و لێک هەڵبڕاین دەمانزانی دوژمن یەکەم شەویەتی هەموویان لە کەمیندان هیچیان نانون تا بەیانی زۆر بە هێواشی و بە ئیحتیاتەوە چووینە ناودێ تووشی هیچ کەمینێک نەبووین ئەوان لە ناو دێدا نەمابوون هەموویان چووبونە جێگاکانی ئێمە هێشتا مابووی بۆ سەعاتی سفرو کاتی لێدان کە بوو بە تەقە چ تەقەیەک گوێت لە هیچ نەدەبوو زانیمان کوڕەکان لە کەمینی ئەوان کەووتوون ناودێ سامێکی ڕەشی لێ نیشتبوو دەتکووت زیندەواری تێدا نەماوە زۆر گەڕاین لە تەرمی حەسەن نەماندیتەوە لەو جێگایەی لێمان دانابوو. نەمابوو دەنگی کچێک هات بانگی کردین کە

بەشی یەکەم

چووین کووتمان ئەوە چۆنە لە ناو دێ ماون؟؟

کووتی ئێمە نەڕۆشتووین هەر لێرە بووین دایک و باب و خوشک و براکانی چکۆلە بوون هەموو لە ترسان چووبوونە ژێر پەتوو دێیەکی تاریک کچەکە کووتی هاتن تەرمەکەیان برد لەگەڵ خۆیان پاسدارانزۆر نارەحەت بووم.

کووتم چی جوابی خاڵۆژنم بدەمەوە تاقە خوشکی حەسەن بوو هەر بۆ خۆی گەورەی کردبوو هەزار فکرم دەکردەوە

پێم دەڵێ ئێوە پێکەوە بوون بەپێشمەرگەحەسەن کوا؟؟؟ شەهید بوو باشە تەرمەکەی کوا؟؟؟

نەمدەزانی چیبکەم پێم خۆش بوو پێش ئەوەی خەبەری شەهید بوونی حەسەن بزانێ منیش نەمێنم بە دڵ پێم خۆش بوو لە هیچ خۆم نەدەپاراست ساغ ببومەوە کە منیش بڕۆم دیارە پاش ماوەیەک شەوێک چوومەوە شاری لەوێ خوشکی حەسەنم دی. پێم کووتن تەرمەکە لە دەستی ئەوانداید. لەگەڵ بابم بچنە گوێکتەپە لەوێ پرسیار لە فەرماندەکەیان بکەن بەلکوو شوێنەکەتان پێبڵێ کە لە کوێ شاردویانەتەوە بابم و خوشکی حەسەن چووبوون لەوێ فەرماندەی ئەو هێزەیان دیبوو قسەیان لەگەڵ کردبوو پێیان کووتبوو تەرمەکەمان بدەنەوە بابم کووتی ئەفسەرێکی باش بوو زۆری ڕێز لێگرتین کووتی ئەوە چیتانە کووتمان برای ئەو ژنەیە کووتی چ کارە بوو؟؟

کووتمان پێشمەرگە بوو

کووتی هێندێک سەری بەرداوەو کووتی من دەڕۆم ئێوەش لەگەڵ ئەو سەربازانە دێن لەوێ دەتانبینمەوە بابم کووتی سواری جیبێکیان کردین بردیانینە قەراغ دێ کە چووین ئەفسەرەکە لە گەڵ دوو سەرباز لەوێ بوون کووتی ئەمە ئەو شوێنەیە کە لێمان شاردۆتەوە کووتمان ئەگەر ئیجازەمان بدەی دەیبەینەوە.

کووتی ناتوانم بتاندەمەوە لەگەڵ خۆتان بیبەن بەڵام ئێستا بڕۆن هەر کات ویستان بۆخۆتان بە خاکی بسپێرنەوە چەندکەسێکی دی لەگەڵ خۆتان بێنن و دەبێ ئەمن ببینن جا ئیجازەتان دەدەم.

بابم کووتی هەر بۆ سبەینێ لەگەڵ چەندکەسێکی خزم و جیران چووینەوە بۆخۆی هات و نزیک بە پەنجا سەربازیان لەگەڵ

بەشی یەکەم

نـاردین کـووتی دەبـێ لـەو جێگایـەی بنێـژن کـە ئێمـە دیـاری دەکـەین. ئیجـازە نـادەین بیبەنـەوە بـۆ هـەهاباد. ئـەوانیش لـە گۆڕستانی ئیندرقاش بە خاکیان ئەسپاردەوە.

کووتی هەتـا تـەواو بـووین و گەڕاینـەوە سـەربـازەکان هـەر چـوار دەوریـان گرتبـووین گەڕاینـەوە بـۆ لای کوڕەکـان کورەکـان لـە کەمینی دوژمن کەووتبوون دوای تەقەو لێکدانێکی زۆر کشابوونەوە هیچ کەسمان نەدی تەقە هەر هەبوو

کوڕەکان گەڕابوونەوە کوڕەکانی لکی دوو لەپشتەوەو لە لای سـەرەوە کـە بۆیـان چووبـوون یـەک دوو سـەنگەریان لـێ گرتبـوون کاک سولەیمان سەعیدی لەگەڵ سێ پێشمەرگەی دی سەنگەرێکی کە دۆشکەی دوژمنی لێبوو. بۆی وەسەر کەووتبوون. بە هـۆی کەم تـەرخەمی فەرماندە لکی دووی ئـەوکات کـە لەگـەڵ کوڕەکـان نـە چبـووە پـێش سـولەیمانی سـەعیدی و. بـرایم چـاپوک و محێدین مەحمەڵ دەچن تـا ئەو دۆشکەیە بگرن لەکاتی هێرشدا برایبم شەهید دەبێ و سولەیمانیش زۆر بە تونـدی بـە گولـەی دۆشکە لاقی بریندار دەبێ و ناتوانن ئەو سەنگەرە بگرن محەمەد زەنگەنەش بریندار دەبێ وە جێگایەکی خراپی کەووتبوو

پێویستە سوپاسی ئەم هاوڕێیانە بکەم
کە هاوکاری و هاوفکریان کردوم لەم بیرەوەریانەدا کە بۆ خۆیان لەگەڵ بوون و شکوور ماون.

کاک ناسر پیرانی
کاک خالید وەنەوشە
کاک سولەیمان سەعیدی
کاک عەبدوڵا عەبدالڵی
سوپاسی کاک سۆران ئەمینی دەکەم بۆ تەرحی وێنەی بەرگەکە.
سوپاسی هەر کەسێک دەکەم هاوکاریم بکات لەم بیرەوەریانەدا

بەبرینداری چۆن هاتمەدەرێ لە مەهاباد؟؟



سالی. ١٣٦٠ بوو مانگ و ڕۆژەکەم لە بیر نەماوە قەرارمان دا عەمەلیاتێک بکەین لە ناو شار گەڕەکاکانی باغی سیسەو خیابانی زەندو خیابانی حافز بگرین و با ئارپیجی لە بنکەی پاسداران بدەین لە هوتێل مەهاباد هەروەها سێ پێشمەرگەش بۆ کۆنترۆڵ کردنی. پردی تازە ڕێگای مەحموودکان و ئەو ڕێگایەی لە پشتی حەمامی بلورەوە دەهاتە وە ناو ماڵەکانی کوچەی باغی سیسە بە تەک تیرو بە نارنجۆک هاوێژ هەموو ئەوانە دیاری کرابوون و دابەش کرابوون تەنها پەلی شاهۆ بووین هیچ یەک لە پێشمەرگەی پەلەکانی دیکەمان لەگەڵ نەبوو نازانم چەند کەس بووین بەڵام بیست کەس نەدەبووین، سۆفی سەید سەنعان سەرپەلمان بوو بنکەکەمان لە گوندی شیلاناوێ بوو
بۆ نەهاریّ مامۆستا هێمن دەعوەتی ئێمە بوو،
هەتا خۆمان ئامادە کردوو دوانیوەڕۆکەی بەرەو شار بووینەوە مامۆستا هێمن هەر لەگەڵمان بوو دەیزانی دەچینەوە شاری بەڵام نەیدەزانی بۆچی دەچین.

وەڕێکەووتین و بەرەو گوندی لاچین شۆڕ بووینەوە. کوڕەکان کەیفیان ساز بوو زۆربەیان خۆشەویست و دڵدارەکانیان لە شاری بوون هەر لێیان گەڕابای بە ڕۆژی ڕووناک دەچوونەوە ناو شار تا بوێڵی کرد لە دووڕێیانی سەیداوا بووین، لەوێڕا بە بن پایەگای گردەگڕوێدا بە ناو گەنمەکاندا خۆمان لە شار هاویشت لەناو ماڵەکانی تەپەی قازی خەڵک و جەوانەکانمان لێ

بەشی یەکەم

کۆبوونەوە کوردەکان سەرقاڵ و خەریکی قسە کردن بوون لە گەڵ خەڵک زیاتر پرسیاری. کەسێکیان دەکرد دەیانپرسی کە بۆچی ئازادوو کردووە؟؟؟

مەسەلەی ئەو پرسیارە سەبارەت بەو کەسە حەفتەی پێشوو دیسان لە شاری بووین تەقە بوو پاسدار کوژراوو بریندارى زۆر بوو. لە وێ کەووتبوون کوردەکان کەسێکیان گرتبوو هێنایان کووتیان ئەوە ناوی فلانەو خەڵک گوزارشتیان لێداوە دەڵێن هاوکاری ڕژێم دەکا. ئێمەش ناردمان هەموو جەنازەکانمان پێ کۆکردەوەو بە داشقەی دەستی هەرچەند زۆریشیان تەقە لێکرد بەڵام شانسی خۆی وەبەرنەکەووت و هەموو جەنازەکانیشی کۆکردەوە شەوێ دوای تەواو بوونی شەڕ لەگەڵ خۆمان هێنامانە دەرێ لە ڕێگا هاوڕێیەکمان تفەنگی لێ ڕاست کردەوە کە بیکوژێ منیش زۆر بە تووندی بەرەنگاری بوومەوەو زۆریشم قسە پێکووت خوداهەڵناگرێ هیچی نەکووت تفەنگەکەی زامن کردوو کشاوە ئەو کەسە زۆری پێ خۆش بوو هات خۆی بەسەر لاقمدادا نەمهێشت. کووتم مەترسە هاتینە گوندی دۆستاڵی لەوێ بانگم کرد لە گەڵ چەند کەس لە کوردەکان هێندێک قسەمان لەگەڵ کردوو هێندێک کارمان پێ ئەسپاردوو ئازادمان کرد کووتمان برۆ ئازادی خەڵکەکە زیاتر لەوەیان دەپرسی بە تایبەتی جەوانەکان گلەییان دەکرد کە بۆچی ئازادتان کردووە ؟؟؟

ئێمەش جوابمان دانەوەو قەناعەتمان پێ هێنانکە چۆن ئازاد کراوە با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان دوای قسەوباسێکی زۆر لەگەڵ خەڵک بە کوچەی شرکەتی نەفتیدا بە بن هۆتێلی سەید ڕەحیمە شێتەیدا کە ماڵە خۆشمان لەوێیە شۆڕ بووینەوە بۆ لای کوچەی باغی سیسە کە لەوێ دوو دوو و سێ سێ لە ماڵەکان دابمەزرێین قەرارى. دامەزراندنی کوردەکان ئەمن و عەباسی پاکزادو کەماڵی سمایلزادە بوو. هاوڕێیەکی لکی سێمان لەگەڵ بوو میوان بوو لای ئێمە ئەویشمان هێنابووەوە لەگەڵ خۆمان بە ناوی. ڕ. چ. ئێستا لە ناو خۆیە گەیشتینە بن دەرگای ماڵە خۆمان ئەمن و کەماڵ و ئەو هاوڕێیەمان بووین من بۆنم بە دەرگای ماڵە خۆمانەوە دەکرد، دەمکووت بۆنی دایکمی لێ دێ کەماڵ و ئەوان پێم پێدەکەنین و شۆخیان پێدەکردم ڕۆشتین. گەیشتینە سەر پردەکەی خوار ماڵە عەلیە قەرە کە دەپەڕێتەوە بۆ باغی سیسە کوردەکان کە لە پێش ئێمەوە ڕۆشتبوون هەموویان بە بن پردەکەدا پەڕیبوونەوە ئەو بەر ئەو سێ کەسەشمان کە گەیشتینە سەر پردەکە کووتم ئەمن دەپەڕمەوە کووتیان برۆ بەسەر پردەکەدا پەڕیمەوە زۆریش ڕووناک بوو چرا بەرقەکە هەر ڕاست لەسەر ئەوێ بوو لە نیوەی پردەکەدا بووم کە گولەیەکیان بە سمتمەوە نا دەتکووت بەرق لێیدام تفەنگەکەم لەدەست پەڕی بەربوومەوە سەر پردەکە کە زانیان کەووتووم. تازە بووم بە نیشانەی ئەوان نازانم بە چەند تفەنگان لێیان دەدام بەڵام بەهەر چوار دەورمدا فیشەک بوو لە عەرزێی دەدا دوژمن چووبوونە سەر سیللۆی شار لەوێڕا بە کەیفی خۆیان لێیان دەدام نەماندازانی ئەوێیان گرتوو هیچ کەس نەیدەتوانی بێ هەڵمبگرێتەوە منیش دەمزانی تەواو بووم هەر هاوارم دەکرد کەس نەیەت لێتان دەدەن پێشمەرگەیەک چاوم لێی بوو دەیویست بیت هەڵمبگرێتەوە دووجار هات و لێیان داو دەگەڕایەوە زۆرم پێناخۆش بوو بێ بەڵام نە هێزم تێدا مابوو نە دەنگم دەردەهات هەر چاوەڕوانی ئەوە بووم ئاخرین فیشەک وەکوێم دەکەوێت بۆیە بە دڵ

بەشی یەکەم

پێم ناخۆش بوو پێشمەرگەیەک لەسەر من شەهید ببێ چەند جار ویستم هەستم نەمدەتوانی هێنەشیان لە بن سەرم دابوو چاوم پڕڕ ببو لە تۆزو سمیتی پردەکە هیچم نەدەدیت هیچ ئومیدێکم نەما تەنها شتێک کە مێشکی گرتبووم ئەوە بوو بۆچی لە دەرگای ماڵە خۆمانم نەدا دایکم ببینم دەمویست چاو لەلای ماڵێ بکەم نەمدەدیت لەپڕ کەسێک باوەشی پێدا گرتم و کێشامی تەقە زۆر بوو لەسەرمان بەڵام داینەنام تا سەری کوچەکە چەپڵەکیان بۆ لێداو ڕۆحێکم هاتەوە بە بەردا ئێستا لە ناوخۆیە ئەو هاوڕێیەم هێندەم خوێن لێ ڕۆشتبوو سەرم گێژی دەخوارد بێ هێزو ئازارێکی زۆرم هەبوو. کوڕەکان نەیاندەزانی چیملێبکەن نەیاندەزانی برۆنەوە دەرێ یا بمێننەوە لە شاری گوێم لەو هەموو نەزەرو قسانە بوو، دوای ئەوە ئیتر ئاگام لە خۆم نەما تەنها قسەیەک کە دەمکووت لەو نێوانەدا دە کووت ئێوە برۆن بەجێم بێڵن من تازە نامێنم ئێوە برۆن ئاخرین دەم و چاو کە دیتم دەموچاوی سۆفی بوو سەری هێنا پێشێ لێم لە پێش چاوم زۆر گەورە بوو بەو هەموو ڕیشەوە کووتی ئەگەر هەموومان بکوژرێین بەجێت ناهێڵین هەر خۆت ڕاگرە

کە وەهۆش هاتمەوە چاوم هەڵێنا زۆر بە تەڵخی دەمدیت کەمێک چاوم هەڵگلۆفی و هێندێک باشترم دەدیت کە چاوم گێڕا بە چواردەوری خۆمدا هیچ کەسی لێ نەبوو دۆشەکێکیان بۆ ڕاخستبووم نایلۆنێکیان بەسەردادابوو کە دەستم لێدا هەمووی خوێن بوو، لاقم هەر دێشاو بریسکانی دەدا، زۆر نیگەران بووم جێگاکە ژێرزەمین بوو.

ئاگام لێبوو کەسێک بە پلیکانەکاندا هاتە خوارێ من نەمدەدیت چونکە پلیکانەکان لە پشت سەرم بوو منیش نەمدەتوانی لە جێی خۆم تەکان بخۆم برینەکەم لێدەکولاوە هاتە سەر سەرم هەر ووشک بووم زۆر ترسام هەمان کەس بوو کە بۆم باس کردن حەفتەی پێشوو نەمهێشت بیکوژن و ئازادمان کرد. لە دڵی خۆمدا کووتم گیراوم ئێرە زیندانە جا ئەوە وەزعە بەو حاڵەوە لە دەستی دوژمندا بیت هەزار خۆزگەم بەوەی دەخواست لەسەر پردەکە کوژرابام و لێرە نەبام شا ئەو شانسەی من

کووتی چۆنی ؟؟؟

چاوێکم لێکرد

کووتم تۆ فڵانەکەس نیت؟؟

پێکەنی کووتی. با. هەوم

بەڵام ئێستا پیشانت دەدەم کە من پێشمەرگەم چەند خۆشدەوێ و ئەوەی سەبارەت بە من دەیانکووت هەمووی درۆیە

هیچ باوەڕم پێنەدەکرد کووتم باشە ئێرە کوێیە؟؟

کووتی ئێرە ماڵە ئێمەیە پرسیم ئەدی کورەکان هیچیان لێرەن؟؟؟

کووتی ئا ئا لێرەن. سۆفیت بۆ بانگ کەم

کووتم ئەرێوەڵا

کووتی هەر ئێستا دەچم بانگی دەکەم

بەشی یەکەم

ڕۆشت

کووتم بە خودای ئێستا پێنج شەش پاسداری مل ئەستوورم بۆ بانگ دەکا

جا چت خواردووە. ترش و چەوەندەر هەموو لێدەردێننەوە ناخۆشترین لەحزەکانی ژیانم بوو بەو وەزعەوە بە بێ چەک لە ماڵە کەسێکی ئاوادا بی بۆ لەوێم زیاد لەو هەموو ماڵە خەڵکەهەزارو یەک فکرو چارەنووسێکی نادیار زۆرم چاو گێڕا بۆ تفەنگێک چەقۆیەک پەتکێک خۆمی پێ بخنکێنم هیچی لێ نەبوو، دڵم لەسەر هەزار لێبدەدا دەمکووت جاوەرە من ناوێرم لە جێی خۆم بجوڵێمەوە لێم وە ئازار دەکەوێ ئێستا بێنە خوارێ و وەبەر شەقانت دەن زۆر ناخۆش بوو لە پڕ گوێم لە دەنگی سۆفی بوو هاتە خوارێ قاقایەکی لێدا هاتە بن سەرم کووتی نا. نا.

شکوور باشی دەستی سۆفیم توند گرت کووتم ئێرە کوێیە؟؟

کووتی ماڵە فلانە کەسە

کووتم خۆ نەگیراوین؟؟؟

دیسان قاقایەکی کێشاو کووتی نا. باوەڕبکە لە هەموو جێگایەک ئەمین تر ئێرە من براتم لە جێگایەکت دانانێم هیچ مەترسیەکت لەسەر بێ دڵم حەساوە وەرم زۆر بەرز بۆوە، سۆفی ئەو کوڕەی بانگ کرد کووتی دەتوانی بچی هێندێک جەرگی بۆ بێنی؟؟

لەگەڵ میوە و شەربەتی پرتەقاڵ کووتی ئەی بەچاوان هەر ئێستا دەچم دکتۆریشی بۆ دێنم ئاشنایەکمان هەیە لە بیمارستان کاردەکات پێشمەرگەشی زۆر خۆش دەوێ لەگەڵ خۆمی دێنم ئەگەر کەمێک درەنگ هاتمەوە نیگەران مەبن ئەو ڕۆی کووتم باشە سۆفی لەو شارەدا ماڵ نەمابوو ئێرە نەبێ ؟؟ بۆ منتان لێرە داناوە؟؟؟

کووتی شەوێ کە بریندار بوی ئەوە لەوێ بوو لەگەڵمان بوو هەتا ئێرە نەماندەویست لێرەت دانێین بەڵام کووتمان هەر کە زانیویەتی و ئاگادارە بە ڕاست ببینە ماڵە خۆیان باوەڕ بکە لە هەموو جێگایەک ئەمینترە با دکتۆری بێنێ هەندێک برینەکەت پانسمان بکەن و بۆت ببەستن و دەرزی ئازارت لێبدەن دەمانەوێ پێش ئەوەی تەقە دەست پێبکا بەڕێت کەینەوە دەرێ بە مەجبورئاوادا ناردوومە لە دوای فلانەکەسێک بێت تا لەگەڵی برۆی بەیانیەکی زوو بوو. کورەکە هاتەوە دکتۆریشی لەگەڵ خۆی هێنابوو کەسێکی زۆر باش و کورد بوو برینەکەی بۆ شوتمەوەو داوو دەرمانی کردووجوان جوان بۆی بەستم و

بەشی یەکەم

دەرزییەکی لێدام و هێندێک حەبی دامێ و کووتی پاش ماوەیەکی تر ئازارەکەت نامێنێ.

کووتی لەوە زیاتر ناتوانم بمێنمەوە دەڕۆم ئەو ڕۆشت ماڵی ئاوەدان بێ کەمێک حەسامەوە هەتا ماوم مەمنوونی ئەو برا دکتۆرەم هەرگیز پیاوەتی و چاکەییم لە بیر ناچێ زۆری نەگرت ئەو دووکەسە هاتن کە قەرار بوو بمبەنەوە دەرێ کووتیان ڕێگای مەجبوورئاوا گیراوە پڕە لە پاسدارو بەو ناوەدا بڵاو بوون. بەوێدا ناتوانین بیبەینە دەرێ لەگەڵ سۆفی بۆخۆیان. هەندێکیان سرت و خورت کردوو هاتنەوە لای من کووتیان ڕێگایەکی تر هەیە ئەگەر لە خۆت ڕادەبینی

کووتم کوێیە ؟؟؟

کووتیان بە ماشێن ڕاست بە جادەی. ڕەزایەدا

یەک بازدیدی لێیە دەڵێن زۆر ناپرسن ئێمەش هەموو ڕۆژێ بەوێدا دێین و دەچین دەماننناسن هەر ڕامان ناگرن هەر لە بازدیدەکە دەرچووین. لادەدەین بۆ گوندی کەڕێزە لەوێشڕا ئیدی ناوچە ئازادەو کەس بە کەس نیە منیش بە ڕاست نەمدەویست ببمە باری زەحمەت بە سەر کوڕەکانەوە بە درێژایی ڕۆژ ئەگەر دەرگیر بین دەبمە بار بەسەریانەوە بۆیە بڕیارم دا بڕۆین جا کووتیان ئەتۆ لێرەبە ئامادە بە ئێمە ماشێنەکە لە خوارێ ڕادەگرین ئەو فاسیلەیە دێینە بن دەستت تا دەگەینە ماشێنەکە با کەس. شکی ئەو ماڵە نەکا لە حەسارێ بووین کە بە سەبرا لە دەرکەیان داو کووتیان ئامادەی کووتم بەڵێ کراسێکی سپی و پانتۆلێکی ئەو کوڕەم لە بەردا بوو. هیچی دی هەر چوار مەتر لە ماڵەکە دوور نەکەووتبوینەوە، لاقم ئەرزی نەدەگرت خوێن هاتە خوارێ بە لاقمدا سەرم لە گێژەوەهات کووتم نەمگرن دەکەوم کورە کووتیان تێداچووین خۆت ڕاگرە پاسدارمان ڕووبەڕوو دێن کە دیتم سێ نەڕە پاسداری مل ئەستووری ڕیشداری ناحەز بەرەوڕوومان دێن زوو زوو پێیان دەکووتم تۆ هیچ قسە نەکەی ئێمە خۆمان جوابیان دەدەینەوە ئەگەر پرسیان گەیشتنە ڕاستی ئێمە. چاوێکیان لێکردین و تەنها یەکیان کووتی نەخۆشە؟؟

جوابیانداوە بەڵێ دەیبەین بۆ بیمارستان هەر ئەوەندەو لێمان تێپەڕین. مابوومان بگەینە ماشێنەکە تەواو گێژ ببوم بەڵام هەر زۆریم لە خۆم دەکرد خۆم ڕاگرم سواری جیبەکەیان کردم لە ناوەڕاستی هردووکیان لە پێشێ هەردەیانکووت با زوو برۆین نەک کوڕەکان ئەو سێ پاسدارە بکوژن و تەقەساز بێ ڕۆشتین فێریان دەکردم دەیانکووت ئەگەر پرسیان بۆ کوێ دەچی بە تورکی بڵێ گێدرەم باغا. لەوە زیاتر مەڵێ ئێمە بۆخۆمان قسەدەکەین و جوابیان دەدەینەوە هەرکە دوورو نزیکی

بەشی یەکەم

بازدیدەکە بووینەوە ماشێنێکی زۆریان ڕاگرتبوو دەگەڕان زۆر بە تۆندی یەک دانەشیان لیستێکی بەدەستەوە بوو چاوی لە ناوەکەت و لە لیستەکە دەکرد. شۆفێرەکە زۆر دەترسا ناحەقیشی نەبوو، ئەوی دی کووتی با بگەڕێینەوە شۆفێرەکە کووتی هەر بگەڕێینەوە دەمانگرن و لێمان مەشکووک دەبن هەر وا باشە تازە ڕاوەستین تا نۆرەمان دەگاتێ هەرچی بیکەین بە زەرەرمانە کە چاوم لێکرد پاتۆڵەکەم هەموو خوێن بوو، هەندێک پەڕۆی کۆن و چەوری لێبوو بەسەر لاقمداداو پاڵم لێداوە نۆرەمان هات پاسدارە دەرگای ماشێنەکەی کردەوەو ڕاست بە شۆفێرەکەی کووت کارتەکەت ئەویش فەقیر ڕۆحی تێدا نەمابوو کارتەکەی دایێ و بە لیستەکەیدا هێناو دایەوە دەستی داوای لەوەی دیکەش کرد ئەویش هەمان شێوەو کارتەکەی دایەوەو سەربازێک هات و سرتەیەکی بە گوێیدا کردوو بە پەلە چووە ئەوبەر کە ماشێن دەهاتە ناو شار لەوێ هەموو خەڵکەکەی دابەزاندو نازانم چی لێیان دەویست ئێمەش هەر لەوێ ڕامانگرتبوو شۆفێرەکە نەیدەوێرا بڕوا ئەوی دی دابەزی چووە تەنیشتی پێی کووت ئێمە بڕۆین چاومان لێی بوو ئیزنی داین بڕۆین کەس لە منی نەپرسی هەر دە مەتر ئەولاتر لایدەدا بۆ گوندی کەڕێزە خۆمان تێکردوو چووینە ناودێ لەوێ بردمیانە ماڵێک دیوەخانێکی زۆر گەورە بوو پڕ پڕ بوو لە خەڵک نازانم سەرەخۆشی بوو. چ بوو هەر جمەی دەهات لەلای خوارێ دایان نام و درێژیان کردم و هەر ئەوەندەم ئاگا لە خۆ بوو. ئاگام لە خۆم نەما کە وەهۆش هاتمەوە دیتم تەنها شۆرتەکەم لە بەردایەو پەشەبەندێکیان بۆ هەڵدابووم و ژنێکی بە تەمەن باوەشێنی دەکردم هێندەم ئازار هەبوو لە خۆم وەڕەز بووم کەزانی وە هۆش هاتوومەوە دەستی کرد بە قسان دوو نەفەرەکەی لە گەڵم بوون لەوێیان دانابووم و بۆخۆیان گەڕابوونەوە شاری بەو ژنەی کووتبوو ئەوە فلانەکەسی برامە خزم بوون بۆخۆیان ژنەکەش پێی وابوو ئەمن برای ئەوم هەر لێی دەپرسیم داکت چۆنە؟ منیش دەمکووت زۆر باشە لە شارە یا لە دێیە خۆلاسە گیرم کردبوو بە دەستیەوە نەمدەزانی بڵێم چی دڵیشم نەدەهات بڵێم دایە گیان وەڵا قسەم پێناکرێ و ئازارم زۆرە ماشەڵا ئەویش هەر مەجالی نەدەدام یەک قسەش بکەم لای ئێوارە بوو لە شار بوو بە تەقەزانیم کوڕەکان لێیان دان زۆرم پێ خۆش بوو، ژنەکە چووە دەرێ بزانێ چ خەبەرە پایەگایەکی لێ بوو لەوبەری دێ هەموویان بە پێوە ڕاوەستابوون چاویان لە تەقەی ناوشار دەکرد. ئەوەندەم نەزانی ژنە خۆی بە ژوورێدا کردەوەو پەشەبەندی لەسەرم لاداو کووتی هەستە کەمێک خۆت بڵندکە بە بتکێشمە ناو ئەو کادێنە لەوێ خۆت بشارەوە با نەتبینن ئاخر کووتم پێم بڵێ چ بووە. چیە ؟؟؟ کووتی ناو دێ پڕە لە پاسدار بە چاوی خۆم ماشێنی پاسدارم دی ئەوە لە بن دەرکەن دێی باشە دەنا من بەجێت دێڵم ئەمنیش بەهەر شێوەیەک بێ خۆم گەیاندە بن پەنجەرەکە سەرم هێندێک بردە دەرێ جیبێکی ئارتەشی لەوێ ڕایگرتبوو بەڵام کەسم نەدیتسەرم هێناوە ژوورێ کووتم حەتمەن زانیویانە زۆر نیگەران بووم کووتم با ئەوجارەش چاوێکیان لێبکەم سەرم بردەوەدەرێ و چاوم لێکرد ئەوە ڕەحمان سنگ شێرە و بیست لیتریەکی بە دەستەوەیە بێنزینی لە جیبەکەی دەکا ئای کە خۆش بوو.

بەشی یەکەم

دوو سێ جارم بانگ کرد. ڕەحمان کوڕە ڕەحمان. هەر چاوی دەگێڕاو ئەمنی نەدەدیت هەتا دەستم هێنا دەرێ و بانگم کرد، بە پەلە هات چاوێکی لێکردم هەر زۆری پێ سەیر بوو کووتی شۆڕش ئەوە تۆی؟؟؟؟

ئەوە بۆ لێرەی چ بووە ؟؟؟

کووتم وەرە ژورێ زوو وەرە وەزعم خراپە هەر هات و خێرا پەتوویەکی تێوە پێچام و لە باوەشی کردم و بردمی لە پشێشێ جوان داینام و جا کووتی تۆند خۆت بگرە هەر ئێستا دەدگەیەنمە دکتۆر مەجید بە کورتی وەزعەکەم بۆ باس کردوو. کووتی خۆت تۆند بگرەو پێی پێوە نا بەرەو قونقەڵا هێشتا سەربازی تەئمینی ڕێگا کۆیان نەکردبۆوە

بە سورعەتێکی زۆر گازی دایەو کردیە تەپ و تۆزێک لە دوای خۆیەوە زۆر عەجایەب هەتا گوندی قەرەقشڵاق ڕانەوەستا کاک ناسری پیرانی و دکتۆر مەجیدو پێشمەرگەیەکی دی لەوێ لە ماڵە... ئاغا بوون مەجید خێرا لاقی سڕڕ کردم و هێندێکی دوریەوەو دەرزیەکی لێدام و خەوم لێکەووت کە وەخەبەر هاتم کاک ناسر کووتی ئامادەی بڕۆینەوە شیلاناوێ؟؟؟ کووتم ئەڕۆوەڵا با بڕۆین پیکابێکی شینی یەک تەنی پێ بوو لە پشتەوە جێگایان بۆ چاک کردم و پەڕینەوە بەری مەحاڵ و بۆ شیلاناوێ.

ئەم بیرەوەریانە ئەوی بە چاوی خۆم دیومە دەیگێڕمەوە.

داوای لێبووردن دەکەم کە ناوی کەسانێکم نەنووسیبێ دیارە ئەوە پەیوەندی هەیە بە هەموو هێزی پێشەواوە سوپاسی ئەو کەسانەش دەکەم هاوکاری و ڕێنوێنیم دەکەن.

شەڕی گوندی (کانی زەرد)ی ناوچەی سەردەشت



ساڵی ١٣٦٣ بوو مانگ و ڕۆژەکەم لە بیر نەماوە تازە هاتبوومە هێزی گیاڕەنگ بنکەی هێزی گیاڕەنگ لە گوندی مەزرا بوو. ئەوانی پێکەوە لەوێ بووین لە کوڕەکانی هێزی پێشەوا من بووم عەلی قاسمی بوو. عەلی چکۆڵ بوو. قاسمە ڕەش بوو، هەر ئەوەندەم لە بیرە ئەوەی مەبەستمە باسی بکەم هێرشی دەوڵەت بوو بۆ سەر ناوچە سنووریەکان کە هێزی پێشمەرگەی لێ بوون یەکێک لەو ناوچانە ناوچەی سەردەشت بوو. کە سنوور بوو لەگەڵ عێراق لەم ناوچەیە وەک جەبهەی شەڕ لەگەڵ عێراق حسابی بۆ دەکرا لە لایەن ئێرانەوە ئێمەش کەووتبوویننە ئەم ناوچە پڕ لە کێشەو گرفتەوە دۆڵی قاسمەڕەش و خڕەی ناوزەنگ و نۆکان و سونێ و دۆڵی بنەوخەڵەف و بەرزایەکانی زاڵ بەسەر ئەم ناوچانەدا زۆربەیان بە دەست ئێمەوە بوون ڕێگای هات و چۆی پێشمەرگەکان لە دەفتەری سیاسیەوە بۆ ناوچەکانی مەهاباد بۆکان سەقز بانە شنۆ و.خانێ لەم ناوچەیەوە هات و چۆیان دەکرد، بۆیە گرنگیەکی زۆری هەبوو لە لایەن ڕژیمەوە بە هەر قیمەتێک بایە دە یووبست بیگرێتەوە ڕۆژێک کاک حەسەنی شیوەسەڵی هەموومانی کۆکردوە کووتی خەبەرمان هەیە ڕژیم بە هاوکاری قیادەی مووقەت دەیانەوێ هێرش بکەن و. ئەم ناوچەیە بگرن بۆیە دەبێ هەموومان ئامادە بین شەوانە کەمینمان دەچووە سەر شاخێک کە لە سەر گوندی مەزرابوو. شاخێک بوو کە زاڵ بوو بەسەر ناوچەکەدا شەوێکیان کوڕەکانی کەمین ڕۆشتن نزیک بە سەعاتی یازدەی شەو بوو، کە لە پڕ بوو بە تەقە چ تەقەیەک دەتکووت دنیا خراپ دەبێ کوڕەکانی ئێمە هەر شەش حەوت کەس

بەشی یەکەم

بوون ئەوان. زیاتر لە هەزار کەس هەر هەموویان لە سەنگەری پێشمەرگەکانیان دەدا، نازانم ئەو شاخە بۆ نەڕووخا؟؟ پێم وابێ پەنجا ئاڕپیچی بە یەک فەرمان دەتەقێنران سەنگەری کوردەکانیان وەک پۆلوی ئاگر سوور کردەوە هاتن گرتیان کوردەکان هاتنە خوارێ بەڵام هەموو مابوون موعجزە بوو

مامۆستا.

ئێمە هەموومان بە کاک حەسەنی شیوەسەڵیمان دەکووت مامۆستا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەری هێزی گیاڕەنگ بوو، مامۆستا هەموومانی کۆکردەوە کوورتی کورینە هێرشیان هێناوە و هێرشەکەش گەورەیەو بە داخەوە کوردیشیان لەگەڵە ئێستاش پێویستە هەرچەند لە تواناماندا هەبێت، بەرەنگاریان ببینەوەو هەوڵ بدەین بە کەمترین زیان گەورەترین زەربەیان لێبدەین لک و پەلەکان و دەستەکان دابەش کران و هەرکامەیان ناردرانە جێگای خۆیان و بەڕێکەووتین ئێمە هەموومان وەک کوردەکانی مەهاباد مامۆستا کووتی هەموونان لەگەڵ من بن هاتینە گوندی کانی زەرد لەوێ بڕیاری شەڕ درا هەموومان لە مزگەووتی دێ بووین پۆستی نیگابانی دانراو ناوی نهێنی شەوو پۆستی بەری بەیانی ئەمن و شەهید عەلی چکۆڵ بووین. کوردەکان هەموو پێیان وابوو عەلی کوڕی منە چونکە هەر بە بابە بانگی دەکردم لای بەیانی بوو عەلی هات کووتی بابە کووتم چیە؟؟

کووتی پێم وابێ دەورەمان گیراوە

کووتم چۆن دەزانی ؟؟؟ چیت دیوە؟؟؟

زۆر بە ئەسپایش قسەی دەکرد

کووتی. ئەوانە چین ؟؟؟

دەستی درێژ کرد پێشانی دام

کە لێیان ورد بوومەوە زانیم پاسدارن وردە وردە دێنە خوارێ

زۆر بە هێواشی و بە بێ دەنگی دەهاتن دیار بوو زۆر شارەزای شەڕو زۆریان دیوە کووتم هەڵێ زۆر بە پەلە بچۆ بە مامۆستا بڵێ کووتی ئاخر چۆن تۆ بەجێ بێڵم تۆ بە تەنیا دەبی کووتم برۆ ڕۆڵە نابێ مەحتەل بی هەڵێ بە دوو دڵی ڕۆشت منیش زۆرم حوکم لە چاوی خۆم دەکرد تا بتوانم بە جوانی بیانبینم هەوا هێشتا تاریک بوو بەڵام.

دیار بوون کە دەجوڵان و ڕەشیان دەکردەوە چەند دەقیقەیەکی گرت تا مامۆستاو کوڕەکان هاتن مامۆستا کووتی ماندوو نەبی کوان لە کوێن ؟؟؟

بەشی یەکەم

منیش جێگاکەم پێشان داو کووتی هەموو پاسدارن دانیشتوون خێرا کوڕەکانی تەقسیم کردوو هەموو دەوری دێمان گرت و دامەزراین دەمانەویست زۆر چاکیان لێبدەین دامەنی ئەو شاخە سەختەی پشتی دێ هەمووی دێراوە مێو بوو زۆر ئەستەم بوو، پاسدارەکان ئەو دێراوانەیان هەموو گرتبوو لێی دامەزرابوون، هەتا ناودێ هەر پەنجا مەترێکیان مابوو، ئەوان زاڵ بوون بەسەر ئێمەدا پێمان وا نەبوو ئەوان وا زوو بگەنە ئێرە ئەوە کاری چاوساغان بوو لە گەڵیان ئێمە پێش ڕووناک بوون زۆریان لێ چوبوینە پێش. دیار بوو ئەوان دانیشتبوون و خۆیان مات کردبوو هەتا کەمێک هەوا ڕوناک بێ. مابوو تەقە دەست پێ بکا وەک دوو تیمی فووتبالّ هەردوولامان ئامادە بووین. مابوو داوەر فیتوەکەی لێ بدا ئەو قسەیەم بە مامۆستا گووت هێنده پێکەنی بەو بەیانیە زووە کووتی ماڵت خراپ نەبێ شۆڕش قسەی وادەکەی. زۆر پێکەنین وڵات کش و مات خشەی بەردێک دەنگی باڵەندەیەک چرپەی داربک ووشەی بایەک دەنگی پێیەک هەستی دەنگێک خرتەو پرتەی ڕەخت و تفەنگێک دەنگی چرپەی ترازاندنی زامنی تفەنگێک هەموو ئەوانە دەبوونە هۆی یەکەم تەقەو دیاری کردنی زەربەی یەکەم هێزو تواناو چارەنووسی شەڕو ژیان و مردن هەناسەکان لە گەروودا قەتیس مابوون. زامنەکان ترازابوون دوژمن دیار بوو سێرەی تفەنگی پێشمەرگە ڕوو لە سنگی دوژمن بوو دابەش ببو کێ لە کوێ بدا بە ڕەگبار یا بە تەک تیر هەوا کەمێک ڕوونـاک ببوو لە ناکاوو لە پڕ هاواریان کرد اللّه و اکبر اللّه و اکبر وادیار بوو ئەوانیش ئێمەیان دیبوو، ئەوان فەرماندەکانیان دووربینی شەویان پێ بوو، دوژمن وەکوو شەڕی جەبهەی عێراق هەڵسووکەووتی لەگەڵ دەکردین بە هەموو شێوە چەکێک لێیدەداین هێرشی پیادەیان بە هەزاران بوون کە دەهاتنە پێش. دەستیان لە هیچ شتێک نەدەپاراست.

هەموو هەستانە سەر پێ و هاتن بە تەقەوە فرسەتێکی باش بوو هاتبوونە بەر لولەی تفەنگ ئەوی ناوی ئەڵای هێناو هاتە پێشێ کوژرا، اللە هیچی بۆ نەکردن نۆرەمان بوو، هاوارێک هات نازنم کێ بوو، نەڕاندی وەکوو شێردا لێیان دەن قوربانی دەست و چەکتان بم بوو بە هەڵلا وەسەرکەووتین بۆیان وەک کەری نیوەزەریان لێهات لەگەڵ پاسدارێک لە چوار مەتری ڕووبەڕوو بووم تفەنگی ڕوو بە من ڕاگرتبوو بۆ نەیکووشتم نازانم سااڵە لێیدا دەنا منی کوشتبوو پێم وابێ وای دەزانی لە خۆیانم هەڵاتن بەرەو سەرێ هەڵدەهاتن زۆریان کوژران نەمانهێشت بێنە ناودێبەڵام هەرچی چەک و تۆپ هەیە ڕووی لە ئێمە بوو ئێمە لە بەینی ئێران و عێراقدا بووین تۆپ و هەرچی تەقینەوەی دوو وڵات بوو بەسەر ئێمەدا دەتەقیەوە ئاگر بارانێک بوو بۆ یەک چرکەش بێ دەنگ نەدەبوو تا لای ئێوارە مقاوەتمان کرد لای ئێوارە بە ناو ئەو هەموو تۆپ بارانەدا دەبوو بڕۆین بە دۆڵی بنەوخەڵەفیشدا هاتبوونە خوارێ تەنها ڕێگایەک کە مابوو بتوانین پێیدا بڕۆین خەتەرناکترین ڕێگا بوو، بە بەینی هەردوو جەبهەی ئێران و عێراقدا پەڕیبووینەوە بەری عێراق سەرەوەمان سەنگەرەکانی عێراق بوو. لەوکاتی کە هێرشیان کردە سەر ئێمە هەمزەمان هێزیان هێنابوو کە هێرش بکەنە سەر عێراق ئەو شەوە کاتێ ئێمە حەرەکەتمان کرد و ڕۆشتین هەردوو جەبهەکانی ئێران و عێراقمان دەدیت لە نیوەی ئەو ڕێگا مەرگبارەدا بووین کە

بەشی یەکەم

ئێران هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی عێراق نازانم چۆنی باس بکەم دەنگی اللّەو اکبر تەواوی ئەو شاخ و دۆڵ و بەرزایانەی پڕ کردبوو

لە یەک چرکانندەیدا سەد ئارپێجی زیاتر دەتەقی دەنگی تفەنگ و چەکی قورس هەر هاشەی دەهات وڵات وەک ڕۆژ ڕووناک بوو، گولە وە. گولەی دەکەووت قەتم شتی وا نەدیبوو کەووتبوینە بەینی ئەو شەڕەوە بیهێنە پێش چاوی خۆت دەبێ چ جەهەنەمێک بێ ئاخری گەڕاینەوە بە دیوی پشتی سەنگەرەکانی ئێراندا پەڕینەوەو توانیمان دەرچین لە ڕێگایە عەلی

کووتی بابە

کووتم گیانی بابە

کووتی پێم وانیە تازە ئێمە قەت بمرین

کووتم بۆ ؟؟؟؟

کووتی ئەگەر مردباین لێرە دەمردین

دنیا بۆنی مردن و خوێن و وێرانی لێدەهات

دەستم کردە ملی و ماچم کردوو ڕۆشتین

بەشی یەکەم

شەڕی دوو ڕۆژەی ناو شاری مەهاباد



چۆنم دیوە هەروای دەگێڕمەوە

بە ئەمانەت بۆ مێژوو

بۆ نەوەی نوێ. بۆ کیژۆ لاوانی کورد

.....

لە ڕکەوتی ٣١ - ١٠ - ١٩٨١

ڕۆژی یەکەمی شەڕەکە بە خشکەیی وەک هەمیشە خۆمان گەیاندە ناو شاری مەهاباد هەموومان خەڵکی شارو و دووروبەر بووین شارەزا بووین زۆربەی هەرە زۆرییێشمەرگەکانی لکی یەک بووین دوای کۆبوونەوەو دابەش بوونی کوڕەکان. بۆ شوێنی دیاری کراو شەهید یوسفی سازواری فەرماندەری ئەم عەمەلیاتە بوو، بڵاوەمان پێکردوو هەر دەستەی بۆ شوێنی خۆی ڕۆشتین دەبوو هەموومان شەوێ لە جێگای خۆمان دابمەزرێین و ئامادە بین بۆ سبەینێ هەموومان دەمانزانی کام دەستە لە کوێیە ئێمە سێ کەس بووین کاک ناسر پیرانی بۆ خۆم پێشمەرگەیەکی دی بە ناوی حوسین کە ئێستا لە ناو خۆیە لە ماڵە مجێورەکەی مزگەووتی بابە خەڵیفەیدا بووین لە سەر خیابانی زەند

شەوێ ئەو سێ کەسەمان چووینە ئەو ماڵە دوو دیویان هەبوو بەڵام هەموومان لە یەک دیویدا بووین، ماڵەکەیان هەر لەناو مزگەوتەکەدا بوو. پازدە پلیکانێک بلند بوو دیوەکانیان لەسەرێ بوون ڕاستیەکەی ئێمەیان نەدەناسی نەیاندەزانی ئێمە

بەشی یەکەم

چکارەین بۆیە ڕوویەکی زۆریان نەداینێ ئێمەش پێمان نەکووتن کە پێشمەرگەین بۆ ئەوەی تا سبەینێ دەردەسەرمان بۆ دروست نەبێ، ئەوانیش زیاتر پێیان وابوو ئێمە جاشین و سەر بە حکوومەتین بۆیە هیچ خزمەتێکی وایان نەدەکردین گوزەراندمان تا سبەینێ بۆ بەیانیەکەی ئێمە شەهید جەلال موئمنی دیدەبانمان بوو زوو زوو دەهات هەرچی خەبەرێکی تازە هەبوایە پێی دەکووتین نزیک بە نیوەڕۆ بوو بە پەلە هات کووتی ئەوە قادرە سمێڵی جاش بە خیابانێدا بەرەو ئێرە دێتە خوار زۆرم هەوڵ دا کە کاک ناسر ڕازی بکەم تا بە زیندوویی بیگرین. موافق نەبوو بە هۆی ئەوەی ئاشکرا دەبین هات و ڕۆشت و گرتنی زۆر ئاسان بوو بەڵام نەبوو، یوسف و کوڕەکانی دی چەند ماڵێک لەولاتری ئێمەوە بوون، سەعاتێک دواتر بوو بە دەنگە دەنگ و هەرایەکی زۆر لە خیابانێ جەلال هات کووتی ئەوە تەزاهوراتە دوختەرانی زینەب و پاسداریشیان لەگەڵە شوعاری مرگ بر دمکرات دەدەن و بەرەو لای ئێرە دێن بە خیابانێدا دێنە خوارێ هاتن گەیشتنە ڕاستی ئێمە لەوێ هەموو ڕاوەستان و. مرگ بر دمکرات مرگ بر دمکرات ئەو خیابان و کووچانەی پڕ کردبوو، جوابمان نارد بۆ یوسف کە ئێمە لێیان دەدەین خێرا جوابیان نارەوە نەکەن دەست ڕاگرن لێیان مەدەن ئەوانەیان بۆیە ناردوون تا لێیان دەین و تەبلیغاتی خراپی پێوە بکەن دژی حزب کە ئێمە ژن و منداڵ دەکوژین هەرواش بوو زۆربەی ژنەکان منداڵی ساوایان پێ بوو، ئێستاش نەمانزانی ئەو هەموو دوختەرانی زینەبەیان لە کوێڕا هێنا زۆرمان پێ سەیر بوو، وابزانم شکی پێشمەرگەیان. کردبوو بە نیاز بوون کارەساتێک بقەومێنن هەر نەهاتینە دەرێ ئەوانیش مەجبوور ڕۆشتن هەتا لای دوا نیوەڕۆ هاتینەدەرێ هەرچی پاسدارو سەرباز لە خیابانێ بوون کوڕەکان لێیان دان و کەلاکەکانیان لەوێ بەجێ مابوون، ئەمن و حوسین چوینە سەری کووچەی هۆتێل سەیران ڕووبەڕووی مجەسەمەی شاە ئەوێمان گرت خەڵک هەروا هەڵدەهاتن و دوکان و بازاڕ دادەخران و بەرەو ماڵەکانیان دەبوونەوە مەدرەسەش لەوکاتیدا دەڕۆشتنەوە هەم تەقە بوو هەم خەڵک و منداڵانی مەدرەسە هەڵدەهاتن بەرەو ماڵ سێ ژن لە خیابانی حافزڕا دەهاتن کە گەیشتنە ئێمە بە خۆیانداداو کووتیان ئەوەتا پاسدار ئاگاتان لە خۆتان بێ زانیمان بە کن دووکانەکانی بازاری ڕوزدا دەیانەوێت بێن سەری ئەو کوچەی ئێمەی لێین بگرن، ئەوانیش نەیاندەزانی ئێمەی لێین سێ پاسداری دیکەش هەر ڕاستەو ڕاست بە ناو چیمەنەکانی. پارکی شادا دەهاتن. کە ئێمەیان نەدیبوو ئێستا بە کۆمەگی ئەو ژنانەو بەوەی بۆ خۆمان لێمان دیار بوو دەمانزانی هەم ڕووبەڕوو بۆمان دێن هەم بەلای دەستی چەپ پێشڕەوی دەکەن ئێمەش ئامادە ئەوانەی لای دەستی چەپمان لێدیار نەبوو، بەڵام ئەوانی ڕووبەڕوومان دەهاتن لێمان دیار بوون و نزیکیش بوون گەیشتنە بن ئاسکەکان هەڵوێستەیەکیان کردو دەیانەویست بە هەڵاتن بێنە سەری ئەو کوچەی کە ئێمەی لێین لە نەردە ئاسنەکان هاتنە ئەم دیوو کووتم جا حوسێین گیان لەبەرت مرم نابێ کەسیان دەرچن وێکڕا لێماندان هەرسێکیان بەربوونەوە هەر لاقە فرتەیان بوو، ئەوانەی بە لای دوکانەکانی بازاری ڕوزدا هاتبوون کە زانیان پێشمەرگەی لێیە هەڵاتنەوە بەرەو هوتێل مەهاباد کە پایەگای خۆیان بوو، دیتم بە هەڵاتن پەڕینەوە ناو کارێژی ایران پەیما لەوێ هێندێک دووکانی بۆتکەیی لێبوون خۆیان لەبن ئەو دوکانانە هاویشت ئێمەش

بەشی یەکەم

نەماندەهێشت هەڵێن تازە ڕێگایان نەبوو هەڵێن و گیریان کردبوو لەوێ خیابان هێشتا خەڵک و منداڵی مەدرەسەی لێ مابوو کە بە ماتە ماتەو پۆل پۆل هەڵدەهاتن چاوم لێ بوو منداڵێکیان گرت و لە لای خۆیان ڕایانگرت دەنگی گریانی دەهات و دەیقریشکاند جار جار پیشانیان دەداین تا تەقەی لێبکەین و تا بتوانن هەڵێن

یەکیان هەڵات لێماندا لەوێ بە جێما چاومان لێی بوو، کچەکەیان فڕێداو هەڵاتن وێکڕا لێماندان یەکیان کەووت و ئەوی دی هەڵات بە سینە خیز خۆی گەیاندە بن بۆتکەیەک بەڵام دیتم کچەکەش بەربۆوە دەمزانی کەسانێک لێی نزیکن و بانگی دەکەن ئاگرم تێبەربوو وەک شێتانم لێهات چوون دەمزانی من لێمدا دەموویست بچم و لەباوەشی کەم ڕزگاری کەم بەڵام دیتم بۆخۆی هەستاو هەڵات ئۆخەیەک لە دڵم گەڕا کە برینەکەی زۆر نیە دەنا نەیدەتوانی هەستێ و بڕوا هەر لە فکریدا بووم لە هوتێل مەهابادەوە بە ئاڕپێجی و بیکەیسی دایانگرتین ئاگریان لەسەر پشتی کردینەوە بۆ ماوەی دە دەقە پازدە دەقە هەروا بە تۆندی لێیان داین لەو کاتە حەساسەدا دیتم دایکم پەیدا بوو لەگەڵ کاک ناسر و کەماڵی سمایلزادە هات کاک ناسر کووتی ئەوە شۆڕش زەق و زیندوو کێ دەڵێ نەماوە وەزعەکە زۆر خراپ بوو ئەوانیش ئەوەیان نەدەزانی هات و خۆی پێدادام و تێر تێری ماچ کردم کووچەکە پلیکانی هەبوو لە بەر دایکم هاتبوومە خوارێ حوسین بە تەنیا لەوێ بوو من لەگەڵ دایکم و کاک ناسرو کەماڵ بووم کە حوسین هەڵاتە خوارێ و کووتی هاتنێمەش خۆمان لە نێو دەرکەی ماڵە...

هاویشت و لێماندانەوە لەوێش لێیان بەربوونەوە دایکیشم هەر بە خۆیدا دەدا کابرای پاسداریش بە دایکمی دەکووت لاچۆ لەوێ با لێت نەدەم دایکیشم جنێوی پێدەداو تەقە ئەوەندە گەرم بوو ئەو کوچە لە تەپ و تۆزدا نوقم ببو کە تەقەی ئەوان بێدەنگ بوو زانیمان کوژراوەکانی خۆیان بردۆتەوەو کشاونەتەوە سەری کوچەکە هەموو خۆێن بوو، دوای ئەوە کوڕەکان هاتن بە هانامانەوە بەڵام تەقەکە نەمابوو جێگاکەمان دا بە کوڕەکانی تر لەگەڵ دایکم هاتینە لای کوڕەکان تا ئێوارە دایکم لەگەڵمان بوو هەتا یوسف بە زۆری ناردیەوە دووجار هێرشیان هێنا کە کوژراوەکانیان بەرنەوە لە لای دامپزیشکی و سەری کوچەی ئێران پەیما بەڵام کوڕەکان هەموو جارێ لێیان دەدان و هەڵدەهاتن ئێوارە بوو کوڕەکانی ئەوبەری خیابانێ کوچەکانیان هەموو گرتبوو جار جار ئەوان دەپەڕینەوە لای ئێمە یا ئێمە دەپەڕینەوە بۆ ئەو بەر من هەر لە غەمی ئەو کچە چکۆلەدا بووم، خۆم پێڕانەگیراو پەڕیمەوە ئەو بەری خیابان بۆ کوچەی حەمامی زەند لەوێ بۆ کوڕەکانم گێڕایەوە کە چۆن بووە چووم کچەکەم دیت منداڵێکی دە ساڵان دەبوو، بۆ خۆی دەڕۆی وا دیار بوو گولەکە ڕاست وێی نەکەووتبوو ڕەنگە پڕشک و بەردو شتی وا بووبێ وە لاقی کەووتبێ، پێم کووت من بووم دەستم لە ملی کرد ماچم کرد هەم دەگریا هەم لە خۆشیان پێدەکەنی منی پێشمەرگەش هیچم پێ نەبوو بیدەمێ گوڵێک. دیاریەک. هەتا پوڵیشم پێ نەبوو نەمدەزانی چ بکەم فیشەکێکم دەرهێناو گولەکەم لە پووکەکەی دەرهێناو گولەکەم دا دەستی کووتم ئەوەش دیاری من بۆ تۆ. بە دایکت بڵێ با بۆت بکا بەملوانکە و لە ملتی کە لێی وەرگرتم و فرمێسکەکانی سڕییەوەو پێکەنی دایک و بابەکەشی هەر دۆعای خێریان بۆ پێشمەرگە دەکرد.

بەشی یەکەم

قەتم لە بیر ناچێ لەگەڵ کامڕان گەڕاینەوە بۆ لای کوڕەکان کە هاتینەوە هەر باس باسی قادر سمێڵ بوو قادر سمێڵ جاشێکی زۆر کۆمێدی بوو کاری سەیر سەیری دەکرد کوڕەکان کووتیان بۆخۆمان دیتمان خۆی لەو نانەوەخانەیە هاویشت نانەوا خانەی ڕووبەڕووی حەمامی زەند کن دەرگای بازاری ڕوز .. بە تەنیشت قاوەخانەی (عەلی زوبەید) وە بوو.
تەقە کەم ببو وردە وردە چوینە بن دەرکەی نانەواخانەکە. دیتمان. بەڵێ قادر سمێڵ لەوێدا گیری کردووە و لە. کاتی دەسپێکردنی تەقە ئەو مەجالی نەبووە هەڵێ و خۆی لەو نانەواخانەیە هاویشتووەو هەرچی لەوێدا بووە بە گروگان گرتوونی و نەیهێشتبوو کەس بڕوات هەرچی تا ئاردی لێ بوو بەو خەڵکەی لەوێدابوون. پێیکردبوونە سەنگەرو بۆ خۆی چبوو لە پشت تا ئاردانەوە سەنگەری گرتبوو ئێمەش کە بانگمان کردوو پێمان کووت وەرە دەرێ ناتکوژین دەنگە دەنگ و گریان و هات و هاوار پەیدا بوو لە ژوورێدا ئەویش جنێوی پێدەدان و هەڕەشەی لێدەکردن و بێدەنگی دەکردن زانیمان لەوێدایە ڕاستیەکەی نەماندەویست بیکوژین دەمانویست بیگرین گرتباشمان نەماندە کووشت زۆرمان پێکووت زۆرمان سوێند بۆ خوارد هەتا من تفەنگەکەم. کە هەر لولەکەیم گرتبوو پێشانم دا کە ئەوە تفەنگەکەم. وەرە دەرێ کارمان پێت نیە کووتی کەلەت لابە کەلە زل با نەتکوژم یوسف کووتی ئەگەر نەیەیتە دەرێ دەدسووتێنین لەوێدا جا کەیفی خۆتە لەم هەموو مشت و مڕەیدا سمایل تفەنگەکەی زامنەکەی ترازاندوو قەڵس بوو کووتی ئەو هەموو حیزە حیزەی ناوێ ئێستا دەیتۆپێنم پیاو حەوسەلەتان هەیە ئەوە دوا قسەکانی سمایل بوو، تفەنگەکەی ڕوو لەوێ کردوو چووە پێشێ و بوو بە تەقە قادر سمێڵ چاوی لێ بوو هەم گوێی لێ بوو پێش سمایل تەقەی کردو لە سمایلی داو شەهیدی کردو لەو فاسیلەدا کە هەموو چاومان لە سمایل بوو کە بەربۆوە دەرپەڕی و هەڵات هەتا کووتیان ئەوەتا هەڵات خەڵکەکەش کە لەوێدا بوون هەمزەمان هاتنە دەرێ و هەڵاتن قادر سمێڵ گەیشتبووە نزیک هوتێل سەیران بە خیابانی حافزدا هەڵات بەو هەموو پێشمەرگەیە تەقەمان لێکرد وەبەر نەهات و هەڵات خەم و پەژارە هەموومانی داگرت سمایلمان هەڵگرت هێنامانە ئەوبەری خیابان کەلاکی پاسدارەکان هەر لە خیابانێ بوون هێندێکیان دووکەڵیان لێ هەڵدەستا جار جار دەنگی تەقە و قرچەی قەناسە دەهات خەڵک هەموو لە کووچەکان و ناو دەگاکانیان بوون، لاوەکان پێ بە پێ لەگەڵمان بوون بەناو دۆعاو گریانی دایکان و خوشکاندا تەرمی سمایلمان بەرێکردەوە دەرێ لە شاربۆ گوندی سەیداوا کاک هەژار لەوێ بوو زۆر ناڕەحەت بوو بۆ سمایل سمایل پێشمەرگەی بنکەی هێزو شۆفێری تایبەتی کاک هەژار بوو، لە مزگەووتی دێ لە دەوری سمایل کۆببوینەوە هەندێک لە کوڕەکانی ناو شاریشمان لەگەڵ هاتبوونە دەرێ کاک هەژار بانگی کردن پێی کووتن سبەینێ دەبێ قادر سمێڵ بکوژن کووتیان بە چاوان ئەوان گەڕاینەوە بۆ شار هەر بۆ دوو سێ ڕۆژ دواتر لای سەعات نۆی بەیانی بوو هاتنەوە دەرێ و کووتیان ئەوەش ڕەخت و تفەنگەکەی قادر سمێڵ تۆپاندیان.

ڕۆحی سمایل و هەموو شەهیدان شادو
ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێ

ڕۆژی دووەمی شەڕەکە

کاتێک تەرمی سمایلمان بردەوە دەرێ لە شار ئێمە زۆر بووین هەندێکمان گەڕاینەوە شار قەرار وا نەبوو بۆ شەوی دووەم بمێنینەوە بەڵام فەرماندەکان یەکێک لەوان کاک ناسر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە نابێ بچینەوە دەرێ هەر واشمان کرد ماندوو بووین.. زۆریش ماندوو بووین بەڵام وەمان بەرزو دڵمان پڕ پڕ لە هیوا بوو، چۆن دەتوانی ئەو خەڵکە بە جێبێڵی خەڵکێک بە پیرو جەوان و کوڕو کچ و منداڵەوە وەک ئێمە هەڵدەسووڕان وەک ئێمە پێشمەرگە بوون، وەک ئێمە گیانیان لە مەترسیدا بوو وەک ئێمە لە ڕاسای نیشانەی تفەنگی دوژمندا بوون لە جێگا حەساسەکان دامەزراینەوە دیدەبانەکان کاری خۆیان پێ ئەسپێردرا، هەندێک ئاڵوگۆڕ بە پێشمەرگەکان و سەنگەرەکان کران پێشمەرگەو.

ڕۆح پێشمەرگەو فریشتە

پێشمەرگەو جوانی پێشمەرگەو پاکی

پێشمەرگەو ڕاستی

بەینی عەرزو ئاسمان

پڕاوپڕ لە خۆشەویستی بۆ

بۆ پێشمەرگەو بۆ خەڵک و خاک

بۆ کوردستان

هەموو ئەوانە لە ڕەنگ و ڕووی خۆشی کورەکاندا دەبینرا شەوێ سەر خەوێکمان شکاندبوو هەندێک حەسابوونەوە دوژمن پێیان وانەبوو لە ناو شار ماوین دیدەبانی ئەو جێگایەی کاک ناسرو کەماڵ و کەسێکی دی ئێستا لە ژیاندا نەماوە حوسین ناوێک خەبەریان دەداتێ پاسدار لە خیابانێ بە ماشێنەوە ڕاوەستاون ئەوانیش لێیان دێنەدەرێ و چوار کەس بوون هەموویان کوشتبوون هەر لەو شوێنەی سمایل لێی شەهید بوو، تەقە دەستی پێکرد هەموومان هاتینە دەرێ زوو بوو بۆ ئەوەی بێینە دەرێ بەڵام تازە ئاشکرا بووین و شەڕ دەستی پێکرد، زۆری نەگرت هێزێکی زۆری دوژمن هاتن بۆ جێگا شەڕەکە هۆتێل مەهاباد کە پایەگای پاسداران بوو، پڕ ببو لە جاش و پاسدار خۆیان ئامادە دەکرد، کە هێرشی گەورەمان بکەنە سەر لە ناکاو جێگاکانی ئێمەیان داگرت بە ئارپێجی و بە ڕەگباران و پێشڕەویان دەکردو دەهاتنە پێشێ وێکڕا لێماندان زۆر باشمان لێدان تەقە دوو لایەنە بوو زۆر گەرم بوو، تەواوی ئەو کوچانەی ئێمەی لێ بووین تەواو غەرقی دوکەڵ و تەپ و تۆزو ئاگر بوو زۆر هاتبوونە پێش کەمی مابوو سەری کوچەکانمان لێ بستێننەوە بێ پسانەوە لێیان دەداین خۆمان کۆکردەوەو دەرکە بەدەرکە پێشڕەویمان کردوو لێیان دەچووینە پێش تەنها بە تەکتیر لێمان دەدان نەمانهێشت لەوە زیاتر

بەشی یەکەم

دەمیان بێننە پێشێ زۆر باشمان لە دمیان دا پاشەکشەمان پێکردن زۆریان لێ کوژراوو بریندار بوو، ئامبولانس هاتبوون بریندارانی بەرنەوە کوڕەکان ماشێنێکی ئامبولانسیان گرتبوو لە ناو کوچەکانی سێ ئاشان ڕامانگرتبوو ئەو ماشێنەی یەکەم کە کوڕەکان لێیان دابوو چوار کەسی تێدا بوو، کە لەگەڵ ماشێنەکە هەموویان سووتان ئەو چوار کەسە زۆر گەورە بوون پلەو پایەی بەرزیان هەبوو بۆیە شێت ببوون و بە هەر نرخێک بوایە دەیانەویست بیانبەنەوە، کەلاکێکی زۆر کەووتبوون تەقە کەمێک کەم ببوەوە دەمانزانی خۆیان ساز دەکەن و ئامادە دەبنەوە بۆ هێرشی دواتر لەو ماوەیەدا ئەمیری نیزامی چوو تفەنگی بێنێتەوە زۆریشمان پێکووت مەچۆ لێتدەدەن لە ناوەڕاستی کوچەکەیدا بوو کە لێیانداکەوت و بریندار بوو بە هەر شێوەیەک بوو بە تەقە کردن توانیمان ڕزگاری کەین زۆر پیاوانە لای ئێوارە بە بەر چاوی دوژمنەوە بە ناو ئەو هەموو پایەگایەیدا کاک ناسرو کاک یوسف ئەمیریان لە ئامبولانسەکە هاویشت وبە ڕێگادا بە ڕۆژی ڕوناک لە کردەوەیەکی بوێرانەدا توانیان ڕزگاری بکەن و ببەنە دەرێ لەشارو بۆ بیمارستانی حزب ئەمانە فیلمی سینەمایی نین ئەمانە هەموو ڕاستین و پێشمەرگە بوێرەکانی حزبی دیموکرات ئەنجامیان داوە کە ئەوان ڕۆشتن دوژمن هێرشی دووەمی هێناوە زۆر تووندتر لە پێشتر ئەمجارە ئارپێجیان زۆر بەکار دێنا دەنگی تەقەکان گەورەتر بوون.

دۆشکەیان هێنابوو بەڵام ڕۆژ درەنگ ببو توانیمان خۆمان ڕاگرین تا تاریک بوون هێرشەکایەیان زیاتر بۆ بردنەوەی کەلاکەکانیان بوو بەڵام نەمانهێشت یەک کووچەشمان لێ بستێننەوە بۆیە مەجبوور بوون بکشێنەوە پێویستە بڵێم کاک ناسریش بریندار بوو ئێمەش دوای ئەوەی تەقە بێدەنگ ببو جار جار دوژمن تەقەی بێ هەدەف دەکرد، تا درەنگانێکی شەو هەر لە ناو خەڵکەکەدا بووین نان و خواردنیان بۆ ساز کردبووین شاممان لە ناو ئەو خەڵکە قارەمان و بە شەرەفەدا خواردو ماڵئاوایمان لێکردن و هاتینە دەر لە شار داوای لێبووردن لە هەموو ئەو پێشمەرگانە دەکەم کە بەشدار بوون و ناویان نەهاتووە هیوادارم بە گەورەیی خۆیان بمبوورن هەروەها پێویستە سوپاسی ئەم بەڕێزانە بکەم، کە هاوکاری و هاوفکریان کردم لە نووسینەوەی ئەم بیرەوەریە کە بۆخۆیان هەم بەشدار بوون لەم عەمەلیاتەدا:

١- کاک ناسر پیرانی

٢- کاک عوسمان ئەڤشین

٣- کاک خالید وەنەوشە

٤- کاک ڕەحمان سوهرابی

٥- کاک عەلی قاسمی

هەر هاوڕێیەکی تر کە پێیان باشە هاوکاریم بکەن داوایان لێدەکەم پەیوەندیم پێوە بکەن

سوپاسیان دەکەم

گوندی بەسری لەگەڵ دەیان بیرەوەری



ساڵی ١٣٦٠ بوو بنکەی ئێمە لە گوندی شیلاناوێ بوو سۆفی سەرپەلمان بوو خودا هەڵناگرێ سەرپەلێکی باش بوو تەواوی کاری ئەو بنکەیەی دەکرد زۆرجار لە جیاتی سێ چوار پێشمەرگە نیگابانی دەدا

بەیانیان زوو لەخەو هەڵدەستا سەماوەری وەسەر دەنا چای دەمدەکرد سوبحانەی ئاماده دەکرد یەک یەک کوڕەکانی زۆر لەسەرەخۆو بە نەرمی لە خەو هەڵدەستان زۆر جاران کوڕەکان لێی تووڕە دەبوون کە زوو هەڵیدەستاندن لە بیرمە جارێکیان شەهید کەمالی عەلیزادەی هەڵدەستان بە دەنگێکی زۆر خۆش و نەوی دەیشێلاو دەیکووت کەماڵ گیان دە هەستە با چایەکی تازە دێمت بۆ تێکەم کەمالیش قەڵس بوو کووتی ئاخر سۆفی ئەم هەموو هەستە هەستەیەت لێ چیە؟؟؟؟

بۆچی هەستم ؟؟؟

دوژمن هاتووە؟؟؟

شەڕە؟؟؟

دەورەمان گیراوە؟؟؟

ئەگەر هەستم خودموختاریمان دەدەنێ؟؟؟؟

ئاخر کارمەندم؟؟؟

مامۆستام؟؟؟

لە فەرمانداری کارمەندم؟؟؟؟

دە لێم گەڕێ

پێشمەرگەم. پێشمەرگە

بەشی یەکەم

ماندووم دەزانی دوێنێ لە کوێ بووین؟؟؟؟

دەزانی لە کە نگێوە لە کەمیندا بووین ؟؟؟؟

نە چای دەخۆمەوە نە نانی دەخۆمتەنها لێم گەڕێ تەواو شارژی خۆم وەرگرم پەتوەکەی بەسەر سەریدا داوەو لێی نووستەوە کەماڵ لە لایەکەوە حەقی بوو ماندوو بووین دووشەو پێشتر خەبەرمان هەبوو دوژمن دەیهەوێ بە دۆڵی بەسریدا هێرش بکاو هێزێکی زۆری کۆکردۆتەوەو بە نیازی هێرشە ئێمەش شاخەکانی بەردە هەڵۆی پشتی گوندی بەسری و قەڵای سارم و ئەو جێگایانەی پێمان وابوو هێرشی پێدا دەکەن پێشمەرگەمان لێ دانابوون دووشەو بوو هەموو کوڕەکانی لکی یەک لە کاتژمێری سێ ی شەو دەچووینە شاخ و کەمینمان دادەناوە، شەوی دووەم بوو چووینە شاخی لە شوێنەکانمان دامەزراین و چاومان لە شارە جوانەکەی مەهاباد دەکرد زۆربەی شارمان لێ دیار بوو هەوا دەهات ڕووناک بێ و هیچ خەبەر نەبوو، زۆر جاران دوژمن ئەو پڕوپاگەندانەی بڵاو دەکردەوە کە بە نیازی هێرشە لە ڕێگای سیخوڕەکانی خۆیەوە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بەڵام زیاتر هەدەفی ماندوو کردنی ئێمە بوو بەڵام ئێمە هەموو شتێکمان بە جیدی دەگرت وکاری خۆمان دەکردو ئاگامان لە دەوروبەری خۆمان دەبوو، بەڵام ئەمجارە دوژمن فێڵی لێکردین و بە لایەکی تردا هات و هێرشی هێنا، ئێمەی سەرقاڵی دۆڵی بەسری و. گوندی دۆستاڵی و سارەوانان و حەوتەوانان و پیربەلەو قەڵات کردبوو، بەڵام. ئەو ڕۆژە بە لای گوندی زگدڕاوو تیکانلوجەیدا هاتبوو

فکری چاکی کردبوو ئەمە فکری خۆیان نەبوو، ئەگەر جاش و کوردە زۆڵەکان نەبانایە ئەوان فکری ئەو لایەیان نەدەکرد هەوا ڕووناک ببو دەمانویست بگەڕێینەوە بنکەکانی خۆمان هیچ خەبەرێک لە لای ئێمەوە نەبوو لە هێرشی دوژمن دەنگی دوو سێ ڕەگبارو دوو گرمەی گەورە هات زۆرمان پێ سەیر بوو ئەو تەقانە چیە؟؟؟؟

تاق تاق دەنگی تەقە زیادی کرد دەنگەکە لای پشتەوەمان بوو بەلای گوندی زگدڕاوو و قەرەبڵاغ و ئەو لایەدا بوو ئێمەش کە لەسەر شاخی بووین تیرەگاو تیرەگ دونداو دوند وردە وردە لێیان نزیک بووینەوە کە دیتمان بە لای پشتەوەدا هاتوون و زۆربشن شاخەکانمان گرت و کوڕەکان هەموو دامەزران و چاومان لێدەکردن تا بزانین چۆن هاتوون و کوێیان گرتووەو تا کوێ هاتوون و هێزەکەیان چەندەن و چییان پێیە کۆنترۆڵی هێرشەکەمان هاتە دەست و تەقسیمی کارمان کردوو سێ لامان لێگرتن تا لەوە زیاتر نەتوانن بێنە پێشێ تیمێکی پێنج کەسیمان دانا کە لێیان بچنە پێشێ و پێنج کەسی تر ئاگاداریمان بکا، کوڕەکانی تر لە شوێنە بڵندەکان دامەزران و ئێمەش پێنج کەس بووین بۆیان داگەڕاینە خوارێ شەکرە بوو ئەمن بووم شینە بووقادری برایمی بووکەماڵی عەلیزادە بوو

هەموومان بە دوای شەکرەدا دەڕۆشتین شەکرە زۆر چست و چالاک بوو زۆر خێرابوو لە ڕۆشتن زۆریش ئازاو بە غیرەت بوو هەرچی وبسبای دەیکرد بێ دوودڵی لەپڕ ڕاوەستاو دەستی بەرز کردەوە بە نیشانەی ڕاوەستن هەموومان ڕاوەستاین ماندوو بووین هەناسەمان تەنگ ببو لە ناو ئاودڕێکی بەردەڵاندا بووین هەموی خڕە بەردی گەورەو چکۆڵە بوون، کووتی پێم وابێ

بەشی یەکەم

هاتوینەتە ناو دوژمنەوە ئەگەر ئێمەیان دیبێ ئەوا کەووتووینەتە ناو کەمین و داوی ئەوان تەنها ڕێگا شەڕی مان و نەمانە کە دەبێ بیکەین هەتا هەموومان شەهید دەبین ئەگەر ئێمەشیان نەدیبێ ئەوا دەتوانین گەورەترین زەربەیان لێبدەین بزەیەکی هاتە سەر لێوان و کووتی شەڕە وەک قوماری وایە جاری وایە نازانی چیت بۆ دێ وردە وردە بۆ خۆی بە ئاودڕەکەدا چووە خوارێ کووتی کە بانگم کردن وەرن ڕۆشت تا گەیشتە قەراغ جادە کە خیز ڕێژ بوو، لەسەر جادە دەبووە پردێک کە سێ لولەی سیمانی گەورە بوو ئاوی بارانی پێدا دەڕۆی چەند خولەکێک لەوێ بوو هاتەوە بۆ لای ئێمە کووتی کوڕینە ئەوە سەر جادەکەیە ئێستا ئێمە لە ناوەڕاستی ئەواندا ئێمەشیان نەدیوە ئەسڵەن فکری ئەوە ناکەن ئێمە لێرە بین جا دەڵێن چی بگەڕێینەوە یا لێرە بین ئەگەر ماشێنیان هات لێیان دەین و لە کەمیندا بین هەندێک ئاوی تێدابوو ئاودڕەکە جێ جێ سەوزایی بوو هەموومان کووتمان دەمێنینەوە بڕیارێکی شێتانە بوو، شەکرە بۆ خۆی دیدەبانی دەکرد ئێمە هەموومان لەبن بەردەکاندا بووین نیو سەعات زیاتر بوو لە کەمیندا بووین هیچ خەبەر نەبوو ئەو جێگایەی لێی دامەزرابووین هەڵبژاردەی خۆمان نەبوو بەسەردا کەووتبووین کە جوان چاومان لێکرد ئەگەر هەر شتێک لە کەمینمان کەووتبا لە فاسیلەی دە دوازدە مەتردا ئەگەر توانیبامان شتێک بکەین دەکرا دەنا پێچ بوو دەیانتوانی دەرباز بن و لە ئێمە وون بن لە پڕ شەکرە بانگی کردین وەر ن. وەرن ئێمەش خێرا چووینە کن ئەو کووتمان چیە کووتی بێدەنگ دەنگی ماشێنە زۆریش نزیکە بێدەنگ بن هەتا لێتان دەرنەکەوێ لێی نەدەن نەکوو ماشێنی شەخسی بێ دەنگەکە هەر دەهات نزیکتر دەبوەوە، کەوەدەرکەووت ماشێنێکی ڕیۆی گەورەی ئارتەشی پڕ پڕ بوو لە نەفەر ئەم بەرەو بەر دانیشتبوون وێکڕا لێمان دان. لەو فاسیلەی کە لێمان دیار بوو هەتا لێمان وون بوو هەر لێمان دان ئاگامان لێ بوو سەر بەرەو خوار بەو هەموو نەفەرەوە خلۆر بۆوە دەمانەویست بە دوایدا بڕۆین کە لە چەند لاوە تەقەیان لێکردین

گوولەکان ئێمەیان نەدەگرتەوە بەڵام دەمانزانی لێمان نزیکن بۆیە شەکرە کووتی ئەگەر زوو هەڵنەکشێینەوە سەرێ دەورەمان دەگرن و دەرناچین خێرا بەرەو سەرێ سەکەوون تا نیوە زیاتر هاتبوونەوە سەرێ کە دوژمن تەپکێکی چکۆلە بوو گەیشتنە ئەوێ لەوێڕا ئێمە لە تیر ڕەسی ئەواندا بووین، موستەقیم لێیان دەداین تەپ و تۆزیان لە دەوروبەرمان هەڵدەستاند چار نەبوو هەر دەبوو بڕۆین من نەفەسم گیرابوو کورەکان لەمن خراپتر بوون دووماں دەماینەوە تەقەمان دەکرد تا ئەوانی دی سەردەکەووتن ئەوان تەقەیان دەکرد تا ئێمە سەردەکەووتین کە باش بوو کوڕەکانی تر هاتن بە هانامانەوە لەسەرێڕا چاکیان لێدەدان کەمێک فشارمان لەسەر کەم بۆوە قادر لە پێش منداا دەڕۆی چاوم لێ بوو گوولەیەکیان لە پانیەی دا کەڵاشی لە پێدا بوو سوور هەڵگەڕا بەخۆێن دانیشت دیار بوو ئازاری زۆر بوو کەمێک بە شەلە شەل ڕۆی بەڵام نەیتوانی شەکرە کووتی وەرە کۆڵم لە کۆلی کرد تا گەیاندیە بن پۆلە بەردێکی گەورە لەوێ داینا بە پێکەنینەوە پێی کووت ئەم جارەش نەجاتت بوو، کەمێک حەساینەوە هاتین بڕۆین نۆرەی من بوو لە کۆڵی کەم کە کوڕەکان پەیدا بوون و خێرا

بەشی یەکەم

ڕایانگوێست بۆ دواوە لەوێ تاوێکی باش دانیشتین و تەقسیمی کارمان کرد کە بۆیان بچین و لێیاندەین هەموو پێشمەرگەکان کۆببونەوە هێرشێکیان بۆ کردن هەتا سەر جادەی میندواو مەهاباد ڕاویان نان لەو کاتەوە بۆ هەمیشە شەکرە جێی خۆی لە دڵی منداا کردەوە ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەگەرچی شەکرە نەماوە هەر خۆشم دەوێ ڕۆحت شاد بێ شەکرە.

جەعفەری گوشواره فەرماندەری عەمەلیاتە سەختەکان...



هەر چەند جارێک دەمەوێ باسێک لەسەر شەهیدی نەمر جەعفەری گوشواره بنووسم هەموو گیانم مووچرکی پێدا دێت و غەمێکی قوڵ دامدەگرێ و دەستم دەلەرزن و نیگەرانم کە نەتوانم لانی کەمی حەقی خۆی پێبدەم و نەتوانم پڕاو پڕ بە هەیبەت و کەسایەتی و خوڕەووشتی مەردانەیی و سامی بەهێزی دوژمن بەزێن و. ئاستی شۆڕشگێڕی و لە ناخەوە هەستی کوردانەو پێشمەرگانەی بنووسمەوە!!!!!!

هەڵەم نەکردووە کە دەڵێم فەرماندەری عەمەلیاتە سەختەکان بوو. جەعفەر کە دیاری کرابوو ببێتە فەرماندەری لکی یەکی شەهید کاک شوان، هێشتا بۆ خۆی ساغ نەبوبوەوە کە بڕیار بدا. وەربیگرێ،، یا،،نا. جەعفەر لە پەلی ئێمە بوو پەلی شاهۆ هەموومان یەکترمان دەناسی و بە دەیان عەمەلیات پێکەوە بووین. هەموومان لەسەر باوەڕێک بووین. ئەویش هیچمان پێمان وا نەبوو کە سەعاتێکی تر یا ڕۆژێکی تر دەژین هەمیشە لاقێکمان لەسەر لێوی قەبری بوو، هەر بەینا بەینێک یەکێکمان شەهید دەبوو ئەوکات وێنەی شەهیدانی ئەو پەلەمان لە بنکەکەمان لە شیلاناوێ هەڵاواسیبوو کە هەموویان هاوڕێی گیانی بە گیانی بووین هەریەک لەو کوڕانەی پەلی شاهۆ بۆ فەرماندەری لک و یا هێزیش دەبوون و هیچیشمان لە هیچ کۆلیژێکی ئەفسەری و سەربازی دەرسمان نەخوێندبوو هەرچی هەبوو لە ڕێگای تەجروبەی خۆمانەوەو کاری مەیدانیەوە وەدەستمان هێنابوو

بەشی یەکەم

ڕۆژێک لای ئێوارە لەسەربانی مزگەووتی دێ بووین قسەدەممان لێدەدا کووتم جەعفەر بۆ نەچین سەردانێکی مامۆستا هێمن بکەین. ئەوە لە ناو باخەکانی خۆیدایە دەچین سیگاریشی بۆ دەبەین و ئەحوالێشی دەپرسین پێی خۆش دەبێ وردە وردە داگەڕاینە خواری بۆ لای مام هێمن هەموو خەڵکی دێ پێیان دەکووت مام هێمن ئێمەش لە زمانی خەڵکی ئاواییەوە پێمان دەکووت مام هێمن کە چوین لەسەر جۆگەکە دانیشتبوو خەریکی سیگار پێچانەوە بوو لە دوورا هەرامان لێکرد. بە مەرقەدی شێخی بورهانێ نایپێچییەوە ئەو تووتن و پەڕەی قاقایەکی کێشاو کووتی وەڵا دەڵێی لەمێشک و دڵمدان وەرن وەرن لەبەر ئەو بەژن و بااڵیەتان مرم وەرن دانیشن نەمانهێشت سیگارەکەی بپێچێتەوە سیگاری (بەهمەن) مان بۆ هێنابوو دامانێ کووتی ئەم حکومەتی ئیسلامیە هیچی بە کەڵک نایە بەڵام ئەم سیگارەی هەموو سیگاری دونیایە دێنێ کووتی باوەڕم پێبکەن زۆربەی هەرە زۆری سیگاری باش و بەناوبانگی ئەم دنیایەم کێشاوە بەڵام هیچیان تامی ئەم سیگارە نادەن ڕاستی دەکرد بە ڕاستی تامی خۆش و سیگاری چاک بوو

زۆرمان قسەی خۆش و جەفەنگ کرد

مام هێمن چاوێکی لە جەعفەر کرد کووتی ئەوە بۆ وا بێدەنگی جەعفەر گیان؟؟؟؟؟

جەعفەر زۆر کوڕێکی شەرمێون بوو زۆر بە حەیاو موئەدەب بوو زۆر کەم قسەی دەکرد کووتی وەڵا. بڵێم چی هەر پێم خۆشە گوێم لە قسەکانی ئێوە بێ ئەو دوانەتان کە قسە دەکەن پیاو هەر پێی خۆشە گوێتان لێ ڕاگرێ منیش کووتم جەعفەر گیان مامۆستاش خۆمانەیە مامۆستا گیان لێت نەشارمەوە داوایان لە جەعفەر کردووە ببێتە فەرماندەری لک ئەویش هەرچەند دەکا ساغ نابێتەوە ئێمەش هەموومان پێمان باشە بیکاو دەشتوانێ بەڕێوەی بەرێ و ئێمەش هەموومان هاوکاری دەکەین و پشتی بەرنادەین مامۆستاش کووتی وەڵا بابم. مردوو لەوە پاکتر ناشۆردرێ.

نازانم بۆ خۆت بە نیازی چیت. بەڵام ئەگەر قەبوڵت کرد. (وەکو خۆت وەکو دڵ و ئیمانی خۆت وەکو فکرو بیروباوەڕی خۆت فەرماندەیی بکە)

لەشەڕدا هیچ کات چاوەڕوانی کەس مەکە کارێکت بۆ بکا هەرچی بۆخۆت دەستت پێی ڕاگەیشت بیکە ئەگەر نەتتوانی بۆخۆت ئەنجامی بدەی بەکەسێکی تر بڵێ بەڵام بەشەرتێک بۆ هەر دەستوورێک کە دەیدەی ووشەی (تکایە) بەکار بێنە قەولت پێدەدەم فەرماندەیەکی زۆر سەرکەووتوو دەبی دەستی لەدەستی جەعفەر ناو کووتی ئەگەر قەبوڵت کرد ئەم قسەیەی کۆنە کارو دونیا دیدەیە لە بیر مەکە.

دوای ئەوەی لەگەڵ کوڕەکان چەند ڕۆژێک زۆرمان قسە لەگەڵ کرد جەعفەر قەولی دا کە ئەو ئەرکە و بەرپرسیارەتی

بەشی یەکەم

فەرماندەری لک وەربگرێ و تا لەو ڕێگایەوە بتوانێ خزمەتێکی زیاتر بە خەڵکی کوردستان و حزبەکەی بکاو لە لاشەوە تۆڵەی خوێنی شەهیدەکان بکاتەوە کە ئەوکات نەدەبوو زۆری بەسەر بچێ لە تۆڵەی خوێنی هەر شەهیدێک لای ئێمە ئەوکات تۆڵە بە سەبر نەبوو کە دەیانکووت تۆڵە بەسەبرە ئەمما بە زەبرە(تۆڵە خێرابوو بە زەبر تریش بوو)

کاتێک جەعفەر حوکمی فەرمانەیی لکی پێدراو مۆری لکیان تەحویل دا ئێوارە خوانێکی گەورەو پێشمەرگانەمان بۆ گرت لە بنکەی خۆمان پەلی شاهۆ سەرپەلەکان هەموو لەوێ بوون هەندێک کەسیترمان دەعوەت کردبوو کە پێم وابێ کاک سەعید بەگزادەوئەگەر هەڵە نەبم کاک ئەمیری وەزیری وەک ڕێکخراوەکان لەوێ بوون مامۆستا هێمنیش لەوێ بوو لێتان نەشارمەوە شەوێکی زۆر خۆش زۆر پڕ لە یادگاری. کوڕەکان هەتا زگیان بردی خواردیانەوە ئەوشەوە هەر هەموومان دەمانکووت ئەمشەو دەمانەوێ مەستی مەست بین هەر واشمان کرد. بەڵام داخی گرانم هیچ کات وێنەیەکی یادگاری و دوربینێکی باشیان بۆ نەدەکڕین کە ئەو هەموو خاتراتانەو ئەو هەموو شەڕە گەورانە. وێنە بکێشین یا فیلم هەڵگرین.

وردە وردە جەعفەر کارەکانی لکی دەکرد ئێمەش هەموو هاوکاریەکمان دەکرد لە دەورانی فەرماندەیی جەعفەردا زۆر زوو توانی تواناکانی خۆی پێشان بداو خۆشەویستی خەڵک و پێشمەرگە بۆ لای خۆی ڕاکێشێ لە ماوەیەکی زۆر کورتدا جەعفەر بوو بە فەرماندەیەکی سەرکەووتوو و جێگای متمانەی خەڵک و پێشمەرگەو حزب بۆیە هێزو کۆمیتەی شارستانی مەهاباد حسابێکی زۆریان بۆ جەعفەر دەکرد من بەش بە حاڵی خۆم قەت نەهێشت بۆ جارێکیش بە تەنێ بێ بۆ هەموو عەمەلیاتە گەورەکان پەلی شاهۆ ئەوپەڕی هەوڵ و گینفیداییمان دەکرد تا عەمەلیاتەکە سەرکەووتووبێ هەرچەندە هەموو پەلەکان هەروابوون لە دەورانی فەرماندەیی جەعفەردا زۆر پایەگای گەورە گیران کە دوژمن هەرگیز پێی وانەبوو ئێمە بتوانین ئەو هێزەمان هەبێ زۆر عەمەلیاتی ناو شاری مەهاباد ئەنجامدران کە بۆ هەمیشە لە مێژوودا بوونە میدالی ئیفتخارو سەرکەووتن و درا لەسینگی جەعفەری گوشواره و هاوسەنگەرانی زۆر عەمەلیات ئەنجام درا کە بۆ هەمیشە لەدڵی کوڕەکانی شاهۆدا بە نهێنی دەمێنێتەوەو لەگەڵ خۆمان دەیبەینە بن گڵ بەڵام نایدرکێنین هەر عەمەلیاتێک کە بۆ کردن نەدەبوو لەگەڵ جەعفەر زۆر ئاسان و دەکرا بکرێ، ئێمە لەتواناماندا بوو وە دەمانتوانی هەموو عەمەلیاتێک ئەنجام بدەین، شوعارێک بوو هەمیشە دەمانکووتەوە هەرچیش لەدەستمان هات کردمان و باشیشمان کردو سەربەرزیش بووین..

بەشی یەکەم

خێزانمان بۆ جەعفەر پێک هێنا بۆمان گواستەوەو ماڵمام بۆ داناو قەول و بەڵێنیمان بە یەکتردا هەرکامێکمان ژنمان هێناو منداڵمان بوو ئەگەر کوڕ بوو ناویان بنێین (شاهۆ)ئەگەر کچیش بوو ناویان بنێین (تەوار) هەموومان لەسەر قوڵی چەپمان ناوی شاهۆیان بۆ خاڵکوبی کردین واشمان کرد هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی نادیارت تۆ بە جەستە لەگەڵمان نیت بەڵام هەست بە بونت دەکەم هەست بە زیندوویت دەکەم. شاهۆی کوڕت گەورە بوە قەڵافەتی وەک قەڵافەتی تۆ پیاوانەیە بۆ هەتا هەتایە ناو و نیشان و قارەمانیەتیت لە مێژوودا تۆمار کرا ئەوەندە من بزانم و بە چاوی خۆم دیبێتم بە سەدان جار و سەدان ئەوەندە بۆ خۆت بەدەستی خۆت تۆڵەی خۆت کردبۆوە دوای تۆش کوڕەکان نەیانهێشت خوێنت وشکەوە بێ. تۆڵەی تۆو یوسفی براتیان کردەوە بادوژمن بە خۆی نەنازێ. کە توانیان ئەو دوو برایە شەهید بکەن.

عەمەلیاتێکی کورت و بەهێز



هاوینی ساڵی ١٣٦٠ بوو کاک هەژار فەرماندەری هێزی پێشەوا بوو ئارتەش و سوپای پاسداران حسابێکی تایبەتیان بۆ کاک هەژار دەکرد کاک هەژار شارەزایەکی زۆری سەربازی و شێوەی بە کار هێنانی چەکەکان و زەرب و تەقسیمی شەڕی هەبوو. بۆیە زۆری لێدەترسان و بە دیقەتەوە لێکدانەوەیان بۆ تەرح و عەمەلیاتەکانی کاک هەژار دەکرد کاک هەژار هیچ کاتێک لە فەرماندەیی خۆیدا بنکەی هێزو جێگای کاری خۆی لە پشتەوەو دور لە دەستی ڕژیم دانەدەنا بەڵکو بنکەی هێزو جێگای حەوانەوەی خۆشی لە خاڵی هەرە پێشی نزیک لە دوژمن بوو لە گوێکتەپە هەر وابوو لە زگدڕاو هەر وابوو ئێمەش زۆرمان پێدەکووت کاک هەژار ئاخر ئەم جێگایە موناسب نیە بۆ بنکەی هێزو مەترسی زیاتری لەسەرە تەنها و تەنها هەموو جارێ بزەیەکی دڵسۆزانەو چاو لێکردنێکی خۆشەویستانەی لە ڕوخساری دەبینراو هیچی تر سوسەن ئابادی ئەو کات فەرماندەری تەواوی ئەو هێزانە بوو کە دەوڵەت ڕەوانەی مەهابادو دەوروبەر کردبوو بکوژو ببڕیش بۆ خۆی بوو لە ناوچەکە کە زۆری جنایەت کرد لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە سوسەن ئابادی بنکەی ئەسڵی خۆی لە گوێکتەپەبوو بنکەی ئەسڵی کاک هەژاریش لە زگدڕاو بوو

ئەم دوو بنکە دژ بەیەکە زۆر لێک نزیک بوون بۆ بوردی هەوایی هەموو جۆرە تۆپ و خومپارەیەک دەگەیشتنە یەک جارێک سوسەن ئابادی خۆی تاقی کردەوە وبستی کاک هەژار بترسێنێ و ئەو بنکەیەی پێ چۆل بکا ئێمە وەک پەلی شاهۆ کاک هەژار لەلای خۆی دایناببووین لای نیوەشەو بوو بە ڕمبە ڕمبی تۆپ و خومپاران زۆر بە خەستی تۆپبارانیان کردین کاک

بەشی یەکەم

هەژار کووتی خۆتان چاک قاییم بکەن دانیشن لە جێی خۆتان. هات و چۆ زۆر مەکەن بۆخۆی چووە دەرێ لا زاویەیەکی خانوەکەوە چاوی لەو جێگایە دەکرد کە. بریسکەی تۆپەکەی لێ دەهات پێم وابێ نیو سەعاتێک لەوێ بوو، هاتەوە ژورێ کووتی هەر ئاگاتان لە خۆتان بێ و هیچی تر بەڵام هەر بۆ ئیحتیات تیمێک بنێرنە شاخی با تا بەیانی لەوێ بن شەش حەوت کەس بووین هەستاین چووینە سەر شاخی پشت دێ کە شاخێکی زۆر بەردەڵان و چڕو پڕ بوو، پێیان دەکووت مەنجەڵشکێن لەوێ بووین تا بەیانی و. دوایە هیچ خەبەر نەبوو هاتینە خوارێ کاک هەژار کۆی کردینەوە کووتی کورینە ئەوانە دەیانەوێ قودرەتی خۆیان بە ئێمە نیشان بدەن بە تایبەتی بە من بۆیە دەبێ ئافڵیان کەین لای ئێوارە تۆپەکەی ئاماده کردوو لە پشتی تراکتۆرێکمان کردوو زۆر نزیک بووینەوە لە گوێکتەپە کە بنکەی "سوسەن ئابادی" لێبوو تەپکێک بوو زۆریش بڵند نەبوو تۆپەکەی لە بن وێ داناو ئامادەمان کردوو گوولەکانمان ئاماده کردوو جا کووتی دانیشن تا کاتی خۆی دێ لای سەعات دوازدەی شەو بوو دوژمن دەستی کرد بە تۆپ باران بۆ سەر بنکەی هێز، دە دوازدە گولەیەکیان هاویشتبوو هەتا کاک هەژار تۆپ و ئەندازەو گەرای گرت و ئاماده بووین گولەیەکمان تێهاویشت و کەمێکی ئەم بەرەو بەر کرد

کووتی بیکێشن. پەتکی تۆپەمان کێشا. تەقی و ڕۆی خێرا یەکیتری تێهاویشت و کووتی لێیدەن ئەویش ڕۆی تا پێنج گوولەمان هاویشت شەشەمی تێهاویشتبوو کووتی پێم وانیە ئەم گوولەیە بتەقێنین ئەگەر دەنگیان لێهاتەوە لێیان دەن، نیو سەعاتیش ڕاوەستاین هیچ دەنگێک یا تۆپێک خومپارەیەک لە لایەن دوژمنەوە نەهات بزەیەکی هاتێ و کووتی چوارەم و پێنجەم گولە کاری خۆیان کرد تازە پێم وانیە قەت تۆپبارانمان بکەنەوە کووتی ئەو شتانە کۆبکەنەوە با بڕۆینەوە دوای ئەوە نە تۆپ بارانیان کردین و مات بوون، زانیان لەگەڵ کێ ڕووبەڕوون دەیانکووت هەم سوسەن ئابادی بۆخۆی بریندار بووە هەم کوژراوو بریندارین زۆر بووە هەم دەیانکووت ڕاست لە تۆپەکی دوژمنی دابوو، هەژار جار یادت بەخێر فەرماندەکەم.

ڕۆحت شادو ڕێگات پڕڕ ڕێبوار

ئەم بیرەوەریانەم هەرچۆنێک بە چاوی خۆم دیومە دەیگێڕمەوە

داوای لێبوردن لەو کەسانە دەکەم. کە لە باری ئەمنیەتیەوە ناتوانم ناویان بێنم.

بەشی یەکەم

هەروەها لە کەسانێک کە لە قەڵەم دەکەون و ناوەکانیانم بیر نەماوە وەک خۆی هەتا بتوانم لەگەڵ کەسانێک بیرو ڕا. دەگۆڕمەوە کە بۆ خۆیان لەم عەمەلیاتانەدا بەشدار بوون، بە نەزەرو بۆچوونی هەموومان ئەم بیرەوەریانە دەنووسمەوە. هەتا ون نەبن و بە فەرامۆشی نەسپێردرێن.

بەشی یەکەم

تۆپ بارانی پایەگای "داشامەجید" لەمەهاباد لەلایەن شەهید کاک هەژار...



کاک هەژار فەرماندەری هێزی پێشەوا بوو

ئێمەش پەلی شاهۆ بووین و نزیک بە بیست پێشمەرگە بووین. سۆفی سەرپەلمان بوو بنکەکەمان لە گوندی شیلاناوێ بوو، بنکەکەمان پێک هاتبوو لە دوو دیوو و پێشخانەیەک. کە پێشتر قوتابخانەی گوندەکە بوو. هەرچەند من لەسەر مەسئولیەتی خۆم و بە بڕیاری خۆم دەرسی کوردیم بە منداڵانی گوندەکە دەکووتەوە هەر چەند وەختم هەبایە کۆمەدکردنەوەو دەرسم پێدەکووتن زۆریش چووبوونە پێش و باش بوون لە نووسین و خوێندنەوەی کوردی کە ئەوەش بۆ خۆی داستانێکی خۆی هەیە.

دیوێک هەموومانی تێدابووین. دیوەکەی تر کردبوومانە عەمبارو زاخەی هەموو جۆرە موهیماتێک لەگولە تۆپی ١٠٥ ملم و ١٠٦ملم و خومپارەو دۆشکەو هەموو فیشەکێکی چەکی سووک و قورس.

تا بنی میچی لیپاو لیپ بوو. کوڕەکانی پەلی شاهۆ. وەکوو هەموو پێشمەرگەکانی تر. قوشمەو شۆخی بازو بەدفەڕ پڕ تەحەروک و پڕ ئنیرژی. هەر دەتکووت فەنەریان لەبن لاقانە ساتێک هەدادانیان نەبوو، داخی گرانم ئێستا ئەو

بەشی یەکەم

قارەمانانە. چەند کەسێک نەبێ وەک قامکی دەست هەموویان. بە حورمەتەوە دەم بە پێکەنین و بە سەربەرزی و بە پێشکەش کردنی ڕۆحی شیرینیان بە کوردو کوردستان شەهید بوون و بەجێیان هێشتین و ڕۆشتن تا کورد بژی.

بە قەولی کاک حەسەنی شەرەفی کە ئەوکات بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی هەهاباد بوو. دەیکووت ئەو کوڕانە پیاو ناوێرێ و دڵی نایە. دڵیان بشکێنێ. لەم کۆبوونەوە تا کۆبوونەوەیەکی تر یەک دوانێکیان شەهید بووە.

ئێوارەیەک. کاک هەژار بە لاندەوێرەکەی پەیدا بوون و هات بۆ سەردانی ئێمە. دابەزین و یوسفی سازواری و سمایل سمایلزادەو. مەجید دەباغی لەگەڵ بوون. هاتنە ژووڕێ و ئێمەش هەر ڕۆژەی دوو کەس پەزیراییان دەکرد. نازانم ئەو ڕۆژە نۆرەی کێ بوون سەماوەرەکەمان لەو گەورەکان بوو. هەمیشە قش قش دەکوڵاو حازرو ئامادە ڕێزێکمان چا خواردەوەو. کاک هەژار کووتی نازانم کوڕینە بۆ. من ئەگەر دێمە ئێرە تەواو دەحەسێمەوە خێرا یوسف هەڵیدایە کووتی کاکە ئاخر ئەوە ئەو پەلەیە کە منی لێبووم. بوو بە پێکەنین و قسەی خۆش کاک هەژار زۆر بە کەمی قسەی دەکرد. هەرگیز قسەی زیادی. نەدەکرد. هەرچی کووتبای دەبوو زۆر بە جدیت وەرگرتبایە. قسەکانی کورت و پڕ ناوەرۆک بوون. ئەگەر کووتبای کارێک دەکەین وەک بڕیار بێ ئەملاو ئەولا دەیکرد، خوێندنەوەی زۆری بۆ بڕیارەکانی دەکرد. هەمیشە نەزەرو بۆچوونی هەموومانی وەردەگرت. زۆر کەم بۆخۆی بە تەنیا بڕیاری دەدا. زۆر سەریع بوو لە بڕیاردان زۆریش مەرەبان و بەجەرگ و ئازاو بە غیرەت بوو، هەرکات بەدڵ و مێشکیدا هاتبا.

سەردانی هەموو لکەکانی دەکرد. هیچ فەرقی نەدەکرد شەو بایە. نیوەشەو بایە بەری بەیانی بایە. یا بەفرو باران یا گێژەڵوکەو تۆفان بایە. هەڵدەستا دەڕۆی زۆر جاران هەر خۆی و شۆفێرەکەی بوو، هیچ کاتێک پێشمەرگەو ئیسکۆرت و شتی وای قەبوڵ نەدەکرد لەگەڵی بن شەوی وا هەبووە سەردانی هەر سێ لکەکەی دەکرد.

تاوێک دانیشت و کووتی کوڕینە. ئیجازەم دەدەن سەرخەوێکی نیوسەعاتی بشکێنم؟؟؟؟ هەر لە جێی خۆی درێژ بوو پەتووپەکمان پێداداو لێی نوست کووتمان ناهێڵین بۆ شامێ بڕواتەوە پەزیراییەکی باشیان لێدەکەین خێرا چوار مریشکمان کوشتەوەو بێ ئێوە ناخۆش. جوجە کەبابێکی باش و بەلەزەتمان دروست کرد، پیاو دەست و قامکی خۆی پێوە دەخوارد.

دیوەکەمان بۆ کاک هەژار چۆل کرد تا بەبێ دەنگی ئیسراحەتێک بکات کەوەختەبەرهات تاریکی کردبوو هاتەدەرێ بزەیەکی هاتێ کووتی بەڕاستی هەموو گیانم هاتەوە سەرەخۆ شیلانگێکمان لە کن مەقەڕێ بوو لە دۆڵەکەی سەرێڕا کێشابوومان

بەشی یەکەم

ئاوەکەی دەتکووت تەرزەیە هێندە ساردو سالم بوو. چوو لەوێ کەمێکی لەو ئاوە سازگارە بە دەم و چاویدا کرد و کووتی بەڕاستی ئاوی چاکە بۆیە مامۆستا هێمن شێت و شەیدای خاک و ئاوی شیلاناوێ بوو. ناحەقی نەبووە ئەم ئاوە خۆشە بەجێ بێڵێ چۆن شێت نابی هاتەوە ژورێ و چراتۆڕمان هەبوو هەڵمانکردبوو. ئەوکات چراتۆڕ ڕێزو ئیحترامی خۆی هەبوو.

کە سفرەمان ڕاخست و لەو خواردنە بەلەزەت و بۆندارەمان دانا. پیاو زاری ئاوی دەکرد کوڕەکان چووبوون لەلای سەرەوەی دێ کوزەڵەو پنگ و گیاو شتی وایان هێنابوون بۆنی تەواوی ئەو دیوەی هەڵگرتبوو بێ ئێوە ناخۆش شامێکی زۆر بەتام و خۆشمان خوارد.

دوایە بوو بە باس و قسە کردن و باس باسی شەڕو دوژمن و جێگای عەمەلیات و. وەزعی ناوشارو ئەم شتانە بوو کاک هەژار هەر گوێی دەگرت.

شەو درەنگ ببوو. کاک هەژار کووتی ئێمە دەڕۆین زۆری سوپاس کردین و کەهات سواری ماشێنەکە بێ ئەمنی بانگ کرد کووتی بۆ سبەینێ. ٣٠ گوولە تۆپی ١٠٥ و خەرجیەکانم بۆ جودا بکەوەو ٣٠ ماسوڕەشم بۆ دانێ کووتم بەچاوان. کووتی من لای سەعاتی دوو دێمە ئێرە هەڵیدەگرین و دەڕۆین. لە بیرت نەچێ چونکە عەمبارەکە دوو کلیلی هەبوو یەکیان بە من بوو ئەویتر بە کاک هەژار بوو.

سەعاتی دوو کاک هەژار هات. کوڕەکانی ئەرکانی هێزیشی لەگەڵ بوو

کووتی شتەکان ئامادەن ؟؟؟؟

بەڵێ ئامادەن. هات سەیرێکی کردن و خەرجیەکانی چاو لێکردن و ماسوڕەکانی لەگەڵ خۆی بردو کووتی ئەو گولانەو خەرجیەکانیش لە پشتی تراکتۆرەکە هاوێن. هەموومان ئامادە کردن و کووتی سۆفی هەموو کوڕەکان ئامادە بکەو بە دوای ئێمەدا وەرن هەتا ئێرە کەس نەیدەزانی بۆ کوێ دەچین. پێش ئەوەی بڕۆین لەبەر دەرکی مقەڕێ هەموومانی کۆکردەوەو کووتی کوڕینە ئەورۆ عەمەلیاتێکی گەورەو حەساس ئەنجام دەدەین.

عەمەلیاتێکە دەبێ زۆر بە وردی و بێ ئیشتبا ئەنجامی بدەین ئەگەر ئیشتبای تێدا بکەین ڕەنگە زەرەر بە خەڵکی بگەیەنین. بۆیە داواتان لێدەکەم هەرکەسێک چ کارێکی پێ ئەسپێردرا دەبێ زۆر بە دەقیقی ئەنجامی بدا، کە چووینە جێگای عەمەلیاتەکە. لەوێ کارەکان دابەش دەکەین ئێستا با بڕۆین سوپاستان دەکەم.

وەڕێکەووتین هاتینە گوندی لاچین لەوێ دیسان ڕاوەستاین و کاک هەژار تراکتۆرەکەی لەگەڵ چوار کەس لە کوڕەکانی

بەشی یەکەم

ئێمەی ناردن بۆ گو ندی سەیداوا کووتی بڕۆن لەوێ موهیماتەکان داگرن لە فلانە جێگاو زوو وەرنەوە بۆ ئێرە دوایە هەموومان چووینە سەیداوا بە کۆمەڵ و بە شێوەیەک نەڕۆشتین. کە دوژمن مەشکوک بێ چونکە پایەگای گردەگرۆێ ئەو ڕێگایەی لێ دیار بوو کە پێیدا دەچووینە سەیداوا لە لاچینەوە.

پێش ئێوارە هەموو شتێک ئامادە کرابوو. تۆپەکە کاک هەژار دایمەزراندبوو. دیدەبانمان دانابوون چونکە بێسیمان نەبوو. یەک بە یەکێی دەکووت تا دەگەیشتەوە کاک هەژار بەینی شارو تەپەی گردەگرۆێ کە پایەگای لێبوو لەگەڵ سەیداوا. سێ سەنگەری خۆمانی لێبوو کە بە ئەندازەی بالای نەفەرێک قوڵ بوو. ئارپێجیمان لێ دانابوو لەگەڵ بیکەیسیەکە و. چەند پێشمەرگەیەک. بۆ ئیحتمالی هەر جموجۆڵێکی دوژمن تەپکێکی چکۆڵەشی لێبوو کە بۆ ناو ماڵەکانی مەجبورئاوا هەر کیلۆمەترێک دەبوو یا زیاتر یا کەمتر.

لەسەر تەپکەکە سمایل سمایلزادەو جەعفەری گوشوارەی لێبووین. دوای ئەوان. بە پێنج مەتر لە خوارەوەتر هەردوو کەمالی سمالزادەو کەمالی عەلیزادەی لێبوو. دوای ئەوان دووی تر هەر بەو شێوەیە تا کن کاک هەژار. ئێمەش پێنج شەش کەسێک بووین کە هاوکاری کاک هەژارمان دەکرد.

یەکەم گولەی تێهاویشت. ئامادە بۆ تەقاندن. هەموو کورەکانی کۆکردەوە. کووتی ئێستا داشامەجیدیان بە سەردا وێران دەکەین بە تایبەتی دیدەبانی یەکەم بۆ خۆم یەکەم گولە دیدەبانی دەکەم. ڕەنگە دووەمیش پێویست بێ هەر خۆم بیکەم. بەڵام ئەوانی تر دەبێ زۆر بە دەقیقی پێم بڵێن وەکوێ دەکەوێ گەرا گیری کردوو بۆ خۆی وەسەر کەووت. لەوێڕا کووتی بیکێشن. ئێمەش بە نۆرە پەتکەکەمان دەکێشاو گولەی ترمان ئامادە دەکردو لەسەر فەرمانی کاک هەژار ڕادەوەستاین تا فەرمانی دەدا.

کە کووتی لێیدەن. تەقاندمان چاومام لە گولەکە بوو ڕۆی تا سەر داشامەجیدو شۆڕ بۆوە بەسەریاندا بریسکەیەکی گەورەو دەنگێکی گەورە شاخ و شاری لەرزاندەوە. هاژە هاژی شاخەو شاخ بە یەکتریان دەکووت. دوژمن بەزێنە ئەم ئێوارەیە. دوژمن شکێنە ئەم ئێوارەیە کاک هەژار بە هەڵاتن هاتە خوارێ. کەمێکی دەستکاری کردو هەڵاتەوە سەرێ. کووتی لێیدەن دیسان پەتکی تۆڵەو دوژمن کوژمان کێشا. گرمەی کردو بە هاژە هاژ دای لە سەریان. دای لە سنگ و دڵی ڕەشیان ئەم جارە کاک هەژار هاتە خوارێ. کووتی تازە ناترسم کە گولەیەک وەشار کەوێ. پێدەکەنی زۆر خۆشحاڵ بوو، ئەوجار زوو زوو دەمانهاویشت. ورد ورد لەم سەر هەتا ئەوسەر. دەتکووت دروومانێ دەکا داشامەجیدی دەدوری دوو دانە گولە مابوو کووتی

بەشی یەکەم

ئێستا ئەوان هەڵدێن بۆ خوارەوە ئەم گولەیە با بۆ وان بێ. دا بیکێشن. تەقاندمان و بە دەنگەکەی زانی وە ئەودیوی پایەگادا کەووتوە بە دیوی شاریدا. خێرا ئەوی تریشی گۆڕی و کووتی لێیدەن گوێی لە دەنگی تەقینەوەی ئەوی تریش بوو کووتی. ئەم گولەیەش کاری خۆی کرد. کووتی ئێستا هەمووتان بڵاو بن خۆتان باش حەشاردەن و ئاگاتان لە خۆتان بێ.

تەواو قسەکەی تەواو نەکردبوو. کە دایانگرتین. عەجایب تۆپبارانێکیان کردین. وەک بارانەی گۆزەی سەراوژێر تۆپ و خومپارەو کاتیوشامان بەسەردا دەباری چۆن و بۆچی هیچمان بریندارێش نەبووین نازانم. تۆپ بارانەکە بە حەدێک تووند بوو کووتم حەتمەن شەهیدو بریندارمان زۆرە. بەڵام بە خۆشییەوە کەسمان بریندارێش نەبوو.

چووینەوە ناو دێ. کاک هەژار زۆر سوپاسی کوڕەکانی سەیداوای کرد کە سەرپەلەکەیان عەوڵای ئەمینی بوو تۆپ باران کەم ببوو. جار جار تۆپێکیان دەهاویشت. کووتی خێرا تۆپەکە بەرنەوە بۆ لاچین تیمێکیشی هەر لە سەنگەرەکان هێشتەوە تا تۆپەکە لە دیدی ئەوان دەردەچێ. کە تۆپەکە ڕۆی بە سەلامەتی هەموومان ئامادە بووین بۆ گەڕانەوە.

کاتێک کە تۆپەکان وە داشامەجید دەکەووتن. گوێمان لە هات و هاوارو فیکەو خۆشی خەلک بوو، لە خۆشیان وەخرۆش هاتبوون و ئاسمانی شاریان پڕ کردبوو لە هاوارو قیژەو فیکەی خۆشی بۆ ڕۆژی دواتر خەڵک لە شارەوە هاتن. هەموو سەریان سووڕ مابوو دەیانکووت ئاخر چۆن ئاوا بە دەقیقی و بێ ئەوەی گولەیەک سەر بکا یا بەر بکاو وەیەک ماڵیش نەکەوێ و هەمووی دەقیق لە پایەگایە دران خەڵکەکە دەیانکووت. لای ئاخریەکەی ئەوەی مابوون یا بریندار بوون لە ترسان بەرەو ناو شار سەربەرەو خوار هەڵدەهاتن کە دووگولەی ئاخری ڕاست لەنێویان کەووت و هەموو کوژران یا بریندار بوون نەماندی کەسیان هەستێتەوە لە جێی خۆیان.

سوپاسی ئەو هاوڕێیانە دەکەم هاوکاری و هاو فکریان کردم

ڕۆحی فەرماندەم کاک هەژارو هەموو شەهیدانی کوردستان شاد بێ

ئەقڵی(کووڕە)کەی عەولا ئەحمەدی...



پایزێکی درەنگ بوو. هەوا ساردی کردبوو مانمان لە دۆڵێ بوو. منیش کادری دەبیرخانە بووم بەر پرسەکەشم کاک جەلیل گادانی بوو. سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بوو.

هەموو خانوەکانمان بە نایلۆن داپۆشیبوو. خۆلاسە لە عەلاگەیدا بووین. ئاقڵانە ترین کارو هەرزانترین بوو. ئەو هەموو خانووە بۆ سەرمای زستان دەبوو فکرێکی ئەساسی و ئاقڵانەی بۆ بکرێتەوە لە وەزعە خراپەی حزبدا کە لە ئەوپەڕی بێ پوڵیدا بوو.

زۆر ناخۆش بوو. من دەمزانی دارو نەداری حزب چەندەیە. بۆیە بە ئەو هەموو کەم کوڕیەوە ڕازی بووم. هەموو ئەو نەبوونی و بێ ئیمکاناتیەمان لە بیری خۆمان دەبردەوە و دەمانگوزەراند. هەر توانیبامان بژێوی ماڵ و منداڵ دابین بکەین هەموو شتێک حەل بوو.

زۆر نامەوێ بچمە ناو ئەو مەوزووعەوە. پێم خۆشە بەسەرهاتەکەتان بۆ بگێڕمەوە. هەوا ساردی کردبوو. وردە وردە بە بێ ئاگر یا گەرمایی شەوانە نەدەحاوایەوە. منیش. نەپوڵم هەبوو. کورەیەک بکرم. نەپوڵی عەشتارو نەفت کڕینم هەبوو. ئەوی ساڵێش حزب لە بەر بێ پووڵی. نەیتوانیبوو نەفت و سووتەمەنی وەکوو دار بۆ ماڵەکان و بنکەکانی پێشمەرگە دابین

بەشی یەکەم

بکا.

عەولای ئەحمەدی. هێنابوومە دەبیر خانە لەوێ پێکەوە کارمان دەکرد. ڕەفیق بووین و. نێوانمان زۆر خۆش بوو.
ڕۆژێکیان کووتی ئەرێ کاک شۆڕش ئەتۆ بە ڕاستی کوردت نیە ؟؟؟؟؟؟؟
ئەمنیش کووتم نەوەڵا نە کوردم هەیەو نە نەفتم هەیەو نە دارم هەیەو نە پوڵم هەیە ئەدی کووتی چ دەکەی ئەم زستانە.
خۆ حزب هەتا ئێستاش هیچ خەبەرێکی نیە سووتەمەنێ دەدا. یا. نا.

کەمێکی فکر لێکردەوە. کووتی عەمباراوی ئاوێیت هەیە. زیادی.؟؟؟؟
کووتم. یەک دانەم هەیە. بۆ ؟؟؟؟
کووتی خەمێ مەخۆ لەو عەمباراوە. کورەیەکت بۆ دڕووست دەکەم.
کووتم وەڵا. عەولا. زۆرت لێ مەمنوون دەبم. منداڵان ڕەق هەڵاتن لە سەرمان.

کووتی تۆ هەر تانکیەکەم بۆ بێنە لە بەردەرکەی ماڵێم بۆ دانێ و کارت پێی نەبێ بە دوو ڕۆژان تەواوی دەکەم. بۆ لوولەکانیشی مەحتەل نابین.

بۆ سبەینێ تانکیە ئاوەکەم بۆ بردە بەر دەرکی ماڵێیان و لەوێم دانا. دوو ڕۆژی نەگرت. ڕۆژی دووەم. لە دەبیرخانە. کووتی تەواوم کردووە ئێوارە وەرە بیبەوە.

بەڵێ ئەمنیش چووم کورەکەی بەرمەوە. سڵاوم کردو. وەکوو هەموو جارێ. شۆخیم هەبوو لەگەڵ خێزانی هەر بە مانگی ١٤ ناوم دێنا.

کووتی کورەیەکی بۆ چاک کردووی نەک ماڵێک مزگەووتێکیش گەرم دەکا. زۆرم پێ خۆش بوو. هەر بە چواردەوری کورەکەدا دەهاتم و دەچووم. زۆر چاکی چاک کردبوو منیش دەستێکم لە دەرکەکەی دا. کووتم دەرکەکەشی. دەرکەی چاکە قسەی خۆمان بێ کووتی ئەدی بەڵام بە خودای ئەو دەرکەیە زۆری ماندوو کردم. وەنەبوو چەکۆ؟؟؟

چەکۆ کوڕی بوو تەمەنی هەر. ٥ - ٦ ساڵانە دەبوو. چەکۆش کووتی ئەدی بابە نەبوو. هەر چەکوشت لێدەداو

بەشی یەکەم

دەتکووت دایە ساحێبت دەگێم.

هەم عەولاو هەم خێزانی ڕەق هەڵاتن لە جێی خۆیان. یەک قسەشیان پێ نەکرا. عەولا هەڕای کردە سەر چکۆو بۆی نەگیڕا هەڵاتە بەر دەرکەی. لەوێڕا هاواری دەکرد دەیکووت ئەرێوەڵا سەد جاریش کووتی هەی دایە ساحێبت دەگێم. ئەدی وات نەکووت؟؟؟؟

ئەمنیش پێکەنینێک گرتبوومی. کووتم بابە لە کۆڵ کوڕەکەی بەوە. هەرچیت کووتوە. گەردنت خۆش و ئازاد بێت. ئێستا لە جیاتی ئەو جنێوانە. وەرە ئەوشۆ. لولەم بۆ پەیدا بکەو بۆم دامەزرێنە.

وەلا عەولا لە جیاتی جنێوەکانی بەوشەوە هات. لولەشی پەیدا کردوو کورەشی بۆ دامەزراندم و سەربانیشی کون کردو داریشی بۆ هێنام بەشی دوو سێ شەوان و کورەشی بۆ هەڵکردم و کە تەواو بوو. کووتی دەڕۆم خۆ هیچ کارێکت نەماوە کووتم وەلا یەک کارم ماوە. کووتی چیە؟؟؟؟

کووتم هەر دڵم پێی خۆشە. ئێستا بە دڵ جنێوێکی بە چەکۆی کوڕت بدەو لێی مەدە. ئەویش کووتی هەی دایە ساحێبت دەگێم چەکۆ وەک منت چۆن تووشی ئەو قوڕەکاریە کرد بەم شەوە. جا کووتی نا نا بەسەری تۆ هیچ بە چەکۆی نالێم.

لەم عەمەلیاتە دوژمن توانیان فێڵمان لێبکەن...



سالّی ١٣٦٢ بوو. بنکەی ئێمە. ئەرکانی لکی یەکی هێزی پێشەوا لە گوندی ئەمینئاباد بوو.

لە ئەرکانی لک. وەکوو نەفەر زۆر نەبووین کەمالّی سمایلزادە فەرماندەری لک بوو شەوێ درەنگانێک هاتبوومەوە زۆر ماندوو بوو لەگەڵ پێنج پێشمەرگەی پەلی شاهۆ چووبووینەوە شاری بۆ شوناسایی جێگایەک. کە بە نیاز بووین. بیگرین.

شەوێ درەنگ کە هاتمەوە. هەموویان نووستبوون. نیگابانەکە دەنگی دام و خۆم ناساندوو. چوومە ژورێ هەر ڕەختەکەم لە خۆم کردەوەو لێی نووستم.

سبەینێ کەمێک درەنگ وەخەبەر هاتم. کە هەستام. دوای نان و چا خواردن هەموو مەسەلەی شوناسایی و شێوەی جێگاو ڕێگای مەبەستی دیاری کراوم بۆ کەمالّ باس کردو بۆم شی کردەوە. دوای هەموو قسەکانم کەمالّ کووتی ئێستا نەزەری خۆت چیە؟؟؟

بەشی یەکەم

کووتم گرتنەکەی سەخت نیە بەڵام خەڵکێکی زۆر دەبێ ماڵ و حاڵی خۆیان بە جێبێڵن و بۆ خۆشیان هەڵێن دەنا هەمووبان دەگرن و لە مەترسیدا دەبن.

کووتی موافقی یا موخالیفی ئەو عەمەلیاتەی؟؟؟ کووتم هەر زۆر موخالیفم. کووتی ئەگەر وایە. نایکەین و ڕەتی دەکەینەوە.

هەر لەو قسانەدا بووین. کە. سێ پێشمەرگەی پەلی شەهیدان و سێ کەسی عەجەم. بەرەو لای بنکە دەهاتن.

بە خێر هاتنمان کردن و. فەرموومان لێکردن تا بێنە ژووری.

هاتنەژوری و سڵاویان کردوو جێگاو ڕێگامان هەر دیوێک بوو دانیشتن و. یەکێک لە کورەکانی خۆمان. کووتی ئەم برادەرانە فارس ن و دەڵێن کەسوکارمان. سەرباز بوون و گوایا پێشمەرگەکانی مەهاباد دەستگیریان کردوون و ئێستا ئەسیرن لە لای حزبی دیموکراتن.

ئەگەر هەڵە نەبم پێم وابێ حەسەن ئەهوەنیش لەوێ بوو. باشم لە بیر نیە. کە دەستمان بە قسە کردن و پرسیارو لێکۆڵینەوە کرد لە گەڵیان.

ئێمە وەک خۆمان ئەوەمان بۆ ڕوون بۆوە کە ئەم کەسانە. کەسوکاریان سەرباز بوون و بێ سەروشوێنن و هاتوون بزانن ماون یا کوژراوون.

بۆیە لەلای ئێمە هیچ جوابێکمان نەبوو پێیان بڵێین. بۆیە پێمانکووتن. دەتانێرینە کۆمیتەی شارستان لەوێ ئەوان دەتوانن لە دەفتەری سیاسی بپرسن و بزانن لە زیندانی حیزبدا هەن یا نا.

زۆربان پێ خۆش بوو. بەڕێمان کردن بۆ کۆمیتەی شارستان کە ئەوکات کاک حەسەنی شەرەفی بەرپرسی بوو.

چووبوونە ئەوێ لەوێ لە تەشکیلات زۆربان ڕێز لێ گرتبوون و پەیامیان دابوو بە دەفتەری سیاسی و ناوی ئەسیرەکانیان پێ کووتبوون.

ڕاوەستابوون لە سەر جوابی دەفتەر.

ئەوانیش ناردبوویانەوە بۆ گردەبەردان بۆ لای پێشمەرگەکان هەتا جوابەکەی بێتەوە.

دوای دوو ڕۆژان پەیامی دەفتەر هاتبوەوە کە. کەسانێک بەو ناوانە لای حزب نین.

ئەوانیش پەیامەکەیان بە عەجەمەکان کووتبوو. پێیان کووتبوون ئەو کەسانە لای حزب نین. پاشان بەڕێیان کردبوونەوە بۆ شاری مەهاباد.

بەشی یەکەم

دوای سێ یا چوار ڕۆژ دوای ئەو مەسەلەیە لە لایەن هەستەکانی خۆمانەوە لە ناو شار هەواڵیان پێ داین کە ڕژێم هێزێکی زۆری بە شەو هێناوە بۆ پادگانی مەهاباد و ڕۆژانەش هەلیکۆپتەرەکانی ڕژێم. هەتا ئێوارە هەر لە هات و چۆدان.

تکایە هوشیار بن و ئیحتیاتی خۆتان بکەن. نەکوو نیازی هێرشیان هەبێت. لە دوو جێگای تری باوەڕپێکراوی تریش هەمان هەواڵمان بە دەست گەیشتبوو بۆیە هەموو پەلەکانمان ئاگادار کردبوونەوە. شەوانە کەمینی شاخی دەربکەن و هوشیارو ئاگاداری هەموو جۆرە جموجۆڵێکی دوژمن بن و لە ژێر چاوەدێریان بگرن.

هەندێک نیشانە هەبوون ئەوکات. پێش هەر هێرشێک دوژمن بەکاری دێنا. ئێمە دەمانزانی بەڵام دوژمن پێی وابوو ئێمە ئاگاداری ئەو نیشانانە نین و ئاگامان لێی نیە.

کە ناکرێ باسی بکەم با هەروا وەک خۆی بمێنێتەوە. چونکە لەوانەیە زەرەری هەبێ. هەموو پێوەرەکان پێیان دەکووتین دوژمن بە نیازی هێرشە.

کەماڵ کووتی شۆڕش با هیچ شتێک لە مەقەرێ نەهێڵینەوە. با بیانشارینەوە و هەر بۆ خۆمان بین و ئەسیری دەستی ئەو هەموو مەدرەک و مەداریکانە نەبین. نەکوو هێرش بکەن با ئێمە ئیحتیاتی خۆمان بکەین.

هەموو شتەکانمان جێبەجێکردن و خۆمان و تفەنگەکانمان بووین. مانگە شەوێکی خۆش بوو هەوایەکی خۆش. ئەستێرەکان کەمتر دیار بوون ئەو جۆرە شەوە خۆش و ڕوناک و شەماڵێکی نەرم و فێنک تەواوی دارو درەختی دەلاواندەوە. دادەنیشتین و لەزەتمان لەو سروشتە جوانە وەردەگرت. نەرم نەرم. قسەم بۆ کەماڵ و کوڕەکان دەکرد

جاری وابوو کوڕەکان پێیان خۆش نەبوو ڕۆژ ببێتەوە.

حەقیان بوو. نازانی ئەو شەوانە چەندە جوان و شاعیرانە بوون ئێمە کە هەمیشە پێمان وانەبووە شەوێکی تر زیندوو دەبین یا. نا.

قەدری ئەو شەوە جوان و مانگە شەوە ڕوناکەمان دەزانی و پێکەوە هاوڕێ بووین هەتا ڕۆژ دەبوەوە.

سەعات. نزیک بە دووی شەوێ دەبوو. کەماڵ کووتی شۆڕش تەماست هەیە لەگەڵ کوڕەکان. ؟؟؟؟

کووتم تەماسمان هەیە. هەموو سەری سەعاتان ئەگەر خەبەرێک هەبێ قسان دەکەین. ئەگەر هیچ خەبەریش نەبێ. تەماس ناگرین.

کووتی ئەگەر تەماست گرت بزانە بە عەوڵا ئەمینی نالێی سبەینێ بێتە ئێرە.

کووتم زۆر باشە پێی دەڵێم.

بەشی یەکەم

سەعاتی سێی شەو بوو کوڕەکان لەسەر خەت بوون پێم کووتن. بۆ سبەینێ لای سەعاتی هەشتی بەیانی بوو. هەوا ڕۆناک و تاو هەڵاتبوو کە کوڕەکان کووتیان لە شاخی نەفەر دیارن و. لەوانەیە دوژمن بن.

کە هاتمە دەرێ چاوم بە هەموو لایەکدا گێڕا. دیتم. پاسدارن. چومە ژورێ کووتم کەماڵ هەستە. هێرشیان کردوە.

ئەمجارە بە ڕووناکی هاتوون. فێڵیان لێکردووین. هەستە زووبە.

لە سەر جێگاکەی دانیشتبوو. کووتی عەولا نەهاتووە.؟؟؟

کووتم نەوەڵا نەهاتوە. کووتی موتمەئینی پاسدارن لە شاخی؟؟؟

کووتم هەستە پاسدارن. ئەی تۆ بڵێی هەر شاخەو شوانێکی لێ بێ.

هاتەدەرێ و چاومان لە شاخی دەکرد پێشانم دەدا. کە یەکەم ئارپێجیان لە پێنج مەتری من و کەناڵ دا. لەگەڵ ئارپێجیەکەش بە ڕەگباران لێیان داین خۆمان لە ژووڕێ هاویشتەوە. کووتم. باوەڕت کرد.

خێرا خۆمان بەست و کەماڵ کووتی هەموومان بۆیان دەچین. کەس لە ناودێ نەمێنێ. بە خەڵکەکەش بڵێن با خێرا ناو دێ چۆل کەن و بڕۆن. خۆمان ئامادە کرد بۆیان وەسەر کەوین.

کە دیتم لە لای گوندی گردەبەردانەوە تویوتایەکی پڕ لە نەفەرات بۆ لای ئێمە دەهاتن کەماڵ کووتی وا دیارە گردەبەردانیان گرتووە. ئەدی بۆ هیچ دەنگی تەقە نەهات لەوێ؟؟؟

زۆرمان پێ سەیر بوو. ئەوە چ خەبەرە چ ڕوویداوە ؟؟؟

هەتا تویوتایەکە کەمێک نزیک بۆوە. کەمینمان بۆ دانا لێی دەین. کە گوێمان لێ بوو دەنگی گۆرانی ما ملێی لێ دەهات. کووتم کەماڵ پێم وابێ ئەوە تویوتایەکەی خۆمانە لەو قسە نەدا بووین. لە سەر شاخیڕا دیتیانن. ئارپێجیەکیان پێوەنان نەیانهەنگاووتن هەموو خۆیان فڕێدایە خوارێ و بە چواردەوری خۆیاندا بڵاو بوون دیار بوو نەیاندەزانی چ خەبەرە.

ماملێش هەر دەیکووت ئاخرین دەنگیان دابوویە. زانیمان کە کوڕەکانی خۆمانن بانگمانکردن و خۆیانگەیاندە لای ئێمە بەڵام باش بوو کەسیان بریندار نەبوون.

عەولای ئەمینی و کوڕەکان بوون. پرسیارو قسەیەکی زۆر کراو پێمانکووتن هێرشیان کردووە و. باشتان ڕزگاری بوو. لکی دوو لە قزڵجەی خوارێ بوون ئەوانیش ئەو تویوتایەیان دیبوو پێیان وابوو دوژمنە بۆیە بە تۆپی ١٠٦ ملم دوو یا سێ تۆپیان بە ماشێنەکەوە نا. بەڵام لێیان نەدا. هەتا زانیان هی خۆمانە بێدەنگ بوون و بە کۆمەگی ئێمەوە هاتن دوژمن زۆر زیرەکانەو زۆر بە بەرنامە هاتبوون. خۆیان لە کەمینی شەوانەی پێشمەرگە پاراستبوو. ڕاوەستابوون هەتا هەوا ڕووناک ببێ.

بەشی یەکەم

چونکە دەیانزانی کە هەوا ڕووناک بوو پێشمەرگەکان کەمینەکانیان چۆل دەکەن و دەگەڕێنەوە بنکەکانیان. ئەوانیش بێ ترس. شاخەکان و جێگا کەمینی پێشمەرگەکانیاندەگرت.

زۆرمان پێ سەیر بوو. ئەوە تاکتیکێکی تازەو مەشکوک بوو هەرچەندە فکرمان لێدەکردەوە بۆمان حەل نەدەبوو. ئەوانە چۆن هاتوون و چییانکردووە. چۆن لە کەمینی پێشمەرگە نەکەووتوون. بە هەرحاڵ. کوڕەکانی کەلەگەڵ عەولای ئەمینی بوون. لەگەڵ ئێمە هەموومان تەقسیم بووین و بۆیان سەرکەووتین.

چەند سەنگەرێکمان پێ چۆل کردن بەڵام ئەسڵی دوندی شاخەکە نەدەگیرا چونکە نەماندەتوانی بۆیان بچین. بەینی ئێمەو ئەوان ڕووتەن بوو ئەوانیش زاڵ بوون بەسەر ئێمەدا. لەوێ پێشمان پێگرتبوون. کە گوێمان لێبوو لە ناودێی گردەبەردان بوو بە تەقەی دوو تەرەفەو زۆر توند بوو وا دیاربوو تێکەڵ بوون.

عەولای ئەمینی حەجمینی لێ هەڵگیرابوو دەتکووت لە سەر پۆلوانە زۆر نارەحەت بوو بۆ پێشمەرگەکان. کووتی کەماڵ بە خودای خۆمیان نەگەیەنمێ دڵم دەتۆقێ. کاکە گیان شەڕەکە دیارە شەڕی دەستەو ئێخەیە. هەر دەچم بۆ لایان لەگەڵ کوڕەکانی کە لەگەڵی بوون تیرەگەو تیرەگ. جار جار دادەگەڕانە خوارێ بەرەو گردەبوردان بە هەڵاتن ڕۆشتن. لێمان ون بوون و دیار نەمان.

گوێمان لێبوو لای شیلاناوێش بوو بە تەقە کوڕەکان لەوێش دەرگیر بوون لە گەڵیان نەخێر. کە چاومان لێکرد بە هەموو لایەکدا هاتبوون. ئەوە دووەم جار بوو بەم شێوەیە لە هەموو لایەکەوە هێرش بێنن. کە دیتمان لە هەر چوار دەورەمان تەقەیەو شەڕە مانەوەمان لە ئەمینئاباد بێ سوود بوو. کە کووتیان کوڕەکانی گردەبەردان دەورەیان گیراوەو مقاوەمەت دەکەن چووین بۆ لای ئەوان کۆمەگیان بکەین لە ڕێگا تووشی پێشمەرگەکان بووین. کشابوونەوەو ناو دێیان چۆل کردبوو جاش و پاسدارەکان ناودێیان گرتبوو. ئێمەش لەگەڵ پێشمەرگەکان کۆبووینەوە هەموومان بەرەو ناودێ چووین.

ناو دێیان گرتبوو. دەنگی سروودو هات و هاوارێکی زۆر لە ناو دێ دەهات نەماندەزانی چ خەبەرە. کە لێیان نزیک بووینەوە ئەوان کەمینیان دانابوو پێشتر لێیان داین. زۆر بە تونڈی لێیان داین. ئارپێجی و تۆپ و خومپارە وەکوو باران بەسەرماندا دەباری. کەسمان بریندار نەبووین.

بەشی یەکەم

ئەوان کە ئێمەیان دیبوو. زۆر ترسابوون. زوو تەقەیان لێکردین کە لە ناو بەردەکاندا بووین. کووتم کەماڵ ئەوانە زۆر ترساوون ئەگەر بیست مەتری دیکە چووبایتە پێشێ دەگەیشتینە ئەو دەشتاییە دەیانتوانی هەموومان بکوژن. بەڵام وا دیارە زۆر ترساوون.

دوای لێدان و تەقەیەکی زۆر نەمانتوانی بچینە ناو دێ. گەڕاینەوەبۆ بەینی ئەمینئابادو گردەبەردان لەوێ دامەزراین پێمان وابوو هێرش دەکەن بۆ لای ئەمینئابادو. لێیان دەدەین کەمێنێکی زۆر باشمان دانابوو. بەڵام هەر نەهاتن.
بەرەو قزڵجەی خوارێ ڕۆشتین. کە دیتمان قزڵجەی سەرێیان گرتبوو هاتبوونە خوارێ کۆنە پایەگایەکی لێ بوو لە بەینی قزڵجەی سەرێ و خوارێ گەیشتبوونە ناو ئەو کۆنە پایەگایە. کوڕەکانی لکی دوو مقاوەمەتێکی زۆر پیاوانەیان کرد. بەڵام هێرشەکە زۆر گەورەو فراوان بوو کۆمەڵەش لەوێ هەبوون. ئەوانیش هەر فریای ئەوە کەووتبوون خۆیان کۆبکەنەوە لە قزڵجەی خوارێ تووشی کاک ناسر پیرانی بووم. باسی شەڕەکەم بۆ دەکرد کە دیتمان کوڕەکانی لکی دوو دۆشکەیەکیان لە سەر پشتی ولاخێک قایم کردبوو دەیانەویست دەربازی بکەن. کە خومپارەیەک لە چەند مەتری ئێمەی دا.

کە هەستاینەوە هەر من و کاک ناسر لەوێ مابووین. کووتی ماوی؟؟؟ دەوروبەرمان ڕوانی کەسی لێ نەبوو. دەگەڕاین بزانین کەس بریندار نەبووە کە دیتمان پارچەیەک وە ئەسپەکە کەووتبوو هەر دەیحیلاند. دۆشکەکەش سوڕابوو هاتبووە بن زگی. خێرا گوریسەکەمان بڕی و دۆشکەکەمان لێکردەوە هەستاوە سەر پێ. بریندارێش بوو بەڵام دۆشکەکەمان لێ بار کردەوەو وە پێش خۆمان دا. کە ڕۆشتین هەموو کوڕەکان پەیدا بوونەوە.
کووتیان عەمباری موهیماتی هێز لەو دۆڵەدایە و محمد شێخزادە بەر پرسی بوو نابێ بە جێی بێڵین. کە چووین. کووتمان هەموتان بەرەو شاخی وەسەرکەوون کەس لێرە نەمێنێ. ئەو شاخەی ئەو بەر دەگرین ناهێڵین هیچ کەس نزیکی ئەوێ ببێتەوە.

پشتی سەرمان کە وەسەردەکەووتین گیرابوو. عیلاج نەبوو دەبوو کە چووینە سەر شاخ لێیان دەین و بڕۆین. لە ڕێگا من کوڕەکەی کاک کەریم پوڕقوبادم لە کۆڵم کردبوو بە نۆرە هەڵماندەگرت. ناوی شۆڕش بوو بۆ ئەوەی نەترسێ حیکایەتم بۆ دەگێڕاوە ئەویش مات ببو گوێی لێ گرتبووم.

تۆپ و خومپارەش هەر دەباری گەیشتینە کۆمەڵەکان. حەمەی حاجی بەرپرسیان بوو نێوانیشمان زۆر خۆش نەبوو بە تایبەتی حەمەی حاجی تەحریکاتی زۆری دەکرد بۆ شەڕی خۆکوژی. بە داخەوە.

بەشی یەکەم

گوێم لێبوو بانگی ڕەفیقەکانی دەکرد. وا دیار بوو دەڕۆشتن و جوابیان نەدەداوە ئەویش زۆر پیش قەڵس و تـوڕە ببـوو. زۆر بە دەنگی بڵند هاواری کرد کووتی بێشەڕەفانە بە پێشمەرگەکانی حزب بڵێم بێنە هاوکاریم؟؟؟

ڕەفیقەکانی زۆری لێ دوور کەووتبوونەوە.

ئێمەش خێرا چووینە لای و کووتمان چ خەبەرە چیمان لە دەست دێ هاوکاریت بکەین کووتی بە قوربانتان بم. بـڕۆن بـا بـە بۆنەی منەوە تووشی موشکیلەیەک نەبن کە دەستی بەرز کردەوە دەیکووت بڕۆن دەستی هەموو خوێن بوو

پێمـان وابـوو بـۆ خـۆی بریندارە. خێزانیشی لەگەڵ بـوو. دووگیـانیش بـوو کووتمـان وەرە هەڵتـدەگرین و وردە وردە دەڕۆیـن. دەگریا زۆر بە کووڵ دەگریا.

کە دیتمان بۆ خۆی بریندار نیە. خێزانـی بریندارە و منداڵەکەی بـە زگیـدا لەگـەڵ ڕیخۆڵـەی هـاتبووە دەرێ. کـە ئـەوەم دی هەموو دنیا لە پێش چاوم ڕەش بوو زۆر نـاڕەحەت بووم. بە هەر شێوەیەک هەڵمانـدەگرت. بـە لایـەکیتردا منـداڵ و نـاو زگی دەردەپەڕی. هێنـامان هەرچی ئـاغـابـانوو دەسرەو پشتێندوو شتی وامان دەوراندەور لـە زگ و پشـتی بـە سـتوەو بـا دەست و بـە پـاڵ پێوەنـان منداڵەو ڕیخۆڵەیمان لە زگی کردەوەو تـوند بۆمان بەست.

ژنەکەش زۆر بە غیرەت بوو هەر یەکجاریش هاوارێکی نەکرد.

کە دیتمـان پێشمەرگەکانی تـریـان گەیشتنێ و زۆریـان سوپاسی ئێمـە کردوکووتیـان ئێمـە لەگـەڵی دەبـین. ئێـوە بـڕۆن. بـە جێمان هێشتن. پێم وابـێ خێزانـی زۆر نـەژیـابوو مردبـوو. ناوچـەمان بـە جێهێشت و چـەنـد ڕۆژێـک چوینـە ناوچـەی مـەنگوڕان عـەلی ڕەشمان لێ بەجێمابوو بە بریندارى دواى دوو ڕۆژان چەند کەس لە پێشمەرگەکان بۆی گەڕانەوە چوون هەر لـە جێگـای خۆی مابوو هەر بەفری خواردبوو. پاسداران شانسی خۆی بە سەر ئەودا نەکەووتبوون دەنا دەیکووت زۆر بە دەورەمدا دەهـاتن و دەچوون بەڵام نەیاندیبوو هێنایانەوە لە مردنی حەتمی ڕزگاریان کرد پاش چەنـد ڕۆژێـک هـەمووەان گەڕاینـەوە جێگاکـانی خۆمان دوژمن پاشەکشەی کردبوو.

ئەو عەجەمانەی بۆم باس کردن. ئەوانە بە درۆ هاتبوون دەیانکووت کەسوکارمان لای ئێـوە ئەسیرن هەرسێکیان فەرماندەری سوپای پاسداران بوون فەرماندەری ئەو عەمەلیاتـە بـوون ئەوانـە بـەو بەهانەیـەوە هـاتبوون شوناسـایی هـەموو ناوچەکـەیان

بەشی یەکەم

کردبوو، چەند شەو لە مەقەڕی کوڕەکان بوون ئاگاداری هەموو هەڵسووکەوتێکی پێشمەرگەکان بوون. شەوانە خەڵکی دێ دەهاتن لە مەقەڕێ دادەنیشتن و قسەی خۆش و جۆرابێن و گۆرانیان دەکووتن و بەزم و ڕەزم.

خەڵکی گردەبەردان دەیانگێڕاوە دەیانکووت هەر ئەو کەسانە بوون. کە چەند شەو لەوێ بوون. دوکاندارێکی لێبوو کەمێک دەنگی خۆش بوو. گۆرانی بە پێشمەرگان هەڵکووتبوو. لە گۆرانیەکاندا جنێوی بە خومەینی دابوو کە هاتبوونە ناو دێ لە ناکاو پێشمەرگەکان هەر توانیبوویان خۆیان دەربباز بکەن زۆر قارەمانانە دەستیان کردبۆوە لێیان و لێیان دابوون. هەتا نەهاتبوونە بەر دەرکی مەقەڕێ پێشمەرگەکان نەیانزانیبوو.

کە ناو دێیان گرتبوو خەڵکی دێیان هەموو کۆکردبوەوە. دوکاندارەیان گرتبوو لەگەڵ هەموو ئەوانەی شەوانە چووبوونە مەقەڕێ. هەموویان ناسیبوون دەیانکووت زۆریان لە دوکاندارەی فەقیر دابوو کەمێک سمێڵی درێژو گەورەبوون دەیانکووت. هەر ئەوانە بە سمێڵ بڵندیان دەکردو بێ ئیحترامیان پێدەکردن بە هەموو ئەو جەوانانە ئەم بیرەوەری وبەسەرهاتانە بۆ لاوەکان و نەوەکانی داهاتوو دەگێڕمەوە هەتا بزانن پێش خۆیان پێشمەرگە کێ بووەو چۆن لە بەرامبەر دوژمندا بەرەنگاریان کردووەو لە پێناوێ ژیانێکی خۆش و ئازادی بۆ نەوەکانیان. سەربەرزانەو پیاوانەو قارەمانانە شەهید بوون یا بریندارو کەم ئەندام بوون یا ئاوارەی دورە وڵات کراون پێویستە شانازیان پێوە بکەن و سەرتان بەرز ڕابگرن.

هیوادارم ئەزموون لەم بەسەرهاتانە وەربگرن و بیکەنە دەرس بۆ داهاتووتان ئەم خەباتە درێژەی هەیەو هەتا ئازادی و سەرکەووتن.

یادێک لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٠



ئەم بیرەوەرییانەم هەرچۆنێک بە چاوی خۆم دیومە دەیگێڕمەوە
داوای لێبوردن لەو کەسانە دەکەم. کە لە باری ئەمنیەتیەوە ناتوانم ناویان بێنم.
هەروەها لە کەسانێک کە لە قەڵەم دەکەون و ناوەکانیانم بیر نەماوە وەک خۆی
هەتا بتوانم لەگەڵ کەسانێک بیرو ڕا. دەگۆڕمەوە کە بۆ خۆیان لەم عەمەلیاتانەدا بەشدار بوون
بە نەزەرو بۆچوونی هەموومان ئەم بیرەوەرییانە دەنووسمەوە. هەتا ون نەبن و بە فەرامۆشی نەسپێردرێن.

لە هێزی پێشەوا؛ لە مەهابادو دەوروبەر هەرکات جێژنەکانی حزب یا هەر مناسەبەتێکی تری حزبی هاتبا پێش پێشتر خۆمان بۆ ئامادە دەکردوو هەموو وەسایلێکی پێویستمان دەستەبەر دەکرد. لە هەمان کاتدا دوژمنیش لەو ڕۆژانەدا لە ئامادە باشی تەواودا بوون. چونکە دەیانزانی هێزی پێشمەرگە بە بێ ئەوەی گوێ بدەن بە ئامادەباشی هێزی دوژمن ؛؛ هەرچی بیانەوێ و لە هەر کوێ بێ دەستی خۆیان دەوەشێنن لە دوژمن... بۆ هەر مناسەبەتێک عەمەلیاتی جیاوازو هەر فەسڵەش شێوە عەمەلیاتی جیاوازمان هەبوو.. جەژنەکانی ٢٦ی سەرماوەزو ٢ی ڕێبەندان لیباسی سەرتاپا سپیمان لەبەر دەکرد.. بۆ ٢٥ی گەلاوێژ کە هاوین بوو هەم عەمەلیاتی نیزامی بوو هەم عەمەلیاتی تەبلیغی بوو ؛؛ وەکوو دەست بەسەردا گرتنی

بەشی یەکەم

زۆربەی مزگەووتەکانی شارو ئەو جێکایانەی دوژمنی لێبوو بە دانانی سروودی شۆڕشگێڕی و قسەکردن لەلایەن کادرەکانی حزب بۆ خەڵک ؛؛ هەم بڵاو کردنەوەی تراکت و شوعارەکانی حزب و وێنەی شەهیدان و هەرچی پێویست بایە دەمانکرد.. دوژمن زۆر باش دەیزانی هەموو ئەم کارانە لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە شەوێک پێشتر ئەنجام دەدرێن. هەرچی هێزوو توانای هەبوو بەکاری دێنا تا ڕێگری بکاو پێشمان پێبگرێ. لە بیرمە ئەو ئێوارەیەی دەبوو بچینەوە ناو شاری مەهاباد، کاک هەژار هەموو پەلەکانی لکی یەکو هەموو لکەکانی ئاگادار کردبۆوەو، هەموو پێشتر جێگاو ڕێگایان بۆ دیاری کرابوو، هەتا چی لەگەڵ خۆیان بەرن و لە کوێ بن و چیبکەن. بۆیە هەر بەرپرسەی دەیزانی بچێتە کام گەڕەک و چیبکەن.. ئێمە پێشمەرگەکانی پەلی شاهۆو لکی یەک و ئەرکانی هێز کە کاک هەژاریشمان لەگەڵ بوو. ڕاوەستاین تا هەوا کەمێک تاریک بوو جا حەرەکەتمان کرد بەرەو شاری. دیارە ئەگەر کاک هەژارمان لەگەڵ نەبایە هەرگیز خۆمان ڕانەدەگرت تا هەوا تاریک بێ، بەبن پایەگای گردەگرۆێدا کە ئەو کات گەنمیان لێدەکرد هەر پێمان دەکووت ناو گەنمەکاندا دەمانەوێست بچینە ناو ماڵەکانی تەپەی قازی، ئەوانەی لە پێشەوە بوون ئەوەندەی لە بیرم بێ کوڕەکانی پەلی شاهۆ بوون، کەماڵ سمایلزادە و کەمال عەلیزادە و ئەمیرو من و عەباس و سۆفی و چەند کەسی تر بووین، کەماڵ دانیشت بە دەستی کووتی دانیشن هەموومان دانیشتین هاتەوە دواوە کووتی: کەمینە: بۆ خۆم دیتمن بەمنی کووت زۆر بە هێواشی بگەڕێوە بچۆ بە کاک هەژار بڵێ چیبکەین؟؟ بگەڕێینەوە یا لێیاندەین؟؟ منیش زۆر بە هێواشی گەڕامەوە دوایەو هەر لێیان دەپرسیم چیە چیبووە بۆ ڕاوەستان؟؟؟ منیش دەمکووت بە بێدەنگی لە جێی خۆتان بن تا بپێتان دەڵێینەوە هەر دەڕۆشتم و دەمپرسی کوا کاک هەژار. تووشی کاک شوان بووم فەرماندەری لک بوو، کووتی شۆڕش چیە بۆ ڕاوەستان؟؟ منیش هێواش بۆم گێڕاوە، کووتی منیش دێم لەگەڵت با بچینە لای کاک هەژار، کە گەیشتینە کاک هەژار، حاڵیمان کرد کووتی بۆ خۆم دێم من و کاک شوان نەمانهێشت بۆخۆی لەگەڵمان بێت کووتی ئەگەر زانیتان کەمینە بەهەموو هێزتان لێیاندەن و دەبێ بچینە ناو شار.. ئەگەر ئەوێش نەبێ بە لایەکی تردا دەبێ بچینەوە ناو شار، بۆیە کات بە فیڕۆ مەدەن. لە ڕێگا کاک شوان بەپێشمەرگەکانی دەکووت ئەگەر بوو بە تەقە ئێوە لەپایەگای؛ مهدی کودک؛؛ بدەن سەریان گەرم بکەن. ئەگەر لە کەمینی ئەوان کەووتباین بێجگە لە کەمینەکە ئێمە دەکەووتینە بەر پەلاماری سێ پایەکایان کە هەر سێکیان بەسەرماندا موسەلەت بوون پایەگای (داشامەجید) و (گردەگرۆێ) (مەهدی کودەک) بۆیە دەبوو خێرا لێماندابان و خۆمان لە شاری هاویشتبایە کردمانە سێ گرووی چوار نەفەری و وبسمان حەرەکەت بکەین کاک هەژار پەیدا بوو، تازە نەدەکرا بڵێی بۆ هاتی و یا بگەڕێوە هیچ کاتی ئەوانە نەمابوو بۆیە ئەویش لەگەڵمان هات.. گەیشتینە چەند مەتری ماڵان، هەموو ئامادە کاک شوان بەردێکی هەڵگرت و فڕێیدایە سەر کوچەکە، تەپە تەپی پێیان و دەنگە دەنگ پەیدا بوو. وێکڕا لێماندان، خۆمان لە ناو ماڵان هاویشت، لە هەموو لایەکەوە بوو بە تەقە، عەجایەب تەقەیەک ساز بوو هەرچی لێیبوو هەڵاتن خەڵکەکە دەیانکووت زۆرتریان جاش بوون. کوڕەکان پێوشوێنیان گرتن لە هیچ کوێ نەمابوون گەڕابوونەوە تەویلەکانیان. هەر پەلەو

بەشی یەکەم

هەر لکەی خەریک بوون بە کاری خۆیانەوە، لەسەر بڵنگۆی مزگەووتەکان کادرەکان قسەیان دەکردو سروودی شۆڕشگێڕیان دادەنان، شار بەجارێ خرۆشابوو تەواوی خەڵک لە ماڵەکانیان هاتبوونە دەرێ و قاقای پێکەنین و هات و هوریای منداآن، تەواوی شار دەنگی دەداوە، جار جارەش دەنگی ڕەگباری پاسداران دەهات کە لە ترسی خۆیان بێ هەدەف تەقەیان دەکرد... زۆربەی هەرە زۆری خیابەنەکانی شار شوعاری گەورەی پارچەیی بەم بەرو بەری خیابانێ لێدرابوون، هەموو جێگا حەساسەکان بە شوعارو تەبلیغاتی حزبی ڕ کرابوون.. گەڕەکەکانی هەشت مەتری کە نزیک بوون لە سوپای پاسداران و پادگان و جاشەکان، کوڕەکان لەگەڵ کوڕەکانی لکی سێ و یەکیەتی لاوان ئەوێشیان پڕ کردبوو، کە دوژمن قەت پێی وانەبوو هێندەیان لێ نزیک ببنەوە. هەتا یەک و دووی شەو هەر لەگەڵ پێشوازی خەڵک ڕووبەڕوو بووین... بەری بەیان شارمان بە جێهێشت و گەڕاینەوە بنکەکانمان .....

بەشی یەکەم

یادێک لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان...



ئەوەی لە وێنەکەیدا دەیبینن، گواستنەوەی دام و دەزگای ڕادیۆ تاقانەکەی کوردستانی ئێرانە...

گرنگی ئەم ڕادیۆیە لەوەدا بوو کە کەم کەس هەبوو لە کوردستان، هەموو ڕۆژێ لە شمشاڵەکەی قاڵە مەڕەوە گوێیان لێنەگرێت هەتا بەرنامەی ئەو ڕۆژە تەواو دەبوو...

هەموو شوانێک لەم کوردستانە، بۆ گوێگرتن لە ڕادیۆی کوردستان ڕادیۆیەکیان پێ بوو، لەهەر شوێنێک بایە ئاژەڵەکانیان ڕادەگرتن، هەتا بەرنامەکانی ڕادیۆ تەواو دەبوو...

لە هەر کوێ مێگەل و شوانی لێبا ، گوێت لە شمشاڵەکەی قاڵە مەڕە دەبوو، کە پێش دەستپێکردنی بەرنامەکان دایاندەنا، بای شەماڵ و دەنگدانەوەی شاخەکانی دەوروبەر جار جار دەنگی دەهات و دەڕۆی...

پارازێتی دەنگ ناخۆش و بە بێزاری دوژمن کە دەیخستە سەر شەپۆل و فرنکاسەکانی دەنگی کوردستان.

کە بڕیتی بوون لە شەپۆلەکانی کورتی ٤١ و ٧٥ میگاهێس بڵاو دەکرانەوە، هەرچی لەدەستیان هاتبا دەیانکرد تا ئەو دەنگە ڕاست و حەقخوازە نەگاتە گوێی بیسەرانی ئەم ڕادیۆیە....

ئەم دەنگە کە هەواڵ و چەندین بەرنامەی تایبەتی هەبوو بە زمانەکانی کوردی سۆرانی و کورمانجی و فارسی و ترکی بڵاو دەکردەوە.. ئێواران کاتی دەستپێکردنی ڕادیۆ،، لە هەموو ماڵێکی ئەم کوردستانە دەستیان لە هەموو کارێک هەڵدەگرت و منداڵانیان بێدەنگ دەکردن، بە دڵ و بە گیان هەموو سەرخێزانی بنەماڵەکان گوێگری هەواڵەکانی دەنگی کوردستان بوون...

بەشی یەکەم

دەنگی دلێرو خۆشی ئەحمەدی شێربەگی دەنگێکی خرۆشان و بەهێزی پێشمەرگە بوو، کاتی خوێندنەوەی هەواڵەکانی عەمەلیات و چالاکیەکانی پێشمەرگە،،، جاری وا هەبوو کە عەمەلیاتی گەورەمان دەکرد... بە کەسوکارو دۆست و ئاشنایانمان دەکووت سبەینێ گوێ لە ڕادیۆ بگرن دەیخوێنێتەوە،،، لە دوکانەکان و ناو بازاڕەکان و شوێنە قەرەباڵغەکانی ناو شارەکان،،، کەمێک بە ئەسپایی و بە ئیحتیاتەوە گوێیان بۆ هەواڵەکانی دەنگی کوردستان ڕادەگرت و دوای سەعاتێک هەموو خەڵکەکە دەیانزانی پێشمەرگەکانیان، چ زەربەیەکیان لە دوژمن داوە و هەموو خۆشحاڵ و بە کەیف دەبوون،،، ئەگەر ڕۆژێک شەهیدمان هەبایە خەڵکەکە تێکڕا ناڕەحەت و غەمگین دەبوون و هەواڵەکەیان بە یەکتر دەکووت...

دەنگە خۆش و بە سۆزەکەی خوشکە «خەجیجە مەعزوور» و ڕەوانشاد کاک «تەها عەتیقی» لە بەرنامەی گوێگرەکان و لێکدانەوەی سیاسی و کۆلکە زێڕینەو هتد.... ئەوەندە ناسراو و خۆش بوون ئێستاش لە گوێماندا دەزرنگێنەوە.

سەرنج بدەن،، سەرنج بدەن،، ئەحمەدی شێربەگی ئەوەندە بەهێزوو،، ئەوەندە بەسام و وروژێنەر بوو پێش ئەوەی بزانی هەواڵەکە چیە، هەر هەموومان تەواوی مووی لەشمان ڕاست دەبوونەوە،، ئاهەنگ و سروودێک یا موسیقایەکی ڕەزمی لەگەڵ ڕاگەیاندنی سەرنجەکە وای تەحریک دەکردین .کە هەر ئەوکاتە هەستین برۆین لە دوژمن دەین...

چەندین جار ئەو کارەمانکردووە کە فلانە هێز عەمەلیاتی گەورەی کردوە،، ئێمەش دەبێ بیکەین و کردوومانەو سەرنجیشمان بە کاک ئەحمەد لێداوە.

ئەم ڕادیۆیە لە ماوەی گەرمەی شەڕو پێکدادانەکان و هێرشە گەورەکان و زەبەلاحەکانی ڕژیم بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵەتی پێشمەرگە. چەندین جار گواستراوەتەوە بۆ شوێنێکی تر هەتا لە بۆمبارانی تەیارەو تۆپ و خومپارەبارانی دوژمن ، بێ زیان و بێ زەرەر بێ، هەتا ئەم دەنگە هەموو ڕۆژێ لە کات و ساتی خۆیدا بگەیەنن گوێی بیسەرانی.

زۆر جاران هەبووە وەک لە وێنەکەدا دیارە باشان و پیلی پێشمەرگەو خەڵکی دڵسۆزو قارەمانی ناوچەکە بن بەرد بە بن بەردو، ئەشکەووت بە ئەشکەووت و دۆڵ بە دۆڵ و دێ بە دێ گواستراوەتەوە، هەتا بێزیان بێ و درێژە بە بەرنامەکانی بدا،،، لە هەموو ئەو ساڵانەدا بۆ یەکجاریش بۆ سەعاتێکیش ئەم ڕادیۆیە بێدەنگ نەکراوەو سەرکەووتووانە بەرنامەکانی خۆی درێژە پێداوە...

بەشی یەکەم

دەورانی شاخ و ڕۆژە سەختەکانی خەبات...



هەرچی لەو عەمەلیاتانەدا. بە چاوی خۆم دیومە دەنووسمەوە

نامەوێ ئەو هەموو قارەمانیەتی و شەهیدو بریندار بوونانە فەرامۆش بکرێن.

زستانی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی بوو، بنکەی هێزی گیاڕەنگ لە ناوزەنگ بوو، تازە ناوچەکان لە لایەن ڕژێمەوە گیرابوونەوە،، هێزێکی زەبەلاحی هێنابوە ناوچەکەوە، لە زۆربەی هەرە زۆری بەرزاییەکان پایەگای لێدابوو وتۆپخانەی گەورەو بە هێزی لە چەندین جێگا دامەزراندبوو.. بەپێی ئەوە کە ناوچەکە،، ناوچەیەکی سنووری بوو لە نێوان ئێران و عێراق، بەینی ئەم دوو هێزە گەورەو زەبەلاحانەی هەردوو دوژمنانی ئێران و عێراق، کە دۆڵێکی دورو درێژو ئاستەم و جەنگەڵ و چەندین گوندیشی تێدا بوو.. هەر لە بناری شاخی "هۆمل" و "دووپەزە" ڕا ئەم دۆڵە درێژ دەبوەوە هەتا گوندی "سونێ" و شاخی جاسوسان و هەتا درێژ دەبوەوە بۆ لای کۆمەڵە شاخەکانی "قەندیل" ئەم دۆڵە حەساس و لە گیران نەهاتوە، هەمیشە لە دەوران و دەسەڵاتداری هەموو حکوومەتەکانی ئێران و عێراق پێشمەرگەی لێ نەبڕاوەو جێگاو مەکۆو سەنگەری کورد بوە، لە کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان...

نۆکان و قاسەڕەش و ناوزەنگ و شنێ و کونە مارو هە ندێک گوندی تر،کەهەڵدەکشا بۆ لای کانی زەردو گوندی

بەشی یەکەم

بـنەوخەڵەف.. گلکەنـد، وەردێ،،. بنکەکـان هەمـوو دست سـازی پێشـمەرگەکانی یەکیەتـی نیشـتمانی و حزبـی شـیوعی و سوسیالیست و زۆری تـر بـوون. کە هەتـا مـاڵ و جێگـا حـاوانەوەی مـام جەلال و کـاک نەوشیروان و سـەرکەدەکانی تـر لەو دۆڵەدا بوون پشت سەریان شـاخی هەزار بە هەزاری "مامەنـدە" بـوو کە سـەر دونـدی شـاخەکە پایەگـایەکی گەورەو بە هێـزی هێزەکانی عێراقی لێ بوون، هەردوو بەرزایەکانی ئەمبەرەوبەری ئەم دۆڵە هێزی هەردوو وڵاتی لێ دامەزرابوون بەرامبەر بە یەک، کە ڕۆژانەو شەوانە بە هەزاران گولەی تۆپ و خومپارەو کاتیوشاو مووشەک بەسەر ئێمەدا لە هات و چـۆدا بـوون و هەر هاژەیان دەهات و سوور وەک پۆلوی ئاگر وابوون بە سەرماندا تێدەپەڕین و دەنگی تەقینەوەیان دەهات....

بۆم باس کردن لە بیرەوەریەکانی پێشودا کە دوژمن چۆن و بە چ شێوەیەک هاتن ئەم نـاوچە سنوریەیان گـرتەوە کە لە ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگەدا بـوو... سـنورەکانی تەنیبـوو بەڵام هەرگیـز نەیتـوانی بەم پشـتێنندە چڕوپـڕە سـەربازیە ڕێگـا لە چوونەوەی هێزی پێشمەرگە بگرێ بۆ قۆڵایی ناوچەکانی کوردستان.. بەڵکوو ڕێگای سەرەکی هەموو هێزەکانی پێشمەرگە بـوو بۆ چوونەوە،

ئەمە لەسـەر یەک پێکهـاتەی سـەرەتایی دۆڵـی خـرەی ناوزەنـگ و بـنەوخەڵەف بـوو ،، بـنکەی هێـزو کـۆمیتەی شارسـتانی سەردەشت. کە ئەوکات کاک "سەید سەلام عەزیزی" بەرپرس بوو هەروەها کـاک "حەسـەن شیوەسـەڵی" فەرماندەری هێـز بـوو، هەموو لەم دۆڵەدا بوون، بێجگە لە لکی ٣ کە لە ناوچەی خۆیان بوون، لە ناوچەی ئالان من لە بنکەی هێـز دەبـووم، کـاک حەمن شیوەسـەڵی کە هەر بە "مامۆستا" بانگمـان دەکـرد منیش لێـرە هەر بەمامۆستا نـاوی دێنم، مامۆستا لـووتفی زۆر بـوو بەرامبەر بە من هەستم دەکـرد زۆری ڕێـز لێدەگرتم، دیـوێکی چکـۆڵەی ڕێـک و پێکـی هەبـوو کە پێشـتر کـاک نەوشیروان مستەفای تێدا دەژیا، زۆربەی کاتەکان بانگی دەکـردم لەگەڵ هەنـدێک لە کوڕەکـان، مامۆسـتا زۆر کەسێکی ڕۆح سـووک قسـە خۆش دەم بە پێکەنین بە ئەدەب و لەسـەرەخۆ ، هەر خـۆش بـوو گوێت بـۆ ڕاگرتبـا، من ئاشقی شێوەی قسـەکردن و ئـاوازو شێوەی بـاس کـردنەکەی وەکـوو ئەوە بـوو چـاو لە فیلمێکـی کـوردی بـکەی وا بـوو، بە شـێوەیەک قسـەی دەکـرد یـا باسـی بەسـەرهاتێکی دەکـرد جێگـای هـیچ پرسـیارێکی نەدەهێشـتەوە... باسـمان لەسـەر هەمـوو فەرهەنـگ و ئەدەبیـات و پەنـدی پێشینان، قسەی خۆش ، پیاوە ناودارەکان، شۆڕشەکان، نوسەران. شاعیران، مێژووی خۆمان، ڕێزمانی کوردی، ناوی پـارچەو قومـاش و لیباسـەکانی کـوردی ژنـانەو پیـاوانە، لێکـدانەوەو هەلاجـی کردنـی نـاوی کـوڕان و کچـانی کـوردی، نـاو و شێوەی سـەنعەتە کوردیەکـان،، شـانۆگەریە کوردیەکـان.. شـێوەی هەڵپەڕکێکـانی کـوردی و لێکـدانەوە لە سـەریان،،، فەلاحەت و کشتوکاڵ،،، گۆرانیە کوردیەکان کۆن و تـازە،،، شەڕەفڕی کۆنی کـوردەواری،،، یـاری و سـەرگەرمیەکانی قەدیم لە گونـدەکان لە زستان دا،،، هەرچی بە فکرماندا هاتبا باسمان لەسەر دەکردو تێیدا شارەزاو بە ئاگا دەبووین،،،

بەشی یەکەم

مامۆستا هەستی کرد من کوردیەکەم باشە،، شەوێک بانگی کردم، فەرموی تۆ لەباری پێشمەرگایەتیەوە من حسابت لەسەر دەکەم، پێم خۆشە ئەم زستانە فرسەتە کلاسێک بکەیتەوە بۆ پێشمەرگەکان دەرسی کوردیان پێ بڵێی،، هەتا تەواو بەهەردوو بەردا ئەتڵەسی ئەسڵ بی،، بۆخۆت دەزانی زۆربەی زۆریان سەوادیان نیەو هیچ نازانن بخوێنەوەو بنووسن، منیش بێ دوودڵی کردن فەورەن کووتم بە چاوان مامۆستا،، لە خزمەتدام زۆری پێ خۆش بوو

ماچی کردم کووتی هەر لەم حەفتەیەدا هەموو پێداویستی قوتابخانەیەکت بۆ دابین دەکەم، لیستمان گرت پەیامی دا بە بنکەی قەڵادزێ لەوێ هەموو کەلوپەلەکانیان بۆ کڕین و بۆیان هێنایناوە،،،

هەموو پێشمەرگەکانیان ئاگادار کردنەوە هەرکەس سەوادی نووسین و خوێندنەوەی نیە دەبێت ناونووس بکا بۆ خوێندن،، هەموو ئەو کەسانە خۆیان نووسی و زیاتر لە ٣٠ کەس بوون.. هەموو شتێک ئامادە کراو جێگاشمان دیاری کرد، شەوێک مامۆستا ناردی بە دوامدا، کە چووم شەهید "عەولا سەدیقی" لەوێ لەگەڵ مامۆستا دانیشتبوون، کە چووم مامۆستا کووتی شۆڕش بۆیە ناردم بە دواتدا، مەئموریەتێک هەیە پێم خۆشە تۆش لەگەڵ بی، پێویستە ناوچەکە بە باشی بناسی و هەندێک کەس هەن پێویستە بیاننناسی، زۆر نهێنیەو نابێ کەس بزانێ ،،،هەتا دەگەڕێنەوە نابێ باسی بکەن ،،،،هەتا من لەوێ بووم دوای منیش هەر بە نهێنی مایەوە بۆیە منیش هەر بە نهێنی ڕایدەگرم ،،،دوازدە کەس بووین لە شوێنێکی نەدیوو و دور لە چاوی هەمووکەس حەرەکەتمان کرد، ئێوارە بە گوندی کانی زەرد دا پەڕینەوە و بەرەو قولایی ناوچە تا نزیک بەیانی ڕۆشتین، بەیانی لە تاقە ماڵێک کە لەناو مووچەو مەزرای خۆیدا بوو، کوڕەکانیش دەیان ناسی چەند کوڕێکی هەبوو هەموو خاوەنی ژن و منداڵ بوون، بەڵام هەموو لە دەوروبەری یەک بوون، زۆرم پێ خۆش بوو ئەو پیاوەم ناسی کەسێکی زۆر بە ئەزموون و نهێنی کارو بە زیپک بوو ئەندامی فەعالی حزب وو، کە زانیم ئێمە لە بن شاری سەردشتین، ماڵانمان جوان لێدیار بوو.. کوڕەکانی خانەخوێ بە هەموویان بە هەر چوار دەوردا ئاگاداریان لێدەکردین و چاودێری هەموو لایەکیان دەکرد،،، ئێوارە پێش تاریک بوون هەستاین ڕۆشتین،، من نەمدەزانی بۆ کوێ دەچین و چ دەکەین،، بەڵام هەموو گوندو جێگاو ڕێگاکان و پردو دۆڵ و شاخ و هەموویان پێدەکووتم ،،نزیک ماڵان بوینەوە،، پێنج کەس لە کوڕەکان ڕۆشتن و ئێمەش ئامادەو تفەنگ لەسەرپێ،، سەعاتێکی نەگرت کوڕەکان گەڕانەوە و کووتیان با بە پەلە ئێرە چۆل بکەین و بڕۆین، هەوا زۆر سارد بوو ئەوەندە سارد بوو کاری لە ئێسکان دەکرد، ئەو با سارەدە دەتکووت بە زلان لێت دەدەن، بە پەلەو بە وشیاریەوە کەوتینە ڕێ، زۆر جاران جاشەکان دەهاتنە دەوروبەری گوندەکان کەمینیان بۆ پێشمەرگە دادەنا، دەبوو زۆر ئاگاداری کەمینی جاشەکان بوینایە، کوڕەکان هەر بزەیان دەهات و خۆش حاڵ بوون، کە دیار بوو کارەکە سەرکەووتو بوەو ئامانجیان پێکاوە، بڕیار وابوو هەر ئەو شەوە بگەڕێینەوە شوێنی خۆمان، بەفر دایدایە ورد ورد دەباری، پێشتر باریبوو

بەشی یەکەم

بەفر لە عەرزی هەبوو بەڵام زۆر جێگا ڕەش بوبوەوە، ئێمەش هەر دەهاتین و تووند دەڕۆشتین، بەفرەکە هەتا دەهات زیادی دەکرد بایەکەش تووندتری دەکرد، نیگەران بووین لە بارینی ئەو بەفرە زۆرە کەس هیچی نەدەکووت، نەدەکرا هیچ بڵێی، یا دەبوو لە شوێنێک بمێنینەوە بە نهێنی، یا دەبوو یەک پشوو بڕۆین هەتا عەوڵا ڕاوەستاو هەموومان لە دەوری یەک کۆ بوینەوە، کووتی کوڕینە نەزەرتان چیە؟؟؟ بەفرەکە هەردێ و زیاد دەکا، سەرماکەش لەولا ڕاوەستێ، بە وشکانی ڕێگای پێنج شەش سەعاتە، بەم بەفرە زیاتریشە، بمێنینەوە یا برۆین، مانەوەمان ئیمکانی ئاشکرا بوونمان زۆرە، کەمیشین، جا بۆخۆتان بڕیار بدەن منیش لەسەر بڕیاری ئێوەم. دەمانزانی لەوانەیە وە دوامان کەووتبن، ئەگەر بەدوامان کەووتبن هێشتا لێمان دورن، هەموو بڕیارمان دا برۆین بە درێژایی شەو تا بزانین دەگەینە کوێ، وەڕێکەووتین زوو زوو دەڕۆشتین، بەفرەکە وای دادایە چاو چاوی نەدەدیت، کوڕەکان خەڵکی ناوچەکە بوون شارەزابوون لە ون بوون نیگەران نەبووین، لە ڕێگا دوو جار لە ئاوێماندا پەڕینەوە تەڕ بووین هەموو گیانمان ئارەقەی کردبوو سارد دەبووینەوە هەمووی دەیبەست بە گیانمانەوە، لیباسەکانمان هەمووی بەستبوی ڕیش و سمێڵ و بڕۆو مووی سەرمان هەمووی یەکپارچە سەهۆڵ بوو وای لێهاتبوو پاتۆڵەکانمان هێندە ڕەق ببون مزاحیمی لاقمان دەبوو هەنگاو هەڵێنینەوە، تازە دەبوو برۆین جێگایەک نەبوو لێی لادەین دوو گوندمان لە پێش بوو، گوندی "بەردەسوور" لەگەڵ گوندی "بووبانە" هێشتا زۆرمان مابوو بۆ ئەو دوو گوندە، چەند کەس لە کوڕەکان وردە وردە هاواریان لێ پەیدا بوو پرتەو بۆڵە دەستی پێکرد، بەڵام دادو هاوار تمەنێکی نەدێنا، چارە ئەوە بوو ڕانەوەستین، ڕاوەستان بە مانای مردن و ڕەق بوونەوە لە سەرما هەموومان ئەوەمان دەزانی، عەلی چکۆڵ کووتی بابە کووتم گیانی بابە، کووتی جار جار هەم گوێم دەگیرێ هەم چاوم پێکەوە دەنووسێن ئەوە چیە؟؟؟ کووتم هی سەرماکەیە دەست لە چاوت مەدە بۆ گوێشت کە گوێت گیرا باوێشکان بدە دەکرێنەوە مەترسە هیچ نیە، کووتی دە وەڵاهی بابە سبەی ڕۆژ هەرکەس بڵێ لە تۆ کوردترم یا لە تۆ پێشمەرگە ترم هەموو سەرو گوێلاکی دەشکێنم باشە، لە دڵی خۆمدا پێکەنینم هاتێ و کووتم ئەرێوەڵا منیش لەگەڵتم، هەنگاوەکان شل ببونەوە بایەکە تووندتر بوو چونکە بە باسکێکیدا دەڕۆشتین با دەیگرتەوە زۆر سارد بوو جێگا پێیەکانمان خێرا پڕ دەبوونەوە، بەڵام هەر دەهاتین بۆ ئەوە نەدەبوو لێک دور بڕۆین هەموومان بە دوای یەکدا دەڕۆشتین، گەر دەگەیشتینە ئەو جێگایانەی دارو دارستان بوو باشتر بوو بەڵام لەبەر هاژەو لوڕەی دارەکان گوێمان لە هیچ نەدەبوو، لیباسەکانمان تەواو بەستبوویان ڕەق وەکو ئاسن وابوون، دەستمان هیچی نەدەگرت لاقمان دەتکووت بەسەر بزماردا دەڕۆین عەرزی نەدەگرت،

جار جار فکری ڕەق بوونەوەمان بە کەللەیدا دەهات، جار جاریش تام و چێژی گەرماو بن کورەمان دەکرد دانیشی لەبن کورە سیغارێکی لێ بکێشی لیباسەکان بگۆڕی و لە دەوری کورە خەوت لێکەوێ، هەموو ئەوانە خەیاڵێک بوون بە میشکمدا دەهات و دەڕۆی، بە هەڵخلیسکانێک بە خۆ کووتان لە کۆلکە دارێک خەیاڵەکەم لە بیر دەچوو و دەهاتمەوە سەرەخۆ، هێشتا

بەشی یەکەم

ماومانە؟؟؟؟ یەک جوابی دەداوە دەیکووی بە قەدەر ئەوەڵێمان نەماوە، نە دەنگی کەسێک، نە شەوقی چرایەک، نە وەرینی سەگێک، نە لوڕەی گورگێک، نە قیرەی بۆقێک، نە فڕەو جووکەی باڵندەیەک، نە دەنگی زەرینی کەرێک، نە حیلەی ئەسپێک، نە هەرەسی ڕونوە بەفرێک و وەبنماندا، لەوکاتانەدا ئەمانە هەموو نیعمەتی خودان، لەکاتی ئاسایدا کەس قەدری ئەو شتە جوانانە نازانێ، وەرینی سەگێک ئێمەی دێناوە سەر سەد، بەڵام نەبوو پێم وابێ ئێمە زۆر لە مردن بە هێزتر بووین، بەو حاڵەش بە بێ دەنگی و بێ قسە کردن هەر هاتین، سەعات چواری بەیانی بوو هەر دەڕۆشتین لە هەورازێکی چکۆڵەی بەردەڵان هاتینە خوارێ، عەوڵا لەسەر بەفرەکە بە پشتدا درێژ بوو، زۆرم پێناخۆش بوو دڵم داخورپا، کووتم چ بوو بۆ دانیشتی؟؟ کووتی ئەوەی پێشمان گوندی بەردە سوورە کەمێک ڕاوەستن هەستێک ڕاگرین جا دەچینە ناو دێ، جاش و پاسدار زوو زوو دێنە ئێرە،

سێ چوار کەس چوونە یەکەم مانی پێشێ تا خەبەرێک بزانن، ماوەیەکیان پێ چوو هاتنەوە کووتیان دەڵێن ئێوارە چەکداریان دیوە نەیان ناسیوون، جا نازانن لێرە ماون یا ڕۆشتوون،،، ئێستا چی بکەین؟؟؟ سەگیش دەستیان بە وەرینێ کرد،، بڕیارماندا بڕۆین چونکە ئەگەر دەرگیر بین بەو وەزعەوە هیچمان بۆ ناکرێ،، نەشماندەزانی دەوری دێ چ خەبەرە،، هەر دەبوو بە بڵاوی بڕۆین و بە ئیحتیات، لە دێی وەدەرکەووتین هیچ نەبوو وا دیار بوو دەوری دێ کەسی لێنەبوو ملی ڕێمانگرت بەرەو گوندی بووبانە ڕێگا هیچ دیار نەبوو هەموو هەر بەفر بوو بەڵام دەمانزانی بەرەو کوێ دەڕۆین،،، هەر چۆنێک بوو گەیشتینە گوندی بوبانە. سەگ بۆمان هاتن دەنگیان دان بێدەنگ بوون لە سێ ماڵان دامەزراین،پێم وابێ دە دەقیقەی زیاتر گرتوە هەتا پێڵاوکانمان داناوەو خۆمان تەکاندوەو ڕەخت و تفەنگمان داناوە کۆتەکانمان بۆ دەر هاتوە خەڵکەکە کوردیان دەنگدا بەڵام نەیاندەهێشت زۆر نزیکی ئاورەکە ببینەوە، وردە وردە دەم و چاومان و سەهۆڵی لیباسەکانمان کریەوەو زۆری گرت هەتا گەرماییمان پێگەیشت،، ئەو خەیاڵەی لە ڕێگایە دەمکردەوە هاتە دی سیغارم بۆ هەڵکردو قومێکی بە دڵی خۆم لێدا خۆشترین و بەتام ترین و لەزەت بەخشترین دەقیقەکانی ژیانم بوو،، کە وەخەبەریان هێنام کووتیان هەستن با بڕۆین لای ئێوارە بوو،، جاش و پاسدار لە بەردە سوور بوون نەیانوێرابوو وەدوامان کەون بۆ "بووبانە" چونکە ئەگەر لەوێ دەرگیر بووینایە پێشمەرگەکان ڕێگایان هەبوو دەیانتوانی بێنە کۆمەگمان ،،لای ئێوارە هەستاین دە دوازدە چای گەرممان خواردەوەو بەرەو ناوزەنگ گەڕاینەوە،، بۆ دوو ڕۆژ دواتر دەستم بە دەرس کووتنەوە کرد بە پێشمەرگەکان،، سێ مانگ بێ پسانەوە تا کاتی چوونەوە هات بۆ ناوخۆ،، دوو جار تاقی کردنەوەمان بۆ کردن،، جارێک لەسەر دەرسەکانی کە خوێندبویان، جارێکیش لە سەر خوێندنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان و هەندێک کتێبی کوردی، بە خوێندنەوەو بە نووسین،، هەموویان دەرچوون،، بێ گیر کردن و بێ کێشە کتێبیان دەخوێندەوەو نامەیان دەنووسی،، هێزو کۆمیتەی شارستان تەشویقیان کردم، تەشویقی قوتابیەکانان کرد،،،.....

هێرشێکی سەرنەکەوتوی دوژمن



هاوڕێیەکم بۆی گێڕامەوە.. کووتی چوبوومەوە خۆم تەحویل دابۆوە لە مەهاباد، درێژەم بە ژیانی ئاسایی خۆم و ماڵ و منداڵم دەدا. دەستم لە پێشمەرگایەتی و حزبایەتی شوشتبوو، هیچ کارم بە دەوڵەت و سیاسەت و ئەوشتانە نەدابوو، سەری خۆم بەردابۆوە خەریکی کارو کاسبی بووم. بەڵام لەدڵ و میشکی خۆمدا کوردایەتیەکەم چەندین بەرامبەر ببوو. ڕۆژێک چەند کەسێکم لێ پەیدا بوون هاتن چاکوخۆشیان لەگەڵ کردم بە فارسی و سواری ماشێنیان کردم و لەگەڵ خۆیان بردیانم هەرچەندە کووتم ئاخر من ماڵو منداڵم هەیە بۆ کوێم دەبەن هیچ سوودی نەبوو، هەر پێدەکەنین و دەیانکووت مەترسێ ئەمشەو میوانی ئێمە دەبی و پاشان دەچیتەوە ناو ماڵ و منداڵەکانت. زۆر ناڕەحەت بووم دەبێ چی قەومابێ؟ خۆ من هیچی خراپم نەکردووەو نەکووتوە ئەدی بۆ گرتوویانم؟ هەرچەندە فکرم دەکردەوە نەمدەزانی بۆ گرتیانم. بردیانمە جێگایەک زۆر خۆش بوو هیچ وەک زیندان نەدەچوو لە دەوروبەری سوپای پاسداران و پادگان بوو، لەدیوێکی خۆشیان دانام و زۆریان بەخێرهاتن کردم و کووتیان مەترسە نەگیراوی کارێکی چکۆلەمان پێتەو دوای کارەکە ئازادی هیچ نیگەران مەبە.. منیش کووتم دەی باشە بۆ نەتانهێشت بە خێزانم بڵێم ئێستا نیگەران دەبن و هەموو جێگایەک دەگەڕێن لێم. هەر پێدەکەنین و دەیانکووت ئەوە بۆ وا دەترسێی؟؟ خۆ تۆ ئەگەر لەگەڵ ئەو"ضدانقلاب" ئانە بووی وا ترسەنۆک نەبووی. منیش لە بزیەک زیاتر نەمزانی بڵێم چی. ئەوان ڕۆشتن دەستەیەکی تر هاتن زۆر خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی و خۆیان ناساند بە ناوو شۆرەت و زۆر سەمیمانە و دۆستانە قسەیان دەکرد. منیش هیچم نەدەکووت نەمدەزانی مەسەلە چیە؟ ئەوانە چیاندەوێ؟

بەشی یەکەم

بڵێی منیان ئیشتبا نەهێنابێ یا لەگەڵ کەسێکی تر ئیشتبایان نەگرتبێ؟ حاڵی نەبوم یەکێکیان وادیار بوو فەرماندە بوو، دەستی کرد بە قسان کووتی فڵان کەس هیچ مەترسێ و نیگەران مەبە لە هاتنت بۆ ئێرە من و برادەرانی خۆمان تۆمان هەڵبژاردووە کە بۆ کارێک کە بە دەستمانەوەیە بیکەین تۆ هاوکاریمان بکەی کە حەتمەن خودا بۆ خۆی پاداشتی کارو زەحمەت و خێری ئەوکارەت دەداتەوە. هەرچی بێ مەپرسەو بۆ ئیسلامەو هەرچی بۆ ئیسلامی بکەی بە زایە ناچێ و پێویست بە پرسیار ناکات، وایە؟ کووتم بەڵێ وایە. ڕەخت و تفەنگێکی کلاشینکۆفی جووت لاقیان بۆ هێنام و لە پێش منیان داناو کووتیان ئەوە بە تۆ دەبێ ڕەختەکەت بە ئەندازەی خۆت گەورەو چکۆڵە بکەوەو ئامادە بە، هەرچی دیکەت پێویستە بڵێ تا بۆت بێنن. هەموومان پێکەوە دانیشتبووین کووتم دەکرێ بزانم مەوزوع چیەو بۆکوێم دەبەن؟ فەرماندەکە هەستا سەرپێ و کووتی پرسیارێکی جوانە، پێم خۆش بوو پرسیارت کرد. عەمەلیاتێکمان بەدەستەوەیە تەنها چەند سەعاتێک دەگرێ شایەد زۆر کەمتر، بۆ ئەو عەمەلیاتە لە باشترین و ئازاترین فەرماندەکان و سوپاییانی ئیسلام هاتوون بەشداری بکەن، چونکە ئەوانە هیچ کارێک لەبەر دەستیان ئاسی نابێ و هەرچی بیانەوێ بیکەن دەیکەن. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستیمان بە تۆ هەیە کە لەگەڵمان بێی و هەتا ئەو خێرە گەورەیە بە نسیبی تۆش ببێ، تۆ ئێستا دەبێ زۆر خۆشحاڵ بی کە ئەو ئیفتخارەت بە نسیب بووە لەگەڵ ئەم گەورە جەنگاوەرانەی ئیسلام هاوڕاو هاوسەنگەری. مەگەر وانیە؟ کووتم قوربان ئیفتخارێکی زۆر گەورەیە. کووتی دوای نەهارێ دەڕۆین کووتم ناکرێ خەبەرێک لە خێزانم بنێرم با نیگەران نەبێ؟ زۆر بە جدی سەری باداو کووتی نابێ. ئێمە لە حاڵی کاری نیزامی و مەئموریەتداین هەموو شتێک لە پێناوی ئیسلامدایە. چاوی تێبڕیم و کەمێک بە قەڵسی کووتی مەفهووووم. کووتم بەڵێ قوربان مەفهوم بووم. چاوی لەسەر هەڵگرتم و بەسەر ئیشارەی کرد وەرە وەدوام کەوە. چوینە دیوێکی تر لەوێ پڕ بوو لە نەخشە و هەندێک گوللەی جوان جوانی خومپارەو دۆشکاو پەدافەندو لەو شتانە بۆ جوانی دایان نابوون، نەخشەی زۆر گەورە کەورەی لێ بوو، کووتی وەرە، چوومە لایەوە ڕاوەستام داڕێکی باریکی بە دەستەوە بوو کووتی ئەوە کۆێیە، کووتم قوربان من سەوادی. خوێندن و نوسینم نیە هەڕی لە بڕی ناکەم،، بە مۆنەوە چاوی تێبڕیم و کووتی هیچ!!!؟؟ کووتم هیچ. کەمێک چوو لە فکرانەوەو کووتی. زۆر باشە ئێوارە دەدبینمەوە و ڕۆشتەدەرێ و بە منیانکووت دانیشە هەتا دەڕۆین ئەگەر هەر کارێکت هەبوو پێمان بڵێ کاتی نەهار بوو بانگیان کردم چووم هەموو پێکەوە نانمان خوارد. دەستێک لیباسی سەربازییان بۆ هێنام و لەبەرمکرد، ڕەختەکەم ڕاستەو پاستە کردو خۆم بەست و ئامادەو نازانم بۆ کوێم دەبەن. نزیک بە عەسرێکی زوو بوو سواری ماشێنان بووین و بەرەو کورەخانەی قسڵی لای گوندی "پشت تەپ" وەرێکەووتین ڕانەوەستاین هەتا چووینە سەر پایەگای "بەردەسپیان" زاڵ بەسەرگوندی "وزندەرێ" و قەرەچەلان "و تەواوی ئەو ناوچەیەدا. لەوێ بە دووربین چاویان لەلای گوندی "شیلاناوێ" دەکرد بانگی منی کرد کووتی لەوێ لە نەخشەکە حاڵی نەدەبووی وایە؟؟ کووتم بەڵێ وابوو، زۆر باشە ئێستا ئەو دارانەی دیارن ئەوە کوێیە ؟ کووتم ئەوە خوار ماڵەکانی "شیلاناوێ" یە. هەی ئافەرین ئەو گوندەو ئەو ناوچەیە شارەزای ؟ کووتم بەڵێ

بەشی یەکەم

شارەزام. دەی زۆر باشە ئێستا هەموو شتێک حەللە. ئێستا ئێمە دەمانەوێ ئەمشەو بچین ئەو پێشمەرگانەی لەوێن پێیان دەڵێن "شاهو" بگرین یا بکوژین. تۆ چی لەسەر ئەوانە دەزانی بۆ پێیان دەڵێن شاهوو؟ کووتم من ماوەیەکی زۆرە پەیوەندیم بەوانەوە نەماوە من ئێستا فەقیری ماڵی خۆمم هیچ شتێک سەبارەت بەوانە نازانم. چاوێکی لێکردم کووتی منیش ئێستا نائێم، پێشتر کە لەگەڵیان بووی چۆن بوون؟ چەند کەس بوون؟ بۆ پێیان دەکووتن شاهۆ؟ زانیم هەموو شتێک دەزانن نەدەبوو درۆی شاخداریان بۆ بکەم کووتم ئەوکاتی من لەوێ بووم ئەوانە نزیک بە ٢٠ کەس دەبوون هەموویان پێشمەرگەی باش بوون، هەر عەمەلیاتێکیان کردبایە حەتمەن سەرکەووتوبوون، هەمووشیان جەوان بوون خۆشەویستی کاک هەژار بوون، بۆیەش پێیان دەڵێن شاهۆ پەلەکەیان ناوی شاهۆ بوو ناوی شاخێکە شاهۆ لە هەوارامان، هەر سەری بۆ دەلەقاندم و چاویشی هەر لەلای شیلاناوێ بوو. کووتی ئەمشەو بە هاوکاری خوداو ئیمامی زەمان هەموویان بە زیندوویی دەگرین. بە پێکەنینەوە کووتی حەتمەن پێت خۆش دەبێ بە ئەسیری بیانبینی؟ بزەیەکم هاتێ و سەرم بەلاوە ناو بێدەنگ بووم. زۆرم خۆ پێ خوێڕی بوو هێندەم خەمی کوڕەکانی شاهۆ بوو دەتکوت دڵم هاتەدەرێ، گریان ئەوکی گرتبووم. ڕۆژانێک بوو ئەوانەو دەیانی وەکوو ئەوە لەپایەگاکان و لە شەڕەکاندا بەسەر پێڵاوەکانم دا دەکەووتن هەر بەپیاویشم نەدازانین، زۆر کەم سەنگەرم لێدەگرتن هەر بە پێوە بۆیان دەچووم هەتا دەگەیشتمە سەریان وەکوو شێر بە زیندوویی دەمگرتن. کەچی ئێستا بە زۆر هێناویانم بچم کەماڵ و جەعفەرو قادرو ئەمیرو شۆڕش و سۆفی و عەباس و سالەو عەلی و حەسەن و کامران و مەنسوورو محێدین و ئەو کوڕە باش باشانەیان بە زیندوویی بۆ بگرم. هەر چەندیش فکرم دەکردەوە باشە ئەوانە ئەو هەموو جاش و جاسوس و پیاوەیان هەیە بۆ زیاد لەو هەموو خەڵکە بەمنەوە نووساون دەبێ دەلیلی چی بێ سەرم لێی دەرنەدەچوو. لەو خەیاڵانەدا بووم یەک لە شانی دام گوللە خومپارەیەکی دایە دەستم منیش لێم وەرگرت کە چاوم لێکرد هەموویان یەکی گوللەیەکیان بە دەستەوەیەو خومپارەکەیان میزان کردوو ڕوویان لە شیلاناوێ کردبوو فەرماندەکە یەکەم گوللەی تێهاویشت و کووتی درود بر خمینی مرگ بر ضدانقلاب و صدام. هەرکەس گوللەکەی لە لوللەی خومپارەکە داویشت دەبوو ئەوەی کوتبا . نۆرەی منیش گەیشتێ و منیش وەکوو ئەوان گوللەکەم تێهاویشت و چاومان لە گوللەکە بوو دەڕۆشت هەتا بەردەبۆوە خوارێ و دەتەقییەوە. بەڵام لەوێڕا ناو گوندی شیلاناوێ دیار نەبوو شاخێک بەری گرتبوو بەڵام دوکەڵ و تەپوتۆزەکەمان بە جوانی دەدیت، دڵم ژانی دەکرد دەمزانی ئێستا حاڵی خەڵکەکەو پێشمەرگەکان چۆنە، زۆر ناڕەحەت بووم لەدڵی خۆمدا هەر دۆعام دەکرد کەخودایە پێشمەرگەکان سڵامەت بن. ئێوارە بوو بە دووربین چاومان لە ناوچەکە دەکرد، فەرماندەکە کووتی ئێستا دەزانی تۆمان بۆچیەو کاری تۆ چیە؟ کووتم نەخێر نازانم.. کووتی بۆیە تۆمان هێناوە ئەم ناوچەیە باش شارەزای وایە؟ بەڵێ شارەزام، کاری تۆ ئەوەیە ئێمە بە شوێنێکدا دەبێ بەری بۆ بن شیلاناوێ کە هیچ ڕێگایەک و هیچ گوندێکمان نەیەتە سەر ڕێگاو تووشی هیچ شوانێک نەبین، خۆلاسە نابێ هیچ کەس بمانبینێ هەتا دەگەینە بن شیلاناوێ، هەتا نابێ بە جێگایەکماندا بەری کە سەگ پێمان بوەڕێ، ئەمەیان زۆر حەیاتیە بۆ ئێمە ئەگەر سەگ پێمان بوەڕێ یان هەستمان بکەن

بەشی یەکەم

ئاشکرا دەبین و هیچمان بۆ ناکرێ. ئەگەر هیچ لەوانە ڕوویان نەدا تۆ و چەند کەس دەمێنەوەو لە عەمەلیاتەکەدا بەشدار نابی. کاتێک تەواو بووین دیسان کاری تۆ ئەوەیە بە جێگایەکی تردا بمانگەیەنیتەوە ناو مەهاباد، مەفهووم؟؟

بەڵێ قوربان مەفهووم بووم. زۆر باشە ئێستا پێم بڵێ و پیشانمدە بزانم بە کوێدا دەمانبەی؟ منیش لە دوورەوە پێشانمدا کە بەو دۆڵەدا سەر دەکەوین و هیچ دێیەک و هیچ ڕێگاو کەسی لەسەر نیە. ورد ورد چاوی پێدا گێڕاو پاشان کووتی ئەی ئەم دێیەی خوارەوەمان مەبەستی لە "وزندەرێ" بوو کووتم دەبێ بەو دەشتاییەدا بڕۆین دوایە بە بن ئەو شاخەدا دیسان بگەڕێینەوە جا سەرکەووین. پێی باش بوو سەری بۆ لەقاندم و کووتی هەر تاریکی کرد دەڕۆین خۆتان باش ئامادە بکەن.. هەموو خەریکی تفەنگەکانیان و خۆ ئامادە کردن بووون، منیش دەراغی تفەنگەکەم دەرهێنا حەفتاو پێنجی لەسەر بوو ڕامکێشا کووتم نەکوو گوللەی لە بەردا بێ چرکاندم دەنگی چەکوشەکەی ئاسایی نەبوو، هەستم کرد دەرزی لەسەر نیە، هیچ خۆم تێکنەداو وەکوو ئەوەی نەمزانی بێ خۆم لێ گێل کرد لە فرسەتێک دەگەڕام چاویان لێی نەبێ بە قامکم بزانم دەرزی لەسەرە یان،، نا. هەرچۆنێبک بوو فرسەتم هێناو کەمێکم کێشاو بە قامکم گەڕام ئاخری چاوم لێکرد. دەرزی لەسەر نەبوو، هەموو گیانم مووچڕکی پێدا دەهات، سڕ ببوم دڵم زۆر بە تۆندی لێی دەدا گوێم لە تەپە تەپی دڵی خۆم بوو، زۆر نیگەران بووم هەزار فکرم بۆ دەهاتە پێش، سەرەڕای ئەوانە کۆڵە پشتیەکی پڕ لە گوللەی ئارپێجی پێ هەڵگرتبووم. هەوا تاریک کردوو تفەنگەکانیان پێ زامن کردین و من لە پێشەوەو ئەوانیش بە ڕیز بە دوامدا هاتینە خوار لە پایەگا. تاریک بوو زوو زوو پاسدارەکان بەردەبوونەوە. چونکە بە ڕێگادا نەدەڕۆشتین زۆر بە زەحمەت بوو هەموومان بە چاکی ماندوو بووین، کەس وستەی نەدەهات تەنها دەنگی جێ پێمان و خرتە خرتی ڕەخت و تفەنگەکان بە هێواشی دەهات کەس نەدەبوو بکۆخێ یان بپژمێ ئەگەر ئەو حاڵەتە هاتبا پێش دەبوو دەموچاوی لەو دەسترە گرتبا کە لە ملماندا بوو. گەیشتبوینە نزیک شیلاناوێ ڕاوەستام فەرماندەکەیان گەیشتێ هات بەسرتە لەبن گوێمدا کووتی چ خەبەرە؟ بۆ ڕاوەستای ؟ کووتم ئێرە نزیک بە شیلاناوێیە، دەتەوێ بچیتە کوێی شیلاناوێ؟ لەگەڵ ئەوانی تر کەمێک دوور کەووتنەوەو دوایە هاتەوە کووتی بمانبە تا ئەو جێگایەی ناو دێمان لێ دیار دەبێ، ڕۆشتم هەتا جوان ناو دێ دیار بوو. ڕاوەستام و دیسان هاتن یەکیان وادیار بوو هەموو زانیاریەکی وردی هەبوو لەسەر ناو دێیەکە، کووتی ئەو چراتۆڕە ئەوە بنکەی ضدانقلابە و ئەو خانوەی بنەوە ماڵی هێمنی شاعیرە ئەوەێ تەنیشتی ماڵی براکەی هێمنە ئەوەی ئەولاتر مزگەووتی دێیە. ڕووی لە من کرد کووتی وایە؟ بەڵێ وایە. کووتی ئێستا لەهەر لایەکەوە بۆیان بچین ئەوانە نازانن هەتا لێیان دەدەین، لەدڵی خۆمدا کووتم ئەوە چراتۆڕیان لێ هەڵکردوەو دەزانم نیگابانیشیان نیە، دڵم دەکوڵا بۆیان هەر دەمکووت بڵێی بەو خومپارەبارانە هەستیان بە هیچ نەکردبێ؟ بڵێی عەقڵی ئەوەندەیان هەبێ نیگابانیان دانابێ یان کەمینیان هەبێ لە شاخی؟ هەزار پرسیارم لەخۆم دەکرد، هەرچی بایە خەمی خۆمم نەبوو من دەمتوانی خۆم دەرباز بکەم بەڵام خەمی پێشمەرگەکانم بوو.... هەر دەهاتن و دەچوون و ئەمسەریان دەکردو ئەوسەریان دەکردو دەهاتنەوە لای من یەکیان دەهات بانگی دەکردم، ڕاستە ئەوانە تا ئاخرین فیشەک

بەشی یەکەم

شەڕ دەکەن ؟ ئەوکات وابوون ئێستا نازانم، دەی باشە تۆ بچۆ ئەولا ڕاوەستە هەستام بڕۆم تفەنگەکەم وەعەرزێ کەووت خێرا گرتیانم، سەبر سەبر تۆ دەزانی ئێمە لەکوێین زۆر لەسەرەخۆ بزانن بەرنامەکەمان لێ تێکدەچێ، جەجاڵەتم بمبورن نەمزانی، دیسان سرت و خورت کۆدەبونەوە دیسان بانگیان کردم دەکرێ هەتا ناو ئەو دارانە لەگەڵم بێی؟ بەڵێ فەرموو بابڕۆین پەنجا مەترێک بەلای دەستی چەپدا ڕۆشتین، لەوێ هەندێک سرت و خورتیان کردوو کوتیان با بەولاشدا بچین بەڵێ گەڕاینەوەو ئەوجار بەلای دەستی ڕاستدا پەنجا مەترێک چوویندبن بەردەکانی نزیک بە دێ.. لەسەر یەک ٥٠٠ مەترێک لە مەقەڕی پێشمەرگەکان دوور بووین. هاتینەوە جێگای خۆمان بە منیان کووت تۆ بڕۆ لەولا لەجێی خۆت بەبێ دەنگ دانیشەو هیچ مەجوڵێ باشە ؟ بەڵێ باشە دوو پاسدار لە نزیک من بوون هەڵدەلەرزین کووتم ئەوە بەم گەرمایە سەرماتانە ؟ هیچ جوابیان نەدامەوە زۆر دەترسان. هەرچەندیان دەکرد نەیاندەتوانی ساغ ببنەوە چۆن بچنە پێشێ و لەکوێڕا لێیدەن. شەو درەنگ ببوو دیسان بانگیان کردم. ئەگەر لێیان دەین پێشمەرگە دێن بۆ یارمەتی، منیش کووتم نازانم عەمەلیاتەکە چەندە دەگرێ. ئەوان ئەگەر نەشگەنێ چواردەوری ئێرە دەگرن، زانیم زۆر دەترسن و ناوێرن و جورئەتیان نیە لەوە زیاتر بچنە پێش، کووتم با شتێکتان پێ بڵێم ئەگەر بێت و ئەوان کەمینیان هەبێ یەکیشمان دەرناچین چونکە ئەوان زاڵن بەسەرماندا، لەو قسانەدا بووین چراتۆڕەکە کوژایەوە. من زانیم کە پێشمەرگەکان نوستن و حەتمەن دووتا پیوازیان بە دەرکەوە ناون و نیگابانیشیان نیە ئەی هاوار بە مانم، پاشی دوو دەقیقان دەنگی سەگوەرهات لەناو دێیدا، هەموو خۆیان بە عەرزیدا داو تفەنگەکانیان ڕوولە ناودێ کردو ئامادە. دڵم خۆش بوو زانیم تازە ناوێرن لێیاندەن یەکیان کووتی سەعاتێکی تر مانگ هەڵدێ و وڵات ڕوناک دەبێ. کاتمان زۆر نەماوە. فەرماندەکە کووتی دەبێ ئەو سەگوەرە چی بێ؟ نازانم بەڵام ئەگەر ئەوان بن ئێستا لەوانەیە ئێمە لە ناو کەمینی ئەواندا بین،، ئەوانیش هەتا سنگمان بە تفەنگەکانیانەوە نەنێین تەقەمان لێ ناکەن و ناهێڵن دەست بکەینەوە، هیچ مەعلوم نیە ئێستا ئەو شاخانەی ئەوبەریان و ئەم شاخەی سەر ئێمەشیان نەگرتبێ،، فەرماندەکە کووتی ئەوشاخانەی ئەوبەر هێزی خۆمانی لێیە مەبەستی شاخی قەڵای سارم و قوڵقوڵاغ و زاوابوکان و گاقاڕان بوو زانیم کە ئەو شاخانەشیان گرتووە کەچی هێشتا ناوێرن بچنە پێش، پاشان فەرماندە کووتی بەچی دەزانی ئەوانە کەمینیان هەبێ؟ کووتم لەوەتی ئارتەش مەهابادی گرتوەو شەڕە هێشتا دەوڵەت بە تۆپ و خومپارە لە شیلاناوێی نەداوە ئەوڕۆ بۆ یەکەم جارە کە شیلاناوێ خومپارەباران بکرێ، بۆیە لەوانەیە هەستیان بە هێرش و شتی وا کردبێ و لەشاخی بن، هەر لەگەڵ ئەو قسانەم بۆ کردن وە جموجۆڵ کەووتن سەگوەرەکەش هەر دەهات نەیاندەزانی ڕوو لە کوێ بکەن،، زۆریش بووین نزیک بە ٦٠ کەس بووین هەموو نەوعە سیلاحێکیان پێ بوو. فەرماندەکە دیسان ئەوانیتری کۆکردەوەو دیسان بانگیان کردم..

کووتی ئێستا دەبێ خێرا بمانگەیەنیتەوە ناو شار، کووتم هەر بەجێی خۆماندا بگەڕێینەوە؟ کووتی نا دەبێ ڕێگاکە بگۆڕی

بەشی یەکەم

ئێستا ڕەنگە دوژمن کەمینیان بۆ دانابین. زۆر ترسابوون شیرازەی هەموو شتێک تێک چوو تەقەتەقی تفەنگ و دەنگە دەنگ و خرتە خرت و سرتە سرت کەس ئاگای لە کەس نەمابوو،، کووتم زۆر باشە من پێشتان دەکەوم ئەگەر ڕاوەستام ڕاوەستن ئەگەر هەر ڕۆشتم ڕاست بە دوامدا وەرن، من کەمینەکان دەشکێنم. خێرا تفەنگەکەیان بۆ گۆڕیم زانیم بۆ گۆڕییان.. هەر بە ڕێگاو ڕێگادا هێنامن جار جار هەر بە قەستی دادەنیشتم خێرا فەرماندەکە دەگەیشتە سەرم دەیکووت چیە کەمینە؟؟ دەمکووت نازانم بەڵام هیچ فەرق ناکات دەیکووت بۆ؟ ئەوان ناهێڵن بزانین هەتا لولەی تفەنگەکانیان بە سنگمانەوە نەنێن تەقەی ناکەن ئەگەر بوو بە تەقە وا بزانە لە ناو کەمینەکەداین دەرناچین. هێندەی تر ترسا، دەمزانی هیچ خەبەر نیە نە کەمینەو نە پێشمەرگە لەشاخین ئێستا تەخت بۆی نووستون و نیگابانیشیان نیە،، دەیانناسم مەگەر پێشمەرگەی پەلی شاهۆ نەبن. هەر باش بوو لێیان نەدان لەوانە بوو لە یەکەم تەقەدا شەهیدو بریندارییان هەبوایە، دەی بە خێر گوزەرا. ئەوجار زانیم پێشمەرگە چەندە بە سامە بۆ دوژمن، تێگەیشتم بۆچی دوژمن ئەوەندە لە پێشمەرگە دەترسێ، حاڵی بووم بۆچی دوژمن لە شەڕەکاندا بۆ هێندەیان لێدەکوژراو لێ بەجێدەماو بە دیل دەگیرا، ئەوە هەمووی هێزو تواناو سام و هەیبەتی پیاوانەی پێشمەرگەیە.. هەتا بۆ خۆت بەرامبەر و ڕوبەڕووی پێشمەرگە نەبی. نازانی ترس و خۆفی پێشمەرگە چەندە زۆرو بە سامە. هێنامن هەتا ناوشار لەوێ زانیم تەواوی ئەو شاخانەشیان گرتبوو هەمووهاتنە خوارێ یەکجار زۆر بوون لەسەر ئەو هەموو هێزەوە دیسان نەیانوێراو نەیانتوانی جورئەتیان نەکرد هەتا یەک دانە ئارپیجییان لە دووڕەوە پێوەنێن. بەشێوەیەک لە پێشمەرگە تۆقیبوون کەهەر دارو بەردێکییان لێ ببوو بە پێشمەرگە..... ئەوجار با بزانین دوای خومپارەبارانی ئەو ڕۆژەی شیلاناوێ ئێمە چیمانکرد؟؟ هەر کە دەستی پێکرد زۆرمان پێ سەیر بوو ئەوە چ خەبەرە ئەو خومپارانە بۆ داوێ ؟ ئەوە یەکەمجار بوو لە شیلاناوێ بدات، کاتێک شەڕ دەبوو زۆری تۆپ و خومپارە لە شاخ وکێوەکانی دەوروبەری شیلاناوێ دەدا، بەڵام هەرگیز لە نزیک دێ و ناودێی نەدابوو بۆیە بە هێندمان گرت و هەر لە کاتی هاویشتنی خومپارەکاندا بووین بە دوو دەستە جەعفەرو کەماڵ و من و برایم بە پەلە خۆمان گەیاندە شاخەکەی ئەوبەری دێ لەوێ هەندێک هەڵکشاینە سەرەوەتر هەتا تەواو زاڵ بووین بەسەر دۆڵی لووسێ و پشتی گوندی "کۆنەدێ" و زاڵ بەسەر هەموو ناوچەکەدا. سۆفی و کورەکانی تر بەرەو شاخە بەرزەکەی زاڵ بەسەر گوندەکانی "سارەوانان و حەوتەوانان و قەڵات و بەسری و پیربەلەو سەیداوا" هەتا زاڵیش بوون بەسەر شاخی قەڵای سارم دا. بەهەردوو تیمەکە هەموو ناوچەکەمان بە وردی لە ژێر چاوەدێریدا بوو. دیتمان خومپارەکانیان لە پایەگای "بەردەسپیان" وە داویشتن پێمان سەیر بوو هەرگیز پێشینەی نەبوو لەو پایەگایەوە لێماندەن بەخومپارە.. پێمان وابوو لەوانەیە گەراگیری بکەن بۆ خومپارەکانیان. ئەگەر ڕۆژێک هێرش بکەن ئەوانە گەرای ناوچەکەیان هەبێ بە تایبەتی شیلاناوێ. بەڵام فکری ئەوەمان نەدەکرد بەشێوەی پارتیزانی بێن و بیانەوێ زەربەمان لێبدەن.. چونکە پێمان وابوو ئەو غیرەتەیان نیە پاشان دەمانزانی ئەوانە هێشتا ئەو جورئەتەیان نیە کە بگەنە شیلاناوێ و لەگەڵ پێشمەرگە دەرگیر بن. خۆ زۆرمان پێ خۆش بوو کارێکی وا بکەن، بەڵام یەک

بەشی یەکەم

ئەفەریشیان نەدەگەڕاوە. تا ئێوارەیەکی زۆر درەنگ لەسەر شاخی بووین دوایە هاتینە خوارێ. ئەو شەوە مامۆستا هێمن دەعوەتی ئێمە بوو بە مریشک کوڕەکان چەند مریشکیان سوور کردبۆوە ئەوانی ئەو ڕۆژە پەزیرایی بوون ئەوان نەهاتن بۆ شاخی ئاشپەزییان دەکرد، خودا هەڵناگرێ خواردنێکی زۆر جوان و بەلەزەتیان لێنابوو. ئێمەش کاتی هاتنە خوارەومان لەشاخی لە دۆڵی لای سەرەوەی دێ سەوزەی جوانی لێ بوو هەمیشە وەکوو کوزەڵەو پنگ و سیرمۆکە کە بۆنیان ئەو دۆڵەی داگرتبوو. زۆرمان لەگەڵ خۆمان هێنا. هێندەی تر سفرەکەمان ڕازاندەوە. ئەو شەوە هەر بۆ ئاگا لەخۆبوونی زیاتر نیگابانمان کردە سێ کەسی و کەمینی شاخمان دەرکرد شەش کەس چوونە کەمینی شاخ و هەتا بەیانی درەنگ لە شاخی بوون هیچ خەبەر نەبوو ئەو سێ کەسەی چوونە سەر شاخی نزیک ناودێ کە هاتنەوە کووتیان گوێمان لە دەنگە دەنگ و خرتە خرت بوو بەڵام پێمان وابووە گوێمان دەزرنگێتەوە یا خشەو وشەی با بووە. زۆریش هەستمان ڕاگرت بەڵام بۆمان ڕوون نەبۆوە چیە و پاشان دەنگەکە نەما. دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کاک تاهیری برازای مامۆستا هێمن کوڕی باباغای برای هات پێی کووتین خوار باخەکانی ئێمە جێگا پێی خەڵکێکی زۆر دیارە لە جێگا پۆتینی سەربازی دەچێ کە چووین دیتمان دیار بوو زیاتر لە ٥٠ کەس بوون شوێن پۆتینەکانیان دیار بوو لە کوێوە هاتوون و شوێنی پێیان لە سەر ڕێگاکەش دیار بوو کە بەرەو شار ڕۆشتبوون. دیار بوو ئەو دەنگە دەنگەی کوڕەکانی کەمین گوێیان لێ ببوو پاسدار بوون و بۆمان بوو بە پرسیار ئەوە مانای چی؟ چۆن ئەوانە هەتا ئێرە هاتوون و بۆچی هاتوون؟؟ بۆ هیچیان نەکردوە؟ هەموومان پێمان وابووە هاتوون بۆ شوناسایی و ڕەنگە لە بەرنامەیاندا بێ هێرش بکەن، بۆیە دەبێ زۆر هوشیار بین، مامۆستا هێمن کووتی شەوێ کە هاتمەوە ماڵێ سەگوەڕێکی زۆر بوو ئەو سەگوەڕە بە ئینسانان دەوەڕین من شێوەی وەڕینەکان دەناسم کووتم ڕەنگە پێشمەرگە بن بۆیە زۆر گوێم پێ نەدا. لەدوای ئەوە هەموو شەوێ نیگابانمان دادەناو دوو کەسیشمان نیوە شەوێ دەچوینە شاخی هەتا بەیانی لەوێ دەماینەوە. هەتا ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕی و ئەو کەسەی پاسدارەکان لەگەڵ خۆیان هێنابویان زەربەیەکی باشی لەدوژمن دابوو هاتەوە دەرێ و خۆی گەیاندەوە لای پێشمەرگەکان. پاش ماوەیەک ڕۆژێک بۆی گێڕامەوە کووتی ئەو ڕۆژەت لە بیرە بەخومپاران لێیان دان؟ کووتم ئەی چۆنم لەبیر نیە.. بۆی گێڕامەوە وەکوو چۆن من بۆ ئێوەم گێڕایەوە.. ئەوەی بۆی گێڕامەوە ئەو کاتانەم وەبیر دەهاتەوە کە بێ نیگابان دەنووستین، دوژمنمان بەهیچ نەدەگرت، تازەم زانی بوو کەچەندە بێ خەیاڵ و کەمتەرخەم بووین بەرامبەر بە گیانی خۆمان. دەکرا ئەو شەوە زەربەی گەورەمان لێبدەن. دوای ئەوەی ئەو مەسەلەی بۆ گێڕامەوە هەرگیز کەمتەرخەمیم نەدەکرد هەمیشە هەموو جموجۆڵێکی دوژمنم بە هێند دەگرت و ئیحتیاتی خۆم لەدەست نەدەدا.....

لەهەر کوێ هەی سڵاوت لێ بێ و ڕێزم هەیەو سڵامەت بی

یادێک لە ١٣ بەدەری ساڵی ١٣٦٠



زۆر نەبوو مقەرمان لە گوندی "قزڵقوپی" شارۆیرانی سەر بە ماهاباد دانابوو، هێشتا بە باشی هەموو خەڵکەکەمان نەدەناسی. خەڵکی ئەم گوندە زۆر خەڵکێکی باش و کوردپەروەرو دڵسۆزی حزب و پێشمەرگە بوون. لەبیرمە شەوێک دەستەیەک لەپیاوان و دەمڕاستەکانی ئاوایی هاتبوون بۆ بەخێرهاتن و سەردانمان، دوای نیو سەعاتێک دانیشتن و قسەوباس زۆریان خۆش لەئێمە هات. یەکیان کووتی بە ڕاستی ئێوە هەمووتان کوڕی چاک و بەئەدەب و قسە خۆش و بێ تەکەبورن، بەڵام ئەدی بۆ دەیانگووت ئەوانە پەلی "شاهۆ" یان پێ دەڵێن، قۆشمەو بەدفەڕی وەک خۆیان لە سەر کوردی ئەم زەمینە پەیدا نابێ. ئێمەش بەپێکەنین و بەشۆخی لەگەڵیان شەومان درەنگ کردو کاتی ڕۆشتن" حەسەن سوهرابی "ناسراو بە "شەماڵ" سەرپەلمان بوو کووتی ئەگەر کوڕەکان هەرچەند قۆشمەو بەدفەڕیش بن پارێزەری سەرو ماڵی ئێوەو هەموو کوردو کوردستانن. زۆریان پێ خۆش بوو دوای ئەوە کەمتر لەبنکە دەماینەوە زیاتر ماڵەکان دەعوەتیان دەکردین. ئێمەش زۆر نەبووین تەنها ٩ کەس بووین. کوڕەکان کوتیان چوارشەمە ١٣ بەدەرە دەڵێن چی بچینە دەرەوەی دێ و لێوێک تەڕ کەین؟ هەموومان پێمان خۆش بوو. نارديان تەرتیباتیان ئامادە کردو هەموو خواردن و مەزەیان ئامادە کردو حەیوانیان کوشتبۆوە خەڵکی دێ قەسابیان کردبوو گۆشتمان کڕی بۆ برژاندن.. دوا نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە بوو بۆ سبەینێ ١٣ بەدەر بوو، هەموو شتێکمان ئامادە کردبوو بۆ سبەینێ کە بچینە دەرەوەی دێ لە ناو باخەکان سفرەی بڕازێنینەوەو دانیشین کەمێک خەمی دڵمان بە بادەین. شەو درەنگ بوو هەموومان نوستبوین نیگابانیمان دانابو، حەسەن سوهرابی منی هەستان کووتی هەستە نیگابانی. منیش تفەنگێکم دەستدایەو چومە دەرێ حەسەن گووتی هاتی؟ دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم کووتم دەی فەرموو بزانم بەم نیوەشەوە دەڵێی چی. کووتی من نەمزانی سبەینێ چوارشەمەیە. کوتم دەی جا بۆ؟ کووتی ئاخر سبەینێ "ستوون"

بەشی یەکەم

دێ و دەگەڕێتەوە. چواشەمەکەی پێشووش لێمان نەداون، دەمەوێ سبەینێ لەگەڵم بێی بۆ سەرجادە، دەڵێی چی؟؟ کووتم هەر من و تۆ؟؟ کووتی نا ئەگەر تۆ بێی دەبینە چوار کەس هەموومان ناچین قەرەبالغی ناکەین. کووتم زۆر باشە بۆ نایەم دێم بەڵام کێین ئەو چوار کەسە کووتی من و تۆو کەماڵی سمایلزادە و عەزیز. کووتم زۆر باشە ئەدی ١٣ بەدەرەکەمان کووتی فریای ئەویش دەکەوین. سوپاسی کردم و کووتی دەبێ بەیانی پێش ئەوەی دوژمن تەئمینی جادە دانێ دەبێ ئێمە بچینە ناو چنارەکانی نزیک بە جادەی قیر لەوێ خۆمان حەشاردەین هەتا ستوون دەڕواو دوانیوەڕۆ دەگەڕێتەوە.. دیارە ئەوە کاری یەکەمجارمان نەبوو، بەڵام دەبوو کەم بونایە چونکە چنارەکان هەر ڕیزێک بوون زۆر نەبوو، هەر سێ جوار کەس دەمانتوانی خۆمان بشارینەوە تێیدا هەتا دوانیوەڕۆ. بەیانی زوو هەستاین خۆمان بەست و وەڕێکەووتین بۆ ناو دارە چنارەکان. هەوا هەور بوو تەپ و مژێکی توند بوو وڵات هەموو تەڕ بوو جار جار دەباری و لێی دەکردەوە. کەمێک تەزووی ساردی هەبوو بەیانی. لەناو دارەکان دانیشتین هەمووی تەڕو قوڕ بوو لە چوار مەتری کەست نەدەدیت لەبەر تەپ و مژ، تەنها حەسەن سیگاری نەدەکێشا، ئێمەش دەستمان بە سیگار کێشان کرد لە قولی دەستمان، خۆمان کۆکردبۆوە لەسەرمان. باسی جارەکانی پێشوومان دەکرد کە چۆنمان لێدان و چۆن ماشێنیان لێ بەجێماو چۆن گەیشتینە سەریان و بۆ ئەمجارە دەمانویست چەند ماشێنێکیان پێ بەجێبێڵین. ئەگەر لە ئاخرو کلکی ستوونەکە "تانگ" بوایە کەمێک سەخت دەبوو ئەگەر دەستیان کردباوەو تەقەیان لێ کردباین. هەر بەو قسەو باسانەوە سەری خۆمان گەرم کردبوو هەوا هەر تەپومژ بوو دەوروبەری سەعاتی ٩ بۆ ١٠ کەمێک هەوا ڕوون بۆوەو سەرجادەمان دەدیت. ستوون لە "ورمێ "ڕا هات بۆ "مەهاباد" زۆر دوورودرێژ بوو سەرجادە هەموو گیرابوو ئێمەش خۆمان مات کردبوو بەبێ جوڵە. دەوروبەری سەعات ٢ی دوانیوەڕۆ بوو ستوون لە "مەهاباد" ڕا گەڕایەوە بەرەو "ورمێ" هەمیشە تانگێک و نەفەربەرێک لە پێش ستوونەکەوە دەهاتن دوایە ماشێنەکان و هەموو جۆرە ماشێنێکی سەربازی سەعاتێکی زیاتر دەگرت هەتا هەمووی دەهات و دەڕۆی، زۆر جاران ئاخری ستوون تانگێک بوو جاری واش بوو لەگەڵیان نەبوو. ئێمەش خۆمان ئامادە کردبوو کە ئەمجارە لە ٤ - ٥ ماشێنی کلکی ستونەکە بدەین و پێیان بەجێ بێڵین. وردە وردە بە قەراغ دارە چنارەکاندا لێیان چوینە پێشێ، کە زۆربەی ئەوێ دێراو دێراو کاناڵ کێشی کرابوو بەوێشا نزیکی جادە بوبوینەوە هێشتا ستوون زۆری مابوو بگاتە کلکی ستوون، ئێمە دامەزرابووین، من بیکەیسیم پێ بوو عەزیز نارنجۆک هاوێژی پێ بوو، حەسەن کووتی عەزیز ڕاستەوڕاست موستەقیم بە نارجۆک هاوێژەکە لێیاندە منیش دەبوو بە بیکەیسی نەهێڵم دەست بکەنەوە حەسەن و کەماڵ دەبوو هەڵیان کووتابەیە سەریان بەهەڵاتن و بە تەقەکردنەوە هەموو جارێک وابووە کە لێمان دەدان ستوون ڕانەدەوەستاو دەڕۆی هەرچی بەجێمابا تازە تێداچوبوو یا دەکوژرا یا دەگیرا. ئەگەر چاومان بە ئاخرو کلکی ستوون کەووت دیتمان ئاخرین ماشێن "تانگە" کەماڵ گووتی حەسەن با لێیان نەدەین چونکە ئەو تانگە دەست بکاتەوە هەموومان تێدا دەچین، وڵات هەمووی قوڕو تەڕە دەرناچین. حەسەن کووتی ئەگەر دەترسێی بگەڕێوە کەماڵ توڕە بوو کووتی من دەترسێم؟ هەر ئەوەندەم زانی کەماڵ زامنی تفەنگەکەی ترازاندو بە توڕەییەوە بەرەو

بەشی یەکەم

ڕووی ستونەکە ڕۆی هەستابوە سەرپێ تازە دیتیانین، هەرچەندە هاوارمان لێکرد کەماڵ کوڕە کەماڵ دانیشە وانابێ جوابی هیچمانی نەدایەوەو ڕۆی، هەتا نزیکیان بۆوەو دایگرتن بە ڕەگباران. ئێمەش تازە دەبوو دەست پێبکەین ماشێن زۆر مابوون نزیک بە ١٠ - ١٢ ماشێن زیاتر مابوون لەگەڵ تانگێکی چفتێن، ستوون ڕۆشت و لەولاتر ڕایانگرت ئەوانی تریش هەموو دابەزین و بوو بە تەقەو دیفاعیان کرد حەسەن بەهەڵاتن گەیشتە لای کەماڵ ئەمنیش بێ پسانەوە بە بیکەیسی لیم دەدان عەزیز لەکن من بوو زۆر باش نارجۆکەکانی لەناو ماشێنەکان دەکرد. تانگەکە بە کالیبر٥٠ و بە تۆپی تانگ لێی دەدایین، ستوونەکە ئەوەی نزیک بوو تەقەیان لێدەکردین قەت وامان لێ نەقومابوو، ئێمەیان دیبوو جێگاکەشمان زۆر خراپ و دیار بووین. ئێمە نەماندەهێشت سەر هەڵبڕن هەتا کەماڵ و حەسەن گەڕانەوەو گەیشتنە لای ئێمە. بە کوردی و بە کرمانجی هەتا ڕزگارمان بوو لە دەست تانگە بۆر وەختابوو هەموومان تێدا بچین. گەیشتینەوە ناو دارە چنارەکان کوڕەکان بە جیبەکە گەیشتنە سەرمان و بە کالیبر ٦٩ لێیان دان ئاگریان لە تانکەڕێکی بەنزین بەرداو سووتا باقی ستوونەکە خۆیان کۆکردەوەو ڕۆشتن، کە ڕۆشتن بە ماشێن چوینە سەرجادەو جێگای شەڕەکە جادەمان کۆنترۆڵ کردو بازگەمان دانا، کە دیتمان خوێن لە چەندین جێگا ڕژابوو تفەنگێکی ژ ٣ و هەندێک خەشاب بەجێ مابوو تانکەڕەکە تەواو سووتا بو. هەتا درەنگانێک لەسەر جادە بووین و ماشێنمان زۆر ڕاگرتن هیچ ماشێنێکی دوژمن نەکەووتە ناو کەمینەکەمان، پاشان لای ئێوارە دەرنگ گەڕاینەوە بنکەی خۆمان. پێش ئەوەی لیباسەکانمان دانێین هەموو گیانمان لە قوڕێدا بوو، کەماڵ و حەسەن باوەشیان بەیەکدا کردو یەکتریان ماچ کردو هەر بۆ شۆخی و بۆ خۆشی یەکتریان لەناو ئەو قوڕو چڵپاوەیدا غەرق کرد هەموو سەرو گیانیان بە قوڕ سواغ درابوو، هێندە پێکەنین هەرگیز ئەوەندە پێنەکەنی بووین. ئەوەش ١٣ بەدەری ئەوسالەی ئێمە.

با قسەیەکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە...



وابزانم ساڵی ١٣٦١ بوو ئەوکات جادەی "مەهاباد - میاندواو" گیرابۆوە بەڕۆژ ڕژێم دوو دوو سەربازو پاسداری بە درێژایی ئەو جێگایانەی ترسیان لێی هەبوو دادەنا بۆ پارێزگاری لە جادەکە. ئێواران کۆیان دەکردەوەو جادەیان چۆل دەکرد بۆ ئێمە. ڕۆژێک لە جادەی پەڕینەوە ئەوبەر بۆ ناوچەی "مەحاڵ" کە هاتینە گوندی "تیکانلوجە" لە دورەوە دەنگی دەهۆڵ و زورنا دەهات. جا بە ڕاستی دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە. دەنگەکە زۆر خۆش بوو هەتا نزیکتر دەبوینەوە کوڕەکان بەڕۆشتنەوە لە جێی خۆیان هەڵدەپەڕین. کە گەیشتینە ناو دێ ئێوارە بوو ڕەشبەڵەکێک گیرابوو ئەوسەری دیار نەبوو بە ڕەحمەت بێ "شەکرە" مان لەگەڵ بوو کە ماڵەکەی لەو گوندە بوو شەکرە ٢ ژنی هەبوو.. هەر کە گەیشتینێ و خەڵکەکەو لۆتیەکان "هونەرمەندەکان" ئێمەیان دیت ئەوەندەی تر داوەتەکەیان گەرم کرد. ئەوی زورناکەی لێدەدا دەتکووت "حاجی لەگ لەگە" سەری زورناکەی ڕوو لە حەوا دەکردو یەک بەهەناسەی تێیدەتوراند بەهەر چوار دەوری خۆشیدا لەسەر پانیەی پێی دەسوڕاو جا لەگەڵ زورنا لێدانەکەش سەمای بەڕیشوە درێژەکانی پێچ و کلاوەکەی دەکرد. دەیلەرزاندنەوە زۆریش جوان بە ئاهەنگ و لەحنی زورناکە.. لەگەڵ ئەوەی کە هەردوو گوپەکانی پڕو خڕو هەڵمسابوون چاویشی هەر لە لای ئێمە بوو بە چاوان حاڵی دەکردین."پێتتان چۆنە؟؟؟ "کاکی دەهۆڵ کوت بەزمێکی خۆشی هەبوو زۆریش ناحەز بوو دەموچاوێکی گرووژ و پڕ لۆچ و گنجی هەبوو بڕۆکانی زەلام و گەورە کەپۆیەکی بەرانی. بۆیە دەڵێن مەیمون تا ناحەزتر بێ بەزمی خۆشترە. ڕاست ئەو

بەشی یەکەم


دەهۆڵ کوتە بوو. یەک یەک دەهاتە بەرامبەری ئێمە ڕادەوەستاو چۆکێکی دەنوشتانەوە سەری وەکوو تەعزیم دادەنەواندو جا دەیکوتا ئەما کووتان. ئەو دەنگەی تاوێک پێش لەدورەوە دەهات زۆر خۆش بوو بەڵام لە نزیکەوە کاسی دەکردی. جا وەکوو مەیمون ئەداو ئەتواری دەردێنا چاوی زەق دەکردن و قونی بادەداو زمانی دەردێناو هەزار بەزمی تر خەڵکەکەش پێدەکەنین. دوای ئەوەی بەدەهۆڵ و زورناێەکی زۆر خۆش و شاد پێشوازیەکی گەرمیان لێکردین. گۆرانی بێژەکان دوو کەس بوون لەمسەر دەچون بۆ ئەوسەر دەتکووت زۆران بازی دەکەن ئەو تەزحیبانەیان لەناو دەستەکانیاندا دێناو دەبردو هەڵیان دەدا بۆ حەواو دەیانگرتەوەو عەجایەب گەرم داهاتبوون چونە بن گوێی کاکی زورناژەن و سرتەیەکیان بەگوێیدا کردو لەیەک ئەمبەروبەر بوون زورناژەن و دەهۆڵ کووت گەرمیان کرد. گۆرانی بێژەکان بە حسابی خۆیان دەیانویست دڵی ئێمە زۆرتر خۆش بکەن و بەپێشمەرگەو حزب و "دکتۆر قاسملوو" هەڵبڵێن یەکیان ئیشارەی بەوی تر کرد کەتۆ لەپێشدا بەندی خۆت بڵێ.. ئەویش لەئێمە نزیک ببۆوە هەتا کەلیمە بە کەلیمەمان بە جوانی گوێ لێ بێ. کووتی:

جا بژی دکتور قاسملوو هیتلەری کوردستانی، هەر ٣ تەڵاقم کەوێ بەقەرا چوار پیاوان جوانی ئەوی تر دەورێک گەڕاو هات و لە بن ئێمە ڕاوەستاو بەهەمان شێوە درێژەیدا و کووتی:

جا بژی دکتور قاسملوو پشتیوانت خودایە
ڕەهبەری مەزهەبیشت پێم وابێ !!! مامۆستایە..

مەبەستی لەوە بوو کە یەعنی ها شتی دەزانم با باسیشی نەکەی بەڵام دەزانم ڕەهبەری مەزهەبیت مامۆستایە مەبەستی لە مەلا شێخ عزەدین بوو. ئەو خەڵکەش سێ جرتەکی بەو گۆرانیە هەڵدەپەرین خۆیان شین و مۆر کردبوو.. هەتا دوایی بانگمان کردن پێمان گووتن، ئەمجارە قەیناکە چونکە نەتانزانیوە بەڵام لە جێگایەکی تر ئەوە مەڵێنەوە چاکەی وا لەگەڵ کاک دکتۆری مەکەن.. ئاخر کاک دکتۆر بۆ هیتلەری کوردستانە ئەوە کوا ڕاستە ئەوجار بۆ درۆیان دەکەن وەڵاهی کاک دکتۆر جوان نەبوو تەڵاقیشت کەووتوە بڕۆ چاکی بکەوە.. جا دەستی لەکەلەکەی نابوو دەیکووت وەڵا بابە تەواومان کرد. خەتاباریشیان کردین و تەڵاقیشیان پێ خستین....

یادو یادگارەکانم لەگەڵ مامۆستا هێمن...



یادو یادگارو بیرەوەریەکانم لەگەڵ مامۆستای پایەبەرزی کورد "مامۆستا هێمن".. هەرگیز فەرامۆش ناکەم.

ئاشنایەتی و تێکەڵ بونمان لەگەڵ مامۆستا هێمن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بنکەی پێشمەرگایەتی ئێمە لە گوندەکەی مامۆستا بوو بە ناوی "شیلاناوێ" کاتێک ئێمە وەک پەلی "شاهۆ" چوینە شیلاناوێ لەوێ یەکەمجار مامۆستا هێمن هاتە سەردانمان و هەموومانی ماچ کرد. دوای ئەوەی بە تەواوی لەو گوندە دامەزراین و هەموو خەڵکەکەمان ناسی، خەڵکەکە زۆریان ئێمە خۆشدەویست و هەموو شەوێ پیاوەکان و لاوەکان دەهاتنە سەردانمان و زۆر نێوانمان لەگەڵیان خۆش بوو.. "سەلاح" کورەکەی مامۆستا هێمن هەر زۆر زوو لەگەڵمان تێکەڵ بوو بە شێوەیەک هەر بۆ نوستن دەچوەوە ماڵی خۆیان دەنا هەر لەلای ئێمە بوو. مامۆستا هێمن زۆر دڵی بە ئێمە دەکرایەوەو زۆر نەسیحەتی دەکردین، هەرچی ئەزمونێک لەماوەی حزبایەتی و دەربەدەری خۆیدا وەسەریەکی نابوو بۆ ئێمەی باس دەکردو فێری دەکردین. من کە زۆر هاتوچۆی مامۆستام دەکرد زۆرم مەبەست بوو بزانم ئەو شیعرانەی بۆچی و لەسەر چی و بە چ هۆکارێکەوە نووسیون، چونکە منیش ئارەزووی شیعر نوسینم هەبوو جارجار شیعرم دەنووسین. "ئاڵەی جودایی" هەموو شیعرەکانی بۆ شی کردمەوە بۆی تەوزیح دەدام کە مەبەستی لەو شیعرە چی بووە. ئێستا شیعرەکانی ئاڵەی جودایی هەموویان دەزانم بەچ مەبەستێک و بۆچی و لەسەر چی نوسراون.

بەشی یەکەم

مامۆستا هێمن زۆر نەدار بوو، بۆخۆی سیگاری هەڵدەپێچا بەڵام هەرگیز نەماندەهێشت بێ سیگار بێ سیگاری بەهەمەنی زۆر پێ خۆش بوو. هەتا مەجلیسی خواردنەوەمان هەبوایە بێ مامۆستا سفرەمان ڕانەدەخست. خۆشترین کاتەکانی ئێمە پێشمەرگەکانی پەلی "شاهۆ" ئەوکاتانە بوو کە لەسەر سفرەی خواردنەوە لەگەڵ مامۆستا هێمن دادەنیشتین، هەر کە کەمێک سەری گەرم دەبوو دوو حاڵەتی هەبوو یادەستی دەکرد بە گریان، ئیتر ئەو شەوە هەر بە گریان و جارجار شیعرێکی دەکووت کە تەوزیحی دەدا لە چ وەزعیەتێکدا ئەم شیعرەی کووتووە بە بۆنەی چ شتێکەوە کوتوویەتی. دڵی زۆر ناسک بوو تەنها ئەوەندە دەڵێم هەموو شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی کردارو خولیاو ئارەزووەکانی بووە. هەمیشە لەهەموو دانیشتنەکاندا دەیکووت و دووبارەی دەکردەوە کەهەتا ئێوە لەم ناوچەیە بن منیش هەر لێرە لەگەڵتان دەمێنمەوە و ئێرەو ئێوە بەجێناهێڵم. زۆرپش شتی بەسوودی فێر دەکردین.. یان بە پێکەنینەوە دەیگرت کە ئەویش هێندەی قسەی خۆش بۆ باس دەکردین قەتمان گوێ لێ نەبوبون. ئەوانەی کە زۆرو هەمیشە لەگەڵ مامۆستا هێمن هەڵسوکەوتمان دەکرد من و کەماڵ سمایلزادەو مەنسوور ئەمیری بووین. هەتا ئەوکات یەک دووجار کۆمیتەی شارستانی مەهاباد بانگیان کردین دەیانکووت ئێوە بۆچی هێندە هاتوچۆی مامۆستا هێمن دەکەن؟؟ نابێ زۆر لێی نزیک بنەوە. بەڕاستی پێمان ناخۆش بوو چونکە هیچ شتێکی خراپی پێنەدەکووتین زۆرمان پێ سەیر بوو. دیارە ئێمە جوابی ئەو قسانەمان نەدەداوە بەڵکو زیاتر مامۆستا هێمن مان خۆشتر دەویست. ڕۆژێک بۆ لای مقەڕێ دەهات لە دورەوە کووتی کۆپلەیەکم شیعر بۆ هێناون زۆرم خۆش دەوێ دەیدەم بە ئێوە:

تەک و تەنیام و عەزیزانم کوان
بۆنی گوڕخانەی لێ دێ جێ ژوان
نامەوێ پاشی نەمان بۆم بگری
وەرە ئێستا ماچم دەیە کیژی جوان

زۆرمان پێ خۆش بوو، زۆرمان شانازی بە خۆمانەوە دەکرد، ئەوکات شەهید "عەولا ئەمینی" مابوو دەنگی خۆش بوو بە گۆرانی دەیکووت زۆر چاکی دەکووت، ڕۆحی شاد بێ.

با ئەوەندەش بڵێم ئەوکات من عاشق بووم هەر لەو گوندە. لەگەڵ کچێک دڵمان بەیەکەوە بوو بەڵام بابی نەیدەدامێ تەنها بەهانەی ئەوە بوو دەیکووت دەیدەم بە ژن بۆ کوڕەکانم و ئەتۆش پێشمەرگەی دەکوژرێی و کچەکەم بەدبەخت دەبێ. دەنا دەیزانی کچەکەی زۆری من خۆش دەوێ. دووجار داواکار چووبون نەیاندەدامێ. مامۆستا هێمن کووتی شۆڕش لەگەڵ سەلاحی کورم هیچ جیاوازیەکت نیە بۆ من. زانی زۆر ناڕەحەتم کووتی بۆخۆم ئەمشەو لەگەڵ کوڕەکان دەچم بۆ خوازبێنی، خێزانی کووتی وەلا منیش دێم جا لە شۆڕش باشتریان دەست دەکەوێ، چەندە پڕ ڕوون لەئێستاوە دەڵێن کوڕە دەکوژرێ و کچەکەم

بەشی یەکەم

بەدبەخت دەبێ، ڕەبی سەری زمانت مووی لێ بێ، ئاخر بڵێ تۆ چۆن دڵت دێ وا بەم کوڕە جوانە بڵێی، وەڵا ئاویشت بەدەستیدا نەکەن کچیان لێ مەخوازە، خەبەریان لێ ناردن کە شەوێ مامۆستا هێمن میوانتانە. جوابیان ناردەوە سەر سەرو سەرچاوەتن مان مانی خۆتانە. خەڵکی گوندەکە بە مامۆستا هێمنیان دەکووت "مام هێمن" زۆربش ڕێزو حورمەتیان دەگرت. شەوێ لەگەڵ کوڕەکان چوون و ئەمن و کامڕان و مەنسوور لەپشت پەنجەرەوە چاومان لێدەکردن بزانین دەیدەن یا نا؟ ئاگامان لێی بوو لەودیو هەڕەشەیان لە کچەکە دەکرد دەیانکووت نابێ بڵێی بەڵێ، لە ئاخریدا مامۆستا هێمن زۆریان لێ تورە بوو کووتی فڵانی ئەوە پیاوەتی نیە لەگەڵ ئەو کوڕو کچەدا دەیکەی، ئەوانە عاشقە ڕووتەن ئەگەر مانعیان بی خودا غەزەبت لێ دەگرێ و کووتی هەستن کورینە با برۆین پێم وابوو هاتومەتە مانە پیاوان. هاتەدەری کووتی شۆڕش لە سبەینێ ڕا ئازادی بڕۆ هەڵیگرە. کە ئەویش نەقڵێکی دورو درێژی هەیە. مامۆستا هێمن زۆری هاوکاری کردم، بەڵام من بۆخۆم وەک پێشمەرگەیەک چیتر وەدوای نەکەووتم هەرچەندە ئێستاش هەر خۆشم دەوێ. کە نزیک بە چل ساڵ تێدەپەڕێ بەسەر ئەو کاتەدا.

مامۆستا هێمن هەتا ئێمە لە ناوچەدا بووین و بونمان هەبوو هەر لەگەڵمان مایەوە ئاخرین دانیشتنمان لەگەڵ مامۆستا هێمن لە کاتێکی تردا دەگێڕمەوە کە دەیزانی ڕەنگە تازە یەکتر نەبینینەوە بۆیە شەوێکی یەکجار مێژوویی و پڕ بایەخ بوو.

یادو یادگارەکانت هەر بەزیندوویی دەمێنێتەوە مامۆستا هێمن، شاعیری میللی و نەتەوایەتی کورد.

تۆپ و خومپارە باران کردنی سوپاو پادگان و جاشخانە لە مەهاباد...



ساڵی ١٣٦١ بوو، نازانم چ وەرزێک بوو بنکەی ئێمە پەلی "شاهۆ" سەر بەهێزی پێشەوا لە گوندی شیلاناوێ بووین. شوێن و گوندی مامۆستای پایەبەرز مامۆستا "هێمن"ی شاعیرو هەمیشە زیندوو... لەلایەن بنکەی هێزەوە ئاگادار کراین و پێیان ڕاگەیاندین کە ئامادە بن بۆ مەئموریەتێکی گرنگ و بەهێز. دیارە شێوەو چۆنیەتی عەمەلیاتەکەیان پێ کوتبوین کەلەپشتی بەرزاییەکانی گوندی "بەسری" زاڵ بەسەر گوندەکانی "پیربەلە - سارەوانان - حەوتەوانان - سەیداوا - شاری مەهاباد کاک "چەکۆ" قەرار بوو بە تۆپی ١٠٥ ملم و کاک "ئاسۆ موکریانی" کە جێگری فەرماندەری هێزی پێشەوا بوو. بەخومپارەی ١٢٠ملم، لە پادگان و خانەی جەوانان کە سوپای پاسدارانی تێدا بوو، هەروەها لەجاشخانە کەتایبەت بوو بۆ جاشەکان کەئاغا جاشە مەنگورەکانی تێدا بوو، تۆپ و خومپارە باران بکەن. ئەوکات بۆ ئامادەکردنی ڕیپۆرتاژێک لەسەر شۆڕش و جوڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان، دوو هاوڵێر لە کانالی ٢ی تلوزیۆنی "ئاڵمان" ڕا هاتبوون بە دووربینی فیلمبەرداری و دووربینی عەکاسی فیلم و وێنە هەڵبگرن... ئەوانەی بەشدار بوون کادرو پێشمەرگەکانی بنکەی هێزو پەلی ئێمە بووین. بەڕەحمت بن "حوسین غول" و "جەمشید حەسەنی" هەردووکیان لەگەڵ بوون، کاک حوسین ئەوکات ٣ ژنی هەبوو دوویان لەشاری دەبوون یەکیان لە دەرەوەبوو لەگەڵ خۆی، بەردەوام پێشمەرگە لاوەکان گاڵتەو شۆخی زۆریان لەگەڵ کاک حوسین دەکرد. کوڕەکان جەوێکی زۆر خۆش و پڕ لەشادی و پێکەنینیان هەبوو.. "جەمشید

بەشی یەکەم

حەسەنی" شۆفێری ماشێنە بارهەڵگرەکە بوو "ئوواز" بوو لەو ماشێنە گەورە ئارتەشیانە کە وەک هەموو دەستکەووتەکانی تر لە عەمەلیاتەکان لە دژمنمان گرتبوو،، تۆپەکەمان پێ ڕادەگوێزت جەمشید بۆ شادی و دڵخۆشی پێشمەرگەکان لە بنکەدا هەمیشە کەشەفێکی سەروبن دادەناو هەندێک کلیل و ئاسنەوانەی لەسەر دادەناو بە کەچک وچەنگاڵ لێیدەداو گۆرانی "جیلی بۆم، جیلی بۆم"ی دەگووت ئەو ڕۆژەش پێش ئەوەی تەقە و عەمەلیات دەست پێبکات خەریکی بەزمی خۆی بوو بۆ پێشمەرگەکان. هەندێکی تریش لەگەڵ بوون کە ئێستا لەناوخۆن، کە چوین کاک چەکۆ تۆپەکەی دابەستبوو ئامادەی کردبوو هەروەها کاک ئاسۆش خەریکی دامەزراندنی خومپارەو قۆناخەکەی بوون، گولەکان هەموو ئامادە دەکران و دانانی خەرجەکان بۆ گوللەکان تەنها کاک ئاسۆ بۆخۆی دەیزانی چەندەی لێ ببەسێ بە پێی دورو نزیکی مەودای هەدەفەکە. ئەوکات بێسیم و جیهازی پەیوەندیمان نەبوو لەسەر ئەو هەموو دوڵەمەندیەی حزبەوە. لە بیرمە هێزو کۆمیتە شارستانی مەهاباد لەو کاتدا خودکەفا بوون و هەموو مانگێک زیاتر لە یەک ملیۆن تمەنیان دەدا بە دەفتەری سیاسی، بەڵام دوو بێسیمان نەبوو کە پێشمەرگە لەو کاتەدا هەموو ڕۆژێ شەڕو پێکدادانمان هەبوو لەگەڵ دوژمن. کە بە خاتری ئەو نەبوونی پەیوەندیانەدا پێشمەرگەی زۆر قارەمانمان شەهیدو بریندار بوون.. تەنانەت بۆ گەیاندنی پەیامێک یا ئاگادارییەک لە ناوچەی بەربڵاوی مەهاباد هاتوچۆو کاتێکی زیاترمان دەویست بەتایبەتی لە وەرزی زستان و بەفرو باران و قوڕو چڵپاودا، بەڵام ئیمان و بڕواو دڵخۆشی بەحزبەکەمان و ڕێگای شەهیدان هیچ کات لەپێش ئێمە نەبوونە ڕێگر، بە گۆرانی و سروود خوێندن و باوەڕی بەرزمان ئەو ئاستەنگانەمان دەبڕین و کۆڵمان نەدەدا.. ئێمە لەسەر دوندی شاخەکە بوین کە ناوشارمان بە جوانی لێ دیار بوو هەر چەند مەترێک پێشمەرگەیەک ڕاوەستابوو بە یەکترمان دەکووت وەک دیدەبانی بۆ کاک ئاسۆو بۆ کاک چەکۆ. هەندێک پرتەوبۆڵەو وردە ڕەخنەو گلەیی هەبوو پێش ئەوەی لێیدەین کە باسی ئەوەیان دەکرد لەوانەیە ئەو گوللە تۆپ و خومپارانەوە ناو ماڵەکانی کوچەی هەشت مەتری بکەوێ و خەڵکی بێگوناح بکوژرێن. بەڵام کاک ئاسۆ کووتی من لەسوپای پاسداران و لەجاشخانە دەدەم ئەوەندەی بزانن بە "گرێنتی" لێی دەدەم کە یەک گوللەش وە ماڵان نەکەوێ. یەکجار لە خۆی ڕادەدیت زۆر بە مەحکەمی و قایم ئەو قسەیەی کرد، ئێمە کە هاوکارو یاریدەدەری خومپارەکە بووین زیاتر،، بەڵام ئاگامان لە کاک چەکۆش هەبوو دیدەبانیمان بۆ ئەویش دەکرد. ئێستا هەم تۆپ و هەم خومپارە ئامادە بوون خەبەرنیگارەکان هەندێکیان فیلم و وێنە هەڵگرتەوە لەکاتی خۆئامادەکردن و هەندێک قسەیان لە کاک ئاسۆو کاک چەکۆ پرسی کە دەتانەوێ چی بکەن و لە کێ و لە کوێ دەدەن بە تۆپ و خومپارە؟؟ لەم جۆرە پرسیارانە ئەوانیش جوابیان دانەوەو ئامادە بووین بۆ دەستپێکردنی عەمەلیات هەموو شتێک ئامادە بوو گوللە تۆپ و خومپارەکان "ماسورە" یان لێ بەسترا بوو، لە بیرمە یەکەم گوللە کاک ئاسۆ بە خومپارە لێیدا، هەر کە تێیان هاویشت و گوللە ڕۆی بە هاژە هاژ و ووشە ووش کاک ئاسۆ بە هەڵاتن هاتە سەرێ لای ئێمە زۆر دوور نەبوو هەر ١٥ - ٢٠ مەترێک دەبو نێوانی ئێمەو خومپارەکە هەموومان چاومان لێ بوو لەسەر سەربانی سوپای پاسدارانی دا. زۆر خۆش بوو یەکجار دیمەنێکی پڕ لەنهێنی و سەیر بوو لە لامان

بەشی یەکەم


چۆن یەکەم گوللە لەم هەموو خانوو سەربان و ماڵان و قەرەبالّغیەدا ڕاست وە سەربانی خانەی جەوانان کەووت کە سوپای پاسدارانی تێدابوو؟ دەتکووت کاک ئاسۆ بۆخۆی لەگەڵ گوللەکەدا دەفڕێ و ڕاست لەسەر سەری سوپای پاسداران بەرییەداتەوە.. لەو ڕۆژەوە خۆشەویست ترین چەک لەلای من خومپارەیە لەگەڵ نارجۆک هاوێژ دووەم گوللە کاک چەکۆ تۆپەکەی تەقاند ئەویش ڕاست لە ناو پادگانی دا تەپ و تۆز بڵند بوو لەناو پادگانی مەهاباد. خەبەرنیگارەکان زۆریان پێ سەیر بوو کە چۆن لەناو ئەوهەموو ماڵانەدا ڕاست لەسەربان و حەساری سوپای پاسداران و پادگانیان دەدا هێندەیان پێ خۆش بوو بەدەست و بە چاوو بەسەر خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی دەتگووت بۆخۆیان گوللەکان داوێن. کاک ئاسۆ هەر کە بەچاوی خۆی دیتی یەکەم گوللەی لە هەدەف دا. یەکی لە سوپا دەدا ئەویتر لە جاشخانە هەموو جارێک لەگەڵ گوللەکەی تێدەهاویشت هەڵدەهات بۆ لای ئێمە دەبوو بۆخۆی دیتبای کە وەکوێ دەکەوێ زۆر کەیفی ساز بوو ناو جاشخانە ئاگری تێبەربوو یەکی دیکەی تێهاویشت هاواری دەکرد بۆ سوپایە یا دەیکووت بۆ پادگانە یا بۆ جاشخانەیە ئێمەش دەقیق دەماندیت ڕاست بە هەدەف دەکەووتن کاک چەکۆ هەمووی لە پادگان دەدا. پێم وابێ کاک ئاسۆ گوللەیەکیان کووتی بۆ ئەو پایەگایەی سەر پادگانە "جاوید شاە" ڕاست لەناو پایەگای دا. قەت ئاوا نەمدیبوو بەدەقیقی ڕێک و ڕاست ئەو هەموو گوللەیە بێ ئەوەی یەک دانەش بە فیڕۆ بچێ یا وە خەڵکی بکەوێ، هەمووی ڕاست لەهەدەف بدرێ بەڕاستی هەموومان حەپەسابووین هەر بەڕاستی وەکوو سیحرو خەوبینین دەچوو هەم تۆپەکە هەم خومپارەکە یەک گوللەشیان بەهەدەر نەچوو، ئێمە هەموومان گوللە بە گوللە چاومان لێی بوو ئێمەش جار جار دەهاتین گوللەیەکمان هەڵدەگرت ماچمان دەکردو بەسرتە بە گوللەکەمان دەکووت پاسداری زۆر بکوژە بژی پێشمەرگە، لەبیرمە نۆرەی شەهید سالّە نادری بوو بیتەقێنێ کووتی ئەم گوللەیە بۆ کوێیە،؟؟ کاک ئاسۆ گووتی بۆ جاشخانەیە سالّە گوللەکەی ماچ کردو بڵندی کردو کووتی جاشان زۆر نەکوژی دەت... م بژی پێشمەرگە بوو بە پێکەنین و گوللە ڕۆی دوژمن دەستی کرد بە تۆپ و خومپارە باران کردنی ئێمە لەئاخریدا جێگای ئێمەی دیبووە چەند گوللە تۆپێکی زۆر نزیک لێداین خەبەرنیگارەکان بێ پسانەوە فیلم و وێنەیان هەڵدەگرتەوە، گوللەیەک لە چەند مەتری ئێمەو خەبەرنیگارەکانی لە عەرزێ دا هەموومانی بەملاوبەولادا فڕێداو بوو بە دوکەڵ و تەپ وتۆز کە دیتمان خەبەرنیگاری فەقیر سەربەرەوخوار هەڵدەهات بەرەو گوندی بەسری لە نزیک ماڵان یەکی تریان لە بن دا هەر شێتیان کرد ئەوجاریش هەستاو هەڵات باش بوو سەلامەت بوو ئێمەش هەموومان خۆمان مات کرد لە ناو گاشە بەردو شاخە سەختەکانی ئەوێ هەتا بێ دەنگ بوون و تۆپ و خومپارەباران تەواو بوو، لەجاشخانەو سوپای پاسداران و پادگان ئاگرو دوکەڵ بەری ئاسمانیان گرتبوو . کاک ئاسۆ کووتی پێم نەکووتن من بە گرێنتی لێیدەدەم. هەموومان گووتمان بەڕاستی دەستان خۆش بێ هەرگیز ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد، هەتا یەک گوللەشمان نەدیت بە فیڕۆ بچێ هەموویان لە هەدەف دران. بە ڕاستی دەستتان خۆش بێ. ئێمە ئەوکات زۆر قەدری ئەو فەرماندەو لێزانانەمان نەدەزانی ئەوانە هەریەک بۆخۆیان ئەندازیارو پیاوی ئەو چەکە قورسانە بوون وەکوو شەهید کاک هەژار شەهید سەرگورد عەباسی کاک ئاسۆ

بەشی یەکەم

کاک چەکۆ کاک فەقێ عەولاکاک عزەت، کە هەرگیز لە بیرم ناچێ کە چۆن کاک هەژار بە هەمان تۆپ چۆن نزیک بە ٢٠ گوللەی لە پایەگای "داشامەجید" دا لە ناوەڕاستی شاری مەهابـاد بـێ ئەوەی یەک گوللە وە نـاو مـاڵان بکەوێ، هەروەهـا لە پایەگای "کۆسەکەرێز" کە چۆن دوژمنـی شـەق و شڕ کـرد لەو پایەگـایەدا. دوژمن بۆخۆیـان سـەریان سـوڕ مـابوو کە چـۆن بەو شـێوەیە دەقیـق لێیـان دەدەن. زۆر زەحـمەتە ئەم فەرمانـدانە دروسـت ببـنەوە هەرچەنـدە گەنـج و لاوەکانمـان نـاهێڵن جێگـا پەنجەو سەنگەری ئەم فەرماندە قـارەمانانە چۆل بـێ و چەکەکانیان هەڵـدەگرنەوەو سـەنگەرەکانیان لەکـات و وەختـی خۆیـدا ئاوەدان دەکەنەوە. هەتـا کورد نەگات بە هەموو ئـاوات و ئامانجەکـانی ئەم شـۆڕش و خـوێن دانە دریـژەی هەیەو بە دەیـان و بە سەدان کاک هەژارو سەرگورد عەباسی و چەکۆو هەزاران فەرماندەی لێزان و ئـازاو چـاونەترس و نیشـتمان پەروەر دروسـت دەبـن... لە دوای چەنـد ڕۆژ بۆمـان ڕوون بـۆوە کە کۆژراویـان یەکجـار زۆر بـوو هەم لە سـەربـازو پاسـدار هەم لە جاشـەکان، کورێک کە ئەوکات زیندانی بوو لە سوپای پاسداران دوایە ئازادکرا بۆی گێڕاینەوە کە ئەکاتی خومپارەکان پاسدارەکان چۆن هەڵـدەلەرزین و خۆیـان لە ژێـرزەمینەکەدا شاردبـۆوە بە چاوی خۆی جەنازەیەکی زۆری پاسدارانی دیبوو.

پێویستە زۆر سوپاسی کاک "ئاسۆ موکریانی" بکەم کە زۆری هاوکاری کردم لە نووسینەوەی ئەم عەمەلیاتە بەهێزو سەرکەوتوەدا....

یادێک لە شەهیدی نەمر قارەمان ڕەحیم قارنجی...



بەهاری ساڵی ١٣٦٣ بوو هەوا ساردو بارانی بوو کزە بایەکی ساردو ناخۆشی دەهات. وردە وردە بە هێواشی ڕێگام دەبڕی و بەچاوی دڵمەوە دەمڕوانیە ئەو دیمەنە سیحراویانەی دەوروبەری گوندی "مەزرا" لە ناوچەی سەردەشت ئامانج و کۆتایی سەفەرەکەم هەر ئەو گوندە بوو، چووبومە ناو خەیاڵێکی قوڵ کە بەڕاستی حەیرانی ئەو دیمەنە جوان و دڵڕفێنەی دۆڵ و شاخ و هاژەی چۆم و هاژەو لرفەی ئاوی بەخوڕی بەهاری. تەم و مژێکی ئەفسوناوی تەواوی جەنگەڵ و شاخ و دۆڵی گرتبوو جار جار دەڕەوینەوەو تیشکی خۆر خێرا خۆی دەخزاندە نێوان تەم و مژو هەورەکان ئەوەندە جوان و دڵڕفێن بوو تەنها دەتوانی سەرسام بی و هیچی تر. دورو نزیکی گوندی "مەزرا" بومەوە کە چاوم لێکرد هەڵکەووتەو شێوەی ماڵەکان و بەرفراوانی دەوروبەری دێ لەناو ئەو هەموو شاخە سەخت و جەنگەڵەدا ئەوەندە جوان بوو لە تێڕوانینی تێر نەدەبووم. لە زەمانی شاە ئەو گوندە پاسگای ژاندەرمەری لێ بوو، دوای ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی پاسگا کرابووە بنکەی هێزی گیارەنگ. هەر کە گەیشتم کوڕەکانی خۆمان هاتن و زۆر خۆشحاڵ بوین و یەکەم کەس کە پێیان ناساندم شەهید "ڕەحیم قارنجی" بوو هەر لەگەڵ یەکمان ماچ کردوو سڵاوو چاکوخۆشی کرا لەگەڵ "ڕەحیم" دەتگووت لە منداڵیەوە یەکتر دەناسین و پێکەوە گەورە بووین ئەو هەستە بۆ ڕەحیم هەروابوو، وەختی نەهار بوو ڕەحیم کووتی وەرە لای من دانیشە پێکەوە نانی نیوەڕۆمان خوارد. ئەو کوڕانەی هێزی پێشەوا کە لەوێ بوون شەهید قاسمە ڕەش و شەهید عەلی چکۆڵ و عەلی قاسمی و یەکێکی تریش بوو

بەشی یەکەم

ئێستا لە ناوخۆیە. زۆر زوو لەگەڵ شەهید ڕەحیم تێکەڵ بووم بەشێوەیەک کاک "حەسەن شیوەسەڵی" فەرماندەری هێزی گیارڕەنگ و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو هەر بە "مامۆستا" بانگمان دەکرد دەیکووت باشە ئێوە لە پێشدا یەکترتان دەناسی؟ کووتمان نەخێر مامۆستا هەر لێرە بەیەک ئاشنا بووین، ڕەحیم زۆر شارەزایی دەدامێ لەسەر چۆنیەتی ناوچەکەو خەڵکی ناوچەکەو چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ پێشمەرگەکان و خەڵک. پێشمەرگەکانی هێزی گیارڕەنگ زۆر ڕێزی ئێمەیان دەگرت، مامۆستا بۆ هەموو کارێک نەزەری لێوەردەگرتین کەئەوە بۆخۆی ڕێزو متمانەیەکی زۆری بە ئێمە دەبەخشی، چەندین جەولەو مەئموریەتی حزبی بەڕێوە چوو لە ناوچەو قوڵایی ناوچەکە کە من لەگەڵیان چووم، ڕەحیم قارنجی بۆ یەک خولەکیش لێم جودا نەدەبۆوە، ناوچەکەی پێ دەناساندم ڕێگاکان کەسانی مەنشوورو حزبی، هەر گوندێک دەچووین باسی تەواوی هەڵکەووتەی ئەو گوندەی بۆ دەکردم لە کوێ هەڵکەووتووەو دەوروبەری ئەم گوندە چەند گوندی دیکەی لێیە.. دەیکووت ئەگەر لەم گوندە تووشی شەڕ ببین و لە ئێمە هەڵببڕێی پێویستە بەرەو کوێ بڕۆی.. هەرچی زانیاری وردو پێویست هەبوو پێی دەکووتم. دوای چەند جارێک چونەوە بۆ ناوچە تەواو شارەزاییم لەسەر هەموو گوندەکان پەیدا کردبوو. هەتا بۆ کارێکی تایبەتی چوینە نزیک ماڵەکانی شاری "سەردەشت" کە پێشتر نوسیومەو بڵاوم کردۆتەوە تەواو شارەزای ناوچەکە ببووم. دوای ماوەیەک ڕژیم بەهێزێکی گەورەو زەبەلاحەوە هێرشی هێناو ئەوکات بەداخەوە هێزەکانی "قیادە موەوەقەت" هاوکاری ڕژێمیان کردو دوای یەک حەووتوو شەڕی نابەرامبەر توانیان ئەو ناوچە سنووریانە داگیر بکەن کە ئەویشم نوسیوە بە دورو درێژی. بەڵام هەرگیز نەیانتوانی ڕێگا لەهێزی پێشمەرگە بگرن. بنکەکانمان بردە "خرەی ناوزەنگ" و لەوێ لە بنکەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کە سەرکردایەتیان بوو ماڵە مام جەلال و کاک نەوشیروان و زۆربەی زۆری سەرکردایەتی یەکیەتی لەوێ بوو تەحویلی ئێمەیان داو بۆخۆیان چوونە ناوچەی "سەرگەڵوو بەرگەڵوو" بنکەکانمان بە درێژایی ئەو دۆڵە بڵاو بووین هەتا گوندی "سونێ" و "شیوەڕەز" لەو ناوچانە دامەزراین بنکەی ئێمە وەکوو بنکەی هێز لەماڵەکەی مام جەلال و کاک نەوشیروان دا بووین. ئەو زستانە لەوێ بووین سەرەڕای کاروباری حزبی و چوونەوە بۆ ناوچە مامۆستا داوای لێکردم کە ئەم زستانە هیمەتێک بکەم و کلاسێک بۆ ئەو پێشمەرگانە دابنێم کە سەوادی خوێندن و نووسینیان نیە، منیش بەڵێنیم پێ داو داوام لێکرد پێداویستیەکانم بۆ دابین بکات مامۆستا لە ماوەی یەک حەوتوودا هەموو پێداویستیەکانی بۆ دابین کردم. نزیک بە ٣٠ پێشمەرگە دەبوون هەتا دووەم مانگی بەهار پێشمەرگەی نەخوێندەوارمان نەمابوو لە هێزی گیارڕەنگ. مامۆستا بۆخۆی تاقیکاری بۆ کردن بە خۆشیەوە هەمووی قەبوڵ بوون. دوای ئەوە شەڕی نابەجێی کۆمەڵە دروست بوو کە لەگەڵ ڕەحیم باسمان دەکرد هەردووکمان پێمان شەڕێکی نادروست و خۆکوژی بوو ٠بەڵام فەزای ئەوکات ڕێگر بوو لە بەرامبەر نەکردنی ئەم شەڕە خۆکوژیە. بە هەموو ئەمانەوە چوینە شەڕی کۆمەڵە لەجنوبی کوردستان بۆ یەکجاریش لەو ماوە زۆرەدا شەهید ڕەحیم لەمن جودا نەبۆوە هەمیشە لەگەڵم بوو کاتێک "عەلی چکۆڵ" شەهید بوو من زۆر ناڕەحەت بووم چونکە هەر بە بابە بانگی دەکردم هەموو وایاندەزانی شەهید عەلی کوڕی منە مامۆستا

بەشی یەکەم

بە ڕەحیمی کووت زۆرت ئاگا لە شۆڕش بێ. دوای ئەوەی کە ئێمە گەڕاینەوەو لکی ٣ی هێزی گیاڕەنگ هاتن ئێمەیان گۆڕی بە داخەوە لەوێ میرزا "عەبدوڵای نێشکۆڵان" شەهید بوو کە جێگری هێزو فەرماندەری لکی ٣ بوو. ئێمەش کە گەڕاینەوە لە گەڕانەوەماندا دوژمن ئاگاداری ئێمە بوون هێزێکی زۆریان هێنابوە ناوچەکە بۆ لە داو خستنی ئێمە. هەتا لە دەوروبەری گوندی "ناوە" شەوێ لەکاتی حاوانەواماندا هاتنە سەرمان و شەڕێکی گەورەو نابەرامبەر ڕوویداو بە داخەوە "سەرگورد کەریم عەلیارو ئەبو سەفزی و سولەیمان و هەمزە بوبانەیی" شەهید بوون و چەندین بریندارێش کە ئەو شەڕەم بە دورو درێژی باس کردوە. کە گەڕاینەوە دۆڵی "ناوزەنگ" دوای ماوەیەک پێکەوە چوین عەمەلیاتێکمان کرد لە دەشتی مردواوێ لەسەر ڕێگای پایەگاکانی شاخی "جاسوسان" کە دوژمن تەلەفاتی زۆری هەبوو ئێمە پێنج کەس بووین. ڕەحیم قارنجی کوڕێکی هوشیارو وریاو زیرەک و خۆش ئەخلاق و سادەو دڵپاک بوو، پێشمەرگەیەکی بە بیروباوەڕو قارەمان بوو فیداکارو شۆڕشگێڕێکی بەتوانا بوو کە بەداخەوە لە ئاخریدا لە گرتنی پایەگای "سێپەکان" شەهید بوو کە ئەوکات فەرماندەری لک بوو، ڕەحیم لە "بەردە قسڵ" لە سونێ بە خاکمان ئەسپارد..

ڕەحیم لەشک ناسراو بە ڕەحیم قارنجی خەڵکی گوندی "قارنجە"ی سەر بە ناوچەی چۆمی مەجیدخانی مەهاباد بوو.
ڕێکەووتی شەهید بوونی ٦ - ٥ - ١٩٨٨ بۆ هەمیشە لە دڵمدای براو هاوڕێ و هاوسەنگەری خۆشەویستم،

ڕۆحت شادو ڕێگات پڕ ڕێبوار بێ...

بەشی یەکەم

جیاوازیەکی نێوان ئێمەو دوژمن...



پێشمەرگە دێرینەکان لە بیریانەو باش دەزانن لە ساڵەکانی سەرەتای دەستپێکردنی شەری داسەپاو بەسەر میللەتی کوردا لە کوردستان و دوای دەرکردنی "جهاد" لە لایەن شەخسی "خومەینی" و گووتارە مێژوویەکەی یەکەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی "بەنی سەدر" لەسەر هێرشی سەربازی بۆسەر کوردستان و ئامادەکردنی هێزەکانی پاسداران و بەسیج و جاشەکان و شەرعیەت دان بەحەڵاڵ کردنی خوێنی کورد، هەم وەک کورد هەم وەک سونی هەم وەک دژی شۆڕش هەم وەک کافر لە مێشک و زەینی هێزەکانیان بەکارێکی شەرعی و قانونی ناساند.. ئەم ئامادەکاریەو هێرشە زۆر زوو دەستی پێکرد، دەتکووت کۆماری ئیسلامی گەورەترین کافرو دوژمنی خۆی گەلی کوردەو هەرچی زووتر دەبێ سەریان پان بکرێتەوە، هێزەکانیان وا حاڵی کردبوو کە ئێوە هێرش دەکەنە سەر ئارتەشی عێراق و سەدام لە کوردستان.. ئەو هێزانە بەشێوەیەک هێرشیان دەکردە سەرمان زۆر دوژمنانەو زۆر درندانە بوو. هیچیان لە گوللەو کوشتن نەدەگەڕانەوە، ئەگەر کەسێک بە دیل گیرابا دەگریاو دەپاڕاوە کە بیکوژین و ئەو پێی وابوو دەچێتە بەهەشت و هەتا هەموو ئەوانە کیلی بەهەشت لە ملیاندا بوو، پێشمەرگە دێرینەکان هەموو ئەوانەیان لە بیر ماوە. ئەوانە لەشەڕو لەمەیدانی شەڕدا نەدەکشانەوە،، بێ باک دەهاتنە پێشێ،، کەلاک لەسەر کەلاک لە بەرچاویان دەکەووت بەڵام هەر دەهاتن. ئەوە تەنها ئازایەتی و قارەمانیەتی پێشمەرگە بوو کەشێرانە لەبەرامبەر ئەو مێشکە وشکانەدا ڕادەوەستان، لەهەر باریکەوە لێکت داباوە ئەوان لە ئێمە زۆرتر بوون،، چەکی

بەشی یەکەم

باشتریان پێ بوو،، تۆپ و خومپارەو کاتیوشا پشتیوانی لێدەکردن،، لە زۆر شەڕەکاندا فڕۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەری جەنگی تەواو کات پشتیوانیان لێدەکردن.. دکتورو هێزی یارمەتیدەر لە پشتیان بوون،، هەرچەندیان لێ کوژرابـاو بریندار بوایە خێرا هێزی تازە نەفەسیان دێنایە مەیدانی شەڕەکە. بەڵام پێشمەرگە دەقیقەن بە پێچەوانەوە هەر ئەوەندە بوو کە لە شەڕەکەدا هەبوو، نە فیشەک و تەقەمەنی زیاتری پێدەگەیشت، نە ئامبوڵانس و دکتوری لەگەڵ بوو،، نە هێزی تازە نەفەس هەبوو،، نە تۆپ و خومپارەو کاتیوشا پشتیوانی لێدەکرد،، نە فڕۆکەو هەلیکۆپتەری هەبوو. هەتا بێسیمان نەبوو تا پەیوەندی بە سەرەوەتر بکەین، لە هەموو شەڕەکانیشدا سەرکەووتن بۆ ئێمە بوو تەلەفاتی نێوانمان جیاوازییەکی زۆری هەبوو، هەمیشە کەلاکی ئەوان بەجێدەمان و دەکەووتنە بەر دەستی ئێمە، تفەنگ و تەقەمەنیەکی زۆرمان لە دوژمن دەگرت، ئەوەندەی بەکارمان دێنا چەندین بەرامبەرمان بە دەستکەووت لە دوژمن دەگرتەوە. ئەم حاڵەتە لەسەرتاسەری کوردستان هەبوو، هەموو هێزەکانی ناوچەکان هەر لە ماکۆوە هەتا کرماشان، ڕۆژ نەبوو گەورەترین زەربە لەهێزەکانی دوژمن نەدەن. ڕادیو دەنگی کوردستان فریای خوێندنەوەی هەواڵەکانی قارەمانیەتی پێشمەرگەکان نەدەکەوت. دوژمن گەورەترین هێرشی دەکرد لە هەموو ناوچەکان، بۆ یەکجاریش نەمانبیست پێشمەرگە شکابێ و دوژمن سەرکەوتبێ، خۆ ئەگەر دوژمن توانیبێ سەرکەوتنێکیش بەدەست بێنێ ئەوەندەی کوژراوو بریندار هەبووە کە قیمەتێکی زۆر زیاتر بووە لەسەرکەووتنەکە. لە ماوەی ٥ ساڵی یەکەمی شۆڕش هەرگیزاو هەرگیز دوژمن هەناسەیەکی ئاسوودەی نەکێشا لە کوردستان، بۆخۆیان زۆر باش دەزانن چ بەڵایەکیان بەسەرهات لەکوردستان و بەدەستی بەهێزی پێشمەرگە. ئێستاش کەئێستایە ئەو فەرماندەو پێگەیشتوانەی سوپای پاسداران و بەسیجی و ئارتەش کە ئێستا هەموویان لە ڕەئسی حکوومەت و دەسەڵاتدان نانی شەڕی پێشمەرگەیە پلەو پایەیانی گەیاندۆتە ئەو ڕادەیەی ئێستا کە لە ڕەئسی هەرە بەرزی دەسەڵاتدان هەموو ئەوانە دەربازبووی دەستی پێشمەرگەن لە مەیدانەکانی شەڕ،، هەموو ئەوانە "مۆرێک" یان "داخێک"ی گوللەی پێشمەرگەیان لەسەر جەستەیاندا هەیەو شوێنەواری ماوە، کاتێک ئەوانە ئێستا لە سەرۆکایەتی و لوتکەی هەرە بەرزی دەسەڵاتدان لەکۆماری ئیسلامیداو بەشەڕی پێشمەرگە توانیان بگەنە ئەو مەقامانە، دەکرێ و حەقی خۆیانە لە لایەن سەرکردایەتی خۆیانەوە ڕێزیان لێ بگیرێ و بیانکەنە دەسەڵاتداری وڵات، چونکە ئەوانە توانیویانە لەگەڵ "پێشمەرگە" بجەنگن و دوای چەندین جار ڕزگار بوونیان لە مردن گیانی سالم بەدەربەرن و بمێنن.

بەڵام ئەی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی ئەو داستانەیان تۆمار کردو پیاوانەو شۆڕشگێڕانە بەرامبەر بەم درندانە سنگیان بەخاکی پاکی کوردستانەوە ناو سەنگەری شەرافەتمەندانەیان لەدوژمن گرت، هەر لەپێشمەرگە دەوشایەوە ئەم شێوە دیفاع و خۆڕاگڕ بێ. دوژمن زۆری مەبەست بوو بزانێ کێ بوون ئەوانەی ئەوەندە ئازاو بەجەرگ و قارەمان بوون، کە توانیان لەبەرامبەر ئەم هەموو هێزو چەکە مۆدێرانەدا بە تفەنگێک و چەند دەراغێک فیشەکەوە ئەم هەموو خۆڕاگریە ئەنجام بدەن

بەشی یەکەم

و سەرکەووتنیش بەدەست بێنن. پێشمەرگە هەموویان کوڕی هەژارو چەوساوەکانی ئەم کوردستانە بوون و لەهیچ دانشگایەکی ئەفسەری دەرسیان نەخوێندبوو، هەرچی هەیانبوو چەکی باوەڕ بەخاک و نیشتمان و بەرگری کردن بوو لەبەرامبەر داگیرکەرانی کوردستاندا. بەڵکوو لەدانشگای واقعی شاخەکانی کوردستان و لە مەیدانی شەڕەکان و بەکردەوەدا ئەزموونیان وەسەریەک نابوو ئەم پێشمەرگەو فەرماندە قارەمانانەیان لێ دروست ببوو. هەزار حەیف و مخابن زۆرێک لەو شێرە کوڕو کچانەی دیموکرات شەهید بوون و ئێستا بە جەستە لەناوماندا نەماون، زۆرێک کەمئەندام بوون و وەلانراون،، زۆرێکیان ئێستا لەناوخۆی ولاتن و خوێنیان هەر قوڵپ دەدات بۆ گەلەکەیان و هەر کورد ماون، ئەوانەی ئێستاش تەواو وەخت لەحزبدا ماون بەرچاون و زۆرێکیشیان لە هەندەران بڵاو بونەتەوە، بەڵام ئێستاش پەیوەندیان لەگەڵ حزبەکەیان نەپچڕاندووەو بەهەر شێوەیەک لەدەستیان بێ چالاکی و خەباتی خۆیان دەکەن و هەڵنەبڕاون، ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان پێشمەرگەو فەرماندەرەکانی خۆمان لەگەڵ فەرماندەکانی دوژمن و ئەوانەی لە گوللەی پێشمەرگە ڕزگاریان بوو و لە ژیاندا ماون بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە شەڕ هەر ئەو شەڕە بوو کەڕوویان دا لە نێوان ئێمەو دوژمندا، چەندە بۆ ئەوان سەخت بوو ئەوەندەش بۆ ئێمە سەخت بوو، هەر شەهیدێکی ئێمە بەرامبەر بوو بە دەیان کوژراوی ئەوان، لە هەموو بارێکەوە ئێمە سەرکەووتوبوین بەسەر دوژمندا، هەم ئێمە ئەوەمان دەزانی هەم دوژمن بۆخۆی ئەوەی باش دەزانی. بەڵام لە کۆتایدا ئەوانەی لە هێزی دوژمن نەکوژران و مانەوە ئێستا هەموویان پلەی بەرزو لە ئاستی سەرەوەدان و هەمەکارەی مەملەکەتن، بەڵام ئەو پێشمەرگەو فەرماندانەی ئێمە کە بەسەدان جار لەوان لەپێشتر بوون لە هەموو بارێکەوە، ئێستاشی لەگەڵ بێ تەنها ئەندامی حزبن وەکوو هەموو ئەندامێکی سادە، هیچیان پلەی تەشکیلاتیان نیە، بەڕاستی هەم شەرمە هەم بێ وەفاییە هەم بەکەمگرتنی ئەو کادرو فەرماندەو پێشمەرگانەیە کە شەهید نەبوون و لە ژیاندا ماون.. ئەوانەی لەشەڕەکاندا ڕووبەڕووی ئێمە دەبوونەوە لە کوێن و ئێمە لەکوێین؟ من ناڵێم حزب هیچ کارێکیان بۆ بکات چونکە ئێمە هێشتا سەرنەکەووتوین و هیچ دەسەڵاتێکمان لە ناوخۆی خاکی خۆماندا نیە، بەڵام لانی کەم ئەو کەسانەی لە ژیاندا ماون پلەیەکی تەشکیلاتی وەکوو کادریان بدەنێ، وردە وردە تەمەن دەچێتە سەرێ و هەموومان دەبێ بڕۆین هەر شانازیەکە حزب ئەو وەفاداریە بەپێشمەرگەو فەرماندەکانی کاتە سەختەکانی خەبات بکات، زۆریش نین بەداخەوە کەمیان لە ژیاندا ماون...

یوسف سازواری و هاوسەنگەرانی چۆن شەهید بوون...



حزب سەرگەرمی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی پێنجەمی بوو، هەموو نوێنەرانی کۆمیتەی شارستانی "مەهابادو هێزی پێشەواله کۆنگرە بوون. شەهید "یوسف سازواری" تازە کرابوو بە جێگری لکی یەک، لە گوندی "قەرەبلاغ" کە ئەرکانی لک لەوێ بوو، نیازی عەمەلیاتێکی گەورەمان هەبوو ئەنجامی بدەین بەبۆنەی سەرکەوونتنی کۆنگرەی پێنجەمی حزب. یوسف کووتی دەڵێن لەخوارەوەی سێڕای نەغەدە بۆلای "ورمێ" کاتێک هەلیکۆپتەرەکانی پارێزگاری لە ستوونی پاسدارو ئارتەش دەکەن بۆ هاتن و گەڕانەوەیان لە "ماهابادەوە بۆ ورمێ" هەرکە لەناوچەی پێشمەرگە تێپەڕین زۆر نزم دەبنەوە. پێموابێ جێگایەکی باش لەوێ پەیدا بکەین لە نزیک گوندەکانی تورک نشین لەوێ خۆمان حەشار بدەین لەباخەکانی سەرجادەی "ورمێ - مەهابادە" هەتا ستوون دەگەڕێتەوە کە گەیشتنە ناوچەکانی خۆیان ترسی پێشمەرگەیان نامێنێ زۆر باش دەتوانین لێیاندەین و بیانخەینە خوارێ. دەڵێن چی؟؟؟؟

ئێمەش پێمانوابوو دەبێ لەپێشدا بچین ناوچەکە شناسایی بکەین و باشترین جێگا ببینینەوەو نابێ کەس بمانبینێ چونکە ئەوێ هەموو تورک زمانن و لەوانەیە هەموویان چەکداربن. بڕیارماندا چەند کەسێک بچین بۆ شناساییەکەو بۆ ئەو مەبەستە چووینە شارۆڕان هاتینە گوندی "مەمێند" لەوێرا جیپێکەمان پێبوو بەرەو ناوچەی عەجەمان بە جادە خاکیدا

بەشی یەکەم

ڕۆشتین هەتا گەیشتینـــە نزیک گوندێکی عەجەمان گوندەکە لە نزمایدا بوو ئێمە لەسەر تەپکێک ڕاوەستابووین چاومان لە ناوچەکە دەکرد جێگایەکـــی زۆر لەبار بوو بۆ کەمین دانان بۆ هەلیکۆپتەر. ئەگەر لەوە زیاتر چوباینە خوارێ خەڵکی گوندەکە دەیاندیتین و لێمان وەشک دەکەووتن بە یوسف مان کووت با ماشێنەکە لێرە بەجێبێڵین کەسێکی لەکن بەجێدێڵین و بۆخۆمان بە پێیان بە خوارەوەی گوندەکەدا دەچینە نزیک جادە هەتا بزانین چۆنە. یوسف کووتی نا بابە هەر بە ماشێنەکە دەچین چوزانن ئێمە کێین. کووتمان زۆر باشە بابڕۆین ڕێگاو ڕێگا بەهەورازەکەدا هاتینە خوارێ و بەناو ماڵاندا بەرەو لای جادەی سەرەکی "ورمێ - مەهاباد" دەچووین قەراغ جادە پۆلە چنارێکی باشی لێبوو دەمانتوانی ماشێنەکە لەوێ حەشار بدەین هەتا کاتی عەمەلیات. کەچاومان لە خەڵکەکە کـــرد وردە وردە هەموویان بەرەو ناو ماڵەکانیان چوونەوەو ناودێ چۆل بوو. کووتمان یوسف فەرمانەکەت بادەوەو ڕاست بەبێ ڕاوەستان بەشوێنی خۆماندا بگەڕێوە،، کووتی بۆ؟؟ ئەی کوڕە ئەتۆ نازانی ئەو خەڵکە بۆ خێرا خۆیان لەماڵەکانیان هاویشتەوە؟ کووتـــی لەوانەیە لە ئێمە بترسن. بەڵێ هیچ کە دەترسن چوون تفەنگەکانیان بێنن ئەوانە هەموویان بەسیجی و پاسدارن. کووتی نا بابە وانیە هەر لەوانەیە بترسن و ئێمە ناناسن،، ئەوەندەمان زانی پیاوەکانیان لەبەر دەرگاو سەری کوچەکان دامەزران و هەموویان چەکیان بەدەستەوە بوو، یوسف کووتی کوڕە خۆ ڕاست دەکەن ئەو سەگبابانە نیازی خراپیان هەیە باهەڵێین، خێرا بایدایەوەو بەوشوێنەدا کەپێیدا هاتینە خوارێ دەمانویست وەسەرکەوینەوە، کووتمان گازی دەیە هەتا لێیان نەداوین هەر کەمێک لەناو دێ دوور کەووتبوینەوە کە دایانگرتین بە تفەنگان، نازانم زۆرم پێ شتێکی سەیر بوو هیچمان وەبەرنەکەووتین ماشێنەکە گووللـــەی وێکەوتبوو سندوقی فیشەکی کالیبر٦٩ کە فیشەکی وێکەوتبوو هەتا شەهید عەباس پاکزاد بە ٦٩ یەکە لێیدان جا توانیمان خۆمان بگەیەنینە سەر تەپکەکە. گەڕاینەوە تازە ئەوێ بۆ جێگای کەمین نەدەبوو چونکە لێی ئاشکرا بووین و یوسف کووتی خەتای من بوو دەبوو بەقسەی ئێوەم کردبا بە پێیان چووباین و نەماندەهێشتبا خەڵکی ناودێ بمانبینن،، یوسف کەمێک مەغروربوو ئەگەر وێستبای کارێک بکات جوابی کەسی نەدەداوە بۆخۆشی هەموجاری پەشیمان دەبۆوە. کەگەڕاینەوە لەنزیک گوندی "مەمێند" لامانـــدا چاوێکمان بەخۆمان و ماشێنەکەدا خشاندو هەر ئەوەندە پێکەنین زگمان دێشابەو وەزعەی هەر لەوێ بیرمان لەجێگایەکی باشتر دەکردەوە یوسف کووتی دیتمەوە باشترین جێگا، دەی کوێیە ئەو جێگا باشە؟؟ بەڵام کووتی کەس نەڵێ نا،، وەرن سوار بن بـــا پیشانتاندەم جادەو جادەی ئەسڵی قیرەتـاو هات هەتا نزیک شاخی پشت قاوەخانەی حاجی حسین بووینەوە لـــەوێ دابەزین لە قەراغ چۆمی ڕاوەستاین کووتی بۆخۆتان دەزانن لەوێ ڕۆژانە یان تانکێک دێت یان نەفەربەرێک لەگەڵ چەند پاســدار دەڵێن زۆر جار قیادەشیان لەگەڵە بەداخەوە ئەوکات هاوکاری ڕژیمیان دەکرد بەدژی پێشمەرگە. دەڵێن چی؟ کووتمان زۆر باشە کووتی بابگەڕێینەوە جارێ ماندووین هاتینەوە قومقەڵا، ڕۆژی دوایی چووینەوە بۆ شوناسایی جێگاکە دوای چولکردنی شوێنەکـە ئێوارە درەنگ خۆمان گەیاندە جێگاکەیان، دامانـنا شاخی سەرەوە بگرین شاخی پشتی قاوەخانە بگرین، تەپکێکی ئەوبـــەری چۆمی "ئارپێجی" لێ دابنێین پێنج کەسیش لەخوارێ بن

بەشی یەکەم

بۆ لێدانی ئەفەربەرەکە. ئێوارە گەڕاینەوە بەیانی زوو چووینەوە ئەوێ هەتا بزانین چۆن و بەچ شێوەیەک دێن، خۆمان لەناو بەردەکاندا مات کرد شاخی پشتی قاوەخانە شاخێکی زۆر سەخت و پڕ لە بەرد بوو سیاکێو بوو شاخی سەرەوە زۆر بەرز بوو ئەویش هەروا سیاکێو بوو درێژ دەبۆوە هەتا نزیک گوندی "مەمێند" ئــەو نێوانەی گوندی مەمێندو سەرجادە دوو کیلۆمەتر زیاتربوو چۆمێکی گەورەش بەقەراغ جادە خاکی نێوان مەمێندو سەرجادەی قیر دەڕۆی ئاوێکی زۆری پێدادەهات هەر گــرفەو لــرفەی بــوو٠ کــاتی ڕۆژهەڵاتــن دیتمــان "ئەفەربەر" یــک وردە وردە دەهــات و نزیــک بــە ٧ - ٨ کەسیش لەمبەرەوبەریدا بە پێیــان هــاتن بــۆ لای قــاوەخــانەکە ئەوکــات قــاوەخــانەکە چــۆل بــوو بەڕۆژدا پاسداری لێدەبوو هەتــا لای ئێوارە دوای ئێوارە کۆیاندەکردەوەو چۆلیان دەکرد. هەر دوورو نزیکی ئەوێ بوونەوە بە دۆشکەی سەر نەفەربەرەکە ئەونــاوەی دایە بەر تەقە، پێمان وابــوو شکی ئێمەیــان کــردووە بــۆیە وابە ئیحتیــاتەوە دێن و تەقەی دەکەن. پاشــان بۆمــان دەرکەووت ئەوە کــاری هەمــو ڕۆژێکیــانە هەر لەترســان تەقە دەکەن و جــا دێنە ئەوێ. نەخشــەکەمان هــاتە دەست گەڕاینــەوە، خۆمــان ئامادەکرد بۆڕۆژی عەمەلیات پێموابێ ٢٠ بــۆ ٢٥ کەس دەبــووین دەقیق نــازانم چەند کەس بــووین، هــاتینە گوندی "مەمێند" شەوێکی زۆر تــاریک و نــاخۆش بوو هەورێکی ڕەشی هێنــابوو بەری ئاسمان ڕەش داگیرسابوو، بــاران بە خــووڕ دەبــاری یوسف کــووتی بــزانن ئەو "مینیبووسە" هــی کێیە؟ کــووتیــان هــی ئەومــاڵەیە چــوو داوای ماشێنەکەی لێکردن خاوەنەکەشی کــووتی بەچاوان بۆخۆم دێم هەتا کوێ دەڵێن دەتانبەم یوسف دەیکووت نابێ بۆخۆت بێی بمانــدەیە بۆخۆمــان دەیبــەین و دوایە بــۆت دێنینەوە٠ قسەیەک لەم و قسەیەک لەو خێزانــی خــاوەن ماشێنەکە کــردی بەهــاوار هــاوارو دۆعــاکردن و دەنگەدەنگ. یوسف بەڕەقداکەووت و لێی وەرگرتن بەهەرحاڵ هەموومــان بەزەحمەت جێمــان بــووە سوار بــووین و بەتــاریکی و بەبــێ هەڵکردنــی چراکانی هەر بەتــاریکی لێیدەخوڕی دەجار زیــاتر هــات وەرگەڕێ یــان لــــە قــوڕدا گیــری دەکــرد کــاتێ لەجــادەی لادەدا هەمــوو جارێ دادەبەزین و پــاڵمان پێوەدەنا،، هەتا هەندێک لەکوڕەکان تــوڕەبوون و بــــەپێیان ڕۆشتن نــازانم چۆنی ڕێگاکە دەدیت؟ بەپێیان دەڕۆشتین هیچمان نەدەدیت بــاران دەبــاری تــاریکە شــەو وەزعێکی یەکجـــــار نــاخۆش بــوو. ئــاخری نزیک لەجــادەی ئەسڵی چــوو لەنــاو مەزرایەکەوە بەتەواوی گیــری کــردو هەر بۆمــان نەهــاتەوە دەر لەوێ بەجێمــان هێشــت. خــاوەنەکەیی و خێزانەکەشی شــەوێ دوای ئــێمە لەنــاودێ ڕۆشــتبوون نەمــانزانی بــۆ کــوێ چووبــون. هەمــوو گیانمــان قــوڕاوی هــاتین یوسف تەقسیمی کاری کرد. دوو پێشمەرگەی نــارده سەر شاخی سەرێ کووتی لەوێڕا ئاگاتان لەلای مەهابــاد بــێ هێـــزی کۆمەگیــان بۆ نەیەت ئاگاتان لەپشتی ئێمەبێ،، سێ یان چوارپێشمەرگەی نــارده تەپکەکەی ئەوبەری چــۆمی کە ئەگەر پێویست بــوو بە ئارپێجی لێیدەن، بەڵام پێی کووتن هەمووتان گوێتان لێبێ، ئەوان کەدێن لەپێشدا بۆ ماوەی نزیک بە دە دەقیقە بۆخۆیــان تەقە دەکەن کەس هەقــی نــیە تەقە بکــات هەتــا گوێتــان لەتەقەی ئێمەدەبــێ، مــن دەمەوێ نەفەربەرەکە بەســاغی بگــرم نامەوێ بە گولە لێیدەن

بەشی یەکەم

هەموو جاری شەهید یوسف ویستبای قسەیەک بە جدی بکات سوێندی بە گۆڕی بابی دەخوارد ئەگەر سوێندی بەگۆڕی بابی خواردبا تازە تەواو بوو. ئێمەشی لەناو شاخەکانی پشتی قاوەخانەکە دانا کووتی ئێوەش بەقوربانتان بم نەچن تەقە بکەن هەتا ئەوان خاترجەم دەبن چۆلەو کەسی لێنیە. ئێمە بۆخۆمان لە نەفەرەکان دەدەین بۆخۆمان بە نەفەربەرەکە دێینەوە ئێوە لەوێ بمێنەوە هەتا ئێمە دوور دەکەوینەوە. ئەوە هەموو تەرحەکە بوو ئەوانەی چوونە ناو قاوەخانەو دەوروبەری یوسف بۆخۆی و قادر عەلیزادەو ڕەحمان ئازەرەنگ و حەسەن گوڵە جەوانی و مەجید قادری بوون. ماڵئاواییان لە ئێمەکردوو چوونە خوارێ ئێمەش هەر سەد مەترێک لێیان دوور بووین. ئێمە سێ دەستەی ٥ - ٦ نەفەری بووین خۆمان دامەزراند لەناو بەردەکان،، هێشتا هەوا بەجوانی ڕوناک نەبوبۆوە قادر هات کووتی یوسف دەڵێ ئەگەرهاتوو شەڕ درێژەی کێشا لەوانەیە ئێمە نەتوانین بێینەوە سەرێ دەپەڕێینەوە ئەوبەری جادە بۆ ئێمە ئاسانترە لەوێ چاویان لەدەوروپشتی خۆیان کردبوو چوونە ئەوبەرجادەیان پێ سەلامەت تر بووە لەوەی کە بۆ سەرەوە بەشاخیدا هەڵگەڕێن لەکاتی پاشەکشەکردندا٠١ کووتمان زۆر باشە،، هەوا ڕووناک ببوو سەروکاتی هاتنی دوژمن بوو وڵات هەندێک مژ بوو دیتمان لەلای سێڕای "نەغەدە" ڕا کۆمەڵێکی خەڵک هەروا ڕەش دەکەنەوە نزیکەی ١٥ - ٢٠ ماشێنێکیش دیاربوون دەتکووت ڕاوەستاون جار جار کەمێک دەهاتنە پێش، پێمانوابوو خەڵکی شەخسین ڕاوەستاون هەتا جادەکە بکرێتەوە پاشان نزیکتر بوون ماشێنەکان وەکوو ماشێنی ئارتەشی دەچوون،، هەموو یەک ڕەنگ بوون. بەهەردوو لای جادەکەدا بە ڕیز بەدوای یەکدا دەڕۆشتن بۆمان دەرکەووت هەموو ئەوانە پاسدارن. دورو نزیکی قاوەخانەکە بوونەوە دەستیانکرد بەتەقە کردن ئەو تەقەکردنە زۆر بوو کوڕەکان هەموو جموجۆڵیان پێکەووت ئێمە نزیک بە شەش کەس بووین ئەوانی تر بە ئیشارەت دەیانکووت چیە ئەوە چی بوو؟؟ چی بکەین؟؟ ئێمەش پێمانوابوو جارێ زووە بزانین دەنگی تەقەت کوڕەکان دێ یان نا.. تەقەی دوژمن هێندە زۆر بوو بۆمان مەعلوم نەدەبوو کوڕەکان تەقەیان کردووە یان هێشتا خۆیان ئاشکرا نەکردووە. هەتا ئارپێجیەکەی خۆمان ٣ گولە ئارپێجی پێوەنان. ئەوجار هەموو پاسدارەکان تەقەیان لەوان دەکرد ئێمەش تەقەمان لە نەفەراتەکانی جادە دەکرد هەموو هەڵاتنە ئەوبەری جادە بە چەند دۆشکەو ئارپێجی لە ئێمەیان دەدا کەدیتمان ئەو چوار پێشمەرگەی ئارپێجیەکانیان هاویشت کشانەوە بۆ پشتەوە دوژمن بەهێزێکی زۆرەوە وەدوایان کەووت ئێمە تەقەمان لێکردن ڕاوەستان،، دەیانەویست پشتی ئێمە بگرن دیتمان لە شاخی سەرەوە کە دوو پێشمەرگەمان لێ دانابوو نەفەراتێکی زۆر لەسەر شاخین و تەقەمان لێدەکەن ئێمە ئەوچەندکەسە کە ١٥ کەس دەبووین پەلی شاهۆ و هەندێک پێشمەرگەی پەلەکانی ترمان لەگەڵ بوون هەردوو لامان لێگیرابوو تەنها ڕێگایەک مابوو کە پێیدا بڕۆین قەراغ چۆمەکە بوو ئەویش دەشتێکی ڕووت. بە جوانی ببووین بە نیشانەی دوژمن، بەکەیفی خۆیان لێیان دەدایین هەموو ئەوانەی شاخی سەرەوەیان گرتبوو تەقەیان لەئێمەدەکرد قیادەی مووقەت بوون بەزمانی خۆیان جنێویان دەدا پێمان زۆر بە دەقیقی لێیان دەداین منیش بە بیکەیسی لێمەدان هەتا کوڕەکان دەڕۆشتن زۆریش بوو ئەو مەسافەیە هەمووشی دەشت بوو قوڕیش بوو کەوشەکانمان

بەشی یەکەم

بـۆهەڵنەدەگیرا. لە نیـوەی ڕێـدا گوڵەیەکیـان لە لاقـی شـەهید "حەسـەن سـازواری" دا کەووت زۆرم تەقە کـرد کـووتم بـڕۆ نەیدەتوانی نەیدەهێشت کەسیش هەڵیبگرێ هەردەیکووت ئێوە بـڕۆن کارتـان بەمن نەبـێ گوللە وەکـوو بـاران دەبـاری لەلای جادەوەش دەهاتنە پێشێ بۆمان بە دۆشکەو چەکی تر لێیاندەداین. کەماڵ عەلیزادەو متەلیب ویستیان هەڵیبگرن ڕەختەکەی لەخۆی کردەوەو داینا چەند جار ویستی خـــۆی بکوژێ نەماندەهێشت بەسـەر پشـتی سۆفی یەوە بـوو کە گـوڵەیەکی لەخـۆی داو خـۆی لە چـۆمەکە هاویشـت چـۆمەکە زۆربـوو قـوڕاویش بـوو قەراغ چـۆمەکەش قـوڕ بـوو هەر لێـــی نزیـک بـایەوە هەڵدەخلیسکایە نـاو ئـاوەکە ئـاو بـردی. بەوشێوەیە بە شـەڕو بە سـەختی خۆمـان گەیانـدە ناوداڕەکـان و لەوێ دامەزرایـن نەمانهێشت زیـاتر بێنە پێـش. بەم شێوەیە بۆ هیچمان ڕوون نەبوو نەمانزانی ئەو پێنج قـارەمانە چۆن شەهید بـوون چۆنیـان شەڕ کردووە بەداخەوە تەرمەکانـــی هەمووبـان کەووتە دەستی دوژمن. هەتـا چەنـد ڕۆژێـش هەر پێمـان وابـوو پاشەکشـەیان کـردووە بـۆ ئەوبەری جـادە، بەڵام دوایە ڕژێـم بۆخـۆی باســی شـەڕەکەی کـردوو زانیمـان شەهیـــد بـوون. دیـارە هـاوڕێ و هاوسەنگەری بەڕێزم لەوشەڕەدا بەشـــدار بوو کاک "حەسەن قەیوم" لەوێ لەوشەڕەدا بەیەک ئاشنابووین هەتـا ئێستاش هەر هاوڕێ و هاوبیرین. پێویستە بڵێم کە دوژمن هەستی بەو کەمینەی ئێمە کردبوو کە من پێموابوو ئەوکـاتیش هـــەر ئەوشـەوە دوژمنیان ئاگادار کردبوو چونکـە ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژانـــی ئاسایی دوژمن نەهاتنە سەر ڕێگاو جێگای خۆیان. بـۆیە بەهێزێکی چەند سەد کەسیەوە ئامادە بوون و ناوچەکەیان بـــە تەواوی گرتبوو. شاخـــی سـەرەوەمان هـــەر لەگەڵ دەستپێکردنی شـەڕ بـــە ٥ خـولەک دواتـر ئەوشـاخە قیـادەی لێبـوو هەر سـەرکەووتن بـۆ ئەوشـاخە نیوکـاتژمێری زیـاتر دەگـرت، بـۆیە دیـار بـوو لەپێشدا دوژمن دامەزرابـوون. بەم شێوەیە شـەش پێشـمەرگەی قـارەمانمـان شـەهید بـوون، هەزاران سڵاو بـۆ گیانفیـدایی و لەخۆبوروییان.. یادو یادگارەکانیان بۆ هەمیشـە لەدڵ و دەروونـــی خـــەڵکـــدا دەمێنێتەوە... دوای چەند ڕۆژێـک کـۆنگرە تەواو بوو کاک هەژارو نوێنەرانی کۆنگرە گەڕانەوە نـاوچە، کـــاک هەژار نـــاردی لەدوام چـووم بـــۆ هێـز کە بنکەی هێـز ئەوکات لە گوندی "زگدڕاو" بـــوو، باوەشی پێداگەرتم زۆر نارەحەت بوو کووتی ئـــەو عەمەلیاتەم بـۆ بگێـڕەوە چـۆن بـوو؟؟ منیش وەکوو ئەوەی سەرەوە بۆ ئێوەم گێڕایەوە هـــەر بەوشێوەیە بۆ کاک هەژارم گێڕایـــەوە سەری هەڵبـڕی دوو قسـەی کـرد بەڵام کووتی هەر بەینی خۆمان بێ.

منیش بۆیە نایگێڕمەوە ناوی شەهیدەکان:

١- یوسف سازواری جێگری لک

٢- قادر علیزادە

٣- ڕەحمان ئازەرەنگ

٤- حەسەن سازواری

بەشی یەکەم

٥- مەجید قادری

٦- حەسەن گوڵەجەوانی...

ڕۆحیان شاد بێ...

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلی چەوساوەی کورد...

یادێک لە شەهیدانی ئازادی سەرگورد عەباسی و سەروان چەلەبی...



یەکێک لە ڕۆژە تاڵەکانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی ڕۆژی ١٠ مانگی خەرمانان هاوین بوو ئەوکات ئەندامی حزب بووم و لەدوکان خەریکی کاری عەکاسی بووم لەعەکاسی ئەفشین، حزب هەموو شارەکانی کوردستانی لەبەر دەستیدا بوو دوژمن لەمەهاباد بە ستوونی سەربازی هاتوچۆیان دەکرد، کەحزب بۆخۆی پارێزگاری لە ستوونەکە دەکرد هەتا دەهاتن و دەگەڕانەوە. وەزعەکە کەمێک ئارام بوو دوژمن داوای کردبوو لەحزب کە لەشارەکان شێوەی چەکداری کەم بکەنەوە هەتا خەلک زیاتر هەست بەئەمنیەت بکەن، حزبیش بە هەموو کادرو پێشمەرگەکانی ڕاگەیاندبوو کەس حەقی نیە بە چەکەوە بەناو شاردا بگەڕێن و هاتوچۆ بکەن. ماوەیەکی زۆر بوو دیاردەی چەکداری نەدەبینرا لەناو شاری مەهاباد.

ئێمە دەستەیەک بووین لەگەڵ شۆڕای نیزامی پەیوەندیمان هەبوو. من تفەنگێکی "ویزی"م هەبوو لەدوکان دامنابوو لەگەڵ شەهیدان حەسەنی سوهرابی و چرچەی بارام میرزاو دوو کەسی دیکە کە ئەوان دواتر نەهاتنە دەرێ و هەر لە شاری مانەوە، ئەو ڕۆژە وەکوو هەموو ڕۆژانی تر خەریکی کار بووم لە دوکان، دوا نیوەڕۆ بوو لە ناکاو لە شۆڕای نیزامی بوو بەتەقە. دوکانی ئێمە لە شۆڕاوە هەر پەنجا شەست مەترێک دوور بوو، کە هاتمە دەرێ چاوم لێبوو بەر دەرکی شۆڕا خەڵکی زۆر لێ بوو خێرا هەڵاتم بەرەو شۆڕا کە دیتم هەندێک کەس بە دوای دوو نەفەر کەووتوون و ئەوانیش بیست

بەشی یەکەم

مەترێک دەبوو لە پێش خەڵکەکەوە هەڵدەهاتن، چاوم لێبوو یەکیان گرت ئەوی تر دوور کەووتەوە هەتا من گەیشتمێ ئاخرین هەناسەکانی دەکێشا هێشتا مابوو ئەوەندەیان شەق و پێلاقەیان بەسەرو سنگیدا دابوو شڕو پڕ ببوو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو جەوانێک بوو. فریاکەووتم چەند شەقێکی تەڕو بەهێز لەدەموو لووتی بدەم. دیارە شەهید محمد زەنگەنە جیبێکی پێ بوو گەیشتبووە سەری و گرتبووی،، ئەوی تر هەڵات تووشی چرچە بووم خۆی بەستبوو چەکی پێ بوو، هەندێکمان قسەکردو ماشێنێکی سەربازی لە کن بیمارستان بەرەو لای ئێمە دەهات کووتیان ئەو ماشێنە هاتبوو ئەو دوو کەسەی بکوژەکانی سەرگورد "عەباسی و سەروان چەلەبی" ڕزگار بکات، چرچە چووە پێشیان پێی کووتن بگەڕێنەوە ئەوانیش گەڕانەوە، ئەوی تریان ڕزگاری بوو خۆی گەیاندە ناو سوپای پاسداران. ئێمە هەموومان گەڕاینەوە بۆ شوڕای نیزامی زانیمان ئەم دوو کەسە توانیبوویان بە فێڵ و درۆو خیانەت خۆیان لە کاک سەرگورد نزیک بکەنەوەو وا خۆیان نیشان دابوو کە ئەندامی حزبن و هەستەی حزبن لە ناو شاری "ورمێ" کە بە شێوەیەک خۆیان لەکاک سەرگورد نزیک کردبۆوە باوەڕی تەواوی پێیان بوو، هەر بۆیە ئەو ڕۆژە بەچەکەوە دەچنە سەرێ لە شوڕای نیزامی داوایان کردبوو کە کارێکی بەپەلەیان هەیەو دەیانەوێ بچنە لای کاک سەرگورد، ئەویش دەڵێ بابێنە ژوورێ هەر کە دەچنە ژوورێ کاک سەرگورد عەباسی و سەروان ئەحمەد چەلەبی لەوێ دەبن بە تفەنگی "تامسۆن" هەردووکیان وەبەر ڕەگبار دەدەن و هەر لەوێ شەهیدیان دەکەن و هەڵدێن ئەوانەی لەوێ دەبن هەتا دەزانن چی ڕوویداوە دەکەونە شوێنیان هەرچی کەسێک کە لە خیابان بوون تێدەگەیەنن کە ئەوانە سەرگوردیان شەهید کرد لە نزیک بە شێرو خورشید یەکیان دەگرن و ئەویتر توانی خۆی بگەیەنێتە سوپای پاسداران، کەلاکی گڵاوی کوژراوەکە هەر لەوێ کەووتبوو هەر کەس دەهات شەقێکی تێهەڵدەدا، پاشان شار شلەژاو بەردەرکی شوڕای نیزامی پڕ لەخەڵک و پێشمەرگە بوو هەرچی چەکی هەبوو لەماڵێی دانابوو چەکەکانیان هەڵگرتەوەو ئامادە بوون بزانن حزب بڕیاری چیە، بکوژی دووەم لە سوپای پاسداران بوو، دیار بوو ئەوە لەپێشدا تەرح و بەرنامەی بۆ دانرا بوو، هەربۆیە داوایان لەحزب کردبوو کەس نابێ چەکی پێ بێ، لەکاتی عەمەلیاتەکەیاندا سوپای پاسداران ئاگاداری کارکە بوو هەموویان لەئامادە باشیدا بوون. ئەوەی ئاگای لە هیچ نەبوو حزب بوو• لەبیرمە هەموومان چەکەکانمان بەستبوو پێمان وابوو دەبێ هەر ئەمشەو هێرش بکەینە سەر سوپای پاسداران، بەڵام حزب هەر دەیانکووت ئارامی بپارێزن و وەزعەکە ئاڵۆزتر مەکەن. ئاخر ئاڵۆزی چی و تەحەمولی چی. ئەوان فێڵ و حۆقەبازیت لەگەڵ دەکەن هاتوون دوو سەرکردەی ئێمەیان لەبەرچاوی ئێمە شەهید کردووەو هیچ ڕێزێک بۆ ئێمە دانانێن، بەتەمان هیچ نەکەین و هیچ نەڵێین؟ هەر چۆنێک بوو نەیانهێشت و ڕێگایان پێ نەداین هەر ئەو شەوە هێرشیان بکەینە سەریان و لێیاندەین، ئەوی تر توانی بیگەیەنەوە بۆ شاری ورمێ بەڵام زۆری نەگرت هەستەکانی حزب لەوێ بەسزای خۆیان گەیاندوو کوشتیان.

سەرگورد حەبیبەوڵا عەباسی خەڵکی شاری مەهاباد بوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب بوو، کەسێکی کاریگەرو

بەشی یەکەم

فەرماندەیەکی بەهێزو لێزان و کاریگەر بوو لە تۆپخانە. چەندین جار بەتۆپی ١٠٥ ملم لە دوژمنی دابوو لە جوابی تۆپبارانەکانی ڕژێم بۆ سەر هێزی پێشمەرگەو خەڵکی بێ تاوان دەیانکووت یەکەم گوللەی کە کاک سەرگورد جوابی دابوونەوە ڕاست لە تۆپەکانی دوژمنی دابوو بێدەنگی کردبوون.بۆیە ئەو بەرنامە تۆکمەیان بۆ داڕشتبوو هەتا شەهیدی بکەن .دیار بوو فەرماندەکانی دوژمن دەیاناسی سەروان ئەحمەد چەلەبی، کەسێکی بە وردو دیموکرات خەڵکی مەهاباد، کادری شوڕای نیزامی حزب بوو هاوکار بوو لەگەڵ شەهید سەرگورد عەباسی. بێگومان ئەگەر مابا فەرماندەیەکی کاریگەرو بەهێزو بە بەرنامە دەبوو لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا...

ڕۆحیان شادو ڕێگایان پڕ ڕێبوار..

نەخۆشخانەی حزب لە گوندی (قالوێ)...



ئەم نەخۆشخانەیە زۆر جێگاو دۆڵ و، شاخ و گوند و لاپاڵی چیاکانی کوردستانی کرد. ئەوەندەی من لەبیرم مابێ لە ناوچەی مەهاباد لە گوندی (بەیرەم) لەناو پاسگای زەمانی شادا بوو کە لەسەر تەپکێک بوو زاڵ بوو بەسەر ناوچەکەدا،، دوای هێرش و توپ و خومپارەبارانی دوژمن گواستراییەوە بۆ گوندی "قالوێ" هەروەها لە شاری بۆکانەوە دوای گرتنەوەی شاری بۆکان لە لایەن هێزەداگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامیەوە وەسایلەکان و کادرەکان هاتنە گوندی قالوێ، پاش ماوەیەک ئەوێش کەوتە بەر هێرشی تۆپخانەکانی دوژمن، بەهۆی نائەمن بوونەوە لەوێش گوستراییەوە بۆ گوندی (کانی زەرد) لە ناوچەی سەرشاخان لەوێ مایەوە هەتا دواجار گوستراییەوە بۆ "دەشتێو" پاشان بۆ گوندی (کارێزە) و (کانی مێو). دواتر بۆ بنارەکانی (قەندیل) و زۆر جێگای دیکە... گەلێک دکتورو دەستیاری دکتورو پەرستارو پیاوانی خەدەمات و فەنی لەهەموو بوارەکاندا بەپێی کات و شوێن و زەمان لەڕێگای خزمەت بە شۆڕش و نەخۆش و بریندارانی شەڕو سەنگەرو خەڵکی گوندەکان ئەوپەڕی خزمەتیان بەگەلەکەیان کرد شەووڕۆژ لە سەختترین ڕۆژەکانی خەبات لەژێر بۆمباران و تۆپ و خومپارەبارانکردن لەلایەن دوژمنەوە ئازایانەو لەخۆبردووانە خزمەتی خۆیان لەڕێگای تەندروستی و مرۆڤایەتیەوە بە خەڵک و پێشمەرگە دەکرد.. زۆر بوون ئەو پزیشکانەی کە خزمەتیان کرد وەکوو هەر شۆڕگێڕێک (دکتور خوسرەوی.. دکتور ڕزگار.. دکتور مراد قادری.. دکتور بارام.. دکتورە فەرەنسی یەکان..) هەروەها زۆرن ئەوکادرانەی لێرە پەروەردە بوون و خزمەتیان زۆر کرد وەکوو (سەکینە جەوانمەرد،، خوسرەو کاشانی.. عەبدوڵا سەیدا.. ئەحمەد

بەشی یەکەم

هەمزەزادە .. لوقمـــان زەهرایی .. جەمال کەریـــی .. مـاپەرە قەرەگۆلی .. هەروەهـا مەولـود سـوارە کە یەکێک لەکـادرە باشەکانی نەخۆشخانـــە بـــوو کەچەندین کـــاری،، بە ئەستۆوە بـوو، وەکـو موتەرجیمی فەڕەنسی،، بەرپرسی بەخشەکان بەرپرسی دەورەکـانی کـادری دەرمـانی بـۆ تیمەکـانی کە دەچوونەوە نـاوخۆ،، بەرپرسی بەشی بێهۆشی کەبەهاوکـاری کەریم مەعروفی،، قـادر فەتحی،، مجێدین ڕیحـانی ئەنجامیـان دەدا ئەمـانە هەمووبـان کـادری لێوەشـاوەو بەئەمەگی نەخۆشخانەی حـزب بـوون لەکـاتی شۆڕشـی دەورانـی شـاخ و شـەڕ بەدژی داگیرکەرانـی کوردستـــان لەو شـاخ و دۆڵ و کەم ئیمکـانیەتەدا نەشتەرگەری زۆر گەورەو کاری بوێرانە ئەنجام دەدران بۆ ڕزگـار کردنـی گیـانی بریـنـداران و نەخۆشـەکانی کە دەهێنـرانە ئەم نەخۆشخانەیە. پێویستە بڵێم دکتورە فەرەنسیەکان دەورێکی زۆر گەورەیان گێـڕا لەپێگەیانـدنی زۆربەی کـادرە دەرمانیەکـان و بەڕێوە بردن و بەرەوپێش چوونی کاری نەخۆشخانە. کە شەهید کـاک دکتـور قـاسملوو دەستی بـاڵاو جێگـا پەنجەی دیـاربوو لەهێنـانی دکتـۆرە فەرەنسیەکان بـۆ نـاو حـزب.. مـن بۆخـۆم لەنەخۆشخانەی (قـالوێ) کە بریـنـدار بـــووم مـاوەی چەنـد حەوتـوویەک لەوێ بووم لەنزیکەوە هەستم بە زەحمەتەکانی ئەو دکتـورو کـادرانە دەکـرد کە چەنـدە مانـدوو بـوون بەتـایبەت خوشکە "سەکینە جەوانمەرد" زۆرتـرین کارەکان لەسەر شانی ئەو خوشکە زەحمەتکێشە بوو،، هەم بەبریـنـدارو نەخۆشەکانـــی بەخشەکان ڕادەگەیشت هەم خواردنی ئامادە دەکرد هەم دوای دکتور ئەو سەرپەرشتی نەخۆشەکانی دەکرد هەم کـاری بێهۆشـی دەکرد وابزانم مەلافەو کراسەکانی دیوی نەشتەرگەری وەسایلەکانی دیکەی دەشۆردن و خاوێنی دەکردنەوە. ئەوکات کەسانـــی ١٣٦٠ یان ٦١ بوو کە گەڕامەوە بنکەکانمان مەتڵەبێکم لە ژێر ناوی "سوپاس و پێزانین" نووسی و لە گۆڤاری "پێشەو" دا کـە چاپەمەنی و ئینتشاراتی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد مانگانە دەریدەکرد بڵاو بۆوە.. ئەو کادرە زەحمەتکێشانەی نەخۆشخانە کە زۆر ئازایـانەو تەواو وەخـت لەخـزمەت بریـنـدارو نەخۆشـەکاندا بـوون پێویسـتە هەمووبـان خەڵات بکـرێن و (میـدالی ئازایەتی) یان پێ ببەخشن و قەدردانیان لێ بکرێ،،

من لێرەوە لەلایەن خۆم و هەموو هاوڕێیانی پێشمەرگەوە سوپاسی ئەو هەموو زەحمـەت و ماندوو بونەیان لێدەکەین. لەهەرکوێ هەن داوای ساغ و سڵامەتی و تەمەن درێژیان بۆ دەکەم،،

هەر بژین و سەرکەوتوو بن.

خواردنی پێشمەرگە لە ڕۆژە سەختەکاندا چۆن بوو؟؟؟...



هەتا لەناوچەدا بووین و بنکەمان هەبوو لەزۆربەی گوندەکانی ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوو، خواردنی کادرو پێشمەرگەکان بەشێوەیەکی بەرنامە داڕێژراو ڕۆژانە بەڕێوە دەچوو. لەلایەن هێزو کۆمیتەی شارستانەوە و لەڕێگای ئەندامانی حزب لەناو شارەکان و شارۆچکەکان هەندێک کەلوپەل و خواردەمەنی دەکڕان و کۆدەکرانەوە هەندێکیش یارمەتی خەڵک بوو کە بۆ پێشمەرگەیان دەنارد. وەکوو ئارد،، پەتاتە،، ڕۆن،، قەند،، چایی،، پیواز،، نۆک و نیسک و هەموو دانەوێڵەکانی تر. چۆن و بە چ شێوەیەک کۆدەکرانەوەو دەگەیشتە دەستی پێشمەرگە داستانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کەپێویستە ڕۆژێک ئەوانە بێنە بەرباس و ڕێزو قەدردانی لەو کەسە دڵسۆزانە بکرێ کە چۆن خۆیان دەخستە مەترسی و زۆر جاران ئەوانیش وەکوو پێشمەرگە لەلێوی مردن دەگەڕانەوە هەر بۆ ئەوەی پێشمەرگە برسی و نا پۆشتە نەبن.. هەروەها بێجگە لە خواردن زۆر کەلوپەلی دیکەیان بۆ دابین دەکردین و بۆیان دەناردین،، وەکوو لیباسی پێشمەرگە.. کەوش.. زۆر جار سیگار،، هەموو ساڵێک لە وەرزی ساردو سەرمادا لیباسی سەرتاپا سپیان بۆ دەدورین هەتا لەبەفردا دیار نەبین و دوژمن نەمانبینێ.. هەروەها لیباسی گەرم و زۆر شتی دیکە کە پێشمەرگە پێویستی بوو. بەرنامەی خواردن لە بنکەکان بە نۆرە بوو. هەر ڕۆژەی دوو پێشمەرگە هەموو میواندارى وکارو دروستکردنی خواردن و پێدانی چایی و خاوێنی ئەو ڕۆژەیان لەئەستۆ بوو هەتا شەوێ. ئەو دوو کەسە بەپێی بەرنامەی خواردن لە حەووتودا کە لەپێشدا ئامادەکرابوو هەر حەوت ڕۆژەکە دیاربوو کەڕۆژانە خواردنەکان چیە. حەووتوی جارێک یان دوو جار گۆشت هەبوو،، زۆرجار لەحەووتودا دایک و کەسوکاری پێشمەرگەکان دەهاتن بۆ سەردانمان بێ شک خواردنی باشیان لەگەڵ خۆیان دێنا

بەشی یەکەم

ئەوەندەیان دێنا یان لەلای خۆمان دروستیان دەکرد دوو ڕۆژ دواتریش هەر هەبوو. جاری واش هەبوو هەر بۆخۆمان دەبوو خواردن دروست بکەین. پێشمەرگەکانیش فەرقیان هەبوو هەندێکیان زۆر خۆشیان دروست دەکردو زۆریش خاوێن بوون هەندێکیشیان ئەوەندە ناخۆش خواردنیان دروست دەکرد بۆخۆشیان پێیان نەدەخورا.. وردە وردە هەتا بنکەی سابتمان هەبوون هەروا بەڕێوەدەچوو، پاشان کە هێرش دەستی پێکرد لەلایەن داگیرکەرانەوە زۆرتر لەشاخ دەبووین یان دەرگیر بووین یان بەهەر هۆیەک بوایە کەمتر دەهاتینەوە بنکەکانمان یان ئەو شوێنانەی هێرشی دوژمن لەسەر بوو بنکەکانمان دەگواستنەوە زۆر جار بۆ ماوەیەکی زۆر لەبەر بەرەنگاری و شەڕی بەردەوام بنکەمان نەبوو هەروا بە شێوەی کاتی لە مزگەوتەکان یان لە جێگایەک هەر باو باران نەیگرتباوە لێی دەحاوایەوە. لەوکاتانەدا زۆر نەماندەویست ببینە بار بەسەر خەڵکەوە بۆخۆمان هەروا بەشێوەیەکی ساکار خواردنمان درووست دەکرد،، زۆر جاران خەڵکەکە گلەییان لێدەکردین یان دەهاتن بەزۆری بانگیان دەکردین و دەعوەتیان دەدا بە پێشمەرگەکان کە هیچ کاتێک لە خۆیان بە جیا نەدەزانین بەڵام دیسان ئێمە نەماندەویست ببینە ئەرک و زەحمەت بەسەرخەڵکدا ئەوکاتانە لەبیرمە جارێک من و پێشمەرگەیەک کە ئێستا لەناوخۆیە ناوی ناهێنم بەڵام بێشک ئەم نووسینە دەبینێ و دەیخوێنێتەوەو وەبیری دێتەوە چووبوین لە گوندی (کولیجە) لەناوچەی مەحاڵی مەهاباد جێگایەک پەیدا بکەین بۆ بنکەیەکی کاتی کەچوویـــن یەکەم شەو میوانی ماڵی حاجی شێخ عەولای کولیجە بووین مەسەلەکەمان لەگەڵ باسکرد فەرمووی ئێستا قوتابخانەکە چۆڵـــەو دەتوانن لەوێ بن. زۆری حەول لەگەڵدایین کە لەماڵە ئەودا بین بەڵام قەبوڵمان نەکرد. بۆ سبەینێ چووین هەندێکمان خاوێن کردو سەرەتای زستان بوو تازە بەفر باریبوو زۆر سارد بوو کورەیەکی داری کۆنی لێ بوو هەندێکمان دار وەرگرتن و کورەکەمان لـــە سەرەوە هەتا خوارێ خاوێن کردەوە مۆکێتێکمان لێ ڕاخستوو پەتوومان بەسەردا ڕاخستن و کورەمان هەڵکرد کورە زۆر درەنگ گرتی هەرچۆنێک بێ ئەو شەوە تابەیانی حاوایەوە. بەیانی خەڵکەکە هاتن کووتیان وەزعتان چۆنە ئەگەر دەزانن ساردەو لێـــرە ناژین ئێمە هەموومان لەخزمەتداین ماڵ ماڵی خۆتانە هەرچیەکیش پێویستانە پێمان بڵێن، هەر کووتمان سوپاستان دەکەین ئێرە زۆر باشە ئەگەر هەرچی پێویستمان بوو پێتان دەڵێین، شەوی دووەم لەگەڵ هاوڕێکەم هاتین (ئۆملێت) مان دروست کرد لەسەر کورەکە تەماتەو هێلکە.. ئەو شەوە کورە هەر نەیگرت شێت بووین بەدەستیەوە ئەوەندەی تین تێدا نەبوو کە خۆی سەرمای نەبـــێ نزیک بە نیوەشەو بوو هەر بەنۆرە فوومان لەکورە دەکرد هەتا بەڵکوو هێلکەو تەماتەکەمان بۆ سوور بکاتەوە لەئاخری شەودا گرتی هەرچۆنێک بوو خواردنەکەمان ساز بوو پیوازمان بۆ قاش قاش کردوو ئەوەندەمان برسی بوو تاوەیەک بوو هەموومان خواردو بێ ئێوە ناخۆش نۆشمان کرد لەوەتی من لەبیرم دێ ئەوە خۆشترین و بەتامترین خواردن بوو کەخواردمان ئێستا هاوڕێکەم ئەگەر ئەم نوسراوەیە بخوێنێتەوە حەتمەن ئاوی لەزاری دەگەڕێ و تام وچێژی ئەو خواردنەی پێش ٣٤ ساڵ لەوپێشی بیر دەکەوێتەوە. دوای بۆ بەیانی کەهەستاین و چاومان لەیەکتر کرد هەر ئەوەندە بەیەک پێکەنین هەموو دەموچاومان ڕەش ڕەش کەچوین لەسەر حەوزی مزگەووت دەموچاومان بشۆین خەڵکەکە نەیان دەناسینەوە،

بەشی یەکەم

هەرگیز ئەو ڕۆژەم لەبیر ناچێتەوە یەکێک لەڕۆژە خۆشەکانم بوو دوای ئەوە وردە وردە بنکەکانمان بەکۆڵمانەوە بوو. خواردن دروستکردن لەسەر کانیەکان و لەلا دۆڵ و ناو شیوەکان و لەقەدپاڵی شاخ و چیاکانی کوردستان بوو.. دروستکردن و لێنانی (برنج) و برژاندنی گۆشت و زۆر جاران لەگەڵ گیاو گۆڵی شاخی کەهەر پارویەکی هەموو خواردنی خۆشی ئەم دنیایەی دێنا لەگەڵ دۆی ترش و پرلە گوڵ و شیووت و قەزوانی کێوی کە دەست و قامکی خۆمان پێوە دەگەزی.. هەرگیز لەبیرم ناچێ بەدڵنیایەوە هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانم لەبیریان ماوە لە ناوەندی (ئاژوان) لەسەر شاخی (کانی شەکرە) لەو بڵندابیە کە تەواوی ناوچەکەی لەژێر چاوەدێریدا بوو لەو شاخە بەرزە کانیەک هەبوو بەناوی کانی شەکرە. کە دەیڕوانیە سەر گوندەکانی کانی درێژ و، سەیف، دووپلورە .. بۆردەمە.. تەواوی ناوچەی دەشتی شلێری لەژێر چاوەدێریدا بوو.. نان و خواردنمان نەمابوو. سیگارمان کەم ببوو.. شەڕ شەڕی ماڵوێرانکەری کۆمەڵە بوو لەشاخەکان شەوڕۆژ دەماینەوە، پێشمەرگەکان کەمینێکیان بۆ (بەراز) دادەناوە ئەو ناوچەیە بەرازی کێوی زۆر بوو بەیانیەک چەند بەرازیان کوشتن و هێنایان کەوڵیان کردن و گۆشتەکانیان جوان جوان شۆردن و لە قابڵەمەدا وەسەریان نان و هێندەیان کوڵاندن کەعەبیان تێدا نەمابوو زەردیان کردبوون بۆ ئەوەی زۆر بمێنێتەوەو خراپ نەبن. ئەوەندەمان گۆشتی بەراز خوارد کە لێی تێر نەدەبووین بەڕاست گۆشتێکی خۆش و بەتام بوو.. هەندێک لەپێشمەرگەکان دەیانبرژاند کەبۆنی گۆشتی برژاو تەواوی ئەو شاخ و دۆڵەی داگرتبوو بەدوای ئەوەدا هەندێکی تریان کوشتن کە ئەوانیشمان زەرد کردن و هەرکەس بەشی خۆی لەکۆڵە پشتیەکەی دەکرد هەرکات و لە هەر شوێنێک برسیان بوایە دەریان دێنا وەکوو پەنیر قاشیان دەکردو نۆشی گیانیان دەکرد هەموو جۆرە سەوزیەکی بۆنخۆشی شاخی هەبوو لەبەر دەستمان بوو. کە گەڕابوونەوە ناوچەی خۆمان هەندێک لەپێشمەرگەکان گۆشتی بەرازیان هەر پێمابوو دڵیان نەدەهات فڕێیدەن هێندە خۆش بوو... زۆر جارانیش لەبرسان هەر ڕێواس و گیای کێوی و زۆر جاران بەسەر (کارگ) دا دەکەووتین دەمانبرژاندن، بەڵام پێشمەرگە فێر ببوون کۆڵە پشتیەکانیان پڕ دەکردن لەخواردنی بەهێزو بە ئینێرژی کەبۆ ماوەی چەندین ڕۆژ ئەگەر نەمانتوانیبا بچینە گوندەکان خواردنیان پێ بوو، لەشەڕی پارتیزانیدا پێویستە هەموو شتێکی بەکەڵک و کەم کێشت پێبوایە دەمانزانی چیمان پێویستە هەڵماندەگرت لە کۆڵە پشتیەکانماندا.. ژیانی پێشمەرگایەتی ژیانێکی بە کۆمەڵ و پێکەوەیە، ڕێگایەکە بۆخۆت هەڵتبژاردووە،، هیچ کەسێک بەزۆری نەیهێناوی، باوەڕت بە ڕێگاکە هەیە بۆ هەدەفێکی ئاشکراو ڕوون، مەسەلە حەق و مافی خاک و میللەتێکە بۆیە ئەگەر لەوڕێگایەدا گیانیشت دانێی دیسان هەر جێگای شانازی و سەربەرزیە بۆ خۆت و بۆ هەموو بنەماڵەکەت، هەست بە هیچ منەتێک ناکەی هەست دەکەی ئەرک و وەزیفەیەکی کەلەسەر شانتە جێبەجێی دەکەی جا چ باشتر بە جوانترین و بە باشترین شێوە ئەنجامی بدەی،، بۆیە نەبرسیەتی و نەتونیەتی نە نەخۆشی و نەبریندار بوون و سەرئەنجام شەهید بوونیشت بەلاوە گرنگ نیەو لێی ناسڵەمیتەوە.. خودی ناوی پێشمەرگەو لەبەرکردنی لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتی و هەڵگرتنی چەک بۆ پاڕێزگاری لەمیللەتەکەت و بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ داگیرکەران ئینێرژیەکی

بەشی یەکەم

بەهێز دەدات بە پێشمەرگە کە هەتا پێشمەرگە بێ ئەو ئینێرژیەی لەخوێنیدا هەیەو وەی هەمیشە بەرزە،، چونکە نەچوەتە سەرماڵ و خاکی هیچ کەسێک خاکی کەسی داگیر نەکردووە بەڵکوو بەپێچەوانەوە خاکی لێ داگیرکراوەو هاتوونەتە ناو ماڵەکەی بۆیە بە پیرۆزی دەزانێ دیفاع بکات و لەو پێناوشدا ئامادەیە بۆی بمرێ...

با هەموومان پێشمەرگە بین،، یەک هێزو یەک ڕەنگ و یەک دەنگ بین...

یادێک لە شەهیدی فەرماندە (حەسەن سوهرابی)...



حەسەن ٤ ساڵ لەمن بە تەمەن تر بوو، هەم خزم بووین هەم هاوڕێ بووین هەزاران یادگارو کاری باش و خراپمان پێکەوە وەک هەموو لاوێکی بزۆز ئەنجامداوە. حەسەن دیپلۆمی وەرگرت و وەکوو سوپای دانیش و کارمەندی چەند پیشەیی وەکوو مامۆستا لە گوندێک دامەزرابوو، بەڵام هێشتا دەستبەکار نەبوو کە ڕوخانی ڕژێمی شاهەنشاهی بەسەردا هات و وڵات بەجارێ شێوا ئەو کات سەروبەندی گرتنی پادگان و ژاندەرمەری و دام و دەزگاکانی ڕژێمی شاه بوو. لەهەموو ئەوانەدا پێکەوە بووین چونکە ئێمە پێکەوە لەماڵێکدا دەژیاین. هەتا گرتنی شارەبانی مەهابادو لەشەڕی ٣ مانگەوە هەتا دواییین جار حزب دەستووری دا کە هەموو پێشمەرگە شار چۆل بکەن. ئەوکات بنکەکەمان لە گوندی (کۆنەدێ) بوو، بەڵام زۆرتری کاتەکان هەر لەناو شار بووین کە زۆر شەڕو عەمەلیات ئەنجام دران لەو سەرو بەندەدا. هەتا ئەوکاتیش من هەر لەشار بووم، لە عەمەلیاتێک کە لە گەرەکی مەحمودکان کردمان ٢٦ کەس کوژران و گیران بەدوای ئەو عەمەلیاتەدا هەندێک کێشەو گرفت دروست بوو، کە (کاک هەژار) سزای هەندێ لە پێشمەرگەکانی دا. بەوهۆیەوە ٦ - ٧ کەس لەکورەکان چووبون لەشاری (بۆکان) دانیشتبوون ئەوکات شاری بۆکان لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بوو. ئێمەش مابووینەوە نزیک بە ١٠ - ١١ پێشمەرگە، بنکەکەمان لەکۆنەدێ بەجێهێشت و بۆخۆمان چوین بۆ ناوچەی (شارویران) لەوێ بنکەیەکمان لە

بەشی یەکەم

گوندی (قزڵقوپی) دانا. چونکە ناوچەی شاروێران جێگاکەی و هەڵکەوتەکەی وابو کەتوتە نێوان ٢ جادەی سەرەکی مەهاباد. میاندواو،، مەهاباد. ورمێ. جێگایەکی یەکجار گرنگ و (سوق الجیشی) بوو کە جادەی مەهاباد بۆ میاندواو لەژێر کۆنترۆڵی خۆماندا بوو، بەڵام جادەی مەهاباد بۆ ورمێ کراوە بوو دوژمنیش هاتوچۆی پێدا دەکرد، زیاتر بە شێوەی ستوونی دورو درێژی سەربازی هاتوچۆیان دەکرد ئەویش حەفتەی یەکجار بەیانی دەهاتن دوانیوەڕۆ دەگەڕانەوە - بەڵام زۆر کەم هەڵدەکەووت بەبێ تەقەو شەڕ هاتوچۆ بکەن - پێشمەرگە هەمیشە کەمین بوون لەو جادەیە هێزەکانی دوژمن بە دەیان جار لەو جادەیە لەکەمینی شێرەکانی دیموکرات کەووتون و کوشتاری زۆر گەورەیان لێکراوە، کەم نین ئەو ڕۆڵە قارەمانانەی لەو جادەیە شەهید بوون و گیانیان فیدای ئازادی و گەلەکەیان کرد. لەو ماوەیەدا کە لە شاروێران بووین وەکوو پەلی شاهۆ لەگەڵ پێشمەرگەکانی تر لە لکەکانی ترو پەلەکانی تر هەمیشە شاروێران پێشمەرگەیەکی زۆری تێدا بوو هەتا کۆتایەکانی ساڵی ١٣٦٢ گەورەترین و زۆرترین عەمەلیات کرا لەو ناوچەیە. زۆر سەرنج بدەن لەڕادیۆ دەنگی کوردستان لێدراو گورزی زۆر گورجبڕ لەهێزە داگیرکەرەکانی ڕژیم دران. حەسەن سوهرابی کە بەنازناوی (شەماڵ) بانگمان دەکرد لە قارەمانیەتی وئازایدا هیچی تێدا نەهێشتبووە - بەهیچ شێوەیەک نەیدەزانی ترس مانای چیە - لەشەڕەکاندا بەشێوەیەک هێرشی دەبرد یان دوژمنی لەداو دەخست هەر دەتکووت چاو لە فیلمی سینەمایی دەکەی، هەتا تەقە دەستی پێدەکرد ڕاوەستانی نەبوو کاتێک دەبوە تەقە دەتکووت فەنەرە دەردەپەڕێ و وەکوو گوللە بۆ دوژمنان دەچوو، وەک سەرپەلێک نە فەرمانی بەکەس دەدا نە چاوەڕوانی لەکەس دەکرد یارمەتی بدات لە پێشدا نەخشەی بۆ پێشمەرگەکان دەکێشاو جێگاکانی بۆ دیاری دەکردن و لەکاتی تەقەدا بۆخۆی بەتەنیا دەڕۆی بەڵام ئێمە هیچ کاتێک نەماندەهێشت بەتەنیا بێت - لەو ماوەیەیەدا هەتا کاتی شەهید بوونی عەمەلیاتی زۆر گەورە کران وەکوو چەندین شەڕی قورس لەگوندی دارەلەک لەهەموویان گەورەتر ئەو شەڕەبوو کە بەناوی (کەربەلای دارەلەک) ناوبانگی دەرکرد، هەروەها شەڕی گوێکتەپە کە ٣ هەلیکۆپتەر کەووتنە خوارەوە - بەدەیان کەمینی گەورەو چکۆلە بۆ دوژمن شەڕەکانی ناوشاری مەهاباد، لەپەلی شاهۆ هەموو بەفەرماندەیی (شەماڵ) بوون. هەتا سەرئەنجام دوای کەوتنە خوارەوەی سێ دانە هەلیکۆپتەرو کوشتن و گرتنی تەواوی ئەو (کۆماندۆ) یانەی کە دایانبەزاندبوون دوژمن شکستی زۆرگەورەی خواردبوو پاشی چەند ڕۆژێک دوای تۆپ و خومپارەو کاتیوشا بارانکردنی ناوچەکەو بنەکەکانمان بێ ڕاوەستان سەرئەنجام ڕۆژی ١٣ ـ ٦ ـ ١٩٨١ دوژمن بەهێزێکی یەکجار زۆرو زەبەلاحەوە لەچەندین لاوە هێرشیان کردە سەرمان، کە من لە بیرەوەریەکانمدا زۆربەی ئەو شەڕو هێرشانەم بە وردی باسکردوە، دوای شەڕێکی نابەرابەرو قارەمانانە تۆپێکی تانک سەری سەربەرزی حەسەن دەکاتە نیشانەو لەگەڵ خۆی دەیباو کە ئاوڕم دایەوە حەسەنم بەبێ سەر دی، سەری بەرزو پیاوانەی دانا بەڵام سەری بۆ دوژمن شۆڕ نەکرد هەتا دوا هەناسەی ئاگری لەسنگی دوژمنان بەردەداو پێش شەهید بوونی هەر بە زیندوویی حەسەن تۆڵەی خۆی لەدوژمن کردبۆوە و زۆری لەدوژمن بەسزای خۆیان گەیاندبوو٠ بەدوای شەهید بوونی حەسەن وردە وردە زۆرێک لە قارەمانەکانی دیموکرات و

بەشی یەکەم

لاوە خوێن گەرمەکان چەکی شەهیدیان هەڵگرتەوەو سەنگەرەکەیان پڕ کردەوەو کە زۆریان ئێستا لە ژیاندا ماون و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەلی شاهۆ گەورەو گەورەتر دەبۆوە زۆر لەکوڕەکان شەهید بوون بۆیە ناوەکەیان گۆڕی بۆ (پەلی شەهیدانی شاهۆ) هەموو ئەو بیرەوەریانەم بەتایبەتی نووسیوەتەوە بێجگە لەوانەی لەسەر فەیسبووک بڵاو بوونەتەوە بەوردەکاریەوە کە هیوادارم بتوانم بۆ داهاتو بکرێتە کتێبێک و نەوەکانی داهاتوو ئەزموونی لێوەرگرن - یادی شەهید حەسەن سوهرابی و هەموو شەهیدانی کوردستان بەرزو بەڕێز بێ و یادو یادگارەکانیان هەر بەزیندوویی لەناو دڵی ئێمەو هەموو خەڵکی کوردستاندا دەمێنێتەوەو شەهیدان تاجی سەری هەموومانن و هەتا وەدیهێنانی هەموو ئاوات و ئامانجەکانمان ئەم شۆڕشە هەر کڵپەی دێ و ئاگری شۆڕشی ئازادی ناکوژێتەوە لاوەکانمان ناهێڵن نەچەکی پێشمەرگە بێکاربێ و نە سەنگەرەکانیان چۆل بێ، نەوە لەدوای نەوە درێژەدەری ڕێگای شەهیدانن.

لەدەرگام دا، کووتی کێیە؟ کووتم پێشمەرگەم...



بە هێواشی دەرگاکەی لێ کردمەوە، فانۆسێکی بەدەستەوە بوو چاوێکی دڵسۆزانەی لێکردم و سەراپاخوار سەرنجی دام، لەبەر ڕووناکی فانۆسەکە کووتی (پێشمەرگە) وەکوو فریشتەن وەک پەپولە ڕۆح سووک و بێ ئازارن، وەرە ژوورێ دەزانم ماندووی و زۆریش سەرماتە. دایک لەدەوری سەرت گەڕێ ئێستا چایەکت بۆ دێم دەکەم دێیتەوە سەرحاڵ - دانیشتم و حەسامەوە چەند چایەکم بەدڵی خۆم خواردەو لێم پرسی دایەگیان ناوت چیە؟ ڕۆڵە گیان خەڵکی ئاوایی زۆر لەمێژە بەناوی (دایە گوڵێ) بانگم دەکەن، ناوم گوڵەباغە بۆخۆم ئێستا بوومەتە دایە گوڵێ کوڕەکەم - دوو خزمەتکاری تۆم هەیە لەو ماڵەی جیرانمان بۆ نانی ئێوارێ لێیان گێڕاونەتەوە، هاکا پەیدا بوونەوە هەردووکیان لە تەمەنی تۆدان - کووتم دایە گوڵێ شتێک لەمێشکمدایە دەمەوێ لێت بپرسم و بزانم. کووتی بیڵێ کوڕم بیڵێ هیچ قسەیەک لەدڵی خۆتدا ڕامەگرە باش نیە، منیش هەر وەکوو دایکتم پێم بڵێ لەدەوری سەرت گەڕێم - کووتم کاتێک لەدەرگام دا و پرسیت کێیە؟؟ منیش کووتم پێشمەرگەم بیکەوە، چۆن وازوو بێ ڕاوەستان باوەڕت بەمن کردو دەرگاکەت لێ کردمەوە؟؟ نەدەترسای (جاش) و خۆفرۆشەکان بوونایەو بەناوی (پێشمەرگە)وە بێنە ماڵەکانتان؟ دەستێکی لەبن چەناگەی ناو هەندێک چوو لە فکرانەوە سەریشی بۆ دەلەقاند، چاوێکی تێبڕیم و کووتی باخواردنەکەت بۆ بێنم دەزانم زۆر برسیتە - قرچە قرچ و بۆنی ڕۆنی کوردی دەهات تەواوی ژوورەکەی داگرتبوو، هێلکەی کوردی لەڕۆن کردبوو بەدەنگی بڵند کووتی دایک لەسەر سەرت گەڕێ پێت خۆشە پیوازێکت بۆ قاش قاش کەم؟ ئەوەندەم برسی بوو هەموو خواردنێکم پێ خۆش بوو لەسەر مەجوعمەیەک تاوەیەک هێلکەو ڕۆن و قاپێک ماست و هەندێک پەنیری بۆ هێنام. کووتی نانی خەجاڵەتیە بخۆ نۆشی گیانت بێ - سەرم بەرداوەو خەریکی نان خواردن بووم دایە گوڵەش وردە وردە جوابی پرسیارەکەی دەدامەوە، کووتی ڕۆڵە گیان ئێمە بە زۆر شتدا دەزانین جیاوازی نێوان (پێشمەرگە) و جاش چیە!! زۆر جاران ئەوانیش شەوو نیوە شەو هاتوونەتە ناو ئاوایی و چوونەتە ماڵان.

بەشی یەکەم

بە کوڕی خۆم بڵێم با جیاوازیەکانت پێ بڵێم، یەکەم پێشمەرگە بۆنێکی تایبەتی خۆی هەیە کاتێک دەگەنە ئاوایی بۆنیان سەرتاسەری مالآن دادەگرێ، سەرم بەرز کردەوە تێپڕامام و کووتم دایە گوڵێ چۆن بۆنێک لەپێشمەرگە دێ؟

زەردە خەنەیەکی دڵسۆزانەی دایکانەی هاتە سەر لێوانی و کووتی، پێشمەرگە بۆنی خاک و ئاوو نەسرین و بەیبوون و ڕێحانە وگوڵی بەهارییان لێ دێ.. بۆنی خاک کاتێک بارانی بەسەردا دەباڕێ خۆشترین بۆنە کە هەمیشە ئەو بۆنە لە پێشمەرگە دێ،، دووەم،، شێوەی لێدان و کووتانی دەرگا، پێشمەرگە ئەوەندە نەجیبانە لەدەرگا دەدەن وەکوو ئەوە وایە دڵیان نایەت خاوەن ماڵ وەخەبەر بێنن و ئیسراحەتیان لێ تێک بدەن، هێندە بە دەنگێکی نەرم و نەوی بانگمان دەکەن بۆخۆمان شەرم دەمانگرێ ئەگەر وەکوو ئاسک خێرا نەچین بە پیریانەوە - سێیەم کوڕەکەم کاتێک هاتنە ناو دێ هیچ (سەگ) یک پێتان وەڕی؟ بێجگە لە سەگەکەی ماڵە (خدرە کۆڵ)؟؟ نا،، سەگێک نەبێ لەوسەری ئاوایی هیچ سەگی تر پێمان نەوەڕین - کوڕی خۆم ئەوە سەگی خدرە کۆڵە سەگەکەشی وەک خۆی هەڵەوڕوو نانەجیبە، سەگەکانیش بە (بۆن) پێشمەرگە دەناسن و هۆگرو هاوڕێی بەوەفای پێشمەرگەن مانم قەبرە نەمبیستووە بە ئێوە بوەڕن.. چوارەم،، کاتێک ئێمە دەڵێین کێیە؟؟؟ جوابدانەوەکان جیاوازیان هەیە دەنگی دۆست و دوژمن دەناسین و هەست پێدەکەین دەنگی پێشمەرگە دەنگێکی دڵسۆزانەو خۆمانەیە کەسێک کەمێک عەقڵی هەبێ دەنگی پێشمەرگە دەناسێ. پێنجەم،، پێشمەرگە هیچ کاتێک لەسەربان و بن دیواران و لەناو دەرگا سەنگەر ناگرن و جائەوجار لەدەرکەی دەن، چونکە ترسیان نیەو خەڵکەکە بەخۆیان و پشتیوانی خۆیان دەزانن.. منیش هەروا گوێم بۆ شل کردووە ئەوەندە قسەکانی بە جوانی و بەشیرینی دەکات پێم خۆشە هەر درێژەی پێ بدات،، ئەدی کوڕی شیرینم،، بەڵام جاش و پاسدار کاتێک دێنە ناو ئاوایی هۆ مەرقەدی شێخی بورهانی هەموانیان زەلیل و کەڕو کاس کەی،، هەر لە دوورەوە سەگەلی ئاوایی هەر هەموویان بۆیان دەچن و پێیان دەوەڕن و ئابڕوو حەیان دەبەن کە نیانە،، کاتێک دەگەنە ناو دێ تەواوی سەربان و بن بان و هەموو سەری کووچەکان و ناو دەرگاکان دەگرن، ئەوجار بەشەق و پێلاقە بەردەبنە دەرگای مالآن و جنێوو قسەی ناشیرینیش لەولا ڕاوەستێ - دەڵێن سەگەکان بە بۆن دەزانن ئەوانە دوژمن و بۆنێکی ناخۆش و دوژمنانەیان لێدێ، تەفروتونا بن و تۆوبان نەمێنێ مرقەدی (غەوس) —

کوڕە شیرینەکەم ئێستا حاڵی بووی بۆچی سووک و ئاسان و زۆر خێرا دەرگاکەم لێ کردیتەوە؟؟ خەجاڵەتم ڕۆڵە گیان ئەوەندەم قسە کرد نەهێشت نانەکەت وەدڵی کەوێ، ئاخر ڕۆڵە تۆ پرسیارت کردوو منیش جوابە ڕاستەکەم دایەوە، ئەوەی من دەیزانم و بۆم باسکردی خەڵکی ئاوایی هەموویان ئەوە دەزانن بۆیە هەموو مالآن خێرا دەرگاکانتان بۆ دەکەنەوە، لەو قسانەدا بووین دایە گوڵێ کوڕەکانی هاتنەوەو ئەوشەوە تا نیوەشەو هەموومان پێکەوە دانیشتین و تەواوی دنیامان هەڵگێڕ داگێڕ کرد تا دەرەنگانێک.

بەشی یەکەم


هۆنراوەیەک بۆ ڕۆحی بەرزی شەهیدان



کە پێشمەرگەیەک شەهید دەبێ
مااڵ و منداڵ، کەس وکاری بە جێدێڵێ
دەست هەڵدەگرێ. لە گشت هەستی
خۆش و ناخۆش... تااڵ و شیرین
تاریک وڕوون.. ساردو گەرم
بۆ خۆی.. بۆ میژووی کورد.. بۆ نیشتمان
بە قەد باڵای بەرزی شەهید
شەرەف"" ناموس"" فیداکاری بە جێدێڵێ

شۆڕش ئەسەدزادە

من و کوڕی شای پێشووی ئێران!!!...



هەردوکمان لەیەک تەمەنیداین، ڕێکەوتی سالّی لەدایک بوونمان یەکە - ئەو کوڕی شای ئێران و لە بنەماڵەی پەهلەوی یە، منیش کوڕە کوردێکی لە هەژارترین بنەماڵەکانی کوردی ئێرانم، لەدەورانی لاوێتیماندا ئەو لەهەموو بەهرەو خۆشیەکان و ئیمکاناتەکانی ژیان کەڵکی وەردەگرت و هەرچی ئارەزووی کردبایە وەک کوڕە شایەک خێراو بێ مەحتەل بوون بۆی ئامادە دەکرا - بەڵام منـــی بێ پەڕواو هەژار یەک دانە لە خەونەکانم بۆ جێبەجێ نەدەکرا هیچ، بگرە ئەگەر داواشم کردبایە تێرو پڕ لێدانم دەخوارد - خوێندن بۆ ئەو فروان بوو، باشترین و بە ئەزموونترین مامۆستایان بۆ دەهێنا هەتا باشترینی لێ دەربچێ - بەڵام من ئەگەر بە لیباسی خۆمالّی و پاتۆلّی کوردیەوە چوبام بۆ قوتابخانە، سەرەڕای لێدان و خەجاڵەت کردنەوەم لەلای هاو کلاسەکانم دەیانـاردمەوە بـۆ مالّێ و دەبوو بۆ ڕۆژی داهاتوو دایکم یان بابم لەگەڵ خۆم بردبایە بۆ قوتابخانە بۆ لێپرسینەوە کە بۆچی مندالّەکاتان بە لیباسی کوردیەوە هاتۆتە قوتابخانە؟ -

ئێمە هەردوکمان ئەوکات جەوان بووین - ڕەنگە هیچمان هەستمان بە کاروباری سیاسی و دەوروبەری خۆمان نەکردبێ - بەڵام دەمانزانی کە دوو کەسی لێک جوداو سەبارەت بەیەک بێگانەین. ئەوەی باسی دەکەم مەبەستم شەخسی خۆم نیە، بەڵکوو وەکو هەموو لاوانی کوردستان قسە دەکەم. دەنا ئەمن و کوڕی شاە هەرگیز یەکترمان نەدیوە.

بەشی یەکەم

ڕوون و ئاشکرا بـوو لەنـاو هەمـوو بنەماڵەکـانی خەڵکـی کوردسـتاندا کەڕژیمـی شاهەنشـاهی ئێـران، لە دەورانـی کۆمـاری کوردستان لە مەهاباد بەڕێبەرایەتی پێشەوا قـازی محمد، دوای سـاڵێک لەتەمەنـی یەکەم کۆمـاری کوردسـتان بـابی محمـدڕەزا هێرش دێنێ بۆسەر کوردستان و کوردستان داگیر دەکاو، پێشەواو هاوڕێیانی لەچوار چـرای شـاری مەهابـاد لە سێدارە دەدات. کارەساتێک کەبۆ هەمیشە لەدڵ و دەروونی تـاک بەتـاکی کوردا شوێنی دانـاو مـایەوە. هـیچ کوردێـک لە هەر چـوار پـارچەکەی کوردستان ئـەم کارەساتەیان لەبیر ناچێتەوە دوای نزیک بە ٧١ ساڵ.

هەتا ساڵی ١٣٥٧ی هەتـاوی بەرامبەر بە ١٩٧٩ی میلادی کە سەرتـاسەری گەلانی ئێران بەیەکەوە بەدژی ڕژیمی شاهەنشاهـی هـاتنە سـەر شـەقام و دوای مـاوەیەکی کـورت ڕژیـم خـۆی نەگـرت لەبەرامبـەر هێـزی گەل و حکـوومەتی شاهەنشـاهی ڕووخـاو هەڵاتن.

ئەوکات من و کوڕی شاە تەمەنمان تەنها ١٧ ساڵ بوو. ڕەنگە ئەگەر ڕژیم نەڕوخابایە من و هەزارانی وەک من کە تەمەنمـان وەک کوڕی شاە بوو لە وەزیفەی سەربازی معاف بوینایە بەهۆی کوڕی شای وڵاتەوە.

ئەو لەگەڵ بنەمـاڵەکەی بەرەو هەنـدەران هەڵاتـن و خۆیـان ڕزگـار کـرد لە چەنگـی ڕەق و تـوڕەیی خەڵکـی داخ لەدڵ و لە مردنی حەتمی دەرباز بوون.

بە فڕۆکەیەکی تـایبەت و بەسەدان کیلۆ زێڕو بە ملیۆنان دۆلارەوە بۆی دەرچوون. منیش وەکوو کوڕە کوردێکـی هەژارو نەداری ئەم کوردستانە بە شانازی و بە ئیمانێکی پۆڵاییـنەوە بووم بە (پێشمەرگە) بۆ داوایەکی حەق خوازانەی گەلەکەم. سەرەتـای ژیـانی جەوانیم و لە هەڕەتـی غـرووڕو خـوێن گەرمیمـدا. دوو ڕێگـای زۆر لەیەک جیاوازمـان هەبـوو، کـوڕی شـای هـاوتەمەنم بەرەو وڵاتـی ئەمریکـاو منـی کـوڕە هەژارێکی کـورد بەرەو خەبـاتێکی دوورو درێـژو پـڕ لەکارەسـات و چارەنووسێکی نادیـار و ڕووبەڕوو بـونەوە لەگەڵ ڕژیمێکـی درێنـدەتر لەشـای بـاوکی ڕێگامـان جـودا کـردەوە. لێـرەدا بـۆ منـی لاو ڕوون بـۆوە کە نە حکوومەتی شـاە و نەحکـوومەتی ئیسلامی ئێـران سـەبارەت بە مافەکـانی گەلـی کـورد دوای دەیـان سـاڵ شـۆڕش و خـوێن دان و مـاڵوێرانی هیچ جیاوازییەکیـان نیـە. قەومێـک بەنـاوی قەومـی (فـارس) ئـێمەی کـورد بەژێـر دەسـتێ خۆیـان دەزانـن و وەک نەتەوەیەکـی بێگـانەو چەشـنی هـاو وڵاتیەکـی ژمـارە دووەمـان حسـاب دەکەن. واتە هەتـا دنیـا هەیە ئـێمە دەبـێ ژێـر دەسـتەو لەژێر فەرمان و دەستووری ئەواندا بین.

بەشی یەکەم

دوای دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشان ئەم شۆڕش و بەرەنگاریەی کورد لەگەڵ ڕژێمە داگیرکەرەکانی فارس درێژەی هەیە. ماوەی ٤٠ ساڵە ئەم ڕژێمی ئیسلامیە کورد دەکوژێ. ڕۆژ نیە چەندین کوڕو کیژی کورد تیربارانو و لەسیدارە نەدات. شارو گوندێکی کوردستان نەماوە کە نەکووتبێتە بەر هێرشی دڕندانەی سوپای ڕەشی ئیسلام و نەسووتابێ و نەڕووخابێ و خەڵکیان شەهیدو بریندارو ئاوارە و بێ ماڵ و حاڵ نەکردبێ. تەواو ٤٠ ساڵی ڕەبەقە ئێمە لەژێر تیغی ئەم ڕژێمە دیکتاتۆرو تیرۆریستەداین٠ هیچ سووکایەتیەک نەماوە بە گەلی کوردیان نەکردبێ. بەڵام کوڕی شاە و دارودەستەکەی قاتڵانی باب و باپیرانی ئێمە ئێستاش شانازی بەحوکمی دڕندانەی شاهەنشاهی یەوە دەکەن و، لەگەڵ ئەوەی کە کوڕی شاە جەوانێک بووە کاتێک ئینقیلاب کراوە بەسەریان دا. وادیارە لە ماوەی ئەم ٤٠ ساڵەدا، یان هیچ مێژووی باب و باپیرانی نەخوێندۆتەوە، یان زۆر باش ئاگادارەو خۆی لێ گێل دەکات!! دەنا چۆن دەبێ کەسێک بزانێ باپیری و بابی کە حوکمی ئێرانیان کردووە و دەستیان بەخوێنی کورد سوورە، بۆ جارێکیش وەکوو کەسێکی کە لە ئەمریکا خوێندوویەتی و هەست بە ئازادی گەلان و چارەنووسی میلەتان دەکات. داوای لێبووردن لە گەلی کورد نەکات؟ ئەو ئێستا دواییین پاشماوەی بنەماڵەی پاشایەتیەو منیش کوردێکی خاوەن ڕابردوو شۆڕشێکی خوێناویم، لەپێناوی ڕزگاری و ئازادی میللەتەکەم دا. با لێرەدا پرسیارێکت لێ بکەم کوڕی شاە. ئایا ئامادەی داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان بکەی و ڕەفتارو کردەوەکانی بابت سەبارەت بە گەلی کورد مەحکوم بکەی؟؟ ئەگەر جوابەکەت بەڵێ بێ وادیارە ئاڵوگۆڕ لەتۆدا هەیە وەکوو پاشماوەی بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداری پیشووی ئێران. کە ڕەنگە کوردیش ئاڵوگۆڕی نەزەر بکات سەبارەت بە تۆ. بەڵام ئەگەر جوابەکەت نەخێر بێ، یان بێدەنگی. ئەوا کورد ئەو کوردەی زەمانی باب و باپیرت نیەو هەرگیز ڕێگا نادات جارێکی تر بگەڕێنەوە ناو دەسەڵات و بەهەمان شێوەی دیدو نەزەری باب و باپیرانت چاو لە کەیسی کوردو مەسەلەی کوردستان بکەی. خەڵکی کورد هیچ کاتێک بە تەبلیغاتی بریقەدارو بێ بنەمای ئێوە فریوو ناخۆن. نەکوو کورد بەڵکوو هەموو گەلانی ئێران باوەڕتان پێ ناکەن. مەگەر بە ئاشکرا داوای لێبووردن لە هەموو خەڵک بکەن.

ئێستا من قاڵبووی ناو شۆڕشێکی خوێناویم و پەروەردەی بەر دەستی باشترین شۆڕشگێڕانی کوردەوارِیم، نە ئێران ئێرانی جارانە، نەکورد بێ دەسەڵاتەکەی جارانە. هەرگیز ڕێچکەو ڕێگای پێشەوای نەمرو ڕێبازەکەی بەرنادەم و وەکوو باب و باپیرانم سوورم لەسەر مافی ڕەوای گەلەکەم هەتا هاتنەدی هەموو ئاواتەکانی شەهیدان و خەڵکی کوردستان.

لە کۆتایی دا دەمەوێ پێت بڵێم هیچ میللەتێک ئامادە نیە ڕشانەوەی خۆی بخواتەوە. هێڵنجێک کە لەساڵی ١٣٥٧ میللەت هێنای، تازە قووتی ناداتەوە. کوڕە هەژارێکی کورد بۆ کوڕە شای پێشووی ئێران.

بەشی یەکەم

بێسیم و پێشمەرگە!!!



هەتا ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، کە ماوەی ٤ ساڵ بوو شۆڕش و پێشمەرگایەتی لەڕۆژهەڵات درێژەی هەبوو لەگەڵ سوپای جەهل و نەزانی ڕژێمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران. ئێمە وەکوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەبارەی گەیاندن و بەشی بێسیم و پەیوەندیەکان زۆر لاوازو بێ بەرنامە بووین. لە کۆمیتەی شارستانی هەر ناوچەو شارێک، بێسیمێکی (ڕاکاڵ) هەبوو بۆ پەیوەندی گرتنیی هێزو کۆمیتەی شارستان لەگەڵ ناوندی گەیاندن لە دەفتەری سیاسی حزب. بۆ گەیاندن و پەیوەندی نێوان حزب و کۆمیتە شارستانەکان. بەڵام لە نێوان هێزو لک و پەلەکان کەپێویستیەکی گرنگ و حەیاتی بوو، ئەو پەیوەندیە نەبوو یان زۆر لاواز بوو. لەشەڕەکانی پێشمەرگە لەگەڵ هێزەکانی دوژمن دەزگایەک نەبوو پەیوەندی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە پێکەوە دروست بکات، هەتا فەرماندەکانی پێشمەرگە ئاگاداری تەواوی وەزعیەتی مەیدانی شەڕەکان بن. فەرماندەکانی پێشمەرگە ئەوکات دەبوو زیاتر خۆیان ماندوو بکەن، بۆ هەموو جموجۆڵێک یان سەنگەر گرتن و هێرش و پاشەکشیەک مەجبوور بوو بۆخۆی تەواوی سەنگەری پێشمەرگەکان چووبا و لەنزیکەوە بەقسە پێی کووتبان. لەکاتێکدا چەندین فەرماندەی باش و لێزانمان لەم هاتۆچۆکردنەدا شەهید بوون، کە بێسیمێک دەیتوانی زۆر بەئاسانی تەواوی ئەم فەرمان و پەیامانەی گەیاندبا بە هەموو پێشمەرگەکانی گشت بەرەی شەڕ، یان زۆر جار کاری نەهێنی پاراستن تێکدەچوو، فەرماندە هەڵدەستا بەدەنگی زۆر بڵند هاواری دەکرد کە پێشڕەوی بکەن، یان بە پێچەوانەوە دەستووری پاشەکشەی دەدا. یان هاواری دەکردو داوای یارمەتی دەکرد کەشەهیدو برینداڕمان هەیە وەرن ڕایانگوێزن.

بەشی یەکەم

لەهەموو حاڵەتەکاندا زانیاری بەدوژمن دەگەیشت و لەوانەبوو دوژمن بەقازانجی خۆی بیقۆزێتەوەو سوود لەو کاتە هەستیارانە وەربگرێ.

نەکوو حزب بێسیمی نەبوبێ. نا، ئەوەندەی ئارتەشێکمان بێسیم هەبوو٠ بەتایبەتی بێسیمی (پ . ر . سی ٧٧) ی ئەمریکایی.

بەڵام هەتا ئەوکات ئەم بەشە زۆر لاواز بوو هەندێک جار هێزو لک و پەلەکان هەر بەئیبتکاری خۆیان پەیوەندیەکی باشیان دروست کردبوو لە نێوان خۆیاندا. بەڵام کاتیی بوو.٠ جاری وا هەبوو لەگەڵ تەواو بوونی باتری بێسیمەکە کۆتایی بەپەیوەندیەکان دەهات. بەشێک یان ئۆرگانێک لەحزب دا نەبوو بەم بەشە گرنگە لەکاروباری پێشمەرگایەتی دا ڕابگات. پێشمەرگە دێرینەکان لەبیریانە. کەبۆ ناردنی نامەیەک دەبوو بە پێشمەرگەیەکدا بینێرن کەچەندین کاتژمێری دەگرت و هەندی جار چەندین ڕۆژ٠ بەڵام ئەگەر هاتباو بە بێسیم ناردرابایە تەنها چەند خولەکێکی دەویست.

هەتا بەهاری ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی کە دەفتەری سیاسی کاک (کەریم پورقوباد) یان وەکوو فەرماندەری هێزی پێشەوا نارد بۆ ناوچەی مەهاباد. کاک کەریم کەسایەتیەکی ئارتەشی و نیزامی بوو٠ بۆخۆی خەڵکی شاری سنەو خێزانی مەهابادی بوو، هەر کە گەیشتە ناوچەی ئێمە لە مەهاباد دوو کەسی لەگەڵ بوو یەکیان ناوی (بوبی) بوو ناوی ئەویدەکەم لەبیر نەماوە. بووبی کوڕێکی شۆخ و قسە خۆش بو خەڵکی شاری سەقز بوو٠ وەکوو هاوڕا لەگەڵ کاک کەریم هاتبوو. پاشان بەداخەوەشەهید بوو لە شاروێران.

لە یەکەم دیدارماندا لەگەڵ کاک کەریم خۆشمان لێی هات. وەکوو کەسێکی سادەو بێ فیزو خۆمانە هاتە بەر چاومان. وەکوو ئەوەی کە چەندین ساڵ بێ بیناسین، زۆر زوو جێگای خۆی کردەوە لەناو دڵی پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوادا. من وەکو خۆم لەیەکەم دیدارمدا لەگەڵ بەڕێز کاک کەریم خۆشم ویست. دوای چەندین کۆڕو کۆبوونەوەو دیدارو چاوپێکەووتن لەگەڵ کاک کەریم بۆمان دەرکەووت فەرماندەیەکی سادەو خاکی و خۆنەویستە. ئەویش زیاتر پێی خۆش بوو لە ئەرکانی لکی ١ بێ هەتا بنکەی هێز. زۆرتر لە لای ئێمە دەمایەوە. ئەوکات بۆ خۆم ئەهوەن هەر لەگەڵ ئەو بوو. لەگوندی (ئەمین ئاباد) کە ئەرکانی لکی ١ی لێ بوو دەمایەوە. کاتێک چاوی بەهەموو کێشەکانی هیزی پێشەوادا گێڕابوو. بۆی ڕوون ببۆوە کە کێشەی پەیوەندیەکان و گەیاندن گەورەترین کێشەیە لەناو هێزی پێشەوادا. ئەویش وەکوو فەرماندەیەکی نیزامی هەستی بەو کێشەیە کردبوو. بۆیە دەستووری دا تەواوی بێسیمەکانی هێزی پێشەوا کۆبکەنەوەو بیهێنن بۆ ئەرکانی لکی ١ لەگوندی (ئەمین ئاباد). لەماوەی یەک حەووتودا هەرچی بێسیم هەبوو لە پەل و لک و ڕێکخراوەکاندا هێنایانە لای ئێمە.٠ نزیک بە ٥٠ بێسیم دەبوو هەموویان کێشەی باتریان هەبوو. کاک کەریم وەختی بۆ دانا و زۆرێک

بەشی یەکەم

لە بێسیمەکانی چاک کردنەوەو ئامادەی کردن بۆ کار پێکردن.

ئەو بێسیمانەی دابەشکرد بەسەر هەموو لک و پەلەکاندا. زیاتر لە ماوەی ساڵێک هێزی پێشەوا هەموو سەری سەعاتێک بەبێ دواکەووتن تەماس و پەیوەندیمان هەبوو لەگەڵ هەموو لک و پەلەکانی هێزی پێشەوا لە ناوچەی مەهاباد. کارێکی یەکجار زۆر گرنگ و بەسوود بوو. چونکە هەموو ناوچەکانی مەنگوڕان، مەحاڵ، گەورکان، شارۆێران، شامات، چۆمی مەجیخان. وە ناوچەکانی تری کوردستان پەیوەندیمان هەبوو لەبیرمە لەگەڵ زۆربەی هێزەکانی دەوروبەری مەهاباد پەیوەندیمان هەبوو.

هەروەها ئێمە وەکوو ئەرکانی لکی ١ کۆنترۆڵی بێسیمی هێزەکانی دوژمنمان دەکرد لەناوچەکەی خۆمان. من وەکوو خۆم کۆنترۆڵی تەواوی پایەگاکانی دوژمنم دەکرد. ئاگام لەهەموو حەرەکات و پەیامەکانی دوژمن بوو. لەگوندی ئەمین ئاباد بێسیمێکمان هەبوو هەمیشە کۆنترۆڵی بێسیمەکانی دوژمنمان دەکردن. بەپێی ئەزموونی خۆمان دەمانزانی ناوەکان و ڕەمزەکان کام پایەگایەکی دوژمنە لەناوچەکەدا. ئەم پەیوەندیانەی نێوان پەل و دەستەو لکەکانی هێزی پێشمەرگەو ئاکامی زۆر باشی هەبوو. هەمیشە ئاگاداری وەزع و پێشهاتەکانی ناوچەکە بووین. زۆرجار پێش ئەوەی دوژمن هێرش بکات ئێمە لەڕێگای بێسیمەکانەوە دەمانزانی کەدوژمن هێرشی کردووە. بە شێوەی دەنگەکان دەمانزانی مەودای نێوانمان چەندە. بۆیە زۆر گرنگ بوو سافی دەنگ بۆ زانینی مەودای دوورو نزیکی نێوانمان٠ لە شەڕەکانی ئەمین ئابادو هێرشی سەرتاسەری بۆ ناوچەکە بێسیمەکان دەورێکی زۆر باشیان گێڕا. هەر لەڕێگای بێسیمەکانەوە سەرمان لەدوژمن شێواند کە بەتۆپ و خومپارە لە هێزەکانی خۆیان بدات بە تەحریکی بێسیمەکانی ئێمە. ئێمە ڕەمزو نهێنیەکانی ئەوانمان وەرگرتبوو. هەر بەو ڕەمزانە دەستوورمان دا لەو شاخە بدەن. ئەوانە زیدی انقلابن لێیان دان و زۆرێک لەهێزەکانی خۆیان کوشتن. ئەوان لەوکاتەدا نەیاندەتوانی خودی و ناخودی لێک جودا بکەنەوە. بۆیە مەجبوور بوون دەستوور بەڕێوە بەرن.

لەو کاتەوە بۆمان ڕوون بۆوە کەبێسیم و گەیاندن چەندە گرنگ و پێویستە. کاک کەریم پورقوباد وەکوو کەسێکی نیزامی زۆر باش دەیزانی کاری بێسیم چەندە کاریگەرە لە کاری سەربازیدا.

نیشتیمانەکەت ئەو بەهەشتەیە کە باسی دەکەن...



زۆر منداڵ بووم، لەبیرمە جارێک هاوڕێیەک و خزمێکی بابم لەماڵی ئێمە میوان بوون. منیش زۆرم پێخۆش بوو کە گوێم لەقسەکانیان بێ. باسەکەیان هاتە سەر نیشتیمان و خاک و جێگای لەدایک بوون. چونکە ئەوکات زستانان خەڵکەکە شەوانە دەهاتنە ماڵی ئێمە بابم حیکایەتی بۆ دەگێڕانەوە. الحەق عەجاییب حکایەت زانێک بوو. کاتێک بابم دەستی پێدەکرد هیچ کەسێک قسەی نەدەکرد، تەنها هەموویان گوێیان دەگرت. هێندە بە عیشق و عەلاقەوە گوێیان دەگرت، بۆ سبەینێ هەموویان بەشی ئەو شەوەیان لەبەر بوو. چونکە هەر حیکایەتێک چەندین شەوی دەگرت. حیکایەتەکان (ڕۆستەم و زۆراب، ئەمیر ئەرسەلانی ڕۆمی، خورشیدو خاوەر، شیرین و فەرهاد، شێتەو ژیرە، سوڵتان مەحمود، هارونە ڕەشید، بابۆلی دانا، یوسف و زولەیخا، عیشقێکی شێت) هتد.

دوای تەواو بوونی حیکایەتەکە بەشی ئەو شەوە، میوانەکانی جیرانمان دەڕۆشتنەوە بۆ ماڵەکانیان. زۆر جار ئەو میوانانەی لە ڕێگای دوورەوە دەهاتن دەمانەوە. هەموومان پێکەوە دەنووستین. لەوێ گوێم لێ بوو میوانێکمان لەوێ مابۆوە بە ژن و منداڵەوە ناوی کاک ڕەحمان بوو. مەسەلەیەکی بۆ بابم گێڕایەوە ئێستاش لەبیرمە. گووتی نیشتیمان زۆر خۆشەویستە. دەڵێن جارێک کابرایەک چەندین ساڵ بوو بولبولێکی هەبوو، باڵندەیەکی جوان و دەنگ خۆش بوو. هەمیشە ڕووی لە ئاسمان دەکردو دەیخوێند. خاوەنەکەشی لەبەر ئەو دەنگە خۆشەی هەموو خزمەتێکی دەکرد. هیچ کاتێک نەیدەهێشت لەهیچ شتێکی کەم بێت. زۆری خۆش دەویست. ڕۆژێک هاوڕێیەکی خۆی میوانی دەبێ. کە گوێ لە دەنگی باڵندەکە دەگرێ دەست دەکات بەگریان. خاوەن باڵندەکەش بە میوانەکەی دەڵێ ئەوە بۆچی دەگریت؟ ئەویش دەڵێ ئەم باڵندەیە دەزانی دەڵێ چی؟

بەشی یەکەم

دەڵێ نەوەڵا نازانم خۆ من زمانی باڵندان نازانم، چوزانم دەڵێ چی؟ میوانەکە دەڵێ من دەزانم ئەوە دەڵێ چی، چونکە من لە زمانی باڵندە تێدەگەم. خاوەنی باڵندەکە دەڵێ بە ئێمەش بڵێ بزانین ئەم باڵندەیە چەندسالە دەڵێ چی؟؟ میوانەکەش دەڵێ پێت خۆشە بزانی باڵندەکەت دەڵێ چی؟ ئەوە دەڵێ (ئای وەتەن) ئەم قسەیە شەوو ڕۆژ دووپات دەکاتەوە. خاوەنەکەی دەڵێ واتە ئەم باڵندەیەی من شین و شیوەن و گریان دەکات بۆ وەتەنی خۆی؟؟؟ میوانەکەش دەڵێ بەڵێ. دەڵێ ئاخر من هەموو خزمەتێکی پێدەکەم و لەهیچ شتێکی کەم نیە لێرە٠ بۆ دەبێ بۆ نیشتیمانەکەی بگری؟؟ خاوەنەکەی لەباری وێژدانیەوە زۆر ناڕەحەت دەبێ، کە هەتا ئێستا لێی حاڵی نەبووەو زوڵمی لێکردووە و ڕێگای نەداوە بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمانەکەی. بۆیە بڕیار دەدات ئازادی بکات و وەدوای بکەوێ هەتا بزانێ نیشتیمانی ئەم باڵندەیە چیەو لەکوێیە؟؟

ئازادی دەکات و بە دوای دەکەوێ، شاخ بە شاخ و گوند بەگوندو دۆڵ بە دۆڵ. هەتا سەرئەنجام لە شاخێکی داپۆشراو بەدارو جەنگەڵ، لەسەر ئاوی کانیاوێکی ساردی کوێستانی. لەسەر لقی داچۆڕاوی دارێک بەسەر ئاوەکەدا کۆنە هێلانەیەکی لێ بوو تەنها چەند پوش و پەڵاشێکی پێوە مابوو. لەوێ نیشتەوەو باڵەکانی لێ بڵاو کردو هەناسەیەکی هەڵکێشاو گووتی (ئێرە نیشتیمانی منە) بە هەموو عەیبەکانیەوە ئامادەم لە پێناویدا بمرم. خاوەنەکەی گووتی ئەم هەموو گریان و شیوەنەت چەند سالە بۆ ئێرە بووە؟؟ چونکە ئەوەی من دەیزانم سەبارەت بە نیشتیمانی خۆم تۆ نایزانی. بۆ دواییین جار دەنگی هەڵێناو خوێندی و گووتی (خۆشم دەوێ، خۆشم دەوێ. ئەم نیشتیمانەم خۆش دەوێ).

عەزیز سەلیم کێ بوو؟؟...



من ئەم هونەرمەندە گەورەیەم لەشاری (سلیمانی) لە باشووری کوردستان ناسی. تابلۆیەکی کێشابووە بە ڕەنگی ڕۆنی زەیت.

تابلۆیەکی قەبارە ٢٤ - ٤٨ بوو. وێنەی گوندێکی کوردستان بوو لەکاتی کارکردنی خەڵکی ئەو گوندە لەڕۆژێکی ئاساییدا،نازانم چۆن تاریفی ئەو نەقاشی یە جوان و سیحراویە بکەم، کاتێک هێنای لە ڕۆژنامەیەکەوە پێچابوو، باران دەباری لەبن باڵتۆیەکەی خۆی گرتبوو هەتا تەڕ نەبێ. وەکوو هەموو جارێ سیگارەکەی بە لێوانەوە بوو، ئاگرەکەی گەیشتبووە نزیک سمێلە سپیە زەرد هەڵگەڕاوەکانی. هێشتا سووتوی سیگارەکەی نەوەریبوو کە خۆی بەژووری دوکانێدا کرد. سڵاوێکی کردو گووتی ئەم شارە یان بارانە یان ڕەشەبا. هەموومان جوابی سڵاوەکەیمان دایەوەو دەستمان کرد بە پێکەنین. سیگاری لای لێوی فڕێداو سیگارێکی دیکەی هەڵکرد. یەک بەیەک دوگمەی باڵتۆ درێژەکەی کردەوەو تابلۆکەی کە بە سنگیەوە نووساندبوو دەرهێنا، لەسەر میزەکەی داناو بە حاجی سالەی گووت، حاجی بیکەوە بزانە چیم بۆ هێناوی؟. حاجی ڕۆژنامەکەی لێکردەوەو چاوێکی لێکردو پاشان ڕووی لە ئێمە کردو گووتی هەرچەند دەڵێی من قەبوڵمەو دەیکڕم. حاجی سالە پیاوێکی سەرشناسی شاری سلیمانی بوو بەڵام پیاوێکی دەوڵەمەندو کەمێک (سەقیل) بوو، پارەی زۆر خۆشدەویست. تابلۆکەی لەسەر میزەکە ڕووبەڕوی ئێمە داناو چاومان لێکرد، وێنەی گوندێک بوو تابلۆکە. بەڵام ئەوەندە سروشتی کێشابویەوە دەبوو زۆر جوان سەرنج بدەی هەتا بزانی نەقاشیە یان ڕاستی یە ئەم تابلۆیە. (سامان غالب ئاغا)

بەشی یەکەم

کەدۆستێکی زۆر نزیکی من بوو. گووتی پارەم نیە دەنا ئێستا لێمدەکڕی. خێرا عاشقی بوو. مام عەزیز گووتی لە ٥٠٠ دینار کەمتر نایفرۆشم. بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەم مانگە هێشتا کرێ خانووم نەداوەو پوڵی سیگاریشم نیە. ئەگەر تۆ ٥٠ دینارم پێشەکی بدەیتێ و گلۆسێک سیگارم بۆ بکڕی ١٠٠ دینارت پێدەبەخشم. حاجی گووتی ئەوە ٥٠ دینارەکە بۆی بژاردو دایە دەستی و شاگردەکەی نارد گلۆسێک سیگاری بۆ کڕی لەبیرمە سیگاری (اریدۆ)ی دەکێشا. بەڵام حاجی زانی نرخەکەی گرانە پەشیمان بۆوە لە کڕینی تابلۆکە. بەڵام دڵیشی هەر لەسەری بوو. گووتی لەناو جامخانەکە دایدەنێم لێی دەنووسم ٦٠٠ دینار، بەڵام ٤٠٠ دیناری دەدەم بە تۆ. مام عەزیز گووتی قەبوڵە و دوای ئەوەی چایەکی خواردەوە هێندێکمان پێکەوە قسە کرد، کە زانی من ڕۆژهەڵاتیم هەر لەوێ دەعوەتی کردم بۆ ماڵەکەی خۆی کە بچم سەردانی بکەم. منیش بەڵێنیم پێدا کە بچم ببینم. دوای دوو ڕۆژ خێرا تابلۆکە بە نرخی خۆی فرۆشرا حاجی ساڵە گووتی مادام تۆ دەچی سەردانی بکەی پوڵی تابلۆکەی بۆ بەرە لەگەڵ خۆت. من هیچی لێ ناگێڕمەوە پوڵی سیگارو ٥٠ دینارەکەش با یارمەتی من بێ بۆ ئەو. ئێوارە من و بەختیاری کوڕی حاجی ساڵە چووین و ماڵەکەی لە جێگایەکی زۆر ناجووردا بوو. نازانم ئەو جێگایەی چۆن دیبۆوە؟ لە خوار مزگەووتی گەورەی سلیمانی لەسەر شەقامی مەولەوی بوو بنەکەی ڕیزێک دوکانی پەنیرو ماست فرۆش بوو قاتی دووەم چەند ژوورێک بوو، کە لەوێدا دەژیا. تەنها یەک ژووری هەبوو هیچی تر.

کەچووین زۆری ڕێز لێگرتین. تەختێکی هەبوو لەسەری دەنووست، ئێمەی لەوێ داناو بۆخۆی لەسەر عەرزەکە دانیشت و خێرا چایی بۆ دروست کردین. دوای ئەوەی پارەی تابلۆکەمان دایەو پەیامەکەی حاجی مان پێگووت زۆر خوشحاڵ بوو کە حاجی ئەو پارەیەی پێ بەخشیوە. دوای قسەو باسێکی زۆر کە زانی من خەڵکی مەهابادم و پێشمەرگەم، ئەویش هەموو شتێکی خۆی بۆ باس کردم و هەندێک ئاشنایەتیمان لەسەریەکتر پەیدا کرد. هەتا من دەعووەتم کرد بۆ ماڵە خۆم و لەوێ تەواو پێکەوە ئاشنا بووین. هەتا کاتێک من گەڕامەوەو هاتمەوە ناوچەی جێگای خەبات و تێکۆشانی خۆم لە ناوچەی مەهاباد. ڕۆژێک کاک حەسەن شەرەفی پەیامێکی نارد بۆ لکی ئێمە نووسیبوی هاوڕێیەک دەنێرمە لای ئێوە هیوادارم کەڵکی پێویستی لێوەربگرن و هەر کارێک کە هەیبوو بۆی جێبەجێ بکەن. دوانیوەڕۆ بوو کە گەیشتێ و هاتە بنکەی ئێمە لە گوندی (ئەمیناباد) کە دیتم هەمان عەزیز سەلیم بو. کە منی دیت سەری سوور ما و گووتی تۆ کاک شۆڕش نیت؟! گووتم هەوم، بەڵام نەمزانی میوانەکەمان تۆی.

باوەشمان پێدا گرت، زۆری پێخۆش بوو کە منی دیت. هەستمکرد وەکوو گوڵێکی بێ ئاو کە ئاوی دەدەی گەشایەوە. زۆری ماچ کردم. شەهید (کەماڵ ئیسماعلزادە) کە فەرماندەری لکی ١ بوو، گووتی شۆڕش تۆ وەکوو مەلایەکەت دەچی هەموو کەسێک دەناسیت؟ گووتم ئێمە ئاشناین پێکەوە. دوای ئەوەی ماوەیەک لەلای ئێمە مایەوە کەسێکی دیکەی لەگەڵ بوو. حزبێکی

بەشی یەکەم

دروست کردبوو وەکوو ئازەریەکان بەناوی (فرقەی دیموکرات). هەمان فرقەی دیموکراتی زەمانی پێشەواو کۆماری کوردستان بوو. ئەم عەزیز سەلیم ـە کەسێکی یەکجار شارەزاو بەهێز بو. لەباری نەقاشی - سیاسی - هونەر - کاری دەستی - نووسین - مێژوو - زمانەوانی - لەهەر باریٚکەوە لێت دەڕوانی شارەزاییەکی کەم وێنەی هەبوو. ئێمە وەکوو لکی ١ هێزی پێشەوا زۆرمان هاوکاری کرد. زۆر بەیانامەو ڕۆژنامەی فرقەی دیموکراتمان لەشاری مەهاباد بڵاو کردەوە٠ هەروەها بەهێزەکانی دەوروبەری شاری ورمێ مان ناساند. لەناو شاری ورمێ بەیانامەکانیان بۆ بڵاو دەکردەوە. هەروەها لە شاری میاندواوو شارە عەجەمەکانی دەوروبەر. لەگەڵ ئێمە مایەوە هەتا هەموو ناوچەکەمان لەلایەن دوژمنەوە لێ داگیرکرا. کاتێک ناوچەمان بەجێهێشت و پاشەکشەمان کرد، ئەویش بەرەو دەفتەری سیاسی گەڕایەوە. نەمدیتەوە هەتا سااڵەکانی نەوەدەکان بەپیری و بە نەخۆشی لە ئوروپاوە گەڕایەوە کوردستانی باشوورو لەوێ پێش ئەوەی فەوت بکات، لە تەلەفیزیون دیتم کە گەڕایەوە بۆ کوردستان و پاش چەند ڕۆژێک دواتر فەووتی کردو لەسەر داواو ویستی خۆی لە کوردستان بەخاک ئەسپێردرا٠ بەڵام هیچ کەسێک نەیزانی خەڵکی کوێیەولە کوێڕا هاتبوو. من زۆرم داوا لێکرد کە پێم بڵێ خەڵکی کوێیەو میللیەتی چیە. بەڵام هەرگیز ئامادە نەبوو بیدرکێنێ. هەر دەیکووت خەڵکی گوندێکی نزیک شاری قەڵادزەم. کەچی زمانی وەکوو تورکێکی تەورێزی دەچوو کە هەندێک زمانی کوردی بزانێ. منیش زۆر فشارم بۆ نەدەهێنا..

ڕۆحی شادبێ عەزیز سەلیم، هەرچەندە هیچ کەس نازانێ ناوی ئەسڵی چی بوو؟ خەڵکی کوێ بوو؟؟.

مافەکانی پێشمەرگە چیە؟؟؟...



لەهەموو ولاتێکدا هێزێک لەخەڵک پێکدێن بۆ پاڕێزگاری لە خەڵک و ولاتەکەیان. ئەم هێزە بە مەجبووری لەبەرامبەر ناعەدالەتی دا خۆڕوسک درووست دەبن. وەکوو کورد دەڵێ (کاسە پڕبوو لێی دەڕژێ). بۆ ئەوە پێک دێ هەتا بەرەنگاری لە مافەکانی خەڵک و ولاتەکەی بکات. لەناو ئێمەشدا وەکوو میللەتی کورد، هێزێک هەیە کە پشتیوان و باسکی بەهێزی کوردە بە ناوی (پێشمەرگە).

لەسەرەتای مێژووی کوردەوە کەچاو دەگێڕی دەبینی هەمیشە هێزێک هەبووە بەناوی جۆراوجۆر لەکوردا بۆ دیفاع لە نیشتیمان لەکاتی دەستدرێژی و هێرشی دەژمنان بۆ داگیرکردن و تالان کردنی کوردستان. وەکوو فیدایی و گیانفیداو چەکدارو یاخی و هەتا سەر ئەنجام لە کاتی کۆماری کوردستان و لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیرانی کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد پێشەوا داوای کرد ناوێک بۆ چەکدارانی کورد ببینەوە. کە ئەو کەسەی چایی تێدەکرد گوێی لێ بوو کە دەیانەوێ ناوێک بۆ چەکدارەکان ببینەوە. دوای ئەوەی ئیزنی لە پێشەوا وەرگرت. گووتی قوربان زۆر قەدیم من بیستوومە بە کەسانی گیانفیداو خۆنەویستیان گووتوە (پێشمەرگە) واتە هەمیشە مەرگی خۆی وەپێش هەموو شتێک داوە. پێشەواو مەجلیس وێکڕا ئەم ناوەیان زۆر پێ جوان و پەسەند دەبێ. بۆیە لەو ڕۆژەوە ناوی (پێشمەرگە) چەسپا لە مێژووی هێزی چەکداری کوردستان دا.

ئێستا هەموومان دەزانین کە پێشمەرگە چیەو و کێیە؟ وە بۆچی و لەبەر چی پێشمەرگەیە؟. بەڵام ئەو خاڵانەی پێشمەرگە لەگەڵ هەموو چەکدارێکی دیکە جودا دەکاتەوە زۆرن. بۆچی پێشمەرگە پیرۆزو خۆشەویست و سەربەرزە؟؟ پێشمەرگە تەنها

بەشی یەکەم

کەسێکە کە هەرگیز چاوەڕوانی هیچ پادشتێک ناکات.پێشمەرگە هیچ کەس و هیچ حزبێک بەزۆری نایهێنێتە ناو ڕیزەکانی خۆی. بەڵکو بەخۆشی خۆی و لەسەر ویستی خۆی دەبێتە پێشمەرگە. ئەویش هەستێکە کە هیچ حزب و سازمانێک ناتوانێ پێشگیری لەم هەستە نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕانەیە بکات. پێشمەرگە هەتا سەر ئێستقان شۆڕشگێڕەو گیانفیدایە بۆ ئاواتەکان و ئامانجەکانی گەلەکەی. دووایین مایەو ئینێرژی لەخۆی دادەنێ هەتا گەورەترین خزمەت بە خەڵکەکەی بکات. بەداخەوە زۆریان لەبەرەکانی شەڕدا لەگەڵ دوژمن شەهید دەبن. زۆریان کەمئەندام دەبن. زۆریان چەندین جار بریندار دەبن. زۆریان پێدەگەن و باشترین فەرماندەیان لێ دروست دەبێ. زۆریان دوای چەندین ساڵ زەحمەت و کوێرەوەری و بریندار بوون و ماڵوێرانی ئاوارەی ئێرەو ئەوێ و هەندەران دەبن. لێرەدا هەم حزبەکان هەم پێشمەرگەکان نابێ هیچیان مافی (پێشمەرگە) پێشێل بکەن و ئەو مافەی کە پێشمەرگەیەک هەیەتی پشت گوێ بخرێ. کاتێک ژمارەی ئەو پێشمەرگەو کادرو فەرماندانە لە (سەدان) کەس تێپەڕ دەکات. پێویستە جێگایەک یان شوێنێکیان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانن کێشەو گلەیی و پێشنیارو دەردە دڵی خۆیانی تێدا بکەن.

بۆیە لێرەدا من بەپێویستی دەزانم کە جێگایەک هەبێ بۆ ئەم مەبەستە. دیارە هەموومان وەکوو (دیموکرات) سەر بە تەشکیلات و حزبێکین، ئەگەر لە ئێستاشدا دوو حزب و دوو باڵ بن. بەڵام پێویستیەکی مێژوویی و مرۆییە کە هەموومان لەشوێنێک دا کۆببینەوەو وەکوو پێشمەرگە دێرینەکان، بتوانین داواکاری و ڕەخنەو پێشنیارەکانی خۆمان دەربڕین. جا هەر ناوێکی لێدەنێن کێشە نیە. چونکە پێشمەرگە دێرینەکانی ڕۆژە سەختەکانی خەبات و تێکۆشان، ئێستا تەمەنیان چۆتە سەرێ و لەباری بەدەنی و تەمەنەوە گونجاو نین. بۆیە نابێ پشت گوێ بخرێن و دوای چەندین ساڵ خەباتی چەکداری و پارتیزانی ئێستا لە مافەکانیان بێبەش بن. بۆیە ئێمە پێویستیمان بە ئۆرگانێک هەیە کە دیفاع لە مافی ئەو کادرو پێشمەرگە دێرینانە بکات. بۆ ئێستاو بۆ داهاتوو لە کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆدا. پێویستە پێشمەرگە دێرینەکان نوێنەریان هەبێ لە هەموو کۆنفرانس و کۆنگرەکانی حزب دا. وەکوو هەموو وڵاتێک لەم جیهانە، ئەوانەی دیفاع و پارێزگاریان لە وڵات کردووە لە ڕۆژە سەختەکاندا ڕێزیان لێ بگرن و مافەکانیان بپارێزن. ئێمەی پێشمەرگە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پێویستیمان بە مەڵبەندێک هەیە کە هەموو ئێمە لە ژێر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە، هەتا هیچ کەسێک نەتوانێ مافەکانمان پێشێل بکات بەهۆی غرووری دەسەڵاتەوە...

یادیک لە مامۆستا محەممەد سالّحی مامۆستای شۆڕش...



جێگای خۆیەتی قارەمانە زیندووەکان فەرامۆش نەکرێن و بە لاوان و نەوەکانی داهاتوویان بناسێنم.

ئەمانە کۆلّەکەو بناغەی پتەوی حزبی دیموکرات و شۆڕشی ئازادیخوازانەی گەلەکەمانن. لە ڕۆژ هەلّاتی کوردستان

ئەمجارە هەموومان پێکەوە دەچینە سەردانی هاوڕێ و هاوسەنگەری دێرینمان مامۆستا (محمد سالّحی). پێکەوە میدالّی دلّسۆزی وفیداکاری وەکوو دیاری و پێزانین لە زەحمەتەکانی پێ بەدەبەخشین. ئێستا با بزانین مامۆستا محمد سالّحی کێیە؟

محمد لە گوندە جوان و سەر سەوزەکەی (بێژوێ)ی ئالانی سەردەشت، لەناو باوەشی گەرمی بنەماڵەیەکی جووتیار چاوی بە دنیا هەلّێناوە. خوێندنی سەرەتایی هەر لەم گوندە تێپەڕاندووە. بۆ دێژەدان بە خوێندن ناردوویانەتە شاری (سەردەشت). دووەمی ڕەهنمایی و دەبیرستانی لەو شارە تەواو کردووە. محمد لەکاتی پشودانی قوتابخانە گەڕاوەتەوە گوندو هاوکاری باوکی کردووە لە کاروباری مووچەو مەزراکەیاندا. بەم شێوەیە هەتا کاتی دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی سەرتاسەری بەدژی ڕژیمی شاهەنشاهی. محمد ئەوکات جەوانێکی خوێن گەرمی کورد بوو. لەگەلّ هاوڕێکانی بەشداری چالاکی هەموو خۆپێشاندانەکانی کردووە. ئەوکات هەستی نەتەوایەتی زۆر بەهێز بوو لەناو لاوان و کۆمەلّانی خەلّکی

بەشی یەکەم

کوردستان. دوای ڕووخانی ڕژێمی شـاه، و ئاشکرابوونـی خەباتی حزبی دیموکرات. محمد دەچێتە نـاو ڕیـزی یەکیەتـی لاوانـی دیمـوکرات لەشـاری سەردەشت. لەوێـڕا وەک لاوێکـی دڵسـۆز خەبـاتی خـۆی دەست پێـدەکات. دوای سـەپاندنی شـەڕ لەلایەن مەلاکانی تـارانەوە بەسەر گەلی کوردا، محمد بەرگی


پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ و ئامـادە دەبـێ بـۆ دیفـاع لە ئـاوو خـاک و زێـدەکەی. سـاڵی ١٣٥٩ تفەنگی شـەرەف دەکـاتە شـانی هەتـا هاوینـی سـاڵـی ١٣٦٠ لەو کـاتەوە، لەیەکەم کـردنەوەی خولـی مامۆستایەتی بـۆ منـداڵانی کوردستان لەلایەن حـزب و کـۆڕی پەروەردەو خوێنـدنی کوردسـتان کـرایەوە٠ محمـد بەشـداری لەم خولەدا دەکـات. دوای تەواو بوونـی خولەکەو سەرکەووتنی. محمـد وەکوو مامۆستای شۆڕش دەینێرن بـۆ گونـدی (بنـاوێ)ی نـاوچەی ئـالانـی سەردەشت٠ هەتـا منـداڵە چـاو گەشەکانی ئەم گوندەو هەموو گوندەکانی کوردستان بێبەش نەبن لە ڕووناکی زانست. کاتێک قوتابخانە لەم گونـدە کـرایەوە، باندێکی سـەر بەڕژێـم کەچاویـان بە کـردنەوەی قوتابخـانەکە هەڵنەدەهـات و نەیـاندەویست منـداڵەکان فێـری زمـانی کـوردی واتە زمانی دایکیان بن. بۆمبێکیان لەنـاو تـانکی ئـاوی قوابخانە دانـابۆوە. کە بەیـانی لەگەڵ کۆبـوونەوەی هەمـوو منـداڵەکان بتەقێـتەوە. بەڵام بەخۆشـیەوە بۆمبەکەیـان خـراپ تەوقیـت کردبـوو، لە نیوەشـەودا تەقـیەوە. کە تەنهـا زەرەری بە قوتـابخـانەکە گەیانـد٠ بەڵام مامۆستا محمـد بـێ گوێـدان بە هەڕەشەکانی دوژمنـان بـۆ مـاوەی ٢ سـاڵ لەم گونـدە دەرسـی بە منـداڵان کـووتەوە. پـاشـان بـۆ سـاڵی سێیەم دەینێـرنە گونـدی (سـنجوێ)ی ئـالانی سەردەشت. لەم گونـدە هەر مانگێـک بـوو مامۆسـتا دەرسـی بە منـداڵەکان دەگـووت، کە ڕژێـم لە شـارەکانی (بـانە و سەردەشت) هێرشـی زەبەلاحـی سـەربازی خۆیـان دەستپێکرد. لە چـوار لاوە هێرشـیان کـردە سـەر ئەم نـاوچە سـنووریانە. لەم نـاوچەیەدا کـە دوژمـن هێرشـی بـۆ کردبـوو، سەرکردایەتـی هەمـوو هێـزە سیاسـی یەکـانی تێـدا بـوو. بـۆیە دوژمـن هەرچـی چەکـی قـورس هەبـوو بەکاریـان هێنـا. دوای ماوەیەک شەڕی گەورەو هێرشـی زەبەلاح، دوژمن تـوانـی ئەم نـاوچانە داگیر بکات و لێـی دامەزرێ. مامۆسـتا محمـد لەم شـەڕە گەورەیەدا بەرپرسـی تەداروکاتـی پێشـمەرگەکان بـوو لەو جەبـهەی کە دوژمـن لە شـاری بـانەوە هێرشـی هێنـابوو٠دوای داگیرکردنی نـاوچەکە لەلایەن دوژمنەوە. هەموو سەرکردایەتـی هێـزە سیاسیەکان پەرینەوە بـۆ باشوری کوردسـتان. ئەوکـات لەلایەن کۆڕی پەروەردەوە مامۆستا محمد لە گونـدی (سـونێ) وەکـوو مامۆسـتای شـۆڕش دیـاری دەکەن. هەتـا بەهـارێ سـاڵـی ١٣٦٣ لەم گونـدە ئەرکـی پیرۆزی مامۆستایەتـی بەڕێوە دەبـات. پـاشـان دەیگـوازنەوە بـۆ فێـرگەی سیاسـی نیزامی حـزب لە (گەلاڵە) لە باشوری کوردستان. لەوێ خەباتی خۆی درێـژە دەدات. هەتـا سـاڵی ١٣٦٦ وەکـوو بەرپرسـی تەداروکـاتی فێـرگە دیـاری دەکـرێ. لەم ئەرکەدا دەمێنێـتەوە هەتـا کـاتی هەڵوێسـتی ڕێبەرایەتـی شۆڕشگێڕ لە ١ - ١ - ١٣٦٧هەتـاوی مامۆسـتا محمـد کـارەکەی بەجێـدێڵێ و پەیوەنـدی دەکـات بـە ڕێبەرایەتـی شۆڕشگێڕەوە. دیـارە لە هەمـوو حـزب و سـازمانێکدا ئەم چەشنە لێک تـرازان و جودابـوونەوانە ڕووەدەن بەهـۆی جیـاوازی فکـری و سـەلیقەوە. بەداخەوە لەنـاو ئێمەشـدا ڕوویـدا. هەر

بەشی یەکەم

چەندە ناخۆش و تاڵە بەڵام ئەوە ڕەووتێ سیاسیەو پێشبینی ناکرێ و پێشگیری ناکرێ. هەڵوێستی ڕێبەرایەتیش لەم چوار چێوەیەدا بوو کە ڕوویدا. پاشان مامۆستا محمد لێرە لە بەشی تەداڕووکات و خەدەمات دا درێژە بە خەباتی خۆی دەدا. هەتا ساڵی ١٩٩٤ی زایینی.ڕوو لەهەندەران دەکاو بۆ ماوەی ٢ ساڵ لە وڵاتی تورکیە وەکوو پەنابەر دەمێنێتەوەو پاشان لە ڕێگای سازمانی کۆچبەران دەدرێ بە وڵاتی ئوستورالیا. ئێستا لەوێش هەر سەرقاڵی کاری حزبی هەیەو ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانە.

ئەم یادو بیرەوەریانە درێژەیان هەیە. نەوەکانی ئێستاو داهاتوو پێویستە دەرس و ئەزموونی لێوەرگرن. چونکە لە داهاتوودا هەر ئێوە خاوەنی ئەم کوردستانەن. هەر ئێوە فەرماندەو ڕێبەرانی ئەم میللەتەن. هەر ئێوە پیاوانی سیاسی و سەربازی دواڕۆژی ئەم خاک و نیشتیمانەن. سەردەکەوێ خەباتی حەقخوازانەی گەلەکەمان. بژی پێشمەرگە. بژی حزبی دیموکراتی کوردستان...

قسەیەکی خۆشی کاک فەتاح کاویان...



ساڵی نەوەدەکانی میلادی بوو. کاک فەتاح گووتی شۆڕش هەندێک شتومەکم پێویستە بابچین بیکڕم. کاک سەرهەنگ قادری ئەویش گووتی منیش دێم لەگەڵتان. ئێوارە هەوا کەمێک فێنکی کردبوو لەو هەوا گەرمەی هاوینی بەغداد. ڕۆشتین بۆ خیابانی (ڕەشید) لەوێ هیچ جێگایەک نەبوو ماشێنەکەی لێ پارک بکەم. دوو سێ جار دەورمان لێدا هەرجێگا نەبوو. کاک فەتاح گووتی شۆڕش لەسەر مەسئولیەتی من لە جێگای کەئەندامانی پارک بکە. کووتم کاک فەتاح نابێ چونکە ئێمە کەمئەندام نین و سزامان دەدەن. گووتی من دەڵێم لەوێی پارک بکە. کووتم بەچاوان چار نەبوو بەرپرسی من بوو دەبوو بە قسەی بکەم. لەوێ ڕامگرت وڕۆشتین بۆ بازار کردن. ئەوکات وەزعی عێراق هەندێک شێوا بوو. کاربەدەستانی حکوومەت بە ئاشکرا ڕیشوەو بەرتیلیان لەخەڵکی وەردەگرت. حکوومەت زۆر دەسەڵاتی نەمابوو لەشارەکانی عێراق. کاتێک لە بازاڕ کردن تەواو بووین و هاتینەوە لای ماشێنەکەمان کەبڕۆینەوە بەرەو ماڵ. چاومان لێکرد کاغەزێکی جەریمە کردن بە پێشی ماشێنەکەمانەوە لێدراوە. هێشتا کاغەزەکەم لێنەکردبۆوە کە دوو پۆلیس گەیشتنە سەرمان. پرسیان ئەوە ماشێنی ئێوەیە؟ جوابم دانەوە بەڵێ. گووتی زەحمەت نەبێ بەڵگەی کەمئەندام بوونی خۆتمان بدەیە. منیش چاوێکم لە کاک فەتاح و کاک سەرهەنگ کردو گووتم نەمگووت سزامان دەدەن؟؟ بالێرەی ڕانەگرین. کاک فەتاح گووتی شۆڕش گیان هیچ نیە من چیت پێدەڵێم پێیان بڵێ بێ زیادو بێ کەم. سەری هێنا بن گوێم بەسرتە گووتی پێی بڵێ هەرسێ تەڵاقم کەوێ ١٠ ساڵیش دەبێ پیاو نیم و هیچم لەباراندا نیە. جائەگەر ئەوە کەمئەندامی نەبێ، چی کەمئەندامیە؟؟؟ منیش بەعەرەبی بەکابرای پۆلیسم گووت ئەوە وادەڵێ: کابرای پۆلیس چاوی زەق بوون و چاوی بڕیە کاک فەتاح. کاک فەتاح خێرا پرسیاری لەکاک سەرهەنگ کردوو، گووتی ئەدی تۆ کاک سەرهەنگ؟؟ کاک سەرهەنگ گووتی هووووووو من زۆر لەمێژە هیچم پێ نەماوە.

بەشی یەکەم

منیش وشە بە وشەم بۆ پۆلیسەکان تەرجومە دەکردەوە. پۆلیسەکان چاوێکیان لەیەکتر کرد. هێندە پێکەنین قسەیان پێنەدەکرا. یەکیان کە دیار بوو بەرپرس بوو گووتی بەشەرەفم لەوەتی (ئومەی عەرەبی) هەیە گوێم لە قسەی وا خۆش نەبووە. گووتی بەو خاڵە پیرە بڵێ هەتا کاری بازاڕی هەبوو بابێت لێرە ماشێنەکەی ڕاگرێ. کەس حەقی نیە هیچی پێ بڵێ.

یادێک لە شەهیدی نەمر: تاهیر جۆڵاکار، ناسراو بە (تالی)٠



مێژووی خوێناوی حزبی دیموکرات پڕاوپڕە لە باشترین و ئازاترین لە کادرو پێشمەرگەو فەرماندەرانی شەهید. کە گیان و ڕۆحیخۆیان کردە پردەباز، بۆ دروژەدانی ڕێگای (پێشەوا)ی نەمرو ڕێبازی دیموکرات. بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو بە ئازادی بژین. یەکێک لەو فەرماندە قارەمانانە شەهیدی نەمر(تالی) بوو. تالی لە دایک بووی ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی بوو. لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە ئاوایی (کێچاوا)ی ناوچەی شارۆڕانی سەر بە شارستانی مەهاباد، چاوی بەدنیا هەڵێناوەو یەکەم هەناسەی بە هەوای پاک و بێگەردی (شارۆڕان) مەکۆی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات هەڵمژیوە. تالی بەداخەوە هەر بەمنداڵی باوکی فەوت دەکات. هەروەها بەهۆی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی یەوە برا گەورەکەی دەکەوێتە زیندان. دوو براکەی دیکەی تالی هەرچەندە بە تەمەن منداڵ بوون، بەڵام بەکرێکاری و زەحمتکێشانی خۆیان بژێوی ماڵێیان دابین دەکەن. ناهێڵن تالی لەخوێندن بێبەش بێ، بۆیە لەکاتی خۆیدا دەینێرنە قوتابخانە. تالی دەورانی سەرەتایی لەقوتابخانەکانی (گابازەڵەو گردەگرۆ) بەسەرکەوتوویی تەواو دەکات. پاشان دەورەی ڕەهنمایی و نەزەری لە نەغەدەو مەهاباد خوێندووە. تالی توانی هەتا دووەمی نەزەری بخوێنێ. لەکاتی لاویەتی تالی داخۆپێشاندانەکانی سەرتاسەری ئێران دەستیان پێکردو کوردستانیشی گرتەوە. تالی لەهەمو خۆپێشاندانەکان دا بەشداری چالاکانەی هەبوو لەگەڵ هاوڕێکانی. ساڵی ١٣٥٨ بەفەرمی بووە بە(پێشمەرگە) و چەکی شەرەفی هەڵگرتووەو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشیوە. دوای ئەوەی ڕژێمی خومەینی شەڕی بەسەر کوردستان دا سەپاندو جەهادی بەدژی گەلی کورد دەرکرد. خەڵکی کوردستان مەجبوور بوون بۆ دیفاع لە ئاوو خاکی کوردستان و خۆیان بەرەنگاری هێرشەکانی دوژمن ببنەوە. تالی لەناوچەی کامیاران

بەشی یەکەم

لە گوندی (باخلە) لە سەرەتای مانگی خاکەلێوە بۆیەکمجار لەشەڕێکی قارەمانانەدا بەشدار بوو. لەوێ بەهۆی ئازایەتی و لەخۆبردوویی زۆر زوو بووە خۆشەویستی هەموو هاوسەنگەرانی. هەروەها لە گرتنی پادگانی (نەوسود) و پاسگای (درۆڵە) بەشداری چالاکانەی کردوە. هەروەها یەکێک لە قارەمانەکانی شەڕی ٢٤ ڕۆژەی ناوشاری (سنە) لەساڵی ١٣٥٩ بوو. ئازایەتی و خۆنەویستی تالی ببوە باسی سەرزاری هاوڕێیانی و هاوسەنگەرانی. هەر بۆیە لەکاتی گەڕانەوەیان پێشمەرگەکانی لکی ٣ لەو مەئموریەتەی جنوبی کوردستان بۆ ناو شاری مەهاباد، دەفتەری سیاسی (تالی) یان تەشویق کرد. هەروەها تالی لەزۆربەی شەڕەکانی ناو شاری مەهاباد، مەنگورایەتی، شارویران، دارەلەک، ئیندەرقاش بەشداری چالاکانەی کردوە. هاوینی ساڵی ١٣٦٠ کرا بە سەرپەلی پەلی (شەهید بالغی). پاشان بەهۆی هەوڵی زیاترو زیاتر هەست بەپرسایەتی کردن، هەروەها بەهۆی زیرەکی و دڵسۆزی و لێهاتوویی یەوە پاش ماوەیەک حوکمی فەرماندەری لکی ٣ی هێزی شەهید پێشەوای دەدەنێ و دەبێتە فەرماندەری لکی ٣ی ئەم هێزە. هەتا لەڕێکەوتی ١ - ١ - ١٣٦١ی هەتاوی لەشەڕێکی قارەمانانەدا لە کێوی (مۆسکە) لە پشتی گوندی (بەیتاس) لەگەڵ پێشمەرگەیەک بەناوی (سیاوەش محمد جانی) شەهید دەبن و گیانی خۆیان فیدای ڕێبازی (پێشەواو دیموکرات) کردو بوو بە پردەبازێک بۆ گەیاندنی نەوەکانی داهاتوو بۆ ڕزگاری و ئازادی و ژیانێکی ئارام لەکوردستانێکی ئازادو سەربەخۆ دا. لەناو ئاپۆڕای گەرمی خەڵک و پێشمەرگەدا لە گۆڕستانی گوندی (گوێچکەدەرێ) بەخاکی پاکی کوردستان دەسپێردرێن. هەزاران سڵاو لە ڕۆحی بەرزی ئەم دوو شەهیدەو هەموو شەهیدانی کوردستان. یادو ناویان هەمیشە زیندووە لەناو دڵی خەڵک. لاوەکان تازە پێگەیشتووەکان ئەم شۆڕشە هەروا بە ئاسانی هەتا ئێرە نەهاتووە. ئێوە دەبێ شانازی بە باب و باپیرانتان بکەن کە سەربەرزانە بەرامبەر بە داگیرکەران وەستانەوەو قارەمانانە شەهید بوون. نابێ ڕێگا بدەن چەکی شەهید بێدەنگ بێ. نابێ سەنگەری شەهیدان بێ پێشمەگە بێ، چونکە هەر ئێوەن فەرماندەران و پیاوانی سیاسی و قارەمانانی داهاتووی کوردستان. پێویستە زۆر سوپاسی بۆ بەڕێزو خۆشەویستم کاک (سەلاح شەشە) بکەم کە تەواو هاوکاری کردم بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەم یادە ئەم یادو بیرەوەریانە.

چۆنیەتی تیرۆری کاک غەفوور هەمزەیی؟...



ڕۆژی ١٣ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی، بەرامبەر بە ڕۆژی ٥ شەممەی ڕۆژی ٤ - ٨ - ١٩٩٤ی میلادی لە شاری بەغداد. ئێمە وەکوو (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) بنکەی پەیوەندیمان لەم شارە لە گەڕەکێکی پێشکەووتوی بەغداد بوو بەناوی (الزیونە). هەروەها بنکەی پەیوەندی ئەوانیش هەر لەو گەڕەکە بوو. یەک کوچە ئەودیوی ئێمە، کە زۆر لێک نزیک بووین. گەرمای هاوینی شاری بەغداد ئەو ساڵە یەکجار زۆر بوو. ئەوەندە گەرم بوو کەس نەیدەوێرا بچێتە دەرێ، هەتا ئێوارە فێنکی دەکرد. دوانیوەڕۆ بوو کاک فەتاح کاویان کە بەرپرسی من بوو لەدیوەکەی خۆی لەحاڵی حەسانەوەدا بوو. من و کاک حەسەن ڕەستگار دووبە دوو دانیشتبووین لەبەر هەوای ساردی (ئێرکۆندیشن) هەروا خەریکی قسەو باس بووین. لەناکاو گوێمان لەدەنگی چەند تەقەیەکی نزیک بوو. کاک حەسەن پرسی ئەو تەقەیە چیبوو؟ گووتم نازانم بەڵام لەم گەڕەکە هەرگیز گوێم لە دەنگی تەقە نەبووە. دوای چەند خولەکێک دووجار زەنگیان لێدا هەڵمگرت (کۆمەڵە) بوو کاک ڕەحیم بەرپرسی کۆمەڵە لەبەغداد. گووتی شۆڕش دەڵێن تەقەیان لە کاک غەفوور هەمزەیی کردووە. گووتم وەڵا گوێمان لەدەنگی چەند تەقەیەک بوو، بەڵام نەمانزانی چی بوو. دوای ماڵئاوایی تەلەفونەکەم داناو (مجاهیدین) زەنگیان لێداو خەبەرەکەیان پێداین. کاک حەسەن گووتی شۆڕش هەستە خێرا بچۆ سەرێکیان بدەو سڵاوی من بەخێزانی بگەیەنەو هەر یارمەتیەک و کارێک لەدەست ئێمەدێت بۆیان ئەنجام بدە. ئەگەر زانیت کە خێزانی بەتەنیایە بیهێنە بۆ ئێرە نەک نەوێرێ بە تەنیا لەماڵ بێ منیش خێراو بەپەلە بە ماشێن خۆم گەیاندێ. کەچووم تەرمی کاک غەفووریان ڕاگوێستبوو بۆ بیمارستان. خێزانی زۆری پێ خۆش بوو کە چووم. دەستی کرد بەگریان و هاوار کردن. گووتم مەگری زۆرم دڵخۆشی دایەوە.

بەشی یەکەم

لێم پرسی ئەوە چۆن بوو؟ گووتی غەفوور لەژوورێ لە ترسی گەرما لەبەر (ئێرکۆندیشن) درێژ ببوو. لەناکاو لە زەنگی دەرگایان دا. منیش چاوم لێکرد کەسێک بە لیباسی نیزامیەوە لەبەر دەرگا ڕاوەستاوە. پرسیم فەرموون گووتی کارم بە غەفوورە. منیش پێمواببوو دۆستانی عێراقین. چوومەوە ژورێ گووتم غەفوور هەستە کەسێکە من ناینناسم تۆی دەوێ. ئەویش خێرا کراسێکی لەبەر کردو دەستی دایە دەمانچەکەی. لە پەنجەرەڕا کەدیتی لیباسی نیزامی لەبەردایە دەمانچەکەی لەسەر میزەکەی ئاشپەزخانە بەجێهێشت و سەرپایەکانی بەسەر پێیەوە کردوو خێرا بەرەو دەرگا ڕۆی. من پێمواببو یان هەر لەبەر دەرگا قسەکانیان تەواو دەکەن، یان فەرمووی دەکاتە ماڵەوە. لەو نێوانەدا من چاوم لێنەبوو. بەڵام کاتێک سەرم هەڵبڕی و چاوم لێکردن، دیتم لەگەڵ غەفوور لەناو حەسارەکەدا دەمانچەی لەسەر غەفوور داناوە قسەی لەگەڵ دەکات بە تورەیی. هەتا هاتم بچم بزانم ئەوە چیە؟! دوو گوللەی لەسەری دا و غەفوور بەربۆوە و کەووت. ئەویش هیچ خۆی تێکەداو بەڵاقی کەمێک سەری ئەمبەرەوبەر کرد هەتا بزانێ ماوە یان مردووە. داهاتەوە گولکەیەکی دیکەی نا بەسەریەوە. منیش دنیا لەپێش چاوم ڕەش بوو هەر ئەوەندەم دی چاوێکی لێکردم و سواری ماشێنێک بوو کە کەسێکی تر شۆفێر بوو لێیانداو ڕۆیشتن. هیچ ترسێکیان نەبوو زۆر بە ئارامی دەجوڵایەوە. منیش لە ترسان ئاگام لەخۆم نەما. بەڵام هەتا ئێستاش ڕوون نەبۆوە کە کێ بوون ئەوانەی ئەم تیرۆرەیان ئەنجام دا. جارێک موخابەرات شتێکی درکاند لەم بارەوە گووتیان زۆر وێدەچێ کێشەکە کۆمەڵایەتی بووبێ نەک سیاسی.

کاک غەفوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو. بەرپرسی پەیوەندیەکان بوو لە شاری بەغداد.

ڕۆحت شاد کاک غەفوور.

ئەم وێنەیە خۆم و دکتوری خانەوادەکەمە لە ئەمریکا. ناوی دکتور(جان)ـە.



خەڵکی ئەم شارەیە کە من لێی دەژیم. واتە پایتەختی ئیالەتی میشیگان. شاری لانسینگ. هەتا بڵێی پیاوێکی شارەزاو مەتین و بەڕێزە. یەکێکە لە دکتورە بەناوبانگەکانی ئەم ئیالەتە. لەشەڕەکانی (ئەفغانستان و عێراق) داوای لێکراوە بچێتە ناو ئارتەشی ئەمریکا لەم دوو وڵاتە بۆ کاری پزیشکی. هەتا هاتەوە بۆ ئەمریکا ئێمە دووجار دکتورێکی کە بەجێگای ئەو دکتوری خانەوادەگی ئێمە بوو پێمان ڕادەگەیشت. کاتێک دەگەڕاوەو دەماندیت. هەموو بەسەرهاتی خۆی بۆ دەگێڕامەوە کە چۆن لەو وڵاتانە گوزەراندوویەتی. من زۆر ئاگاداری وەزعی ئەفغانستان نەبووم، بەڵام کاتێک باسی عێراقی بۆ دەکردم زۆر ئاشنا بوو بۆم. بۆ نموونە هەندێک وشەی عەرەبی و کوردی فێر ببوو. بەشانازیەوە دەیکووتەوەو زۆری پێ خۆش بوو کە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئەفغانی قسەی دەکرد. تەنها چەند وشیەک فێر ببوو لە هەر ٣ زمانەکان. وەکوو کوردی تەنها سڵاوو چاک و خۆشی و هەندێک جنێویان فێر کردبوو. یەکێک لەجنێوەکان لە ئەمریکا من پێمگووتبوو. بەڵام لەوێ کە فێریان کردبوو ئەوجار زانیبووی من چیم پێگووتووە. قا قا پێدەکەنی دەیکووت تۆ زۆر کەسێکی کراوەو کۆمەڵایەتیت. لەوێ کە گوێم لەم جنێوە بوو قسەکانی تۆم بیرکەوتەوە و زانیم کە تۆ جنێوت پێداوم لە ئەمریکا. دکتور جان تەمەنی ٧٣ ساڵ بوو بەڵام هەر کاری دەکردوو خۆی خانەنشین نەکردبوو. سەرو سیماشی زۆر پیر دیاری نەدەکرد. هەر کاتێک من پێویستیم بە دیتنی ئەو بوایە بۆ کاری نەخۆشی. کە دەچووم دەستم دەکرد بەشۆخی کردن لەگەڵی. زۆری پێ خۆش بوو، دڵی دەگەشاوە هەستم دەکرد بە ڕۆح پێی خۆش بوو حەووتوی جارێک ببینم. بەڵام کاتێک خێزانم زۆر پێشگیری لە شۆخیەکانی من و دکتوری دەکرد. هەموو جارێ دەیکووت خێزانت ناهێڵێ دوو قسەو دوو شۆخی بکەین پێکەوە. ئەم وێنەیە

بەشی یەکەم

کە پێکەوەین دواپین وێنەیە. چونکە ئـەو خانەنشین کراو ئێمەش دکتورێکی دیکەمان هەڵبژارد. کاتێک دواپین ماڵئاواییمـان لەیەکتر کرد. پرسیم کە لەوە بەدوا چیـدەکەی؟ گـووتی نـازانم چیـدەکەم، بەڵام ئەوەنـدەی دەزانم هەرگیـز لەژیـانم دا هـاوڕێیەکی وەکـوو تـۆم بـۆ پەیـدا نـابێتەوە. تـۆ تەنهـا کەسێک بـووی کە بەدڵـی خـۆم تـوانیم شـۆخیت لەگەڵ بـکەم و لێت نەترسێم. بۆم ڕوون بۆوە کە میللەتی کورد سادەترین میللەتی سەر ئەم جیهـانەن. هەتـا کـوردم لە عێـراق نەدی نەمزانـی تـۆ چەندە بەنرخی. هەرگیـز لەبیـرم نـاچێ لە مـاوەی چەنـد شـەودا تەواوی کـوردم نـاسی. من پێمـوایە هـیچ میللەتێک لە کـورد شـیرین تـرو بە ڕووحمتـر نـیە لەسـەر ڕووی ئەم جیهـانە. بەهەمـوو دۆست و نەوەکـانم و خـزم و ئاشنایـانیشم گـووتـوە هەر کوردێکتان دی، ئەوپەڕی ڕێزیـان لێبگرن.

دوو وشـەم فێـری هەمـوان کـردوە وەکـوو (چۆنی – باشی؟).پێمگووتون ئەگەر ویستان کـورد تـوڕە بکەن پێیـان بڵێـن (جاش). گووتم دکتۆر ئەوەندە کوردیە لەکۆێ فێر بووی؟؟ گووتی لە سەربازخانەیەکی ئەمریکایی لەشاری کەرکوک کە چەند کوردێکمان لەگەڵ بوون لەوێ.

پیرۆزبێ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان...



ناو دێر کردنی ڕۆژێک بە ناوی پێشمەرگەوە، بۆ خۆی نیشانەی قەدرو ڕێز گرتنە لە قارەمانیەتی و زەحمەتەکانی لە ڕێگای گەل و نیشتمانداا. میللەتێکی ستەمدیدەو زوڵم لێکراوی وەکوو کورد، هەموو کاتێک دەبێ شانازی بە کوڕو کچانی شۆڕشگێڕو وڵات پارێزو هێزێکی چەکدار وەکوو پێشمەرگەوە بکات. هەتا هێزی وەکوو پێشمەرگەی هەبێ، کورد دەمێنێ و بە هیچ دوژمنێک لە ناو ناچێ. هەرچەندە کوردو لاوانی کورد بە خۆشی خۆیان چەکیان لە شان نەکردوە، بەڵکوو دوژمنان هێرشیان کردوەتە سەرمان و ئەوانیش بۆ بەرەنگاری لە خۆیان هێزی چەکداریان پێک هێناوەو لە ژێر چەتری حزب و سازمانە کوردیەکاندا سازمان دراون. سالانی پێشوو لە دوای ڕوخانی "ڕژیمی شاە" هێزی پێشمەرگە دوای دەرکردنی فەرمانی جیهاد بۆ سەر کوردستان لە لایەن خومەینی.. دروست بوونی شەڕێکی داسەپاو بەسەر گەلی کوردا. لەو ڕۆژەوە کورد بە تێکڕایی بڕیاری بەرەنگار بوونەوەی دا، لە پێناو مان و مەوجودیەتی خۆیدا. لەوکاتەوە هەتا ئێستا میللەتی کورد لە ڕۆژهەلات لە شەڕدایە لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران.. یەکێک لە نیازە گلاوەکانی مەلاکان بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان داوە کوردو پێشمەرگە لەیەک دابڕن. خۆشەویستی نێوان خەڵک و پێشمەرگە بە زیندوویی لەبن گڵ بنێ. بەڵام هیچ کات نەیتوانی ئەم ئاواتە گلاوەی بەدی بێنێ. چونکە پێشمەرگە کوڕو کچانی ئەو خەڵکەن و بۆ ئەو خەڵکەش دەمرن. نزیک بە ٣٩ ساڵ تێدەپەڕێ بەسەر شەڕی نێوان کوردو ڕژیم. ڕەنگە ڕژیم بەوهەموو ئیمکاناتەوە کە لەبەر دەستیدایە توانیبێتی شۆڕش و جوڵانەوە بێ هێز بکات، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە لە ناوی بەرێ و بێدەنگی بکات. حزبی دیموکرات و هێزەکانی تری کوردستان لەم ماوە دورو درێژەدا، بە دەیان قارەمان و لە باشترین ڕۆڵەکانی خۆیان پێشکەشی بارەگای

بەشی یەکەم

ئازادی و سەربەرزی کوردستان کردوە، زۆر جار کەووتون و هەستاونەتەوە، بەڵام سەریان بۆ دوژمنی کورد کوژو پەت و سێدارە دانەنەواندووە. سام و هەیبەت و قەڵافەتی پیاوانەو شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگە، هەر بە قووەتی خۆی ماوەتەوەو گرنگ ئەوەیە لەم هەموو ساڵەدا دوژمن هیچ کاتێک نەیتوانیوە بە خەیاڵی ئاسوودە لە کوردستان شەو ڕۆژ بکاتەوە. هەر کاتێکیش پێشمەرگە ئیرادە بکات و پێویست بێ هەر شوێنێک لەم کوردستانە بیەوێ دەتوانێ لەوێ بێت و بێ ئەوەی هیچ مەحەلێک بۆ دوژمنی ترسەنۆک دابنێ. هەتا ئێستا وەزعی سیاسی ناوچەکەو بەرژەوەندییەکانی باشووری کوردستان گیانی ژمارەیەکی یەکجار زۆری داگیرکەرانی کوردستانی لە مەرگ ڕزگار کردوە. ئەگەر ڕۆژێک پێویست بکات پێشمەرگە بگەڕێنەوە ڕۆژهەڵات دیسان وەک ساڵەکانی شەستەکان و حەفتاکان کونە مشکتانێدەکەن بە قەیسەری تاران و ئیسفەهان پێشمەرگە هەمان پێشمەرگەکانی جارانن. چونکە کوردو پێشمەرگە دوو لازم و مەلزومن. لە بیرتانە هێزەکانی وەکوو. هێزی پێشەوا لە مەهاباد.. هێزی ١١٠ی بەیان لە بۆکان.. هێزی شەهید عەزیز یوسفی لە سەقز.. هێزی شەهیدانی وێردی لە بانە.. هێزی مینە شەم لە ڕەبەت.. هێزی گیارەنگ لە سەردەشت.. هێزی ئاوارە لە پیرانشار.. هێزی ئەفشین لە نەغەدە.. هێزی نەحۆ لە شومال هێزی شەریفزادە لە سنە.. هێزی بێستون لە کامیاران.. هێزی شەهیدانی هەوشار لە هەوشار.. هێزی زرێبار لە مەریوان .. چۆن ڕۆژی ڕوناکیان لێ کردبونە شەوی تاریک. چۆن کوردستانیان لێ کردبونە جەهەنەم، پێشمەرگە هەمان پێشمەرگەیەو لە دایک بووی ئەم خاک و ئاوەیەو بۆ ئەم خاک و ئاوەو بۆ ئازادی و بۆ ڕزگاری ئامادەیە گیانی خۆی فیدا بکات. سەردەکەوێ شۆڕشی حەقخوازانەی گەلی کورد.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل بمرن دوژمنانی گەلی کورد.

یادێک لە پێشمەرگەی نەمر، شەهید: عومەر نەسرولاهی، ناسراو بە عومەر چکۆڵ.




شەهید عومەر خەڵکی شاری مەهابد بوو. لەسەرەتای شۆڕشەوە بەشداری چالاکیەکانی خۆپیشاندانەکان بوو، بە دژی ڕژیمی پاشایەتی. کوڕێکی گورج و گۆڵ و نەسرەوت بوو. دوای ڕوخانی ڕژیمی شاە، وە ئاشکرابوونی خەباتی حزبی دیموکرات و هێزە سیاسیەکان. عومەر ڕێبازی پیرۆزی پێشەوا قازی محمدی هەڵبژاردو هاتە ناو ڕیزی قارەمانەکانی حزبی دیموکرات. هەر لە سەرەتای شۆڕش و پێشمەرگایەتیەوە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی. شەهید عومەر لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی مەهاباد و دەوروبەر بەشداری بوێرانەی هەبوو. زۆر جار بۆ کارو مەئموریەتەکانی حزب بەرەو ناوچەکان و شارەکانی دیکەی کوردستان ڕۆشتووە. بۆیە شەهید عومەر قاڵبووی ناو شەڕەکان بوو. خۆشەویستی هاوسەنگەرانی بوو. وەکوو سازماندەیی لە لکی ٣ی هێزی پێشەوا و لە پەلی خوێنی کوردستان سازمان درابوو. کە بنکەیان لە گوندی (لاچین) بوو. شەهید عومەر پێشمەرگەیەکی یەکجار بەئیمان و کوردپەروەرو دڵسۆز بوو. بەڕاستی کوڕی ڕۆژی تەنگانەو ڕۆژە تاڵ و سەختەکان بوو. هەموو ڕووخساری وەی شۆڕشگێڕی و نەبەزی لێدەباری. ماوەیەکی زۆر لای ئێمە بوون لەگوندی (ئەمینابات) لەگەڵ شەریف باڵەکی هەردووکیان پێکەوە هەموو شەوێ پۆستی نیگابانی بەیانیان وئەستۆ گرتبوو. لە ٤ ی بەیانی هەتا هەوا تەواو ڕوناک دەبوو. دوای داگیرکردنی ناوچەی (مەحاڵ) لەلایەن هێزە دژی گەلیەکانی ڕژیمەوە. زیاتر بەرەو ناوچەی (مەنگوڕان) کشابوونەوە کە بەداخەوە پاش ماوەیەک، لە ڕێکەووتی ٣١ی جۆزەردانی ١٣٦٦ کاتێک عومەر بەتەنیا لەگەڵ کەسێک دەبێ کە هاتبوو خۆی تەسلیم بە پێشمەرگە کردبوو. کە بیگەیەنێتە جێگای مەبەست. بەڵام بەداخەوە بەهۆی دڵپاکی خۆیەوە، ئەو کەسە کەناوی (ڕەحیم گاروو) دەبێ. خەڵکی گوندی (کانی سێو) لەلایەن ڕژیمەوە بە مەئموریەت

بەشی یەکەم

ناردرابووە کە زەڕبەیەک لەهێزی پێشمەرگە بدات. فرسەت دێنێ و هەر بەچەکەکەی کاک عومەر شەهیدی دەکات و هەڵدێ و خۆی بەیەکێک لەپایەگاکانی نزیک دەناسێنێ. پاشان لەگەڵ جاش و پاسدارەکان دەچن تەرمی شەهید عومەر لەگەڵ خۆیان دەبەن. ڕۆحی شەهید عومەر نەسرەوڵاهی و هەموو شەهیدانی کوردستان شادو یادو یادگارەکانیان هەمیشە زیندوو. ڕێگای پیرۆزی خەباتیان بەردەوام بێ. ئەم شۆڕشە حەقخوازانەیە سەردەکەوێ و ڕوڕەشی و مردنیش هەر بۆ خائینان و خۆفرۆشان دەمێنێتەوە. ئەم یادو بیرەوەریانە درێژەیان هەیە. بۆ نەوەکان و لاوانی ئێستاو داهاتوو. هەتا ئەزموونی لێوەرگرن و تێکۆشەران بناسن...

یەکێک لەیادگاریەکانی فەرماندە سەروان چەکۆ ڕەحیمی...



تازە وردە وردە خەریک بوو برینی لاقم چاک بێتەوە. هەندێک هاتبوومەوە سەرحاڵ و دەمتوانی بە ڕێگادا بڕۆم. هەرچەند ئێش و ئازار لەجەستەمدا هێشتا مابوو. بەڵام پێمخۆش بوو لە هاوسەنگەرەکانم بەجێنەمێنم. لەو سەرو بەندەدا کاک چەکۆی ڕەحمەتی لەلایەن دەفتەری سیاسی یەوە وەکوو فەرماندەری هێزی پێشەوا دیاری کرابوو. هێشتا نەهاتبووە ناوچەی مەهاباد جارێ هەر دەنگۆ بوو. پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا لەگەڵ هەموو فەرماندە هێزێک نەدەگونجان. بۆ نمونە کاک سەرهەنگ (چیا) نەیتوانی لەگەڵمان بحاوێتەوە. هۆکاری نەحاوەنەوەمان لەگەڵیان زۆر بوو. ئێستا لێرەدا نامەوێ باسی بکەم. بەڵام کاتێک کاک سەروان (چەکۆ) گەیشتە ناو ناوچەی هێزی پێشەواو لەنزیکەوە دیتمان و چەندین کۆبوونەوەمان ئەنجام دا. هیچ گلەییکەکم لەلایەن لک و پەلەکانەوە گوێ لێ نەبوو. لەڕاستی دا هەموومان خۆشمان دەویست. کاتێک بۆخۆی هەستی پێکرد کە لەلایەن پێشمەرگەکانەوە پێشوازی لێدەکرێ، ڕۆحیەی فەرماندەیی چەندین بەرامبەر بەرز بۆوە. بۆیە ئەویش بەدڵ و بەگیان هەوڵی دەدا خۆشەویستی و دەنگی پێشمەرگەکان زیاتر بەدەست بێنێ و کەموکوڕیەکانمان نەهێڵێ. ئەوکات ئێمە وەکوو پەلی شاهۆ بنکەمان لە گوندی (شیلاناوێ) بوو. خاوەنی ٢ تۆپی ١٠٥ ملم و چەندین خومپارەو کالیبری گەورە بووین. عەنبارێکی گەورەی موهیماتمان لە ئیختیاردا بوو. ئەوکاتەی شەهید کاک هەژار کلیلی ئەو عەمبارەی دابوو بەمن، هێشتا هەر لە ئیختیاری من دا بوو. کاتێک کاک چەکۆ تەشریفی هێناو کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ گرتین. داوای لەمن کرد دەرگای عەمبارەکەی بۆ بکەمەوەو ببینێ. ئەوکات سۆفی سەرپەلمان بوو هەموومان پێکەوە چووینە ناو عەنباری موهیماتەوە. هەموو وەسایل و حازری ناو عەمبارەکەم بۆ کاک چەکۆ شەرح کرد. هەر سەری بادەداو دەیکووت دەفتەری


بەشی یەکەم

سیاسی ئەوەندەی موهیمات نیە. دوای ئەوەی هەموو لیستی ئەو وەسایلانەم دایە. داوای لێکردم لیستێکی تازەی تەواوی موهیمات و تفەنگەکان و چەکە قورسەکانی بۆ بگرم و بیدەمێ. چەند ڕۆژێک دواتر لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک هاتنەوە بۆ پەلی ئێمە. داوایان کرد هەتا دەچینە گوندی (قزڵجە) و دێینەوە خۆتان ئامادە بکەن دەڕۆین. دوای چەند سەعاتێک هاتنەوە، ئێمەش تەواو خۆمان ئامادە کردبوو. وەختی ڕۆشتین بوو کاک چەکۆ هاتە لای من و گووتی من پێم باشە ئەم سەفەرە ئیسراحەت بکەی، وەزعی لاقت باش نیە. گووتم نا زۆر باشم هیچ کێشەیەکم نیە. چاوێکی لێکردم و گووتی با بڕۆین. یەکەم جار بوو کە دەبوو کاک چەکۆ بەخەڵکی ناوچەکانی مەهاباد ئاشنا بکەین و بناسێنین. دەنا لە ڕاستی دا من وەزعم باش نەبوو، بەڵام هەر پێمخۆش بوو لەگەڵ بوومایە٠ کاتێک پەڕینەوە بۆ ناوچەی (شاروێران) مەکۆی دڵسۆزی و ئەمەگداری خەڵکی ئەم ناوچەیە. هەر گوندێک کە دەچووین. خەڵکەکەمان ئاگادار دەکردەوە کە فەرماندەری تازەی هێزی پێشەوا سەروان (چەکۆ) ئەمشەو لە مزگەووت قسەتان بۆ دەکات. پێش ئەوەی وەختی کۆبوونەوە بێ لەناو مزگەووت جێگا نەدەماو خەڵک لە دەرەوە دادەنیشتن و گوێیان دەگرت. کاک چەکۆ هەموو جارێ پێش ئەوەی دەست بەقسەکانی بکات، شیعرێکی شۆڕشگێڕانەی بە دەنگێکی بڵندو حەماسی یەوە دەخوێندەوە کە دەیگووت. وەرە جەللاد ئەگەر دەربێنی چاوانم ئەگەر بشکێنی ئێسکانم. بەوەڵاهی بە خاکی پاکی کوردستان دیموکراتم، قەتیش نالێم پەشیمانم٠ خەڵکەکە هەموو حەماسی دەبوون و، دەبوو بە دروشمی. بژی حزبی دیموکرات، نیشاندەری ڕێی خەبات. لەگەڵ ئەوەی کاک چەکۆ ئێستاش قیافەیم لە پێش چاوانە، شەدەیەکی لەناوچاوانی دەبەست و لەپشت سەری گرێی دەداو بەسەر شانەکانی دا بەرێدەدانەوە.. قیافەیەکی یەکجار جوان و پێشمەرگانەی هەبوو٠ بۆخۆی بەژن و بالآیەکی بەخۆوەو بەرزی هەبوو، جەوانێکی جوان و بە هەیکەل بوو. لە قسە کردنیشدا باش بوو. لە زۆربەی زۆری گوندەکانی ناوچەی مەهاباد هاوڕاییمان کردو ناساندمان بە خەڵکی ناوچەکە.

ڕۆحت شادو یادو یادگارەکانت هەمیشە زیندوو فەرماندەی بەڕێزم.

بەشی یەکەم

هەندێک شەڕی قێزەوونی ناوخۆ لە ڕوانگە و گوشە نیگای خۆمەوە!!



بەشی یەکەم

پێش هەموو شتێک دەمەوێ بڵێم هەرچی بەچاوی خۆم دیومە باسی دەکەم. ئەگەر زۆریش بەزیانی خۆم و حیزبەکەشم بێت. بۆیە نە تەعسووبی حزبایەتی کارم تێدەکا، نە بێ ویژادانی. هەرچی پێموایە ڕاستە باسیدەکەم چونکە ئێمەش هەڵەمان زۆر هەبوون کۆمەڵەش دەیان بەرامبەر زیاتر لە ئێمە هەڵەی سیاسی و نیزامی و ستراتیژییان هەبوو. چونکە ئێمەیان فیدای چەند فارسێکی ڕەگەزپەرست کردبوو. حزبی دیموکراتیان بە گەورەترین سەدی پێش خۆیان دەزانی. پێیان وابوو دەبێ حزبی دیموکرات نەمێنێ من لە نێوان باسەکەمدا بۆتان ڕوون دەکەمەوە کە کۆمەڵەو سەرانی کوردی کۆمەڵە چەندە لە هەڵەدا بوون بەرامبەر بە حزبی دیموکرات و بزووتنەوی ئازادیخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

وەک پێشمەرگە، تازە ببومە پێشمەرگەی ڕەسمی. دەنا پێشتر لەگەڵ شەهیدان حەسەنی سوهرابی و چرچەی بارام میرزا زۆر کاری پێشمەرگایەتیمان لەناو شاری مەهابادو دەوروبەر ئەنجام دەدا کاتێک شار لەبەر دەستی حزب دا بوو. من وەک خۆم هێشتا لەشاری دا مابومەوە، هەتا ڕۆژێک حەسەن نامەیەکی بە خوشکی دا بۆ ناردم و لەو نامەیەدا داوای لێکردبووم کە هەرچی زووتر خۆت بگەیەنە گوندی (کۆنەدێ). ئەو گوندە هەر سەعاتێک ڕێگا بوو بە پێیان لەشارەوە هەتا کۆنەدێ. دوای ئەوەی هەموو کارەکانی خۆم لەشار کۆتایی پێ هێنا. بەرەو گوندی کۆنەدێ وەڕێکەووتم. ئێوارە بوو کە بەدایکم کووت دایە گیان، من دەمەوێ بچمە ناو ڕیزەکانی حزب و پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکان تۆ فەرمانت بەچیە؟؟ ڕەنگێکی هێناو بردو

بەشی یەکەم

کەمێک زمانی تەتەڵەی کردو خێرا گووتی کوڕەکەم من زۆر لەمێژە ئاگاداری هەموو هەڵسوکەوتەکانتم. بەڵام تۆ دەزانی پێشمەرگایەتی چەندە سەخت و پڕ لە کارەساتە؟؟

کووتم بەڵێ دەزانم. کووتی مردن و بریندار بوون و برسیەتی و سەرماو گەرمای تێدایە، دەتوانی بەرگەی بگری؟؟ گووتم بەڵێ.
گووتی ئاخر تۆ دوێنێ شەو لەبراسان وەختابوو بگری هەتا خواردنەکە پێگەیشت! ئێستا تۆ دەتوانی بەرگەی برسیەتی بگری؟؟

گووتم بەڵێ چاوێکی لێکردم و کەمێک ڕاوەستا، گووتی نازانم یان من هیچ نازانم، یان تۆ گۆڕاوی؟. بەڵام کوڕەکەم ئەگەر دەتەوێ بە یەکجاری ببی بە پێشمەرگە، من شانازیت پێوە دەکەم. گەورەترین شانازی بۆ من ئەوەیە کوڕەکەم، بەندی دڵم،، پێشمەرگەی کوردستان بێ. بڕۆ، بڕۆ، بڕیارێکی پیاوانەو مەردانەت داوە. منیش پشتیوانێکی دایکانەو هەمیشەییت دەبم،،،، بڕۆ.

بەرخی نێر بۆ سەربڕینە،،، بڕۆ. چونکە من وەک دایکت ڕازیم، خوداش پشت و پەنات دەبێ. بڕۆ لەهیچ مەترسە خوداو دایکت پشتیوان و دڵسۆزی تۆن. منیش هەروا چاوم بەمۆلەق لەدایکم بڕیبوو، لەخۆشیان حەپەسابووم. تفەنگێکی (ویزی)م هەبوو دایە دەستم و تێر تێر ماچی کردم و بە قوڵپەی گریانەوە تێر بۆنی پێوە کردم و بەگوێمدا چرپاندی، دایکت قسەت لەگەڵ دەکات،، باش گوێ بگرە کوڕەکەم. قەولت قەولی پیاوانە بێ و، بڕیاری دایکیشت بڕیاری دایکانەیە هەردوو بڕیار قورس و شەرافەت مەندانەن نەکەی هەرگیز بیانشکێنی!! دەنا لە خۆمت بێبەری دەکەم و هەتا ماوی بێزراو دەبی لە پێش چاوانم. مەرگی تۆم پێ لەسەر شۆڕیت پێ باشترە. نەکا ڕۆژێک سەری خۆت و منیش شۆڕکەی؟ ئێستاش ئەو قسانەی دایکم لەگوێمدا دەزرنگێنەوە. بۆیە هەمیشە دەڵێم دایکم فەرماندەری هێزو وڕەی من بوو. ئەوجار هەردووکمان دڵمان پڕ بوو. گریان ئەوکی من و دایکمی گرت. ئەوەندە حاڵەتەکە غەمگین و ناخۆش بوو، هیچمان نەمانتوانی لەوە زیاتر پێکەوە بین. خوشکەکانم هەموویان لەدەورەمان ڕاوەستابوون دەگریان. بۆیە من زۆر خێرا دایکم بەرداو بەپەلە ڕۆشتم تەنها لە کاتی داخستنی دەرگای حەسار توانیم بڵێم مانئاوا دایە گیان. دەرگام داخست و لە کۆڵانەکەی ماڵە خۆمان نوقمی تاریکی بووم و ڕۆیشتم. زۆر ناخۆش بوو هەتا لەناوشار وەدەرکەوتم بەڵام تفەنگەکەم تەواو غیرەت و هەموو هەست و پیاوەتی من بوو بەدەستمەوە. هەتا شارم بەجێهێشت و گەیشتمە دەرەوەی شار. لەوێڕا ملی ڕێگام گرت و تفەنگەکەم لەشان کردو بەبێ ترس بەرەو گوندی کۆنەدێ هەنگاوم نا. لە گوندی لاچین پێشمەرگەکانی لکی ٣ دەنگیان

بەشی یەکەم

دام و خۆم ناساندو دوای ماوەیەک پشوودان بەرەو کۆنەدێ وەڕێکەووتم. کە گەیشتمە ناودێ سەگەلی ئاوایی بۆم هاتن وەختابوو لەت و پەتم بکەن.
هەتا پێشمەرگەکان گەیشتنێ و ڕزگاریان کردم، ئەو شەوە هەتا ڕووناکی بەیان نەنووستین، هەر قسەو باس و پێکەنین بوو.

بۆ دوو ڕۆژ دواتر هەمووان بەرەو ناوچەی شاروێران وەڕێکەووتین. دوای چەند ڕۆژێک کاک هەژار هات لە قوم قەڵا لەگەڵمان کۆبونەوەیەکی کردو پاشان گووتی بچن لە گوندی (قزڵقۆپی) جێگایەک بۆ بنکەی خۆتان ببینەوەو لەوێ دامەزرێن. ئێمەش چوین بۆ گوندی قزڵقۆپی، لەوێ خێرا خەڵکی گوندەکە ماڵێکیان بۆ دابین کردین وەکوو بنکەی پەلی شاهۆ. خەڵکەکە زۆریان پێ خۆش بوو کە ئێمە بنکەمان لەوێ داناوە. زۆریان ڕێز لێدەگرتین نەیاندەهێشت لە هیچ شتێکمان کەم بێ، هەتا نیگابانیان لەگەڵ دەداین هەتا بەیانی. ماوەیەک لەو گوندە ماینەوە، چەندین عەمەلیاتمان بەدژی هێزەکانی دوژمن ئەمجامدا. بەتایبەتی لێدانی کلکی ستوونی نیزامی. واتە ئەو ستوونە نیزامیانەی هەموو حەفتەی جارێک لە ورمێ وە دەهات بۆ مەهاباد. لەوێ ئاڵوگۆڕیان بە هێزەکانی خۆیان دەکرد. ئێمەش کەمینمان بۆ دادەنان، دەنگمان نەدەکرد هەتا تەواو ستوونەکە دەڕۆشت. ٥ - ٦ ماشێنی دوای ستوونەکەمان دەکردە نیشانەوە لێمان دەدا. چەند جارێک نەبێ کە ستوون گەڕایەوە دیفاعی لەوانە دەکرد کە کەووتبونە کەمینیی ئێمەوە دەنا نەیاندەوێرا ڕاوەستن لەخودایان دەویست گیانی خۆیان ڕزگار بکەن. من چەکی (بیکەیسم) پێبوو، زۆرم شانازی بە خۆمەوە دەکرد. زۆر چاک دەستم بەم چەکە ڕاهاتبوو. پاشان کاک هەژار داوای لێکردین بنکەکەمان بگوێزینەوە بۆ گوندی (قوم قەڵا). بارگەو بنەمان پێچایەوەو بەرەو قومقەڵا وەڕێکەووتین، لەوێ بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لەماڵە عەولا زێرە بووین زۆریان خزمەت کردین. وەکوو ماڵە بابی خۆمان وابوو. دوایە خەڵکی قومقەڵا خانوویەکیان بۆ پەیدا کردین و کەلوپەلەکانمان گواستنەوە بۆ بنکەی تازە. لەو ماوەیەدا زۆر بێکار بووین لەباری کارو چالاکی سەربازییەوە، چونکە خەڵکی شاروێران لەڕێگای شوراکان داوایان لەحزب کردبوو کە هەتا دەغڵ و دان و بەرهەمە کشتوکاڵیەکانمان هەڵدەگرینەوە لە هێزەکانی حکوومەت مەدەن باشەڕ نەبێ. حزب پێی باش بوو، بەڵام بەشوراکانی گووتبوو بچنە شارو لەوێش ئەم پێشنیارە بە حکوومەت بدەن. چونکە کارێکی لەم چەشنە دەبێ دوو لایەنەبێت ئەوانیش چووبونە فەرمانداری و لەگەڵ دەوڵەت باسیان کردبوو. چەند ڕۆژێک وەختیان دانابوو هەتا جواب لە هێزە چەکدارەکان وەربگرنەوە. پێشیان گووتبوون حزب ڕازیە بەم پێشنیارە ئەگەر ئێوە تەقە نەکەن حزب نایکات.

دوای چەند ڕۆژ جوابیان ناردبۆوە ئێمەش ڕازین. بەو مەرجەی پێشمەرگە هیچ چالاکی سەربازی لەسەر هێزەکانمان نەکات

بەشی یەکەم

لەم ناوچەیە بەگشتی. تەوافق کراو تەقە ڕاوەستا. حزب هێزی قەندیلی لەم کارە ئاگادار کردبۆوە کەهیچ چالاکیەکی سەربازی لەم ناوچەیە ئەنجام نەدەن. کاتێک ئێمە خەریکی دامەزراندنی بنکەکەمان بووین، خەبەریان هێنا کە پێشمەرگەکانی (کۆمەڵە) لە مزگەووتن و قسە بۆ خەڵک دەکەن و لەگەڵ خەڵکەکە تووشی جوابە جەنگی و تێکهەڵچوون بوون. داوایان لە ئێمە کرد هەتا بچین بەدەنگ خەڵکەکەوە. کە چووین دیتمان وەزعەکە جێگیر نەبوو. پرسیمان چیەو چی ڕوویداوە؟؟ هەموو خەڵکەکە هاتنە لای ئێمەو گووتیان کۆمەڵە هاتوون دەڵێن ئێمە ماوەیەک لێرە دەمێنینەوەو دەمانەوێ چەند عەمەلیاتیش ئەنجام بدەین. داوایان لەخەڵکەکە کردبوو هاوکاریان بکەن. خەڵکەکەش وەزعی ناوچەکەیان بۆ باس کردبوون و تێیان گەیاندبوون کە حزب و دەوڵەت تەقەیان بۆ ماوەیەک ڕاگرتووە هەتا خەڵکی ناوچەکە بەروبوومەکانیان هەڵدەگرنەوە. هەتا وەکوو ساڵی ڕابردوو نەسووتێ کۆمەڵەکانیش کوتبوویان ئێمە کارمان بە سازشی حزب و دەوڵەت نیە ئێمە حزبی دیموکرات نین، ئێمە کۆمەڵەین و جیاوازین. خەڵکەکەش بەگژیاندا هاتبوونەوە پێیان گوتبوون ئێمە هیچ یارمەتیەکتان نادەین. ئێمەش داوامان لەکۆمەڵە کرد کە بەقسەی خەڵکەکە بکەن و نابێ لەم ناوچەیە هیچ چەشنە عەمەلیاتێک ئەنجام بدەن. بە هیچ شێوەیەک ڕازی نەدەبوون، بۆیە ئێمەش بەتوندی هوشدارمان پێدان کە ئەگەر عەمەلیات ئەنجام بدەن ڕێگاتان پێنادەین. هەر ئێستاش دەبێ ئەم گوندە چۆل بکەن و بڕۆن. کار گەیشتە ئەوەی کە سەنگەرمان لەیەکتر گرت و دامەزراین. خەڵکەکە کەووتنە نێوانمان و نەیانهێشت هیچ ڕووداوێک ڕووبدات. بەڵام لای ئێمەیان گرت و ئەوانیش داوایان لەکۆمەڵە کرد کە گوندەکەمان بەجێبێڵن و بڕۆنە دەرێ. لەکۆتاییدا کۆمەڵە پەیامیان نارد کە ئێمە دەڕۆین بەڵام سبەینێ دەتانبینینەوە. چاومان لەسەریان بوو هەتا دوو گوند ئەولاتریش ڕانەوەستان. بۆ سبەینێ کە ڕۆژی هەینی بوو چووین بۆ بازاڕی قەرەداغ کە هەموو ڕۆژانی هەینی بازاریان لێ دادەنا. خەڵک شتومەکیان دێنا لەوێ دەیانفرۆشت دوکان و کەبابخانەو قاوەخانەشیان لێ دادەنا. ئێمەش دەچووین بۆ کەباب خواردن. کاتێک گەیشتینە ناو بازاڕەکە دیتمان وەزعەکە زۆر ئارام و عادی نیە خەڵکەکە وردە وردە بازاڕیان چۆل دەکرد، پرسیارمان کرد ئەوە چی بووە؟ بۆ وادەکەن ؟ گووتیان لەبەیانی زووەوە کۆمەڵە ئەو شاخانەی هەموو گرتووە. دەترسێین ببێتە شەڕ. ئێمەش هەر پێمان سەیر بوو، بەکەمالْ سمایلزادەم گووت ناکا بیانەوێ تۆڵەی دوێنێ بکەنەوە؟ لانیکەم جیبەکە بەرە پشتی ئەو خانووە نەکا ئەوانە بەڕاستی نیازی شەڕیان هەبێ؟ بۆیە لەگەڵ حەسەن سوهرابی قسەمان کرد کە چیبکەین؟ گووتی ئامادە بن بەڵام هەتا ئەوان تەقەمان لێنەکەن کەس حەقی نیە تەقە بکات هەتا من پێتان دەڵێم. پێشمەرگەی لکی٢ زۆریان لەوێ بوو پەلەکانی تریش پێشمەرگەیان لەوێ هەبون کە بۆ کەباب خواردن هاتبوون. سازماندەیکمان کردو هەندێک پێشمەرگە لەگەڵ حەسەن وەسەرکەووتن هەتا پێیان بڵێن ئەو شاخانەتان بۆچی گرتووە ؟ بۆچی ترس و دڵەڕاوکەتان خستۆتە دڵی ئەو خەڵکەو ناهێڵن کارو کاسپی خۆیان بکەن؟ هەر سەردەکەووتن و هاواریان لە کۆمەڵەکان دەکرد کە نەفەرێکتان بێتە خوارێ قسەی لەگەڵ بکەین. یان ئێمە دێینە سەرێ قسەتان لەگەڵ بکەین. لەناکاو کۆمەڵە

بەشی یەکەم

پێشمەرگەکانی ئێمەیان دایە بەر دەستڕێژی خۆیان. لەیەکەم تەقەدا کەماڵ ئەمینی شەهید بوو. پێشمەرگەیەکیش بریندار بوو. من و کەماڵ بە کالیبر ٦٩ و چەکی بیکەیسی جوابمان دانەوە. شەڕ بۆ ماوەی کەمتر لەکاتژمێرێک درێژەی هەبوو.کۆمەڵەکان هاتوهاواریان لێ بڵند بوو شاخەکەیان چۆلکردو بەودیودا هەڵاتن. شاخێکی دیکەیان گرتبوو، هێزی بەرگری و خەڵک هێرشیان بۆ کردن لەوێش ڕاویان نان هەموویانمان لەگوندی قەرەداغ کۆکردنەوەو چوار دەورمان گرتن. داوامان لێکرد چەکەکانتان دانێن و تەسلیم بن. خەڵکەکە هاتن کەووتنە نێوان ئێمەوە کە لێیان گەڕێین با بڕۆن. مەلای دێیەکە هات گووتی دەزانم حەق بە ئێوەیە، بەڵام وەڵاهی کافر ڕوحمی پێیاندا دێ ئەو هەموو کوژراوو بریندارەیان پێیە. هەر دەڵێن پیاوی چاک بن مەهێڵن بێنە سەرمان. بڕیار درا لێیان گەڕێین بڕۆن. لەکۆتاییدا دوو کەس لەکۆمەڵەکانمان دیت و زۆریش ترسان، بەڵام چووین قسەمان لەگەڵ کردن و پێمان گووتن کە ئێوە گەورەترین هەڵەتان کرد. ئێمە ئێستاش دەتوانین هەموتان بگرین. بەڵام هەرگیز ئەوە ویست و نیازی ئێمە نیە. ئێوە سوور سوور دەزانن ئێمە لێرە تەقەمان ڕاگرتووە بۆ قازنج و بەرژەوەندی خەڵکی شارۆچان بەگشتی، بەڵام ئێوە هاتوون دەتانەوێ وەزعەکە بشێوێنن دەتانەوێ بڵێن ئێمەش هەین و هەرچی ئێوە دەیکەن ئێمە دەتوانین تێکیبدەینەوە. ئاگاتان لێ بوو خەڵکی ناوچەکە چۆن هێرشیان کردە سەر ئێوەو دەریانپەڕاندن؟؟ لەبیرمە هەندێک لە پێشمەرگەکانی ئێمە ماچیشیان کردبوون و زۆر بەڕێزەوە ڕەفتاریان لەگەڵ کردبوون. دیارە من نەمدی دوایە بۆیان گێڕامەوە. ئەوە یەکەم شەڕی نێوان ئێمەو کۆمەڵە بوو لەشارۆچرانی مەهاباد.

بەشی دووەم: لەشەڕی ناوخۆ.

پێویستە لێرەدا چەند ڕوونکردنەوەیەک بدەم سەبارەت بەم شەڕانەو ئامانجەکانی.

دەبێ هەموومان زۆر باش بزانین کە شەڕی خۆکوژی و ناوخۆیی، هیچ کەس و لایەن و حزبێک تێیدا براوە نین. دۆڕان و براوە نیە لەم شەڕانەدا. بەڵکوو ئەوەی ماڵوێران دەبێ و دڵسووتاو کەسوکاری قوربانیانی ئەم شەڕانەن بەتایبەتی و بەگشتی خەڵکی کوردستانە. ئێمە هەموومان دەزانین تاوانبارانی ئەم شەڕە، سەرکردەکانی ئەوکاتی هەردوو حزب بوون. من بە ئەزموونی خۆم پێموایە شەڕی کۆمەڵە و حزب چەند هۆکاری بنەڕەتیان لەپشت بوون. (کۆمەڵە شەڕەکەی دەستپێکرد، حزب درێژەدەری بوو).

بەشی یەکەم

هەتا (سەهەند) یەکان نەیانتوانی بوو جێگای خۆیان لەناو دڵ و دەروونی کۆمەڵەدا بکەنەوەو ڕیشە داکووتن، کۆمەڵە یەکجار ئەوەندە دژی حزب نەبوون. کاتێک ئەو فارسە ڕەگەزپەرست و دژە دیموکرات و کوردانە خۆیان خزاندە ناو کۆمەڵەوە هەر وەکوو سەرەتان و دەردی بێدەرمان مێشک و ڕەگەکانی نەتەوەیی کۆمەڵەیان وشک کردو دایانڕزاندن. هەر بەدوای چەند مانگێکدا کە تەواو مێشکی کۆمەڵەیان داگیرو کۆنترۆڵ کرد. یەکەم قسە کە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە فێری بوون (قهر انقلابی) بوو بەداخەوە ئەم وشەیەیان بەسەر زاریەوە گرتبوو ڕۆژی دەیان جار دووپاتیان دەکردەوە. ئەوجار فێر ببوون کاتێک دەگەیشتنە ئێمە و هەتا لێمان تێدەپەڕین، هەموو کۆمەڵەکان چاویان چکۆڵە چکۆڵە دەکردەوەو بڕۆکانیان هەتا سەر چاوانیان شۆڕ دەکردنەوەو سەریان بەرەو ئاسمان بڵند دەکرد هەتا چاویان بە چاوی ئێمە نەکەوێ. بەم خۆ مۆن کردنەوەو دەموچاو ناحەز کردنەیان شانازییان دەکردو پێیێیان دەگووت ئەم کردارە قهر انقلابی) ە بەرامبەر بە دوژمنانی پرۆلیتاریاو زەحمەتکێشان. وەکوو ئەوەی ئێمە هەموومان کوڕە سەرمایەداری گەورەترین سەرمایەکانی جیهان بین. ئاخر هەر من و تۆو دەیانی دیکەش پێکەوە لە کوچەو ناو کۆڵانەکانی مەهاباد لەبلەبی و چزوبزو بەلالمان نەدەفرۆشت؟؟ ئاخر کام لە ڕێبەرانی ئەوکاتی حزبی دیموکرات سەرمایەدارو پوڵدارو خاوەن دەیان کارخانەو ملیونان هیکتار زەمین بوون؟ کاک جەلیل گادانی؟ کاک دکتور سەعید؟ کاک فەتاح کاویان؟ کاک عەبدوڵا حەسەنزادە؟ کاک دکتور قاسملوو؟ کاک نەبی قادری؟ کاک هاشم کەریمی؟ کاک مستەفا شڵماشی؟ کاک هەژار؟ کاک حەسەن شەرەفی؟ کاک حەسەن ڕەستگار؟ نازانم ئەوانە سەرمایەدارەکانی حزبی دیموکرات بوون؟ بەهەمویان خاوەنی ٢٠ ملیون تمەنی ئەوکات نەبوون. هەر بێجگە لەوانەش هەموو سەرمایەدارەکانی کوردستانت کۆکردبایەوە لەبەرمابەر یەک سەرمایەداری دەرەجە ٥ و ٦ی ئێراندا هەر پێیان عەیب بوو دەست بۆ گیرفانیان بەرن. من نازانم کۆمەڵە چۆن و لەسەر کام عەقڵ هەوڵی لەناوبردنی حزبی دیموکراتی دەدا؟ کە زۆرینەی زۆری خەڵکی کوردستان پشتیوانیان لێدەکرد. یان ئەوەی کە دەقاودەق حیکمەنیستە ڕەگەز پەرستەکان بەئاواتی خۆیان گەیشتن و توانیان شەڕی نێوان کۆمەڵەو حزب دروست بکەن؟ بۆ دەبو فارسێک لەتارانەوە بێت و دەست بەسەر هەموو عەقڵ و هەست و نیستی تۆدا بگرێ؟ ئەگەر ئیشتیاتان لە کۆمەنیستی بوو بۆچی بۆخۆتان ڕاستەو ڕاست نەدەبوونە کۆمەنیست ؟ بۆچی دەبوو پیاوی پیاوەکە بن؟ فارسەکان سێگۆشەی ڕێڕەوی خەباتیان بۆ کۆمەڵە دیاری کردبوو لەکوردستان. کە گۆشەی یەکەم حزبی دیموکراتەو دەبێ لەسەر ڕێگای کۆمەنیستەکان لابببردێن و لەناو بچن. هەتا یەک کەس لە حزبی دیموکرات مابێ ئەم قهر انقلابی یە درێژەی هەیەو هەڵناوەشێتەوە. گۆشەی سێیەم ئیمپریالیزمی ئەمریکایە، کەحزبی دیموکرات لەخزمەت سیاسەتەکانی ئیمپریالیزمدایە.جا خۆ ئەوکات حزبی دیموکرات لە ڕادیۆکەیەوە ڕۆژی ٣ جار هاواری دەکرد مرگ بر ئیمپریالیزم (بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا) چەندین ساڵ بوو حزب ئەو دروشمەی هەڵگرتبوو. گۆشەی سێیەم کۆمەنیستەکان خەڵکی زەحمەتکێشن کە دەتوانن دوای نەمانی ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی بە ئازادی و ڕزگاری بگەن. بەداخەوە ئەم فکرە ئێستاش لەناو کۆمەڵەدا هەیەو تەقویەت دەکرێ. کێشەکە

بەشی یەکەم

لێرەدایە کە ئێمە ٢ حزبی سەرەکی بووین لە کوردستان ئەوەندە کۆمەڵە دژی حزب بوو، هەر ئەوەندەش دژی ڕژێم بوون. حزب شۆڕای لە گوندێک دادەمزراند، کۆمەڵە خێرا دەچوو هەڵیدەوەشاندەوەو شۆڕای خۆی دادەنا. حزب لەکاتی هێرشەکانی دوژمن دا شاخ و جادەکانی دەگرت، کۆمەڵە هەموو ناوچەکەی چۆل دەکرد. حزب کووتبای ڕەش کۆمەڵە دەیکووت سپی. هەموو کادرو پێشمەرگەکانی حزب دەزانن کە هیچ کات لەو هەموو هێرشانەی دوژمن دەیکردە سەر ناوچە ئازادکراوەکان بۆ یەکجاریش نەماندی، بڵێن ئەوە پێشمەرگەی کۆمەڵە ئەو زنجیرە شاخە، یان ئەو تەپکەیان گرتووەو لێی دامەزراون. دوای تەواو بوونی شەڕەکە بە موڕو(قهر انقلابی) یەوە بە پێش چاوی ئێمەدا دەهاتنەوە ناو بنکەکانی خۆیان. هەرگیز نەماندی لەیەک شەڕدا بێنە کۆمەگ و یارمەتی پێشمەرگەی حزب کە زۆرجار تەواو ئاگاداری شەڕەکە بوون و خۆیان پاراستووەو ڕۆیشتوون. جارێک نەبوو کە عەمەلیاتی هاوبەشیان کردبا لەگەڵ هێزو لکەکانی پێشمەرگەکانی حزب.ئەمانەی کە کۆمەڵە دەیانکرد هەموویان نەوعێک تەحریکات بوون بەدژی ئێمە.کە زۆر جار دژکردەوەی لێ دەکەووتەوەو زۆربەی شەڕەکان بەم شێوەیە دروست بوون. دەنا هیچ شەڕێک لەخۆڕا دروست نابێ. من دەمەوێ نەوەکانی ئێستاو داهاتوو ئاگادار بکەمەوە کە نەسلی ئێمە سووتەمەنی شۆڕشێک بووین کە بەحەق باوەڕمان پێی هەبوو، ئەویش خەبات بۆ گەلەکەمان و بەدیهێنانی ئازادو ژیانێکی خۆشتر بۆ نەوەکانمان. بەڵام هەرگیزاو هەرگیز ئێمە بۆ شەڕی خۆکوژی دەستمان نەدابووە چەک. ئێمە دوژمن بەزۆری شەڕیان بەسەردا تەحمیل کردین، دەنا بۆ دیفاع لەخەڵک نەبوایە بۆچی دەستمان بۆچەک دەبرد؟ من وەکوو خۆم بەنۆبەی خۆم داوای لێبووردن لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم سەبارەت بەم شەڕە قێزەون و نەگریزە پێویستە بەهەموومان ئاسەواری شەڕی ناوخۆیی بسڕینەوەو باس لە چۆنیەتی میکانیزمی پێکەوە ژیان و یەکتر قەبوڵ کردن بکەین. ئێستا نزیک بە ٣٧ ساڵ بەسەر ئەو شەڕە نەگریزەدا تێدەپەڕێ، خەڵک و نەوەکانی ئێستاو لاوەکان زۆر جیاوازتر فکر لە مەسەلەی کوردو حزب و کۆمەڵە دەکەنەوە. بەهیچ شێوەیەک ڕێگا نادەن و ناشبێ ڕێگا بدەن کەسانی داخ لەدڵ و مێشک بەتاڵ دووبارە هەوڵی هەڵگیرساندنەوەی ئەم ئاگرە سووتمانە مەترسیدارە بدەنەوە بە ناوی دڵسۆزی و زیندوو کردنەوەی مەشکوک وبە بەرنامە بۆ دارێژراو. دەبێ زۆر هوشیارو لەسەر مەست بن. کەسانێک هەن زۆر خۆیان ماندوو دەکەن، کە ئەم شەڕە وێرانکەرە دیسان زیندوو بکەنەوە لەکاتێکدا ڕژیمی ئیسلامی ئێران دوا ڕۆژەکانی تەمەنی خۆی تێپەڕ دەکات.

من و هەموو هاوبیرانم بۆ ئەوەی دڵی سووتاوی دایکانی شەهیدان و، قوربانیانی کۆمەڵە، یان حزب بێ جیاوازی نەکولێتەوە دەبێ کارێک بکەین هەموومان لەیەک هێزو لە یەک بەرەدا نووکی نێزەمان لەدوژمنەکانمان بێ و وەکوو مزگێنی بەدایکی شەهیدانی بڵێین هەموومان بۆ ژیانێکی نوێ و برایەتی هەوڵ دەدەین. بەڵێنیان پێ بدەین کە جارێکی تر کورد نابێ بەدەستی کورد بکوژرێ. هەموومان داوا لە سەرکردایەتی حزبەکانی خۆمان بکەین و فشاریان بۆ بێنین یەکبگرن و

بەشی یەکەم

وەکوو کورد لە ڕۆژهەڵات یەک ئادرەسی دەقیقمان هەبێ بۆ هەموو دنیاو بۆ هەموو دۆست و دوژمنەکانمان. ئەو کارە گەورەترین چارەسەری هەموو دەردەکانی ئێمە کۆمەڵەو حزبەکانی دیکەیە.

من لێرەدا نامەوێ درێژەی باسەکەم درێژ بکەمەوە کە لە ١٢ بەش پێکهاتبوو. هەر لێرەدا ڕایدەگرم و نامەوێ جارێکی تر ئەم بریانە بوکلێنەوە دوای ئەم بەشەی ئێستا هەوڵی خۆم دەدەم بۆ چاکسازی و لێک نزیک بوونەوەی حزبەکان، هەتا ڕادەی پێکهێنانی یەک بەرەو یەک هێزو یەک ئادرەس. بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات.

کوردو ئەمریکا، ٢ هەڵوێستی جودا...



بەرژەوەندی ئەمریکا لەناوچەکە و بەتایبەتی لەگەڵ حکوومەتی تورکیا، وادەخوازێ ئەمریکا هەندێ جار لەبەر بەرژەوەندی کاتی خۆی هەڵەی گەورە بکات. هەروەکوو هەتا ئێستا چەندین هەڵەی سیاسی و نیزامی گەورەی کردووە، کە لەکۆتاییدا پەشیمان بۆتەوە. ئەمجارەش بۆ ڕازیکردنی دڵی تورکیا، بێ گوێدان بە هەستی خەڵکی کوردستان، ڕادەی چەندین ملیۆن دۆلاری داناوە بۆ دەستنیشان کردنی ٣ فەرماندەو ڕێبەری (پێکاکا) لە باکوری کوردستان.

ئەم ٣ ڕێبەرە هەرچی بن هەڵقوڵاوی ناو جەماوەری خەڵکی کوردە لەباکوری کوردستان. لێرەدا من کارم بە سیاسەتی چەووتی ئەم حزبە نیە کە هەتا ئێستا لەبەرامبەر پارچەکانی دیکەی کوردستان کردوویەتی. هەموومان و ئەم ٣ ڕێبەرەش زۆر باش دەزانین کە سیاسەتی (پکاکا) لەناوچەکەدا جێگای ڕەزامەندی هیچ یەک لەپارچەکانی دیکەی کوردستان نیە و جێگای ڕەخنەو گازەندە بووە. بەهۆی دەستێوەردان و دروستکردنی حزبی داسەپاو بەسەر پارچەکانی تردا. هەروەها بەکەم گرتنی خەبات و ڕابردووی ئەم حزبانە.

بەڵام وەکوو عورف و فەرهەنگ و ئاداب و ڕەسمی کوردەواری، ئێمە هەموو حزبەکانی پارچەکانی تری کوردستان دەبوو پێکەوە یەکدەنگ ئەو ئیجازەمان بە سەرانی ئەمریکاو تورکیا نەدابایە، کە مەبلەغێک دۆلار تەرخان بکەن بۆ گرتن، یان جاسوسی کردن لەسەر ئاشکرا کردنی جێگاو ڕێگای ئەم ڕێبەرانەی کورد. دەبوو هەموومان پێکەوە یەک هەڵوێستمان هەبوایەو یەک جواب بۆ ئەمریکا. کە پێیان بڵێین کورد و خەڵکی کوردستان هەرگیز هەڵوێستێکی ئاوا بێ شەرمانە لە

بەشی یەکەم

ئەمریکا قەبوڵ ناکەن. گەورەترین دەرفەت بۆ کورد هاتۆتە پێشێ کە بەهەموو دنیا بڵێن، کورد یەک میللەتەو هیچ هێزێک ناتوانێ لێکمان دابب ڕێ. ئەگەر هەتا ئێستا گۆشتی یەکتریشمان خواردبێ ئێستانی یەکترمان نەشکاندووە. ئەگەر خیانەتکارو خۆفرۆش لەناو کوردا هەیە، بەڵام کورد میللەتێکی بەهێزو ڕاوەستاوو خاوەن ئیرادەی خۆیەتی.

هەرچی کێشەو ڕەخنەیەکمان لەیەکتر هەیە، دەبێ لەناو خۆماندا چارەی بۆ بدۆزینەوە. بەڵام بۆ کێشەی میللی و نەتەوایەتی و بەرژەوەندی گشتی، پێویستە هەموومان هەڵوێستی پۆڵایین و بەهێزو یەک دەنگ و کوردانەمان هەبێت. مادام ئێمە یەک زمان و یەک خوێن و یەک خاک و ئاومان هەیە، پێویستەو ئەرکە لەسەرشانمان بۆ کێشە دەرەکیەکان پشتی یەکتر بگرین بێ لەبەرچاوگرتنی دەمارگرژی حزبایەتی و کێشەکانی ناوخۆمان.

دەبێ بە ئەمریکاو دنیا بسەلمێنین کورد میللەتێکی گەورەیەو خاوەن ئیرادەو شکۆمەندی خۆیەتی. هەروا سووک و ئاسان کەس ناتوانێ یاری بە چارەنووسی میلکەتێکی ٥٠ ملیۆنی بکات٠ لەجیاتی ئەوەی بەدوای تواندنەوەی میللەتێک بن، پێویستە لەفکری چارەسەرکردنی کێشەی کورد بن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ڕێبەرانی کوردیش لەجیاتی سەرشکاندنەوەی زیاتری سەرانی پێکاکا، بابێن لەڕێگای گفتۆگۆوە سەرانی پێکاکا بێنەوە سەر خەتی نەتەوایەتی و سازان لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان و پشت کردن لەدوژمنانی کورد.

ئەمریکا دوای ٤٠ ساڵ تۆڵەی خۆی کردەوە لە کۆماری ئیسلامی ئێران...



ئەم زلهێزانەی جیهان، بەڕاستی سیاسەت بە واتای دروستی خۆی دەکەن. چونکە هێزیان هەیەو ئابووریان بەهێزە، هیچ گوێ بەوە نادەن درەنگ یان زوو بەهەدەفی خۆیان بگەن. گرنگ بۆ ئەوان بردنە سەری ئەو بەرنامانەیە کە لە سینارۆکانیاندا بەرنامەیان بۆ داڕشتووە. حزب و سەرۆک کۆماریش بۆ ئەوان بەو شێوەیە گرنگ نیە. چونکە لەوکاتەوەی کارمەندانی سەفارەتی ئەمریکا لە تاران بە گروگان گیران نزیک بە پێنج سەرۆک کۆمار گۆڕدران. بەڵام سیاسەتی ڕەسمی ئەمریکا هیچ گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بەسەردا نەهات. لەماوەی ئەم ٤٠ ساڵەشدا ئەمریکا هەمو ساڵێک و لەدەوری هەر سەرۆک کۆمارێکدا بوبێ ئەم کارە ی ئێرانی مەحکوم کردووەو بە کارێکی تیرۆریستی لەقەڵەم داوە. ئێران ئەم گروگانانەی ئەمریکایی بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ زیندانی کرد. هەتا هاتنە سەرکاری سەرۆک (ترامپ). ئەم سەرۆک کۆمارە هەرچی مەعامەلەو ڕێککەوتنێک هەبوو لە نێوان سەرۆک کۆماری پێشووی خۆی لەگەڵ مەلاکانی ئێران هەڵوەشاندەوە. ئەم ڕێکەوتنانەی بە خراپترین ڕێکەوتن ناوبرد لە میژووی ئەمریکا.

بۆیە دروستە لەو ڕێکەوتەی کە کارمەندەکانی سەفارەتی ئەمریکا گیران واتە ١٣ی ئابانی ١٣٥٨ی هەتاوی هەتا ١٣ی ئابانی ١٣٩٧ واتە ٤٠ ساڵ لەوە پێش. سەرۆک ترامپ گەورەترین تۆڵەی ئەمریکای لە ڕژیمی ئێران کردەوەو گەورەترین سزای ئابووری بەسەردا سەپاند کە دەکرێ ببێتە هۆی ڕووخانی ئەم ڕژیمە. یان تەسلیم بوونی مەلاکان بە داواکانی

بەشی یەکەم

ئەمریکا. لەهەر حاڵەتێکدا ئێران تووشی... ڕەشی خۆی بووەو ئێستا ئەو ڕۆژەیە کە ٤٠ ساڵە لێی دەترسێ. من پێموایە بەهەر شێوەیەک لێکدانەوەی بۆ بکەی بۆ ئەم حاڵەی ئێستا ڕژێمی تێدایە. وردە وردە بەرەو نەمان دەچێ و تازە ڕێگای دەرباز بوونیان نیە. لێرەدا ئێمەی کورد پێویستە زیاتر لەهەموو کاتێک هەوڵ بۆ یەکڕیزی و یەکدەنگی خۆمان بدەین و بەهەموو شێوەیەک کوردستانی خۆمان ڕێک بخەین و ناوماڵی کورد لە ڕۆژهەڵات بکەینە یەک و بۆ مافی نەتەوایەتی خۆمان هەوڵ بدەین.

یادێک لەشەهید حیسامەدین مودەڕیسی...



حیسامەدین لەدایک بووی گوندی (بەسری) سەربەناوچەی مەحاڵی ئاختاچی شارستانی مەهاباده. گوندی بەسری لە چەند کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی مەهاباد هەڵکەووتوە٠ شاخی بەردە هەڵۆی سەر گوندی بەسری، زاڵە بەسەر گوندەکانی سارەوانان،، حەوتەوانان،، پیربەلە،، قەڵات،، سەیداوا،، شاری مەهاباد. خەڵکی گوندی بەسری لەباشترین و دڵسۆزو هوگری پێشمەرگە بوون. حسامەدین لەناو باوەشی خۆشەویستی و کوردپەروەرانەی ئەم گونده لەدایک ببوو٠ لەگەڵ ئەوەی هەموو دانیشتوانی ئەم گونده خاوەن پێداویستی تایبەت بوون. هەر لە زەمانی شاه دا هەموو پێداویستیەکانی ژیانی سەردەمیان بۆ دابین کرابوو. حسامەدین زۆر زوو وەکوو خەنجەری باش و ئاودار خۆی لە کەلاندا پێ ڕانەگیرا. پەیوەندی کرد بە هێزی پێشمەرگەی کورستان. لەهێزی پێشەوا بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی و چەکی کوردایەتی کرده شانی. لەلکی ١ و لە پەلی شەهید چهرەپەروەر سازماندەیی درا. حسامەدین تاقە کوڕی بنەماڵەکەی بوو٠ پێشمەرگەیەکی هەتا سەر ئێستقان کوردو نەبەزو فیداکارو بە دسپلین بوو. هەرگیز نەماندی بۆ یەکجاریش هەڵەیەک بکات، لە ڕەفتارو گوفتارو ئەرکی پێشمەرگایەتیدا. هەمیشە ئامادە بوو بۆ هەر کارێکی حزبی. بۆ هەموو عەمەلیاتەکان سەنگەرو شوێنی پێشەوەو نزیک لەدوژمنی هەڵدەبژاردو لێی دادەمەزرا. هێندە بێدەنگ بوو، کەسێک نەیناسیبایە پێیان وابوو کوردی نازانێ. بەڵام لەکاتی شەڕەکاندا وەکوو هەلوک وابوو بەهەر چوار دەوری خۆیدا دەسوڕا. سەری هەمو هاوسەنگەرانی دەدا. کەمتر عەمەلیات هەبوو حسامەدین لەگەڵ نەبووبێ. عاشقی ئازادی کوردستان بوو. سەرئەنجام لە شەوی ٣ شەممە ٢ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦١ لە گرتنی پایەگای (بەردە کونتێ) لە پێنج کیلۆمەتری شاری مەهاباد لەگەڵ چوار هاوڕێی دیکەی شەهید بوون و گیانی

بەشی یەکەم

خۆیان کردە پـردە بـازی ڕێگـای ئـازادی و ڕزگـاری کوردسـتان. ئەوان گیـانیـان بەخشی هەتـا ئەوەکـانی ئێستا و داهـاتوو بە ئازادی و سەربەرزی بژین. دیـارە تەواوی وردەکـاری ئەم عەمەلیـاتەم لە بیرەوەریەکـانم دا نوسیوەتەو بـڵاوم کـردۆتەوە. لەم عەمەلیاتەدا پایەگا بەتەواوی گیراو تـانکێک ی (چفتێن) بە ساغی گیراوکەووتە دەستی پێشمەرگە لەگەڵ چەنـدین ئەسیرو هەموو چەکە قورس و سووکەکان.

وێنەکەم لە سایتی شەهید وەرگرتووە، سوپاس لەزەحمەتەکانی هاوڕێم کاکە سەلاح شەشە.

ڕۆحی شەهید حیسام و هەموو شەهیدان شادبێ و یادو یادگارەکانی هەمیشە زیندوو.

لاوەکان ئەم کوڕە ئازاو بەجەرگانە بۆ ئێوە شەهید بوون، هەتا باشترین ژیان بۆ ئێوە دابین بکەن،

ڕێگای خەباتیان دریژە بدەن.

بەشی یەکەم

قەتڵوعامی خەڵکی گوندەکانی (ئیندەرقاش، یوسفکەند، خانەگێ) لە ناوچەی شارویڕانی مەهاباد...



لەڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا ڕێکەووتی ۱۳ی خەزەڵوەری ۱۳۵۹ی هەتاوی. چەقۆکێش و لات و چەتەکانی مەلا حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ، وەکوو پاسدارو بەسیجی و جاشەکان بەهێزێکی زۆرەوە دەچنە ئەم گوندانەی سەرجادەی سەرەکی نێوان مەهاباد - ورمێ. بە بیانوی پاکسازی و وەرگرتنەوەی ئەو چەکانەی بەدەست خەڵکەوەیە. دوای ئەوەی پەیوەندیم کرد بە برای بەڕێزم کاکە (عەبدوڵا عەبدالڵی) کە ئەوکات بۆخۆی لەشەڕەکەدا بووە، وەکوو سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکان. کووتی کاتێک دیتمان هێزێکی زۆری دوژمن لەوبەری جادەوە ڕاوەستاون و بەنیازی هێرش بون بۆسەر گوندی ئیندەرقاش. زۆربەیان بەسیجی و خەڵکی شەخسی گوندە تورک نشینەکانی دەوروبەری نەغەدەو ورمێ بوون. هەمویان لیباسی شەخسی ڕەنگاو ڕەنگیان لەبەردا بوو. لەگەڵ جاش و پاسداران لێک درابون زۆربەیان تەورو بیورو چەقۆی درێژیان بەدەستەوە بوو. کاتێک چووینە ناودێ دیتمان کەسێکی خەڵکی گوندەکە بەناوی سەعیدعەلاوی قسەی بۆخەڵکەکە دەکرد ئەم کەسە پێشتریش هەر قسەی لەسەر بو کە هاوکاری حکوومەت دەکات لە ژێرەوە بۆیە داوای لەکاک هەژار کرد کە گوندەکە چۆل بکەن و بڕۆن. بەڵام کاک هەژار دەیزانی لەکوێوە قسان دەکات و کێ فێریکردوە، جوابی نەداوە. کاک هەژار ئێمەی دامەزراندو بەشێک لەدەوروبەری دێی پێ ئەسپاردین هەروەها بەشێکی دیکەی بە شەهید برایم سالّە موقەدەم ئەسپارد. تەواو دانەمزرابووین بە هەڵاتن و بە اللە اکبر هێرشیان هێنا و ئێمەش لێماندان. شەڕ دەستی پێکرد، شەڕ بەتوندی بەردەوام بوو لای ئێمە زۆر چاک خۆمان ڕاگرتبوو. لەبەری ئەولاش شەڕهەر درێژەی هەبوو دوژمن کوژراوو بریندارێ زۆر بوو.

بەشی یەکەم

بەداخەوە لەولا برایم ساڵە موقەدەم شەهید دەبێ وپێشمەرگەکان دەکشێنەوە. کاتێک زانمان کووتیان هێزێک لەسەر شاخی فەقرەقا کۆبوونەتەوە دوژمنەو پشتیان گرتووین. ئێمەش کە زانیمان وەزعەکە شێواوەو برایم شەهید بووەو بەرەی شەڕ لەوێ چۆل کراوەو پشتیشمان لە شاخی فەقرەقا گیراوە. ئێمەش کشاینەوەو دوژمن هاتە ناودێ دوایە زانیمان کە ئەوانەی سەر شاخی فەقرەقا دوژمن نەبون، بەڵکوو پێشمەرگەی خۆمان بوون بە هەڵە چووبون ئەوێیان گرتبوو کە دوژمن دێنە ناو گوندی ئیندەرقاش هەر لەڕێوە ٣ کەس دەدەنە بەر گوللەو شەهیدیان دەکەن بە ناوەکانی: ١- خوسرەو ٢- مەحمود پیرۆتی ٧٥ ساڵە ٣- منداڵێکی تەمەن ٥ ساڵ. پاشان خەڵکەکە هەموو لەمزگەوت کۆدەکەنەوە دەست و چاوی هەموویان دەبەستن و دەکەونە لێدان و کووتان و بێرێزی کردن پێیان یەک نەفەر بە لێدان هەرلەوێ گیانی لەدەست دەدات بەناوی مەحمود ڕەسوڵی. پاشان وەکوو سەگی هار دەکەونە ناو ئاوایی هەرچی بەردەستیان دەکەوێ بە گوللەیەک لەسەریان شەهیدیان دەکەن. هەرچی خەڵکەکە هاواری خوداو قورعان دەکەن، ئەوان جنێو بەخودا دەدەن و قورعانەکان بەعەرزێدا دەدەن. ئەم قاتڵ و جنایەتکارو وەحشیانە دەست لە هیچ کەس ناپارێزن. دەچنە مزگەووت ئەوی لەوێ بوون بەدەست و چاو بەستراوی هەموویان دەکوژن و سەری هەندێکیشیان بڕیبوون. بە تەورو چەقۆ سەریان بڕیبوون. بەم شێوەیە زیاتر لە ٥٠ کەسیان لەخەڵکی ئەم گوندانە شەهید کرد. من بۆخۆم کە چوومە ناو مزگەووت هەموویانم بەچاوی خۆم دیت کە چۆن وەحشیانە شەهیدیان کردبوون. کوڕێکی جەوانی ٢٤ ساڵە لەناو خەڵکەکەدا خۆی کردبوو بەمردوو دوایە هەمووی بۆ گێڕاینەوە کەچۆن کەووتنە گیانی ئەو خەڵکە کە منداڵی ٢ ساڵ و ٥ ساڵ و پیری ٧٥ ساڵەیان تێدا بوو. هەزاران سڵاو لەخوێنی پاکی شەهیدانی ئەم گوندانەو هەموو شەهیدانی کوردستان. کورد بۆ هەمیشە خوێنی ئێوە فەرامۆش ناکات و هەتا هاتنەدی ئاواتەکانتان درێژە بەخەبات دەدات و هەرگیز تۆڵەی ئێوەشیان لەبیر نەکردووە لەهێزە چەتەو چەقۆکێشەکانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران. بەڵام هەرگیز سەرکردایەتی کورد ڕێگای نەدا ئەم شەڕە ببێتە شەڕی نێوان کورد و ئازەری، کە پیلانی سەرەکی ڕژێم ئەوە بوو برایەتی نێوان ئەم دوو نەتەوەیە بەدوژمنی بکێشێ.

سوپاس و ڕێز بۆ برای بەڕێزم کاکە (عەبدوڵا عەبدالّی)هاوکاری تەواوی کردم بۆ تۆمارکردنی ئەم جنایەت و کۆمەڵکوژیەی دوژمن بەرامبەر بە خەڵکی کورد لە گوندی (ئیندەرقاش)ی ناوچەی مەهاباد.

یادێک لە شەهید: حەسەن ئاراوەند، ناسراو بە مام حەسەن بازرگان...



شەهید حەسەن ئاراوەند، ناسراو بە مام حەسەن بازرگان. خەڵکی گوندی (بازرگان) سەربەناوچەی نەڵێن ی پیرانشار بوو. مام حەسەن لەسەرەتای شۆڕشەوە هەستی بە زوڵم و زۆری دوژمنانی کردبو لەسەر خەڵکی کوردستان. بۆیە دوای ئاشکرا بونی شۆڕش و خەباتی حزبی دیموکرات دوای ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانی حزب و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی. مام حەسەن یەکێک بووە لە پێشمەرگە ئازاو دڵسۆزو بە نەزمەکانی ناوچەی خۆیان. هاوسەنگەرێکی قورس و قاییم و مەحکەمی پێشمەرگەکان بو لە کاتی شەڕەکان دا. ئەو سەنگەرەی لێی دامەزراب مەگەر شەهید بوایە دەنا بەجێی نەدەهێشت. بۆیە جێگای ڕێزو خۆشەویستی هەمو هاوسەنگەرانی بوو. مام حەسەن زۆر جار لەشەڕەکاندا بریندار بووە، بەڵام هەرگیز وەری بەرزی نەلەرزاوە. مام حەسەن لەهاوینی ساڵی ١٣٧٢ بەرامبەر بە ١٩٩٣ی میلادی لە سەرجادەی ناو ماڵەکانی حزب لە دۆڵێ ئاکۆیان، لە گوندی سووربنە. بەدەستی چەند بەکرێگیراوو جاش ئیتلاعاتیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر دەکرێ. ئەوە یەکەم جار نەبوو کادرو پێشمەرگەکانی ئێمەیان لە باشوور بە درندانەترین شێوە تیرۆر دەکرد، بەدەستی کەسانی خۆفرۆش و نەفەس نزم. هیوادارم ڕۆژێک خەڵکی ڕۆژهەلات جوابێکیان هەبێ بۆ ئەو هەموو شەهیدانەی دەستی تیرۆرو کە زۆر بێ ویژدانانە لەباشوو شەهید کران... یادو ناوت هەمیشە زیندوو مام حەسەن، لەگەڵ هەموو شەهیدانی دەستی ڕەشی تیرۆر. خوێنت بەفیڕۆ ناچێ و ڕێگای خەباتت درێژەی هەیە، کورد و کوردستان سەردەکەوێ.

سوپاس بۆکاک ئەحمد زریان هاوکاری کردم.

سەید یەحیا ڕەحیم صفوی کێیە؟؟؟...



خەڵکی گوندی (لنجان) سەر بە ناوچەی (اصفهان) ە.

لە زەمانی شاهەنشاهی دا لەگەڵ بنەماڵەکەی خەریکی کاری کشتوکاڵ بووە. دەورانی خوێندنی هەر لە ناوچەی اصفهان درێژە داوە. هەتا کاتی ڕاپەڕینی سەرتاسەری خەڵکی ئێران، دوای ڕوخانی ڕژیمی شاە یەحیا صفوی لەگەڵ پاسدار عەلی صیادی شیرازی لە سوپای پاسدارانی اصفهان سازمان دەدرێن. کاری خۆیان لەوێوە دەستپێدەکەن و وەک فەرماندە هەڵدەبژێردرێن.

لەساڵەکانی یەکەمی ئینقلاب وەکوو فەرماندەی سوپای پاسداران دەیانێرن بۆ کوردستان. هەتا لەوێ دەورانی تاقیکردنەوەو ئامووزشی فەرماندەیی تێپەڕێنن. ئەم فەرماندانە دەستیان بە خوێنی خەڵکی کورد سوورەو لە شەڕەکانی کوردستان لەگەڵ پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان جنایەتیان خوڵقاندوە. شارو گوندەکانی کوردستانیان سووتاندوەو وێران کردووە، هەتا بتوانن دەورانی ئامووزشی خۆیان تەواو بکەن و پاشان بچن بۆ بەرەکانی شەڕی ئێران و عێراق.

ئەم فەرماندە جنایەتکارە لە ساڵی ١٣٦٤ هەتا ١٣٦٥ لە فەرماندەیی بەشێک لە سوپا هەڵکشاوە بەرەو سەرتر کراوە بە فەرماندەی گشتی هێزی وشکانی سوپای پاسداران دوای ئەوەی لە کوردستان دەورەی فەرماندەیی تەواو کردووە. هەروەها لەساڵی ١٣٦٧ هەتا ساڵی ١٣٧٦ قایمقامی فەرماندەی گشتی سوپا بووە.

بەشی یەکەم

لەساڵی ١٣٧٦ کراوە بە فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران ، بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لەم پۆستەدا ماوەتەوە. لەساڵی ١٣٨٦ بە دەستووری (خامەنەیی) پاسدار (محمد عەلی جەعفەری) لەجێگای ئەو دانراوە.

خامەنەیی یەحیا صفوی وەکوو دەستیارو موشاویری خۆی دیاری دەکات، بۆ کاروباری پەیوەندی لەگەڵ هێزە چەکدارەکان.


لەوکاتەوە هەتا ئێستاش لەم پۆستەدا ماوەتەوە.

ڕژێمی جنایەتکارو وەحشی ئیسلامی ئێران، نزیک بە ٤٠ ساڵە بە ئاگرو ئاسن جوابی خەڵکی کوردستانی داوەتەوە. بەڵام کورد لە ڕۆژهەڵات نەکوو بەهیچ شێوەیەک نەچۆتە ژێر باری سیاسەتەکانی ئەم ڕژێمە دژی گەلی یە، بەڵکوو وەکوو شاخە سەختەکانی کوردستان بەرامبەری ڕاوەستاوەو نەچەماوەتەوە. ئەم ڕژێمەو فەرماندە نیزامیەکانی هەموویان خۆیان تاقیکردۆتەوە لەسەر خەڵک و پێشمەرگە. زۆریان جێگا گوللەو داغی پێشمەرگەیان پێوەیە. بەڵام لەکۆتایی دا هەموویان لەگەڵ کوردو پێشمەرگە دۆڕاندویانەو شکستیان خواردووە. ئێستاش ئەگەر هێرشک بکەنە سەر پێشمەرگە دیسان شکست دەخۆن. چونکە کوردستان مۆڵکی کوردەو کوردیش زادەی کوردستانە.

لەکۆتاییدا هەر دەبێ ئێوەی تەجاوەزگەر لەکوردستان بچنە دەرێ و ملی خۆتان بشکێنن. بەڵام ئەمجارە بەشێوەیەک دەردەکرێن کە هەمووتان دەکەونە بەر شەقی پیرو کیژو کوڕی لاوانی کورد.

سەردارانی سوپای ڕەش، ڕۆژێک بە زەلیلی و دەموچاوی شکاوەوە دەتانبینمەوە.

یادی ٣٨ ساڵەی شەهیدبوونی نەمر سمایل سمایلزادە



لەڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا... ڕۆژی شەممەی ١٠ی خەزەڵوەری ١٣٦٠ کە دوو ڕۆژ بوو لەناو شاری مەهاباد لەگەڵ هێزەکانی ڕژیم دەرگیر بووین. دوژمن کوژراوو بریندارێکی زۆری هەبوو. تەواو دەستمان بەسەر شاردا گرتبوو. لە ڕۆژی یەکەمی شەڕەکە کاتێک هەوا تاریک بوو تەقە کەم بوبۆوە. جار جار پاسدارەکان لەترسان ڕەگبارێکیان دەکرد. بەڵام جاشێک بەناوی قادر سمێڵ هەر لە بەیانیەوە لە نانەواخانەیەکدا گیری کردبوو. نەیدەوێرا بێتە دەرێ لەترسی پێشمەرگە بۆیە هەرچی خەڵکێک بۆ نان کڕین لەوێ بوون بە بارمتە ڕایگرتبوون. کاتێک بۆی چووین و زۆرمان داوا لێکرد کە بێتە دەرێ و بەهیچ شێوەیەک نامانەوێ ئازارت بدەین. بەڵام بەقسەی نەکردین و لەوکاتەدا فرسەتی هێنا ڕەگبارێکی لێکردین و خەڵکەکەی ئازاد کرد بەناو خەڵکەکەدا هەڵات. بەداخەوە سمایل بوو بە هەدەفی تەقەکانی ئەم جاشە و شەهید بوو. بەداخەوە قادر سمێلی جاش توانی خۆی ڕزگار بکات. بەڵام هەر تەنها دوو ڕۆژی تر توانی بژی. کوڕەکانی هەستەی ناو شار بەسزای خۆیان گەیاند. دیارە تەواوی ئەم عەمەلیاتەم بەدوورو درێژی نوسیوەتەوە لە بیرەوەریەکانمدا بە هاوکاری ئەو پێشمەرگانەی لەو عەمەلیاتەدا بەشدار بوون. هەرکەس دەیەوێ بە وردی لەم شەڕە ئاگادار بێ، دەتوانێ لە بیرەوەریەکانی من دا بچێتە سەر دیواری فەیسبووکی من لەوێدا پێشکەشم کردووە. هەزاران سڵاو لە قارەمانیەتی و خۆنەویستی سمایل و هەموو شەهیدانی کوردستان. شەهید سمایل هاوڕێ و پارێزەرو شۆفێری فەرماندەری گەلەکەمان شەهید سەروان ئەحمەد جاویدفەڕ ناسراو بە کاک (هەژار) بوو. پێشمەرگەی بنکەی هێزی پێشەوا بوو. یادت هەمیشە زیندوو ڕۆحت شاد بێ. کوڕە ئازاو بەجەرگەکەی حزبی دیموکرات. بۆ هەمیشە نەمرو زیندووی لەدڵی هەموماندا.

یادێک لە شەهید: ئەبوبەکر ئەحمەدی...



خەڵکی شاری مەهاباد لەدایک بووی گوندی (یارانّی) سەر بەناوچەی گەورکایەتی مەهاباد بوو. کوڕی بنەماڵەیەکی یەکجار هەژارو دەستکوورت بوو. هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە ئەبوبەکرم دەناسی. هاوڕێیەتیمان زۆر سەمیمانەو پتەو بوو• زۆرم خۆش دەویست کوڕێکی بێدەنگ و لەسەرەخۆو هێمن بوو. دەنگێکی نەرم و شەرمێونانەی هەبوو. زۆر ڕێزی بەرامبەرەکەی دەگرت. خاکی و دڵ ساف و بێگەرد بوو. زۆر خۆماڵیانە ڕەفتاری دەکرد. لەگەڵ خەڵکی گوند نشینەکان زۆر لەسەرەخۆو بە ڕێزەوە ڕەفتاری دەکرد. چونکە بۆخۆی خەڵکی گوند بوو، لە ئێمە زیاترو باشتر هەستی بەداب و نەریت و فەرهەنگی خەڵکەکە دەکرد هەمیشە دەیگووت ئێمە چەکمان بۆ ئەو خەڵکە هەڵگرتووە، پێویستە لەڕاسای چاوەڕوانیەکانی ئەواندا بین. زوو زوو سەردانی دەکردم بۆ ناوچەی لکی ١ لەوێ چەند ڕۆژێک دەمایەوە لە لای ئێمە. جارێک سەردانی ئێمەی کردبوو ئێمەش عەمەلیاتی شارمان بەدەستەوە بوو. وەکوو میوان بردمان لەگەڵ خۆمان، زۆری پێ خۆش بوو. من پێشمەرگەی پەلی شاهۆ بووم لە لکی ١، ئەویش پێشمەرگەی لکی ٣ بوو• ئەبوبەکر لەپەلی شەهید (ڕەحیم باڵغی) سازمان درابوو. هەتا سەرئەنجام لە عەمەلیاتێکدا لە ڕێکەوتی ڕۆژی ٥ شەممە ٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لە شەش ڕێیانی ناوچەی مەنگوڕان لە شەڕێک دا شەهید دەبێ. تەرمی شەهید لە (کانی سپی) بە خاکی پاکی کوردستان دەسپێردرێ. هەر لەو شەڕەدا خدر بەخشی شەهید دەبێ، کە جێگری پەل بوو.

ڕۆحت شادو یادو ناوت هەمیشە زیندوو ئەی هاوڕێی شەهیدم. دڵنیابە خوێن و زەحمەتەکانت بەفیڕۆ ناچن و کورد سەردەکەوێ.

یادێک لە شەهید شەمسۆڵا موزەفەری...



ئەم جارە پێکەوە دەچینە ناوچە جوان و دڵرفێنەکەی(ڕەوانسەر) لە مەڵبەندی کرماشان بەشێک لە بەهەشتی کوردستان. یادێک دەکەینەوە لە شەهیدی هەمیشە زیندووی خەڵک و حزب شەهید (شەمسۆڵا موزەفەری). شەهید، لەدایک بووی گوندی (خەراجیان) سەربەناوچەی ڕەوانسەرە. وەکو زۆر منداڵانی دیکەی ئەم کوردستانە لەبەر هەژاری بنەماڵەکەی نەیانتوانیوە بینێرنە بەرخوێندن. دوای ڕوخانی ڕژێمی شاهەنشاهی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی هەتا ئەو کاتەی خومەینی دەستووری جهادی بە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاندو شەڕیان بەسەر کوردستاندا سەپاند. شەمسۆڵا لەگەڵ ٢ برای تری بە ناوەکانی(سەیفلوڵا و ئەولحەمی) بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیان پۆشی و لەڕیزی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات دا چەکی شەرەفیان کردە شانیان. شەمسۆڵا زۆر زوو توانی جێگای خۆی لەدڵی خەڵکی ناوچەکەو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی دا بکاتەوە. بە نیشاندانی توانا و ئازایەتی لەشەڕەکاندا سەرنجی هاوسەنگەرانی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو هەر بۆیە وەکوو سەرپەلی پەلێک لەپێشمەرگەکان دیاری دەکرێ. شەمسۆڵا پێشمەرگەیەکی ئازاو لەخۆبوردو، دڵ پاک و سادە، گورجوگۆڵ و بزۆز، شەرمێون و خۆنەویست، بوێر، ڕەفتار خۆش و قسە خۆش، هەروەها دەنگ خۆش لە چڕاندنی هورەدا، ڕاوچیەکی باش و لێزان. هەموو ئەمانە کەسایەتی ئەم قارەمانەیان پێک هێنابوو. لەزۆربەی شەڕەکانی ئەم ناوچەیە فەرماندەیی شەڕەکانی کردووەو زەربەی زۆر گەورەی لە هێزی دوژمنان داوە. شەمسۆڵا لەشەڕەکاندا کێوێک بوو لە ورەو ئیمان و باوەڕ بۆ هاوسەنگەرانی. کاک حاتەم مینبەری هاوسەنگەری شەهید شەمسۆڵا، بەم شێوەیە باس لە شەڕێک دەکات کە شەمسۆڵای تێدا شەهید بوو. ئەم چەند دێڕەی کۆتایی شەڕەکە وەکوو خۆی دادەنێم... ٢٠ - ٣٠ میترێکی فرە ڕووتەن و ساف بوو. وەک

بەشی یەکەم

دانـە بڕێشکەش تیری دژمنمان بـە سەر دا ئەبـاری و سانیەیەک لە ژیـانی هەر کامەماندا ئەیتوانی مانای مەرگ و مانی پێـوە بێت. دانە دانە پێشمەرگە بریندارەکان رەد بـوون. یەکێکیـان جـارێکی تـر بەرکەوت و لاقـی بریندار بـوو. خـۆێن لە سـەر ئەژنۆیەوە فیشقەی بەست و هـاواری ئەگەییشتە ئاسمان. شەمسـۆلا لەم رێگە سـەخت و پـڕ خەتـەرە دا هەم فەرماندە، هەم تەقەکەر و هەم لە هەڵگرتن و گواستنەوەی ئەم هاوڕێیە بریندارانە دا رۆڵی چارەنووسسازی هەبوو. دواییـن هەنگاوەکانمـان بوو. شەمک کـە تەپ و تۆز سەر، سمێڵە شیرین و چاوە گەشەکانـی داپۆشی بوو بـە شێوەی هەمیشەیی خـوی ئەیگـوڕان: دەی بڕۆ، "باوکپشی" هەڵسە فرەی نەما دەی.... گابەردێک لەونـاودا بـوو ئـێمە دوای دەربـازبوون لە رووتەنیەکە پـاڵمـان پێـوەی دابوو. بـانگـی شەمکمان کرد، سەری بەرز کردەوە و وتی بڕۆن ئەوە منیش هاتم. لـە جێگەی خـوی هەڵسـا، وەک گـوڵە بـوی دەرچوو و گەییشتە پـاڵـی بەردەکە جـارێکی تـر بانگمـان کـرد و دیتمـان پـاڵی داوەتەوە و خەریکە درێـژ ئەبێتەوە .وتمـان حەتـمەن گـاڵتەمـان لەگەڵ ئەکـات. بەڵام بەداخەوە شەهید بـووە لە رێکەووتـی ڕۆژی چوارشـەممە ٩ی جـۆزەردانی ١٣٦٣ی هەتـاوی. کاتی شەهیدبوونی جێگری لک بوو. شوێنی شەهید بوون حاجی ئەول - سەقز.

سوپاس بۆ کاک حاتەم مینبەری زۆری هاوکاری کردم

هەروەها سوپاس بۆ پەیجی شەهید

پاسدار باقری، هەرەشە لە دیموکرات دەکات...



پاسدار باقری، سەر لەشکری سوپای پاسداران و سەرۆکی ستادی هەموو هێزە چەکدارەکانی ڕژیمی تاران.

بۆ چەندەمین جار هەڕەشەی سەربازی دەکاتە سەر حزبی دیموکرات.

پێشتر تەواوی بیوگرافی ئەم سەر لەشکرەی پاسدارانم بەوردی خستبووە بەر دەستی خوێنەران. ڕوونم کردبۆوە کەبۆچی ئەم پاسدارە هێندە دژی خەڵکی کوردو حزبی خۆشەویستی خەڵکی کورده، واتە حزبی دیموکرات.

ئەم پاسدارە باقری،، وەختی خۆی زۆربەی تەمەنی لاویەتی خۆی وەکوو پاسدارێکی دژە کورد لە کوردستان بەسەر برد.

لەلایەن بەڕێوەبەرانی وڵاتەوە ئیجازە پێدراو بوون لە کوردستان بۆ هەر هێرش و بۆمباران و تۆپ و مووشەک باران و وێرانکردنی کوردستان و کوشتنی خەڵک.

لە کوردستان لەماوەی شەڕی نێوان ئێران و عێراق و شەڕ لەگەڵ خەڵکی کوردستان و پێشمەرگەدا، دەورانی تاقیکردنەوەیان بۆ پلەکانی فەرماندەیی تەواو کرد. ئەوانەی ئێستا حوکمی وڵات دەکەن، چ عەمامە بەسەرەکان چ بێ عەمامەکان هەموویان لە کوردستان دەستیان بەخوێنی خەڵک و پێشمەرگە سووره. هیچ جنایەتێک نەماوە نەیکەن دەرهەق بە خەڵکی کوردستان. پاشان توانیویانە پلەکانی سەربازی و ئایینی ببڕن و بگەنە پلەکانی بەرزی سەربازی و عەقیدەتی سیاسی و مەزهەبی.

بەشی یەکەم

باقری کە بەدەیان جار لەشەڕەکانی پێشمەرگەدا سەری پێ نەوی کراوەو شەروالّیان پێ زەرد کردووە، بەدەیان جار لەدەست گرمەو قرچەی چەکی پێشمەرگە لەمردن گەڕاوەتەوە، حەقیەتی بەم شێوەیە هەڕەشە لە ڕۆڵەکانی ئەم خاک و ئاوە بکات و پێیان بڵێ نابێ و ناکرێ نزیک بە ڕۆژهەڵات ببنەوە.

ئەم خاک و ئاوە خاکی پاکی کوردستانەو پێشمەرگەش دروست بوی ئاوی کوێستان و لە ڕەگ و ڕیشەی ئەم خاکەوە سەری دەرهێناوە. بەڵام ئێوە داگیرکەری زۆردارو تەماح کارن.. ئێوە بە فتوای ڕێبەرێکی هیچ نەزان و کەللە پوچ هێرشتان کردۆتە سەر ئەم ئاوو خاکە. ئێوە بەشەڕو تۆپ و فڕۆکە ئەم خاکەتان داگیر کردووە. ئەوەی دەبێ ئەم خاکە بەجێبێڵێ ئێوەی کورد کوژو داگیرکەرن. ئەوڕۆ بەهەر شێوەیەک بێ ئێوە بەزۆری چەک و کوشتن و سێدارەوە خۆتان سەپاندووە بەسەر کوردستان دا بەڵام نە لەئازایەتی ئێوەیەو نە لە بێهێزی ئێمە. هێزی ئێمە خەڵکەکەمانەو هێزی ئێوەش پەت و سێدارەو ئیعدام و مووشەک..

هەتا ئێستاش هەرچی لەتواناتاندا هەبووە دەرهەق بەخەڵکی کوردستان کردووتانەو درێغیتان نەکردووە. لە هەموو شێوەکانی جنایەت و وەحشیگەری کەڵکتان وەرگرتووە، ئاکامەکەشی مانگرتنەکەی ٢١ ی خەرمانان بوو لەسەرتاسەری کوردستان خەڵک مستێکی قورس و تەڕو ئاسنینی لەدم و لووتی هەموو فڕو فیشاڵەکانی ئەسڵی ویلایەتەکاتان دا. کە ٤٠ ساڵە لەکوردستان هەوڵتان بۆداوە. هەمووی لەیەک ڕۆژدا بووە بڵقی سەر ئاو.

ئەگەر وایە ئێوە دەبێ هەرچی زووتر ئەم کوردستانە چۆل بکەن. دەبێ خاوەنانی ڕەسەنی ئەم خاکە خاوەنداری بکەن. هەڕەشەی ئەم جارەشتان وەکوو هەموو جارەکانی تر، هیچ لە وردەو ئیمانی پێشمەرگە کەم ناکاتەوە. پێشمەرگەو ڕێبەرەکانیان لەسەرەتای حوکمی نەگریسی ئێوەوە هەمیشە لەژێر مووشەک باران و بۆمبارانی ئێوەدا بوون و خەباتیش هەر درێژەی هەبووەو دەبێ. حزبی دیموکرات داڕێک نیە بەم بایانەی ئێوە بڵەرزێ٠ زۆریش برینی قوڵمان هەڵگرتووە بەڵام نەنوشتاوینەوە. ئەوە فەلسەفەی زانکۆی پێشەوای نەمرمانە بۆمان ماوەتەوە حەزرەتی پێشەوا (قازی محمد).

سەرداری بێ سەری سوبا : کاتێک ویستت لەکوردستان هەڵێی دەرەجەو قوبەو قۆپچەو ماشەڵاکانی سەرشان و لا ملت لەبیر نەچێ لەگەڵ خۆتیان بەرەوە بۆ ئیمامەکەتان.

زۆرم زەحمەت لەگەڵ ئەم وێنانە کێشاوە...



هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای پێشمەرگایەتیەوە زۆرم بەلاوە گرنگ بووە ناوو یادی شەهیدەکانمان هەر بەزیندوویی بمێنەوە. هەمیشە هەوڵمداوە بیوگرافی هەموویان بە وردی و بێ زیادوکەم بنووسمەوە.

کاتێک تەواو وەخت لەناوچە و ناوخۆی کوردستان بووین، هەموو وێنەی شەهیدەکانم ڕاگرتبوو بە بیوگرافی تەواوی خۆیان. بەڵام بەداخەوە لەبەر هێرشە زەبەلاح و یەک لەسەر یەکەکانی دوژمن بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان چەندین جار ئەم ئالبووم و وێنانە بێ سەروشوێن بوون.

هەتا سەرئەنجام لەساڵی ١٣٦٨ لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ تەواوی وێنەی شەهیدانم چاپ کردنەوە. بۆ ئەم مەبەستە حزب هاوکاری کردم بەشێکم وەکوو بەشی عەکاسی فۆتۆگرافی کردەوەو هەر بۆخۆشم بەڕێوەم دەبرد.

هەتا ساڵی ١٣٧٥ دووجار وێنەی شەهیدانمان خستنەوە سەریەک.

جارێک لە شێوەی کتێبێکدا و جارێک بە شێوەی فیلم. پێویستە بڵێم خوشکە مینا سوارە بەدەنگ ناوو نیشان و چۆنیەتی

بەشی یەکەم

شەهید بوونەکەی بە کورتی دەخوێندەوە لەسەر وێنەی هەر شەهیدێک. لەسەر یەک وێنەو بیوگرافی هەموو شەهیدانمان هەتا ساڵی ١٣٧٥ لە چەندین نەواری ڤیدیۆدا تۆمار کردن.

یادو ناوی هەموو شەهیدانی حزب و گەل هەر زیندووبێ و ڕۆحیان شاد.

خوێنی شەهیدەکانمان زامنی سەرکەووتن و هاتنەدی ئاواتەکانیانە.

بژی کوردو کوردستان، بژی پێشمەرگە.

مردن و سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی گەلەکەمان.

شەرم و ویژدان باشە بۆ مرۆڤ!!...



ئەگەرچی لەم دەورو زەمانەدا کە کورد زۆر دەستکەووتی گەورەی بەدەست هێناوەو سەردەمێک هەموو خاکی کوردستانی خۆی لە دوژمنان ئەستاندبۆوە و تێیدا هێزی پێشمەرگەی جێگیر کردبوو، دوای زیاتر لە ١٠٠ ساڵ شۆڕش و کوشتوکوشتارو ئەنفال و کۆمەڵ کوژی. سادان هەزار شەهیدو بریندار.

لەناو نەسلی تازەی ئەمڕۆییدا بەداخەوە مێژوومان وەکوو حەکایەتە سیحراوی و ئەفسانەکانی هەزاران ساڵ پێشی لێ بەسەر هاتووە، لەکوردستان ٥٠ ساڵ لەوەپێش لە ٩٥%١٠٠ی خەڵک نەخوێندەوار بوون و هیچ زانستێکیان نەبوو، بەڵام هەرگیز وەکوو ئێستا خائین و خۆفرۆشیان نەبووە. هەبوون بوون بە جاش بەڵام لەحەدی تاکە کەسیدا بووە کە ژمارەیان زۆر کەم بووە. خۆیان فرۆشتووە بەڵام خاکیان نەفرۆشتووە. بەڵام ئێستا لەم زەمانی عیلم و پێگەیشتن و خوێندەواریەدا کە دەبوو ئێستا کورد لە گەورەترین و بەرزترین وڵاتەکانی ناوچەکەدا بوایەو بنکەی گەورەترین وڵاتی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ و خاکی پێکەوە ژیانی بەئاشتی هەموو نەتەوەکان و فرە زمان و ئایینیەکان بوایە. بەڵام بەداخەوە ماشالله هەندێک لەسەرانی کورد دەڵێی لە خیانەت و ترازان و خۆفرۆشی وەدوا کەووتون و بەجێماون، ئەوەندە بە پەلەو بێ حەجمینن لەم کارە قێزەونانە لەخاک و وڵات فرۆشتن وەڕەز بوون و ئێستا خەریکی نەتەوە فرۆشتنن.

شەرم و حەیاو خەجاڵەتی شتێکی باشە بۆ مرۆڤ.

ئاخر چۆن دەبێ میللەتێک ئەوەندە ڕیسواو چکۆڵە کرابێتەوە کە بێت باس لەوە بکات بڵێ (ئیزیدی) بۆخۆیان دەڵێن ئێمە

بەشی یەکەم

کورد نین؟ ئاخر من تێناگەم لەلای مرۆڤ چ شتێک خەتی سوورە؟ شەرەف؟ ناموس؟ خاک؟ مەردایەتی؟ تەجاوەز؟ بەدیل گرتنی خوشک و دایک و خێزانەکانمان؟ کرین و فرۆشتنیان لەبازاڕەکانی ئیسلامی ئەسڵی ئیسلام؟ ئێمە بەچی مرۆڤین؟ بەچی لەگەڵ ئاژەڵ جودا دەکرێینەوە؟؟؟

ئەو کەسانەی لە فەیسبووک و لەسەر تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وەکوو کوردو بەزمانی کوردی ئەم ڕستەیە دەنووسن و دووپاتی دەکەنەوە کە دەڵێن ئێزیدیەکان کورد نین. بمرن زۆر باشترە چونکە نە مرۆڤن و نە زیندەوەر. لەبەر چاوی تۆ میللەتێکی وەکوو ئیزیدیەکان بەدیل بگرن و پیاوەکانیان بکوژن و ژن و کچەکانیان وەکوو خەنیمەتی شەڕ بگرن و شەوانە لەناو مجاهید و پیاوانی ئیمانداری ئیسلام دا ئاڵوگۆڕیان پێبکەن و سەوداو کرین فرۆشتنیان پێوەبکەن، هیچ هەستێکی کوردانەو مرۆڤانەت نابزوێ ؟؟ هیچ هەست بە شەرم و نامەردی ناکەی؟؟ هیچ مووچڕکت بەدڵدا نایەت؟؟ هەر لەبەر ئەوەی دینەکەی لەگەڵ تۆ جیاوازە بۆیە هیچ بەرەنگاریەکی لێناکەی؟ ئاخر ئەوە ئەو دینە وای بەسەر هێناون کە ئێمەش هەمان قورئان و هەمان پێغەمبەرو هەمان خودامان هەیە.

ئەگەر هاتبا ئەو کارەساتە بەسەر ئێوەدا هاتباو ئێستا ئێوە لەجیاتی ئیزیدەکان بوونایەو تەواوی دایک و خوشک و منداڵەکانیان بردبان و کەسیش دیفاعی لێ نەکردبان حاشاتان لەکورد بوونی خۆتان نەدەکرد؟؟؟؟؟

ئیزیدیەکان لە هەرە کوردە ڕەسەنەکانی کوردستانن زمانیان کوردیەو داب و نەریت و فەرهەنگی تایبەت بەخۆیان هەیە. پێویست بوو ئێمە وەکوو کورد لە خۆمان زیاتر ئاگاداریمان لەوان کردبایە، نەکوو بەدەستی خۆمان لەخۆمانیان دوور بکەینەوەو وایان لێبکەین حاشا لەهەموو کوردایەتی و هەتا دراوسێیەتیشمان بکەن.

بۆیە پێویستە هەرچی زووتر ڕێبەرانی کورد بەتەواوی شەرمەزاریەوە بچنە خزمەتیان و لەسەر چۆک دابنیشن بەرامبەریان و چاویان بنوقێنن و داوای لێبوردنیان لێبکەن. بەڵێنیان پێبدەن هەتا کوردێک هەبێ بەرەنگاریان لێبکەن و بیانپارێزن، بەڵکوو ئەوان بەگەورەیی خۆیان ئێوەی بێ هەست و بێ وەفاو بێ وێژدان ببەخشن. ئەگەر من ئیزیدی بوومایە هەرگیز کوردم نەدەبەخشی.

میللەتێکی بێ زیانی وەکوو ئیزەدی تازە چیان بۆ ماوەتەوە هەتا لەدەستی نەدەن؟؟؟ تۆ بوویتایە هەڵوێستت چی دەبوو .؟؟؟؟

دوای کۆماری کوردستان گەورەترین سەرکەووتنی کورد ڕیفڕاندۆم بوو...



ئەگەر بە ئینساف و وێژدانەوە قسە لەسەر ڕیفڕاندۆم بکەین و (کرمی ئافات) لەناوخۆماندا لاشەی کورد نەخوات و بێ هێزمان نەکات، لەمێژوودا دوای سەرکەوتنە مەزنەکەی پێشەوای نەمر (قازی محمد) و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لەمەهاباد پێش ٧٣ ساڵ لەوەپێش، کوردو ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی بەردەوام لە خەبات دا بوون و کۆڵیان نەداوە هەتا دامەزراندنی هەرێم و حکوومەتی کوردستان لە باشوری کوردستان و سەرئەنجام گرتنەوەی هەموو خاکی داگیرکراو لە لایەن پێشمەرگەو خەڵک و هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەهەموو شارو شارۆچکەکان و ئەو شوێنانەی بە عەرەب کرابوون گەڕانەوە سەر نەخشەی کوردستان و لەکۆتاییدا ئەنجامدانی ڕیفڕاندۆم کە ١٠٠% ٩٢ لە خەڵکی کوردستان دەنگیان بە (بەڵێ) دا بۆ سەربەخۆیی کوردستان. بەهەموو عەییبێکیەوە پێویستە لەسەر هەموومان ڕیفڕاندۆم بەرەو سەربەخۆییە بەهێز بکەین و بیگەیەنینە ئەنجام،، کێشەکانی ناوخۆش بهێڵینەوە بۆ ناو ماڵی سەربەخۆی خۆمان و لەڕێگای دڕووستی خۆیەوە چارەسەر بکرێن نەک لەڕێگای خیانەت کردن و چاوساغی کردن بۆ دوژمنانی سەرسەختی گەلەکەمان.

سەرکەووتن بۆ گەل و پێشمەرگەیەو سەرشۆڕیش بۆ دوژمنان و نۆکەرەکانیانە.

سپاس و یادێک لە سمایل ئەقدەم...



١- وەکوو پێزانین و قەدردانی لە زەحمەتەکانی (سمایل ئەقدەم) ناسراو بە سمایل چکۆڵ، لەجێگای خۆیدایە هەموومان پێکەوە سوپاسێکی بەتین و پڕ لە موحیببەت و دۆستانەی لێ بکەین و، پێی بڵێین هەرچی ناخۆشی و ماندوو بوون و ئازارێکی هەر گوللە یان پڕیشکێک کە لەجەستەت کەووتوە ، ئێمەش هەست بە ژان و برینانەکانت دەکەین. بەڵام چ خۆشە مردن لەگەڵ دۆستانی باوەفاو ئەمەگ ناس. کیژو کوڕانی ڕۆژە سەختەکان بوون بە مێژوویەکی بێ غەل و غەش بۆ نەوەکانی داهاتوو.

٢- یادێک لە سمایل ی خوێن شیرین و قسە خۆش و بزۆز.

ئەم وێنانەی کە دامناون لەسەر بەرگی نوسراوەکەدا، تەنها یەکێکە لە قارەمانیەتی و خۆڕاگری پێشمەرگەکان. وێنەی سمایل و کەماڵ چاوشینی یە. سمایل بەسەر نێردیوانەکەوە دیارەو وێنەکەش بۆخۆی دەدوێ. بەڵام بە پێویستم زانی هەندێک زیاتر لەسەر چۆنیەتی وەی بەرزی پێشمەرگە بدوێم لەو ڕۆژانەی کە خەبات و تێکۆشان لەهەموو کاتێک زیاتر دژوارو سەخت ببۆوە.

هاوینی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی هێزی پێشەوا دەگەڕێنەوە ناوچەی مەهاباد، لەژێر فەرماندەیی شەهید (خدرە سوور) کاتێک لە قوڵایی ناوچە سەرگەرمی کاری پێشمەرگایەتی و ڕێکخراوەیی دەبن، پێش ئەوەی دوژمن بتوانێ لەفکری هێرش کردن دابێ بۆ سەر شوێنی حەوانەوەیان. خدری فەرماندە تەرحی عەمەلیاتێک دادەڕێژێ هەتا ئەوەندەی تر ڕۆحیەی جاش و پاسدارەکان بڕوخێنێ. بۆ ئەم مەبەستە دوو پایەگای گەورەی دوژمن هەڵدەبژێرن و نیشان دەکەن بۆ لێدانیان. دوای

بەشی یەکەم

شناسایی و داڕشتنی تەرحی عەمەلیاتی، پایەگای یەکەم مۆلگەی (گۆمەلیان) بە نیازی گرتن و تێکوپێکدانی. پایەگای دووەم کە هەڵکەووتوە لەسەر گوندی (سەرتان) کە دەکەونە ناوچەی مەنگوڕان. ئەم پایەگایە تەنها بۆ لێدان و سەرگەرم کردنی دوژمن بووە هەتا پایەگای ئەسڵی واتە گۆمەلیان ئاسانتر بگیرێ.

سەعاتی سفرو ناوی نهێنی شەوو دەستەی هێرش بەر دیاری دەکرێن لەلایەن فەرماندەری عەمەلیاتەوە. سمایل چکۆڵ لەدەستەی هێرشبەر دەبێ بۆسەر پایەگای گۆمەلیان، لەکات و ساتی خۆیدا پێشمەرگەکان خۆیان دەگەیەنە بن خاکرێزو سیمی خارداری دەورەی پایەگا. دوای لێدانی پایەگا بە دەنگی دوژمن تۆقێنی ئاڕپێ جی بێدەنگی شەوی تاریک دەشکێ و لەگەڵ قرچەو گرمەی چەکی پێشمەرگە تەواوی دۆڵ و شاخ و لاپاڵەکان دەنگیان دایەوەو هاژەی ڕەگباری تۆڵە ئەستێن شاخ بە شاخ دەنگیدەداوە.

دوای گرتنی سەنگەرەکانی پێشەوەی دوژمن، چەند پێشمەرگە پێکەوە بریندارو شەهید دەبن یەکێک لەو بریندارانە سمایل دەبێ کەزۆر بەسەختی بریندار بوو. هەروەها جەعفەر عەجەم بریندار بوو. بەداخەوە عومەر عومەرزادە خەڵکی قوزلوێی چووک شەهید بوو. شەڕ گەیشتبووە شەڕی نارنجۆک و شەڕی دەستەویەخە. کاتێک فەرماندە خدر وەزعەکە هەڵدەسەنگێنێ دەستووری پاشەکشە دەدات بە پێشمەرگەکان. هەروەها لە پایەگای سەرتان کەماڵ چاوشینی بەسەختی بریندار دەبێ کە بەداخەوە ئێستاش هەر کەمئەندامە. ئەم ٣ پێشمەرگە بریندارە کەهیچیان توانای ڕۆشتنیان نەبوو بەسەر دارەمەیتەوە شاخ بە شاخ و دۆڵ بە دۆڵ بە ناو هێزەکانی دوژمن داو بەناو چەندین کەمین دا دوای چەندین ڕۆژ ڕێگا بڕین بەردەوام سمایل دڵخۆشی هاوڕێیانی دەداوەو شۆخی و قسەی خۆی هەر دەکرد. هیلال پێشمەرگەیەکی ئازاو کادرێکی باشی دەرمانی لەڕێگای شیلانگەوە توانی هەندێک لەخوێن ڕێژی داخلی سمایل بەتاڵ بکات و لەمردن و لە ئازاری زۆر کەم بکاتەوە. سەرئەنجام دوای ڕێگایەکی زۆرو سەخت دەگەنە نەخۆشخانەی شۆڕش و چارەسەری پێویستیان بۆ دەکەن. هێشتا سمایل برینەکانی ساڕێژ نەبوبونەوە دوای ٣ مانگ لەگەڵ تیمێک لە پێشمەرگەکان گەڕایەوە بۆ ناوچەو پاش ماوەیەک کاک سەدیق بابایی سمایل دەنێرێتەوە بنکەکانی سابت.

سمایل گیان دیسان سوپاس لە هەموو ئەو زەحمەتانەی کە کێشاوتەو سوپاس لە بیروباوەڕی پتەوو شۆڕشگێڕانەت تەواوی ئەو شێرە کوڕانەی لەڕۆژە سەختەکاندا پیاوانە مانەوەو درێژەیان بەشۆڕش دا هەتا توانیان وەکوو قارەمانێکی هەمیشە زیندوو لەناو دڵ و دەروونی خەڵکدان و جێگای ڕێزن.

بژی کوردو کوردستان، بژی پێشمەرگە، بژی ڕێبوارانی ڕێگای پێشەوا.

کوردستان دڵی دوژمنی مووشەک باران کرد!!!...



ڕۆژهەڵات هەموو شارو گوندەکانی بەیەکەوە (سێرەو نیشانەی)مووشەکەکانیان گرتە ناوەڕاستی دڵی ڕەشی داعشەکانی تاران و لە ڕۆژی مێژوویی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ بەرامبەر بە ١١ - ٩ - ٢٠١٨ دەستووری تەقاندن لەلایەن هەموو حزبەکان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانەوە دەرچوو و واژۆ کرا.

لەم ڕۆژەدا گەلێک کارەساتی دڵتەزێن ڕووبەڕوی خەڵکی ڕۆژهەڵات بوەوە.
قەڵای لەگیرانەهاتووی دیموکرات مووشەک باران کرا
ڕامین و زانیارو لوقمان لەسێدارە دران
دوو پێشمەرگەی دیل و بریندار تیرباران کران
بۆیە پێشنیار بەهەموو حزبەکان دەکەم ئەم ڕۆژە بکەنە ڕۆژی (یەکڕیزی) لەمێژووی کوردا.

لەلایەن سەردارانی بێ سەری سوپای ڕەش و جنایەت، داوای چەک دانان و تەسلیم بوون لە حزبی دیموکرات کراوە.

هەمووی ئەمانە لەیەک ڕۆژدا ڕوویدا. لەکاتێکدا حزبەکانی کوردستان هەرچەندە یەکگرتوو نەبوون پێکەوە، بەڵام دوای ئەم کارەساتانە هەستیان بەوەکرد کە یەکگرتن و یەکڕیزی گەورەترین و بەهێزترین مووشەکە لە وەڵامی مووشەکەکانی ڕژێم و جنایەتەکانی.

بەشی یەکەم

بۆیە داوامان لەخەڵکی خۆمان کرد لەم ڕۆژەدا لەماڵەکانتان مەیەنەدەر و دوکان و بازاڕەکانتان داخەن، بەنیشانەی هزرو ئیرادەو قەبوڵ نەکردنی زوڵم و زۆر لە ڕژیمی سەرتاپا قێزەوونی شیعەی داعشی تاران.

وەکوو میللەتێکی زیندوو و بەئیرادەو بەهێز هاتن بەپێشوازی داوای حزبەکانیان و ئەم ڕۆژەیان کردە ڕۆژێکی میژوویی پڕشنگدارو سەربەرزی بۆ خۆیان و سەرتاسەری خاکی پاکی کوردستان.

سوپاس،، سوپاس،، سوپاس خەڵکی ڕۆژهەڵات.

بژی هێزی بەهێزی گەل

بژی کوردو کوردستان

بژی یەکڕیزی و یەکدەنگی.

سەرکەووتن لە یەکێتی دایە.

٣٧ ساڵ پێش ئێستا. (شاناز قوربانی ئەقدەم) ناسراو بە(بەهار).



ئەم کچە شۆڕشگێڕو قارەمانە بەدەستی جنایەتکارەکانی ڕژێمی فاشیستی دینی مەلاکان، لەشاری مەهاباد لە ڕێکەووتی ١٦ی خەرمانانی ١٣٦٠ لەبەرەبەیانییەکی زووا تیرباران کرا.


بە شاهیدی ئەو جاش و کەسانەی لەکاتی تیرباران کردنیدا لەوێ بوون، دەگێڕنەوە دەڵێن کاتێک هێنایان تیربارانی کەن.. زیاتر وەکوو شێرێک دەهاتە بەرچاو نەک وەکوو کچێکی دەست و لاق بەستراو. لەجیاتی ئەوەی کە بترسێ و بپارێتەوە،، ترس و وەحشەت سەروچاوی تەواوی ئێمەی داگرتبوو، بەشێوەیەک سامی لەسەرمان زۆر بوو موچرکمان بە گیاندا دەهات. بەهار دەست و لاقی زنجیری تێدابوو چاویشی بەسترابوو، زوو زوو سەری ڕادەوەشاند هەتا بتوانێ چاوبەندەکە لێبکاتەوە، یەک دووجار قیژاندی بەسەر جەلادەکاندا کە چاوم بکەنەوە من شەرمەندە نیم هەتا چاوم ببەستن و لە ئێوەش ناترسم. فەرماندەکە ئیشارەتی بە پاسدارێک کرد کە چاوی بکەنەوە٠ کاتێک پاسدارەکە چاوی بەهاری کردەوە، یەک دووجار چاوی بە تۆندی نوقاندوو کردیەوە، ئاخر چاوبەندەکە چاوی عەزیەت دابوو، چاوێکی بەهەموماندا گێڕاو کەچاوی بە جاشەکان کەووت زۆر بەسووکی و بێ بایەخانە بۆ چەند چرکەیەک چاوی لێکردن و بە شێوەیەکی گاڵتە پێکردن و بەکەم زانین پێی گووتن، ئێوە بۆ لێرەن ؟ ئەوانە پاسدارن و دوژمنن، بەڵام ئێوە چ سیغەیەکن لێرە بەخۆشتان دەڵێن کوردە؟؟، شەرەف و غیرەت و پیاوەتیتان قەبوڵ دەکات لەم کارەساتەدا لێرە ڕاوەستن.؟؟ بە قێزەوە چاوی لەسەر هەڵگرتن و ڕووی لەپاسدارەکان کردو گووتی تکایە بۆخۆتان تیربارانم بکەن نامەوێ لە ئاخرین ساتەکانی ژیانمدا ئاگری تفەنگی زۆڵە کوردێک ببینم ڕوو بە سینگم،، بژی حزبی دیموکرات بژی کوردو کوردستان،، پاشان ڕووی لە ئاسمان بڕی و

بەشی یەکەم

سەری وەکوو هەڵۆ بەرز ڕاگرت و سروودی ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان،، کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە،، زیندووە قەت نانەوێ،،، لەناکاو دەنگی چەخماخە لێدانی تفەنگەکان دەنگیان دایەوەو تفەنگەکان لەسەرپێ بوون، بۆ ٣ چرکە سروودەکەی ڕاگرت و سەری داگرت و چاوێکی لێکردن زانی هەموو شتێک تەواوە تەنها گوێ بیستی دەنگی فەرماندەکە بوو کە یەک بەخۆی بڵێ (اتش) ئاگری بدەن. سەری بەرز کردەوەو درێژەی بەخوێندنی سرودەکەی دا و گووتی زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان،، هەموومان چاومان بڕیبووە چاوی فەرماندەکەو گەورەیی و غیرەتی ئەم کچە ئازاو بێ باک و خۆنەویستە کوردە. دەتگووت زەمان و کات دنیاو فەلەک هەمووی سەبر بوونەتەوە کات زۆر بەهێواشی تێدەپەڕی. هەموو شتێک لەپێش چاومان چکۆڵە بوو تەنها بەهار بوو لەپێش چاومان چەند ئەوەندە گەورەتر دیاری دەکرد. بااڵی ئەوەندە بەرز بوو لەبەرچاوانمان ئێمە خۆمان لە ئاستی پێاڵاوەکانیدا دەدیت و پێمان وابوو ئێمە لەبەرامبەر ئەودا ئەوەندە چکۆڵەین کە ڕەنگە گوللەکانمان نەیگاتێ و نەیبڕێ.. پێیەکانی لەکاتی خوێندنەوی سروودەکەدا ڕیتمی سەربازی پێدەکردن. تفەنگەکان بەرز کرانەوە ڕوو بە دڵ و سینگی نیشانە گیرابوو، دڵی کچێکی کورد هەرچەند تەنها مشتێک دەبوو بەاڵم هێندەی دڵی هەموو کوردو کوردستان گەورە بوو، لە نێوان کچە شۆڕشگێڕێک و داگیرکەراندا هەر چەند مەترێک دەبوو هێشتا گوللەی وێنەکووتبوو، ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوورو شۆڕشین،، سەیریکە خوێناوییە تەواوی نەکردبوو کە دەنگێکی بەرز گووتی (اتش) دەتگووت گوللەکانیش سەبر و هێواش دەڕۆن هەتا سروودەکەی تەواو بکات جا سینگی شێرانەی هەڵدڕن، بەربۆوە هێشتا لێوەکانی دەجوڵان و دیاربوو باقی سروودەکەی تەواو دەکرد. خوێنێکی گەرم و سوور کە وەک جۆگە و کانییەک دەخوشی و سەرلێشێواوانە دەڕۆی، لە پێش چاومان دەتگووت ئێستا دەبێتە دەریایەک و هەموومان تێیدا نوقم دەبین و دەخنکێین، خوێنەکەشی سام و ئوبوهەتی هەبوو هەرگیز نەمدەوێرا پڕ بەچاوان لە خوێنەکەشی بڕوانم، تەرمی ئەو کچە قارەمانە کەووت و سارد بۆوە، بەاڵم خۆێن هەر دەڕۆیی و نەیدەزانی لە کوێ ڕاوەستێ. چاوەکانی هەر دەیانڕوانی، ڕەنگی هیچ تێکنەچووبوو، هەموومان شەرمان لەخۆمان کرد، دیاربوو دەموچاوی پاسدارەکانیش بزرکابوون هیچ خۆشحاڵیەک لەدەموچاوی ئەوانیشدا نەدەبینرا.

چەند ساڵێکیش تێپەڕی بوو بەاڵم ئەو ساتانە هەمیشە لەپێش چاومدا دێن و دەچن، هەست بە گوناح دەکەم، هەست بە چکۆڵەیی و خوێڕیەتی خۆم و هەست بە گەورەیی و غیرەت و شەرافەتی ئەوکچە کوردە قارەمانە دەکەم، زۆر جار بە تەنیاو بەبێدەنگی چوومەتە سەر گۆڕو مەزاری ئەم قارەمانەو داوای لێبووردنم لێکردووە، بەاڵم کوا ئەو ئەوەندە چکۆڵەیە من نەبەخشێ.

یادێک لە شەهیدان: وەستا ئەکرەم و سولەیمان نازداری...



ئەکرەم ئەحمەدی ناسراو بە (وەستا ئەکرەم) خەڵکی مەهاباد، بەڵام لەدایک بووی گوندی قالوێ بوو. پێشمەرگەیەکی بەئەزم و فیداکار، بەدەست و بردو بوێر بوو،کوڕێکی جێگای ڕێزو باوەڕی هاوسەنگەرانی بوو، پارتزانێکی چوست و چالاک و هوشیار بوو لەباری شەڕی پارتیزانیەوە.


سولەیمان نازداری: ئەوەندەی من لەبیرم بێ سولەیمانم هەر بە پێشمەرگایەتی دیوە. لە سەرەتای شۆڕشەوەو پێکهاتنی هێزی پێشمەرگەوە، سولەیمان هەرچەندە ئەوکات تەمەنی لەئێمە زۆرتر بوو ژن و منداڵی هەبوو، بەڵام هاتە ناو ڕیزی شۆڕش و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی و چەکی هەڵگرت بەدژی داگیرکەرانی کوردستان. سولەیمان کوڕێکی بە ئەدەب و زۆر بێدەنگ و بێ گلەیی بوو. لەدایک بووی گوندی کەپەکەند بوو بەڵام لە مەهاباد گەورە ببوو. لەزۆربەی هەرە زۆری شەڕەکان دا بەشداری هەبوو. پێشمەرگەکان دوای عەمەلیاتێکی سەرکەووتوانە بۆ پشودان دەچنە شاخەکانی پشتی ئاوایی (شێخ چۆپان و سارده کوێستان) پێشمەرگەکانی هێزی پێشەواو لە پشتی شێخ چۆپان دەمێنەوەو پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لەسارده کوێستان. هێزەکانی دوژمن بەهێزێکی زۆرو زەبەلاحەوە هێرش دەکەنە سەر پێشمەرگەکان بە تۆڵەی شکستی چەند ڕۆژ پێش. کە زەربەیەکی باشیان خواردبوو. لە ڕۆژی ٥ شەممە ١١ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی دوژمن بەرەو شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگەکان پێشڕەوی دەکات. کاتێک پێشمەرگەکان لە هێرشی دوژمن ئاگادار دەبنەوە. بۆیان دەچن و لەناو

بەشی یەکەم

گژو گیای کوێستانەکانی ئەم ناوچەیەدا وەکوو شێ، بەشێوەیەک پەلاماری دوژمن دەدەن کە ناهێڵن سەریان بەرز کەنەوە لە ئاستی پێشمەرگە. بەشێوەیەک هەر جاش و پاسدار بوو دەستیان بەرز دەکردەوەو تەسلیم دەبوون. پێشمەرگەکانی هێزی بەیان وەکوو هەڵۆ کەووتبونە سەر نیچرەکانیان و فرسەتی هیچ دژکردەوەکیان پێنەدان. لەهەموو لایەکەوە دوژمن کەوتبووە ناو داوی پێشمەرگەکان و زیاتر لە ١٥٠ کەس بەدەستی قارەمانەکانی گەل کوژراوو بریندارو دیل هەبوو لە دوژمن. دیارە سەربازێکی ڕژیم کە چوار ڕۆژ پێشتر ئەسیر کرابوو لەگەڵ بێسیمەکەی زۆری کۆمەگ بە پێشمەرگەکان کرد، بە پەیوەندی بێسمی لەکاتی تۆپ و خومپارە بارانی دوژمن بەهەڵە شوێنی جاش و پاسدارەکانی دەدا بە تۆپخانەکانی دوژمن. بەداخەوە لە کاتی پێشڕەوی پێشمەرگەکان وەستا ئەکرەم و سولەیمان نازداری لە پشتی شێخ چۆپان شەهید دەبن و تێکەڵ بەکاروانی نەمران دەبن. هەروەها لە پشتی ساردە کوێستان دوو پێشمەرگەی هێزی بەیان شەهید دەبن بە ناوەکانی ١- خالەند ئەمینی ٢- شەهید مستەفا گوڵزاری. یادو ناویان هەمیشە زیندوو و ڕۆحیان شاد بێت. تەرمی پێشمەرگە شەهیدەکان لەساردە کوێستان بە خاکی پاکی کوردستان دەسپێردرێن. زۆر سوپاسی کاک سمایل ئەقدەم دەکەم هاوکاری و هاوفکری کردم.

هەروەها وێنەی شەهیدەکانم لە مالپەری شەهید وەرگرتووە سوپاس بۆ زەحمەتەکانی کاک سەلاح شەشە.

یادێک لە نەخۆشخانەی حزبی دیموکرات لە گوندی (دەشتێوو)...



لە شەستەکانەوە ئەم نەخۆشخانەیە لە جێگایەک بە ناوی (دەشتێوو) لەلایەن حزبەوە دروست کرابوو، ئەم جێگایە دەکەوێتە بەر داوێنی شاخی (مامەندە) و زنجیرە شاخە سەختەکانی (دووپەزە) کە درێژ دەبێتەوە بە درێژایی سنووری دەستکردی نێوان هەردوو وڵات ئێران - عێراق. بە دیووی باشووری کوردستان دا، ڕێگای هاتوچۆی لە شاری (قەڵادزە) وە بوو، تەداروکات و پێویستیەکان لەم شارەی باشووری کوردستانەوە دابین دەکرا، دیارە ئەوکات ئەو ناوچانە خەڵکی تێدا نەمابوون بە هۆی گرنگی ناوچەکە کە ناوچەیەکی سنووری بوو جەبهەکانی ئێران و عێراق بەرامبەر بەیەک لە شەڕدا بوون. ئەوکات زۆربەی زۆری ناوچە سنووریەکان بەدیوی ئێراندا واتە خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگە دابوون، بۆیە ئاسایشی ئەم خۆشخانەیە پارێزراو بوو. دیارە پێشتر ئەم نەخۆشخانەیە لە (ئالانی سەردەشت) بوو لە گوندێک بەناوی (مەزناوێ) ئەوکات بەهۆی تۆپ و خومپارە بارانکردنی ڕژێم لەسەر نەخۆشخانەکە، حزب مەجبوور بوو بیگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی دوورتر کە دوژمن نەتوانێ تۆپ بارانی بکات. لەپێشدا بەو هەموو بریندارەوە دێنە ناوچەی (گەناو) لەوێ بێ ئەوەی یەک چادریشیان هەبێ هەر بەو شێوەیە لەو دەشتە دەمێنەوە، چونکە ئەوکات حکوومەتی عێراق ئیجازەی نەدەدا ئەم نەخۆشخانەیە لە شاری (قەڵادزە) بە هیچ شێوەیەک نزیک بێتەوە. بۆ ماوەیەکی کاتی لەو چۆل و دەشتە دەمێنەوە بەبێ ئەوەی هیچ دکتورێکیشان لەگەڵ بێ، تەنها بەرپرسی نەخۆشخانە لەوێ دەبێ کە کاک حەمەدەمین مرادی بوو. بەهۆی نەخۆشی خێزانیەوە کاک حەمەدەمین بۆ ماوەیەک لەوێ نامێنێ هەموو ئەرکەکانی نەخۆشخانە دەکەوێتە ئەستۆی کاک مەولود سواڕە. پاشان حکوومەتی عێراق ئیجازەی بە حزب دا نەخۆشخانەکە بەرنە (دەشتێوو)، لەوێ ماوەیەک چادریان هەڵدان بۆ بریندارو نەخۆشەکان. هەروەها دەفتەری سیاسی دوو کەسی وەکوو سەرپەرشت بۆ نەخۆشخانەکە دیاری

بەشی یەکەم

کرد، کاک سەرهەنگ قادری و مامۆستا گۆران، کادرەکان و پێشمەرگە هەموویان لەفکری ئەوەدا بوون شوێنێک بۆ بریندارەکان دروست بکەن چونکە بەرەو وەرزی سەرماو زستان دەچوون، بۆیە بە بۆلدزێر چاڵی قوڵ و درێژیان هەڵکەندن و دارەڕایان کردن و کۆنە تەلیس و چادری کۆنە پایەگاکانی ڕژێمی بەعسیان دێناو دایان دەپۆشین. سااێک بەم شێوەیە گوزەراندیان پاشان حزب دەستبەکاربوو نەخۆشخانەیەکی باش و بە کەیفیەتی بۆ دروست کردن. کە ئەوکات کاک مەسعود حوسەینی کرا بە بەرپرسی نەخۆشخانەی شۆڕش، لەداوی ئەوە پۆل پۆل دکتورەکانی دۆست لە ووڵاتی فەرەنسا وە دەهاتن لە کوردستان لەم نەخۆشخانەیە خزمەتیان دەکرد، هەر مانگێک پۆلێک دکتور دەهاتن و ئەوانی تر دەگەڕانەوە. لەم نەخۆشخانەیە جەراحی و نەشتەرگەری گەورە ئەنجام دەدران، هەر چەندە حزب دوو نەخۆشخانەی هەبوو یەک لە ناوچەدا بوو بەناوی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ کە دواییین جار لە گوندی (کانی زەرد) بوو. بەڵام نەخۆشخانەی شۆڕش لە (دەشتێوو) دکتورە فەرەنسیەکانی لێ بوون. لەم نەخۆشخانەیە کۆمەڵێک کادری دەرمانی و پێشمەرگەی لێ بوون کە پێویستە بۆ مێژوو ناویان بێنم و سوپاس و قەدردانیان لێ بکەین و (میدالی ئازایەتی) یان پێ ببەخشرێ. هەوڵ دەدەم ناوەکان لەگەڵ کارەکانیان بنوسمەوە کە لەم نەخۆشخانەیە سااێک لەخزمەت پێشمەرگە بریندارەکان و نەخۆشەکاندا بوون و بەوپەڕی گەرمی و دڵسۆزی و میهرەبانیەوە لەگەڵیان جوڵاونەوەو تەواوی هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان داوە بۆ هەرچی سەلامەتی زیاتری بریندارەکان مەولود سواره،، بەرپرسی دەرمانگا و وەرگێڕی زمانی فەرەنسی و بەرپرسی بەخش و بەرپرسی ئازمایشگا ، مەولود توانی لەوێ دوو دەورەی تایبەتی دەرمانی بکاتەوە بۆ کادری دەرمانی هەموو هێزەکانی کوردستان بە هاوکاری دکتورە فەرەنسیەکان. دوای تەواو بوونی دەورەکەیان وەکوو کادری دەرمانی دەگەڕانەوە بۆ هێزەکانیان لە سەرتاسەری کوردستان. بەرپرسەکان بریتی بوون لە ١- کاک مەسعود حسینی ٢- شەهید سەعدوون عەباسی ٣- کاک قاسم قازی. هەروەها کاک قادر فەتحی بەرپرسی بەشی (بێهۆشی) ماپەرە قەرەگۆلی بەرپرسی ژووری نەشتەرگەری،، جەمال کەریمی بەرپرسی ڕادیۆلۆژی، خوسرەو کاشانی بەشی فیزوتراپی،، برایم قادری هونەرمەند بەشی تەداروکات،، مستەفا زەهرایی شۆفێر،، بێسیم چییەکان ١- کاک ڕەحیم مرادی ٢- خوشکە حەیات تەوەکولی ٣- ڕەحیم حەکیمزادە. ئاشپەز کاک ڕەسوڵ. پێشمەرگەکان مام عەلی سەرپەل، برایم قازانی عەبدوڵا مەحموودی، عوسمانە سوور، مستەفا غەزاڵی، حوسین نیگار، سەید ڕەحیم، مستەفا پایان، مام تۆفیق تار زەن سەرجەم کادرەکانی دەرمانی لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا، مەولود سواره،، مینا سواره (خەجیج)،، سەعید قادری،، کەریم سۆفیزادە،، حاجی حسین حەداد،، لوقمان زەهرایی،، برایم فەتحی،، ڕەئوف حەداد،، نیگار،، ڕەحمان مەحموودی،، عەلی بۆکانی،، ئەحمەد هەمزەزادە،، ئاڵا شەنگەپوور،، عەلی پیرۆت،، ئەوین ئازیز،، مەلا قادر لاچینی،، باجە ڕیحان ناسراو بە بێلمە وڕەحیم بوداغی عەلی چکۆڵ،، سەید نەجمە هاشمی،، جەعفەر خەبات،، خوشکە مریەم فارس،، یونس بۆکانی،، نەسرین کەریمی،، هوشەنگ قادری،، ئەبوبەکر محمدپوور،، هەروەها بەشی بەرق عەلی خادەمی ڕاد... پێویستە بڵێم کاک مەسعود تەک و

بەشی یەکەم

خێزانی کە لە حزبی سوسیالیستی باکووری کوردستان بوون لەم نەخۆشخانەیە خزمەتێکی بەرچاویان هەبوو لەبەشی ڕادیۆ لۆژی و لە بەشی دەرمانی وەکوو کادر. پێویستە بڵێم لەم ماوەیەدا جارێک ماشێنی تەداروکاتی نەخۆشخانە لە نێوان قەڵادزەو نەخۆشخانە دەکەونە ناو کەمینی چەند چەکدارێکی نەناسراو کە بەداخەوە باوکی کادرێکی دەرمانی بەناوی حسین فەتحوڵاهی کەهاتبوو بۆ سەردانی کوڕەکەی شەهید دەبێ و کاک مستەفا زەهرایی بریندارو کاک برایم قادری سەلامەت دەبێ. هەروەها دوای داگیرکردنی ناوچە سنووریەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە باری ئاسایشی ئەم نەخۆشخانەیە دەکەوێتە مەترسیەوەو دەکەوێتە بەر هێرشی تۆپخانەکانی سوپای پاسداران. ڕۆژێک دوای کۆبوونەوەی کاک حەسەن ڕەستگار بۆ کادرو پێشمەرگەکان دوژمن بە تۆپ و کاتیۆشا ناوچەکەو نەخۆشخانە ئاگرباران دەکات کە کادرێک شەهید دەبێ بەناوی پیرۆت. پاشان نەخۆشخانە لەبەر تۆپ باران دەگوازێتەوە بۆ بناری قەندیل لە (بۆڵێ) لەوێ هەردوو نەخۆشخانەی (دەشتێوو و ٢٥ی گەلاوێژ) تێکەڵ دەبنەوەو بەناوی نەخۆشخانەی (شۆڕش) دەست بەکارەکانیان دەکەنەوە کە کاک سەلیم ئەردەڵان دەبێتە بەرپرسی نەخۆشخانەی شۆڕش کادرەکانیش وەکو جاران کارەکانی خۆیان ڕادەپەڕێنن لە قەندیل پێویستە سوپاسی ئەم بەڕێزانە بکەم هاوکاریان کردم: مەولود سوارە، ئەحمەد هەمزەزادە، مستەفا زەهرایی، کەریم مەعروفی پێویستە نەخشی هونەرمەندان کاک برایم قادری و کاکە مکائیل و مام تۆفیق تارزەن بەرزو بەڕێز لەبەرچاو بگرین کە لە زۆربەی کاتەکاندا بۆ دڵخۆشی و دڵنەوایی بریندارەکان و کادرو پێشمەرگەکان خۆشترین و بە کەیف ترین بەرنامەی گۆرانی و هونەرییان پێشکەش دەکرد هەرچەندە ئالەتی مۆسیقایان تەنها سازەکەی مام تۆفیق بو بەڵام بە لێزانین و وەستایی لە هونەردا بێهاوتا بون.

بڕی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

یادێک لە شەهید قادر ئاکلیۆن...



قادر ئاکلیۆن لەشاری (مەهاباد) چاوی بە دنیا هەڵێناوە، لە باوەشی بنەماڵەیەکی دەست کورت و هەژاردا، دەورانی خوێندنی سەرەتایی لە مەهاباد تەواو کردوە. لە دەورانی لاویەتیدا شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران هاتە کایەوەو بە هۆی داسەپاندنی شەڕ بەسەر خەڵکی کوردا لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوەو دەرکردنی جەهاد لەلایەن (خومەینی) و بەکافر لەقەڵەمدانی کورد شەڕێکی نا عادڵانەو نا بەرامبەر بەسەر گەلەکەماندا سەپا، لە جوابی خواستە بەحەقەکانی گەلی کوردەوە. بۆیە قادر ئاکلیۆن وەکوو زۆربەی زۆری لاوانی کوردستان. دوای ئەوەی نەیتوانی چیتر لەناو شاردا کاری نهێنی ئەنجام بدا وەکوو هەستەیەکی چالاک، شار بەجێدێڵێ و دێتە ناو ڕیزی پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان و لیباسی پیرۆزی پێشمەرگە دەپۆشێ. قادر لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەکانی کوردستان بەشداری چالاکانەی کردوەو پێشمەرگەیەکی ئازاو ڕۆح سووک و خۆشەویستی هاوسەنگەرانی بوو. قادر کەسێکی هوشیارو پێشمەرگەیەکی ناطق بوو، لەهەمان کاتدا پێشمەرگەیەکی باشی چالاک بوو لە باری هونەری (شانۆگەری) لە چەندین شانۆدا زۆر سەرکەووتو بوو هەتا پاشان لە شانۆی (کاوەی ئاسنگەر) دا کە لە دەرهێنان و ئامادەکردنی کاک (هاشم ڕۆستەمی) بوو منیش فیلمی تەواوی شانۆکەم هەڵگرتەوە، قادر دەورێکی یەکجار بەهێزو سەرەکی گێڕا لە دەوری (زوحاک) ئەم شانۆیە لە شارەکانی باشووری کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر بەڕێوەچوو کە لەگەڵ گەورەترین پێشوازی لێکرا لە لایەن خەڵکەوە. دیارە ئەم تیپە واتە تیپی هونەری حزبی دیموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ. زۆر شانۆو سروودو گۆرانی و هەڵپەڕکێ و کاری هونەری شۆڕشگێڕیان تۆمار کرد لە کاتی خۆیدا زۆر جێگای شانازی بوو کە بەو شێوە فراوانە خەڵک پێشوازیان لێ دەکرد

بەشی یەکەم


وەکوو شانۆی (چرۆی وەریو) لە ئامادە کردن و دەرهێنانی مامۆستا (بێ بەش). قادر یەکێک لەسەرکەووتوترین هونەرمەندەکان بوو کە جێگای سەرنج بوو.. دیارە لەو تیپە شانۆگەرانە بە داخەوە زۆریان ئێستا لەناواندا نەماون و شەهید بوون، یادو یادگارەکانیان هە زیندوو بن.

قادر نازانم لەبەرچی و بە چ هۆیەکەوە بوو خەبەرمان زانی کە چوەتەوەو خۆی تەسلیم بە دوژمن کردۆتەوە، پاش ماوەیەک کە لە مەهاباد ژنی هێنابوو لەگەڵ خێزانی هاتەوە دەرێ و لە شاری ڕانیەی باشووری کوردستان نیشتەجێ ببوو. هەر لە شاری ڕانیە منداڵێکیان بوو.. قادر لەو ماوەیەدا لە پشدەرو ناوچەی ڕانیە کاری زۆر باشی بۆ حزب ئەنجامدا بۆیە پاش ماوەیەک تیرۆریستەکان و پیاوکوژەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەیگرن و پاش ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر زۆر بە شێوەیەکی دڕندانەو دوور لە بەهاکانی مرۆڤایەتی بە زۆری (ئەسید) واتە (تێزاب) یان دەرخوارد دابوو. پاشان لە تەرمەکەی فرێدەدەن و لە گۆڕستانی شەهیدانی حزب لە ڕانیە بە خاک دەسپێردرێ،،

ڕۆحت شادو یادت بەخێر...

سوپاسی کاک سمایل ئەقدەم دەکەم کە هاوکاری کردم بۆ ئەم بابەتە...

هاوڕێ (سوڵتان گوڵاوی) بەم شێوەیەی کە دیویەتی بۆی گێڕامەوە...



ئێمە پێشمەرگەکانی لک٢ی هێزی پێشەوا، ماوەیەک بوو لەناوچەی شاروێران بووین. لکی١ پێشمەرگەی کەمیان لە ناوچەکە مابوو. گەڕابوونەوە بۆ ناوچەی (مەحاڵ) سەرەتای ساڵی ١٣٦٢بوو ئێمە ماوەیەک بوو لەجەولەدا بووین لەشاروێران. ئێمە زۆربەمان لە گوندی (لەج) بووین،، کە هەر ئەو شەوە هەندێک لە پێشمەرگەکانی لکی١ گەڕابوونەوە شاروێران. لەڕۆژی ٤ی خاکەلێوەی ١٣٦٢ دوژمن بەهێزێکی زۆرەوە هێرشی کردە سەر گوندی (قومقەڵا) بەرپرسەکانی ئێمە خەریکی ئەوە بوون بزانن چۆن و لەکوێوە بەرەنگاری دوژمن ببینەوە. بۆ ئەم مەبەستە دەبوو چاوەڕوانی فەرماندەری لک بکەین کە کاک (چرچە) بێت و پێشمەرگەکان و جێگاکان دیاری بکات. کاک چرچە فەرماندەری لکی٢ بوو. دوای ماوەیەکی کورت هەموومان کۆبوینەوەو بەرەو گوندی قومقەڵا بەڕێکەوتین، وادیار بوو لەو ماوەدا کاک جەعفەر گوشوارە هاتبۆوە بۆ گوندی (لەج) و لەگەڵ هاوڕێیانی بە خێرایی باسی چۆنیەتی هێرشەکەی دوژمنی کردبوو، لەگەڵ کاک چرچە ساغ ببوونەوە هێرش بکەنە سەر دوژمن لە (قومقەڵا). هەموومان تێکەڵ بووینەوەو پێکەوە زۆر بە خێرایی بەرەو (قومقەڵا) بەڕێکەووتین. دیتمان لەناودێ ڕا تەقە لەدەوروبەری قومقەڵا دەکرا دەنگی تەقە هەبوو، بەڵام تا ئێمە زیاتر نزیکتر دەبووینەوە تەقە بەرەوڕوی ئێمە زیادی دەکرد. بەڵام ئێمە بێ گوێدان بە تەقەی دوژمن هەروا بەرەو گوندی قومقەڵا دەچووینە پێش هەتا گەیشتینە جێگایەک کە لەگەڵ هێزی دوژمن دەرگیر بووین. دیتمان هێزەکانی دوژمن بە تەواوی لەدەوری ئاوایی بلاو ببون و دامەزرابوون زۆربەی باخەکانی دەوروبەریان گرتبوو. بەتایبەتی لەناو ماڵە باخەکان دا چەکی بیکەیسی و قەناسەیان

بەشی یەکەم

دامەزراندبوو، بەتایبەتی ئەو ماڵانەی کە لەناو باخەکاندا بوون بڵندو دوو قات بوون. ئێمە لەباری جێگاو ڕێگای نیزامی یەوە لە هەلومەرجێکی زۆر خراپ دابووین، چونکە دوژمن هەم ناودێ و هەم دەوروبەری ئاوایی بەدەستەوە بوو. ئێستا ئەوان دیفاعیان دەکردوو ئێمەش هێرشمان دەکردە سەریان و دەمانویست لە ئاواییان دەرپەڕێنین و زەڕبەیەکی زۆر باشیان لێبدەین. دابەش بووین و لەچەند لاوە هێرشمان دەستپێکردو پێشڕەوی باشمان کرد بەشی هەرەزۆری پێشمەرگەکان بە کانائی (لەج) بەرەو قومقەڵا پێشڕەویان کردو کە زەبرێکی باشیان لەدوژمن وەشاندبوو هەم تەلەفاتی ئێمە کەم بوو. بەڵام ئێمە دەستەیەکی کەم بووین ڕاستەوڕاست بەدەشتاییەکە دا بەرەو ناودێ پێشڕەویمان کرد. لەبیرمە جەنازەی چەند پاسدارێک لەمەیدانی شەڕەکەدا کەووتبون. بەڵام چونکە جێگای ئەوان قایمترو بەرزتربوو توانیان پێش بە پێشڕەوی ئێمە بگرن. ئەوەندەی لەبیرم بێ من و جەعفەری گوشوارەو ڕەحیم سۆفی و برایمی سوپاهی و جەلال مەحمودی و عەباس پاکزاد پێکەوە لە پشتی چادراخێک سەنگەرمان گرتبوو بەڵام زۆر بە تونڈی لەژێر فشاردا بووین، بەتایبەتی لەناو ماڵە باخەکانەوە بەهەموو چەکێک لێیاندەداین. چاوەڕوان بووین دەرفەتێکی باشمان بۆ هەڵکەوێ و دیسان هێرش بکەینەوە. لەناکاو هات و هاوارێک پەیدابوو لە پشتەوەمان، دەنگی کەسێک دەهات هاواری دەکرد دەیکووت، جەعفەر ئاگاتان لەخۆتان بێ، پاسدار، پاسدار، هات لێیدەن ئێمە کە ئاوڕمان داوە، دیتمان پاسدارە گەیشتبوونە چەند مەتریمان. بەهەموومان تەقەمان لێکرد پاسدارە کوژرا. کاک یوسف گوشوارەو کاک کەماڵ عەلیزادە کە بە هانکە هانک گەیشتنە لای ئێمە، بۆیان گێڕاینەوە کە چ ڕوویداوە. کاک یوسف و کەماڵ و ئەبوبەکر فەقێ ئیبراهیمی ناسراو بە شیرێژ لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر کەدواتر چوەوە بەناوی ڕەشە لە گوندی لەج بەرەو لای ئێمە هاتبوون و زۆریش بەبێ ئیحتیاتی و بەڕێگادا هاتبوون دوای ئەوەی کە ئێمە زۆر باش لێماندابوون پاسدارێک کە بەجێمابوو ئێمە نەماندیتبوو خۆی شاردبۆوە لێیان وەدەست دێ و تەقەیان لێدەکات کە بەداخەوە شیرێژ شەهید دەکاو ڕەشەش بریندار دەبێ. ئەوجار چەند پێشمەرگەیەک شەهیدو بریندارەکە ڕادەگوێزن. یوسف و کەماڵ دەکەونە سەر پاسدارەکە ئەو پاسدارە بوو کە ئێمە کوشتمان. ئێمە بۆمان دەرکەووت کە ناوچەکەمان بەتەواوی پاک نەکردۆتەوە جودا لەوەش هێرشی دوژمن بۆسەرمان هەر زیادی دەکرد. وادیار بوو دوژمن هێزی تازە نەفەس دەنێرێتە مەیدان، بۆیە جەعفەری گوشوارە بە منی کووت کە دوو پێشمەرگە لەگەڵ خۆم هەڵگرم و سەد مەترێک بۆ پشتەوە بکشێینەوە نەکوو دوژمن ڕێگای پشتەوەمان لێبگرێ. خێرا من و ڕەحیم سۆفی و برایم سوپاهی کشاینەوە بۆ پشتەوەو گەیشتینە جێگای مەبەست و لەوێ سەنگەرمان گرت. دوژمن هێرشەکانی خۆی هەر زۆرو زۆرتر دەکرد، تەقە زۆر گەرم بوو دەنگی هەموو چەکێک دەبیسترا، نازانم چەندە کات تێپەڕی بوو، بەڵام زۆری نەخایاند کە چاوم لێبوو کوڕەکان شڵەژان و گوێم لە دەنگیان بوو کە ناوی جەعفەریان دێنا. من هەندێک بەرەو لای ئەوان گەڕامەوە، عەباس کە لەمن نزیکتر بوو گووتی ماڵمان خرابوو کاک جەعفەر شەهید بوو. لەحاڵێک دا کە بەخۆیدادەدا گووتی چبکەین؟ ئێستا کەسیش بەیارمەتیمانەوە نایە هەر لەو قسانەدا بووین کەماڵ هاواری کرد گووتی

بەشی یەکەم

عەباس،، یوسف، یوسفیش،، وێیکەووت. من و عەباس هەر پەنجا مەترێک لێیان دوور بوین، ئێمەش زۆر بەزەحمەت دەمانتوانی خۆمان بجوڵێنین. هەرچۆنێک بوو بەرەو لای ئەوان وەڕێکەووتین، بەڵام بەداخەوە هێزەکانی دوژمن گەیشتنە سەر شەهیدەکان. کاتێک ئەوان شەهید بوون دوژمن لەهەموو لایەکەوە هێرشی تازەی دەستپێکرد، ئێمەش شەڕمان کرد هەتا جەلال گەیشتە لای ئێمە بە شێوەی تاکتیکی شەڕو پاشەکشە هەرچۆنێک بوو خۆمان ڕزگار کرد... ئەوە ئەوبەشە لەشەڕی قومقەڵا بوو کە کاک سوڵتان گوڵاوی بوو لەو گۆشەیەی کەبەچاوی خۆی دیویەتی. هەروەها لە پێشتر لەزمانی کاک یوسف خۆشڕوو نوسیبوومەوە کە ئەویش لەو گۆشەیەوە باسی کردووە کەبەچاوی خۆی دیویەتی. ئەمە داستانی شەهید بوونی ئەو قارەمانانە بوو کە لە گوندی قومقەڵا بەرەنگاریان لە هێرشی درندانەی هێزەکانی دڵ ڕەش و جنایەتکارانی ڕژێمی ئیسلامی کرد بۆسەر خاکی نیشتمان و خەڵکەکەیان. بەداخێکی گرانەوە لەهەردوو بەشی مەیدانی شەڕەکەدا لەسەر یەک حەوت قارەمان حەوت شێری مەیدانی ڕووبەڕوبونەوە. حەوت لاوی کورد گیان و ڕۆحی خۆیان کردە پردە بازی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی گەلەکەیان.

ئەوان مردن بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو بە ئازادی و لە کوردستانێکی سەربەخۆدا بژین. شەهیدەکان بریتین لە:

١- شەهید جەعفەر گوشواره فەرماندەری لکی ١

٢- شەهید یوسف گوشواره سەردەستە

٣- شەهید کەمالّ عەلیزادە


٤- شەهید ئەبوبەکر فەقێ ئیبراهیمی (شیرێژ)

٥- شەهید ئەبوبەکر ئوستاد ئەحمەدی

٦- شەهید خەلیل مەرزەنگ

٧- شەهید خالید خانکەندی

کاک فەتاح کاویان



زۆربەی شەوان ئەگەر زۆر ماندوو نەبوومایە،، لەگەڵ کاک فەتاح دوو بەدوو یان لەگەڵ خێزانم و شایانی کوڕم هەموومان پێکەوە دادەنیشتین، کاک فەتاح باسی ژیانی خۆی و ئەزمونەکانی ژیانی ڕابردووی خۆی بۆ دەگێڕاینەوە. بەسەرهات و ڕووداوکان و نەقڵ و قسەی نەستەق و خۆشی هەرگیز لێ تەواو نەدەبوو. جاری واهەبوو هەتا نزیک بە بەیان دادەنیشتین و هەر پێمان وابوو ئێوارەیە. کاک فەتاح لەهەموو بوارەکانی ژیان دا شارەزایی هەبوو. بۆ هیچ شتێک مەحتەل نەدەبوو، لەهەموو بارێکەوە وەک وەستایەکی باش لێزان و کارامە بوو. لەباری زمانەوە بەتەواوی زاڵ بوو بەسەر زمانەکانی کوردی،، فارسی،، ئینگلیزی، کە فارسی و ئینگلیزی وەکوو کوردی دەزانی. لەباری زمانەوانییەوە کەم وێنە بوو. خوڵقێنەری قاموسی زمانەکانی کوردی بە فارسی فارسی بە ئینگلیزی و کوردی بە ئینگلیزی و بە پێچەوانەکەشیەوە. کە ئەم شێوەیە لە قاموس دەگمەنە. هەرچەندە بمەوێ لەسەر کاک فەتاح بنووسم هەرگیز ناگەمە کۆتایی. هەرچەندیش لەدەستم بێ هەر دەنووسم لەسەر کاک فەتاح هەتا لە ژیان دا مابم. بەڵام ئەوەی مەبەستمە ئەمجارە بیڵێم و باسی بکەم، شەوێکی تایبەت بوو کە دوو بە دوو دانیشتبووین لە بەغداد. ئێوارە پێی کووتم شۆڕش ئەورۆ دڵم زۆر گیراوە با کەمێک بچینە دەرێ بگەڕێین. کووتی هەر شوێنێک شارەزای لەم شارە بڕۆ دەمەوێ هەموو بەغداد ببینم. هەتا هەوا تاریک بوو هەر گەڕایین بەناو خیابانەکانی بەغدا. پاشان کووتی بابڕۆینەوە هاتینەوە ماڵێ. شەوێ پێکەوە دانیشتین کووتی شۆڕش هەستت بەچی کرد لەو گەڕانەی ئەورۆ؟؟ کووتم نازانم بەڵام هەستم کرد بەم گەڕانە لەخەمەکانت کەم دەبنەوە. خەریکی پاپیەکەی بوو

بەشی یەکەم

تووتنی تێدەکرد ئامادەی کردوو بە چەرخە تایبەتەکەی هەڵیکرد دوکەڵێکی زۆری درووست کرد، تووتنەکەی بۆنێکی زۆر خۆشی لێدەهات. ژوورەکەی پڕ کردبوو لەو بۆنە خۆشە. چاوێکی لێکردم و گووتی هەست دەکەم پیر بووم، دەترسم لە دوور وڵات بمرم. تۆ دەزانی هەموو کەسێک ئاواتێکی ڕاستەقینەی لەدڵی دا هەیە پێش ئەوەی بمرێ ببینێ یان ئەنجامی بدات؟؟ گووتم کاک فەتاح هێشتا زووبە و وەختی مردنت نیەو هیوادارم تەمەنت درێژ بێ و تەندروست بی. بۆچی قسەی وا دەفەرموەی؟؟ گووتی نا،، نا،، شۆڕش گیان هەموو کەس دەبێ بمرێ ئەوە تەبیعەتە بەمن و بەتۆ ناگۆڕدرێ. گووتم باشە کاک فەتاح ناکرێ ئەو ئاواتەت بەمن بڵێی؟؟ چاوێکی لێکردم و بەدەنگێکی بڵند هاواری خێزانمی کرد، کوردستان، هۆ کورە خانم ئەگەر زەحمەت نیە دوو چایی بۆ من و شۆڕش بێنەو وەرە دانیشە لێرە. خێزانم چاییەکانی هێناو دانیشت لەگەڵمان. گووتی کاتێک بەناو شاری بەغدادا دەگەڕاین، چاوم لەم شارە دەکرد کە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، بەڵام دڵم هەر لە ساباڵاغ و کوردستان بوو. دەهێنایە پێش چاوی خۆم کەڕۆژێک لە کوردستانێکی ئازادو ئاوەدان دا پڕ لەکارو کارخانەو ژیانێکی شەرافەتمەندانەو پڕ لە خێرو خۆشی بۆ خەڵکی ماندووی کورد دابین کرابێ. هەرچی ئەوانەی کە لە دوور وڵات دەژین گەڕابنەوە زێدی خۆیان و مەترسی و شەڕو ناخۆشی و گرانی نەمابێ٠ وڵاتێکی تەواو دیموکراسی و دوور لە تەماع و دەسەڵاتی حزبی و تاکە کەسی و حکوومەتێکی بەتەواوی مانا خەڵکیمان درووست کردبا. لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی منداڵانەوە تا دەگاتە دانیشگا، فەرهەنگێکی نوێ و سەردەمیانەمان لە بناغەوە درووست کردبایە. هێزی چەکدار تەنها لە شوێنە پێویستەکان هەبوونایە. بەڵام لەهەموویان گرنگتر ئەوەی مەبەستمە پێتان بڵێم و پێویستە ئێوە ببزانن، من نازانم تەمەنم ڕێگای ئەوەندەم پێدەدات کە بەچاوی خۆم ببینم، یان،، نا٠؟ بەڵام وەک ڕۆژێ لێم ڕوونە نایبینم و نایگەمێ. بۆیە بە ئێوە دەڵێم و بە زۆر کەسی لە نزیکانی دیکەی خۆمم گووتوە. هەرکاتێک وڵات لەژێر دەستی داگیرکەر هاتە دەرێ و کەوتەوە دەستی خەڵک و حزبەکانی کوردستان، دوای ئاسایی بوونەوەی وەزع و هێمن بونەوەی باری سیاسی و ناوچەیی، ئێوە لەوانەیە کەسانێکی خاوەن دەنگ و بە هەڵوێستی ئەوکات بن. پێویستە وەکوو من بکەن کە باوەڕم پێی هەیەو هەمیشە لەبەرنامەو مێشکم دا بووەو هەیە. ئەویش تکاتان لێدەکەم ئەگەر دەتانەوێ کوردستانێکی ئارام و بێ دەردی سەرو پێشکەوتوتان هەبێ وەکوو دەڵێن (گورگ و مەڕ) پێکەوە ئاو بخۆنەوە.

ئەم کارانە لەبەرچاو بگرن و ئەنجامی بدەن.

١- هەرگیز بۆخۆتان پۆستەکانی دەوڵەتی وەرمەگرن. چونکە لەبیرتان بێ ئێوە شۆڕشتان بۆ خەڵک کردووە نەک بۆ خۆتان ئەگەر هەر بۆخۆتان خۆ بسەپێنن مانای ئەوەیە ئێوە لەژێر ناوی خەڵکەوە کار بۆخۆتان دەکەن.

٢- خەڵکی تازەو لاوەکان لە حکوومەت داری وەربدەن و بۆخۆتان لەدوورەوە چاوەدێریان بکەن مەهێڵن هەڵەی سیاسی بکەن

و ڕێنماییان بکەن و پێشنیاری تازەتان بۆیان هەبێ.

٣- من ئەگەر بمێنم وادەکەم، هێزێکی چەکداری تەواو پۆشتە لەلاوەکان پێک دێنم، بەڵام نابێ هیچ کەس بەچەکەوە بیانبینێ و بۆ هەر کاتێکی بەپەلەو کارەساتی نەخوازراو بۆ دیفاع لە خەڵک و ئازادی ئامادەی هەر چەشنە دوژمنکاریەک بن.

٤- هەتا دەتوانن مەهێڵن حزبی زۆرو بۆر هەبن، چونکە لە دیموکراسیشدا عەیب و کەموکوڕی هەیە، ئەوە یەکێکە لە هەڵەکانی دیموکراسی. من نائێم ڕێگایان پێمەدەن دەبێ ئازاد بن. بەڵام با لە ٣ حزب زیاتر نەبن بۆ کێبەرکێی وەرگرتنی دەسەڵات با ئەوانیش تێکەڵ بەم ٣ حزبانە بن و خۆیان بگەیەنە دەسەڵات.

٥- ئەم قسەیەم تێکەڵاوە،، هەمیشە هەوڵ بدەن لەگەڵ دراوسێکانمان لە مەرزی کوردستان دۆستێکی بە ڕاستی بن، چونکە ئێمە مەحکوم بە جیرانیەتی ئەوانەین وەکوو میللەتی ترک و فارس و برا کوردەکانمان لە باشوور. هەمیشە تێبکۆشن بۆ باشترین پەیوەندی دۆستانە لەگەڵیان.

٦- بیکەنە بڕیارو بیسەپێنن کە لە خوێندی سەرەتاییەوە زمانەکانی ئینگلیزی وزمانی دەوروبەر بە منداڵان بخوێندرێ و فێربکرێن چونکە چەند زمان بزانی ئەوەندە جارە مرۆڤی. زمانی ئینگلیزی هەموو دنیاو نەتەوەکانی پێکەوە بەستۆتەوە بۆ لێک حاڵی بون.

٧- لەکۆتایی دا ڕێگا مەدەن لاوەکان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تازەدا فەرهەنگ و داب نەریت و قسەی ڕەسەنی کوردی خۆیان لە هەموو ناوچەو شارەکانی کوردستان لەبیر بکەن و لەبیریان بچێتەوە. لیباس و فەرهەنگ و زمان و کەلتوور، میللەت بوونی ئێمە دەسەلمێنێ،، بیپارێزن و گەشەی پێ بدەن. ئەم یادو بیرەوەریانە لەگەڵ کاک فەتاح کاویان درێژەیان هەیە...

– وێنەی سەربەرگەکەم لە ئاڵبومی کاک مەولود سوارە وەرگرتووە.

چوار شەهید لە بنەماڵەیەکی تری کورد لەمەهاباد...



زۆرن ئەو بنەماڵانەی لە کاتی شۆڕش دا، بـــە بنەمـاڵە شەهید بـوون و جەرگی دایکی ماڵوێرانیـان دا بـــە سێڵی گەرمەوە. هەموو جارێ زۆری لەخۆم دەکەم و دڵم کزەی دێ کاتێک یادی ئەم بنەماڵانە دەکەمەوە. سەختە زۆر سەختە لەماڵێک چوار کەس،، چـوار قـارەمان،، چوار دوژمن بەزێنی مەیدانی خەبات، خوێنی خۆیان بکەنە سووتەمەنی ئاگری نەکوژاوەی شۆڕش و بەرەنگاری لـــە خاکی کوردستان. یەکێکی تر لەو بنەماڵانە دەمەوێ یادیان لێ بکەمەوە بنەماڵەی (شەهیدانی نادری) یە.

شەهیدان بریتین لە:

١- شەهید سمایل نادری

٢- شەهید شوکروڵا نادری

٣- شەهید ئیشەڵا نادری

٤- بابیان کە لە کارەساتێکدا شەهید بوو. دایکیشیان دایە سەیدزادە یەکێک بوو لەشێرە ژنەکـانی مەهابـادو ئەویـش لەژیـان دا ماوە، ڕژیم زۆریـان ئازارو ئەشکەنجە کـرد کە هەرگیـز سـەری بـۆ دوژمـن شـۆڕ نەکـرد و وەک شێرە ژنێـک ڕووبەڕووی دوژمـن وەستایەوە.

بەشی یەکەم

سمایل نادری: یەکێک لە پێشمەرگە ئازاو قارەمانەکانی هێزی پێشەوا بوو. کە لە بنکەی هێز شۆفێری ماشێنەکەی کاک هەژار بوو دیارە شەڕی کەربەلای دارەلەک م بە درێژی نووسیوەتەوەو باڵاو کردۆتەوە، سمایل لەو شەڕەدا و لەکۆتایی شەڕەکەدا بە خومپارە شەهید بوو، هووەوەها کاک هەژاریش هەربەو خومپارەیە بریندار بوو لە ڕێکەووتی ڕۆژی دوو شەمەی ١٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی. لەو شەڕە زیاتر لە ٤٠٠ کەس لەهێزەکانی ڕژیمی دژی گەلی کوژران کە جەنازەی هەرە زۆریان لەمەیدانی شەڕەکەدا بەجێمان. لەدرێژەی ئەو شەڕەدا ٤ شەهیدی دیکەمان هەبوو. لەبیرەوەریەکانی من دا دەتوانن بە وردی ئەو شەڕانە بخوێنەوە بۆ زانیاری زیاتری ئەو شەڕانە.

هەردوو برا نیشەڵا و شوکرۆڵا: پێکەوە لەیەک ڕۆژدا لەڕێکەوتی ڕۆژی هەینی ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە زیندانی ورمێ بەدەستی جەلادەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئیعدام دەکرێن. تەنها بەتۆمەتی ئەوەی ئەندامی یەکیەتی لاوانی دیموکرات بوون برا چکۆڵەکەشیان هەر بەو شێوەیە دەگیرێ و لەگەڵ ٥٩ لاوەکەی مەهاباد بێ تاوان ئیعدام دەکرێن و ڕژیم پوڵی ئەو فیشەکانەیان لێوەردەگرنەوە کە پێیان ئیعدام کردوون لەگەڵ قوتویەک شیرینی هەر وەکوو تەوهین جا جەنازەکانیان دەدەنەوە بە بنەماڵەکانیان نەمان و ڕیسوا بوون بۆ ڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران و دارو دەستەکانیان.

بڕوخێ حکومەتی ڕەش و تاریکی دینی...

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل

دواین دیدارم لەگەڵ مامۆستا هێمن...



هەروەک لە بیرەوەریەکانی پێشوومدا بۆم باس کردن، کە ئێمە وەک بنکەی پەلی (شاهۆ) لە گوندە جوانەکەی (شیلاناوێ) بوین، ماوەیەکی زۆر لەخزمەت مامۆستا هێمن دا بوین و دیارە لەو ماوەیەدا چەندین پێشمەرگەی قارەمانمان شەهید بوون کە مامۆستا هێمن هەرگیز لەدڵی دەرنەدەچوو. چونکە هەموومانی وەک سەلاح ی کۆری چاولێدەکردو هیچ جیاوازییەکی نەدەکردین. ئێمە زۆر دەرسی ئەخلاق و شۆڕشگێڕی و بەرزو پیرۆزی ناوی پێشمەرگە لە مامۆستا هێمن فێربووین. بەدەیان لە ئەزموونەکان و سەرکەووتنەکان و شکستەکانی خۆی و حزبی بۆباس و شیدەکردینەوە. گەلێک وشەی کوردی و بناغەی دروستی ڕێزمانی کوردی بۆ هەلاجی دەکردین و ڕێنوێنی دەکردین کە لە نووسینی کاری ڕۆژانەدا بەکاریان بێنین. ڕەنگە نزیک بەتەواوی شیعرە بەناوبانگەکانی ورد ورد بۆ باس دەکردین لەباری ماناو هەروەها بۆچی و لەسەر چی نووسیویەتی و مەبەستی چی بووە. دەتوانم بڵێم هەموو شیعرەکانی ناڵەی جودایی بۆ تاریف و هەلاجی کردین. هەتا شەوێک زۆرێک لە کورەکان دانیشتنێکی خۆمانەمان هەبوو، مامۆستا هێمن وەکوو هەموو جارێ دەچووین دەعوەتمان دەکرد، مامۆستا هێمن کاتێک لێوی تەڕ دەکردن و کەمێک دەچوو لەحاڵی خۆیەوە، یان دەگریاو بەسەرهاتە ناخۆشەکانی خۆی دەگێڕایەوە بۆمان،، یان بێ پسانەوە پێدەکەنی و بەسەرهاتە خۆشەکانی خۆی بۆ دەگێڕاینەوە. ئەو شەوە بەگریانەوە گرتبووی یەکێک لەو بەسەرهاتەی ئەو شەوە سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوە بوو، ئەو شەوە هەموو قسەکانی لەڕاستای

بەشی یەکەم

ئەوەدابوو کە دەیکووت هەتا پێشمەرگە لەم ناوچەیەدابێ و ئێوە لێرە بمێنن، من هەر لێرە دەمێنمەوەو ئەم گوندە بەجێناهێڵم. چونکە دەنگۆی ئەوە هەبوو کە گوایا دوژمن بەنیازە بەهێزێکی زۆرەوە هێرش بکاتە سەر ناوچەکانی مەهابادو داگیری بکات و لێی بمێنێتەوە. پاش ماوەیەک هێرشی سەرتاسەری دەستی پێکردو دوای بەربەرەکانیەکی زۆر قارەمانانەی پێشمەرگە ناوچەکە گیراو کەووتە دەستی دوژمن. زۆر نەبوو کە ناوچەکە داگیرکرابوو، شەوێک لە گوندی (لاچین) بووین خەڵکی تێدانەمابوو چۆلیان کردبوو هێشتا نەگەڕابوونەوە کەسێکی خەڵکی ئەوێمان دیت کاروباری بۆ ماڵە کاک سادقی لاچین دەکرد، ئەو پێیگووتین کە مامۆستا هێمن لێرەیەو بەتەنهایەو هەر منی لەگەڵم، بردینی بۆلای مامۆستا، کەچووین لەناو جێگادا بوو نەخۆش بوو. هەر کەچاوی بە ئێمە کەووت تەکانێکی لەخۆی دا کە هەستێ نەمانهێشت باوەشی بۆگرتینەوە هەموومانی ماچ کردوو بە ئیشتیای خۆی گریا، ئێمەش وێڕای ئەو پێکەوە دەستمان بەگریان کرد. هەر بەگریانەوە بەدەنگێکی لەرزۆک و گیراوەوە گووتی پێمنەگووتن هەتا ئێوە لێرەبن من ئەم ناوچەیە و گوندەکەم بەجێناهێڵم؟؟ ئێستاش من سبەینێ لەشاری ڕا زۆرێک لە دۆستان و خزمان و ڕەفیقان دێن دەمبەنەوە بۆ شاری. بۆیە تکاتان لێدەکەم هەر ئەمشەو ئەم ناوچەیە جێبێڵن و بڕۆن، وڵات هەمووی گیراوە با تووشی بەڵایەک نەبن زیاتر لە کاتژمێرێک لەلای بوین و هەر ئەو شەوە دواین ماڵئاواییمان لەگەڵ کردو، قەت جارێکی تر مامۆستا هێمن م نەدیتەوە.

ڕۆحی ڕەوانی شادو یادو یادگارەکانی هەمیشە لەناو دڵی هەموو کوردێکدا بەزیندویی دەمێنێتەوەو میدالّی نەمری پێ بەخشرا.

هونەرمەند: برایم قادری



ڕۆژهەڵات کانگای هونەرو جوانی و ناساندنی فەرهەنگ و داب و نەریتی کوردەواریە، لەڕێگای هونەری گۆرانی، حەیران و شیعرو شاعیران، بەیت و باڵۆرە، نواندن و قسەی خۆش و نەستەق. هونەرماندانی وەک حەسەن زیرەک، مامڵێ، مەزهەری خالقی، ناسر ڕەزازی، و دەیانی تر، لەناو ئەم هەموو هونەرمەندانە کەسانی وەکوو ڕەسوڵ نادری و برایم قادری هەڵکەووتبون کە زیاتر لەناو مەجلیسی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا هەبوون و نزیک لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵک و لەزۆربەی زەماوەندەکان و بۆنە گشتیەکان و لەکاتی سەرکەوتنە نیشتمانیەکان دا بەوپەڕی زەوق و شەوق و، لە دوندی توانایی هونەرەکەی خۆیان دا تەپڵی سەرکەووتنیان لێداوەو بەزمانی حاڵی خەڵک مەبەستی خۆیان گەیاندووە. وەکوو (بەیتی پیرۆت) و گۆرانی لەبیرنەکراوی (بڕی پێشمەرگە)ی کاکە ڕەسوڵ نادری و سەرجەم نوکتەو قسەخۆشەکانی کە هەرگیز لە بیری خەڵک ناچنەوەو شوێن دانەر بوون. هەروەها گورانیەکانی برایم قادری کە ئەوانیش ئەگەر بەگوێی دڵەوە گوێی لێبگری، هەمووی باس لە فەرهەنگ و داب و نەریتی کوردەواری دەکات بە چاک و خراپیەوە. ئەم شێوە نواندن و گەیاندنە تەنها لەم هونەرمەندانەی ناو جەرگەی خەڵک هەڵدەقوڵێ و شارەزاییەکی باشیان هەیە لە فەرهەنگ و ڕێچکەکانی ڕێگای ژیانی کوردەواری. ئەم هونەرمەندانە لەماوەی ژیانیاندا دەکرێ بڵێین گوندو کوێرە گوندێکی کوردستان نەماوە نەچووبن و بانگهێشت نەکرابن. بۆیە تەواو شارەزای ئەم هەموو داب و نەریتەی کوردەوارین. لەم هونەرمەندانەی ناو خەڵک دا، ئەگەر بەوردی سەرنج بدەیتە هونەرەکەیان لەیەکەم گۆرانی یان بەیت و حەیران و یان هەر شتێکی دیکەیان

بەشی یەکەم

هەتا کۆتایی بەرهەمەکانیان لە ماوەی ژیانیاندا، دەتوانی زۆر بەئاسانی چونیەتی و چەندیەتی شێوەو ڕادەی فەرهەنگی کوردەواری لە ڕۆژهەڵات بەتایبەتی وەدەست بێنی. چونکە خاڵێکی شاراوە یان نادیار نەماوە ئەم هونەرمەندانە باسیان لێنەکردبێ یان هەلاجیان نەکردبێ. ڕەنگە بۆخۆیان هەستیان بەوە نەکردبێ بەڵام لە بناغەدا وایەو مێژوویەکی زیندووویان تۆمار کردووە بێ ئەوەی هیچ دانشگایەک و هیچ قوتابخانەیەکیان تەواو کردبێ توانیویانە هەموو چرکە ساتەکانی میلکەتەکەیان لەم ڕێگایەوە تۆمار بکەن و بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بەجێبێڵن. بڕایم قادری لەگەڵ ئەوەی هونەرمەندێکی ناسراوو خۆشەویستی خەڵکی کوردستانە، لە شۆڕش دا جێگا پەنجەی دیاربوو زۆری خزمەت کردو زەحمەتێکی زۆری کێشا. بۆ دواییین جار کاک بڕایم کە دیتم شەو نشینێکمان هەبوو لە قەڵادزێ ساڵی ١٣٦٦ لە ماڵی شەهیدان میرزا ئەحمەد و سەعدوون عەباسی کە هەتا درەنگانێکی شەو کاکە بڕایم بە زەوقی خۆی و هەڵبژاردەیەکی لە گۆرانەکانی خۆی گووت کە یەکێک لەوانە گۆرانی نایلۆنە بوو. ئەوە دواییین دیدارم بوو لەخزمەتیان دا٠ کە هیوادارم جارێکی تر بەدیداریان شاد ببمەوەو لە ئامێزی بگرم.

تەنها ویستم بەنەوەکان و تازە پێگەیشتووەکانی ئێستای کورد بڵێم، قەدرو ڕێزو حورمەتی ئەم سەرمایە گەورانەی گەلەکەمان بگرن هەتا لەژیان دا ماون.

هیوای تەمەن درێژی و تەندروستیەکی باش بۆ ئەم هونەرمەندانە دەخوازم و هەر بژین،

یادێک لەشەهید: سولەیمان قادری



سولەیمان قادری لە گوندە جوانەکەی (گۆلێ)ی شارۆیران سەر بە شارستانی مەهاباد چاوی بەدنیا هەڵێناوەو یەکەم هەناسەی بە هەوای ساف و سازگاری کوردستان هەڵمژیوە. لەکاتی خۆیدا دەخرێتە بەر خوێندن و هەر لە گوندەکەی خۆیان خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات. پاشان بۆ درێژەدان بەخوێندن دەچێتە شاری مەهاباد. لەو سەروبەندەدا شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران دەستپێدەکات و خۆپیشاندان بەدژی ڕژیمی پاشایەتی کوردستانیشی گرتەوە. سولەیمان لە خۆپیشاندانەکاندا دەورێکی چالاکانەی هەبوو، لەگەڵ هاو کلاسەکانی بەشداری هەموو چالاکیەکان بوون هەتا سەرئەنجام شۆڕش سەرکەوت و ڕژیمی پاشایەتی ڕووخا. ئێمە هەموو لاوەکانی ئەو سەردەم و خەڵکی کوردستان بە گشتی. هەستمان دەکرد لەوەبەدوا خۆری ئازادی هەڵاتووەو دەورانی ڕەش و ئیسبداد بەسەرچوو. لەوە بەدوا کوردو کوردستان هەوایەکی ئازادی هەڵدەمژێ و بەهەموو ماف و داواکانمان دەگەین و کوردستان دەکەینە بەهەشتی سەر ڕووی زەوی. بەڵام زۆر زوو مەلاکانی بە دەسەڵات گەیشتوو دەستیان بەسەر شۆڕش و حکوومەت دا گرت و (خومەینی) جەلادو کەلە وشک هەموو هیوا و ئاواتەکانی کوردی زیندە بەچاڵ کردوو بەدژی کورد دەستووری جەهادو داگیرکردنی کوردستانی دا بە هێزەکانی داگیرکەری ئارتەش و سوپای پاسداران کە ئەوکات پێیان دەکووتن (مجاهد) بەم شئوەیە لەو کاتەوە شەڕێکی ناڕەوا بەسەر گەلەکەمان دا سەپاوەو هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. سولەیمان وەکوو زۆربەی هەرە زۆری لاوەکانی کوردستان، بۆ بەرگری کردن لە

بەشی یەکەم

خاکی کوردستان لەساڵی ١٣٥٨ هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان و لە لکی١ ی هێزی شەهید پێشەوا بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی و چەکی شەرەفی کردە شانی بۆ دیفاع لە ئازادی و ڕزگاری گەلەکەی. سولەیمان لاوێکی تازە پێگەیشتووی خوێن گەرم و بە ئەدەب و لەسەرخۆ بوو. هەمیشە هەوڵی دەدا کە زۆرترین زانیاری لەسەر شۆڕشی کوردو مێژووی حزبەکەی کۆبکاتەوە. زۆری باوەڕ بە پێشمەرگایەتی و شۆڕشی چەکداری بوو بەرامبەر بە ڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران. هەرگیز پێیوانەبوو ئەم ڕژیمە لەماهیەتی دا هەبێ کە ڕۆژێک بێتە سەر ئەو باوەڕەی لەڕێگای ووتووێژەوە کێشەی میللەتی کورد چارەسەر بکات. بۆیە ئێمە پۆلێکی زۆر بووین کە پێمان وابوو ئەم ڕژیمە پیاوی سوڵح و ئاشتی و گفتوگۆ نیە. سولەیمان بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕی خۆی مایەی لەخۆی دادەناو هەوڵی جددی دەدا. بۆیە وەکوو لاوێک و پێشمەرگەیەکی لاو، لە زۆربەی زۆری شەڕەکانی ناوچەی شاروێران و ناو شاری مەهابادو دەوروبەر بەشداری بوێرانەو چالاکانەی هەبوو. لەو سەردەمەدا هەموو شەڕەکانی پێشمەرگە لەگەڵ جاش و پاسداران لە ناوچەکانی شاروێران و چۆمی مەجیدخان و مەحاڵ و شامات بوو٠ ئەم ناوچانە ببونە گۆڕستانێکی گەورە بۆ دوژمنان و داگیرکەران. سولەیمان لەزۆربەی ئەم ناوچانە سەنگەری قارەمانانەی لە دوژمنان گرتوەو دڵی ڕەشی داگیرکەرانی کردۆتە نیشانەی تفەنگەکەی٠ هەتا سەرئەنجام لە عەمەلیاتی گەورەی گرتنی پایەگای (ئەمیرئاوا) لە سەرجادەی نێوان مەهاباد - میاندواو. کە پێشتر بە وردی باسی چۆنیەتی گرتنی ئەم پایەگایەم کردووە، دوای ئەوەی پایەگا بەتەواوی گیراو کەووتە دەستی پێشمەرگەکان، لە تەپەی دووەم کە سولەیمان لەوێ لەگەڵ بوو دوای هێرش کردنە سەر پایەگا بەداخەوە پایەگا نەگیراو سولەیمان لەوێ بریندار دەبێ دوای هێنانە خوارەوەی لە دەوروبەری پایەگا لە خوارەوە بە دواییین قسەی کە دەڵێ (خوێنم ون مەکەن) و شەهید دەبێ و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان دەبێ. تەرمی شەهید لەناو ئاپۆڕای گەرمی خەڵکی شاروێران لەگەڵ تەرمی شەهید عەلی قازی لە گۆڕستانی (شەبەک)ی قەرەداغ بە خاکی پاکی کوردستان دەسپێردرێن.

یادیان بەرزو ڕێگای خەباتیان هەر بەردەوام بێ.

یادێک لە ٣ برای شەهیدی بنەماڵەیەک.



زۆر گرنگ بوو غیرەتی دەویست لە ڕۆژە سەختەکاندا کەسێک ببێتە پێشمەرگە چونکە دانیشتن و ئیسراحەت نەبوو هەموو کاتەکان شەڕو کەمین و گرتنی پایەگاو بەرپەرج دانەوەی هێرشە هەمیشەیەکانی دوژمن بوو یان شەڕەکانی ناو شاری مەهاباد بوو. لە باقی ڕۆژەکانی تر لە ژێر تۆپ و خومپارە بارانی دوژمندا بووین لەوکاتە حەساس و خەتەرانەدا هەمیشە کوڕەکانی گەل هاتوون بۆ پێشمەرگایەتی و چەک هەڵگرتن، دژی کۆماری سێدارە هیچ کاتێک تفەنگی هیچ شەهیدێک نەکەوتۆتە عەرزی و خێرا لاوێکی تر تفەنگەکەی هەڵگرتووەو تۆڵەی خوێنی شەهیدی چەندین بەرامبەر کردۆتەوە.

- یەکێک لەو بنەماڵانەی تری شاری مەهاباد کە چەندین کوڕیان لەم شۆڕشەدا شەهید بوون و بوونە پردەبازی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی گەلەکەیان، بنەماڵەی (ئابدانە) بوو. ئەم بنەماڵە سەربەرزە ٣ کوڕیان شەهیدی ناو سەنگەری مەردایەتی و ئازایەتی و شۆڕشی گەلە چەوساوەکەمانن. بەخوێنی خۆیان گرفەو لرفەی ئاگری نەکوژاوەی شۆڕشیان هەروا گەشاوە و درەوشاوە ڕاگرت شەهید:

بەشی یەکەم

- **مستەفا ئابدانە... ناسراو بە مستەفا ناڕپێ جیی.** مستەفا یەکێک لە پێشمەرگە ئازاو بەجەرگەکانی حزبی دیموکرات بوو لەهێزی پێشەوا و لە لکی۳ سازمان درابوو۰ لە سەرەتای شۆڕش و شەڕەکانی ناو شاری مەهابادو دەوروبەر بە چەکی دوژمن تۆقێنی ئاڕپێ جی و بەگرمەی دوژمن بەزێنی ترسێکی زۆری خستبووە ناو دڵی ڕەشی دوژمنانی کورد. لەگەڵ گرمەو تەقاندنی هەر گوللەیەک سەنگەرێک یان تانگێک و ماشێنێکی دوژمنی تەفروتونا دەکرد.. مستەفا سەرئەنجام لە شەڕێکی قارەمانانە لەناو شاری مەهاباد شەهید دەبێ و بە جەستە مااڵوایی لەهاوسەنگەرانی و خەڵکی کوردستان بە گشتی دەکات، تەرمی شەهید لە گوندی (گوێچکەدەرێ) بەخاک دەسپێردرێ. ڕێکەووت و ڕۆژی شەهید بوون، شەممە ۲ی گەاڵڕێزانی ۱۳٦۰ی هەتاوی.

- **شەهید: یوسف ئابدانە، دووەمین شەهیدی بنەماڵە۰** یوسف هەرچەندە بە تەمەن منداڵ بوو، بەاڵم بەکردەوە لەباری کاری پێشمەرگایەتی بەڕاستی پێشمەرگەیەکی زیرەک و بە هۆش و قارەمان بوو۰ هەرگیز نەیدەهێشت بۆ یەکجاریش لەهاوسەنگەرانی وەدوا کەوێ. هەمیشە لەو دەستە پێشمەرگانە بوو لەپێش پێشمەرگەکانەوە کەمین شکێن بوون، یان دەستەی هەڵمەت بەر بوون بۆ سەر سەنگەرو شوێنەکانی دوژمن۰ هەرگیز لەشەڕەکان دانەدەنیشت هەر بە پێوە هێرشی دەکردە سەر دوژمن. چونکە چاوی دوژمنانی کوردی نەدەدیت لەسەر خاکی باب و باپیرانی هەر بۆیە سەرئەنجام پیاوانەو مەردانە هەر بەپێوە شەهید بوو. لەکاتێکدا بەتەنیاو هەر بۆخۆی دانەنیشت و ڕانەوەستا هەتا خۆی گەیاندە سەر ئەو سەنگەرەی دوژمن کە تەسلیم نەدەبوو دیفاعیان دەکرد. لە پشتی گوندی (شیلاناوێ) دواییین نارنجۆکی لەناو سەنگەرەکە هاویشت و هەموویانی بە سزای خۆیان گەیاند. هەر لەوکاتەدا گوللەیەک سینگی پیاوانەو پڕ لەهیوای دەپێکێ و وەک شەهیدێکی هەمیشە زیندوو نەمر ناوی لە مێژووی گەلەکەمان دا تۆمار کرا لە ڕێکەووتی چوارشەممە ۵ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳٦۲


- **شەهید: سمایل ئابدانەسێیەمین شەهیدی بنەماڵە؛** ناسراو بە سمایلە چکۆڵ. سمایل وەکوو مستەفای بڕای پێشمەرگەیەکی قارەمان و بەنەزم و بە دسپلین بو، هەمیشە لەڕیزی پێشەوەی پێشمەرگەکان بوو لە تەمەنی پێشمەرگایەتی دا، لەهەموو ئەو شەڕانەدا بەشدار بوو کە لەدەوروبەری ئەوان ڕوویدەدا۰ کوڕێکی بوێرو خۆشەویستی هاوسەنگەرانی بوو۰ هەتا سەرئەنجام لە ڕێکەووتی ۱٦ی جۆزەردانی ساڵی ۱۳٦٦ لە (نێرخاسان) لە شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ جاش و پاسدار بۆ بەرگری لەخاکی پیرۆزی کوردستان شەهید دەبێ و ئەویش تێکەڵ بەکاروانی شەهیدان دەبێ۰ تەرمی شەهید لە (کانی شینکێ) بەخاکی پاکی کوردستان دەسپێردرێ.

بەشی یەکەم

- پێویستە لێرەدا ڕابگەیەنم کە بابی ئەم شەهیدانە بە ناوی محمد ئابدانە لە مەهاباد بەدەستی پیاوکوژەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی شەهید دەکرێ. هەروەها کوڕێکی تری بە ناوی غەفوور ئابدانە ئەویش هەر بەدەستی پاسدارە جنایەتکارەکان شەهید دەبێ، هەروەها دایکی ئەم شەهیدانە شێرە ژنی قارەمان بەناوی دایە عەزیم، ئەویش هەر بەدەستی پیاوکوژەکانی ڕژیمی پەت و سێدارە شەهید دەکرێ.

لەم بنەماڵە شۆڕشگێڕو قارەمانە، تەنها کوڕێکیان لە ژیاندا ماوە هیوادارم وەکوو تاقانەی بنەماڵەیەکی شەهید خەڵکی شاری قارەمان پەروەری مەهاباد بە ئەوپەڕی ڕێزەوە ئاگاداری بکەن و چاویان لێی بێ.

یادێک لە شەهید (عەلی قازی)



پێم باشە ئەو کەسانەی دووایین دیدارم کردووە لەگەڵیان، وەبیر بێنمەوە. بە چ شێوەیەک و لەکوێ بووە وەکوو خۆی بنووسمەوە. یەکێک لەوانە شەهید (عەلی قازی) بوو، با بیکەمە یەکەمین کەسی ئەم تەوەرە تازەیەم. پێش تەواوبوونی سەعاتی سفر بۆ لێدان لە پایەگای (ئەمیرئاباد)، دوای قرتاندنی سیمی خارداری دەوری پایەگاو، ئامادەو چاوەڕوانی تەقاندنی یەکەم گوللەی ئارپێ جی، و هێرش کردنە ناو پایەگا. من و ساڵە قەڵەوو عەلی قازی و شەفیع و جەعفەری گوشوارە لەنزیک یەک سنگمان بەخاکرێزەکەوە نابوو. لەو کاتە حەساس وچاوەڕوانیەدا، گوێم لێ بوو عەلی بە ساڵەی دەکووت ئەمشەو شەوی لەدایک بوونمە، خەڵکی شەمع و کیکی بۆ دەڕازێنەوە منیش چاوەڕوانی یەکەم ئارپێ جی م لە پایەگای بدەن و خۆی تێهاوێین بۆ ئینسان کووشتن. ساڵەش کووتی هەر باشە تۆ دەزانی کەی لەدایک بووی، من ئەوەش نازانم. منیش گووتم بێدەنگ بن کوا وەختی ئەو قسانەیە و لەناکاو بوو بە گرمەو قرمەو قرچەی دەنگی تفەنگی پێشمەرگە. نیو کاتژمێری نەگرت پایەگا هەمووی گیرا. تەواوی وەسایل و ماشێن و خومپارەو مووشەکی سام ٧ وهەرچی تفەنگ و موهیمات هەبوو گیراو لە پشتی ماشێنەکانمان کردن کە گیرابوون. لە کۆتایی شەڕەکەدا نازانم چۆن و لەکوێ ڕا ڕەگبارێک کراو عەلی شەهید بوو. بەهەر شێوەیەک بوو تەرمی عەلی مان لە ئایفایەکە هاویشت و هێنامانە خواری. ئەوە ئاخرین دیداری من بوو لەگەڵ شەهید عەلی قازی.

ڕۆحت شادو ڕێگای خەباتت دریژەی هەیە.

یادێک لە هاوڕێی شەهیدمان: یوسف شەریفی.



مێژوومان پڕە لە سەروەری و فیداکاری، کوردو ڕۆڵەکانی زۆر سەخاوەتانە هاتوونەتە ناو ڕیزی شۆڕشگێڕان و بوونەتە بەشێک لە سووتەمەنی ئەو خەباتە. هەتا ئاگری شۆڕش و بەرەنگاری دانەمرکێتەوە، تا ئاخرین قەترەی خوێن و تا دوا نەفەس لە سەنگەری مەردایەتی و شەرەفدا سنگیان داکوتاوەو چۆلیان نەکردوە. ئەم قارەمانانە زۆربەیان لەئاخرین کاتەکانی ژیانیاندا دەم بەپێکەنین و بەحوورمەتەوە خاکی پاکی کوردستانیان ماچ کردوەو، بۆ هەمیشە لەگەڵ هاوڵانیان لەزیندانەکانی دوژمندا کەئەوانیش لەسەنگەری زیندانەوە بە خوێندنەوەی سروودی دوژمن شکێنی "ئەی ڕەقیب" و ماچ کردنی پەتی سێدارە یان تیرباران کردنیان.

مالئاواییان لە هەموومان کردو بۆ هەمیشە لە دڵی هەموو کوردێکدا زیندوون و نەمرن. زۆریش لەو قارەمانانە بە بریندارى و بە کۆڵی هاوسەنگەرێکیەوە دواپین قسەو ئاوات و ئارەزووی خۆیان بە پچڕ پچڕ وەکوو (وەسیەت) بە گوێی ئەو هاوسەنگەرەی گەیاندووە. ئەم شەهیدانە بۆ هەمیشە لەناو دڵ و دەروونی میللەتەکەیاندا دەژین و هەر بەنەمری و بەرزی دەمێنەوە شەهید یوسف: لە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە گوندی (بەفرەوان) لە ناوچەی شاروێرانی مەهاباد لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش و لە باوەشی بنەماڵەیەکی کوردپەروەر چاوی بەدنیا هەڵێناوەو یەکەم هەناسەی بە هەوای ساف

بەشی یەکەم

و بێگەردی کوردستان هەڵمژیوە. یوسف لەتەمەنی ٦ ساڵی دەخرێتە بەر خوێندن و دوای تێپەڕاندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ڕاهنمایی و دەبیرستان، دیپلۆمی لەڕشتەی ساختومان لە هونەرستانی سەنعەتی مەهاباد وەرگرتووە. یوسف لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی ڕژیمی پاشایەتی، شان بەشانی هاوڕێکانی لە هونەرستان بەشداری چالاکانەی ڕێپێوانەکان بووە. دوای سەرکەوتنی شۆڕش و ئاشکرابوونی تێکۆشانی حزبی دیموکرات، هاتە ناو ڕیزەکانی تەشکیلاتی حزب. یوسف بە پێی لێهاتوویی لە کۆنفرانسی تەشکیلاتی مەهاباد لە گوندی (قەمتەرە) کە بە مەبەستی تەرمیمی تەشکیلات دوای گیرانەوەی شاری مەهاباد لە کۆتایەکانی ساڵی ١٣٥٩ بەستراو. لەم کۆنفرانسەدا شەهید یوسف بە ئەندامی تەشکیلاتی مەهاباد هەڵبژێردرا. کە بەوپەڕی دڵسۆزیەوە وەک کادرێکی تەشکیلاتی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی حزبی لەناوچەکانی مەهاباد ڕادەپەڕاند. شەهید یوسف لەباری کەسایەتیەوە هەتا بڵێی ڕۆح سووک و خۆنەویست، خەڵکی، خاکی، لەهەمان کاتدا لاوێکی یەکجار شایی بەخۆبوو. شەهید یوسف لە کۆنفرانسی پێش کۆنگرەی ٥ی حزب لەساڵی ١٣٦٠ سەرلەنوێ بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد هەڵبژێردرایەوە و وەک کەسێکی چالاک بەرپرسایەتی کۆمیتەی ناوچەی (شامات)ی پێ ئەسپێردرا، هەتا کۆتایی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦١ لەو ئەرکەدا مایەوە. دوو ڕۆژ پێش هێرشی سەرانسەری ڕێژیم بۆسەر ناوچەی شامات لەسەر بڕیاری کۆمیتەی شارستانی مەهاباد ئەرکی بەرپرسایەتی ناوچەی شامات دەدرێ بە کاک سەید عەبدوڵای حوسوینی. بەڵام کاک یوسف وەک کادری سیاسی هێزی شەهید پێشەوا دیاری کرا و هەتا پایزی ١٣٦٢ ئەو ئەرکەشی بە شایستەگیەوە بەڕێوەبرد. لە کۆنفرانسی پێش کۆنگرەی ٦ی حزب لە گوندی گاگەش لە پایزی ساڵی ١٣٦٢ کاک یوسف بۆ دەورەی سێیەم بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد هەڵبژێردرایەوەو هەروەها وەکوو بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی شاروێران دیاری کرا. هەروەها وەکو نوێنەر بۆ کۆنگرە هەڵبژێردرا. کاک یوسف لەناوچەی شاروێرانیش هەر وەکوو ناوچەکانی تر لە ئەرکەکانی حزبی دا تێکۆشەرانە کارەکانی ڕادەپەڕاند. هەتا ڕۆژی ١١ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٦٣ دوژمن هێرشێکی زۆر بەربڵاوو فراوانی کردە سەر پێشمەرگەکانی هێزی پێشەواو هێزی بەیان و یەکیەتی لاوانی دیموکرات لەناوچەی شاروێران بە هەموو جۆرە چەکێکی وەکوو کاتیۆشاو تۆپ و خومپارەو هێزێکی زەبەلاح. هاوکات هێزێک لە پێشمەرگە بۆ زەربە لێدان لە پەیکەری داگیرکەران لە شاری مەهاباد دا بوون، لە گەڕەکەکانی (باغی سیسە، دامپزشکی، پردی یەرغو) بەفەرماندەیی شەکرە. هاوکات شەڕ لەناو شارو لە دەشتی شاروێران دەست پێدەکات، شەڕێکی زۆر قورس و خوێناوی کە ئەوکات شەهید یوسف شەریفی لەگەڵ کاک چرچە دەبێ. کاک چرچە فەرماندەیی ئەم شەڕە سەخت و دژوارەی دەکرد. پێشمەرگەکانی هێزی بەیان و یەکیەتی لاوانیش هەموویان پێکەوە پێش بە هێرشی درندانەی دوژمن دەگرن و بەدرێژایی ڕۆژ شەڕێکی سەنگەر بە سەنگەرو دەستەویەخە درێژەی دەبێ. هەتا سەرئەنجام زۆرتر بەهۆی تۆپ و کاتیوشابارانێکی زۆر خەست بەداخێکی زۆرەوە ٢١ پێشمەرگەی قارەمان و شۆڕشگێڕ گیان و خوێنی خۆیان دەبەخشن بۆ ڕزگاری و ئازادی وڵاتەکەمان کاک یوسف شەریفی یەکێک لەو شەهیدانە بوو. بەداخەوە

بەشی یەکەم

فەرماندەی قارەمان کاک چرچەش لەو شەڕەدا شەهید دەبێ٠ هەروەها پێشمەرگەکانی ناو شار دوای شەوو ڕۆژێک لە گەمارۆی دوژمن دا دەبن بە ٤ شەهیدو چەندین بریندارەوە توانیبوویان گەمارۆی توندی دوژمن بە چەکی بڕواو لەخۆبوردووی بشکێنن و بگەڕێنەوە جێگاکانی خۆیان، سەرجەم لەم دوو شەڕە گەورەدا ٢٥ پێشمەرگەی قارەمان و بە ئەزموونی گەلەکەمان شەهید بوون. جێگای سەرنجە کەدەبێ باسی بکەم، کاتێک کاک یوسف بە بریندارى بەکۆڵی یەکێک لە هاوسەنگەرانیەوە دەبێ، وەکوو ئەوەی پێشبینی کردبێ و دڵی خەبەری دابێ بە پێشمەرگەکە دەڵێ بە سەید عەڵای حوسەینی بڵێ دوای شەهید بوونم ئەو ژیانامەکەم بۆ بنووسێ، بەداخەوە دوای تەواو کردنی وەسیەتەکەی بەکۆڵی پێشمەرگەکەوە دیسان سەرلەنوێ پڕیشکێکی تری کاتیۆشای بەردەکەوێ و گیان ڕۆحی پاکی بە کوردو کوردستان دەبەخشێ.

هەر بۆیە زۆر سوپاسی (سەید عەولا حسینی) هاوڕێ و هاوسەنگەری شەهید یوسف شەریفی دەکەم، لەنووسینەوەی ئەم یادەدا هەموو ئەم دێڕانەی بۆ ناردم منیش پێشکەش بە خوێنەرو هەموو ئێوە بەڕێزانم کرد.

یادێک لە شەهید: جەلال موئمنی



ڕێکەووتی شەهید بوون، هەینی گەلاوێژی ١٣٦٢ شەهید جەلال لەشارە جوانەکەی مەهاباد چاوی بەدنیا هەڵێنابوو، خوێندنی سەرەتایی تەواو نەکردبوو کە ڕژێمی شاهەنشاهی ڕووخاو کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی بەسەر بەرهەمی خوێنی شەهیدان و زەحمەتەکانی خەڵکی سەرتاسەری ئێران دا گرت کاتێک خومەینی دەستووری جەهادی دەرکرد بۆسەر خەڵکی کوردستان، لە جوابی مافە ڕەواکانی گەلی کورد شەڕیان داسەپاند بەسەر گەلی کوردا. بۆیە خەڵکی کوردستان بە پاڵپشتی حزبە سیاسیەکان بە تایبەتی حزبی دیموکراتی کوردستان بەرەنگاری هێرشی دڕندانەو نامرۆڤانەی ڕژێمی مەلاکانی تاران بوونەوە. لەسەرتاسەری کوردستان پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل وەکوو شاخە سەختەکانی کوردستان خۆڕاگریان کردو لە هەموو شارو گوندەکانی کوردستان شکستیان بەو هێزە زەبەلاح و پۆشتەیەی ڕژێم هێنا. هەموو ڕۆژێ پێشمەرگە تالاوی مەرگیان بەگەروی داگیرکەران دا دەکردو کوردستانیان لێکردنە گۆڕستانێکی گەورە شەهید جەلال موئمنی: لەشەڕەکانی ناو شاری مەهاباد وەکوو لاوێکی تازە پێگەیشتوو، تینوی ئازادی و کوردایەتی لە هەموو شەڕەکانی ناوشاردا وەکوو هەستەیەکی زۆر چالاک و هەڵسووڕو ئازا، هاوکاری هێزی پێشمەرگەی دەکرد. من بۆخۆم چەندین جار شاهێدی قارەمانی و نەترسی ئەم لاوە تێکۆشەرو چالاکە بووم، کە پێش دەستپێکردنی عەمەلیات جەلال دیدەبانی دەکردو سات بە سات دەنگ وباسی ناو شەقام و کوچەکانی پێدەکووتین و لەهەموو جموجۆڵێکی دوژمن ئێمەی ئاگادار دەکرد. بێجگە لە کاری پێشمەرگایەتی و نیزامی، هەستەیەکی یەکجار بەکارو دڵسۆز بوو، خولیای ئەوەبوو ببێتە پێشمەرگەو چەک هەڵگرێ و وەک پێشمەرگەیەک

بەشی یەکەم

بە ئاشکرا بەدژی داگیرکەران بوەستێتەوە. بەڵام ئەوکات تەمەنی کەم بوو هەروەها ئەوکارەی ئەو ئەنجامی دەدا لە ناوشار بە زۆر کەس نەدەکرا. هەتا سەرئەنجام جەلال لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٦١ بەیەکجاری لیباسی پیرۆزی پێشمەرگەی پۆشی و چەکی شەرەف و بەرەنگاری لە خاک و وڵاتەکەی کردە شانی. ماوەیەک پێشمەرگەی بنکەی هێزی شەهید پێشەوا بوو پاشان هێنامانە بنکەی ئەرکانی لکی ١ شەهید کاک شوان. هەتا سەرئەنجام لە ناوچەی شارۆیرانی مەهاباد لە گوندی قەرەشڵاغ لە شەڕێکی قورس و نابەرابەردا لەگەڵ هێزێکی زەبەلاحی جاش و پاسدار ڕووبەڕوو دەبن و دوای شەڕێکی چەندین کاتژمێری لە هەرچوار لاوە دەورەیان دەگرن. شەڕێکی دەستەویەخەو سەنگەر بەسەنگەرو ماڵ بەماڵ هەتا تاریکانی شەو درێژەی دەبێ کە دوژمن ناچار بە هەڵاتن دەبێ و کوژراوو بریندارای دوژمن ئەوەندە زۆر بوون کە جەنازەی زۆریان لەمەیدانی شەڕدا بەجێمابوون بەداخەوە لەم شەڕە نابەرامبەرەدا بەهۆی تۆپ و خومپارەو کاتیۆشا بارانەوە پۆلێک لە باشترین ڕۆڵەکانی گەل و حزبی دیموکرات شەهید بوون و بەخوێنی خۆیان سەلماندیان کە سەرسەختانە بەرەنگاری لەخاک و نیشتمانەکەیان دەکەن و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی کوردستان بوون.

یەکێک لەو شەهیدە سەربەرزانە شەهید (جەلال موئمنی) بوو.

ڕۆحت شادو یادی هەمیشە زیندوو. شوێنی گلکۆ کۆنەدێ لە شارۆیران.

شەهید محێدین ئەسیری: ناسراو بە محێدین مەحمەڵ.



محێدین لە گوندی (قولّەسەن) لە ناوچەی مەهاباد چاوی بە دنیا هەڵێناوە. لە سەرەتاکانی دەسپێکردنی شۆڕش و بەرەنگاری کردن لە هێرشی دوژمن بۆ سەر کوردستان، وەکوو زۆربەی لاوەکانی کوردستان بە شانازیەوە هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان. چەکی شەرەف و لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی. شەهید محێدین لەهێزی پێشەوا لە لکی ١ سازمان دراو وەکوو پێشمەرگەیەکی گیان لەسەر دەست خەبات و تێکۆشانی خۆی دریژە پێدا. لەناوچەکانی مەهابادو دەوروبەر، هێرشی دوژمن زۆر بەربڵاو دەستی پێکردبوو. پێشمەرگەکان هەموو ڕۆژێ هێرشەکانی دوژمنیان تێکدەشکاندو لەهەموو بەرەکانی شەڕ زەربەی زۆر گەورەو کاریگەریان لە پەیکەری هێزەکانی ڕژیم دەدا. دوژمن کە لە ئاست هێزی پێشمەرگە وەی خۆیان لەدەست دابوو. توانای بەرگریان نەمابوو پێشمەرگە و خەڵکی پشتیوانی پێشمەرگە داستان لەسەر داستانیان بۆ مێژووی گەلەکەیان تۆمار دەکرد. شەهید محێدین یەکێک لەو قارەمانانە بوو کە دوژمنیان بە چۆک داهێنابوو. کوردستانیان لێ کردبوونە گۆرستان و تاڵاوی مەرگیان پێ دەچێشتن. یوسف پیرزاد لە گوندە جوانەکەی (لەج) لە شارۆچرانی مەهاباد چاوی بە دنیا هەڵێنابوو. شەهید یوسف: وەکوو هەموو لاوێکی کورد دوای سەرکەووتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەویش بۆ بەرەنگاری لەخاکی پاکی کوردستان و لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری گەلە بێ مافەکەی، ڕێگەی خەبات و تێکۆشانی هەڵبژاردو سەنگەرو ڕێبازی پێشەوای نەمر (قازی محمد)ی هەڵبژاردوو هاتە ناو ڕیزەکانی

بەشی یەکەم

حزبەکەی (پێشەوا) بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی و لە سەنگەری ڕێکخراوەکانی حزبی دا وەکوو کادری سیاسی دەست بەکار بوو. هەم پێشمەرگە بوو گیان لەسەر دەست هەم کاری ڕێکخراوی کۆمیتەی ناوچەی بەڕێوە دەبرد. کادرە سیاسی یەکانی حزب هیچ لەو پێشمەرگانە لە دواتر نەبوون کە لە سنگەرەکانی پێشەوەدا بوون، بەڵکوو ئەوانیش لە زۆربەی عەمەلیاتەکانی پێشمەرگەدا سەنگەر بە سەنگەر لەگەڵ پێشمەرگەکان بوون، زۆرن ئەو کادرانە کە لەگەڵ پێشمەرگە شەهید بوون. شەهید یوسف لە گرتنی پایەگای (گابازەڵە) لە شاروێرانی مەهاباد دەستێکی بالای هەبوو پایەگایەکی گەورەی ڕژێم بوو کە زیاتر لە ١٠٠ کەسی تێدا بوو هەمووی گیراو بە تەواوی دەست بەسەر پایەگادا گیرا. من لەو عەمەلیاتەدا بەشدار بووم ، کە بە تۆڵەی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهابادی ئەنجام درا، کە هەموویان تیرەبارانکران لە لایەن ڕژێمی کورد کوژو فاشیستی کۆماری ئیسلامیەوە. لە ڕۆژی ٣ - ٧ - ١٣٦٣ بەرامبەر بە ٢٥ - ٩ - ١٩٨٤ مجێدین مەحمە ، بۆ کاروباری حزبی دەچێتە ناو تالاوەکانی شاروێران جێگایەک بەناوی (شیرناو) لەوێ دوژمنانی ئازادی لە کەمیندا دەبن و بە گەیشتنی بۆ ئەو جێگایە دەدرێتە بە دەستڕێژو بەداخەوە هەر لەوێ شەهید دەبێ و گیان و خوێنی خۆی دەبەخشنە ڕێگای ئازادی و ڕزگاری گەلەکەی. بۆ دوانیوەڕۆ شەهید یوسف دەیەوێ بچێ تەرمی شەهید مجێدین بێنێتەوە، ئەویش دەکەوێتە ناو کەمینی دوژمن و بریندار دەبێ، یوسف تازە دەزانێ برینەکەی کاریەو ناتوانێ دەربازبێ، دوای شەڕێکی قارەمانانە، بۆ ئەوەی بە زیندوویی نەکەوێتە دەستی دوژمن بە نارنجۆک خۆی دەتەقێنێتەوەو شەهید دەبێ.

سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد بۆ ئازادی ..

بمرن دوژمنانی ئازادی. ئەم یادو بیرەوەریانە دریژەیان هەیە و چاوەڕوانی بەرهەمی داهاتوو بن.

یادێک لە شەهیدی فەرماندە (هەمزە عەبدوڵاهی) ناسراو بە هەمزە سارتکەیی.



هەمزە لەساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە گوندی (سارتکێ) سەر بە شارستانی (ڕەبەت) لەناو باوەشی گەرمی بنەماڵەیەکی هەژار و زەحمەتکێش چاوی بەدنیا هەڵێناوەو هاتۆتە ناو ژیان. هەمزە وەکوو هەموو منداڵانی گوندەکەی هەتا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندەکەی تێپەڕ دەکا، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە شاری ڕەبەت لەوێ هەتا کۆتایی پۆلی سێیەمی ناوەندی درێژە بەخوێندن دەدات. پاشان لەگەڵ بنەماڵەکەی خەریکی کاری وەرزێری و زەحمەتکێشان دەبێ بۆ بژێوی بنەماڵەو بەڕێچوونی ژیانیان هەتا ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی. کاتی خرۆشانی خەڵک و خۆپیشاندانەکانی سەرتاسەری ئێران، هەمزە لەگەڵ هاوڕێکانی خولیای کوردایەتی و گڕی نەتەوایەتی لە دڵ و مێشکیاندا کڵپەی دەکردو دائیسا. سەرەتا وەکوو لایەنگر لە حزبی دیموکرات هاوکاری و تەبلیغاتی بۆ شۆڕش و سیاسەتەکانی حزب دەکرد لەناو دۆستان و هاوڕێیانی و خەڵکی گوندەکەی. بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ خۆشەویستی بۆ حزبەکەی زیاتر دەبوو، زیاتر دەچووە ناو قوڵایی شۆڕش و ڕزگاری و ئازادی و بیرکردنەوەی خۆی لەناو حزبی دیموکرات دا دەدیتەوە. بۆیە لەساڵی ١٣٦٠ ی هەتاوی بە فەرمی هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی و بۆ دیفاع لەخاک و نیشتمان لەبەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان بەشانازییەوە چەکی شەرەف و کوردایەتی کردە شانی. هەمزە هەر زۆر زوو جێگای لەناو دڵی هاوسەنگەرانی دا کردەوەو بە وردی بەرزی و ئیمانی قوڵی بە ڕێبازەکەی هەمزە ببوە خۆشەویستی هاوڕێیانی و دەوروبەری و خەڵکی ناوچەکە. لە شەڕەکانی ناوچەدا تواناکانی خۆی وەدەرخست کە بەڕاستی کوڕی ناو

بەشی یەکەم

سەنگەرو شێری داستانەکانە. لە ناوچەکانی سەردەشت و ڕەبەت بەهۆی کۆکردنەوەی ئەزموونێکی زۆر لە شەڕەکانی ئەو ناوچانە و خۆڕاگری و ئازایەتی ببوە سەمبولی ئازایەتی و قارەمانی لەناو خەڵک و هاوڕێیان بەم بۆنەیەوە دەکرێتە جێگری دەستە، دوای ساڵێک بەهۆی سەرکەووتنەکانی لە مەیدانی شەڕدا پلەی سەردەستەیی پێ دەدەن و ئەرکی زیاتر دەکەوێتە سەرشانی هەمزە، بۆیە لەجاران زیاتر هەوڵەکانی خۆی چڕتر دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەمزە وەکوو فەرماندەیەک زۆر وردو بە دیقەت و کارەکانی هەمووی لە ڕووی بەرنامەوە بەڕێوە دەبرد، بۆ هەر عەمەلیاتێک بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبوو. هەمیشە دەیویست گەورەترین زەربە لەدوژمن بدات و کەمترین خەساریان هەبێ. بۆ شەڕە دەستنیشان کراوەکان تەرح و نەخشەی خۆی هەبوو، وەکوو شەڕەکانی: گرتنەوەی ڕەبەت، شەڕی پشتی ماڵی سارتکێ، بایز کوژاو مۆڵگەی سیر، چەک کردنی چەکدارەکانی بریسوێ، شەڕی مامەزین، شەڕی خولیسان، شەڕی سارتکێ و زمزیران، گرتنی مۆڵگەی بەسرێ شەڕی سێوە سورە، شەڕی شاخە ڕەشان، شەڕی سورکێوی بانە شەڕەکانی قەڵاتی کەوان و ئەستۆک، شەڕی پشتی کانی ڕەش، شەڕی مام زین و خولیسان، شاخەڕەشان و فەقێ مادین و دەیان شەڕی تری کە دوژنیان وەزاڵە هێنابوو لە ناوچەکەدا دوژمن بەناوی هەمزە زیڕەی دەکردو ترس و دڵە ڕاوکەی دەخستە ناو دڵ و دەرونی هێزەکانی دوژمن. هەر شەڕێک هەمزە لەگەڵ بوایە دوژمن خۆی پێ ڕانەدەگیراو هەڵدەهاتن. هەمزە لەژیانی پێشمەرگایەتی دا بەرپرسایەتی جۆراوجۆری وەرگرتوەو لەهەموشیاندا سەرکەووتو بوەو شانازی بۆ خۆی و حزب تۆمار کردووە. وەکوو: جێگری فەرماندەری لک، فەرماندەری لک، جێگری فەرماندەری هێز، فەرماندەری دەستەی کۆماندۆ، فەرماندەری تیپ، سەرپەرستی هێز، بەرپرسی تەداروکاتی حزب، شەهید هەمزە چەندین جار بریندار بووە و هەموو جارێ دوای سارێژ بوونەوەی برینەکانی گەڕاوەتەوە ناو سەنگەری دیفاع. بەداخێکی گرانەوە لە ڕۆژی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی هەتاوی کاتێک لەناوخۆ بوون بۆ کاروباری حزبی، دوژمن کە هیچ کاتێک توانای بەرەنگاریان نەبووە لەگەڵ ئەم قارەمانانە، پەنا دەبەنە بەر دانانەوەی کەمین بۆ پێشمەرگەکان لەکاتێکدا دەیانزانی تەنها چەند کەسێکن، جاش و پاسدارەکان لە کەمیندا دەبن بۆ ئەم قارەمانانە هەتا لە گوندی (گردێنە)ی ناوچەی سەردەشت دەکەونە ناو کەمینی دڵ ڕەشان و ترسەنۆکەکان و بەهەموویان لێیان دەدەن و بەداخەوە پێشمەرگەکان کە لەناکاو دەدرێنە بەر دەستڕێژی بارانەی گوللەی دوژمن پێشمەرگەکان قارەمانانە لێیان وەدەست دێن و دوای شەڕێکی دەستەویەخە بەداخەوە ئەم ٣ قارەمانە شەهید دەبن. شەهید هەمزە عەبدوڵاهی شەهید قادر قادری شەهید قادر نەزمی هەرچەندە ئەم قارەمانانە شەهید بوون، بەڵام بۆ هەتا هەتایە ناوو نیشانیان لەناو دڵی خەڵکی کوردستان و هاوسەنگەرانیاندا بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوەو سەربەرزانە تێکەڵ بەکاروانی شەهیدانی کوردستان بوون.

بەشی یەکەم

مامۆستا (حەسەن شیوەسەڵی)



ئەوکات کە ئەو ڕووداوە لە بنکەی هێزی گیارەنگ ڕوویدا، من لەوێ نەبووم چونکە تازە ژیانی هاوبەشم پێک هێنابوو لە شاری سلیمانی بووم. بەڵام پێشمەرگەی بنکەی هێزی گیارەنگ بووم، مامۆستا (حەسەن شیوەسەڵی) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەری هێزی گیارەنگ بوو. بەڕێزی هەتا بڵێی و دڵت بخوازێ کەسێکی دیموکرات و سادق و ڕەشیدو بەوەفاو دلێرو ڕۆح سووک و خۆشەویستی هەموو کادرو پێشمەرگەکانی هێزو خەڵکی ناوچەکە بوو. کەمترجار هەڵدەکەووت بۆ عەمەلیاتەکان لەگەڵ نەبوایە هەمیشە لەڕیزی پێشەوەی سەنگەرەکان بوو لەگەڵ پێشمەرگەکان. فەرماندەیەکی بە توانا و بە بەرنامەو بوێرو لە خۆبوردوو بوو، من ماوەی چەند ساڵێک لەخزمەتیدا بووم، دەزانم کەسایەتی مامۆستا چەندە ڕیشەدار بوو لەناو خەڵکی ناوچەکەداو لەناو هەموو کادرو پێشمەرگەکاندا. دوژمن هیچ کاتێک لەباری سەربازیەوە نەیدەتوانی بەرەنگاری ئەم فەرماندە قارەمانە بێتەوە زۆرجار پیلانی تیرۆری ئەم فەرماندەیان دارشت و بەڵام هەرگیز سەرکەووتوو نەبوون، دوژمن مەبەستی بوو لەناوی بەرێ چونکە تەنگی بەهێزەکانی دوژمن هەڵچنیبوو لە ناوچەی سەردەشت. بۆیە سەرئەنجام ئیتلاعاتی ڕژێم کە خەبەری هەبوو کاک حەسەن چەند کەسێکی ڕاسپاردبوو کە کتێبی (ددان چەرموو) یان

بەشی یەکەم

(سپید دندان)ی بۆ بکرێ و بۆی بێنن. دوژمن لەم فرسەتە کەڵکی وەرگرتبوو هێنابوویان کتێبەکەیان هەڵکۆڵیبوو ناوەکەیان پڕ کردبوو لە مەوادی تەقینەوە بە شێوەی شێلان و پەستراو هەتا لەکاتی تەقینەوەدا ئەوپەڕی وێرانکاری بکات. بۆ ئەم مەبەستە دوژمن ٢ کەسی دیاری کردبوو بە شێوەیەکی فێرکراوو و تەعلیم دراو هەتا هیچ شک و گومانێک نەمێنێ، ئەم کەسانە بریتی بوون لە(سەمەد کاژەیی و حەسەن ڕەمەزانی) کتێبەکە لەگەڵ خۆیان دێنن و تەحویلی کاک حەسەن دەدەن. کاتێک کتێبەکە دەکاتەوە لە باوەشیدا دەتەقێتەوەو دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەردوو چاوەکانی و هەردوو دەستی. کارەساتەکە زۆر دڵتەزێن و سامناک بوو دوژمن توانی زەربەی خۆی بوەشێنی لە حزبی دیموکرات بە گشتی و لە مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی بەتایبەتی. هەتا ئێرە زۆر ئاساییەو ئێمە لەشەڕداین لەگەڵ دوژمن لەشەڕیشدا شیرینی نابەخشنەوە، من پێمواید هەرچەندە زەرەرێکی گەورەیان لێداین بەڵام مامۆستا پێشتر لەشەڕەکاندا لەگەڵ دوژمن بە دەیان جار زیاتر تۆڵەی خۆی لە دوژمن کردۆتەوە، بەڵام دیسان سەرمایەیەکی وەکو مامۆستا کەم نەبوو بۆ حزبی دیموکرات وخەڵک یەکجار گرنگ و بە نرخ بوو. بەم شێوەیە ٣٠ دانە ساڵە مامۆستا بەدەم ئەم هەموو ئازارەوە دەناڵێنێ. بە قەولی خۆی دەفەرمووێ ژانی من (ڕەشە ژانە). هەرچەندە لێرەدا من کارم بە ٢ بابەکەی دیموکرات نیە باسەکەی من با نەبێتە ئەم باڵ و ئەو باڵ لەسەر یەک مەبەستم هەموو بەرپرسانی حزبی دیموکراتە لە ڕادەی سەرەوەدا ئەوانەی کە قسەیان دەڕوات و دەتوانن بڕیار بدەن. دەمەوێ لە هەموویان بپرسم و بە نەوەکانی داهاتووی بسپێرم، سبەینێ منداڵەکانی ئێستا گەورە دەبن و دەپرسنەوەو بۆیان پرسیارە کە بۆچی لەکات و ساتی خۆیداو لەم هەموو کاتەی کەبەدەستەوە بوو نەتانتوانی پەروەندەی شەهیدان دکتورەکان و ڕێبەرەکانمان (قاسملوو - شەرەفکەندی) و شەهیدی زیندوو (حەسەن شیوەسەڵی) هەمیشە زیندوو ڕابگرن؟؟ ئایا نەدەکرا لەسەر شەهیدی زیندوو مامۆستا کە بۆخۆی هێشتا لە ژیاندا ماوەو نەفەسی کۆڵە مەرگی دەکێشێ و سیستمی بەدەنی بێ دەست و بێ چاوی ئەو گەورەترین و زیندووترین شاهیدە بۆ مەحکوم کردنی کۆماری سێدارەو تیرۆریستی ئیسلامی ئێران لە هەموو دادگاکانی ناو ووڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا، هەتا ڕێبەرانی تیرۆریستی ئێرانی پێ بێنە ناو دادگاکانی ئەوروپا ؟؟؟ بەداخەوە ئێستا دەبوو ئێمە ئەم تیرۆرە بکەینە مەشخەڵی ڕێگای سزادانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو جیهان دا. دەبوو تیرۆری مامۆستا لە ڕیزی تیرۆری ڕێبەراندا بوایە. من داوا لەهەموو تازە پێگەیشتووەکان و لاوان و کیژو کوڕانی کوردستان دەکەم هەرگیز پشت گوێ خستنی ئەم پەروەندانەی شەهیدانی ڕێبەرو شەهیدانی زیندوو لەبیر نەکەن و ڕێبەرانی ئێستاو ئەوسا بێنە بەر پرسیارو لێیان بکۆڵنەوە و بڵێن ماوەی چەند دەیە دانیشتن لە باشووری کوردستان بۆچی کۆماری ئیسلامیتان هەڵنەسوڕاند لە دەرەوەی ووڵات و نەتانکیشانە ناو دادگاکانی ئەورپا.؟؟؟؟ کاک حەسەن شیوەسەڵی ئێستاش وەکوو فەرماندە هێزی خۆمی دەبینم و هەمیشە خۆم بە وەفادارو پێشمەرگەیەکی ئەو زانە گەورەیە دەزانم. پێویستە بڵێم کاتی تەقینەوەکە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٦ی هەتاوی بوو لە بنکەی هێزی گیارەنگ ڕوویدا. هەروەها هەردوو خائین و خۆفرۆشەکان لەلایەن حزبەوە بەسزای خۆیان گەیشتن.

یادێکی کورت لە شەهید (جەواد شێخ محمدی)



جەواد لەدایک بووی شاری مەهاباد بوو، وەکوو هەموو کوڕە کوردێکی دڵسۆز بۆ خاک و نیشتمانەکەی هەستی بە زوڵم و زۆری کردبوو لەسەر گەلەکەی. بۆیە لەسەرەتای ساڵەکانی یەکەمی شۆڕش و پێشمەرگایەتی دا، نەیتوانی لەژێر حوکمڕانی ڕژێمـــی کۆنەپەرستاندا بژی و بینەری ئەو هەموو زوڵم و زۆرداریە بێ. بۆیە بڕیارێکی شۆڕشگێڕانەی داو خۆی گەیاندە ناو ڕیزی ئـــەو حزبەی کە باوەڕی پێی هەبوو حزبی دیموکراتی کوردستان). جەواد هەرچەندە تەمەنی زۆر نەبوو، بەڵام زۆر زوو توانـــی جێگای خۆی لەناو دڵ و دەروونی هاوسەنگەرانی و دەوروبەرەکانی دا بکاتەوە. جەواد زۆر بەپەلە بوو چەکی شەرەف بکاتە شان و لەگەڵ پێشمەرگەکان لەشەڕو بەرەنگاریەکاندا بەشداری چالاکانەی هەبێ. پاش ماوەیەک مانەوە لەگەڵ پێشمەرگەکان شەرەفی پێشمەرگایەتی پێ بەخشراو لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی. لەوکاتەوە جەواد ئەوەندەی من لەبیرم بێ بۆ هەموو شـەڕو ئەرکەکانی حزبی یەکەم کەس بوو کە خۆی ئامادە دەکردو بەوپەڕی خۆشحاڵی و ورەیەکی بەرزەوە لەڕیزی پێشەوەی هاوڕێیانی بوو، جەواد لەگەڵ هەموومان دوستێکی وەفادارو وەک برا لەپشتت دەمایەوە، یەکێک بوو لەو کوڕانەی زۆر زوو تواناکانی خـۆی نیشان داو لەهەموو شەڕەکانی ناو شاری مەهابادو دەوروبەر بەشداری ئازایانەی هەبوو، بۆ گرتنی پایەگاکانی دوژمن جەواد لەڕیزی پێشەوەی هێرشبەران بوو، لەبیرمە کاتێک هاتبووە پەلی شاهۆ لە چوونەوەمان بۆ ناوشاری مەهەباد هەمیشە یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو کە کەمین شکێن بوون. جەواد چەندین جار بەقورسی و بەسووکی بریندار بوو، بەڵام هەمیشە دوای ساڕێـژ بوونەوەی بریندەکانی دەگەڕاوە ناو سەنگەری شەرەف. هەتا

بەشی یەکەم

ڕۆژی ٩ - ٩ - ١٩٨٨ لەئەرکێکی حزبی دا بۆ قۆڵایی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دوژمن وەکوو کۆمیتەی ناوچە لەشەڕێکی نابەرامبەردا دوای بەرەنگاریەکی چەند کاتژمێری بەداخەوە لە پشتی (ئەسحاب) شەهید دەبێ و بەسەربەرزی و بەشانازیەوە تێکەڵ بەکاروانی شەهیدان دەبێ. شەهید جەواد لەژیانی پێشمەرگایەتی دا زۆرێک لە بەرپرسایەتی جۆراوجۆری هەبوو، جەواد لەگەڵ ئەوەی پێشمەرگەیەکی قارەمان و نەبەز بوو کادرێکی هوشیارو بە هەڵوێستیش بوو.

هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەو شۆخی و خۆشەویستی و پێکەنینەکانتم هەرگیز لەبیر ناچێ و لەگوێمدا بۆ هەمیشە دەزرنگێتەوە یادو یادگارەکانت هەر زیندوون و بۆ هەمیشە لەدڵماندای. کاک ئەنوەری برای شەهید جەواد بۆی نووسیوم، کە بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی شەهید جەواد ڕادەی پەنجا هەزار تمەنیان لێوەرگرتوون لەگەڵ قوتویەک شیرینی،، کە ئێمە نابێ هەرگیز ئەو بێ حورمەتیانە لەبیر بکەین.

یادێک و وەفایەک بۆ شەهیدی نەمر (متەلیب نەبی زادە)



شەهید متەلیب لە ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی (گەنج ئاوا)سەر بەناوچەی "مەهاباد" چاوی بە دنیا هەڵێناوە. کلاسی سێیەمی ڕەهنمایی لە خوێندن تەواو کردوە، پاشان هەستی کوردایەتی و هەست کردن بە چەوسانەوەی نەتەوایەتی کە بە چاوی خۆی هەموو ڕۆژێ دەیدی تورکەکانی دەوروبەریان چۆن دەیانچەوسێنەوەو زوڵمیان لێ دەکەن. بۆیە ڕێگای خەباتی حزبی دیموکراتی کوردستانی هەڵبژارد بۆ ڕزگار کردنی گەلەکەی لە هەموو زوڵم و زۆرێک. ساڵی ١٣٦٠ بە ڕەسمی بوو بە پێشمەرگەو لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی. من داوام لە هاوڕێی خۆشەویست و هاوسەنگەری شەهید متەلیب کرد کاک (سەید عەولا حوسەینی) کە یارمەتیم بدات بۆ ئەم یاد کردنەوەیە. ئەویش درێغی نەکردو یارمەتی دام سوپاسی دەکەم. کاک سەید عەولا دەڵێ من لە ساڵی ١٣٦٠ وە متەلینم ناسیوە. کاتێک بە ئەرکێکی حزبی و کۆمیتەی شارستانی مەهاباد چووبوینەوە ناوچەی "شامات" بۆ ٢ کار. یەکەم پێکهێنانی کۆبوونەوەی گشتی لەسەرجەم گوندەکانی ئەو ناوچەیە. دووەم، پێکهێنانی هەستەکانیی فەعال و ئەکتیوی حزبی لە پەنا شانەکانی حزبی کە لە گوندەکان هەمانبوون، هەروەها زەمینە سازی و ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنفرانس بۆ گشت ئەندامانی حزب لەناوچەی "شامات". هەر ئەوکاتیش شامات یەکێک لە هەستیار ترین ناوچەکانی کوردستان بوو کە لە ٣ لاوە لە گەمارۆی دوژمن دا بوو، تەنیا لە دەروازیەکی چکۆڵەوە بە ناوچەی "شاروێران" وە دەبەسترایەوە. پارێزگاری ئەم ناوچە هەستیارە بە لکی ٢ی هێزی پێشەوا ئەسپێردرا بوو کە شەهید "چرچە بارام میرزا" فەرماندەیی دەکرد، جێگرەکەشی شەهید سمایل دامەنگیر بوو، لە شامات ٢ پەلی

بەشی یەکەم

پێشمەرگە لێ بوو یەکیان پەلی شەهیدان بە سەرپەلی کاک کەریم دادوەر و پاشان کاک سەید سمایل مەعروفی بـــوو دووەم پەلی شەهید حاجی مەلا برایم ڕۆستەمی بەسەرپەلی کاک هێرش و دوایە شەهید سەید عەبدوڵا بوو. لە شامات یەکێـــک لەو گوندانەی کە دەبوو سەردانمان کردبایە گوندی (گەنج ئاوا) بـوو زادگای شەهید متەلیب و هەروەهـا شەهیدی هەمیشە زیندوو کاک "سەید ئەبـووبەکر مەعروفی. کە پێکهاتەی گوندەکە تـورک و کـورد بـوون، لە درێژەی کارەکانمـان لەم گونـدە چـاوم بە متەلیب کەووت کە یەکێک لە چەرە دیارەکـانی ناوچەکەیـان بـوو، متەلیب بە تەواوی جێگـای بـاوەڕو متمـانەی نە تەنیـا کوردەکـان بەڵکـو خەڵـکە ئازەریەکـانیش بـوو، لەگەڵ ئەوەی لاوێکـی تـازە پێگەیشـتوو بـوو لەیەکەم کۆبـوونەوەی شـانەکەیاندا وەکـوو سەرشـانە هەڵیـان بـــژارد پاشـان لە کۆبـوونەوەی سەرشـانەکاندا بە بەرپرسـی کـۆمیتەی گونـدەکە هەڵبژێـردرا، کە دوای چەنـد مانـگ لە کۆنفرانسـی گشتـــی شـامات دا بە ئەنـدامی کـۆمیتەی نـاوچەی شـامات هەڵبژێـردرا، لەوکاتەوە کاری تەواو وەختی لە ڕیزەکانی حزب دا دەست پێکرد. لە کاتی پەلامـاری بەربلاوی هێرشی ڕژیـم بـۆ داگیرکردنـی ناوچەی شامات لە خەرمانانی سالی ١٣٦١ ناوچەکە لە هەر چوار لاوە گەمارۆی زۆر تـوندی خـرایە سـەر لە لایەن هێزەکـانی داگیرکەر، متەلیب یەکێک لەو پێشمەرگە جەسـوورو بە جەرگـانە بـوو کە شـەڕی مـان و نەمـانی بەرامبەر بە هێـزی داگیـرکەر کرد. ماوەی شەوو ڕۆژێک بەرەنگاریەکی شێرانەیان لە خۆیان نیشـان دا، کە تـوانیـــان شـەوی دواتـر گەمـارۆی تـونـدی دوژمـن تێک بشکێنن و ڕێگـا بـۆ دەیـان گەنـج و لاوی ئەو نـاوچەیە بکەنەوە کە خۆیـان دەربـاز بکەن لـــە قەتڵ و عـامی لاوەکـان لەلایەن دوژمـنەوە. هەر چەنـدە ئەو سـەرکەووتنە بە خـوێنی ٤ قـارەمـانی دیمـوکرات بەدیهـات دەشـتی شـامات بە خـوێنی سووریان ڕەنگین بوو، ١- سەید عەبـدوڵا ڕیـزی سـەرپەل خەڵکی گونـدی ئـاڵبڵاغی نەغەدە ٢- قـادر تـوژەڵی جێگـری پـــەل خەڵکی تـوژەڵی سەردەشت ٣- عومەر پەسـەندەری خەڵکی کولیجە ٤- خەلیل شێخ ئاغـایی خەڵکی کۆخـان. بـۆ ئێـوارەی ڕۆژی دواتـر متەلیب یەکێک لەو پێشمەرگە خۆبەخشانە بوو کە بۆ هێنانەوەی تەرمی شەهید عـومەر پەسـەندەری کە ڕۆژی شـەڕەکە بەهـۆی تـۆپ و خومپارەبـارانی تونـدەوەو حەسـاس بـوونی شـوێنەکە نەتوانرابـوو تەرمـی شـەهید لەنـاوچەی شـەڕەکە دوور بـخەنەوە بـــە فیـــداکـاری و هاوکـاری برایەکـی ئـازەری بە کەڵـک وەرگـرتن لە تـاریکی شـەو بە "ئەمـانەت" لە شـوێنێک شاردرابۆوە. هەر ئەو شەوە کە هەمو شامات گیرابوو هێشتا سام و دەنگ و ڕەنگی شەڕ لەسـەر نـاوچەکە مابوو بۆنی بـاروت و دوکەڵ هەر مابوو. تـویوتـایەکی بـێ چـرا بـێ تـورمزو بە قـوڕ داپۆشـراو لە دواوەی تیمێکی کەمین شکێن کە متەلیب یەکێک لەوان بوو، لە "چۆمی مجید خان" وە بە نێوانـی گـوردانی کەشـاوەرزی و پۆلیسـی ڕێگـای "میانـدواو" دا نەفوزیـان کـردەوە نـاو شامات، بە بوونی چەندین مۆڵگەو پێگە و پایەگـای تـازە لەلایەن هێزەکانی دوژمنەوە، سـریوەی بـاڵنـدەش نەدەهـات،، هەر کە چرای ماشێنی پێشمەرگەکان لە نزیک گوندی حاجـی حەسەن هەڵکرا خەڵکەکە هەسـتیان بە هـاتنەوەی پێشـمەرگە کـرد، سەمای شێرە ژنێکی کورد بە تەنیا چاوێک و دوو دەسرەوە لـــە پێش تـویوتـایەکە لەگەڵ متەلیب دڕیان بە سامی شەڕو شەوی شـوومی شـامات داو هەر وەک ئەوەی تەنـانەت پاسـدارێکیش لـــەو دەوروبەرە نەبێـت. دیـارە دەورو نەخشـی متەلیـب لەم

بەشی یەکەم

ناوچەیەدا لە ساڵەکانی دواتردا زیاتر دەبینراو هەستی پێدەکرا لەگەڵ ئەوە کە متەلیب کادرێکی سیاسی . تەشکیلاتی بوو لە زۆربەی هەرە زۆری عەمەلیاتەکان و شەڕی بەرگری پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا لە ناوچەکانی شامات،، چۆمی مەجید خان،، مەحاڵ،، سارم و میرقاز،، شارۆێران،، دەوروبەری میاندواو،، ناو شاری مەهاباد،، شەڕی گەورەی دامپزیشکی و باخی سیسە،، عەمەلیاتە هاوبەشە گەورەکەی هێزی پێشەواو هێزی بەیان بە فەرماندەیی شەهید چرچە و جێگری هێزی شەهید پێشەوا کاک ئاسۆ موکریانی و شەکرە مەجنوون ئەوەکات فەرماندەی لکی ٢ بوو لە ناو شاری بۆکان ئەوەی ناوشاری بۆکان بە فەرماندەیی شەهید خەلیل خەلەبان و فەرماندەری عەمەلیات شەهید چرچە بوو ئەوکات کاک کەریم پورڤتوباد فەرماندەری هێزی پێشەوا بوو. متەلیب لەگەڵ ئەوەی لە ساڵانی دواتردا ماوەیەک جێگری کادری ئاموزشی لە لکی ٢ی هێزی پێشەوا بوو پاشان لە کۆمیتەکانی سارم، چۆمی مەجیدخان، پاشانیش کۆمیتەی شارۆێران ئەرکی حزبی بەرێوەبردووە، بەڵام وەک کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی بۆ کۆمیتەی شامات مابوەوە و لە کاتی زۆر ئاستەم دا لەگەڵ چەند هاوڕێی سەردانی شامات و تەواو ناوچەکانی دەوروبەری شاری میانواویان دەکرد بە ئامادەییان لەو ناوچانە نەیاندەهێشت بێ پێشمەرگەیی بە ناوچەکەوە دیار بێ متەلیب لە باری کەسایەتیشەوە کوردێکی هەتا بڵێی ڕەزا سووک و مەتین، ئارام و لەسەرخۆ، بە نەزاکەت و خۆنەویست و کەم تەوقوع، لە مەیدانی کردەوەشدا پێشمەرگەیەکی جەسوورو بێ باک لە دوژمن، کادرێکی چالاک و هەڵسوور، ماندوو نەناس خەڵکی و خاکی بوو هەر ئەو تایبەت مەندیە بەرزانەی بوو کە کەسایەتیەکی دیاریان پێ بەخشی بوو،، ببوە خۆشەویستی هەمو خەڵکی ناوچەکەو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی. دواییین بەرپرسایەتی متەلیب بریتی بوو لەوەی کە لە مانگی پووشپەڕی ١٣٦٨ بەرپرسایەتی سیاسی تیمێک لە کادرو پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوای پێ ئەسپێردرا بۆ چوونەوەی قوڵایی ناوچەکانی مەهابادو میاندواو کە بەرپرسی نیزامی تیمەکە کاک عوسمان ئەفشین بوو .پێش گەیشتنیان بە قوڵایی ناوچە لە گوندی (زێویە)ی ناوچەی پیرانشار تووشی شەڕێکی نەخوازراو دەبن و متەلیب زۆر بە سەختی دەپێکرێ وبەداخەوە دەبێتە قوربانیەکی دیکەی شەڕی (خۆکوژی) و بە جوانەمەرگی سەر دەنێتەوە و تێکەڵ بە کاروانی سوور خەڵاتی گەلەکەمان دەبێ. لەناو کۆڕی غەم و پەژارەی هاوسەنگەرانیدا لە (زەوی گوێزان) بەخاکی دەسپێرن. دوای شەهید بوونی متەلیب (عەولا کوێخا نەبی) باوکی متەلیب و کەسایەتی دیارو ناسراوی ناوچەی شامات بەرگەی ژانی لە دەستدانی متەلیب ناگرێ و ماڵئاوایی لە ژیان دەکات. دوای ئەم شەڕە نەخوازراوەو شەهید بوونی متەلیب پێشمەرگەکان درێژە بە کارو ئەرکەکانیان دەدەن و بەرەو قوڵایی ناوچەکانی مەهاباد وەڕێدەکەوون.

دوای جەولەیەکی زۆر باشی سیاسی و نیزامی لەو ناوچانە و دوای چەندین شەڕو پێکدادان لەگەڵ دوژمن.. هەروەها بە داخەوە تووش بوونی شەڕی دیکەی خۆکوژی و تەنگ و چەڵەمەی پێشمەرگایەتی سەرکەووتویی و بە دیتنی

بەشی یەکەم

هەموو خەڵکی ناوچەکان و کارێکی زۆری تەشکیلاتی. دەگەڕێنەوە بۆ بنکەکانیان یادو یادگارەکانی هەر زینوو بن و ڕێگای درێژەی هەیە...

من دیموکراتم و وەک پێشمەرگەیەکی دیموکرات قسە دەکەم... لێرەدا کارم بە هیچ باڵێکی حزب نیە. چونکە لەدواڕۆژدا هەموومان پێویستە دیموکرات بین لەیەک حزبی دیموکرات دا٠ دیسان گوێم لە خرمەو قرمەی دەنگی تفەنگی شێرەکانی کورد بوو، دیسان گوڵێکی تر پشکووت، دیسان گوللەی ئاگرداری پێشمەرگە جەرگی ستەمکارو دڵی ڕەشیانی لەت لەت کردوو ئاگری تێ بەردا.. نازانی چەند دەگەشێمەوە،، چەندە دڵم پڕ خوێن دەبێ چۆن ڕەگەکانم خوێنی تازەیان تێدەگەڕێ، کاتێک دەبیستم (پێشمەرگە) پەلاپیتکەی تفەنگەکەی کێشا،، ئەو گوللەیەی لەلوڵەی تفەنگ هاتەدەرێ و چەندین ساڵە ڕێگای لێ گیراوە. ئازاد دەبێ و، ڕێک و ڕاست بێ نیشانە و سێرە گرتن هەر خۆی و خۆی،، لەگەڵ گرمەو قرچەو مشتێک ئاگرو قوڕقوشمی داغ و قاڵ بۆوە،، دەڕوات دەڕوات و هەر دەڕوات هەتا سینگ و کەللەسەری دوژمنەکەی دەپێکێ و دڵی ڕەش و مێشکی کۆن و گیان و ڕۆحی لێ دەستێنێ... هۆ دوژمنانی گەلەکەم هۆ داگیرکەر.. پێشمەرگە هەمان پێشمەرگەکەی دیموکراتی جارانە، لەبیرتانە چۆن هەموو جارێ دەستی تەسلیمی پێ بەرز دەکردنەوە؟؟ لەبیرتانە لەکاتی شەڕەکاندا چۆن دەگریان و دەپاڕانەوە؟؟؟ ئێستاش وەکوو هەمیشە ئوبوهەت و سامی گرانی لەسەر سەرتان وەکوو جاران دەستی بەهێزوو بازووی پڕ توانای گەلەکەیەتی. ئەگەر ئەمڕۆش نەبێ سبەی شێر ئاسا پشتە ملتان دەگرێ و لەکوردستانتان دەردەکەن.. قوربانی دەست و مەچەک و تفەنگتان بم شێرە کوڕەکانی کورد، لە ناوخۆی وڵات لە قوڵایی ناوچەدا ئاگریان دەن،، کەللەی سەریان بتەقێنن،، دڵی ڕەشیان بقرچێنن،،

بژی پێشمەرگە،، مردن و سەرشۆڕی بۆ دوژمنان و خۆفرۆشان...

یادێک لە نەمر کاک ئەمیر قادری...



کاک (ئەمیر قادری) لە ساڵی ١٣١٨ی هەتاوی لە گوندی "سەروکانی" سەر بەناوچەی "لاجانی پیرانشار" لە بنەماڵەیەکی نیشتیمان پەروەر لە دایک بووە. بنەماڵەی قادری لە عەشیرەتی (مامەش)ـە. ئەو بنەماڵەیە لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دا بە نیشتیمان پەروەر بەناوبانگن. مامەکانی کاک ئەمیر لەسەردەمی کۆماری کوردستان دا نەخشی بەرچاویان هەبووە لە بزووتنەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێستاش زۆر لە ڕۆڵەکانی ئەم عەشیرەتە لەڕیزی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردان.. کاک ئەمیر قادری ساڵی شەشەمی سەرەتایی لە گوندی "سەروکانی تەواو کردووەو خوێندنی ناوەندی لە شاری "ورمێ" تەواو کردووە٠ دوای ساڵێک دیتنی دەورەی تەربیەت موعەلیمی لە شاری "شنۆ" بووە بە مامۆستا. پاشان چووە بۆ زانستگای تەربیەت موعەلیمی "تاران" لەوێ دەورەی لیسانس و ڕیازی. فیزیکی تەواو کردووە و وەکوو کەسێکی کارامەو لێزان و زانا لە شارەکانی "تاران . نەغەدە . پیرانشار . " لە قوتابخانەکانی ناوەندی دەرسی دەگووتەوە،.. لە بەهاری ساڵی ١٣٥٧ بووە بە ئەندامی "حزبی دیموکراتی کوردستان و لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا ئەم ئەرکە حزبیانەی لە ئەستۆدا بووە، ئەندامی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار، ئەندامی کۆڕی پەروەردەی سەرتاسەری کوردستان، بەرپرسی نەخۆشخانەی حزب لە گوندی قالوێ، بەرپرسی ماڵی نەخۆشخانەی ٢٥ ی گەلاوێژ، ئەندامی کۆمسیۆنی ماڵی (لە کۆنفرانسی چوارەم لە ساڵی ١٣٦٧ دا بوو بە جێگری کۆمیتەی ناوەندی حزب،، هەروەها لە

بەشی یەکەم

کۆنگرەی ٩ لەساڵی ١٣٦٩ دا بوو بە ئەندامی موشاویری کۆمیتەی ناوەندی حزب. کاک ئەمیر لە تەواوی ئەو مەسئولیەتانەی کە پێی دراوە بەوپەڕی فیداکاری و دڵسۆزی و ماندوو نەناسانە ئەرکەکانی خۆی بە ئەنجام گەیاندووە ٠ هەموو کات و ساتێکی خۆی بۆ خزمەتی حزب و گەلەکەی تەرخان کرد کاک ئەمیر قادری هەم لەناو ڕیزەکانی حزب دا، هەم لەناوخۆی وڵات دا کەسێکی ئاشناو خۆشەویست بوو، هەرکەسێک جارێک کاک ئەمیری دیبێ هەرگیز یادو یادگارەکانی و قسە خۆشەکانی لەبیر ناکات، کەسێکی دڵ ساف،، بەباوەڕ شۆڕشگێڕ، کوردو کوردپەروەر،، سادق و دڵسۆز. لە ڕاستیدا کاک ئەمیر لەباری زمانەوە شارەزایی تەواوی بەسەر زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی و تورکی دا هەبوو. چەندین جار لە حزب دا کلاسی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ کادرو پێشمەرگەکان دادەناو زۆر کەس لەسەر دەستی کاک ئەمیر زمانیان بۆ ئینگلیزی پڕا. زۆر بەداخەوە لەڕێکەووتی ١٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٣ بەهۆی ڕاوەستانی دڵە گەورەکەی بۆ هەمیشە کۆڕی خەبات و هاوەڵان و خۆشەویستانی بەجێهێشت و چاوەکانی وەسەر یەک ناو هیواو ئاوات و ئامانجەکانی بۆ پاشماوەکانی دوای خۆی بەجێهێشت کاک ئەمیر بەم کۆچە نابەوەختەی غەم و پەژارەیەکی گەورەی خستە دڵی ئازیزان و هاوڕێیانی،، یادو یادگارەکانت زیندوو بن و ڕێگاکەت پڕ لە ڕێبوار،، کاک ئەمیر لە گۆڕستانی شاری "ڕانیە"ی باشووری کوردستان لە لای پۆلێک لە شەهیدانی حزب بە خاک ئەسپێردراوە...

سڵاو لەهەموو شەهیدانی حزب و گەل بەتایبەتی شەهید ئەمیر قادری.

هونەرمەند "تۆفیق عەزیزی" ناسراو بە "مام تۆفیق تار ژەن"



یەکێک لە هونەرمەندەکانی شاری "بۆکان" بوو. هەست و نیستی مام تۆفیق هونەرەکەیی و تارەکەی بوو، هەرگیز بۆ ڕۆژێکیش لە تارەکەی جودا نەدەبۆوە هەر دەتکووت لەگەڵ تارەکەی پێکەوە هاتونەتە سەر دنیاو پێکەوەش دەمرن. وا هەستی دەکر ئەگەر لەتارەکەی هەڵببڕێ بەشێک لە جەرگی لێدەبێتەوە، بۆیە تارەکەی وەک خۆی خۆشدەویست و ئاگاداری لێدەکرد. دەگێڕنەوە دەڵێن کاتی خۆی کە گەنج بووە کچێکی خۆش ویستووە لە ناوچەی "فەیزوڵا بەگی سەقز" بە ناو "شیرین" زۆر دڵیان بەیەکەوە بووە بەڵام باوکی کچەکە تۆفیقی پێ کەسێکی دەست کورت و هەژار بووە کچەکەی نەداوەتێ، ئەویش لە حەیبەتان دێتە شاری "بۆکان" و لەوێ بە دڵشکاوی ڕوو لە دنیای هونەر دەکاو هەر ئەوە بۆتە هۆی هونەرمەندی و فێربوونی ژەنینی تار.. گۆرانی شیرین شیرین هی مام تۆفیقە بە یادو خۆشەویستی شیرین کە پێی نەگەیشت.. "مام تۆفیق "بەشداری لە گۆرانیەکانی هونەرمەندان لەشاری بۆکان کردووە وەکوو هونەرمەند "ناسر ڕەزازی" و هونەرمەندی شاری "بۆکان "ئیبراهیم فەتاحی" لە گۆرانیەکانی "بەرقەڵا مەڕۆ" گۆرانی "تۆزدەکا، تۆزدەکا" هەروەها گۆرانی "مریەمێ چەندە جوانی" بە لێدانی تار گۆرانیەکانی ئەوەندەی تر ڕازاندۆتەوە. هەروەها بەشداری لەگەڵ زۆر لەهونەرماندای تری کردووە هەم بۆ "ڕادیۆ" هەم لە بۆنەکاندا. مام تۆفیق هەر لە دەستپێکی خەباتەوە هاتە ناو ڕیزی شۆڕشگێڕانی حزبی دیموکراتی کوردستان و وەک هونەرمەندێک و لەسەنگەری هونەرەوە خزمەتی بە گەل و نیشتمانەکەی دەکرد زۆر بیرەوەری و شەونشینی بە نرخی تۆمار کردووە لەگەڵ دەنگی بەسۆزو بەهێزی تارەکەی لەگەڵ سروودی نیشتمانی و گۆرانی و هونەری ڕەسەنی کوردی.

بەشی یەکەم

ئەوانەی گوێیان لەدەنگی تارەکەی مام تۆفیق بووبێ ئێستاش دەنگی خۆشی تارەکەی مام تۆفیق لە گوێیاندا دەزرنگێتەوە، سروودی "خوایە وەتە ئاواکەی" گۆرانیەکانی خوالێخۆش بوو "محمد مالێ" وەکوو "زەمانە گوڵێکی دامێ لێیستاندم" یان گۆرانی "ئەو گوڵەی مەنشووری گشت عالەم بوو کوا یادی بەخێر"... مام تۆفیق هەتا دواییین هەناسەی شانازی بە ڕێبازی پێشەوای کوردان دەکردوو پێشمەرگەو هونەرماندێکی گەل و نیشتمانەکەی بوو، هەتا سەرئەنجام مام تۆفیق بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد لە بناری قەندیل هەتا مرد هەر بە حەسرەتی شیرینەوە بوو،،

ڕۆحی شاد بێ و ڕێگای بەردەوام. دیارە هونەرمەند "فەیزی نەژاد" ئەم گۆرانیەی مام تۆفیقی زۆر بە جوانی بە یادی ئەوەو کوتۆتەوە... مام تۆفیق دوای فەووتی، تارەکەی و ڕادیۆ و تەزحیێبەکەی هەموو سەروەت و سامانی بوو کە لەدوای بەجێما بوو...

قادر لوتفیانی، ناسراو بە "مامۆستا ئازا"...



لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی لە شاری "مەهاباد" لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە دایک بووە، قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی و دەبیرستانی لە شاری مەهاباد و دانشسەرای پەروەردەیی مامۆستای سەرەتایی لە شاری "خۆی" تێپەڕاندووە. پاشان بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئەرکی مامۆستایی قوتابخانەی سەرەتایی لە گوندەکانی "ئازەربایجان" و لە گوندەکانی سەربەناوچەکانی "کوردستان"ی بەڕێوە بردووە. هاوکات دیپلۆمی لە ڕشتەی "تەبیعی" دا وەرگرتووە. ساڵی ١٣٥٠ هەستی ئەدەبی و شیعری بزووتوە و لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥٥ - ١٣٥٦ چۆتە زانکۆی "هونەرەجوانەکان" لە شاری "تاران"، هەروەها بۆ ماوەی ٣ ساڵ چۆتە زانکۆی "علومی تەربیەتی". کە بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران نەیتوانی درێژەی پێ بدات لەگەڵ هەموو ئەمانە "ئازا" یاریزانێکی باشی فووتبالّ بوو کە سەردەمێک ئەندامی هەڵبژاردەی تیمی شاری "مەهاباد" بوو. لەگەڵ هێرشی دوژمن بۆسەر کوردستان و فەرمانی جیهاد دژی گەلی کورد لە کوردستان شەڕێکی نارەواو ناحەق بەسەر گەلەکەماندا سەپێنرا لە لایەن "خومەینی" وڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە. کە مامۆستا ئازا وەکوو هەموو لاوانی بەهەست و دڵسۆز بۆ خاک و نەتەوەکەی هاتە ناو ڕیزی شۆڕشگێڕان و چەکی شەرەف و کوردایەتی کردە شانی. هەم بەچەک هەم بە چەکی قەڵەم و سۆزی شیعرو هەستی شۆڕشگێڕانەی لاوان و گەلەکەی دەلاواندەوە. لەماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیدا ئاشناو خۆشەویست و جێگای ڕێزو حورمەتی هەموو هاوالآنی و هاوسەنگەرانی بوو ماوەیەک لە لای ئێمە بوو لە خزمەتیدا بووین لە گوندی "ئەمینابادا"ی سەربە ناوچەی مەهاباد هەرگیز یادو یادگارەکانیم لەبیر ناچێتەوە. مامۆستا ئازا تازە سەرەتای

بەشی یەکەم

ئەخۆشییەکی لێ پەیدا ببو کە هەمووماڵان هەستمان پێدەکرد، هەڵسووکەووت و قسەکردن و حەرەکاتی هەندێک گۆڕاوە، حزبی دیموکرات و سەرکردایەتی بێ خەمی ئەوکاتی حزب زۆر باش دەیانزانی مامۆستا ئازا تووشی ئەم نەخۆشیە بووەو لەبەر ئەوەی سەرەتای دروست بوونی نەخۆشییەکەی بوو چارەسەرکردنی زۆر ئاسان بوو کە بینێرنە دکتۆری تایبەت و چارەسەری بۆ بکرێ، بەڵام ئەوان زیاتر کەیفیان بەوە دەهات "ئازای شاعیر و هونەرمەند" زیاتر تێکبچێ و قسەی خۆش و پێکەنینیان بۆ بکات.. بەداخەوە هیچ کە لە فریای نەهاتن و هەتا ئامادە نەبوون هیچ پۆلێکی تێدا خەرج بکەن بگرە پێیان وابوو ئیتر" ئازا" زیادیەو بارە بەسەریانەوە، هیچ کاتێک هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی "ئازا" ئەم بێڕێزییەیان بیر ناچێتەوەو لە بیری ناکەن، هەتا سەرئەنجام ناردیانەوە بۆ شاری مەهاباد و لەوێ کە بۆخۆی هەستی بە خۆی کرد ئەوەندەتر وەزعی تێکچوو کە لەو ساڵەکانی ئاخری ژیانیدا بە تەواوی تێکچووبوو، ببوە کەسێکی سەرگەردان و ئاوارە لەناو شارەکەی خۆی٠ تا سەرئەنجام لەساڵی ٢٠٠٤ی میلادی بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردو بۆ هەمیشە بە جەستە ماڵئاوایی لێکردین و ڕۆی بەڵام بۆ هەمیشە لەناو دڵ و دەرونماندا زیندووەو نامرێ... پێویستە سوپاسی هاوڕێی بەڕێزمان "حەسەن مەحمودی" ناسراو بە "ئەهوەن" بکەین کە وەکوو هاوڕێیەکی بەوەفای ئازا زەحمەتێکی زۆری کێشا بەرهەمەکانی لەسەر ئەرک و زەحمەتی خۆی بۆ کۆکردەوەو ئامادە بە چاپی گەیاند کە جێگای ڕێزە.

ئەوەش یەکێک لە کۆپلە شیعرە جوانەکانی مامۆستا ئازای هونەرمەندوو نەمر... کە دایکی کورد لەسەر تەرمی کوڕی ئەسرین بە چەک دەسڕێ لە کاتێکا مەلی هیوا بەرەو ئازادی هەڵدە فڕێ دەڵێم لاوی دیموکراتم سەرم قوربانی ڕێبازی هەتا مردن وەفادارم بە حیزبی پێشەوا قازی.


شەهید "عەلی سوهرابی قارەمانێکی گەلی کوردو حزبی دیموکراتی کوردستان.



ئەم جێگایەی شەهید عەلی سوهرابی لێ ڕاوەستاوە، بە حساب و کتابی دوژمنانی کورد کە پێی دەڵێن میللەی مەرزی نێوان ٢ وڵات لێک جودا دەکاتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئێرە خاکی بێ سنووری کوردستانەو لە" هەمەدان و ئیلامەوە هەتا ماکۆ و خانەقین و سەعدیەو هەتا جەبەل حەمرین و خورماتوو تا دەگاتە حەڵەب و ماردین و دیاربەکرو زاخۆو" هەر جێگایەک کە کوردی تێدا دەژی کوردستانەو دوژمن بۆ خۆیان "خەیاڵ پڵاو" دەکەن بە کوردستانەوە. نازانن کە بۆ کورد هیچ یەک لەم جێگایانە جیاوازی نیە، کورد هەر کوردەو هەرکات و هەردەم پشت و پشتیوانی یەکن. ئەم سنوورە دەستکردەی دوژمن دروستی کردووە ڕۆڵەکانی کورد هەزاران جار بە دوژمنانیان نیشان داوە کە خاکی کوردستان نە مەرزی هەیەو نە دەروازە بۆ هەموو کورد. بەڵکوو ئەوە مەرزو دەروازەیە بۆ دوژمنانی کورد.

ڕۆژێک دەبێ ئەم جیاوازیەو ئەم مەرزە دەستکردانە لە کوردستان هەڵدەگیرێن و کوردستان دەبێتە یەک کوردستان و کوردیش هەر کورد... ئەوجار تەنها مەرزێک کە کورد دەیبێو دایدەنێ مەرزێکە بۆ دوژمنانی کوردو کوردستان... وەکوو شاعیری گەلەکەمان "هێمن" دەفەرموێ "باغەوانە پیرەم و باغی بە پەرژینم دەوێ"

چۆنیەتی شەهیدبوونی (خدرە سوور) و هاوڕێیانی...



لە هەر ولاتێک زوڵم و ستەم هەبێت، بێ شک شۆڕشگێڕان پەیدا دەبن ستەمدیدەو زوڵم لێکراوەکان یەکتری دەگرن و پاڵ وەیەکتر دەدەن.. تێدەکۆشن کەسانی ڕۆشنبیرو دڵسۆزو خەمخۆر لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ، لە دەوری یەک بەرنامە بۆ ڕزگارکردنی گەلەکەیان کۆببنەوەو یەکەم بەردی بناغەی بەرەنگاری دانێن. هەتا بەرنامەی کارو تێکۆشان داڕێژن بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری. ئەمە ڕەوتی ژیانی پڕ لە کێشەو نا یەکسانی نەتەوە ژێر دەستەکانە، کە پێویستەو دەبێ بەرەنگاری دەوڵەتداران و گەورە دیکتاتۆرەکان ببنەوە. تورک و عەرەب و فارس سێ نەتەوەی داگیرکەرن لەسەر میللەتی کورد. زۆر بێ ڕوحمانەو ملهوڕانە خۆیان بەسەر میللەتی کوردا سەپاندووە، هەموویان لەژێر ناوی ئیسلام و دین و دەسەلاتەوە هەرچی حوکمێک لە بەرژەوەندی خۆیاندا بووە بەسەر ئەم گەلە بێکەسەدا سەپاندوویانەو لە ژێر ناوی قورئان و بە ناوی خوداوە تاڵانیان کردوون و کوشتوویانن و موڵک و ماڵ و ناموسیان داگیر کردوون و بە تاڵانیان بردوون. خۆ ئەگەر هەر شێوە بەرەنگاریەکیش کرابێ لە لایەن گەورە پیاوانی کوردەوە، دوژمن لە ڕێگای هێزەوە هێرشیان کردۆتە

بەشی یەکەم

سەریان و گرتوویانن و لە پێش چاوی خەڵکەکە ملیان بە پەتا کردون و هەڵیان واسیوون هەتا خەڵکەکەی پێ چاو ترسێن بکەن.. پاشان ماڵ و ژیانیان ئاگر تێبەردراون و سووتاندوویانن... دەکرێ بڵێین میللەتی کورد لەسەریەک لە هەزاران ساڵ پێش هەتا ئەمڕۆ هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ ژیان و مانونەمانی خۆی بەم شێوەیە هێناوە هەتا ئێستا.. دیارە زۆر شۆڕش و سەرهەڵدان و شەڕی گەورەو چەکدارانەش کراوە لەگەڵ دوژمنانی کورد. بەڵام هەرگیز پشتیوانی نێونەتەوەیی نەبووەو پاش ماوەیەک تێکشکاوەو سەرکووت کراون. لەسەردەمی پێشەوای کوردان جەنابی "قازی محمد" بە لێزانی و ئیرادەو باوەڕ بە خۆبوون پێشەوا لە هەلێک کە هاتبووە پێش ئەوکات بۆ کوردان توانی "حکوومەتی کۆماری کوردستان" لە مەهاباد بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک پێک بێنێ و زانایانە بەڕێوەیبەرێ. بەڵام دیسان لەگەڵ پشتیوانی نێونەتەوەیی ڕوبەڕوو نەبوو بۆیە دوژمنان توانیان هێرش بکەن و ئەو حکوومەتە ساوایەی کوردان بڕوخێنن و پێشەواو دوو لە وەزیرەکانی لە چوارچرای شاری مەهاباد لە دار بدەن.. بەڵام بە دوای ئەوەدا لە کوردستان بە نهێنی و بێ ڕاوەستان هەر درێژەی هەبووەو هەر گەشەی سەندوەو دانەمرکاوەتەوە.. هەتا سەرهەڵدانی شۆڕشی سەرتاسەری لە ئێران و ڕوخاندنی حکوومەتی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران. خەڵک دڵیان خۆش بوو کە چیدیکە کورد ناچەوسێتەوەو ڕزگاری بوو لە ستەم و زوڵم.. بەڵام بە هاتنە سەرکاری کەسێک بە ناوی "خومەینی" نەک هیچ مافێکی کوردی دابین نەکردو بە ڕەوای نەدیت بەڵکوو دەستووری جەهادیشی دا لە دژی داخوازییەکانی گەلی کورد.. هەم شەرعەن هەم قانونەن خوێنی کوردی حەڵاڵ کردوو شەڕی ماڵوێرانکەری بەسەر گەڵی کوردا داسەپاندو لەو ڕۆژەوە کە نزیک بە چل ساڵ تێدەپەڕێ کوشتن و شەڕو تاڵان و زیندان و ئەشکەنجەو ئیعدام و ماڵوێرانی و تەجاوەزو بێ ڕێزی لە کوردستان درێژەی هەیە.. حزبی دیموکرات ڕێبەرو ڕێکخەری ئەو شۆڕشە بووەو هەیە، هەتا ئێستا بە سەدان شەهیدو بریندارو کەمئەندامان پێشکەشی بارەگای ئازادی و ڕزگاری کردووە بە دەیان فەرماندەی ئازاو بوێرو گیانفیداو لێزان و پارتیزان، هەڵۆی بەهێزو حاکمی چیاو کێوەکانی کوردستان پەروەردە بوون ، لەناو جەرگەی شۆڕشێکی خوێناویدا لەگەڵ گەردەللولی کلپەی ئاگری شۆڕش بە دەیان جار جۆش و گۆش دراون و هەڵشێوراون هەتا نمونەیەک لە فەرماندەیەکی کورد دروست بکات بۆ کوردستان بۆ شۆڕشێکی بێ وەستان بۆ ڕابردوو لە بۆ ئێستا بۆ ئاسۆی ڕوونی کوردستان،، زۆرن ئەو فەرماندانە لە کوردستان زۆرن ئەو فەرماندانەی بەڵگەو مەدرەکی فەرماندەییان لە زانکۆی چیا سەرکەشەکانی کوردستان و لە مەیدانی کردەوەدا وەرگرتووە، کە دەکرێ وەکوو فەرماندە گەورەو بە ناوبانگەکانی جیهان چاویان لێبکرێ و ناویان بێنن.. لێرەدا مەبەستمە فەرماندەیەکی ئازاو قارەمان و مامۆستای شەڕەکانی پارتیزانی لە کوردستان بە نەوەکانی داهاتووی ئەم کوردستانە بناسێنم و وەبیر خەڵکی کوردستانی بێنمەوە،، وەبیر هاوسەنگەرانی بێنمەوە کە زۆر زۆرتر لە فەرماندە بەناوبانگەکانی جیهان فەرماندەترو لێزانتر بوو،، خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی خۆی بوو،، ئازاو بە بەرنامەوتر بوو،، وەی هەمیشە بەرزو خولقێنەرو داهێنەری هونەری شەڕ بوو.. سەخت و قاییم لە "باوەڕدا وەکوو شاخی قەندیل وابوو . کوا "چگوارا هێندەی "خدره سوور"ی کوردان سااڵەهای

بەشی یەکەم

ساڵ پێشمەرگە بوو؟؟ کوا چگوارا وەک خدرەسوور خۆشەویست و جێی باوەڕی خەڵکی خۆی بوو؟؟ کوا چگوارا تروسکەی چاوی وەکوو تروسکەی چاوی خدر بە ئاگر بوو؟؟ کام فەرماندە لەم جیهانە هێندەی خدر خاکی و سادەو بێ سامان و گیان لەسەر دەست خۆ نەویست بوو ؟؟؟ تروسکەی هیوای چاوی خدر وەکوو تیشکی هەورە بروسکەی هەوری تێرو پڕی ڕێژنە بارانی بەهاری بوو ... دەنگی خەڵکی زەحمەتکێش و کۆڵبەری ئێستای کورد بوو.. داهێنەری خۆ بەخشین و "کەم ژیان و کەڵ ژیان" بوو ... فەرماندەیەک بەم هەموو سفەت و خوڕەوشتەوە لە ناو پێشمەرگەو خەڵکدا وەکوو دارێک ڕیشەی داکووتابوو.. لە زمان هاوسەنگەرەکانیەوە یادێک لەم فەرماندە قارەمانە دەکەینەوە هەتا نەوەکانی داهاتوو خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە لاوەکان بچنە ناو ناخی خدرو خدرەکان و زیاتر بیناسن،،، هەر بە زیندوویی و بە سەربەرزی لە مێژوودا دەمێنیتەوە "فەرماندە خدرەسوور". ڕێگای خەباتت پڕ ڕێبوار بێ.

- **قادری سووری** کە زۆربەی وەختەکان لەگەڵ خدرە سووردا بوەو ئاگای لە زۆرێک لە کارو تەرح و ئاداب و خوو ڕەوشتی خدرە سوور بوو بەم شێوەیە باسی خدر دەکات. مانگێک بوو ببومە پێشمەرگە یەکەمجار کە چاوم بە کاک خدر کەووت بە هۆی ئەوەی بۆرە خزمایەتیەکمان پێکەوە هەبوو بانگی کردم و لێم تورە بوو کووتی ماڵەو یەک کەس بەسە بۆ پێشمەرگایەتی ئەوکات جێگری لکی ٣ی هێزی پێشەوابوو. ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی بوو ڕژیم لە هەموو لایەکەوە هێرشی هێنابوو بە فراوانی نێوان ناوچەکانی سەردەشت بۆ مەهاباد. لە یەکێک لەو شەڕانەدا خدر گوللەی وە گەروی کەووتبوو برینداربوو لەو شەڕەدا کە لەگەڵ مستەفا محمدی بە تەنیا مابوونەوەو دەورەیان گیرابوو خدر کە دەبینێ برینداربوو دەورەشیان گیراوە بە مستەفا دەڵێ تۆ بڕۆ من تازە دەرناچم،، مستەفا کە بە تەمەن منداڵ بوو بەڵام وەی بەرزی وەکوو بەرزایی قەندیل بوو، گەڕابۆوە سەر خدر پێی کووتبوو وابزانم تۆ من بە منداڵ دەزانی من چۆن تۆ بەجێدێڵم ؟ مەگەر دوژمن بەسەر جەنازەی منداببڕۆن، بە ڕاستی تۆ وا منت ناسیوە؟؟ خدر یەک دوو جاری تر بە مستەفا دەڵێ تۆ بڕۆ لەمن گەڕێ، هەتا مستەفا بەسەر خدردا دەقیژێنێ و لێی تورە دەبێ، خدر دەڵێ بمکوژە، مستەفا هێندەی تر تورە دەبێ دەڵێ زۆر باش گوێم لێبگرە خدر، نە دەتوانم تۆ بکوژم نە بەجێت دێڵم ئەگەر بکوژرێین دەبێ هەردووکمان پێکەوە بمرین دەنا هەتا ڕزگارت نەکەم بەجێت نایەڵم.. هەم شەڕ دەکات هەم خدر سەنگەر بە سەنگەر دەگوازێتەوە هەتا لە مردنی حەتمی ڕزگاری دەکات دەیگەیەنە نەخۆشخانەی حزب ماوەیەک لەوێ لەژێر چاوەدێریدا دەبێ پاشان ناردیان بۆ باشووری کوردستان. لەو ماوەیەدا پێشمەرگە بە گیان و بە خوێن بەرەنگاریان دەکرد، بە فەرماندەیی کاک "کەریم پورقوباد" کە فەرماندەری هێزی پێشەوا بوو. بەڵام بۆشایی و کەلێنی خدرە سوور هەست پێدەکرا.

پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەکە پەیتا پەیتا هەواڵی خدریان دەپرسی، پاش ماوەیەک و گەڕانەوەی خدرە سوور بۆ ناو

بەشی یەکەم

هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچەکە بوو بە هۆی دڵخۆشیان. پۆل پۆل دەهاتنە سەردانی،، خدر کە هاتەوە چەند ئۆپراسیۆنی دارشت و بەڕێوەی بردن لە زۆربەی زۆریاندا سەرکەووتنی بەرچاوی بەدەست هێنا. ڕژێم وردە وردە ناوچەکانی چۆل دەکردو تەنها ڕێگا سەرەکیەکانی بە دەستەوە مابوو گوندەکان ئازاد بوونەوەو بنکەمان دانابوو، خدر ئەوکات تازە زەماوەندی کردبوو،، زۆر لە فکری داهاتوودا بوو، دەیکووت درەنگ یا زوو دوژمن خۆی تەیار دەکاتەوەو دێنەوە سەرمان، بۆیە شەوو ڕۆژ پێشمەرگەی ڕێکدەخست و شەوێک دەیبردنە شاخ و ڕۆژێک لە ئاوایی و بە پێچەوانە فێری ژیانی پارتیزانی و ژیانی سەختی دەکردین. کاتێک "شەکرە" بوو بە فەرماندەری هێز خدریش بوو بە فەرماندەری لکی ٣. لێهاتووی و ژیری خدرە سوور سەر باقی ئەوەی لە شەڕی ناوشاری مەهاباد لە گەڕەکی باغی سیسە، کە زۆر لە ژێر گوشاردا بووین بەڵام بۆ ئەوەی کەمترین شەهیدو بریندارمان هەبێ و خەڵکی بوونی خدر نە تەنیا لە ناو خەڵک بەڵکوو لە ناو فەرماندە هێزەکانی تردا جێگای سەرنج بوو. پێش شەڕی باغی سیسە، چرچەی بارام میرزا کە فەرماندەری هێزی بەیان بوو پرسوڕای بە خدر کرد کە دەیەوێ بگەڕێتەوە هێزی پێشەوا، کە بە داخەوە شەهید بوو. ماوەیەک دوای ئەو شەڕە دەفتەری سیاسی داوایان لە پێشمەرگەکانی لکی ٣ کرد بۆ پارێزگاری لە دەفتەری سیاسی بچنە ئەوێ هەرچەندە پێشمەرگەکان پێیان خۆش نەبوو بچن، بەڵام خدر پڕەنسیپی حزبی لە ویستی پێشمەرگەکان لا گرینگتر بوو، هەرچەندە خدر لە ناوچە بە تەنیا دەماوە بەڵام شتێکی سەیر نەبوو بۆ خدر، چونکە جاری وا هەبوو خدر بە مانگ بە تەنیا لە ناوچەدا دەماوە، ئەو خەڵکە دەیانتوانی بە سانێش ڕایگرن و ئاو لە ئاویش تەکان نەخوات. بنکەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی هەبوو لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکەدا... مانگێک بوو نەمدیبوو کە دیتم وەکوو جاران نەبوو وەک پەشۆکاو دەچوو، لەگەڵ خێزانی جودا ببوەوە، خدر ئەگەر خەمیشی هەبایە دەرینەدەبڕی دەیگووت ئەگەر ئاوابێ بەرپرسایەتی ناکرێ. کاتێک هەواڵی مردنی" فاتمە کوردەی دایکی هات هەستا ڕیشی تاشی، لێم پرسی خەڵک پشت سەرت باش ناڵێن دایکت مردوەو ڕیشت تاشیوە چاوێکی لێ کردم کووتی من فەرماندەم دەبێ "وره" بدەم بە پێشمەرگەکان دوژمن نابێ بە گوێی بگاتەوە کە من خەمبارم. لەو کاتەدا ئێمە ٩ کەس زیاتر نەبووین کە گوند بە گوند دەگەڕاین لە ناو خەڵکدا. خدر بە هەموو شێوەیەک یارمەتی خەڵکی دەدا کێشەو گیرو گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی بۆ چارەسەر دەکردن. نەیدەهێشت خەڵکەکە چەک بۆ دوژمن هەڵگرن بۆی باس دەکردن و بۆی شیدەکردنەوە قازانج و زەرەری چەک هەڵگرتن بۆ دوژمن چیە.. خەڵکەکەش زۆر بە باشی گوێڕایەڵی بوون و بە قسەیان دەکرد. کاتێک خدر بوو بە فەرماندەری هێزی پێشەوا ئەرکەکانی زیاتر بوون، ئیتلاعات و سوپای پاسداران زۆر جاران هەوڵی ئەوەیان دەدا کە داو بۆ خدر دانێنەوە. بەڵام بە هۆی ژیری و هوشیاری کەسانی دەوروبەری کە خدریان زۆر بە باشی دەپاراست قەت سەرکەووتوو نەبوون. هەر ئەو کاتانە بوو خدر بۆ جاری دووەم ژیانی هاوبەشی پێک هێنا، پاش ماوەیەک پێشمەرگەکانی لکی٣ گەڕانەوە بۆ ناوچە خدر وەکووسەرپەرشتی هێز بە کارەکان ڕادەگەیشت لە بیرمە ئەوکات بوو کە شەڕی" گەورەی گوندی "چوارگا" رویدا لک لە گوندی "قۆزلووی چووک" بوو. لەگەڵ خدرو چەند پێشمەرگە تر دەمانویست

بەشی یەکەم

بچینە گوندی کۆنەدێ. شەو داهات پاسداران هێزێکی زۆریان هێنابوو وەک ئەوەی دەشتی خەڵیفانیان چراخان کردبێ بە نووری چرای ماشێنەکانیان، چرای ستوونی ماشێنەکانیان وڵاتیان ڕووناک کردبوو. خەڵکیش پێشمەرگەکانیان لەو هێرشە گەورەیە ئاگادار کردبوو. خدر لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دوژمن دەیەوێ هێرش بکاتە سەر گوندی قۆزلووی چووک گووتی با بڕۆین بۆ چوارگا. با دەرگیر نەبین، هەر کە دوورو نزیک گوندی چوارگا بووینەوە هەستمان کرد پاسداران ئەوێشیان گرتووە هەموو لایەک گیرابوو، کات ٣ی بەیانی بوو تەقە دەستی پێکرد. خدر وەک فەرماندەیەک داوای لەخەڵکی ئاوایی کرد چۆڵی بکەن و بڕۆن با زیانی گیانیتان نەبێ. چاوەڕوانی شەڕی ماڵ بە ماڵمان دەکرد، دەستووری دابوو هەتا پاسدار نەیەنە ناو دێ و نزیک نەبنەوە تەقەیان لێ مەکەن . هەر ئەوەش بوو لە دوای چەند جار هێرشی گەورەو شکاندنیان و هەر جارەی کۆمەڵێکیان لێ دەکوژراو هەڵدەهاتن. ئەمن و خدر لە ماڵێکدا بووین دوو بە دوو، لە پێشمەرگەکانی تر کەمێک دوور بووین، زۆر بە خەستی بە هەموو چەکێکی گەورە لێی دەدراین گرمە گرم و هاژە هاژۆ چەقە دوکەڵ و تەپ و تۆزێک بوو هیچت نەدەدیت، زۆر سەیر لێی دەدراین پێم وابوو کەس نەماوە، ئەو ماڵەی ئێمەی لێ بووین زۆر لە دیدی دوژمندا بوو گووتم کاک خدر زۆر هاتوچۆ مەکە زۆر جوان لەوان ڕا دیارین. بە پێکەنینەوە کووتی قادر ٤ گوللەم هاویشتووە، خدر زۆر تەقەی نەدەکرد زیاتر فەرماندەیی و چاودێری شەڕەکەی دەکرد. لە ناکاو بە تۆپ لێی داین ماڵەکە هەم ڕووخا هەم ئاگری تێبەربوو خەریکی کوژاندنەوەی بووم خدر کووتی لێی گەڕێ ئێستا تۆپێکی تری لێدەدات دیسان ئاگر دەگرێتەوە.. کەس ئاگای لە ئێمە نەبوو ئێمەش ئاگامان لەکەس نەبوو بەڵام ئەوانیتر ئاگایان لە یەکتر بوو، هەتا ئێوارە داهات ئەو هێرشی دوژمن و تۆپ باران و بەرەنگاری پێشمەرگە درێژەی هەبوو لەسەر جادە دۆشکەو کاتیوشاو تۆپ و خومپارە وێکڕا لە ناو دێیان دەدا، فەرماندەکانی سوپاو جاشەکان بە زۆری خەڵکی ناوچەکەیان هێنابووە سەر جادە ڕووبەڕووی ناو گوندی چوارگا کە پێشمەرگەکانی تێدابوو لە هەمان کاتدا گوندەکە دەسووتا پێیان کووتبوون ئێوارە جەنازەی ٦٠ پێشمەرگەتان پێشان دەدەین، خدر گووتی دەبێ خۆمان بگەیەنینە پێشمەرگەکان، کە چووینە لای کورەکان هیچ شەهیدمان نەبوو، خدر کووتی دەبێ هەتا دەتوانن پۆل پۆل خۆتان ڕزگار بکەن، هەر چوار دەورمان گیراوە. ئێوارە خۆمان بە سەنگەرێکی جاشەکاندا داو گرتمان کەلێنێک پەیدا بوو بۆ دەرباز بوون لە ئاڵقەی گەمارۆی دوژمن. هەموومان بەوێدا دەرچووین بێ ئەوەی بێڵین دوژمن هەستی پێبکات . چونکە پێیان وانەبووهیچ ڕێگایەک مابێ کە بتوانین دەرباز ببین، خدر یەکسەرە هەموومانی بردە شاخەکانی چەکوچ و ماڵۆ زاڵ بەسەر گوندەکانی قزڵجەی سەرێ و خوارێ و گوندی حسین ئابادو جادەی نێوان مەهاباد بۆکان. تاکتیکێک بوو بە کاری هێنا ئەگەر وەدواشمان بکەون تووشی سەرلێشێوان بن.. بۆ ڕۆژی دواتر چووینەوە بۆ چوارگا خەڵکەکە زۆر بە دڵسۆزی و خۆشەویستیەوە وەریانگرتین کووتیان مادام ئێوە ساغ و سڵامەتن ماڵ و دارایی ئێمە بە قوربانی ئێوە بێ... لە شەڕێکی گوندی زێوەی مەنگوڕان خدر دەستی بریندار بوو ئێمە چەند کەسێک لەگەڵی چوین کە بیبەین بۆ ئەودیو ، دەفتەری سیاسی لە گەورەدێ بوو، لە گوندی سونێ هاتبوون لە دوای کە بیبەن بۆ قەڵادزێ بەڵام "عدم تعرض"

بەشی یەکەم

یان هەر بۆ خدر وەرگرتبوو، خدر کووتی من بەبێ ئەو پێشمەرگانە نارۆم دەستم هەرچی لێ بەسەر دێ با بێ.. خدر بایەخێکی زۆری دەدا بە پێشمەرگە.. یەوکاتیش شەڕی مالّ وێرانکەری کۆمەڵە بوو خدر هەتا دواییین ڕۆژی ژیانی دژایەتی ئەو شەڕەی کرد تا ئەو جێگایەی کە دەکرا بەڵکوو زیاتریش خۆی لەو شەڕە دەپاراست بە چەندین جار دیتومە نامەی بۆ فەرماندەکانی کۆمەڵە دەنارد، پێی دەکووتن هەوڵ بدەن تووشی یەکتر نەبین. ڵە بیرمە لە قۆڵغەتەپە بە ئاگاداری ڕێگای پاشەکشەی بۆ هێشتنەوە بۆ ئەوەی دەرگیر نەبین. بە داخەوە هەندێک جاریش هەر تووش دەبووین. دیارە خدر پێشتر ئەندامی کۆمەڵە بوو لەلای کۆمەڵە ڕێزی تایبەتی هەبوو. خدرە سوور زۆر دەگەڕا لە ناوچەدا بە تایبەتی کە ببوە فەرماندەری هێز، بە شوێن ئەو گەڕانەدا تەرح و بەرنامەی دادەڕشت هەمیشە پلانی هەبوو بۆ کاتی پێویست.. لە هەر شوێنێک زانیبای و هەستی ئەوەی کردبا لە نەخشەکەیدا تووشی خەسارو زیان دەبێ کارەکەی بەڕێوە نەدەبرد. دیارە بە پێی ئەوەی لەگەڵ هێزی بەیان جیران بووین عەمەلیاتی هاوبەشمان هەبوو پێکەوە شەهید وەستا ئەحمەد فەرماندەری هێزی بەیان بوو خدر نێوانی لەگەڵ وەستا ئەحمەد زۆر خۆش بوو، زۆری ڕێز لێدەگرت. یەکێک لەو عەمەلیاتە هاوبەشانە لە گوندی شیلاناوێی بۆکان بوو کە نزیک بە ٤٠ جاشی گوندی حەمامیان کوژران خدر لەوێش لێهاتوویی خۆی نیشان داو گەمارۆکەی شکاند. ئەمن و خدرو چەند پێشمەرگە چوینە پشتی جاشەکان و هێزی بەیانیش لە ڕووبەڕووڕا لێیان دان، دیارە وەک شتێک خدرمان دەرباز کردو ئەو لە دەرەوەی دێی ڕا چاوەدێری شەڕەکەی دەکرد. هەندێک جاش بە دیل گیرا بوون کە بڕیاردرا ئیعدامیان بکەن بەڵام خدر کە هەمیشە دژی ئەوە بوو دیل بکوژرێ، لەو شەڕەدا خدرەسوور ئیزنی ئەوەی نەدا ئەوانە بکوژرێن. هەروەها بڕیاری عەمەلیاتێکی تر درا کە بە شەڕی گەورەی "نۆبار" دەناسرێ.. پلان پلانی هێزی بەیان بوو لە مێژ بوو هێزی بەیان بە تەمای ئیجرای ئەو پلانە گەورەیە بوون بەڵام بە بێ هێزی پێشەوا بۆیان نەدەکرا. لە ڕۆژی ٦ - ٧ - ١٣٦٦ کۆبونەوەیەک گیرا لە هێزی بەیان شەهید وەستا ئەحمەدو کاک سمایل بازیارو دیارە فەرماندە لک و سەرپەل و هی دیکەش لە هێزی بەیان لەوێ بوون، لە هێزی پێشەوا خدرە سوورو چەند کەس لە فەرماندەکان لەوێ بوون، من هەندێک لێیان دوور بووم، دیارە هێزی بەیان کاری شوناساییان تەواو کردبوو. هەر مابوو ترحی گرتنەکەی داڕێژن و سەعاتی سفر دانێن بۆ لێدانەکەی.. شەوی عەمەلیاتەکە ئەوەی من دیم نە دەنووسرێ و نە دەگێڕدرێتەوە، پێم وایە یەکێک لە هەرە گەورەترین شەڕەکان بوو لەو شەڕەدا خدر نارنجۆکێکی هاویشت، هەندێکی گوللە هاویشتن. کە شەڕەکە تەواو بوو دیتم لەگەڵ وەستا ئەحمەد هاتە ناو گوردانەکە بۆ سەردانی کۆتایی هەموو ماشێنەکان سووتێنران، هەندێک بە دیل گیران، ئەوانی تر هەموویان کوژران خوێن پێڵاوی تەڕ دەکردن هێندە کوژرابوون،، زۆر بە زەحمەت کشاینەوە بۆ سەری شاخی "تەرەغە" پەلی ١١ی هێزی پێشەوا سەری تەرەغەی گرت،، پەلی ١٣ی هێزی پێشەوا لای خوارێی تەرەغەیان گرت،، هێزی بەیان بەرزاییەکانی دەوروبەریان گرتبوو لەو عەمەلیاتە گەورەیەدا تەنها ٤ شەهیدمان هەبوو کە دووبان لە کاتی گواستنەوەی کەلوپەلدا شەهید بوون. لای نیوەڕۆ بوو کە دوژمن هێرشیان هێنا دیارە وزەیەکی ئەوتۆیان نەمابوو. کوڕەکان

بەشی یەکەم

لێیان هاتنە دەست و لێیان دان شکان و هەڵاتن دیسان گەڕانەوە من لە سەری تەرەغەوە بە دووربین چاوم لێدەکردن مەلایەکی عەجەمان چاوی لە شەڕەکە دەکردو چاوێکیشی لە گوردانەکە دە کرد و بە هەردوو دەستان بەسەری خۆیدا دەدا. بێسیمێکی ئەرکانی هێزم پێ بوو ئاگام لە هەموو پەیوەندییەکان نێوانمان بوو، خدرەسوور لەسەر بێسیم ناوی کاوە بوو، دوای کشانەوەی دوژمن لە ناوچەکە، شوێنی پاشەکشەی ئێمەی تۆپ و خومپارە باران دەکرد.. زۆر بە بڵاوی تۆپ بارانی دەکرد هەر جارەی لە جێگایەکی دەدا. خدر لە خواری بوو کەمێک هاتبووە سەری هەتا بزانێ چاودێری بارودۆخەکە بکات بە دووربین، وای دانابوو هەر بە ڕێگای قیرەتاودا پاشەکشەی بکەین چونکە هۆیەکەشی ئەوە بوو دوژمن بە تەواوی تێکشکابوون دوژمن هێزی کۆنترۆڵی ڕێگاکانی نەمابوو،

* **عەوڵا عەبدالڵی بەم شێوەیە باسی خدرەسوورەکات**... خدر کەسێکی سادەبوو هەمیشە هەوڵی دەدا کاسایەتی پێشمەرگەکان بەرێتە سەرو هەست بە بوونی خۆیان بکەن بە تایبەتی پێشمەرگە تازەکان .جارێک لە گوندی "گاگەش" پێشمەرگەکانی کۆکردەوەو بردنی عەمەلیاتی پێکردن، بێ ئەوەی هیچ بەرپرسێکیان لەگەڵ بێ وەکوو سەرپەل، یا سەردەستەو فەرماندەری عەمەلیات. پێشمەرگەکان چوون لەسەر جادەی مەهاباد سەردەشت کەمێنێکیان بۆ هێزەکانی دوژمن دانایەوەو بێ ئەوەی هیچ فەرماندەیەکیان لەگەڵ بێ عەمەلیاتەکەیان ئەنجامداو زۆریش سەرکەووتوبون. بێ ئەوەی هیچ بریندارو شەهیدیان هەبێ و بەدەسکەووتی باشەوەو بە سەرکەووتوویی گەڕانەوە جێگای خۆیان. یا ئەگەر سەردانی ناو دێیەکانمان دەکرد خدر سەری مانّە هەژارەکانی دەداو بەڵام بە مەبەست لەو مانّانە دەمایەوە کە مشکوک بوون. خدر پێشمەرگەی ماندوو نەدەکرد، بەڵکوو ئەو دوژمنی ماندوو دەکرد، بە پێچەوانەوە ئارامللەو گروهی زەربەتی ماندوو دەکرد.. بۆیە هەمیشە تاکتیکی شەڕی پارتیزانی و سەرشێواندن لە دوژمنی فێری پێشمەرگەکان دەکرد، یەکێک لە کارە جوان و سەرسوڕهێنەرەکانی خدر ئەوەبوو، ئەو پێشمەرگانەی بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان کەمێک ون بوون لە ناو پێشمەرگەکاندا یا باشتر بڵێم کەمتر دیار بوون و کەمتر ناویان دەهات ناوو ناوبانگێکیان نەبوو دەیهێنان چەند کەسێک پێکەوە دەیناردن عەمەلیاتێکی پێ ئەنجام دەدان، وردە وردە لە کاری گەورەتری وەردەدان هەتا وای لێدەکردن دەگەشانەوەو جار جار مەسئولیەتیشی پێ دەدان بۆ ئەوەی هەست بە بوونی خۆیان بکەن و ڕێگایەکیان هەبێ تواناکانیان پیشان بدەن،، خدر دەیکووت هیچ کەس بێ توانا نیە، بەڵکوو بەرپرسی نەزان تواناکانیان لێ دەکوژێ و ڕێگایان پێ نادەن هێزو تواناو هونەری خۆیان وەدەرخەن،، بۆیە وردە وردە ئەو کەسانە ون دەبن و باوڕیان بە خۆیان نامێنێ،،

* لە ناوچەی مەهاباد بە تایبەتی دوای هێرشی بەربڵاوی ڕژیم بۆ گرتنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە ساڵی ١٣٦٣ و ٦٤ بە هۆی تەسلیم بوونەوەی هەندێک لە فەرماندەکان و پێشمەرگەکان، وەزعی ناوچەکە تا ڕادەیەک شێوا بوو

بەشی یەکەم

هەستت بە وردە نائومیدیەک دەکرد لە ناو خەڵکی ناوچەکەدا، لە هەموو لایەکەوە هێرش کرابوو شەڕ بەردەوام بوو هەر جارەی لە قۆڵێکەوە دوژمن هێرشی دێنا، لەم کاتە ناسکەدا کاک "سەدیق بابایی" بۆی باس کردم کە کاتێک ئەویان ناردبوو وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد بۆ هێزی پێشەوا.. بە چوونەوەی ئەو بەرپرسانە تا ڕادەیەک کەلێن مەترسی پەیدا ببوو لە کاتێکدا ئەوانە هەموو کەلێن و قوژبنێکی ناوچەکەیان پێدەزانی و شارەزابوون بۆ پەرچ دانەوەی هەر ئەگەرێک دەبوو وێڕای هوشیارییەکی زۆرترو توند کردنی کۆنترۆڵ لە هەموو بارێکەوە بکەین، دەبوو بە زووترین کات کەسێکی شیاو کە بتوانێ ئەم بەرپرسایەتیە قورسە وە ئەستۆ بگرێت و لە توانایدا بێت ئەم کەلێنە پڕ کاتەوە، پێش ئەوەی لە لایەن دوژمنەوە هەر جۆرە زەربەیەک لەم کاتە ناسکەدا لە جوڵانەوە بدرێ.. کەم نەبوون لەم فەرماندەرانە لە ناو ڕیزەکانی هێزی پێشەوادا کە ئازاو لە خۆبردوو زانا و خاوەن ئەزموون،، خدرە سوور لە ڕیزی پێشەوەی ئەو فەرماندەرانە بوو کە زۆربەی خاڵە ئەرێنیەکان و پلەو پایەیەکی ئەوهای هەبوو بۆ پڕ کردنەوەی ئەو جێگا بەتاڵە.. کاتێک دەفتەری سیاسی لە پەیوەندی لەگەڵ دیاری کردنی بەرپرسی داهاتووی هێزی پێشەوا داوایان لە بەرپرسی کۆمیتەی شارستان و نوێنەرانی کۆمیتەی مەهاباد بۆ بەشداری لە کۆنگرە کرد و شەخسی سکرتێرو بەرپرسان خدریان بە لاوە پەسەند بوو،، خدر وەکوو فەرماندەیەکی لێزان و پشتگیری لە سیستم بەخشین بە بزاڤی شۆڕشگێڕی لە ناو قوڵایی ناوچەکەدا لە کاتێکدا دوژمن هەموو جێگایەکی تەنیبوو لە سەر هەر شاخ و تەپکێک پایەگایەکی نیزامی لێ دامەزراندبوو وەکوو هەموو ناوچەکانی تری کوردستان، ڕێگەی بە دوودڵی و نا فەرمانی پێشمەرگە بۆ پەسەندی فەرماندەی نوێ نەدەهێشتەوە ئەمە بوو بە دەستپێکی قەڕەبوو کردنەوەی ئەو کەلێن و جێگا بە تاڵە.. لە ماوەی کورتی چەند مانگێکدا بە چەشنێک لە بەجێ گەیاندنی ئەرکی خۆیدا بەرامبەر بە جموجۆڵی دوژمن نەک زۆربەی ئەو کەسانەی کە وەریان لە دەست دابوو گەڕابوونەوە ناو شارو تەسلیم ببوون،، هەمیسان بە قەبوڵ کردنی شەرت و مەرجی دیاریکراو لە لایەن پێشمەرگەوە بە ڕیزی خەباتکاران پەیوەست بوونەوە.. لەو ماوەیەدا بە زەربەی پێشمەرگەکان لە دوژمن و باڵا دەستی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا بە شێوەیەک لەسەر خەڵک دەوری گێڕا کە ڕۆژانە بە بێ ترس لە پایەگاکانی دوژمن و دام و دەزگاکانی حکوومەت لە دەوروبەری مەهاباد، وەکوو گوندەکانی "سەهۆلان و کولیجە" و شوێنەکانی تر وەکوو ڕۆژانی ١٣ بەدەر خەڵک ودایک و خوشک و بنەماڵەی پێشمەرگەکان و خەڵکی ناو شاری مەهابادو دەوروبەر دەهاتنە ئەوێ و بەیانی هەتا ئێوارە دیداریان لەگەڵ پێشمەرگەکان تازە دەکردەوەو خواردن و پێویستیەکانیان بۆ دابین دەکردن. دوژمنان چووبوونەوە ناو قاوغەکانی خۆیانەوەو جار جارە لێرەو لەوێ پایەگاکانی ڕژیم خەڵکیان ڕادەسپارد دەیانگووت ئێمە کارمان بە پێشمەرگە نیە هەرچی دەیکەن بۆ کوێ دەچن کارمان پێیان نیەو لێمان نەدەن. وردە وردە خدرە سوور لە ناو بەشێکی بەرچاو لە جەماوەری ناوچەکەدا ببوو بە هێمای ئازایەتی و سنوور نەناس، یەکێک لە تایبەتمەندیە باشەکانی خدر ئەوە بوو هاودەنگی و هاو ئاهەنگی بە بێ گرفت و تەبا بوو لەگەڵ بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهابادو سەرجەم ئەندام و کادرەکانی بوو ئەمە کاریگەری زۆری

بەشی یەکەم

لەسەر پێشکەووتن و تێکۆشانمان بەجێ هێشتبوو... سااڵی دواتر هێزی بەیان و کۆمیتەی شارستانی بۆکان داوای کۆبونەوەیەکی تایبەتیان کرد لەگەڵ بەرپرسانی سەروی کۆمیتەی شارستانی مەهابادو هێزی پێشەوا کرد. نێوئاخنی کۆبونەوەکە پێشنیاری ئەنجامدانی پلانێکی هاوبەش بوو بۆ دەست بەسەراگرتنی گوردانێکی هێزەکانی دوژمن جێگیر لە گوندی "نۆبار"ی سەر بە شاری بۆکان هەر چەندە ئێمە ئەوکات لە مەهاباد پلانێکی گەورەمان بەدەستەوە بوو بۆ لە داوخستنی مۆرە گەورەو دژەبەرەکان. کە لە نەبوونی ئێمەدا خەڵکیان ئازارو ئەشکەنجە دەداو لە دەستیان وە زاڵە هاتبوون داڕشتبوو... فەرماندە خدرەسوور زیاترلە دوو حەووتوو بوو سەرقاڵی چۆنیەتی دابەزاندنی ئەم ئەرگە بوو، بەاڵم لەسەر بنەمای پێداگری هاوڕێیانمان لە هێزی بەیان، بۆ دابەزاندنی پلانە داواکراوەکەی ئەوان ئامادەیی و هاودەنگیمان نیشان دا. شەهیدان خدرەسوورو کاک هەمزە بهنام بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بۆکان هەروەها فەرماندەری هێزی بەیان وەستا ئەحمەد.سەرەڕای پێداگری ئێمە بۆ بەشدار بوون لە جێبەجێکردنی پلانەکە، خۆیان فەرماندەیی عەمەلیاتەکەیان وە ئەستۆ گرت. بەئەوپەڕی وردبینی و شان بەشانی فیداکاری نەترسانەی پێشمەرگە هەڵبژێردراوەکان لە هەردوو هێز. ئەرکەکانیان بەسەرکەووتوویی جێبەجێکرد. گوردانی نۆباریان بە تەواوەتی خستە بەر دەستی خۆیان. هەرچی تێیدا بوو کوژرا یا بە دیل گیران. ڕۆژی دوایی ڕژیم حەولی دا هێرش بکاتە سەر پێشمەرگەکان بەاڵم لە نزیک شاخی تەرەغە پێشمەرگەکان لێیان داو زۆری تریان لێ کوژراو هەاڵتن و شکان. کە جاشێکی زۆر کە خەڵکیان ئازار دابوو خەڵکی یاالوە دانیشتوی بۆکان بوون بە دیل گیران. ڕژیم کە دیسان تووشی شکست بوو، دەستی دایە تۆپ و خومپارە بارانی شوێنی گەڕانەوەی پێشمەرگەکان.

ئاخرین تۆپ لە نزیک خدرەسوور دەتەقێتەوە پڕیشکێک لە بن گوێی خدر دەکەوێ و هەر ئەو پڕیشکە تۆپە بوو بە هۆی شەهید بوونی . درەنگانێکی شەو فەرماندەری پەلێک لە پێشمەرگەکان لە نزیک شوێنی حەوانەوەی ئێمە کە ئاگاداری و چاوەدێری وەزع و کارەساتەکان دەکەن. سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکان بە ناوی سمایل ئەقدەم "چکۆل" هەر ئەوکات هاتە الی من هەواڵەکەی لەسەرداوای هاوڕێیان پێ ڕاگەیاندم. دڵم داخورپا، خەبەرێکی دڵتەزێن بوو، زۆر بە ئازار بوو، بەاڵم تازە قەومابوو .لە وەاڵمدا تەنیا پێداگریم کردو کووتم دەبێ بە هەر قیمەتێک بێ جەنازەکەی بگەیەنە الی ئێمە... لە کاتێکی ئاوادا زۆر باش ئاگاداری هەڵسوکەووتەکانی ڕژیم بووین. کە وەک ماری بریندار لێهاتبوو. تێدەکۆشا لەم کارەساتە بۆ قەرەبوو کردنەوەی شکستەکانی خۆی لە "نۆبار" هەرچۆنێک بوایە جەنازەی خدرەسووری دەست کەوتباو، لە شەقامەکانی شارەکاندا پێشانی خەڵکی داباو هەتا سووکایەتی پێبکەن.... بڕیارمان دا چەند کەسێک هەڵبژێرین زۆر زۆر بە نهێنی لە شوێنێکی نەدیتراو بە خاکی پاکی کوردستانی بسپێرین، نەدەبوو گۆڕەکەی وەکوو گۆڕی دیکە دیار بوایە دەبوو وەکوو زەویەکەمان لێکردبایەوەو تەختمان کردباو بە دارو گژو گیا شوێنەکەیمان ون کردبا. چونکە لەوانە بوو دوژمن هاتبا تەواوی ئەو ناوچەیە گەڕاباو جەنازەکەیان دیتباوەو دەریان هێنابایە، بۆخۆم لەگەڵیان چووم ئەوەندەی لە بیرم بێ پێنج یا شەش پێشمەرگە بووین لەگەڵ مەالیەک،، کەبە هەموومان یەک پێمەڕەمان پێ بوو، زۆر بە زەحمەت قەبرەکەمان

هەندێک قوڵ کرد خدر تەنها ڕەخت و تفەنگەکەمان لێ کردبۆوە لەگەڵ وەسایلی ناو گیرفانەکانی پشتێندو جامانەکەی خۆی مان تێوە پێچاو تەسلیم بە خاکمان کرد، مەلا پرسیاری ناوەکەی کرد، من بە پرسیارەکەی مەلا تورە بووم، لە وەڵامدا کووتم ناویت بۆ چیە خودا بۆ خۆی دەزانێ ناوی چیە و دەیناسێ، وا دیار بوو مامۆستا لە مەبوستم حاڵی بوو چیتر پرسیاری نەکرد. چەند ڕۆژ دواتر خوشکی شەهید خدر بۆ دیتنی تەرمەکەی یان گلکۆی براکەی هاتە لامان بە شیوەن و زاری دەیکووت جەنازەکەم نیشان بدەن یا گۆڕەکەیینم پیشان بدەن. هەرچەندە لە خۆی داو شیوەنی کرد کووتمان لێرە نیەو ناردوومانە بۆ باشوور، بە ناچار پاش جەند ڕۆژان بە گریان و دڵشکاوی گەڕایەوە.

* **قادری سووری لە کۆتایی قسەکانیدا دەڵێ**... کاتێک بە دووربین ڕێگاکانی لە ژێر چاوەدێری گرتبوو، ئاخرین گوللە تۆپ،، ئاخرین تیر،، ئاخرین بە پێوە وەستانی قەڵافەتی پیاوانەی فەرماندە خدر. دەتەقێ و بریسکەیەک و تەقینەوەیەک و هەستانی دوکێک و تەپ و تۆز. دەنگی خدرەسوور لەسەر بێسیمەکە نەما،، چەند جارێک هاوارم کرد بانگم کرد کاوە کاوە گوێت لە منە کاوە؟ ئەگەر گوێت لێمە جواب بدەوە؟ هیچ جواب نەبوو دڵم لەرزی سەرم تەزی دڵم داخورپا حەجمینم لێ هەڵگیرا. زارم ئیشک بوو جار جاریش هەر هاوارم دەکەد کاوە،، کاوە.. لە ناکاو برایم چوکەڵی جوابی دامەوە کاوە سەری قاڵە. کە وای کووت بێسیمەکەم دا بە خوسرەو ئەمیری و سەربەرەو خوار بوومەوە بۆ ئەو شوێنەی خدری لێ بوو، کە چووم گواستبویانەوە بۆ لای بریندارەکان، کە چوومە بن سەری چاوێکی لێکردم زۆر بە زەحمەت گووتی بەهرام بەهرام مەبەستی بارام عەجەم بوو تۆند یەخەی گرتبووم وەبیر بارام عەجەم کەوتبۆوە زانیم شەهید دەبێ. گریام خۆم پێ ڕانەدەگیرا. هەناسەی بۆ هەڵنەدەکێشرا. لە دورەوە پێشمەرگەکان بە هۆی سەکەووتنەوە قاقا پێدەکەنین وابزانم حەسەن قەیووم بوو منیش زۆر ناڕەحەت بووم دەنکم دان ئەوانیش بێدەنگ بوون نەیانزانی بوو خدر بریندارە. کەدیتم شەهید بوو لە هاوارم دا کاک سمایل هەستی پێکرد کە خدر شەهید بوو. هەرچەندە ئەویش بریندار بوو، شەو داهات نەمهێشت بینێژن کووتم دەبێ بیگەیەنینە گوندی قالوێ کاک سەدیق بابایی و کۆمیتەی شارستان لەوێن. کە چووین لەوێ نەبوون بەرەو گوندی برایم خەسار وەڕێکەووتبوون، ڕێتر من هێزم تێدا نەماو من نەمتوانی بجم ناشتنی خدرە سوور ببینم کە وە بن گڵی دەدەن..

* **مەسوور ئەمیری و بەهمەن بابامیری کە پرسیاری چۆنیەتی ناشتنەکەم لێکردن**،. هەردووکیان جوابیان دامەوەو کووتیان. ئێمە ٥ یان ٦ کەس بووین کە تەرمی فەرماندە خدرمان بە خاک ئەسپارد. ئەوەی لە بیرمان بێ، مستەفا محمدی بوو،، مەنسوور ئەمیری،، بەهمەن بابامیری.. کاک سەدیق بابایی.. پێم وابێ بارام عەجەم.. مەلایەکیش بوو، بە هەموومان ئەو پێمەڕەیەمان پێ بوو کە مەلا لەگەڵ خۆی هێنابوی. لە شوێنێکی زۆر چەپ و مەتروکە ناشتمان، زەویەکە

بەشی یەکەم

هەڵقەندنی زۆر ناخۆش و ڕەق بوو هەڵنەدەقەندرا هەموو دەستمان خوێنی لێ دەچۆڕا، تەواوی شەڕەکە بە ئەندازەی هەڵقەندنی ئەو قەبرە ماندووی نەکردین، پاشی چەند سەعات هەڵقەندن توانیمان ٣٠ سانتیمەتر قووڵی بکەین،، فەرماندە خدرمان لە پشتێنەکەی جوان جوان پێچا پاشان لە گۆڕەکەمان هاویشت و جامانەکەیمان پێداداو وردە وردە بە هەنسک و فرمێسکەوە ئەو کەڵە پیاوە لەبن گڵدا ون دەبوو. دامانپۆشی لەگەڵ زەویەکە تەختمان کردەوە دەوروبەری قەبرەکەمان جوان خاوێن کردەوە بۆ ئەوەی دیار نەبێ کە ئەم شوێنە هەڵقەندراوە هەندێک چیلکەو دڕوومان لەسەر داناو ونمان کرد... مەلاش دەیزانی ئەگەر بیشیکوژن نابێ جێگاکەی پیشانی هیچ کەسێک بدات. زۆرمان سوپاسی مەلا کردو ناردمانەوە. لەم شەڕە گەورەو بێ وێنەیەدا کە گەورەترین زەڕبە لە هێزەکانی دوژمن درا، زەربەکە ئەوەندە گەورە بوو بە قەولی پێشمەرگەکان دەیانکووت کەوشی هەموومان بە خوێن تەڕ ببوو بە داخەوە لەم شەڕەدا خدر خزری ناسراو بە خدرە سوور فەرماندەری هێزی پێشەوا شەهید ڕەحمان جەناح شەهید حەسەن بەیان شەهید پێشمەرگەیەک بە ناوی وەلی شەهید هەمزە مەنگوڕ بریندار،،، سمایل بازیار بریندار پێویستە سوپاسی ئەو کەسانە بکەم کە هاوکاریان کردم... کاک قادر سووری،،،، کاک سەدیق بابایی... کاک مەنسوور ئەمیری... کاک بەهمەن بابامیری.... کاک عەبدوڵا عەبدالی... کاک مستەفا محمدی... کاک ناسرو کاک عزەت پیرانی .. کاک حەسەن قەیووم.... بۆ ئاگاداری هەموو دۆستان و هاوڕێیان و خوێنەرانی بەڕێزی خۆم ڕادەگەیەنم کە لە ماوەیەکی نزیکدا زۆر بە وردی چۆنیەتی عەمەلیاتەکەو گرتنی پایەگایەکە بڵاو دەکەمەوە چاوەڕوان بن حەماسەیەکی گەورەو بێ وێنە گرتنی گوردانی نۆباری بۆکان لە لایەن هێزی ١١٠ی بەیان و هێزی ٢١ شەهید پێشەوا... لێرەوە داوا لەو قارەمانانە دەکەم کە لە عەمەلیاتەکەدا بوون هاوکاریم بکەن و ئەو وردەکاریانەی بە چاوی خۆیان دیتویانە بۆم بنێرن سوپاسی هەمووتان دەکەم...

"ملوێنە ڕووحی" ناسراو بە "پەروین ڕووحی



لە هەموو شۆڕشەکانی گەلانی ژێردەست و زوڵم لێکراودا هەمیشە کەسانێکی زۆر بونەتە سومبول لەو شۆڕشەدا،، جا لە هەر بارێکەوە بووبێ، نمونەیان زۆر بووە لەبارەی شەڕو ئازایەتیەوە بوبێ، یا لەبارەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و هەتا خزمەتگوزاری وەک پەرستاری و لە نەخۆشخانەکان... بە تایبەتی ئەوکەسە ئەگەر ژن بوبێ، ڕۆحێکی زیاترو سێبەرێکی زیاتر لە میهرەبانی و خۆشەویستی و سۆزو دڵسۆزی وەک ڕەنگێکی پەمەیی بە دەوری خۆیدا کێشاوە.. بە مانای بوونی ژن لە هەر شوێنێکداو لە هەر کۆڕو کۆبونەوەو هەر کارێکی بە کۆمەڵدا دەوشانەوەو شەوق و بریقەی کارەکە زیاتر دەبریسکێنێتەوە.. لێرەدا ئیتر جیاوازی بەینی ژن و پیاو مانایەکی نامێنێ و هەموومان پێکەوە جوانین.. ئەوەی مەبەستمە باسی بکەم.. یەکێک لەو ژنە شۆڕشگێڕو قارەمانانەی ناو ڕیزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان

"ملوێنە ڕووحی" ناسراو بە "پەروین ڕووحی خەڵکی شارە جوان و سەربەرزەکەی "سنە" بوو. وەک کەسێکی شۆڕشگێڕو خاوەن فکر،، ڕیزەکانی حزبی دیموکراتی هەڵبژارد بۆ خەبات و تێکۆشان بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران و هێنانە دی ئاوات و ئامانجەکانی گەلەکەی و ڕزگار کردنی لە ژێردەستی و گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان. "پەروین" دایکی کچێک بوو بە ناوی "شیوا" کچەکەی ئەگەر تەمەنی زۆر منداڵ بوو، لەلای نەنکی بوو دوور لە سۆزی دایکی خۆی. ئیتلاعاتی شاری سنە بەرگریان

بەشی یەکەم

لە دیتنی کچەکەی دەکرد بە هەموو شێوەیەک. پەروین لە چەندین ئورگانی حزبی کارو تێکۆشانی کردبوو زۆر سەرکەووتو بوو. هەتا ئاخرین جار لە ڕادیو دەنگی کوردستان گیرسایەوەو لەوێ وەکوو "زەبات" لە تۆمارکردنی بەرنامەکانی ڕادیۆ کاری دەکرد . من ئەوکات لە دەبیرخانە بووم زوو زوو پەروینم دەدیت، هەروەها هاتوچۆی ماڵە ئێمەی دەکرد. زیاتر لە ٣ ساڵ لە ڕادیۆ بە بەردەوامی و بێ ڕاوەستان کاری دەکرد. لەو ماوەیەداپەروین توانی بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیی و بە یارمەتی و ماندووبوونی مامۆستا عەبدوڵا جهانئارا، هەموو دەرسەکانی فێربوونی زمانی کوردی بە تەواوی فێربێ و بە بێ هیچ گرفتێک بنوسێ و بخوێنێتەوە لە کاتێکدا پەروین هیچ خوێندن و نوسینی نەدەزانی و نەیخوێندبوو... لەگەڵ کورەکانی ڕادیۆ هاوکار بوو کە هەموویان وەکوو خوشک و برا کارەکانی ڕادیوو چاپەمەنیان ڕادەپەڕاند. ئەوانەی هاوکاری پەروین بوون، مستەفای مامە قاڵە و هەمزە ئاگوشی عەلی سوسەنی، سەلاح دەرمانی، مامۆستا بێبەش بوون بەڵام ئەوانەی هەمیشە پێکەوە بوون مستەفاو هەمزەو عەلی بوون، ئەم کوڕانە بۆیان گێڕامەوە کە کاتێ پەروین ساز دەبێ بچێتەوە بۆ ناوچە. پەروین هەموو وەسایلەکانی خۆی دەبەخشێتەوە بە سەر کورەکاندا. دەڵێ من دەڕۆم و نایەمەوە شەهید دەبم هەمزە گووتی گوڵێکی دابوو بە من هەر ماومەو ڕامگرتووە ئەگەر چی وشک بووە بەڵام دڵم نایە بیفەوتێنم. هەروەها هەر بۆ شۆخی کردن بە هەرسێکیان کورەکان بە دەنگ و حەیرانان بەسەر پەروینداا هەڵدەڵێن و دەگرین، لە کاتێکدا بێ ئەوەی ئاگادار بن یەکیان ئەم لاواندنەوەیان زەبت کردووەو نەوارەکەی ئێستاش ماوە. پاشان پەروین بە کورەکان دەڵێ دەبێ سوێندم بۆ بخۆن کە ڕێگاکەم درێژە پێبدەن، ئەوە گەورەترین خزمەتە ئێوە بە منی دەکەن، هەروەها کوتبووی پێم خۆشە مستەفا لە ڕادیۆ هەوالی شەهید بوونەکەم بخوێنێتەوە هیچ کەسێکیتر حەقی نیە هەوالەکە بخوێنێتەوە... پەروین ئێوارە هاتە ماڵی ئێمە بە خێزانمی کووت براژن دەڕۆم ماچێکم بدەیە چونکە تازە ناتبینمەوە، خێزانم کووتی وامەڵێ تۆ چوزانی نایەیتەوە گووتی بۆخۆم دەزانم کە نایەمەوە دیاریەکی بۆ خێزانم هێنابوو نازانم لیباس و شتی وابوو داینا زۆر شۆخی قسەمانکردو ماڵئاوایی کردو ڕۆی لەدەرێ توشی مامۆستا مەلا محمدی عوسمانی بوو چونکە ماڵەکەمان جیران بووین بە مامۆستای گووت گەردنم ئازا کە مامۆستا دەڕۆمەوە بۆ ناوخۆ و نایەمەوە شەهید دەبم خەونم دیوە،، خەوەکەی بۆ مامۆستا گێڕایەوە مامۆستا گووتی کچی من ئەگەر بە قسەی من دەکەی مەڕۆ ئەم خەوە زۆر خراپە. کووتی دەڕۆم مامۆستا چونکە دایکم قەولی پێداوم کچەکەم بۆ بێنێ ببینم خۆ دەزانم ناگەڕێمەوەو بەڵام هەر دەڕۆم .. ڕۆشتنەوە تیمێکی ٧ کەسی بوون مانگی ٧ ی ساڵی ١٩٩٤ی میلادی بوو لەگەڵ تیمێک لە پێشمەرگەکانی ناوەندی ١ی کوردستان، سنوور دەپەڕێنن و دەچنەوە ناوخۆی وڵات هەتا ڕۆژێک لە ناو باخەکانی گوندی بەردەقەلی سەر بە ناوچەی پیرانشار دەمێنەوە یەکێک لە پێشمەرگەکان کە بە داخەوە خاپین دەبێ لەگەڵیان و ناپاکی لەگەڵ هاوسەنگەرەکانی دەکاو پەیوەندی بە دوژمنەوە دەکات ، بە ناوی سولەیمان بەرەندەگان ناسراو بە سلیمان سەروکانی.... لە کاتی حەسانەوەداو لە خەودا چواردەوریان دەگرن و دەیاندەنە بەر نارنجۆک و ڕەگباران، شەڕێکی لە ناکاوو چاوەڕوان نەکراو دەست پێدەکات لە یەکەم دەستڕێژدا بە داخەوە ٤کەس لە پێشمەرگەکان

بەشی یەکەم

شەهیدو بریندار دەبن قادر ڕەش کە بەرپرسیان دەبێ بە سەختی بریندار دەبێ، پەروین لە دوژمن وەدەست دێ و تەقەیان لێدەکاتەوە دوژمن ڕاودەنێ. دووریان دەخاتەوە خەڵکی دێی دەگەنێ دەزانن پەروین زیندووە بە تەنیا ماوە پێی دەڵێن وەرە لەگەڵ ئێمە بۆ ناو دێ لیباسی ژنانەت بۆ دێنین و کەس ناتناسێ.. قەبوڵی ناکات لە کاتێکدا وەختی زۆرە کە ئەو کارە بکات دیسان دەڵێ،، نا، من هاوسەنگەرەکانم هەموویان شەهیدو بریندارن بەجێیان ناهێڵم سنگی بە خاکی پاکی کوردستانەوە دەنێ و دیسان سەنگەر لە داگیرکەران دەگرێتەوە، دەنگێ ناکات و بۆیان لە کەمیندا دەبێ هەتا دوژمن دەیەوێ بێتە سەر تەرمی پێشمەرگەکان. لە چوار پێنج مەتری لێیان هەڵدەستێتە سەرپێ و شێرانە بەسەریانداداەنەڕێنێ و وەبەر ڕەگباریان دەدات هەتا خەشابیان لێ بەتاڵ دەکات لێیان دەدات، هەرچی کوژرا کوژرا دەنا هەڵاتنەوە دوایە، خۆیان کۆدەکەنەوەو جارێکی تر بە هێزێکی زیاترەوە بۆی دێن دەشزانن هەر ئەو ماوە دەیانەوێ بە زیندوویی بیگرن، لەکاتێکدا پەروین دەبینێ کە "حامیدە سوور" ی هاوسەنگەری ماوە پێکەوە هەریەکەو لە گۆشەیەکەوە سەنگەر دەگرن و چاوەڕوان دەمێنەوە هەتا دوژمن بێتە پێش... ئەمجارەش دەنگێ ناکەن هەتا دورو نزیک دەبنەوە دیسان لێیان دەدەن،، دوژمن ئەوجار دەنگی دوو تفەنگان دەبیستێ زۆریان سەرنج نەدابووە ئەو گۆشەیەی کە حامید لێی دامەزرابوو سەنگەری لێ گرتبوو بۆیە لەجاری یەکەم زیاتریان لێ دەکوژرێ و دوژمن دەحەپەسێ. زۆر هەوڵ دەدەن جەنازەی کوژراوو بریندارەکانیان بەرنەوە ، بەڵام ڕێگایان پێ نادەن. کاتێک دوژمن پاشەکشە دەکات حامید دەیەوێ بچێتە سەر جەنازەکانی دوژمن هەتا فیشەکەکانیان بێنێ بەڵام بە داخەوە لێی دەدەن و لەوێ شەهید دەبێ، پەروین ئاخرین هاوسەنگەری لە دەست دەدات بەڵام ڕۆحیەی بەرزو بەرزتر دەبێ.. لە ناو سەنگەرەکەیدا دادەنیشێ و تووند تفەنگەکەی لە باوەش دەگرێ وەکوو دوو ئاشقەو ماشقەی با وەفا،، وەکوو ئاخرین "ژوان" لەگەڵ هەموو کەسێکی لەگەڵ دوایین خۆشەویستی لەگەڵ دوا شانسی مان و نەماندا، لەگەڵ هیوا بەسەرکەوتن و دەرباز بوون لە داوی دوژمن و بەهیوای دیتنی دایکی و کچە تاقانەکەی و لە باوەش گرتنی کۆرپەلەکەی هەڵمژینی بۆنی سۆزو موحیببەتی دایک و کچانەو هەست کردن بە دەنگی تەپەی دڵی یەکتر پڕ کردنەوەی ئەو هەموو ماوەیەی کە لێک دوور بوون لە سۆزی دایکانە بۆ کچەکەی و ئەمانەو فکرو زکری دایکێکی لە کەمین کەووتووی دوژمن و بە لەدەستدانی هەموو هاوسەنگەرانی و دەبێ ئێستا هەتا هێرشیان نەهێناوەتەوە "بڕیاری بوێرانە" بدات فرسەت هەبوو دەرباز بێ، کە چاوی لە دەوروبەری خۆی دەکرد هەندێک لە پێشمەرگەکان هێشتا هەناسەیان دەهات و مابوون ئەگەرچی برینەکانیان یەکجار قورس بوو بەڵام هێشتا جار جارە دەستیان دەجوڵاندو چاوەکانیان دەگێڕا بە دەوری خۆیاندا، تفەنگەکەی توند بە سنگیەوە نابوو هەستا سەرپێ چووە سەر بریندارەکان زۆر دەستی بەسەر سەرو چاویاندا هێنان یەک یەک ماڵئاوایی لێکردن هەتا توانی برینەکانی هەمووبانی بەست و کوڕەکان بە ئیشارەت و بە نوزە نوز داوایان لە پەروین دەکرد بیانکوژێ با بە زیندوویی دەست دوژمن نەکەون بەڵام پەروین هەر دڵخۆشی دەدانەوە، هەرگیز دڵی نەدەهات کارێکی وا بکات بۆیە هەتا هەستی کرد دیسان جاش و پاسدارەکان بە نیازن دیسان بێنە پێش، هەر دڵداری بریندارەکانی

بەشی یەکەم

دەدایەوە دەستی لەناو دەستی گرتبوون بە ئاخرین بزەی سەرلێوانی هیوای مانی بە برینداڕەکان دەبەخشی. هەتا لە ناکاو لە هەر چوار دەوری گرمەی نارنجۆک و ئارپێجی بێدەنگی نێوانیانی شکاند. ئەمجارە شەڕ زۆر توند بوو، پەروین بە تەنیا بوو دەبوو دەنگێ نەکات هەتا دێنە بەر لوللەی تفەنگەکەی،، بە قسەی خەڵکی دێ و یەکێک لە پێشمەرگەکان کە ڕزگاری ببوو،هەتا دوانیوەڕۆیەکی درەنگ پەروین و حامید پێکەوە بە فیشەک و تفەنگی هەموو شەهیدەکان بەرگریان کردوەو نەیانهێشتووە دوژمن بێنە سەر تەرمی شەهیدو برینداڕەکان. لەگەڵ ئەوەی پەروین لەگەڵ دوژمن هەر مقاوەمەتی کردووە ئاگای لە برینداڕەکانیش بوەو پێیان ڕاگەیشتووەو دڵخۆشی و ڕۆحیەی داونەتێ. لە ئاخرین هێرشی دوژمن کە چوونەوە سەریان بۆ ماوەیەک بە تۆپ و خومپارە لێیان دەدەن پاشان لە دورەوە بە دۆشکە تەواوی ناو باخەکە دەکووتن و جا لە هەموو لایەکەوە پێشڕەوی دەکەنە سەر یەک پێشمەرگەی ژن کە بە تاقی تەنیا لەناو هاوسەنگەرە شەهیدەکانیدا مابوو، وڵات بێ دەنگ بوو کەس دەنگی لێوە نەدەهات، تەنها دوکەڵ و بۆنی باروت و قرچە قرچی دارو پوشەکان دەهات کە دەسووتان. هەموو خەڵکی ئاوایی دەستەو دۆعا ڕاوەستابوون و دۆعاو پاڕانەوەیان بۆ ئەو پۆلە پێشمەرگەیە دەکرد. خەڵکەکەش دەیانزانی "پەروین" بە تەنیا ماوە ئەم هەموو جاش و پاسدارە بۆ یەک پێشمەرگەی ژن دەچنە پێش. ژیان و مان و نەمان لەگەڵ چرکە چرکی کاتژمێر بەرەو کۆتایی دەچوون. جاش و پاسدارەکان زۆر چووبونە پێش، چ بوو؟ بۆ لێی نەدان؟ ناکا شەهید بووبێ بەو تۆپ و خومپارانە؟ لەوانەیە جارێ دوور بن.. نا نا شکور ماوە پاسدارەکان ترسان هەمووبان دانیشتن، لەوانەیە دیتبیان.. دەبێ سەنگەرەکەی گۆڕیبێ.. ئەمانە هەموو قسەی خەڵکی ئاوایی بوون کە جوان چاویان لە شەڕەکە بوو، ئەگەر زیندوو بایە هەتا ئێستا لێی دەدان ئەوە چوونە سەر سەریان،، بە خودای شێرە ژن نەماوە دەنا کوا دەیانوێرا ئەوەندە نزیک ببنەوە، هەک دەستی شکاوم بۆ ئەو ژنە قارەمانە، حەیف و هەزار حەیف لەناکاو بوو بە تەقە وەک گەڵای دار پاسدارو جاش بەربوونەوە بوو بە هاوار هاواری جاش و پاسداران،، خەڵکەکە گەشانەوە ڕەنگیان سوور هەڵگەڕاوەو هەموو ووی لەشیان هەستانەوە موچرکیان بە هەموو گیاندا دەهات لە خۆشیان دمیان گرتبوو هاواریان دەکرد،، لێیان دە بە بابەوەت لەبەر مرم قوربانی دەست و تفەنگت بم.. من زانیم جارێ ماویانە. ئەوانی پێشێ هەموو کوژران جەنازەکانیان لەوێ بەجێ مان، تەقە گەرم بوو ئەوجار پەروین هەر تاق تاق تەقەی دەکرد بەڵام پاسدارەکان هەر دەیانپرژاند،، هەموو هەڵاتبوون لەناکاو هەموو جاش و پاسدارەکان دیسان گەڕانەوە سەر پەروین شەڕەکە زۆر توند بوو کەلاکێکی زۆر کەووتبوون پەروین زۆر بە تونڈی بریندار ببوو فیشەکی پێ نەمابوو خۆی گەیاندبووە سەر قادر ڕەش هەردووکیان بە قورسی بریندار بوون،، جاش و پاسدارەکان گەیشتبوونە سەریان. جاشەکان و پاسدارەکان ویستبویان بێ حورمەتیان پێبکەن، فەرماندەکەیان لێیان تورە ببوو،، کوتبوی هەرکەس دەستیان بۆ بەرێ لێرە دەیکوژم حەیفە ئەم کەسانە بێ حورمەتیان پێبکرێ، گوللەی خەلاسیان لێدەدەن و بە داخەوە لەم شەڕە دا پێنج قارەمانی دیموکرات بەم ناوانە شەهید دەبن... قادر عەبدوڵا پور ناسراو بە قادرە ڕەش فەرماندەری هێز پەروین ڕووحی کادر خالید جۆخۆر،، بە

بەشی یەکەم

بریندارى گیرا پاشان ئیعدام کرا حەمەدەمین پێشمەرگە بە بریندارى گیرا پاشان ئیعدام کرا حامیدە سوور لەگەڵ پەروین شەهید بوو سولەیمان مورادی پێشمەرگە توانی ڕزگاری بێ و خۆی گەیاندەوە پێشمەرگەکان سوپاسی ئەم هاوڕێیانە دەکەم هاوکارییان کردم.. کاک وەهاب یوسفی ،، کاک قادر بەخشوری ،، کاک هاشم ڕۆستەمی.. کاک هەمزە ئاگوشی و کاک مستەفای مامە قالە... وەک وەفایەک بۆ شەهید پەروین کە وەسیەتی کردبوو هەواڵی شەهید بوونم لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان بە دەنگی مستەفا مامە قالە بخوێنرێتەوە،،، ئەگەر چی بێژەرێکی تر خوێندبویەوەو زەبت کرابوو ئامادە کرابوو بۆ بڵاو کردنەوە،، مستەفا دیسان هەواڵەکە بە دەنگی خۆی زەبت دەکات و لە ڕادیۆ بڵاو کرایەوە.

بۆ یادی کۆچی (ژێنڕاڵی چیاکان) بارزانی نەمر...



مەلا مستەفا بارزانی کەسایەتیکی شۆڕشگێڕو پیاوێکی ئایینی و لەهەمان کاتدا کەسایەتیەکی سیاسی و هەڵکەووتووی ناوداری ناو کۆمەڵانی خەڵکی باشووری کوردستان بوو ، ئەم کەسایەتیە بە بنەماڵەوە هەر لەمێژ زەمانەوە لەپێناوی ئازادی ڕزگارکردنی گەلەکەیان لەژێر چەپۆک و چەکمەی داگیرکەران خەباتیان کردووەو بەبەردەوام تێکۆشاون شەهیدیان داوە،زۆر جار بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ویستویانە بە بێ شەڕو کوشتارو خوێن ڕشتن و ماڵوێرانی لەگەڵ دەسەڵات دارانی "بەغداد" لە ڕێگای گفتوگۆو بێ گیروگرفت داواکاریەکانی خەڵکی کورد بگەیەنە گوێیان، حاڵیان بکەن کە ئێمەی کورد شەڕمان ناوێ و دەمانەوێ وەکوو دوو گەلی برا وەکوو دوو نەتەوەی کورد و عەرەب پێکەوە برایان لە عێراقدا بژین، کورد زۆر بەدڵێکی پاک و بە نیەتێکی خاوێنەوە بۆ ئەم بە ئاشتی ژیانە هاتۆتە پێشێ، بەڵام حکوومەت و دەسەڵاتدارانی بەغداد هەمیشە ویستویانە بەفێڵ و ناپاکانە پشتی کورد بشکێنن ، ویستویانە لەدڵ سافی و نیەتپاکی کورد کەڵکی خراپ وەربگرن لەگەڵ سەرانی جوڵانەوەی کورد. بۆیە هەموو جارێ لە کاتی گفتوگۆکاندا نیەتی گاڵاوی دوژمنان ئاشکرابوە، یان ویستوویانە بارزانی وەکوو کەسایەتی یەکەمی شۆڕش تیرۆر بکەن و کۆتایی بە شۆڕش لەکوردستان بێنن و پاشان هەموو شۆڕشگێڕان لەزیندان بکەن و یان ئاوارەو دەربەدەری وڵاتانیان بکەن کە مافی ژیانیان نەدەنێ لە زێدو خاک و وڵاتی خۆیان. مەلا مستەفا لەدامەزراندن و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ڕاگەیاندنی یەکەم کۆماری کوردستان لە

بەشی یەکەم

"مەهاباد" لەسەر دەستی پێشەوای زاناو لێزانی کورد جەنابی پێشەوا "قازی محمد" بەخۆیی و هەموو پێشمەرگەکانی پارتی بەرەو مەهاباد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کەووتنە ڕێ و لەو ڕۆژە پیرۆزو لەو سەرکەووتنە گەورەیەدا بۆ یەکەمجار لەمێژووی گەلی کوردا بەشداریان کردوو بوو بەهۆی دڵخۆشی و ورەیەکی بەرز بۆ پێشەواو هێزی پێشمەرگەی کورد و کوردستان. چونکە مەلا مستەفا بارزانی خۆیی و هەموو هێزەکەی خستە خزمەت حکوومەتی کوردستان و پێشەوا قازی محمد بۆ پاراستنی ئەو کۆمارە ساوایە، دوای یازدە مانگ بەرقەراری کۆمار لەم تەمەنە کورتەدا کۆمار توانی زۆر کاری باش و کاریگەر لە کوردستان ئەنجام بدا کە سەبارەت بەئەوکات پڕ بایەخ و نایاب و گەورەبوون، وەکوو دەستپێکردنی خوێندن بەزمانی کوردی بە بێ بەرامبەر بۆ هەموو منداڵانی کورد. دامەزراندنی هەموو وەزارەتەکان کوردستان،، دامەزراندنی یەکیتی ژنانی کوردستان بۆ یەکەمجار لەمێژووی کوردا کەباوەڕیان بە یەکسانی ژن و پیاو هەبوو،، لێدانی سکەی دراو بۆ بوژاندنەوەی ئابووری کورستان وە زۆر کاری گرنگ جێگای بایەخ کران لەو تەمەنە کەمەو لەو سەردەمدا. پاشان دوای هاتنەوەی ئارتەشی شاهەنشاهی بۆسەر کوردستان بارزانی زۆر داوای لە پێشەوا کردبوو کەلەگەڵی بڕوات و خۆی دەربازبکات، بەڵام پێشەوا بە بارزانی کوتبوو تۆ لەگەڵ پێشمەرگەکان بڕۆن چونکە ناتوانین پێش بە ئارتەشێکی ئاوا گەورەبگرین، هەم کوردستان وێران دەکەن هەم خەڵکێکی زۆر کە هیچ گوناحێکیان نیە دەکوژرێن. جا بۆیە ئێوە بڕۆن من خۆم دەدەم بەدەستەوە با هەر من بکوژن لەجیاتی خەڵکی کوردستان من ناڕۆم و خەڵکەکەم بەجێ ناهێڵم، هەرچی کراوە من کردوومە نامەوێ خوێن بڕژێ، بەڵام من وەکوو سەرۆک کۆماری کورد ئەم (ئاڵایەی کوردستان) بە ئەمانەت بە جەنابتان دەسپێرم ئێوەش بیپارێزن و لەلای خۆتان ڕایبگرن،، "ئاڵای کوردستان" بە دڵێکی خۆشەوە تەسلیم بە بارزانی دەکات چونکە دەڵێ زۆر باش دەزانم ئەم "ئاڵا" یە وەکوو چاوت دەپارێزی خۆشحاڵم کە ئەم ئاڵایە لەدەستی کەسێکی باوەڕپێکراودایە.. پێویستە بڵێم کە کاک (مەسعود بارزانی) لەژێر ئاڵای کوردستان ئەوکات لەشاری مەهاباد لەدایک بوو، دوای ماڵئاوایی بارزانیەکان لە پێشەواو خەڵکی ڕۆژهەلات ئەوان بەرەو "ڕووسیا" کەووتنە ڕێگا. پاشان ئارتەشی شاهانشاهی بەبێ شەڕو خوێن ڕشتن و ماڵوێرانی گەیشتنەوە مەهابادو پێشەوا خۆی تەسلیمی ئارتەش کردو بۆئەوەی خوێن نەڕژێ کووتی من بکوژن هەرچی بووە من کردوومە و خەڵک هیچ گوناهێکیان نیە. هەتا سەرئەنجام لە ڕۆژی ١٠ی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی لەگەڵ دوو ئامۆزای خۆی بەناوەکانی "سەیفی قازی" و "سەدری قازی" لەچوارچرای شاری مەهاباد لەسێدارە دران،، یەکێک لەدوا قسەکانی پێشەوا کوتبوی قازی محمدێک لەدار دەدەن ڕۆژێک دەبێ لە کوردستان هەزاران قازی محمد دروست دەب،، هەروەها ئێوە ئەوەندە لەو ئاڵایە دەترسن ئێستا ئاڵای کوردستان لەدەستی کەسێکدایە کە ڕۆژێک بەکوێرایی چاوی ئێوە هەڵیدەکا لە کوردستانێکی ئازادا. مەلا مستەفا بارزانی لەسەر دەستی پێشەوا "قازی محمد" لە مەهاباد بەدەستی خۆی دەرەجەی "ژێنڕاڵ"ی لەسنگی دراو لەو ڕۆژە بەدواوە بارزانی بوو بە (ژێنڕاڵ بارزانی) بەوە دەڵێن دوو بەرە ئەتڵەس،،، دوای ئەوە بارزانی بە "ژێنڕاڵی چیاکان" ناوبانگی دەرکرد،، لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا ٧١ ساڵ

بەشی یەکەم

تێپەڕبووە ئەی سەرداران و پێشەوایان و پیاوانی ئازاو ناودارانی کورد، هەردوو حزبی دیموکراتی پێشەواو بارزانی هەتا ئێستاش هەر خوێن دەدەین لەسەر ڕێبازی پیرۆزتان هەر بەردەوام و یەک پشوو بێ ڕاوەستان لە شۆڕشداین،، هەرکات گوێم لە تەپڵی ئازادی و سەرکەووتن و سەربەخۆیی بوو دێمە سەرگۆڕی هەردووکتان دوای خوێندنەوەی سروودی دوژمن شکێنی "ئەی ڕەقیب" دەڵێم گەورەم سەرداری کورد پێشەوای کورد جەنابی "قازی محمد،، هەروەها دەچمە بارزان لەوێش دەڵێم " ژێنڕاڵ بارزانی" ڕۆحی نەتەوەیی و باوکی کورد،، ئێستا هەردووکتان بە ئاسوودەیی و بۆ هەتا هەتایە لەناو لانکەو جۆلانەی دڵی کوردستان و دایکی نیشتماندا بێ خەم بنوون چونکە ئێستا بەهەزاران قازی محمدو بارزانی لەکوردستان چەکەرەیان کردووەو لەمەیدانی خەبات و لە گۆڕەپانی کوردستاندان پاسەوانان و پێشمەرگەی کوردستان و کێژو کوڕان،، تازە ڕێگا نادەن دوژمن بەش بەشمان بکاو خوێنی کوردان بڕژێنن،، هوشیارو زانا و ئازان ئەمڕۆ پیاوان و سەردارانی کورد...

بەشی یەکەم

پور زولەیخا




لە هەموو شۆڕشێکدا یا بەسەرهاتێکی گەورەی ولاتێک،، لە داستانەکانی زۆر قەدیم و کۆندا،، هەمیشە ناوی چەند کەسانێک وەکوو "ئازا" خەمخۆر... دڵسۆز، خۆشەویستی خەڵک،،، جا لە هەر بارێکەوە خزمەتی کردبێ یان ناو و ناوبانگی بە باشی و چاکە دەرکردبێ زۆرن و بەڵام کورد لەبەر بێکەسی و بێ وڵاتی و ناسەقامگیری جێگای ژیانی هەمیشە هەڵکشاوە بۆ شوێنە ئارامەکان و لە جێگایەک گەڕاوە دەستی دوژمنان و داگیرکەرانی نەگەشتبێ لەبەر خەمی ژیانی سەخت، نەیانتوانیوە ئەو بەسەرهاتانەو ئەو کەسە باشانە وەکوو مێژوو بنوسنەوە، خۆ ئەگەر نوسیبێتیشیان لەوانەیە لەو هەموو شەڕو ماڵوێرانی و سووتان و تاڵان کردنەدا،، لە بەین چووبن و نەمابن.. کورد هەمیشە پیاوی ئازا.. ژنی مەحکەم و بە بڕیار.. لە هەموو بارەکانی ژیان و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و هەتا سەربازی، لە شەستەکان و لە حەفتاکاندا بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ، لە حزبی دیموکراتی کوردستاندا لە ڕۆژهەڵات و لە باشوور شێرە ژنێک هەبوو بە ناوی "پور زولەیخا شکارچی" ئەم ژنە سەربەرزو ڕووسورەی کورد هەر لە سەرەتای ژیانیەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی بە ناوی "ڕەحمان شکارچی"تێکەڵ بە خەبات و شۆڕشی حەقخوازانەی گەلەکەمان بوون و هەم لەسەنگەری پێشمەرگایەتیدا هەم لە سەنگەری خزمەت بە پشتی جەبهەی شەڕ لە هەموو شەڕەکانی ناوچەی پیرانشارو دەوروبەری..

بەشی یەکەم

پور زولەیخا یەکێک لەو ژنانە بوو کە لە ماڵە خۆی نانی سەدان پێشمەرگەی ساز دەکرد لەگەڵ هەندێک لە ژنانی سەربەرزی تری بنەماڵەی پێشمەرگەکان. ماڵی پور زولەیخا وەکوو بنکەیەکی حزب هەمیشە ئاوەدان و پڕ میوان بووە. کەس نیە لە حزبی دیموکراتدا بووبێ و ناوی ئەم شێرە ژنەی بەر گوێ نەکەوتبێ.. یا نان و خواردنی دەستی پور زولەیخای نەخواردبێ.. لە دەوران "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا" کەم بنەماڵە هەیە منداڵیان بووبێ و لەسەر دەستی پور زولەیخا لە دایک نەبووبێ.. منداڵەکانی کە پورزولەیخا ناوکی بڕون و بۆتە بە فریشتەی نەجات بۆ خۆیان و بۆ دایکیان.. لەو کاتی بێ دەرەتانی و کەم ئیمکاناتی و هەژاری هەموو بنەماڵەکان، ئێستا شکوور هەموویان گەورە بوون و دەرس و خوێندنیان تەواو کردووەو لە زۆر جێگای بەرزو بە پلەی زۆر باش دەرچوون و خاوەنی ماڵ و منداڵی خۆیانن... پور زولەیخا و مام ڕەحمان شکارچی" خاوەنی ٦ کوڕو کچێک بوون.. محمد.. خەلیل.. خەجیج.. ئەبوبەکر.. محمود.. خالید.. سۆران هەم محمد پێشمەرگە بو هەم خەلیل،، ئەوانی تر منداڵ بوون و لە قوتابخانەی شۆڕش دەرسیان دەخوێند. پور زولەیخا و مام ڕەحمان پەروەردەی شاخ و کوێستان و دۆڵ و دەشتایی و جەنگەڵ و سروشتی جوانی کوردستان بوون.. هەرچی گیاو گۆڵی خواردن و دەرمانی هەبوو دەیانناسی.. هەر بەو گیا سروشتی و وەرزییانەی شاخ و کوێستانەکانی کوردستان خۆشترین و بە تام ترین و تەندروست ترین خواردنیان دروست دەکرد.. مام ڕەحمان کوشتەی شاخ و بەندەن و کوێستانەکانی ئەم کوردستانە بوو لە هەموو کات و ساتێکداو لە دەوری هەر ڕژێمێکدا بووبێ. ئەو وەسایلی ڕاوی خۆی دابین کردووەو بە چەند ڕۆژ بە تەنێ سەرو بنی ئەو کوێستان و شاخە هەزار بە هەزارانەی "کاروخ و قەندیل و هەڵگوردی دەکرد. بە داخەوە مام ڕەحمان لە "ئوروپا" کۆچی دوایی کردو لە وڵاتی غەریبی بە خاک ئەسپێردرا و بۆ هەمیشە بە جێی هێشتین،، پور زولەیخا ئێستا لە ژیاندا ماوەو هەر کەس خۆشی دەوێ کامێنتێکی پڕ لە ڕێزو خۆشەویستی و وەفا داری بۆ بنێرێ...

هەزار جار سڵاو لە شێرە ژنی وەک پور زولەیخاو نمونەی زۆر بن و دۆعای سەلامەتی بۆ دەکەم.

شەهید کەریم توژەڵی ...



ساڵی ١٩٩٧ی میلادی بوو، ، ئەمن کە چوومە تورکیە زستانێکی زۆر ساردو بەفرو سەهۆڵ بەندان بوو. کەسێک ئەمنی بردە ئانکارا بە ناوی "حەسەن کەریمی" کە هەرگیز چاکەی ئەوم لە بیر ناچێ.. هەروەها کەسێک لەوێ وەریگرتم کە هاوڕێی خۆم بوو بە ناوی "ڕەحمان عەبدی" کە یەکسەر چوویندوە ماڵە" "مامۆستا تاهیر" کە بۆ هەمیشە بیرم ناچێ میواندارى گەرمیان لە ئێمە... کاتێک ئێمە لە تورکیە بووین. دەمانەویست لەوێڕا بڕۆین بۆ وڵاتی سێیەم. و لە جێگایەک نیشتەجێ ببین. دەورانێک بوو زۆر ناخۆش و پڕ لە کارەساتی سیاسی ناوچەیی و نێونەتەوەیی کە هیچیان لە قازانج و بەرژەوەندی کوردا نەبوون. لە هەموو لایەکەوە بە زەرەری کوردو بە قازانجی دوژمنان بوو. لە باشووری کوردستان هێزە سیاسیەکان و دوو هێزی سەرەکی وەک "پارتی" و یەکیەتی "زۆر بەیەکەوە تەبا نەبوون ناوچەی "سەوز" و ناوچەی "زەرد" هەبوو. ئێران و پیاوەکانی ئیتلاعات و کۆمەڵێک کوردی خۆفرۆش کە ببونە چاوساغ و گۆپاڵ بەدەستی ئێران لە باشوور بە دژی کادرو پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات و، بالا دەستی سوپای "قودسی ئێران" و پیاوکوژەکانی "ئیتلاعات" و جاش و خۆفرۆشەکان سەرتاسەری باشووری کوردستانی داگرتبوو. هێزە سیاسیەکانی باشوور هەم خۆیان لەو مەسەلەیە "گێل" دەکردو دەستی ئێرانیان ناوەتە کردبوو بۆ گرتن و "تیرۆر" کردنی کادرو پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات. هەم ئەمەشیان ئاگادار دەکردەوە لەم هێرشانە. هەرچی کادرو پێشمەرگەو خەڵکی باشوور هەبوو ڕازی نەبوون بەم کارە قێزێونەی کۆماری ئیسلامی، کە بێن و بە کەیفی خۆیان لە ناو ماڵی ئەواندا بە پێش چاوی ئەوانەوە ئێمەی کوردی بڕای خۆیان بکوژن. هەم غیرەتیان و هەستی

بەشی یەکەم

ئەتەوایەتیشیان ئەوەی قەبوڵ نەدەکرد. ئەشیان دەزانی بۆ هێزە سەرەکیەکان و بە تایبەتی یەکیەتی بۆ وا بێدەنگن و هیچ هەڵوێستێکیان نیە لەم کەڵەگایەتیەی کە ئێران دەیکا... بێ خەبەر بوون لەوەی کە گەورەکان لەسەرەوە ڕێگایان بەم تڕۆریستانە دابوو، هەرچی دەیکەن بیکەن و ئێمە جارێ نە دەبینین،، نە دەبیستین. هەم کەڕین و هەم لاڵین. الحەق هەرچی کۆماری ئیسلامی پێی خۆش بوو کردی و ئەوانیش هیچیان نەکووت. دوای هەموو ئەم جنایەتانە کە کرا.. کووتیان کاکە گیان پێویستە ئاگاتان لە خۆتان بێ زۆر وەدەر مەکەون لە شارەکان با نەتانکوژن... وەزعی باشوور بەم شێوەیە بوو،، زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتیەکان ڕوویان لە ولاتی "تورکیە" کرد هەتا لەوێڕا بتوانن لە ڕێگای قانونی "نەتەوە یەکگرتوەکانەوە" خۆیان بگەیەنە ولاتانی "ئوروپا" و "ئەمریکا" ... ئەوکاتانەی ئێمە لە تورکیە بووین زۆر بووین. زۆربەمان لە شارێک بووین بە ناوی "قەیسەریە" کە پەنجا مالّ زیاتر بووین. هەموومان "un" قەبوڵی کردبووین بەڵام هەموومان قاچاخ بووین لە حکوومەتی تورکیە. بۆیە وەزعمان هەمیشە لە مەترسیدا بوو، ئەگەر هاتباو گیرابایین هیچ دیار نەبوو چارەنووسمان چی لێ بەسەر دێ. ئازادمان دەکەن، یا ڕادەستی کۆماری ئیسلامیمان دەکەنەوە. ئەوکات لە بیرمە ئێران ئەفرادی "پێکاکا" ی لە دەوروبەری سنوورەکانی خۆی دەگرتن و تەسلیمی تورکیەی دەکردنەوە، لە بەرامبەریشدا تورکیە ئەفرادی سازمان و هێزە سیاسیەکانی ئێرانی دەگرتن و تەسلیمی ئێرانی دەکردنەوە. بە تایبەتی سازمانی "مجاهیدین" کە ئەوکات لە تورکیە زۆر فەعال بوو... بێجگە لەوانەش بۆ بەدشانسی ئێمە هەر ئەوکات حکوومەتی تورکیە کەوتە دەستی ئیسلامیەکانی تورکیە کە "نەجمەدین ئەربەکان" بە سەرۆک وەزیرانی تورکیە هەڵبژێردرا. بە قەولی کوردان " نۆش هاتە سەر دەی" وەزعەکە تەواو لە بەرژەوەندی ئێراندا بوو.. ئێمەش دەبوو زۆر ئاگاداری خۆمان بین و نەکەوینە داوی پۆلیسی تورکیە. زۆرمان خۆ دەشاردەوە لە پۆلیس و خۆمان زۆر بە دوور دەگرت لە دەردو بەڵایان. بەڵام لەوێش جاش و خۆفرۆش هەبوون کە مەجبوور بووین خۆمان بەدوور بگرین لەوانیش. لەوسەرو بەندەدا بوو خەبەرمان زانی "کەریم توژەڵی" لە لایەن پۆلیسەوە گیراوە. زۆر نیگەران بووین. زۆریش نیگەرانی خەڵکەکەی تر بووین نەبادا ئەمە پیلانێکی گەورە بێ،، بۆیە هۆشداریمان دایە هەموو بنەماڵەکان کە جارێ بە هیچ شێوەیەک زۆر هات و چۆ مەکەن.. مەگەر بۆ کاری پێویست بچنە دەرێ.. دەنا لە ماڵەکانتان بمێنەوەو ئاگاداری دەوروبەری خۆتان بن. زۆرمان چاوڕوان کرد بەڵام وا دیار بوو پیلانێکی داڕێژراو لە کاردا نەبوەو. کەریم نازانم بە چ هۆیەکەوە گرتبویان. خەبەرمان زانی بردوبانە بۆ لای شاری "وان" لەوێڕا تەسلیمی ئێرانیان کردبۆوە. دیارە حزب و ڕێکخراوەکان زۆریان گەورەکردەوەو باسیان کرد. کە ئێمە ئەوکات هەموو حزب و ڕێکخراوەکانمان ئاگادار کردەوە.

بەڵام هیچ سوودی نەبوو.. سەرئەنجام دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر لە لایەن "ئیتلاعاتی" ئێرانەوە، کەریم زۆر پیاوانە بەشاهیدی چەندین کەس کە لە زیندان لەگەڵی بوون، چەندە پیاوانەوقارەمانانە بەرەوڕووی بازجویەکان و جەلادەکان دا چۆتەوە و وەک چۆن لە پێشمەرگایەتی دا دوژمنی بەهیچ نەدەزانی، لەزیندانیش هەروابوو. سەرئەنجام

بەشی یەکەم

پیاوکوژەکانی ڕژیمی پەت و سێدارە کەریم ئیعدام دەکەن. هەزاران سڵاو لە ڕۆحی شەهید کەریم تۆژەڵی. ئەم یادو بیرەوەریانە دریژەیان هەیە.

بەشی یەکەم

پردی (یەرغوو)



سابڵاغیەکان پردی یەرغوو باش دەناسن.. ئاوێکی کە بە ناو ئەم چۆمەی "یەرغوو" دا تێدەپەڕێ ئاوی کۆیستانەکانی گوندەکانی دەوروبەری "مەهابادە" کە دێتە خوارێ.. وەک شاخەکانی دەوری گوندی "بەسری" قەڵات و شیلاناوێ و دۆڵی لوسێ و قەڵای سارم و شاخی زاوابوکان و قوڵقوڵاخ و بەرزایەکانی نێوان گوندەکانی " ئوزندەرێ و ئەمین ئابادو گردەبەردان "هەموو تێکەڵ بە یەک دەبن و دێنە خوارێ وەک دەستە خوشک هەموو شاخ و گوندەکانی دەوروبەر. پێکەوە بە ناوەڕاستی شارە جوانەکەی "مەهاباد" دا دێنە خوارێ و هەتا لەگەڵ ئاوی چۆمی "بەندواوی مەهاباد" تێکەڵ دەبێت و پێکەوە دەڕژێنە ناو "بەندواوی ئوسوکەند" لەوێشڕا هەموو پێکەوە تێکەڵ بە شامی شارۆیران و "تاڵاوی" کانی بەرازان "دەبن و سەرئەنجام تێکەڵ بە دەریاچەی "ورمێ" دەبن... ئەو تەپۆڵکەی لە وێنەکەدا دیارە. ئەوە تەپەی "گردەگڕوێ" یە لە ساڵانی شەستەکان کاتێک ئێمە مانان جەوان بوین و پێشمەرگە بووین. لە ئەوپەڕی غرورو سەرشێتیدا بووین. عاشق و حەیران و شێت و شەیدای خاک و وڵات و کوردستان بووین .. هەموو هەست و زکرو فکرمان "ئازادی سەربەخۆیی دیموکراسی" بوو. شەهید بوون لەم ڕێگایەدا بۆ ئێمە چکۆڵەترین کار بوو کە دەبوو بیکەین. لەگەڵ ئەوەشدا وەک "دڵ" هەر هەموومان عاشقی بسکی کچە کوردی نەشمیل بووین. داخەکەم زۆرێک لەو کوڕە قارەمانانە. کاتی شەهید بونیان چاوێکیان هەر ئاوەڵە بوو، کە چاوەڕوانی ئاخرین دیداری خۆشەویستەکانیان بوون. کە لە باری "دڵەوە" بە ناکامی سەریان نایەوە. تەپکی "گردەگڕوێ" خوارەوەی تەپکەکە پێیان دەکووت "دۆڵە کەرێشکە" ئەوکات تەپکەکە پایەگای دوژمنی لێ بوو. کە جارێک گرتمان لە یادەوەریەکانمدا باسی چۆنیەتی گرتنەکەییم کردوەو بە درێژی.. خوار تەپکەکە نێوان گردەگڕوێ و ماڵەکانی مەجبورئاواو

بەشی یەکەم

"مەهدی کودک" دەشتایی بوو گەنمیان لێ دەکرد. کە ئێمە وەک پێشمەرگەکان، پێمان دەکووت. " گەنمەکان " بۆ خۆمان لەیەک حاڵی دەبووین مەبەستمان کوێیە.. ئەم دەشتەو ناو ئەم گەنمانە. ڕێگای چوونەوەمان بوو بۆ ناو شاری مەهاباد.. بۆ زەربە لێدان لە هێزەکانی دوژمن. پردی یەرغوو هەمیشە جێگای وەستان و کۆبونەوەی لاوەکانی مەهاباد بووەو، هەرکاتێک بەسەر ئەو پردەدا هاتبای هەندێک لاوی تازە پێگەیشتوی ئەم شارەت دەدی لەسەر ئەم پردە ڕادەوەستان و خەریکی بەزم و ڕەزمی خۆیان بوون.. یادی بەخێرو ڕۆحی شەهید حەسەن سوهرابی شاد بێ، زەمانێکی عاشقی خێزانی بوو هێشتا نەیهێنابوو، جێگای هەمیشەیی سەر ئەم پردە بوو ڕوو بەڕووی ماڵی مەعشوقەکەی. ئێمەش زۆرجار لەگەڵی ڕادەوەستاین،، یادیان بەخێر جەعفەری مەحمودی و محمدی قاجری و مەحمودی فەقێزادە شەهید چرچە و زۆرێک لەکوڕەکانت دیکە... بەڵام ئێستا هەموو ئەو جێگایانەی پێشمەرگەی پێدا دەچوونەوە شاری و دەشتێکی پڕ لە گەنم بوو. ئێستا هەموو گەڕەکی تازەو خیابان و ئاسەوارێک لە یادگارەکانی پێشمەرگە دیار نەماوە.. دەبێ ئاخۆ سەنگەری rpg ی پێشمەرگەکان مابێ لە "سەیدئاوا"؟؟؟ دەبێ جێگا تۆپەکەی کاک "هەژار" نەڕوخا بێ.؟؟؟؟ کە لەوێڕا پایەگای داشامەجیدی تۆپ باران دەکرد ؟؟ پێویستە لاوەکان و خوێن گەرمەکان جار جار ئەم شوێنانە سەردان بکەن و بیانپارێزن.. جار جار گۆڕی شەهیدانی تەپکی "لاچین" خاوێن و تازە بکەنەوە. ئاخر "کاک هەژار " لەوێ نێژراوەو بە ئارامی بۆی نووستوە. ئاخۆ لاوەکان سەردانی گوندی "سەیدئاوا" دەکەن؟؟ دەچنە ئەو شوێنانەی. کە چواردە پێشمەرگەی قارەمانمان لێی شەهید بوون؟؟؟ هەرکات بچن لە سەیداوا ڕا. بۆ سەرێ، بەرەو گوندی "پیربەلە" لە هەر شوێنێک گوڵی لالەو گوڵاڵە سورەتان دی. ئەوە جێگای تەرمی شەهیدێکە. لە بیرتانە یان بۆیان باس نەکردوون. عەباس پاکزاد.. ساڵە نادری.. سولەیمان زەرین.. عوسمان بەتوڕاک.. خوسرەو خامچی.. سیامەک محمد جانی... دڵشاد گادانی.. ئەبوبەکر جەهانگیری.. خالید محمودی.. قاسم ڕەحیم پور.. کەماڵ ئەسەدی.. سوڵتان شا محمدی.. و هەموو شەهیدانن.. یادێک بکەن لەو کوڕانە. ئەوان بۆ ئێوە مردن هەتا ئێوە بە سەربەرزی و بە ئازادی بژین. چاوی ڕۆحیان لەسەرتانە.. ئەگەر ئەمڕۆ دەنگیان نایە. بەڵام ڕۆژێک دادێ ناوی ئەم شەهیدانە. دەبنە ئادرەس و ناو نیشان لە هەموو خیبان و کوچەکانی کوردستان.

شاخی سوڵتان



دەچمە سەری سوڵتانی شەمۆیەک نایەمەوە
دەست لە کێلان وەردێنم چل دانەی دەگرمەوە

ئێرە دوندی ئەم شاخە سەری سووڵتانە
ئەم شاخە جوان و بڵندو سەربەرزە
شاخی سوڵتانە.
بۆچی شاخی سووڵتانە؟؟
میژوویەکی تایبەت بە خۆی هەیە،،
کە ئاخۆ چەندەها دەورەو پادشاو حکومەتی
دیوە؟؟
ئاخۆ چەندین جار شەڕو بەرەنگاری شۆڕە سوارانی
کوردو کوردستانی بە خۆوە دیوە ؟؟
ئەگەر بۆ یەکجاریش بوایە ئەم شاخە سەربەرزە

بەشی یەکەم

بێتە دەنگ و قسەمان بۆ بکات.
چیرۆکی هەزاران سالّەی بەرەنگاری و
مەردایەتی کوردانمان بۆ باس دەکات.
پێمان دەڵێت هۆ کوڕینە ، هۆ کوردینە.
چونکە باڵام بەرزە ، سەرم بەرزە.
زۆرێک لە سەربەرزانی کورد
لە خەمخۆرانی کورد
لە شۆڕشگێڕانی کورد
لە خان و ئاغاو
پادشاو هەژاری کورد
لام میوان بوون
لام ماونەتەوە.

شەوانە لە دەورەم بوون و هەتا بەیانی کێشکیان داوە
پیاوانە شەڕیان کردووە بە گڕ داگیرکەراندا چوونەوە.
منیش تاریف لە خۆم نەبێ
ڕێگام داون و پاراستوومن
بووم بە سەنگەر ، بووم بە پەنا
بووم بە ئەشکەووت.
بۆ شەوانی باران وبەفر ساردو سەرما.
دەستم بەسەری هەمواندا هێناوە.
گڵم کردووە بە دەرمانی سەر برینی بریندارانی کورد.
چاوم کردووە بە دووربینی
هەر جموجۆڵێکی دوژمنی کورد...

لە کاتی ئارامی و بێدەنگیشدا
ئاوات و ئارەزووی هەزاران و هەزاران و هەزاران
کێژو لاوی ئەم وڵاتەم پێک هێناوە.
باوەڕتان بێ بۆ یەکجاریش دڵی هیچ دڵدارێکم
لێ نەڕەنجاوە.

بەشی یەکەم

لە دەورانی ئێمەش دا
لە خەبات و پێشمەرگایەتی دا
لە سالاّنی شەستەکان ، سەردەمی دیکتاتۆری (خومەینی)
دوژمن دەیویست هێرش بکاتە سەر جادەی
مەهاباد بۆکان ، کە ناوچەی ئازادکراو بوو.
بۆیە پێویست بوو بۆ پاراستن و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دوژمن
بجینە سەری سوولّتان و ببینە میوانی تازەی ئەم زاتە.
بنکەی سابتمان نەبوو ئێمە وەک پەلی(شاهۆ)
بۆ ماوەیەکی کاتی لە ئاوایەکانی قەمتەرەو کولیجە بووین
بۆ پاراستنی ئەو ڕێگایە.
سەری سوولّتانیان دا بە پەلی شاهۆ
تا ئاگاداری لێ بکات و بە نهێنی لەوێ بمێنینەوە ئەگەر دوژمن هێرشی کرد ئێمە لەوێڕا
هێرشەکە دوولەت بکەین و ڕێگا نەدەین
سەری بێ سەریان هەلّێنن و هەر سەر شۆڕبن.
کەلووپەلێکی بە ئەندازەی چەند ڕۆژێکمان
خواردن و کەلوپەلی پێویست لەگەڵ خۆمان
هەلّگرت و شەوێک دوای درەنگانێکی شەو ،
زۆر بە بێ هەست و بێ ئەوەی کەس ئاگادار بێ
بێجگە لە فەرماندەرانی هێزو لک
وەسەر کەووتین و میوانی سەری سوولّتان بووین...

مانگە شەوێکی زۆر خۆش بوو
بە چاو کە دەیبینی لە خوارەوە
پێت وایە زۆر بلّند نیە و سەرکووتنی زۆر ئاسانە.
بەلّام کاتێک کە بۆی دەچیت وانیە
زۆر بەرزە سەرکەووتنی زۆر دژوارە.
ئەوکات هێشتا جادەی بۆ ڕانەکێشرابوو.

بۆ یەکەمجار کە چووینە سەری سوولّتان زۆرمان پێ سەیر بوو،، ماوەیەک هەر حەپەساین. لە هەوای پاک و بێگەردی

بەشی یەکەم

سەر ئەم شاخە، هەستت دەکرد هەڵۆیەکی
بە تەشقی ئاسمانەوە.
ئێمە تەنها لە گۆرانیدا بیستبوومان کە دەڵێ
دەچمە سەری سوولّتانی شەمۆیەک نایەمەوە
دەست لە کێلان وەردێنم چل دانەی دەگرمەوە.

ئەوانەی لە بیرم ماوون لە کوڕەکان:

من بووم
کەمالی عەلیزادە
کەمالّی سمایلزادە
عەباس پاکزاد
سالّە نادری
کامڕان زەرگەیی
شەفیع خودادادی
ئەمیر نیزامی
سۆفی سەید سەنعان
موتەلیب
مەنسوور ئەمیری
جەعفەر گەنجە
قادر عەلیزازادە

داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر کەسێکم لە بیر چووبێ،

کە گەیشتینە سەر شاخی وێکڕا دانیشتین پشوویەکمان دا سیغارێکمان بۆ کێشا.

لەوێڕا بەرق و ڕووناکی شاری میاندواو شاری بۆکان دیار بوون هەروەها ڕووناکی شاری مەهابادیش دیار بوو. هەرچی دێهات و شاخ و دەشت و ئەوەندەی لە ژێر حوکمی چاوو حوکمی دووربیندا هەبوو
هەموویت دەدیت و زاڵ بووی بە سەریانداء لە سەر دوندی شاخەکە کە زۆر پان و بەربڵاو بوو

بەشی یەکەم

بەردەڵانێکی زۆر چڕوو پڕ بوو.

زەمانی خۆی زۆری سەنگەر لێ دروست کرابوو

کە دیار بوو کاری چەند ڕۆژۆ مانگ نەبوو ،،

کاتێکی زۆری ویستووە تا بتوانن ئەو هەموو سەنگەروو دیوانە دروست بکەن لە بەرد.

هێندە مەحکەم و وەستایانەیان دروست کردبوو

زۆر بە ئاسانی دەتوانی تێیدا بمێنیەوە بۆ ماوەیەکی زۆر.

لە دڵڕفێنی ئەو بەرزایە جوانە تێر نەدەبووین

ڕۆژی لە شەوێ جوان تر

شەوی لە ڕۆژێ جوانتر بوو.

ئێمە پێم وابێ هەر چوار پێنج شەو لەوێ بووین

دوژمن هەر نەهات


ئێمەش هاتینە خوارێ و. مانئاواییمان لە سەری سوورتانی سەر بەرز کرد

ئەم یادو بیرەوەریانە درێژەیان هەیە.

شۆڕش ئەسەدزادە

تێبینی : شاخی سوورتان کەوتۆتە سەر جادەی مەهاباد، بۆکان، ڕوبەڕووی گوندەکانی قەمتەرە، کولیجە،

فەرماندە عوسمان ئەفشین...



بنکەی پەلی شاهۆ لە بەسری بووین بەسری لە چەند کیلۆمەتری ڕۆژهەلاتی شاری "مەهاباد" هەڵکەووتووە لە سەر شاخی بەسری هەموو شاری مەهاباد دیاربوو ئێوارەیەک چەند کەس لە کوردەکان دانیشتبووین قسەوباسی خۆمانەو گوێمان دابووە ڕادیۆ دەنگی کوردستان. لە بیرم نەماوە چ هێزێک بوو عەمەلیاتیان کردبوو. شێربەگی سەرنجی بۆ لێدا .سەرنج بدەن سەرنج بدەن بەو سەرنج بدەن سەرنج بدەن. هوروژاین. کووتمان بۆ عەمەلیاتێک نەکەین؟؟ هەموو کووتمان باشە. چی بکەین. لە بیرمە کەماڵ کووتی دەچین کەمێنێکی گەورە لە جادەی مەهاباد ورمێ دادەنێین عەباس کووتی ناوەڵا. خاڵێکی پشکنین دادەنێین پاسدارو جاش و پیاو خراپ زۆر پێوە دەبن. هەر پیاو خراپێکی تێدا بێت خەڵکەکە بە ئیشارە کردن و بە چاو داگرتن حاڵیمان دەکەن و پێمان دەناسێنن. هاوڕێیەکمان کە ئێستا لە ناوخۆیە ناوی ناهێنم کووتی بۆ نەچین پایەگای خەزایی بگرین کە گرتمان هەمووی دەسووتێنین تا خەڵکی شار ببینن زۆریان پێ خۆش دەبێ هەموو ئەوانەی باسیان کرد دەکران زۆری بە ئاسانی دەکران کوردەکانی پەلی شاهۆ هەرچی وێسبایان دەیانکرد بێ هیچ دووڵی و گومانێک بەڵام هەموو ئەوانە کات و وەختی خۆیان هەبوو منیش کووتم ئەگەر بە قسەی من دەکەن با بچینەوە لە شاری عەمەلیاتێک بکەین و لێیان دەین. خەڵک هەموو بە چاوی خۆیان دەیبینن هەموو پێیان خۆش بوو. بڕیارمان دا سبەی شەو بچینەوە کووتمان بە لک و فەرماندە لکیش نالێین تا دێینەوە هەر بۆ خۆمان دەچینەوە بڕیار درا بچینە گەڕەکەکانی باغی سیسەو دەوروپەری ئیران پەیماو تا سەر پردی یەرغوو لە بیرمە عوسمان ئەفشین. کووتی با هێندێک لە کوڕەکانی بنکەی سەیداوا

بەشی یەکەم

ش. لەگەڵ خۆمان بەرین. ڕاستی دەکرد چوون ئێمە هەر دوازدە کەس بووین. ئەگەر هەڵە نەبم شەش پێشمەرگەمان لەوێش لە گەڵ خۆمان برد بۆ سبەینێ کە دیتمان دایکم و خوشکم و زاواکەمان و دایکی ساڵە نادری و پووری کەماڵ دێدە. و نازانم کێیدیکەش بوون هەموو هاتن بۆ سەردانمان. ئێمەش بەرنامەی عەمەلیاتمان هەیە لە شاری کەمالی سمایل زادە تازە ژێنێکی هێنابوو خەڵکی لاچین بوو براژنە جەمیلە. گۆشتێکی زۆریان هێنابوو قەرار بوو براژنە جەمیلە بۆمان دروست بکا بۆ پێش ئێوارە مەنجەڵی وەسەر نابوو دەکوڵی ئەمما کوڵان .بە منی کووت تامێکی بکە بزانە خوێی چۆنە منیش کەمێکم لێ خوارد هیچ تامێکی نەبوو کووتی چۆنە؟؟ کووتم بەخودای براژن تامی هیچم لێ نەکرد دا زەحمەت نەبێ کەمێکی دیکەم بۆ تێکە بزانم ئەو جار چۆنە. دیسان خواردم تامی هیچم نەکرد. نەمدەزانی بڵێم چی .چاوم گێڕا یەکێک لە کوڕەکان بانگ کەم تا بێ تامی بکا. چاوم بە عوسمان ئەفشین کەوت هەر خەریکی سمێڵانی بوو قیتی دەکردنەوە بانگم کرد عوسمان تا ئێرە وەرە زەحمەت نەبێ. هات و. کووتی فەرموو کووتم عوسمان گیان تامێکی ئەو چێشتەمان بۆ بکە بزانە تامی چۆنە. خوێی هەیە. یا نا؟؟ عوسمان کەچکەکەی برد بۆ زاری و کەمێک سمێڵانی لاداو سێ چوار جار لەسەر یەک تامی کردوو. تەتەتەو. چەچەچە ئەویش هیچی لێ حاڵی نەبوو کووتی وەڵا نازانم. لە جەمیلەی پرسی خوێت تێکردووە؟ کووتی زۆرم تێکردووە عوسمان کووتی کەمێکی دی خوێی تێکە چاک دەبێ. خێرا چوو دوو لۆچان خوێی دیکەی هێناو تێیکرد. هێندێکیان تێک وەرداو عوسمان دیسان تامی کردەوە بە پێکەنینەوە کووتی براژن پێم وابێ خوێەکەی بێخوێیە هەر لەو قسانەدا بووین کەماڵیش هات کووتی ئەوە چیە؟؟ کەماڵیش تامی کرد ئەویش هیچی لێ حاڵی نەبوو. عوسمان کووتی براژن برۆ خوێیەکە بێنە با کەمێکی دی تێکەین. چوو هاتەوە قاپێکی گەورەی خوێ هێنا کووتی. ها بۆخۆتان تێیکەن کە عوسمان. قاپە خوێیەکەی لێ وەرگرت چاوی لێکردوو لێی خوارد کردی بە هات و هاوارو پێکەنین هەموو کووتمان چیە ئەوە بۆ وادەکەی پێکەنینێک گرتبووی قسەی پێنەدەکرا هەتا ئاخری کووتی ئەوە خوێ نیە هەتا ئێستا هەر شەکری تێکردووە. چێشتێکی شیرین هێندەشی نەمابوو برۆین. خێرا هاتین لە سەرڕا گۆشتەکەمان جیا کردەوەو ئاوەکەیمان ڕشت و لە سەرڕا وەسەرمان ناوە بە ڕاستی لە بیرم نەماوە لێمان خوارد یا نا کە ڕۆشتین ڕەنگە عوسمان لە بیری مابێ.. ئێوارە خۆمان ئامادە کردوو. لە ئاخرین کاتدا بە دایکی کوڕەکانمان کووت ئێوە دانیشن ئێمە تا شار دەچینەوە سبەینێش لێرە بن مەڕۆن تا ئێمە دێینەوە. ماچیان کردین و بە پێکەنین و قسەی خۆش بەرەو شار خلۆر بوینەوە هەموومان جەوان بووین. هەر دەتکووت فەنەرین هەڵدەبەزینەوە. ئێستاش کچەکەم پێم دەڵێ بابە بۆ ناتوانی وەک من ڕابکەی؟؟؟؟؟ شەش پێشمەرگەی دیکەمان لە گەڵ خۆمان بردەوە. پێم وابێ سەرجەم بووین بە هەژدە پێشمەرگە،، ئەو نەخشەیەی دامانڕشتبوو جێبێجێ بوو هەر دوو دوو سێ سێ بە سەر ماڵاندا دابەش بووین. قەرارمان وابوو لە هەر شوێنێک ئاشکرا بووین تا کاتی هاتنە دەرەوەمان. بە دەنگی تەقەی دوولایەنە هەموومان بێینە دەرێ و هەرکەس شوێنی دیاری کراوی خۆی بگرێ،، ئەمن و کەماڵ و هاوڕێیەکمان کە لەناوخۆیە لە ماڵێکدا بووین تا کاتی خۆی دوژمن هەستی ئێمەی نەکردبوو کەسێکمان دانابوو وەک دیدەبان. بێ وچان لە

بەشی یەکەم

سەر خیابانێ بوو پێمان کووتبوو. ئەگەر پاسداری زۆرت دیت خێرا وەرە پێمان بڵێ یا ئەگەر ماشێنی پاسدارت دی لە دوورەوە خێرا لە پەنجەرەی بدە کات دوانیوەڕۆ بوو نزیک بە عەسر دیدەبانەکە هات کووتی پاسدار زۆر لە خیابانێن بەڵام تفەنگەکانیان لە شانیاندایە ئێمەش زۆر خێرا وەک هەڵۆ هاتینەدەرێ و لە ماوەی چوار پێنج دەقەدا هەرچی لە خیابانێ بوو کۆمانکردنەوەو ئەوی ویستی دەستبکاتەوە کوژرا. چەند زەلیل و خوێڕی بوون کە چاویان بە ئێمە دەکەوت لاقیان دەشکاو هێزی هەڵاتنیشیان نەدەما هەرچی نەوعی پاڕانەوە هەیە. پێیان دەکووتین،، چۆن بەسەر کەوشی پێشمەرگەدا دەکەوتن و هاتوهاوارو گریانیان وەڕێدەخست. دەستەو داوێنی پێشمەرگە دەبوون.. چۆن گەرویان وشک دەبوو و جاری وا هەبوو خۆیان وە پشتی ژن و خەلکی دەدا تا نەیانکوژێن. وەکیدیکەش وەک سەگی هار وابوون کە پێشمەرگەیان لێ دیار نەبوو تەقە دەستی پێکردبوو کەلاکی پاسدارەکان لە خیابانێ کەوتبوون. دوو جار هێرشیان هێنایە سەرمان تەقە زۆر گەرم بوو. خەڵکێکی زۆر لە دەورەمان کۆببونەوە. سەماوەریان هێنابووە کووچە تەواوی خەڵکی ئەو گەرەکانە ڕژابوونە کووچەکان. کوڕان و کچانی لاو هەموو شوێنێکیان بۆ تاقی دەکردینەوە زۆریشمان پێدەکووتن. ئەوە کاری ئێمەیە ئاگاتان لە خۆتان بێ بەڵام. کوا جوابیان دەداینەوە دەیانکووت. خۆ خوێنی ئێمە لە هی ئێوە سوور تر نیە نازانم ئەو هەموو خواردنە بە کوێدا حازر کرابوون. خاکی بەر پێی هەمووتانم خەڵکی بە شەرەف و پێشمەرگە پەروەری مەهاباد لای بازاری ڕوز و ئیران پەیما هێرشێکی زۆر بەربلاویان هێنا تا کەلاکەکانیان بەرنەوە. فشاریان زۆر هێنابوو .خۆمان ئامادە کردوو وردە وردە پێشڕەویمان کرد سەری کوچەی حەمامی زەند مان لێ گرتنەوە دەرمان پەڕاندن لەوێ. کە ئەوێمان لێ گرتنەوە کوڕەکان لە بەری کووچە لای دامپزیشکی پێشڕەویان کردوو ئەوێشیان لێ ئەستاندنەوە. ئەو دوو سەرە کووجە زۆر موهیم بوو هە لایەک گرتبای و بە دەستەوەی بایە. کە ئەوانەمان لێ گرتن ئیتر ئەوان هێزی پێشڕەویان نەما بۆیە تەنها بەرەنگاریان لە خۆیان دەکرد تا هەوا تاریک بوو هەروا شەڕو پێکدادان درێژەی هەبوو. خودا خودایان بوو دەستیان لێ هەڵگرین. تەقە تەواو بوو لای ئێمەوە بەڵام ئەوان بێ هەدەف هەر تەقەیان دەکرد. تا درەنگانێکی شەو لە گەڵ ئەو خەڵکە بە وەفاو دڵسۆزانە بووین. دوایە بڕیارمان دا بچینە دەرێ لە شار. لە لاچین بووین هێشتا دەنگی تەقە هەردەهات لە شار... (ئەفشینەکەم. ڕیشی سپی بووە) بەڵام ئەفشین فەرماندەکەم نە بیری پیر دەبێ نە بیروباوەڕی پیر دەبێ و نەهیواو ئامانجەکانی پیر دەبن هێزو تواناو. وەرە بەرزی فەرماندە ئەفشین هەر بە لاوی دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی کوردستانەکەمان ڕزگار دەبێ و پێکەوە دەچینە ئەو جێگا نەبەردانەی کە حەماسەمان تێدا خوڵقاندوون زۆر دوور نیە ئەو ڕۆژە فەرماندەکەم.

کاک سەرگورد عەلیارو کاک عەبوو سەقزی چۆن شەهید بوون



ئەو شێوەیەی من بە چاوی خۆم دیومە وای دەگێڕمەوە لە گەڵ شەهیدەکانی. تر بە ئەمانەت و بێ ئەم لاو ئەولا

سی ساڵ بەسەر شەهید بوونیان دا تێدەپەڕێ ئەگەر کەم و کوڕیەک هەبوو داوای لێبووردن دەکەم چوون زۆر لە مێژە هێشتا لە سەر دوندی شاخی کانی شەکرە بووین زاڵ بەسەر هەموو ناوچەی گوندی دووپلورەو ناوەندی ئاژوان و کانی درێژ شەڕ شەڕی ماڵوێرانکەری کۆمەڵە بوو.. کاک حەسەن شیوەسەڵی ناسراو بە مامۆستا هەروامان بانگ دەکرد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەری هێزی گیارەنگ بوو هاتە لای من کووتی شۆڕش خەبەرێکی خۆشم پێیە بۆ تۆ کاغەزێکی بەدەستەوە بوو، کووتی ئەوە پەیامی دەفتەری سیاسیە بۆ تۆ زۆرم پێ سەیر بوو، لێم پرسی بۆ من؟؟ کووتی ئا ئا بۆ تۆ کووتم چیە چی بووە؟ زۆری شۆخی و ئەم بەرەو بەر پێ کردم تا پێی کووتم لە پەیامەکەدا هاتبوو بە شۆڕش بڵێن خێزانی و مامی هاتوون با هەرچی زووتر بگەڕێتەوە دەفتەر. دووسااڵ بوو خێزانم ماڕە کردبوو بەڵام نەمگواستبۆوە بۆیان هێنابووم تا بیگوازمەوە خەبەرێکی ناخۆش نەبوو بەڵام پێم باش نەبوو تا ئەرکەکەمان تەواو دەبێ بگەڕێمەوە مامۆستا زۆری هەوڵ دا لەگەڵم تا بگەڕێمەوە چەند پێشمەرگەیەکیشی دیاری کردبوو کە لەگەڵم بن تا دەفتەر بە هەر حاڵ قەبوولم نەکردو کووتم هەموومان پێکەوە دەگەڕێینەوە پاش ماوەیەک هێزێکی تازەنەفەسی دیکەی هێزی گیارەنگ هاتن بۆ گۆڕینی ئێمە بە

بەشی یەکەم

سەرپەرشتی میرزا عەولای نێشکۆلان ئالۆگۆڕی هێزو دامەزراندنی هێزی تازە تەواو بوو ئێمە حەرەکەتمان کرد کە ناوچەکە مەرزی بوو ناوچەی موحەرەمە. واتە ناوچەی قەدەغە بوو لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە یەکەم ئاوایی کە گەیشتینێ دوای پیادەڕەویەکی زۆر کە گەیشتینێ تاریکی کردبوو هەموومان لە ماڵەکان دامەزراین قەرار بوو نانی بخۆین و لە کاتی دیاری کراو ئامادە بین بۆ ڕۆشتن. سەر دێیەکەش پایەگای ڕژێمی لێ بوو. بەڵام چوونی ئێمە بۆ ناودێ تا لەوێ بووین و تا ڕۆشتیشین هیچ ڕووی نەدا کە هاتین بڕۆین دەستەی کەمین شکێن دیاری کران ئەوەی لەبیرم بێ کەسێک لەوانە هاوڕێی بەڕێزم مامۆستا زێرە بوو ئەگەر هەڵە نەبم مانگەشەوێکی زۆر خۆش بوو ناوچەکە دارستانێکی پڕو شاخاوی بوو وڵات کشومات بێدەنگ تەنها جار جار دەنگ و خشپەی گەڵای دارەکان دەهات کە جار جار نەرمە بایەکی دەهات. دەکەوتنە سەماو دەنگی خۆشی سرووشتت گوێ لێ دەبوو کە لەگەڵ تریفە تریفی بە نازی مانگ یەکتریان دەلاواندەوە ورد ورد هەنگاو بە هەنگاو دەڕۆشتین کە لە پڕ هەموو ڕاوەستان. بوو بە پرسیار چبوو. چبوو؟؟ چەند سوارێکیان دیبوو کورەکانی پێشەوە دەنگیان دابوو ڕانەوەستابوون هەڵاتبوون کە وەدوایان کەووتبوون بۆیان نەگیرابوون بەڵام وڵاغێکیان لێ بەجێ مابوو هێنایان تا ئێرە نەماندەزانی چ خەبەرە تا گەیشتینە دێیەک پێم وابێ هەر دوو یا سێ ماڵ بوو بەو شەوە درەنگە هەموو لە دەرێ بوون خەڵکەکە دەیانکووت چەند کەس هاتوون تاڵانمان بکەن لەو قسانە هەمان ئەو کەسانە بوون کە کورەکان دەنگیان دابوون و هەڵاتبوون خەڵکەکە وڵاغەکەیان ناسیەوە کە کورەکان لەو نەفەرانەیان گرت پێموابێ دوایە دەرکەووت کە ئەوانە جاش و جاسووسی ڕژێم بوون بۆ شوێن پێهەڵگرتنی ئێمە کە لە کوێین و بۆ کوێ دەچین ئێمەش بێ ئەوەی ئاگاداری هیچ بەرنامەو پیلانی ڕژێم بین نەیانزانیبوو دەقیقەن لە کوێین بەڵام مەسیرەکەیان دەزانین هێزێکی یەکجار گەورەو پڕڕ چەک و بەرنامە و نەخشە لە پێشدا داڕێژراو ئامادە کرابوون بۆ زەربە لێدان لە پێشمەرگە بۆ ئەو مەبەستە هەموو جاسووسەکانی خۆی لە ناوچەکە بڵاوە پێ کردبوو کە لە هەر شوێنێک پێشمەرگەکان لە ژێر چاوەدێریدا بگرن ئەو چەند کەسەش کە باسم کرد هەمان جاسووسانی ڕژێم بوون لە دوای ئەوەی قسەو باس تەواو بوو لەگەڵ خەڵکی ئەو گوندە درێژەمان بە ڕێگای خۆمان دا پێویستە بۆتان ڕوون بکەمەوە کە ژمارەمان ئەگەر هەڵە نەبم سەدو پێنج کەس بووین کە لە زۆر هێزەکانی تێدابوو بریندارمان زۆر پێبوو بریندارى وامان لەگەڵ بوو لاقی لە گێچدابوو هەروەها شتێکی زۆر دڵڕفێنی کاک سەرگوردم لە بیر چوو باسی بکەم پێم خۆشە باسی بکەم. پشوومان دەدا مامۆستاو سەرگورد لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە لەدەوری یەک بووین نازانم چۆن بوو باسی کچەکەی کرد ناوەکەییم لە بیر نەماوە بەڵام زۆر بە دەنگێکی کزو لاوازو وەک بڵێی دەنگێکی غەمگین و بە حەسرەتەوە کووتی ئای دڵی بابە قەت پێم وانیە بتبینمەوە مامۆستاو هەموومان زۆرمان دڵخۆشی داوە هەروەک بڵێی دڵی خەبەری دابوو لەگەڵ هەموومان زۆر خاکی و بێ دەعیەو خۆمانە بوو هەرگیز وەک بەرپرسێک مامەڵەی لەگەڵ نەدەکردین هێندە لەسەرەخۆو بە ئەدەب و پڕ کەسایەتی خۆی بوو هەموو کەس شەرمی لێ دەکرد هەرچەند زیاتر لەگەڵمان نزیکترو. بێ پەردە تر دەبوو زیاتر شەرمان لێ دەکرد کەسایەتیەکی هێندە بەرزو پڕ لە

بەشی یەکەم

ڕەوشتی هەبوو گەیشتینە سەر شاخێک کە لەوێڕا ئاوایی "ناوە" مان لێ دیار بوو نیوە شەو بوو مانگەشەوێکی خۆش و ڕوون کۆبوونەوە بڕیاریان دا بەم نیوە شەوە نەچینە ناو دێ و تا بەیانی لێرە بمێنینەوە جەنگەلێکی پڕ بوو جێگاکە هێندێک تەختایی تێدابوو نیگابانی دانراو بلاو بووین. هەر چەند نەفەر پێکەوە لە جێگایەک لێی نووستن کوڕەکان هێندە ماندوو بوون هەر دانیشتن و بێ ئەوەی ڕەخت و فیشەکدانی لە خۆ بکەنەوە خەویان لێ کەووت ئەوەی لە بیرم بێ ئێمە چەند کەس بووین لەدەوری یەک من بووم کاک سالە ڕەبەتی بوو شەهید عەولای سەدیقی و کەسێکی تر بوو کە ئێستا لە ناووخۆیە ناوی ناهێنم مامۆستاو کوڕەکانی تر هێندێک لەولای ئێمەوە بوون کاک سەرگوردو ئەبوو سەقزی و هێندێک لە کوڕەکانی تر لەولا ترەوە بوون من هێشتا خەوم لێ نەکەوتبوو گوێم لێ بوو نیگابانەکە کەسێکی دەنگدا پێم وابوو خەو دەبینم بوو بە دووجار دەنگدانەکە وەخەبەرهاتم سێ کەسی دی لە لای ڕاستی ئێمەوە نووستبوون نیگابانەکە چوو بۆ لای ئەوان گوێم لێ بوو دەیکووت کاکە هەستن ئەوە نەفەری لێیە دەنگیان دەدەم جواب نادەنەوە من زوو سالەو عەولام هەستاند کووتم هەستن کورینە ئەو نیگابانە پێم وابێ نەفەری دیوە هیچیان هەڵنەستان من تەنها ڕەختەکەم لە خۆم کردبۆوە لە بن سەرم دامنابوو کەوشەکانم دانەنابوو هێندێک لە کوڕەکان پشتێندیشیان کردبۆوە یەک تا دوو خوولەکی گرت ئەم بگرەو بەردەیە تووممەز ئێمە ئەو جێگایەی لێی نووستبووین لە گەڵ ئەو نەفەرانەی نیگابان دەنگی دان هەر دوو سێ مەترمان بەین بوو کە دیتم لە پڕ لە ناکاو بیست کەس زیاتر دەبوون لە جێی خۆیان بڵند بوون و بە ڕەگباران دایان. گرتین. تەنها ئاوری لولەی تفەنگەکانیانم دەدی هێندە لە ئێمە نزیک بوو تەقەکانیان بەسەر ئێمەدا دەکرد ئارپیجیش لەسەر ئاپی جی دەهات و دەتەقیەوە هەر پێمان وابوو کۆمەڵەیە تا بوو بە اللە و اکبر. دواتر زانیمان پاسدارن من تفەنگێکی قەناسەم پێ بوو بە تەک تیر تا دەراغەکە تەواو بوو تەقەم لێ کردن و خۆم گەیاندە مامۆستاو کوڕەکان کووتم سەلامەتن تا ئەو کات هیچ خەبەر نەبوو هەموومان سەلامەت بووین تەقە زۆر توند بوو هەم زۆر نزیک بوو یەکێک لە کوڕەکان بە فارسی و بە کوردی دەیکووت ئێمە حزبی دیموکراتین درود بر دەکرات مرگ بر جمهوری اسلامی بژی پێشمەرگە و زۆر شتی تر تەقە هەتا دەهات گەرمتر دەبوو ئەسپە ڕەشەکەی مامۆستا کە زۆر ئەسپی چاک بوو مامۆستا زۆری خۆش دەویست بە ڕاستی زۆری ڕێز لەو ئەسپە دەگرت ئەسپەکەش هێندێک سەر شێت بوو تەنها. بۆ مامۆستا هیچی نەدەگووت دەنا بۆ کوڕەکانی دی کە شۆخیان لەگەڵ دەکرد لێی قەبوولْ نەدەکردن هەموو مەدرەک و فیشەکی زیادی و شتی وای لە سەر بوو ئەسپەکە کەوتبوو بە ڕاستی هەر تارمایەک بوو دیار بوو پێمان وابوو پێشمەرگەیە مامۆستا کووتی کورینە من دەچم بزانم کێیە ئێوە پشتیوانیم لێ بکەن نەمانهێشت بە تەنێ بڕوا هێندێک لە کوڕەکان. لەگەڵی ڕۆشتین کە لێی نزیک بووینەوە دیتمان ئەسپەکەیە باوەڕم پێ بکەن زۆر بە تۆندی بریندار ببو وەک ئەوەی دەچوو نەیدەویست بمرێ تا مامۆستا ببینێ و دوایین ماڵئاوای لێ بکات کە مامۆستای دی تەکانێکی زۆر بە هێزی لە خۆی دا پێی وابوو وەک جاران دەتوانێ هەستێ بەڵام بریندەکەی زۆر قوولْ بوو مامۆستا زۆر زوو بارووی لغاوو شتی وای لێ کردەوە بەڵام هەموو دەستی بوو بە خوێن وەسایلەکانمان هێناوەو مامۆستا دەستی

بەشی یەکەم

لە ملی کرد بەڵام ئەسپەکە کە مامۆستای دی بۆ ئاخرین جار بە ئیسراحەت گیانی دا. هەرگیز لە بیرم ناچێ تەقە هەر توندتر دەبوو لێمان دەدان دەکشانەوە و دەهاتنەوە بیست مەترێک لێیان دوور کەوتبوونەوە لە پشتمانەوە دۆڵێکی چکۆڵە بوو گولە نەیدەگرتەوە زۆرمان لەوێ بووین کە هاتن کووتیان کاک سەرگورد بریندارە لێمان دیار بوو کە دوو کەس چووبوونە بن دەستی. بە پێی خۆی دەهات بەرەو پیری چووین هەر دەیکووت هیچ نیە نیگەرانی من مەبن من باشم پاتۆڵەکەی هەموو خوێن بوو کاک سەرگوردیان بردە خوارێ کووتیان بابڕۆینە خوارێ هەموومان بەرەو ناو دێی "ناوە" وەڕێکەووتین کە هاتینە خوار هەمزە بوبانەیی لەسەر شاخی لە کن من بریندار بوو. کە دیتم شەهید ببوو زۆر ناڕەحەت بووم کەچاوم لێکرد پێشمەرگەیەکی دیکەش بەناوی سولەیمانی مام پیرۆت شەهید ببوو.. زۆر لە پێشمەرگەکان کەوشیان لە پێدا نەبوو هێنندە لە ناکاو لێیان داین زۆر لە کوڕەکان فریای ئەوە نەکەوتن کەوشەکانیان لە پێ بکەن ئەوانەمان نارده ناو دێ هەم کەوش وەرگرن هەم تەپکێکی لێ بوو پشت ماڵان بچن ئەوێ بگرن تا بزانین چۆن دەبێ و لە کوێ دامەزرێین و تازە دەبوو شەڕی مان و نەمانیان لەگەڵ بکەین چونکە نەماندەزانی لە کوێوە هاتوون و کوێیان گرتووە ئێمەش یەک نەفەریشمان شارەزای ناوچەکە نەبووین بە ڕاستی نەماندەزانی لە کوێین و بۆ کوێ دەچین نە دەمانزانی کوێ هێزی دوژمنی لێیە و کوێ ئازادە هەر هیچ شارەزا نەبووین تازە لەو جێگا حەساسە لە داویان خستبووین کوڕەکان کە چوونە ناو دێ ئەسپێکیان بۆ کاک سەرگورد هێنا کاک سەرگوردیان سوار کردوو لە گەڵ کاک عەبوو سەقزی. بەرەو ڕۆژ ئاوای ناوچەکە ڕۆشتن کە پێشیان چۆمێکی گەورە بوو دەبوو لێی بپەڕنەوەو دوایە شاخێکی زۆر بەرزی سەخت و پڕ دارو جەنگەڵ بوو وەسەر کەون و دوای ئەو هیچ دیار نەبوو بۆ کوێ دەڕواو دەبێتە کوێ کوڕەکانی کە چوونە ناو دێ لەوێڕا بچنە تەپکەی پشت دێ تا ئەوێ بگرن و دامەزرێین و تا جوان هەوا ڕووناک دەبێ و بەرەنگاری دوژمن ببینەوە چاومان لێیان بوو کوڕەکان کە وەسەر دەکەوتن پێش ئەوەی بگەنێ پاسداران لێیان هەستانە سەر پێ کە یەکجار زۆر بوون بە اللّه و اکبر تەقەیان لە پێشمەرگەکان کرد تەپکەکەش ڕووت بوو هیچی لێ نەبوو نە داڕێک نە بەردێک مەجبوور سەر بەرەوخوار هەڵاتنەوە ناو دێ کە دیتمان هەموو لایەکیان لێ گرتووین هەرکوێ ڕووت تێدەکرد گیرا بوو دیار بوو زۆر بە نەخشەو بەتەرحێکی وردو لە پێشدا داڕێژراو هاتبوون ئێمەی ناشارەزاش ڕوومان لە چۆمی کرد ئەو جێگایەی کاک سەرگورد پێیدا ڕۆشتن هاتین بڕۆین ماشێنی تۆپۆتا گەیشتە پشت سەرمان بە دۆشکەو کاتیۆشاو تۆپی سەدوشەش .چاومان لێی بوو کاک سەرگوردوو کاک عەبوو بە ئاودڕێکدا وەسەر دەکەوتن ئەسپەکەی کاک سەرگورد سوار ببوو ئەسپێکی سپی بوو دۆشکەو سەدو شەشەکان ئەوانیان دیبوو بە دۆشکە زۆریان تەقە لێکردن هیچ نەبوو هەر دەڕۆشتن تۆپێکی سەدوشەشیان پێوە نان زۆر لە نزیکی دان دوکەڵ و تەپ و تۆزی لە بن هەستاندن کە دیتمان هەر دەڕۆشتن زۆرمان پێ خۆش بوو ماشێنەکان لە ئێمە دوور بوون بەڵام لەوان نزیک بوون زۆر بە ئاسانی دەیاندیتن. تۆپێکی دیکەی هاویشت ڕاست لە بن ئەوانی دا لە ئێمە نەدیوو ببوون ئیتر نەمانزانی چیان لێهات پێمان وابوو خۆیان حەشار داوە لە جێگایەکی قاییم. بە دوولادا ڕۆشتین ئێمە هێندێک بریندارمان لەگەڵ بوو

بەشی یەکەم

زۆرمان ئاگا لێیان بوو وەسەر هەمان شاخ کەووتین کە. کاک سەرگوردی لێ بوو بەڵام ئاودڕێک ئەولاتر .ئاودڕ ئەو جێگاییەیە لە شاخ کە ئاوی بارانە دەیدڕێ وەک دۆڵێکی چکۆڵەی لێ دێ زۆریان تەقە لە ئێمەش کرد بەڵام. وەسەرکەوتین کە نزیک بووینەوە لە دوندی شاخەکە دیتمان خاک ڕیزی پایەگایە چوبووینە بنی هیچ نەدەکرا تازە. هەم بریندارمان پێ بوو هەم هەندێک پێشمەرگە کەوشیان لە پێدا نەبوو خوێن لە لاقیان دەچۆڕا وەزعیان زۆر خراپ بوو. وەک ساغ ئەمن بووم و کاک ساڵە ڕەبەتی کە ئەویش لاق و لەتەری خوێنی لێ دەچۆڕا. لەگەڵ ئەحمەد نەڵاسی و چەند کەسێکی دی بڕیارمان دا لێیان دەین و بڕۆین هیچ چارەیەکی دیکەمان نەبوو ئەو سێ کەسە کە چووین بزانین چۆنەو چی لێیە بە بریندارەکانمان کووت ئێمە دەچین. هەرچۆنێک بێ دەبێ. لێرە تێپەڕین بۆ ئەودیوی سەربەرەوخواڕە خۆ خلۆر دەکەینەوە هەموو کووتیان باشە وەسەر کەوتین زۆریش نیگەران بووین لەوەی دەوروبەری پایەگایان مین ڕێژ کردبێ. بەڵام هەر ڕۆشتین و سەرکەوتین بە سینە خیزوو زۆر بەبێ دەنگی کە گەیشتینە سەر سەنگەری پێشەوە لە پشت کیسە خۆڵەکانەوە کە سەرمان هەڵبڕی و چاوومان لەنێو پایەگاکە کرد کەسمان نەدی چۆڵ بوو زۆرمان پێ سەیر بوو دەتکووت تازە چۆڵ کراوە زۆرمان پێ خۆش بوو بانگی بریندارەکانمان کردو هەموویان هاتن کەمێک لەوێ دانیشتین. هێندە بڵند بوو تەواوی ناوچەکەی لێ دیار بوو دەتکووت کەلە قەندە بۆ خوارێ بە دیووی پشتەوەدا هێندە سەرەو لێژ بوو کە بۆ ئەوە نەدەبوو وولاغ پێیدا بچێتە خوارێ. سەخت و بەردەڵان و جەنگەڵێکی پڕ هێندە بڵند بوو دەتکووت لە فڕۆکەیداین چاو لە خوارێ دەکەین هەر چۆنێک بێ چووینە خوارێ دووجار تەقەیان لێ کردین نەمانزانی لە کوێڕا بوو تا گەیشتینە سەر چۆمەکە لەودیووی شاخەکەوە چۆماو چۆم دەڕۆشتین تا ئاخری پێشمەرگەیەکمان هێنابوو لەگەڵ خۆمان بریندار بوو لاقی هەتا سەر ناوکی لە گەچدا بوو زۆر زەحمەتە لەکاتی وادا بتوانی بریندارێکی لەو شێوەیە ڕزگار بکەی ناوی "ئەتاتورک" بوو هەروایان بانگ دەکرد کووتی من چیتر ناتوانم بێم و چیتر نامەوێ ئێوە ئازار بدەم سەختە کەسێکی وا لەو وەزعە تاڵەیدا لەگەڵ خۆت بگێڕی ئەوە هەر بە. قسەو بە زمان خۆشە لە چۆمەکەدا کونێمان دیتەوە دەتکووت ئەشکەوتە کووتمان وەرە بچۆ لێرەوە ئەگەر ماین و نەمردین دێینەوە بە دواتا. ناوێکی نهێنیمان بۆ دانا، لە بیرم نەماوە چی بوو کووتمان هەرکەس هات یا گوێت لە دەنگی هەر کەس بوو هەتا ئەم ناوە نهێنییەت پێ نەڵێن نەیەیتە دەرێ. کووتی تفەنگەکەم با پێبێ ئەگەر ئێوە بوون باشە ئەگەر پاسداریش هاتن تا فیشەکم پێ بێ دیفاع لە خۆم دەکەم دەنا خۆم دەکوژم بە جێمان هێشت. کەس توانای ڕۆشتنی نەمابوو هێندێکیان کە ئێستاش ماوون کووتیان ئێمە چیتر ناتوانین بە جێمان بێڵن منیش هەر دەمکووت بڕۆین باشترە لەوەی دانیشین ئاخریەکەی هەر دەگەینە جێگایەک. هەر بە دەم قسە کردن و وردە وردە ڕۆشتنەوە یەک دوو پێچی تری چۆمەکەمان بڕی تاهەموو کەووتن. لە گردێکی لای ڕاستمانەوە خەڵکێکی زۆر وەدەر کەوتن زۆرمان هەوڵ دا پەککەوتەکان نەیانبینن چونکە کووتمان ئیتر ئێرە ئاخری خەتەو دەبێ تا دوا هەناسە دیفاع بکەین. بە بڵاوی و پەرتەوازە دەهاتن نزیک بوونەوە واساغ بووینەوە هەتا نەگەنە چەند مەتریمان لێیان نەدەین ئەوان پێشتر ئێمەیان دی

بەشی یەکەم


بڵاو بوونەوە سەنگەریان گرت هاواریان کرد کێن ئێوە؟ ئێمە پێشمەرگەین ئێوە کێن ؟ تۆ کێیت و من کێم زانیمان کوڕەکانی خۆمانن مامۆستاشیان لەگەڵ بوو زۆرمان پێ خۆش بوو ئەوان زۆر نیگەرانی ئێمە بوون پێیان وابوو هیچمان نەماوین. بریندارو ئەوانەی شاردبوونمانەوە هەموویانمان کۆکردەوەو ڕۆشتین. لەوبەری چۆمی و لە نیوەی شاخەکەی ئەو بەر دوو ماڵی لێ بوو چووینە ئەوێ ئەو هەموو سەقەت و بریندارە دوو کادری هێزی ئاربابا‌و کادرێکی سازمانی خەبات پێم وابێ کاک عەلی بوو. وەک فریشتە لێمان پەیدا بوون گەورەترین خزمەتیان پێ کرین دەکرێ بڵێم ئەگەر دەڵێن فریشتە بە ڕاستی ئەوانە فریشتە بوون پەیدا بوون بۆ ئەو هەموو پێشمەرگە بریندارو پەککەوتەیە. ئەو دوو ماڵەش هەرچی لە دەستیان هات کردیان و خزمەتی پێشمەرگەیان کرد کادرەکانی کۆمیتەی شارستانی بانە کە بە نهێنی لە ناوچەدا بوون. بە داخەوە ئەمن ئێستا ناوەکانیانم لە یاد نەماوە لە گەڵ کوڕەکانی خەبات. هەرکەس لە بیری ماوە تکایە بۆم بنێرێ تا باسیان بکەم چوون بە ڕاستی ئەوانە خزمەتێکی گەورەیان کرد. هێشتا نەحەسابووینەوە کە لەپشت سەرمان بووبەتەقە ئەوەی کەمێک هێزی تێدابوو وەسەر کەووتین تا بزانین چیە ؟ سەنگەرمان گرت و بڕیارمان دا هەتا داوا هەناسەمان دیفاع بکەین٠ دیارە لەوێ زانیم تەنها نزیک بە ٣٠ فیشەکی قەناسەم پێماوە. مامۆستاش لە من خراپتر چەند فیشەکێکی کلاشینکۆفی پێمابو. پاش ماوەیەک زانیمان کوڕەکانی سازمانی خەبات بوون لە هێزێکی دوژمنیان داوە کە دەیانەویست بێن و پشتیشمان لێ بگرن بەڵام چاکیان لێدابوون و پاشەکشەیان پێ کردبوون. ئێمەش کەزانیمان وایە شاخەکەمان چۆلکردوو هاتینەوە لای بریندارەکان. لەوێ بووین بە دوو دەستە هەرچی نەیدەتوانی جودامان کردنەوەو یەکێک لە کادرەکانی بانە لەگەڵیان بوو تا لە جادەی قیربیانپەڕێننەوەو بیانگەیەنێتە ناوچەی ئازادو ئەمن. باقی کوڕەکان لەگەڵ مامۆستا گەڕاینەوە بۆ جێگای شەڕەکە. دوژمن هێشتا لە ناوچەکە بوو تازە خەریک بوو پاشەکشەی دەکرد. گەیشتینە گوندی" ووشترمل " لەوێ خەڵکەکە بەرەو پیرمان هاتن کووتیان هەر پێش ئەوەی ئێوە بێن ئێرە جاش و پاسداری لێ بوو. پێشمەرگەیەک لێرە بوو پشتی کۆم بوو ژن و مێردێکی دووکاندار بوون دەیانگێڕاوە کووتی زۆرمان پێ کووت تفەنگەکەت دانێ بڕۆ ژوورەوە کەس ناتناسێ با نەتگرن. کووتی بریندارێش بوو پشتی بریندار بوو ژنەکە کووتی نازانم بە کوێدا گەیشتنە سەری هەر هاواری دەکرد دەیکووت بژی دیموکرات و هەر جنێوی پێدەدان. هێندەی خوێن لەبەر ڕۆیبوو هێزی تێدا نەمابوو. جاشەکان هاتن گرتیان زۆریشیان لێدا عەجەمەکە نەیدەهێشت لێی دەن کەچی جاشەکان دەستیان لێ هەڵنەدەگرت .لە پشتی ماشێنیان هاویشت هەر جنێوی دەدا. هاتنە ژووری دووکانێ هەرچی پێیان خۆش بوو خواردیان و گیرفانانیان لێ پڕ کردوو لێیاندا ڕۆشتن. پێم وابێ هەستی ئێوەیان کرد بۆیە هەر بە هەڵاتن ڕۆشتن .لەوێڕا لە بیرم نیە بە ماشێن ڕۆشتین بۆ گوندی ناوە یا بە تراکتۆر باشم لە بیر نەماوە. کە چووینە گوندی "ناوە" شێخی ناوە و هەموو خەڵکی دێ هاتن بە پیرمانەوە .شێخ هەر زوو دەستووری دابوو بە خەڵکی ئاوایی کە هێندێک قەبر هەڵکەنن بۆ شەهیدەکان. نان و چێشتیان حازر کردبوو کووتی زانیم دەگەڕێنەوە بۆ شەهیدەکان زۆر بە پەلە ڕۆشتین تا بزانین نەوەکوو کاک سەرگوردو کاک عەبوو برێندار بن .

بەشی یەکەم

زۆریان لێ گەڕاین تەواوی ئەو ناوچەیە گەڕاین هیچمان نەدیت زۆر ناڕەحەت بووین هیچ کەس حەوسەلەی قسەکردنیشی نەبوو. تەنها چاوەڕێ و گوێ بیستی ئەوە بووین یەکێک لە پێشمەرگەکان بڵێ ئەوەتان. هیچ سۆراغێکیان نەبوو. ئومیدێک لە دڵمان گەڕا کە بەڵکوو مابن. چووینەوەبۆ ناو دێ شێخ کووتی من خۆم پیاو دەنێرم بەردی بەردی ئەو جێگایە بگەڕێن بەڵام ئێوە هەرچی زووترە برۆن لێرە. فەرماندەکەیان تا ئێوارە لێرە بوو دەیکووت زەربەی باشمان لێداوون ئەم شەویش بۆیان دێینەوە ئەوانە نابەڵەدی ئێرە بوون. پیاوی چاک بن برۆن شەهیدەکان ناوو نیشانی خۆیانمان نووسین و لە نایلۆندا لە بن سەریانمان دانان و بە شێخ و خەڵکی ناوەمان ئەسپاردن. ناوی شەهیدەکان بە دەقیقی لە بەر دەستم نیە ئێستا،، وەریدەگرم و دەینووسم بە تەواوی گەڕاینەوەو هەموو هاتین کووتیان جادە هەموو کەمینە دەستەی کەمین شکێن. چوونە سەر جادە هیچ خەبەر نەبوو پەڕاندیانینەوە بۆ ناوچەی ئازاد. دوایە شێخ جەنازەکانیان دیبوونەوە بە ڕێزەوە بە خاکیان ئەسپاردبوون.

هەزاران سڵاو بۆ ڕۆحی پاکی ئەو شەهیدانەو هەموو شەهیدانی کوردستان. بژی پێشمەرگە،، ئەم یادو بیرەوەریانە دریژەیان هەیە. لاوەکان تازەپێگەیشتووەکان پێویستە لەسەرتان ئێوە میژووی پێش خۆتان لەخەبات و تێکۆشانی باب و براو باپیرانتان بزانن بۆ ئەوەی لەداهاتودا دەرس و ئەزموونی لێوەرگرن چونکە داهاتووی ئەم کوردستانە هەر بۆ ئێوەیەو هەر ئێوەن پیاوانی سیاسی و فەرماندەران و قارەمانانی دواڕۆژی ئەم کوردستانە.

تەها کرمانج پێنجەمین شەهیدی بنەماڵەی کرمانج...



لە ٢٥ی بەفرانباری ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی،، لە شاری چڕۆم لە تورکیا بە دەست تیرۆریستە پیاوکوژەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا. پێویستە بڵێم هاوڕێ و زاوای شەهید تەها کاک سولەیمان سەعیدی فەرماندەری پێشوی هێزی بەیان لەگەڵ شەهید تەها پێکەوە دەبن. بەڵام خۆشبەختانە کاک سولەیمان ڕزگاری دەبێ. ڕۆحت شادو یادو یادگارەکانت هەمیشە زیندوو. با تەها قەت لە بیر نەکەین.

– تەها کورد بوو وەک کوردێکی ئاشق بە کورد بە کوردستان ئاشق بە خاک بە نیشتمان ئاشقێک بوو. سەر شێتانە بە ڕێبازی بۆ ئەو یەک بوو ڕۆژهەڵات باشوور ڕۆژئاوا باکوور وەکوو نانّی بۆ حەبیبەو بۆ شارەزوور یادت دەکەم یادتت بەخێر لە جیات هەموو دۆستانی تۆ وێکڕا دەڵێین ڕێت بەرنادەین ڕۆحت شادو یادتت بەخێر.

بەشی یەکەم

فەرماندەکەم



پێشمەرگایەتی و فەرماندەیی هونەرێکی ئەفسوناوی و ئاشقانەیە.
لە کوێ زوڵم و ستەم هەبێت پێشمەرگەی لێ پەیدا دەبێت یا هاوشێوەیەک وەک پێشمەرگە


هەژار

ملوانکەیەک بوو لە ملی قەندیل
گوارەیەک بوو لە گوێی هەڵگورد
دیاریەک بوو لە شێوەی گوڵ
وەک مرواری
دیاریەک بوو ڕەنگ پیاوانە پێشمەرگانە
هێمایەک بوو لە ڕەوشت، ئەدەب، ئازایەتی، کە درابوو لە سنگی کوردستان
ئەو نیشانەو سێرەی چەکی دەستی پێشمەرگە بوو
کاتێ سێرەی ڕوو لە سنگی دوژمن دەکرد

بەشی یەکەم

ئەو دەیزانی و گوێڕایەڵ بوو
کەم قسەی دەکرد
هەموو جارێک دەیکوت
نان و کەشک و ئەشکەوتەکە و بڕنۆی وەسەت
کاری دوایی ئێمە دەبێ
ئەم گەوهەرە زوو خامۆش بوو
بەڵام شەوق و گرشەی وەک بروسکە
کرا بە مرواری سەر ئەنگوستیلەی
دەستی. ڕاستی گشت پێشمەرگە
تا بدرەوشێ
هەموو ڕۆژێ
بۆ نەوەی کورد
کاتی سڵاوی ڕەسمی بۆ ئاڵای کورد
بۆ کوردستان.

کاک جەلیل باشتر بناسین. با نەبێتە درۆی پاش مردوو...



بۆ مێژوو باسی دەکەم. من ئەو کات لە بەغداد کادر بووم کاک فەتاح کاویان بەرپرسی بەغداد بوو. مخابرات پێیان کوتم کاک جەلیل ئاگادار بکە بۆ سەردانێکی ئێمە بێتە بەغدا. کاک جەلیل ئەوکات سکرتێری حزب بوو. دوای ئاگادار کردنەوە. چوم کاک جەلیلم هێنا بۆ بەغدا. لە ڕێگا کوتم کاک جەلیل پێم وابێ بەرپرسی مخابرات گۆڕاوە. کەسێکی تازەیان داناوە دەڵێن خزمی سەدامە. دەبێ هەرچی هەبێ لەو پەیوەندیدا بێت. کە ڕۆژی چاوپێکەوتنەکە دیاری کرا. تەلەفونیان کرد کە ئێمە تا سەعاتێکی دیکە دێین. کە هاتن هەر سێ کەس بوون. بە خێرهاتنمان کردن و. خۆی ناساند کە من فلانە کەسم و بەرپرسی تازەی مخابراتی عیراقم. دەی کوتمان زۆر پیرۆزەو موبارەکە. زۆر سەریع و زۆر کورت و موختەسەر قسەی دەکرد. یەکەم پرسیاری کوتی وەزعی حزبەکەتان لە کوردستان چۆنە کە ئێستا ئێران لە شمال بە قەولی خۆیان بالادەستە؟؟. کاک جەلیل کوتی وەزعمان باش نیە لە هیچ بارێکەوە. نە لە باری مالّی و نە لە باری چەک و چۆلەوە. کوتی پێم ناخۆشە کابرایەکی لەگەڵ بوو هەر دەینووسی. کوتی خەبەرم هەیە بە ساروخ لێیان داوون چەند جاران. کاک جەلیل کووتی بەڵێ ڕاستە تا ئێستا چوار جار بە مووشەکی دوور هاوێژ بۆمبارانیان کردووین. ئەویش کووتی دە باشە ئێوەش بۆ بە ساروخ لێیان نادەنەوە؟؟؟؟. کاک جەلیل چاوێکی لە من و کاک فەتاح کرد کوتی کوڕینە ئەو برادەرە زۆر لە مەرحەلە پەرتە. ئەوە دەڵێ چی؟؟. کاک جەلیل کوتی شۆڕش گیان ئەو برادەرە چاک حاڵی کە ئێمە چەکی هەرە قورسمان ئارپی جیە تۆ باسی چ دەکەی. ئێمە ئەگەر ئێستا بێنە سەرمان پێشمەرگەکانمان ئەوەندە فیشەکەیان پێ نییە تا دیفاعی تەواو لە خۆمان بکەین

بەشی یەکەم

تۆ باسی مووشەکم بۆ دەکەی؟؟. ئێمە فیشەک و تفەنگ و هەموو شتێک بۆ خۆمان دەکرین لە بازاری ڕەش. زۆرم پێ سەیرە تۆ ئاگاداری ئەم وەزعە نیت. خێرا. فەرمانی کرد بۆیان بنووسە. فیشەک. تفەنگ دەمانچە زۆر شتی دیکە. دوای قسەو باسێکی زۆر. کوتی کاک جەلیل دەکرێ جار جار لە هەڵوێست و دەنگ و باسی هەولێرو سلیمانی ئاگادارمان بکەیتەوە؟؟؟. کاک جەلیل زۆر تورە بوو بەم قسەیە دەموچاوی بەتەواوی تورەبوونی پێوە دیار بوو.. سور هەڵگەڕابوو. کاک جەلیل لێرەڕا بناسن،، بزانن کاک جەلیل کێیە،، بزانن تاقە یادگاری پێشەوا قازی محەمەد کێیە،، هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەو بوێرانەی ببینن،، سەری بەرزی،، سەربەرزێکی دیموکرات ببینن،، چاوی سوور بۆوەی هەڵوێەکی شاخە بەرزەکانی کوردستان لە بەغدای عەرەبان ببینن،، هەستی دڵسۆزانەو کوردپەروەرانەی سەرۆک حزبێکی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات ببینن.. هەموومان چاومان بڕیبووە کاک جەلیل دڵم وەک دەهۆڵ دەنگی دەهات. نەفەسەکان قەتیس مابوون و چاوەکان ئەبڵەق. چاوێکی لە من کرد کووتی مامە گیان ئەو برادەرەم زۆر چاک بۆ حاڵی بکە. ڕووی لە بەرپرسی موخابەرات کردوو زۆر مەحکەم و زۆر بوێرانە پێی کووت، ئەوەڵەن ئێوە بۆخۆتان هەزاران کەسی لەو شێوەیەتان لە کوردستان هەیە. دووەمەن ئێمە حزبێکی سیاسی و شۆڕشگێڕین. سێهەم. ئێمە لەگەڵ حکومەتەکەی جەنابتان قەراردادی سیاسی و پەوەندی دوو لایەنەمان هەیە. هەروەها هەرگیز ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ئێوە لە سەر ئەو مەسایلە پڕو پوچانە نەبووە. ئاخرین جوابیشم ئەوەیە ئەگەر جارێکی دیکە ئەو مەسایلانە بێننە گۆڕێ لەگەڵ ئێمە بێ ئەم لاو ئەو لا بنکەکانمان لە عێراق دەگوێزینەوە بۆ شوێنێکی تر. وەهیچ پەیوەندیەکی سیاسیمان پێکەوە نامێنێ. ئێستا وەڵام لە لای ئێوەیە. کووتی نا. نا. من وام نەکووت کە تۆ ناڕەحەت بی من تەنها پرسیارێ بوو کردم .هەزار پێچ و پەناو عوزری دێناوە بەڵام کاک جەلیل هەر سوور بوو لە سەر قسەکانی خۆی. دوای ئەو قسەیە زۆر ڕوومان نەدانێ. ئەوانیش هەرچی قەولیان پێ دابووین لە فیشەک و تفەنگ و دەمانچەو مووهیمات. هیچ خەبەرێک نەبوو چاومان بە یەک فیشەکیش نەکەوت. هەستان ڕۆشتن. کاک جەلیل کووتی شۆڕش چۆنم لە دمی دا. کوتم وەڵا کاک جەلیل نەتکووشت بەڵام تەرخی دۆڵێت پێ کردن. تێر پێکەنین.

بەشی یەکەم

گرتنی پایەگای ئەمیرئاباد



ئەم بیرەوەریە بە هاوکاری هاوڕێیانی ئەوکاتم نووسیوە کە بۆخۆیان لەگەڵ بوون لەم عەمەلیاتەدا بە دوای شەهید بوونی کاک هەژار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەری هێزی پێشەوا زۆر لە فکری عەمەلیاتێکی گەورە بووین تا بە دوژمن پیشان بدەین. کە وەی بەرزی پێشمەرگە چەند بەهێزو بەهێزتر بووە چونکە دوای شەهید بوونی کاک هەژار. دوژمن جار جار. هێندێک دمی دێنا پێش بۆیە دوای پرس و ڕا وەرگرتن لە فەرماندەو بەرپرسەکانی پێشمەرگە ساغ بووینەوە کە هێرشێکی گەورە بکەینە سەر پایەگاکانی دوژمن کە پێکهاتبوون لە پایەگای ئەمیرئابادو دیدەبانەکان و پایەگاکانی دەوروبەری لە چەند کیلۆمەتری شاری میاندواو دوای شوناسایی لە لایەن فەرماندەران هەروەها بەشی خومپارە هاوێژی هێزی پێشەوا کاک عزەت پیرانی کە کاری شوناسایی تەواو بوو بەرنامەی کار داڕێژرا لە لایەن فەرماندەری هێز کە ئەوکات کاک کەریم خاڵدار بوو هەروەها فەرماندە لکەکان و سەرپەلەکان بەشدار بووانی ئەم عەمەلیاتە پێشمەرگەکانی لکی یەک لکی دوو پەلەکانی. شەهیدان و پەلی حاجی برایم ڕۆستەمی لکی سێ. پەلی خوێنی کوردستان وپەلی هەڵۆ لە ئەرکانی هێز لەم کۆبوونەوەدا شەهید عەلی قازی بە بۆنەی سالڕۆژی لەدایک بوونی شێعرێکی خوێندەوە ڕۆژی عەمەلیات دیاری کرا. چۆنیەتی دابەش بوون گرتنی پایەگا هەروەک چاوەڕوان دەکرا بە ئێمە ئەسپێردرا وەک پەلی شاهۆ لەگەڵ هەڵبژاردنی چەند پێشمەرگەی تر لە پەلەکانی تر بۆ پایەگای ئەسڵی کاک کەریم و پێشمەرگەکانی پەلەکانی تر بۆ پایەگاکانی تر لەگەڵ دەستەی کەمین و. بەشی خومپارە هاوێژ بۆ پێگەی دوژمن لە نزیک ئاوایی بادام هەموو ئەمانە حازرو ئامادە کران و هاتینە گوندی تالاو تا ڕۆشتنمان بۆ عەمەلیات لەم گوندە بووین ڕێکەووتی ٢٦ - ١٢ - ١٣٦٠. بوو کە پایەگایان دا بە

بەشی یەکەم

ئێمە بیگرین من لەگەڵ جەعفەری گوشواره کە فەرماندەری ئەو عەمەلیاتە بوو هەروەها کەماڵ سمایلزادە پێش ئەوەی وەرێبکەوین کۆبوونەوەیەکی سێبەسێمان کرد کووتم مادام پایەگا بە ئێمە دراوە من پێم باشە شێوەی چوونە سەر پایەگا بگۆڕین کووتیان چۆن؟؟. چۆنی بگۆڕین؟؟ قەرار وابوو بیکەینە سێ دەستە بۆ وەسەر کەووتن هەر دەستەی بەرپرسێکی هەبێ کووتم. با سێ دەستە نەبێ. تەنها یەک دەستە بین بە پانەوە بە لایەکدا بۆیان سەردەکەووین ئێمە لە پایەگاکانی پێشوو زۆرمان زەرەر کردووە زۆر جار گوولەی پێشمەرگە. لە پێشمەرگەی لایەکەی دی کەووتووەو شەهیدی کردووە ئێستاش ئەگەر وانەکەین دیسان وامان لێ بەسەر دێ دروستەکەشی هەروا بوو. بۆیە بڕیاردرا بە لایەکدا وەسەر کەووین و لایەکیان بۆ چۆل بکەین تا لەخوارەوە بکەونە کەمینی پێشمەرگەکان کاتی هەڵاتنی پاسدارەکان لە پایەگا ناوی نەێنی شەو دانراو. سەعاتی سفر دیاری کرا بۆ لێدان قەراری لێدان و یەکەم تەقەی ئارپێجی ئێمە بووین لە سەری سەعاتی یەکی شەو وەرێکەووتین ئەوەی لەبیرم مابێ پەلی شاهۆ هەموومان بووین لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دیکە. شەهید سەید تەها ئیسماعیلی شەهید عومەر شایلە خالید وەنەوشە شەریف بالەکی بوو .چەند کەسێکی دی بوون. تا گەیشتینە بن پایەگا دوژمن هەستی نەکردبووین بە یەک خەت بۆیان وەسەرکەووتین بە شێوەی نیوە بازنەیی کە هەموومان ئاگامان لە یەک بوو قەرار بوو جەعفەر لێیدا یەکەم کەس. دوایە خۆمان لە پایەگا باوێین سیمی خاردار بڕدرابوون رێگا کرابۆوە بۆ هێرش کردن بۆ هەموو پێشمەرگەکان ئەمن و جەعفەر دوو جار تا ئەوسەری پایەگا ڕۆشتین و گەڕاینەوە تا بزانێ هەموو ئامادەن هیچ رێگریەک نیە بۆ لێدان مابووی بۆ سەری سەعاتی سفر گوێم لێ بوو عەلی قازی بە سالە قەڵەوی دەکووت منداڵی خەڵکی ڕۆژی لەدایک بوونی کیکی بۆ دادەنێن و شەمعی بۆ هەڵدەکەن ئەمنیش چاوەڕوانی گرمەو شریخەی ئارپێجیم بیتەقێنن سالەش دەیکووت وەڵا من نازانم. ئێستاش دایکم نازانێ کەنگێ لە دایک بووم منیش کووتم ئەرێ بابە ئەوە وەختی ئەو باسەیە بێ دەنگ بن لە دەقیقەو سانیەدا بوو. هێندە ئامادە بووین. دەتکووت فەنەرمان لە بن لاقییدایە هەموو ئامادەو پەنجە لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگی تۆڵە زامنی تفەنگەکان ترازابوون و لە سەر ڕەگباری باراندنی ڕەق و تۆڵەی کوردانە بوو ئێستا هەموو ئەوانەی لە پایەگادا بوون بێ خەبەر بوون لەوەی دوا ساتەکانی ژیانی داگیرکەریان بەسەر دەبەن و مەرگ و نەمان. پێشمەرگەی کورد تەنها چەند مەترێک لێیان دوورە ڕۆڵەی ئازا پێشمەرگەو فەرماندەی عەمەلیاتە قورسەکان جەعفەری گوشواره وەک شێر نەڕاندی و گرمەی لە پایەگا هەستاندو کووتی. هەزاران جار ئەوەی کووتی لە گوێمدا هەر دەزرنگێتەوە هاوارێکە هاوارێک بوو هەتا ئێستاش لەگەڵی دەژیم و هەتا دەشمرم هەر لە گوێمدا دەزرنگێتەوە کووتی دا لێیان دەن دا بتانبینم لە دمیان دەن کەلەی سەریان پێبکەن نەوی بژی پێشمەرگە بژی دیموکرات لەبەر قرچەی کلاشینکۆفی پێشمەرگە لەبەر گرمەی نارنجۆک و لە بەر نرکەی پیاوانەی پێشمەرگە کوا دوژمن خۆی پێ ڕادەگیرێ هیچ ترسی ئەوەمان نەبوو گولەی خۆمان پێشمەرگە بگرێتەوە لای ئێمە دیار بوو لای دوژمنیش دیار بوو هەرچی لە پێشمان بوو دەمانکووشت پایەگامان بە سەردا وێران کردن پێشمەرگەیەکمان لە کاتی هێرشدا بۆ بەدبەختی ڕاست لە چاڵی دەستشویی

بەشی یەکەم

پایەگا دەکەوێت و ئەویش بۆ خۆی بەزمێکی تایبەتی خۆی هەبوو کەس نەیدەوێرا لێی نزیک بێتەوە هاوار هاوارو پاڕانەوەی هەمیشەیی پاسداران وەک دەنگی تەقە دەهات دیسان ئەوی خۆی بەدەستەوەدا نەمانکوشتن ناو پایەگا پاسداری زۆر تێدا بوو ماشێنی زۆر لێ بوو سەنگەرەکانیان قاییم بوو بەڵام هیچ دەرفەتێکمان پێنەدان و لە ماوەی. پازدە تا بیست دەقیقەدا دەستمان بەسەر تەواوی پایەگادا گرت کەلاکێکی زۆر کەووتبوو کوڕەکان کەووتنە کۆکردنەوەی دەسکەووتەکان ماشێنێکی ئایفای لێ بوو جیبێکی سەدوشەشی لێ بوو جیبێکی هەڵگری مووشەکی تاوی لێ بوو مووشەکی سام حەوتی لێ بوو خومپارەی لێ بوو هەموو دەستکەووتەکانمان خێرا لە ماشێنەکان داویشت تفەنگێکی زۆر فیشەک و موهیماتێکی زۆر تەواوی گوولە تۆپەکان و خومپارەکان و مووشەکەکانمان هێنا کووتیان شەریف باڵەکی بریندارە هێنایان لە پشتی ئایفایەکەیان هاویشت هەر هاواری دەکردد دەیکووت کوا پۆتینەکان لە باوەشیدا بوو تونڈ تونڈ گرتبوی کووتمان ئەوەتا بە خۆتە عەجەب قارەمانێک بوو شەریف هیوای ساغ و سڵامەتی بۆ دەخوازم پایەگا بە تەواوی گیرا خەریکی خۆ کۆکردنەوەو بەسەر کردنەوەی پێشمەرگەکان بووین دەنگی چەند تەقەیەک هات چاوەڕوان نەکراو بوو چونکە پایەگا هەمووی گیرابوو کوڕەکان. هەڵوێستەیەکیان کردوو جەعفەر کووتی ئەوە. ئەو تەقەیە چ بوو؟؟ کوڕەکان کووتیان لەو لایە بوو جەعفەر بۆخۆی چوو کووتی وەرن لێرەدایە کەسێک مابوو چووبوو لە تانکیەکی ئاوی سەربازییەوە جەعفەر لە پشتەوە بۆی چوو نارنجۆکێکی تێ هاویشت و بێدەنگی کرد ئێمە ئاگامان لە کوڕەکانی دیکە نەبوو کە ئەو پایەگایانەی بۆی سەرکەووتبوون گرتوویانە یا. نا. بەڵام دوژمن کە زانی ئەم پایەگایە گیراوە بە تۆپ و خومپارە ئێمەیان. خومپارەباران کرد زۆر بە خەستی لێیان دەداین بە داخەوە لەو خومپارە بارانەدا خومپارەیەک لە نێوان پێشمەرگەکانی لای خوارەوە دەکەوێت و عەلی قازی شەهید دەبێ و خالید وەنەوشەش بە تۆندی بریندار دەبێ کە پێمان وابوو نەماوەو شەهید بووە هەموانمان لە پشتی ئایفاکە هاویشتن هەموومان گەڕاینەوەو پایەگامان چۆل کرد هەموو گیانمان خوێن و خاک بوو تەپ و تۆزاوی و ماندوو سەرکەووت و سەربەرز بەڵام کوا هەموو ئەوانە دەبووە قەترەیەک لە خوێنی شەهید عەلی؟ هەرگیز دوا قسەکانی عەلی و ساڵەم لە بیر ناچێ پێویستە بڵێم. پایەگاکانی دی نەگیران چاکیان لێدابوون بەڵام بۆیان نەگیرا بوون دەستەی خومپارە هاوێژی خۆشمان بە خومپارە لەو پایەگایەنەیان دابوو هەروەها چەند گوولەیەکیشیان لە پۆلیسی رێگای میاندواو دابوو کە پاسداری تێدابوو کوژراوی دوژمن هێندە زۆر بوو هەر ڕەشیان دەکردەوە هەشت کەسیشیان بە دیل گیران کە دوانیان وەزعیان زۆر خراپ بوو یەک لە دیلەکان قسەم لەگەڵ دەکرد باسی وەزعی ڕۆحیەیانم لێ پرسی کووتی نالێم ئێستا من دیلم بۆیە وا دەڵێم بەڵام هەرکات ناوی پێشمەرگە دەهات هیچمان ڕۆحمان پێ نەدەما ناوی پێشمەرگە زۆر بە سام و دڵ خورپێنە ئەوەی بۆم باس کردن بە چاوی خۆم دیومە ئەم سەروەریانە دریژەی هەیە لە هێرش بۆ سەر پایەگای دووەم بە داخەوە لەوێش پێشمەرگەیەکی قارەمان شەهید بوو بە ناوی سولەیمان قادری خەڵکی گوندی گۆلێی شاروێران دوای دوو سێ ڕۆژ کە ڕادیۆ دەنگی کوردستان هەوالەکەی خوێندەوەو ڕۆژێک پێشتریش سەرنجی بۆ لێدا بوو کاک ئەحمەدی شێربەگی زۆر بە حەماسەوە

بەشی یەکەم

ئەو عەمەلیاتەی خوێندەوە کوڕەکان هەموومان دانیشتبووین گوێمان دابویە هەواڵەکە لە پڕێکدا جەعفەر دەستی بە گریان کرد کووتمان جەعفەر بۆ دەگری چ بووە؟؟؟ کووتی بە ڕاستی ئێمە ئاوامانکرد کە ڕادیۆ باسی دەکا کووتمان ئەرێوەڵا لەوەش خراپتر بوو هێشتا هەمووی نەکووتوە کووتی ئەگەروایە خوێنی عەلی بە فیڕۆ نەچووە جا بە ڕاستی وابوو نەماندەزانی چمانکردوە تا دوایە لە هەموو عەمەلیاتەکان وابوو. ڕۆحی عەلی و سولەیمان شاد بێ پێویستە سوپاسی ئەم بەڕێزانە بکەم کە هاوکاری و هاو فکریان کردووم کاک کەریم خانّدار کاک خالید وەنەوشە کاک عزەت پیرانی داوای لێبوردن لەو کەسانە دەکەم ئەگەر ناویانم لە بیر نەمابێ.

بەشی یەکەم

پەلی شاهۆ



زستانی ساڵی ١٣٦٠ بنکەی ئێمە "پەلی شاهۆ" لە گوندی " شیلاناوێ بوو.. ئەو زستانە هەر لە سەرەتاوە دیار بوو ساڵێکی سەخت و سارد دەبێ... زۆر زوو شاخەکان و بەرزاییەکانی ناوچەکە لە "مەهاباد" بەفر داپۆشی و بەرگی تازەو جوانی سپی بە سەردادان.. ئەو ساڵە بە هەموو پێوەرێک و تەحلیل و بۆچوونی سیاسییەکانی ناوخۆو دەرەوە، وایان دانابوو ڕژیم ئەم زستانە بڕوخێ. لە کوردستان هێزەکانی ڕژیم هیچ وەرەو ڕۆحییەی شەڕیان نەمابو لەگەڵ پێشمەرگەکانی کوردستان.. لە ناوخۆدا هێشتا مجاهدین لەناو شارەکاندا مابوون. شەڕی ئێران و عێراق دەستی پێکردبوو..هەموو دنیا پشتیوانیان لە عێراق دەکرد..سەدام یەک دوو شاری لە ئێران گرتبوو.. هیچ ولاتێک بە ئاشکرا یارمەتی ئێرانیان نەدەدا.. نەوتیان بە قاچاغ لێدەکڕی.. تەک و تەنها تەریک مابۆوە. پێشمەرگە هەموو ڕۆژێ زەربەی زۆر گەورەی لە پەیکەری ڕژیم دەدا.. ڕۆژ نەبوو لە کوردستانەوە بە دەیان و سەدان کۆڕاوو بریندارى شەری داسەپاو بەسەر کوردستاندا نەچێتەوە بۆ شارەکانی ئێران.. هەرچەندە کوردستان لەژێر گەمارۆی سەختی ڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێراندا بوو.. بەڵام کوردستان بە هۆی تێکەڵاوی لەگەڵ برایانیان لە باشوورو لە باکوور هەرگیز توشی گرانی و برسیەتی نەدەبوو.. بەڵام دیسان نیگەرانی بە ناوچاوانی خەڵکەوە دیار بوو..... ئێمە وەک پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا. ساڵ درەنگ ببوو، بەفرێکی زۆر خستبوی بەڵام هێشتا کۆمیتەی شارستان و هێز ئاردو خاروبارییان بۆ پێشمەرگەکان و بنکەکان دابین نەکردبوو.. هەر دەیانکووت ئەم حەفتەیە نا حەفتەکەی تر ئەمڕۆ نا سبەی ڕژیم دەڕوخێ و دەچینەوە ناو شارەکان، بۆیە جارێ پێویست ناکات ئەو هەموو خاروبارە بکڕین، با ماوەیەکی تر ڕاوەستین بزانین چۆن دەبێ.. ئێمە وەک پەلی شاهۆ بۆ خۆمان خاروباری خۆمان دابین کردبوو. کاک حەسەن شەرەفی نامەیەکی ناردبوو دوو ڕۆژی پێ چووبوو هەتا گەیشتە دەستی من.. لەبەر زۆری بەفرو گیرانی

بەشی یەکەم

ڕێگاکـان.. نووسـیبووی داوات لێـدەکەم کە بچـی بـۆ گونـدی " ئوزنـدەرە " لەوێ مەراسـیمی دووی ڕێبەنـدان دەگـرن. وەک پێشمەرگە پەیامتان هەبێ بۆ جەژنەکەو وتارێک پێشکەش بکە، وەک یاریـدەدەر کێت پێ باشە لە کوڕەکـان بـا لەگەڵتـا بێت.. ئەوکات پێم وابێ سۆفی سەید سەنعان سەرپەلمان بوو.. کۆبونەوەیەکی چکۆلەمان گـرت و زۆریـان لە کوڕەکـان پێیـان خۆش بوو بێن. بەڵام بەیانی کە دیتیان هێندەی تر بەفر بـاریوە.. هەموویـان پەشیمان بـوونەوەو نەهـاتن تەنهـا "مەنسوور ئەمیری" کووتی من دێم لەگەڵت. ئەگەر زۆرم نەکـوتبێ پـێم وابـێ زیـاتر لە دوو مەتـر بـاریبوو. وڵات یەکسـەرە سپی پۆشی بوو. نێوانی "شیلاناوێ بۆ ئوزندەرێ "لە کاتی وشکانیدا سەعاتێک و چەند دەقیقەیەک دەبوو بەڵام نەماندەزانی بەو بەفـرە بە چەند سەعاتـان دەگەینێ.. خۆمان زۆر باش داپێچا.. لە جیاتی کڵاشینکۆف. چەکـی پەڕەشـووتمان بـرد لەگەڵ خۆمـان بە نیشـانەی پێشمەرگە دێرینەکـانی دەورانـی کۆمـاری کوردسـتان. منیش وتـارێکم ئامـادە کردبـوو هەر لە ڕاسـای دروست بـوونی کۆمارو دەستکەوتەکانی کۆمارو وەزعیەت و نەبوونی ئیمکانـاتی پێویست و ئەو کارە باشـانەی لە کـاتی یـازدە مانگ تەمەنـی کۆماردا ئەنجامدران. لەگەڵ پەیامی پیرۆزبایی پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا.. بەیانی کە هاتین وەڕێکەووتین.. ئاسمانێکی سـاف و شین تـاو هـاڵاتبوو. ئەو نـاوچەیە یەکپـارچە دەتکـووت زیـوە دەدرەوشێتەوە لەبەر تیشکی هەتـاو. کوڕەکـان زۆر بە نیگەرانییەوە ماڵئاوایـان لێکردین. هەر دەیانگوت ئەگەر نەتـانتوانی بڕۆن. یـا گیرتـان کـرد تەقە بکەن دەگەینە سەرتـان.. هەتـا لە نـاو دێ دەرچـووین زۆر بـاش بـوو، کە دوور کەووتیـنەوەو کەوتیـنە نێـوان "کۆنەدێ و شیلاناوێ" بەفـر لە سـەر سینگمان بوو. دەبوو لێیدەین و بیبڕین هەنگاو دوای هەنگاو شلتر دەبووین و بێ هێزتر دەبـووین. بـاش بـوو هەنـدێک نـان و پێخۆرمان لەگەڵ خۆمان هەڵگرتبـوو. بەفـرەکە ئەوەنـدە زۆر بـوو هەر بە پێـوە دادەنیشـتین . جارێـک من وەپێش دەکەووتم بەفرەکەم دەبڕی بۆ چەند مەتـرێـک، جارێـک مەنسـوور وە پـێش دەکەووت.. بەیـن بەینـیش دادەنیشـتین سیگارێکمان دەکێشـا. زۆرمان نەمابوو بگەینە گوندی "کۆنەدێ" ماندوو بووبوین بەڵام وەمان بەرنەدا بوو. دارێک کە هەر سەری دارەکە دیـار بـوو. باقی دیکەی بەفـر داپۆشی بـوو.. چەنـد چـۆلەکەیەکی بەسـەرەوە بـوون .. مەنسـوور کـووتی بـا نیشـانەیەک داکەیـن بـزانین کامەمان دەستمان ڕاست تـرە.. کووتم فەرموو ..کـووتی بـا فیشـەکێک بەو چۆلەکـانەوە بنێـین. خـۆ هیچیتـر دیـار نیە بیکەینـە نیشانە.. کووتی تۆ بیهاوێ لە پێشدا.. منیش فیشـەکێکم وەبەر پەڕەشووتی دا داو بە کەیفی خـۆم سێـرەم لە چـۆلەکەیەک گـرت و تەقـاندم. پـرتەی کـردو نەتەقـی.. مەنسـوور پـێم پێکەنـی، منیش لـوولەکەیم لە حەوا کربـوو. مەنسـووریش سێـرەی گـرتبـوو هێشـتا نەیتەقـاندبوو.. کە لە هیچ و بـێ ئەوەی دەسـتی لـێ بـدەم تفەنگەکەی من زرمەی کـردو تەقـی. مەنسـوور هەڵبەزییەوە کووتی من نەبووم. تۆ بووی؟ کووتم وەڵا تفەنگەکەی من بـوو لە خـۆڕا تەقەی کـرد مەنسـووریش پێیـدا هێنـاو هی ئەویش دەری نەکرد.. ئەو جار من بە مەنسوور پێدەکەنیم.. ئێستا هـی من باشـتر بـوو تەقـاندی بەڵام هـی ئەو هیچ.. چەنـد چرکەیەک دواتـر ئەگەر لە پـڕ هـی ئەویـش زرمەی کـردو تەقـاندی.. هەردووکمـانی شێت کـرد بۆمـان دەرکەووت کە فیشەکەکان چاشنی و بـاروتەکانیان خاو ببونەوە. ئەگەر دەرزی لە چاشنی دەدا دەبـوو چـاوت لە سـەر نیشـانەکە هەڵنەگـری

بەشی یەکەم

هەتا تەشریفی بە کاوەخۆ دەدتەقی. زۆر پێکەنین دوو بە دوو مەنسوور دەیکووت ئەگەر دوژمن بایە دەبوو پێمان کووتبا مەبزوو لە جێی خۆت هەتا تفەنگەکانمان دەیتەقێنێ.. ئەو پێکەنین و تەقە کردنەمان بۆ بوو بە ئینیرژی و ڕێگاکەمان بڕی و بە هەر دەردەسەرییەک بوو لای عەسرێ گەیشتینە مەراسمەکە کە گەیشتینێ تازە دەستیان پێکردبوو ئەی ڕەقیبیان دەخوێند... خەڵکێکی زۆر لە چوار دەورەوە هاتبوون. ئێمەش لە ژورێکی تر هەندێکیان گەرم کردینەوەو نان و چایان داینێ و هاتینەوە سەر حاڵی خۆمان.. بە کەمێک دواکەوتنەوە چووم بە بۆنەی دووی ڕێبەندانەوە نزیک بە پازدە خولەک قسەم کرد. پەیامی پێشمەرگەمان لەگەڵ مەنسوور خوێندەوەو. پێم وابێ ئەو شەوە لەوێ ماینەوە ئیسراحەتمان کردوو بۆ ڕۆژی دواتر گەڕاینەوە . یادی ئەو ڕۆژانە بەخێر .....

تۆڵەی ٥٩ لاوی مەهابادی



ئێمەی ماندوو و بریندارى مەهابادى. ئێمەی تازیە بارو دڵ بە خەمی ٥٩ لاوی مەهابادی. تازە لاشەی گەرمی ٥٩ کەس. لە باشترین لاوەکانمان، وردە وردە سارد دەبۆوە. هێشتا دایکی ئەم لاوانە "ڕۆژۆی" پرسەی کوڕەکانیان لەگەڵ دۆستان نەشکاندبوو. هێشتا ئێمە وەک پێشمەرگە تەرحی عەمەلیاتی تۆڵەی خوێنی بە ناهەق ڕژاوی ئەم لاوانەمان دانەڕشتبوو. کە لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان. بە دەنگە شێرانەکەی "شێربەگی" مان گوێ لێبوو وەک هەمیشە. هاواری کرد "سەرنج بدەن... سەرنج بدن.. سەرنج بدەن". ئەم هەواڵەمان هەر ئێستا بەدەست گەیشت. لە لایەن کۆمیتەی شارستانی" کامیاران" و هێزی "بێستوون " عەمەلیاتێکیان ئەنجام داوە، کە بە دەیان کەلاکی جاش و پاسداریان لەبەر دەستیدایەو، پێشمەرگەکان هەموو ساغ و سڵامەتن. بڕیاریان داوە بە تۆڵەی ٥٩ لاوی مەهابادی. "٥٩" عەمەلیاتی نیزامی لەسەر دوژمن ئەنجام بدەن و تۆڵەی ئەم لاوە بێ گوناهانە بکەنەوە لە دوژمنی دڵ ڕەش... ئەم بڕیارە. مەردانەیە بڕیاری فەرماندەری هێزی بێستوون بوو. کە فەرماندەری هێز "شاپور فیروزی". بوو. بڕیارێکی لەم جۆرە بە ڕاستی غیرەت و شەهامەتی شۆڕشگێڕی دەویست. پاش ماوەیەک دمانبیست لە هەواڵەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان. کە هەروا خێرا ژمارەی عەمەلیاتەکان دەڕواتە سەرێ و هەڵدەکشێ. لەکاتێکدا. ئێمە وەک هێزی پێشەوا هەمیشە دەرگیر بوین لەگەڵ دوژمن.. هەموو ڕۆژێ تۆڵەیان دەکرایەوە، بەڵام دڵمان زۆر بە عەمەلیاتەکانی هێزی "بێستوون" خۆش بوو. هەموو کەس زۆر بە پەرۆشەوە گوێیان لە ڕادیۆ کوردستان دگرت. هەتا بزانن عەمەلیاتی ئەم جارە چییان کردوەو چەندەیان کوشتوە لە دوژمن. سوکناییەک بوو بۆ دڵی هەڵقرچاوی دایکی شەهیدان. ئەوکات من وەک خۆم زۆرم پێ خۆش بوو. فەرماندەری هێزی بێستوون لە نزیکەوە ببینم و بناسم. بەڵام

بەشی یەکەم

ئەوکات دەرەتانی ئەوە نەبوو هەروا ئاسان سەفەری وا دورو درێژ بکەی.. زانیمان فەرماندەری هێزی بێستوون. ناوی "شاپور فیروزی" یە... هەر بە ئاواتەوە بووم ببینم... هەتا لە دۆڵی "قەڵا سەیدە " دوای هەڵوێست توانیم بە خزمەتی بگەم. زۆر زوو پێکەوە ئاشنا بوین و هۆگری یەکتر بووین. ئەو شێوەیەی من موجەسەمم کردبوو لە مێشکی خۆمدا وا نەبوو. کەسایەتیەکی دڵ پاک... دڵسۆز.. سادە.. ئارام.. بێ دەعیەو ئیفادە... لەگەڵ منداڵ منداڵ بوو لەگەڵ هەر کەس ئەو. کەسە بوو. هەر خۆش بوو لەگەڵی بویتایە. کاک شاپور پلەی تەشکیلاتی "ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی" بوو. بەڵام هەمیشە لە لای پێشمەرگەکان بوو پێشمەرگەکانیش زۆریان رێز لێدەگرت.. جار جار پێیان خۆش بوو بێن سەری ماڵە من بدەن. لەگەڵ مامۆستا "جەعفەر مەنگوڕی" کاتی ئێوارە درەنگ پەیدا دەبوون و دەهاتن. سڵاویان دەکردو دەیانکووت وەڵا "شاهۆ"ی کورت دەعوەتی کردوین. شاهۆش منداڵ بوو.. خێزانم پاش تاوێک بانگی دەکردم، دەیکووت ئەرێ پیاوەکە تۆ ئەو "بێنە بێنەیەت" لێ چیە؟؟؟؟ لە تەڕو لە ئیشک لە ماڵێماندا نیە.. ئیتر ئەم بێنە بێنەیە چیە نایبڕیتەوە. منیش دەمکووت دەزانم بەڵام ئەی بڵێم چی.. خێرا بچۆ ماڵە "پور زەلەیخا" شامێک خواردنێک پەیداکەن و بیهێنە با بیخۆین. دەشیانزانی وەزعەکە ئاوایە. بەڵام زۆر خۆش بوو کە دەهاتن. خێزانم خواردنێکی پێشمەرگانەی دروست دەکردو پێکەوە نۆشی گیانمان دەکرد... هەموو جارێکیش دەیکووت بە خودای شۆڕش "ئەمجارە ئەشێ مامرێک بسێنم لە ڕانیە".. قەتم نەدی ئەو مامرە بستێنێ... کاک شاپور فەرماندەری هێزی پێشمەرگە بوو. فەرماندەیەکی لێهاتوو. بە بەرنامەو سەرکەوتوبو. کادرو پێشمەرگەکان رێزێکی تایبەتیان لە کاک شاپور دەگرت. بێجگە لەوانەش لە باری شەخسیشەوە هەر لە زەمانی شادا کاک شاپور پیاوێکی دەوڵەمەند بووە. چەندین دوکان و ماشێنی بارهەڵگری گەورەی هەبووە. کاتێک بڕیاری دابوو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بپۆشێ. هەموو ئەو سەروەت و سامانەی بە جێهشتبوو. هەرکاتێک پێویستی بە پوڵ بایە یەکێک لەو سەرمایانەی دەفرۆشت.. کورێکیشی شەهید ببوو. کاک شاپور ماوەیەکی زۆر بوو دەستی دابووە نوسینەوەی بیرەوەریەکانی دەورانی پێشمەرگایەتی زۆر بە وردی ئەم کارەی دەکرد. مانێکی خۆی هەبوو لە "دۆڵێ" هەرکات لە مانێ بوایە حەتمەن خەریکی نووسینی بیرەوەریەکانی بوو. جار جار هەندێکیانی بۆ دەگێڕاینەوە. هەمووی باسی ژیانی پێشمەرگە بوو. زۆر دڵی بەو بیرەوەریانەی خۆش بوو، ئاواتی بوو بیکات بە کتێب و لاوانی کورد بیخوێنەوەو کەڵکی لێ وەرگرن هەموو جارێک دەیکووت ئەگەر کتێبەکەم تەواو کرد، دەبێ تۆ یارمەتیم بدەی بە وردی بەسەریدا بچیتەوەو پاک نویسی بکەی .. ئەمنیش دەمکووت ئەی بە چاوان لە خزمەتدام. بەم شێوەیە کاک شاپور ژیانی ئاسایی خۆی دەکرد هەتا لە شەوی ٣١ - ٥ - ١٩٩٢ی میلادی. شەوێ من میوانم هەبوو ماڵی "نیعمەت تەوارە" میوانمان بوون لای سەعات یازدەی شەو. دەنگی ڕەگبارێکی دورو درێژ هات. دەنگەکە زۆر نزیک بوو. هەستام تفەنگەکەم دەستدایەو دوربینی فیلمبەردارییەکەم هەڵگرت و لەگەڵ "نعمەت" بەرەو شوێنی تەقەکە هەڵاتین. زانیمان شتێک بوە دەنگە دەنگ دەهات و هاوار هاوار دەهات. بە چەند دەقیقەیەک گەیشتینە شوێنی تەقەکە.. کە دیتم پێشمەرگەیەک. خەریک بوو" "پوکەکانی ." هەڵدەگرتەوە کووتم فلانی ئەو تەقەیە چبوو؟؟ بە حاڵەتێکی

بەشی یەکەم

لەرزینەوە کووتی تەقەیان لە ژورەکەی کاک شاپور کرد.. جیرانی کاک شاپور بوو. کووتم کەست نەدی کووتی نەوەڵا کەسم نەدی. توشی کاک" فەتاح ڕیحانی" بووم. هەواڵەکەی پرسی و خەڵکەکەمان دور کردەوە. کووتم فەتاح مەهێڵە کەس ئەو پوکەی فیشەکانە هەڵگرێتەوە. هەمووی لێ وەرگرتنەوەو هەڵیگرت. کە چووینە ژورێ لەگەڵ کاک فەتاح. کاک شاپور هێشتا گەرم گەرم بوو. هاڵاو لە خوێنەکەی هەڵدەستا. زۆرم بانگ کرد. زۆر دەستم هێنا بەسەرو سمێڵ و دەم و چاویدا زۆرم ڕاتەکاند. هیچ جوابێکی نەدامەوە. چاوەکانیشی هەر دەیانڕوانی. خوێنێکی گەرمی پێدا دەهاتە خوار. لەسەر میزەکەی دانیشتبوو. کاغەزەکانی بڵاو کردبوون و خەریکی نوسینەوەی بیرەوەریەکانی بوو. هەر سەعاتێک. دەبوو گەڕابوەوە ماڵێ. بۆ شام دەعوەتی کاک "فەتاح کاویان" بوو. هەر کە لەوێڕا گەڕابوەوە ماڵێ. دەستی دابوە نوسین. دیار بوو چەند دێڕێکی نووسی بوو ئەو شەوە.. هەوا گەرم بوو دەرگاو پەنجەرەکەشی کردبۆوە. کەسێک کە دیار بوو زۆر شارەزا بوو. چوبوە ناو ماڵەکەی ئەگەر کاک شاپور دیبێتی هەڵنەستابوو خۆی بگەیەنێتە تفەنگەکەی. ڕەنگە ئاشنا بوبێ. بۆیە خاتر جەم بوە.. خۆ ئەگەر دیتبێتی و نەیناسیبێ. ڕەنگە فریا نەکەوتبێ بگاتە تفەنگەکەی. دەنا کاک شاپور پیاوێکی ئازاو دەستکەرەوە بوو. بکوژەکە دێتە یەک مەتری کە تەقەی لێدەکات. کە دەیکوژێ لە دەرگای دەرەوەش ڕەگبارێکی دیکەی لێدەکات، بۆ ئەوەی فریای هیچ قسەیەک نەکەوێت. وای لێدابوو کە زیندوو نەبێ. لە شوێنی کەوتنی پوکەکان دیار بوو لەکوێڕا تەقەی کردوە. ئەو شەوە وردە شکێک هەبوو لە چەند کەس، بەڵام پوکەکان کۆکرانەوەو. ئەو کەسانەی شکیان لەسەر بوو تفەنگەکانیان دەستیان بەسەردا گیرا هەتا دوای لێکۆڵینەوە و ئەنجامەکەی.. هەموو ئەوانم بە وردی و تەوزیحەوە فیلبەرداری کرد. لە سبەینێ وە لێکۆڵینەوە دەستی پێکرد. کاک شاپور شەهید کرا. زەربەیەکی گەورە بوو لە حزب و خەڵک. بۆ ڕۆژی دواتر بە شکۆیەکی گەورەوە تەرمی کاک شاپور لەگەڵ ئاپۆڕایەکی گەورەو کاروانێکی دورودرێژی ماشێن و بەشداری تەواوی خەڵکی ناوچەی دۆڵی ئاکۆیان و سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەکانی"ڕانیە" سەرکەپکان ڕانیەو دەوروبەر قایمقام و کاربەدەستانی شاری ڕانیەو نوێنەری هەموو حزبەکان. بەرەو گۆرستانی شەهیدانی "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" وەرێکەوتین و لەوێ بە ئامادە بوونی جەماوەرێکی زۆر. بە خاکی پاکی کوردستان ئەسپێردرا. خەڵکەکە زۆر نارەحەت بوون. زۆر پەرۆشی کاک شاپوریان بوو.. هەندێک مقۆ مقۆ هەبوو لە ناو خەڵکەکەدا. کە دەستی تاوانیان بۆ هەندێک کەس ڕادەداشت . ماوەیەک بەسەر چوبو. حزب لە ڕادیۆ و بەیان نامەیەکدا تیرۆری کاک شاپوری پشت ڕاست کردەوەو ڕایگەیاندو تاوانەکەشی خستە پاڵ دوژمنانی کورد. هەردەبوو واش بێ. چونکە هیچ بەڵگەیەک بە مەدرەکەوە نەبوو هەتا کەسێکی پێ تاوانبار بکەن. نەدەبوو لەوەش درەنگتری بخەن هەواڵەکە. دوای لێکۆڵینەوە لە هەموو سەرە داوەکان. ئەو پوکانەی لە تفەنگەکە هاتبوونە دەرێ. دەقیقەن هی دەرزی تفەنگێک بوو کە دەستمان بەسەردا گرتبوو. هەموو شتێک ڕوون بوو. بکوژانی کاک شاپور دوو کەس بوون بە ناوەکانی" بورزوو میتران " ناسراو بە "خاڵە برزوو " لەگەڵ کوڕەکەی بەناوی "مزەفەر میتران هەردووکیان تەواوکەری قەتڵەکە بوون. بەڵام زیاتر شک و گومانەکان لەسەر مزەفەر میترانە. بە دوو هۆ.. یەکەم خاڵە

بەشی یەکەم

برزوو لاقی دەستکرد بوو. بۆیە ڕەنگە بۆی نەگونجابێ ئەو قەتڵە بکات و خێراو بە دەست و برد. جێی کارەکە جێبێڵێ. دووەم" مزەفەر نەدەبوو هەڵێ و بە بیانووی بەڕێکردنی ژن و منداڵەکەی و درۆ لەگەڵ حزب بکا. بێ ئەوەی پاکانە حساب لەگەڵ حزبەکەی بکا. کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو.. ئەمانە هەموو پێمان دەڵێن بکوژی ئەسڵی بۆ خۆیەتی. کە دەبێ لە دواڕۆژدا لە دادگایەکی عادڵانەدا سزای خۆی وەربگرێتەوە. بە قاتڵ یا غەیرە قاتڵ. ئەو بەشەی دەسپێرین بە لایەنی پەیوەندیدار... کوشتنەکە دەبێ هەندێک ئیختلافی شەخسی بوبێ لە نێوان هەردوکیاندا. کە سەرئەنجام ئەم کارەساتەی لێکەوتەوە دوای ئاشکرا بوونی بکوژەکە حزب هیچ شتێکی تازەی لەسەر ئەم کارەساتە باس نەکرد.

بە هۆی ئەوەی دوژمن واتە کۆماری ئیسلامی پوڵ و پارەیەکی زۆری تەرخان کردبوو بۆ گەورەکردنەوەی ئەم کارەساتە. هەتا بتوانێ لەو ڕێگایەوە ئیستفادەی تەبلیغی خراپ بکات دژی حزب. ئێمە ئاگادار بووین ڕژیم زۆر کەسی کڕیبوو هەتا لە کۆنگرەدا ئەم مەسەلەیە بێنە گۆڕێ و ئیختلاف ساز بکەن، بەڵام حزب لەوان ئاگاتر بوو. گوێی هەموانی بادا. سەرئەنجام کاک " جەلیل گادانی " کتێبەکەی بۆ چاپ و بڵاو کردەوە.

بەشی یەکەم

لە ئەمیئاباد



ئەم بیرەوەریانە بۆ مێژوو. بۆ لاوەکان و نەوەکانی داهاتوو دەنووسمەوە .هەرچی لەو عەمەلیاتانەدا. بە چاوی خۆم دیومە دەنووسمەوە نامەوێ ئەو هەموو قارەمانیەتی و شەهیدو بریندار بوونانە فەرامۆش بکرێن. --- بنکەی ئێمە ئەرکانی لکی یەکی هێزی پێشەوا لە گوندی ئەمینئاباد بوو کە هەر شەش حەوت ماڵێک بوو. کەماڵی سمایلزادەش فەرماندەری لکی یەک بوو ئەوکات کاک کەریم پورقوباد فەرماندەری هێزی پێشەوا بوو. جوغرافیای ئەو گوندە واهەڵکەووتبوو. کە هەر چوار دەوری شاخ بوو لەبەر ئەو هەموو شاخە گوندەکە لە قوڵاییدا بوو. کاک کەریم. لەگەڵ ئەرکانی هێز هەر لەلای ئێمە دەبوون. کاک ئەهوەن. هەمەکارەی هێز بوو. ئەوکات. لە ئەمیئاباد. چەندین جار دوژمن هێرشی کردبووە سەرمان بە قەولی خۆیان ئەوێ سەری مارەکە بوو. ئێمە وەک نەفەر زۆر نەبووین لەو دێیە بەڵام بەهۆی ئەوەی هەم هێزی لێ بوو هەم لک هات و چۆی زۆر بەسەرەوە بوو. لە ڕاستیشدا هەموو پلان و نەخشەکانیش هەر لەوێ دادەڕێژران. بنکەی هێز بۆخۆی لە قزڵجەی خوارێ دەبوو. بەڵام کاک کەریم لای ئێمەی پێ خۆش بوو. ئێمەش لە خزمەتیدا بووین. شەکرە مەجنوون. فەرماندەری لکی دوو بوو. کە ئەوانیش بنکەکانیان لە قزڵجەی سەرێ و خوارێ بوو... دەنگۆی هێرش کردن بۆ سەر بنکەکانمان لە لایەن دوژمن و داروودەستەکانیان بڵاو کرابۆوە. کە گوایا دوژمن هێزێکی زۆری هێناوەو لە پادگانی مەهاباد مۆڵی داون. ڕۆژانە بە هەلیکۆپتەر هەر هێزیان دێنا بۆ شاری مەهاباد. خەبەرمان هەبوو کە جاشەکان لەترسی پێشمەرگە

بەشی یەکەم

و هێرش بۆ سەر پێشمەرگە خۆیان دەشارنەوەو نەیاندەوێرا ڕووبەڕووی هێزی بە هێزی پێشمەرگە ببنەوە. بەڵام جاش بوون و ئیختیاریان لە بەر دەستی پاسداراندا بوون و بە شەقان و بە پاڵ دەیانناردنە شەڕی پێشمەرگە. نەکوو لەبەر دڵسۆزی بێت. بەڵکوو لە ترسی ئازایەتی و قارەمانیەتی پێشمەرگە بوو. ئێمەش هەموو پەلەکانمان ئاگادار کردبوونەوە کە شەوانە هەر پەلەو لە جێگای خۆی کەمینیان هەبێت زۆر جار دوژمن وەکو تاکتیکی شەڕ. دەیویست ماندووومان بکا. بەڵام ئێمە ئیحتیاتی خۆمان دەکرد. سەرقاڵی گرتنی کۆنفراس بووین بۆ کۆنگرەی شەش. لەهەموو لکەکانەوە نوێنەریان هاتبوون بۆ کۆنفرانس جێگای کۆبوونەوە گوندی قزڵجەی خواری بوو. هەموومان لەوێ بووین کۆنفرانس تەواو بوو. خەڵکەکە زۆر بوو. ئێمە گەڕاینەوە بۆ ئەمینئاباد لەگەڵ چەند میوانێک کورەکانی تر ماندوو بوون. دابەش بوون و جێگای حەوانەوەیان بۆ دیاری کرابوو. سەلاح کووتی شەوێ لە گەڵ شەهید سەید تەها ئیسماعیلی پێکەوە نووستبووین بە تاقە پەتوویەکی لەت و پەت. پێشمەرگایەتی ئاوا خۆش بوو. شەوی ٧ - ٨ - ١٣٦٢ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٠ - ١٠ - ١٩٨٣ ی میلادی بوو. کە گەڕاینەوە بۆ ئەمینئاباد. شەوێ نیگابانیم داناو بۆ لای بەیانی قەرار بوو سێ کەس بچینە شاخەکەی سەرەوەی دێ. ئەوشەوە کەمێک درەنگ نووستین. هەر قسەوباس خۆش و خۆشتر دەبوو. هەتا هەموو بەلادا هاتین و نووستین. لە بیرم نیە. کێ هەڵیئەستاندم. یا ڕەحمەت بوو یا لوقمان. کووتیان هەستە دەنگی دوو سێ تفەنگان هات و لەو شاخەی سەرێش دەنگی پاچ و قوڵنگان دێ ئەمنیش کە هەستام. ڕەختەکەم بەست و تفەنگەکەم دەستدایەو چوومە دەرێ. لەوێ زۆرم گوێ هەڵخست و هەستم ڕاگرت لەگەڵ نیگابانەکە. هەستمانکرد لە شاخی نەفەری لێیە کورەکانمان هەموو هەستاندو دوای ماوەیەک ڕاوو تەکبیر کردن هەموو مەدرەک و مەداریک و شتی زیادیمان کۆکردنەوەو. بە کاک کەریم پورقوبادمان کووت ئێوە بڕۆن ئێمە لێرەین بزانین چۆن دەبێ لەگەڵ شەکرەو کورەکان ساغ بووینەوە شاخی پشتی دێ کەدەڕوانێتە سەر دۆڵی هەردوو قزڵجەی سەرێ و خواری و شاخی پێشی دێ کە دەڕوانێتە ئوزندەرێ و لای شار. بگرین و لێی دامەزرێین کورەکانی کە دیاری کرابوون بۆ پشتی دێ وەڕێکەووتن و وەسەرکەووتن. شەکرە کووتی ئەگەر ئەو شاخەیان نەگرتبێ. ئێمە زووتر بچین بیگرین هیچیان پێناکرێ ئەگەر لەوێش بن گرتنی کەمێک زەحمەتە. با برۆین بزانین چۆن دەبێ. ئێمە وەسەر دەکەووتین. کە دەنگی دوو یا سێ ئاڕپێجی هات بە سەر سەری ئێمەدا خووشەیان هات لەوبەری کورەکانیان دیبوو لێیان دان. تەقە ساز بوو هەرچی گوولەی ئاورداربوو بە سەر ئێمەدا دەهات لێیان نزیک بووینەوە. لێمان دان بوو شڕیخە شریخی دەنگی تەقەی پێشمەرگە. بە هەڵاتن و بە تەقەوە بەرەو لای ئەوان پێشڕەویمان کرد. هەر یەک دەقەش خۆیان نەگرت و هەڵاتنەوە شاخەکەی سەرەوە تر. زۆریان دم هێنابووە پێشێ. کە چووینە جێگاکەیان. دوندێکی تر لە سەرەوە بوو کە دوندی ئەسڵی شاخەکەبوو هەموویان لەوێ بوون ئەو فاسیلەی ئێمەو ئەوان ڕووتەن بوو هیچی لێنەبوو تا سەنگەری لێ بگری. ئەگەر بۆیان چووبایین. شەهیدمان دەبوو ئەوان چەند دوندێکی تریان گرتبوو کە زاڵ بوون بە سەر ئێمەدا. بە لای گوندی کۆنەدێ دا هاتبوون ئەو شاخانەیان هەموو گرتبوو ڕێگای ئەمینئاباد شیلاناوێیان گرتبوو. تازە بوونی ئێمە لەوێ سوودی نەبوو

بەشی یەکەم

چونکە لە بەر تەقەی کوردەکانی شاخی پشتی دێ نەیاندەتوانی بێنەوە خوارێ. هاتینەوە ناو دێ. هەوا ڕوونـاک ببوو. پێشمەرگەکانی لکی دوو لکی چوار کوردەکانی لکی یەک هەموومان دامەزراندن. ئەوان زاڵ بوون بە سەر دێیەکەدا. بۆیە بە ئاڕپێچی و بیکەیسی بێ پسانەوە لە ناو دێیان دەدا ئێمە ئەوجار وێستمان بە پشتەوەدا بچین ئەو ڕێگای کە دەچوو بۆ کۆنەدێ و شیلاناوێ. کۆنترۆڵ بکەینەوەو دەریانپەڕێنین. بریندارمان هەبوون. بە ناو دارەکانی خوار دێدا تا نەدیومان کردن ڕامانگوێستن. دوایە هەڵکشاین بۆ لای ڕێگای شیلاناوێ. شەکرە لەگەڵ چەند کەسێک لە ناو دێ مایەوە ئێمەش کەماڵ و لوقمان و ڕەحیم هەنوکەو ڕەحمەت و پێم وابێ محێدینیش بوو بۆیان وەسەر کەووتین کوردەکانی پەلی شاهۆ بەولادا بۆیان هاتبوون زۆر چاکیان لێدابوون. لەگەڵیان دەرگیر بوون و مقاومەتیان دەکرد کوردەکانی لای گردەبەردان ئەوانیش بەلای خۆیاندا پێشیان پێگرتبوون و شەڕ لەوێش درێژەی هەبوو. کوردەکان لە گوندی قزڵجەی خوارێڕا بە کۆمەگمانەوە هاتبوون کە ((سەلاح شەشە)) فەرماندەری لکی چواری هێزی پێشەوا بوو. کاک کەریم پورقوباد لە ڕێگا دەیانبینێ دەڵێ کوردەکان لە ناو دێدان بچن بە کۆمەگیانەوە هەوا تەواو ڕوناک ببوو. تەقەش گەرم ببوو. دووجار هێرشیان کرد تا بێن ناو دێ بگرن. هەموو جارێ کە دەهاتن لەگەڵ بەرەنگاری تووندو بەهێزی پێشمەرگە ڕووبەڕوو دەبوون و بە دانی کوژران و بریندارێکی زۆر هەڵدەهاتنەوە هێرشێکی تریان دێنا جەنازەکانیان دەبردەوە بەڵام کەلاکی کوژراوەکانیان دیار بوون لە مەیدانی شەڕەکەدا بە جێمابوون. شەڕ هەر دەهات گەرمتر دەبوو ئێستا هەموو شتێک ڕون بوو سەنگەرەکانی دوژمن دیار بوو لە کوێ بوون دەمانزانی کوێ گیراوە و دوژمن هەتا چەندی بە دەستەوەیە. هاوسەنگی شەڕەکە زیاتر بەلای ئێمەوە بوو. ئێمە زەربەی زیاترمان لە دوژمن دابوو ئەوان بە هەر شێوەیەک بایە دەیانویست بێنە ناو دێ و ئەمینئاباد بگرن. ئێستا ناودێ پێشمەرگەی زۆر لێبوو. ئێمەش لە حاڵی پێشەڕەویدا بووین هەتا بتوانین ئەو شاخەیان لێ بستێنینەوە کە جێگایەکی زۆر گرینگ بوو. ئەوانیش لە حاڵی خۆ کۆکردنەوەو هێرشی تازەدا بوون ئەو شاخەی دەماوێست بۆی بچین زاڵ بوو بە سەرماندا. ئێمە دەمانزانی کوردەکانی خۆمان ئێمە دەپارێزن و چاویان لێمانە. هەتا گەیشتینە چەند مەتریان نەیاندیبووین و هەستی ئێمەیان نەکردبوو ئاخرین بەرد بوو لە بنی دانیشتبووین هەر کە سەرمان هەڵبڕیبا دەیاندیتین. پشوێەکمان دا زۆر ماندوو بوبوین. چاویشمان هەر لێیان بوو. ئانتێنی بێسیمەکەیان دیار بوو حەوت هەشت کەسێکمان دەدیت. دەهاتن و دەچوون و هەڵدەستان و دادەنیشتن گوێمان لێ بوو دیدەبانیان بۆ تۆپ و خومپارەکان دەکرد .گوێمان لێبوو کوردەکان هاواریان دەکرد بە ناو بانگیان دەکردین دەیانکووت. شۆڕش کەماڵ فلانی هاتن هاتن لێیاندەن لێیاندەن وریا بن. ئێمە کە چووبووین لە بنیانەوە تەنها چەند مەترێکمان نێوان بوو بە لای چەپی ئێمەدا دەیانویست. بێنە خوارێ بۆ ناودێ. هیچ لایەکمان یەکترمان نەدیبوو. کوردەکان هەم ئێمەیان دەدیت هەم دوژمن لە بەر ئێمەش نەیاندەوێرا لێیان بدەن. هەر هەستاینە سەر پێ کە بۆیان بچین و لێیان دەین. دیتمان لە چەند مەتریمان بە ڕیز دەهاتن بچنە خوارێ بۆ ناو دێ. ئەوان هەم لە سەر شاخەکە بوون کە دەمانویست بچین بیگرین هەم بە لای چەپماندا. بە نیازی هێرش بوون بۆ ناودێ

بەشی یەکەم

هەرسێ لا چاومان بە یەک کەووت. بوو بە تەقەیەک بوو بە تەپ و تۆزێک بوو بەئاگر باران و دوکەڵێک هاژە هاژێک بوو ئاڕپێجی لە سەر ئاڕپێجی. لە دوو لاوە لێیان دەداین سێ جەنازە لە دوو سێ مەتری ئێمە کەووتبوو بەڵام هیچمان نەماندەتوانی بچینە سەریان ئەوانی سەر شاخیش جەنازەیەکیان بە دیوی ئێمەدا خلۆر ببوەوە. هەر مابوو دەستی بەرز دەکردەوە نازانم دەیکووت چی. نەماندەتوانی بچینە سەری لێیان دەداین. دوایە ئەویش کوژرا. ئێمە چیدیکە نەماندەتوانی لەوێ بمێنینەوە تازە ئاشکرا بوبوین لەوێ. زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی پشتمان بگرن بۆیە کشاینەوە تا لێیان نەدیوو بووین ئەوجار ئاگامان لێبوو کوڕەکان لێیان دان. نەیانهێشت بێنە پێش ئێمە مەجبوور لەو شاخەی نێوان ئەمینئابادو ڕێگای قزڵجەی سەرێ ماینەوە لەوێڕا زاڵ بووین بە سەریاندا نەیاندەتوانی هیچ حەرەکەتێک بکەن بۆ هێرش کردنە سەر ناوەێ. دوای ئەوەی هەڵاتن و کشانەوەو هێرشەکەیان لێ تێکچوو. خۆیان کۆکردەوەو دەمانزانی دیسان هێرش دەکەنەوە بۆ بردنەوەی جەنازەکانیان و بریندارەکانیان. بەم شێوەیە شەڕ بەردەوام بوو هەتا ئێوارە دوو جاری تر هێرشیان کرد بەڵام پێشمەرگە بە جەرگەکان قارەمانەکانی دیموکرات هەموو جارێ مستێکی تۆندیان لە دمیان دەداو پاشەوپاش دەیانگێڕانەوە. چەند کەسێک لە ناو بەردەکانی سەر شاخی ناو دێ لەوێ مابوون باقی هێزەکە کشابوونەوە سەر ئوسڵی دوندی شاخەکە. دیار بوو بە نیازی هێرشێکی گەورەن بۆیە ئەو چەند کەسەیان لەوێ بە جێ هێشتبوو. لای ئێوارە بوو نزیک بە سەعات پێنجی ئێوارە گوێمان لێ بوو (((سەلاح))). هاواری لێدەکردن. دەیکووت خۆتان تەسلیم کەن. خۆتان بدەن بەدەستەوە تازە کەستان لە پشت نەماوە. هەر تاریک بێ تازە ئێوە هی خۆمانن. فارسیەکەشی زۆر خۆش بوو. هههه


زۆریان دوژمن بە دەستی کەم گرتبوو. یەکێک لە ئیشتباکانی پێشمەرگە ئەوە بوو. دوژمنیان بە هیچ نەدەزانی زۆرمان زەرەر کردووە لەو شێوە ڕەفتارە. هەر چەندە دوژمن هیچ نەبووە هەرگیز لە بەرانبەر پێشمەرگەدا. بەڵام ئاخر ئەویش چەکی پێیەو چەکی زۆر بە هێزو گەورەتریشی پێیە. نابێ زۆر بە ئاسانی فرسەت بە دوژمن بدەی لێت بدا. تەقە کەم ببوو. دەمانزانی دەیانەوێ هێرش بکەن دیسان. دیار بوو خۆیان ئامادە دەکرد بۆ هێرش بەڵام تۆپ و خومپارە هەر درێژەی هەبوو هەر دەیکوتا. دوژمن سەنگەرەکانی ئێمەی شناسایی کردبوو. ئێمە بووین. ڕووبارووبان. شاخی پشتی دێ بوو کوڕەکانی لای گردەبەردان بوون. لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەی لە ناو دێدا بوون هێشتا هێرش دەستی پێنەکردبوو ئەو چەند نەفەرەی کە زاڵ بوون بە سەر گوندەکەدا. هەرکەس وەدەرکەووتبا بە قەناسە لێیان دەدا بۆیە هەر ئەو کەسانە بوون گولەیەکیان لە (((سەلاح شەشە))). داو لە ملیان دابوو بریندار بوو خێرا شەکرەو کوڕەکان دەیبەنە ماڵێک لەوێ ئەحمەد بارزان کە کادری دەرمانی بوو زۆر باش پێی ڕادەگات و بریندەکەی بۆ خاوێن دەکاتەوەو بۆی دەبەستێ و لە مەرگ ڕزگاری دەکات لەگەڵ بریندار بوونی. (((سەلاح))). دوژمن هێرشەکەی دەست پێکرد کوڕەکان دڵنیایی تەواو دەدەن بە سەلاح کە هەتا دوا دڵۆپی خوێنیان پارێزگاری لێدەکەن و ناهێڵن دوژمن بێتە ناو دێ. لە ماڵێکی دادەنێن و کادرە دەرمانیەکەی لە لای بە جێدێڵن و

بەشی یەکەم

لە ناو دێ دادەمەزرێن. کە هێرشیان کرد. لە ئێمەڕا جوان دیار بوون. دەنگمان نەکرد تا لە ناو بەردەکان هاتنە دەرێ و بەرەو ناودێ هێرشیان کرد. ئێمە. کوڕەکانی پشتی دێ کە مەنسوور ئەمیری و کوڕەکانی لکی دووی لێ بوو. وێکڕا لێمان دان. تازە هاتبوونە ڕووتەن و سەنگەریان نەبوو. دەست ڕاستی و نیشانە شکێنی بۆ کاتێکی وا باش بوو. هاوارم لە کوڕەکان دەکرد. بە قوربانتان بم. بە تەک تیر. تەنها بە تەک تیر. بە نیشانە سێرەیان لێبگرن. بە قوربانی دەست و تفەنگتان بم. بە بڵاوی دەهاتن. بەڵام وا سەریان لێ شێوا بوو جار جار هەموو لە یەک کۆدەبوونەوە کە لێمان دەکوشتن. هەموو وێکڕا خۆیان بە عەرزێدا دەدا. کەووتبوونە بەر دەستمان کوڕەکان هیچیان هۆشیان نەمابوو. هەموویان دەتکووت مەستن. زۆر بە دەقیقی سێرەیان دەگرت پێیان خۆش بوو هەموویان بکوژن. جار جار تفەنگەکانیان گیری دەکرد. قەڵس دەبوون. شێت دەبوون خێرا چاکیان دەکردەوە. فرسەتێک بوو هەڵکەووتبوو. نەدەبوو بێڵین لە دەستمان بچێ هەر چەندە تۆپ و خومپارە باران زۆر بە خراپی لێیان دەداین بەڵام هەر زیاتر سنگمان بە سەنگەرەکانمانەوە قایمتر دەکرد هێندەم پێ جوان بوو جار جارە فیشەکی ئاگرداری کوڕەکانی لکی دووم دەدیت بە سەر ئێمەدا دەهات سوور سوور. دەرۆی لە دڵی ڕەشی دوژمنی دەدا. کەیفم پێدەکرد. لە ناو مااڵنیشەوە کوڕەکان لێیان دەدان. دۆشکەکەی خۆمان سەنگەر بە سەنگەر هەڵیدەتەکاندن و ونی دەکردن لە ناو ئاگرو تەپ و تۆزدا. لێمانکردنە هات و هاوارو قولێک ئەو شاخانە هەموو دەنگیان دەداوە هەرچی هێزیان هەبوو هێنایان تا کەالک و بریندارەکانیان بەرنەوە زۆریان هێرش بۆ هێناین تا توانیان کەالکەکانیان بەرنەوە شەڕ درێژەی هەبوو تا تاریک بوونی هەوا. لە زۆر جێگا مابوون تەقەیان دەکرد و تۆپ و خومپارە بارانیش هەر درێژەی هەبوو بە خەستی. ئێوارە زۆر پیاوانە شەکرەو کوڕەکان سەالح یان بە الندەوێرەکە ڕزگار کردوو بەڕێمانکرد بۆ بیمارستانی حزب. کە داستانی سەالح دوای ڕزگار بوونی داستانێکی دوورو درێژەو مەگەر هەر بۆخۆی بتوانێ ڕۆژێک لە کوردستانی ئازاد بۆمان بگێڕێتەوە.

بە جێی دێڵم بۆ ئەو کات. سڵاو لە هەموو شەهیدان و سڵاو لە شەهیدی زیندوو (((سەالح. شەشە))) ی قارەمان و پێشمەرگە. سوپاسی سەالح شەشە مەنسوور ئەمیری دەکەم بۆ هاوکاری و هاوفکریان پێم خۆشە الوەکان و نەوەکانی داهاتوومان. ڕابوردوی خۆیان بزانن و شانازی بە باب و باپیرانیان بکەن کە هەرگیز سەریان بۆ دوژمن شۆڕ نەکرد

بنکەی دەفتەری سیاسی و دەبیرخانە



ساڵی ١٩٩٢ی میلادی بوو. بنکەی دەفتەری سیاسی و دەبیرخانە لەلای سەرەوەی گوندی قەڵا سەیدە بوو ئەو دۆڵە. نازانم بۆ پێیان دەکووت دۆڵەڕەقە. ناوێکی بەتەواوی پێچەوانەی سروشتی ئەو دۆڵە دۆڵێکی چڕو پڕ لە دارە گوێزو بەڕوو مازوو و هەروەها سەر سەوزو سازگارو هەوایەکی خۆش و چوار وەرزو دەوروبەری بە شاخە سەخت و لە گیران نەهاتووەکانی کوردستان بوو ئەم دەورو بەرە هەرچی گیاو گۆڵی کوردەواری هەبوو تێیدا بوو هەتا داری ترشی کوردی لێ بوو واتە ترش و سماقی خۆمالّی. لەلای سەرەوە ئاوێکی ساردو کەلەتەزێن دەهاتە خوارێ تا تێکەڵ بە چۆمی دۆڵە ئاکۆییان دەبۆوەو لەوێوە بۆ ناو بەنداوی دوکان سەرەوژێر دەبۆوە. ئێمە لەگەڵ دۆڵە باڵەکایەتی و ئۆردوگای. حاجیاواو دەشتی بتوێن تەنها شاخێکی بەرزو سەختمان نێوان بوو بە ناوی شاخی (پیرترخێن). کە ئەم شاخە بەهۆی ناوچەیەکی (سوق الجیش) یەوە جادەی قیری بۆ کێشرابوو هەتا ئەو جێگایەی پێویست بووە. حکومەتی عێراقی لێبووە. ئێمە کە چووینە ئەو دۆڵە ئەو شاخانە هێزەکانی عێراقی لێنەمابوون. ناوچەکەش قەدەغە کراو بوو بەڵام خەڵکەکە بە بۆنەی ئێمەوە دەهاتنەوە سەر موڵکەکانیان بەروووبوومی خۆیان کۆدەکردەوە لەگەڵ ئێمەش نێوانیان خۆش بوو .دۆڵی نۆرێش کە ناوەندی دووی کوردستانی لێ بوون بە هەمان شێوە دڵرفێن و خۆش بوو. ئەشکەووتی مەلا مستەفا لە سەرەوەی دۆڵی نۆرێ بوو. کە زۆر جاران بۆ خۆ پاراستن لە بۆمباران و مووشەک بارانی کۆماری سێدارەوە. ژن و منداڵمان دەبردنە ئەوێ بۆ پاراستنی ژیانیان. ناوەندی سێ و کادرو پێشمەرگەکانیان. لەوبەری چۆمی بوون. جێگایان زۆر خۆش و سازگار بوو. ناوەندی یەکی کوردستانیش هەر بەو شێوەیە. لە

بەشی یەکەم

بناری کێوە ڕەش و شاخی سەخت و سەرکەشی کورد بوون.

من ئەوکات لە دەبیرخانە کادر بووم. بەرپرسی پەیوەندیەکانی سکرتێرو بەدەنە بووم. بەرپرسی هاتوچۆو. ماشێنەکانی دەبیرخانەو بایەگانی و تەشریفات و میوان داری و بەشی مالّی و زۆری تر بووم. سەرەڕای ئەوانەش بەرپرسی فیلمبەرداری حزب بووم کە ئەوکات دوربینیش دەگمەن بوو. بەرپرسی یەکەمم کاک جەلیل بوو. کار کردن لەگەڵ کاک جەلیل کەمێک حەوسەلەو. کاتی زیاتری دەویست. کەمێک سەخت بوو .ئەم کارانەم هەموو بە تەنها دەکرد. هەتا دوایە. ئەم کوڕانەم. هێنانە دەبیرخانە تا کەمێک باری سەرشانم سووک ببێ شەهید کامڕان شافعی ارەج سامی عبداڵڵە ئەحمەدی مراد مهرەبان لە ئاخریدا ئەحمەد زریان لەگەڵ هەموو ئەم کوڕانە دەورانێکی خۆش و ناخۆش و پڕ خاترەوە تایبەتمان گوزەراند پێویستە سوپاسی هەموویان بکەم کە زۆریان هاوکاری من کردووەو زەحمەتیان زۆر کێشا. ماڵەکەم نزیک دەبیرخانە بوو. چەند ماڵێک بووین لە دەوروبەری یەک. کە بریتی بوون لە ماڵەکانی کاک جەلیل. کاک هاشم کەریمی کاک حوسین مەدەنی مامۆستا مەلا محمد عوسمانی کاک سەعید بەگزاد کاک حەسەن ڕەستگار کاک فەتاح کاویان. لەلای ئەولاش ماڵە کاک نەبی قادری. مامۆستا بێبەش خەجیج سواڕە عوسمان ڕەحیمی فەتاح ئیلخانیزادە. کوڕەکانی ڕادیۆو ئینتشارات. ڕووبەڕوومان کۆمسیونی مالّی کە کاک ئەمیری قادری و مەلا خدری دۆڵەگەرمی بەرپرسی بوون وە کۆمسیۆنی تەشکیلات کەمێک لە خوارتر بوو .ئەمە هەڵکەووتەی لای سەرەوەی دۆڵە قەڵاسەیدە بوو. لەگەڵ دوو. سێ مالّی خەڵکی دۆڵەکە. لە پرخەو خەوی شیریندا بووم. خێزانم تەکانی دام هەڵیئەستاندم. کووتی. بانگت دەکەن. کە چاوم هەڵێنا تاریک بوو. کووتم چیە کێ بانگم دەکات؟؟؟؟؟؟ کووتی نازانم پێم وابێ کوڕەکانی دەبیرخانەن. منیش دەنگم داو کووتم کێیە ئەوە. تۆ کێیت ؟؟؟؟ کووتی منم شۆڕش. جەنگجووم. پێشمەرگەیەکی دەبیرخانە بوو بە ناوی محمد جنگجو. کووتم جەنگجو. هـا. چ خەبەرە چیت دەوێ بەم نیوەشەوە چی بووە؟؟؟؟ کووتی وەڵا منیش نازانم کاک حەسەن بەم نیوەشەوە هاتۆتە دەبیرخانە بەپەلە منی نارد کە بێی بۆ دەبیرخانە. کە چاوم لە سەعات کرد لای سێی شەو بوو. زۆرم پێ سەیر بوو. کاک حەسەن بەم نیوە شەوە چ دەکات لە دەبیرخانە حەتمەن شتێک ڕووی داوە. دەمویست هەروا بڕۆم. خێزانم کووتی چ دەکەی دەتەوێ هەروا بڕۆی.؟؟؟؟. دەتەوێ بێ چەک بڕۆی کە نازانی لە پشت دەرگا چ باسە؟؟؟. ڕاستی دەکرد. ڕەخت و تفەنگەکەم بەست و تفەنگەکەم. موسەلەح کردو هاتمە دەرێ بەرەو دەبیرخانە وەڕێ کەووتم. کە چووم. دیتم. کاک حەسەن لەگەڵ مامۆستا سیروان حەفیدی کە بەرپرسی بنکەی پەیوەندیەکانی سلیمانی بوو. لەوێ ڕاوەستابوون. سڵاوم کردو. کووتم کاک حەسەن شتێک ڕوویداوە؟؟؟ سڵاو بەخێرهاتنی مامۆستا سیروانم کردوو. وا دیار بوو هەرچی هەیە مامۆستا سیروان خەبەرەکەی هێناوە. کاک حەسەن کووتی. شۆڕش گیان ببورە کە لەخەوم کردی. هەتا زۆر درەنگ نەبووە. با تەکبیرێکی وردی لێبکەین و دەستبەکار بین. مامۆستا سیروان لە جێگایەکی باوەڕپێکراوەوە خەبەریان داوەتێ کە ئەم بەیانیە لەگەڵ ڕووناک بوونی هەوا قەرارە بە

بەشی یەکەم

تەیارە لە لایەن ئێرانەوە لێمان بدەن. خەبەرەکە دەقیقەو جیدیە .ئێستاش دەمەوێ پێشمەرگەکان سەرپەلەکەیان بانگ بکە. سەرپەلی پێشمەرگەکان. لە بیرم نەماوە یا سەلاحە چکۆڵ بوو یا سابیر بوو. پێشمەرگەکان بنێرە هەر ئێستا. بچن ناوەندەکان ئاگادار بکەن. ئیتزامات و تەشکیلات ئاگادار بکەن. کە پێش هەموو شتێک ژن و منداڵ هەمووبان بەرنە ئەشکەووتی مەلا مستەفا یا بن پردە گەورەکان. نامەوێ یەک ژن و منداڵ لە دۆڵێدا بمێنێ تا پێش ڕووناک بوونی هەوا. ئەمنیش کوڕەکانم دابەش کردو لەگەڵ سەرپەلەکەیان. پێشمەرگەکانمان نارد بۆ هەموو ئەو جێگایانەی کە پێویست بوون سەعاتێکی نەگرت هەموو حزب بە ژن و منداڵەوە خەبەرەکەیان بیست. پێش ئەوەی هەوا ڕووناک بێ. دۆڵە قەڵاسەیدە کەسی تێدا نەمابوو. ژن و منداڵ بۆ جێگای ئەمن. کادرو پێشمەرگەکانیش هەموو لە شاخەکان بڵاو ببوون. دەبیرخانەش پڕ بوو لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی و کادرو پێشمەرگەکان. کاک جەلیل و زۆرێک لە خەڵکەکە بەرەو شاخی پشتی دەبیرخانە وەڕێکەووتن و ڕۆشتن. وردە وردە پۆل پۆل بەرەو شاخی دەبیرخانەیان چۆل کردو ڕۆشتن ئەمن و کاک حەسەن ڕەستگارو مەلا محمدی عوسمانی لەگەڵ عوسمانی کوڕی مامۆستا و سیروان حەفیدی لەوێ مابووین. دۆڵێ پەپوی لێدەخوێند هەتا مانگە عێراقیەکانیش چووبوونە شاخی. مامۆستا سیروان. هات بە منی کووت ئەرێ بە کاک حەسەن بڵێ. با بڕۆین. خودا شاهیدە یەکەم بۆمب لە دەبیرخانە دەدا. خەریکە تاو هەڵدێ. منیش چوومە کن کاک حەسەن کووتم. مامۆستا سیروان شتێکی وا دەڵێ ناحەقیشی نیە. کاک حەسەن چاوێکی لێکردم کووتی پێی بڵێ با بڕواتە شاخی. من ناڕۆم. کاک سیروان گوێی لێبوو کووتی جا ئەگەر وایە منیش ناڕۆم لەگەڵ ئێوە دەبم. مامۆستا مەلا محمد. کووتی کاک حەسەن تەواوی خەڵکەکەت بەڕێکرد بۆخۆت ناڕۆی؟؟؟؟ ئاخر خۆ شەڕی تفەنگ نیە. تەیارەیە لەو ئاسمانەوە بۆمبان بەردەداتەوە. هیچی لەگەڵ ناکرێ. مستەفای کوڕی کاک حەسەنیش پەیدابوو. کاک حەسەن کووتی مامۆستا. خەیاڵم ئاسودە بوو کە هەموو خەڵکەکە ڕۆشتن و جێگایان ئەمنە هیچ لە گیانی خۆم ناترسم و ئەگەر لێرە لەت و پەتیش بم ناڕۆم و ئێرە بەجێناهێڵم زۆرم پێ بڕیارێکی بوێرانەو ئازایانە بوو قسەیەکی خۆشی ئەوکاتم بیر هاتەوە با بۆتان بگێڕمەوە ما وەستا سیروان کە خەبەرەکەی هێنابوو. لەوێ ڕاوەستابوو. منیش شۆخیم هەبوو لەگەڵی. هەر زوو زوو لێم دەپرسی. کوا تەیارە مامۆستا؟؟؟ ئەویش زۆر نیگەران بوو. زوو زوو چاوی لە سەعاتەکەی دەکرد. دەیکووت وەڵا نازانم بۆ پەیدا نەبوون منیش پێکەنینێک گرتبوومی. بە خۆم نەبوو قاقایەکم لێدا تەواوی ئەو دۆڵە دەنگی دایەوە کاک حەسەن کووتی. هەتیوە بەم بەیانیە زووە بە چی پێدەکەنی؟؟؟؟؟ منیش بۆ کاک حەسەنم گێڕایەوە. کووتم. کە لێی دەپرسم کوا بۆ تەیارە نەهاتن چاو لە سەعاتەکەیی و. چاو لە ئاسمان دەکا. بە دڵ پێی خۆشە بێن و لێمان دەن هەتا خەبەرەکەی وەڕاست گەڕێ .بوو بە پێکەنینێک. کاک حەسەن کووتی شۆڕش کردی بە فشە تازە لێمان نادەن. تەیارە هەر نەهاتن. بەڵام خەبەرەکە دەقیق بوو هێرسەکە بە تەیارە کرایە سەر موجاهدین کاک حەسەن لەکاتی تەنگانەدا خاوەنی بڕیارو نەترس و بوێر بوو سڵاو لە سیاسەت مەداری دوربین و ورد بین و پیاوی سیاسەت و. یەکێک لە پیاوە ناودارەکانی کورد.

یادی ۲ شەهیدی قارەمانی حزب، کە خەڵکی(دیاربەکر) ی باکوری کوردستان بوون.



۱- شەهید بینایی چلیک: ناسراو بە ئەحمەد دیاربەکری، لەدایک بووی (قارس) لەساڵی ۱۹۵۷ی میلادی. وەکوو کوردێکی کوردستانی و بێ جیاوازی کردن بە سنوورە دەستکردەکانی کوردستان کە لەلایەن دوژمنانەوە کێشراون. سەنگەری خۆیان لە رۆژهەلاتی کوردستان دامەزراندو بەدژی ڕژێمی کورد کوژی کۆماری ئیسلامی کەووتە بەرەنگاری کردن لە پارچەیەکی خاکی داگیرکراوی کوردستان. زۆر چالاکانە لەهەموو شەڕەکانی ناوچەی مەهاباد بەتایبەتی و زۆربەی ناوچەکانی تر بەشداری کردوە هەتا سەرئەنجام بەداخێکی گرانەوە لە ڕۆژی ٥شەممەی ۱۹ی گوڵانی ساڵی ۱۳٦۱ی هەتاوی بەرامبەر بە ۲۹ - ٤ - ۱۹۸۲ لە نێوان ڕێگای بۆکان - میاندواو لەشەڕێکی حەماسی و چەند کاتژمێریدا شەهید دەبێ و گیانی خۆی بەخشی بۆ ئازادی کوردو کوردستان.

۲- شەهید ئەبوبەکر دیاربەکری: خەڵکی دیاربەکر لە باکووری کوردستان لەدایک بوی ۱۹٦۲ی میلادی. شەهید ئەبوبەکریش یەکێک لەو کوڕە ئازادو ڕۆشنبیرانەی باکوری کوردستان بوو. کە هیچ جیاوازیەکی نێوان هیچ یەک لە پارچەکانی کوردستانی نەدەکرد. هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کوردستان یەکەو هیچ جیاوازیەکیان نیە. ئێمە هەموومان یەک خوێن و یەک نەتەوەو یەک بنەماڵەین. ئەوە دوژمنەکانمانن ئێمەیان لێک جودا کردۆتەوە و یەکڕیزی و یەکگرتوویی ئێمەیان پێ قەبوڵ ناکرێ. بۆ من هیچ جیاوازیەکی نیە کام دوژمن بمکوژێ تورک بێ یان فارس و عەرەب. هەموویان بەتاوانی کورد بوونم

بەشی یەکەم

دەمکوژن، جا ئەگەر وایە جیاوازیان چیە؟؟ ئێستا من لەڕۆژهەڵات سەنگەرم گرتووەو لەوانەیە ئەگەر پارچەیەکی تری کوردستان پێویستی هەبێ بچم لەوێ سەنگەر لەدوژمن بگرم. ئەم قارەمانانە بەم فکرو بیرکردنەوەیە بەگیان و بەدڵ خەباتیان دەکرد و لە زۆربەی زۆری شەڕەکانی ناوچە بەشداری چالاکانەیان هەبوو لە گەڵ براکانیان لە حزبی دیموکرات. هەتا سەرئەنجام لە ڕێکەووتی ٢شەممە ٩ی سەرماوەزی ١٣٦١ بەرامبەر بە ٣٠ - ٤ - ١٩٨٢ی میلادی لە شەڕێکی سەخت و خوێناوی دا لە بەردەکونتێ ی ناوچەی شارۆڕانی مەهاباد گیانی خۆی کردە پردەبازی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی بۆ نەوەکانی داهاتووی کوردستان. بەشکۆیەکی بەرزەوە لە کێڵێ سپیانی پیرانشار بەخاکی پاکی کوردستان ئەسپێردراوە.

ڕۆحیان شادو ڕێگاو ڕێبازو فکری جوان و کوردانەو نیشتمان پەروەریان پڕ ڕێبوار بێ.

یادو ناوتان بەرزو بەڕێز بێ.

مردن و نەمان بۆ دوژمنانی کوردو کوردستان.

سەردەکەێ خەباتی حەقخوازانەی میللەتی کورد.

بژی کورد، بژی کوردستان.

بەشی یەکەم

یادێک لە ڕەونشاد،(حاجی سەید باقی ناوە) کەسایەتی خۆشناوو نیشتمان پەروەر.



لەبیرەوەریەکانم دا بەدوورو درێژی باسی ئەو شەڕەم بۆ کردوون کە بوو بەهۆی شەهید بوونی

١- شەهید سەرگورد کەریم عەلیار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

٢- شەهید ئەبوبەکر کاکە برا ناسراو بە (ئەبو سەقزی)

٣- شەهید هەمزە بوبانەیی

٤- شەهید سولەیمان مام پیرۆتی، شەهید بون و هەروەها پێشمەرگەیەکیش گیراو پاشان ئیعدام کرا. لەم شەڕە گەورەیە دا ئێمە کەوتبووینە ناو کەمینێکی بەربلاوو زەبەلاحی دوژمنەوە لە چوار لاوە. شەڕەکە لە کاتژێر ١:٥٠ خولەکی بەیانی دەستی پێکرد بەتاریکی هەتا وڵات ڕوونـاک بـۆوە، ئێمە دوو شەهیدمان هەبـوو شەهیدان هەمزەو سولەیمان دیـارە کـاک سەرگورد بریندابوو گوللەیەک وە ڕانی کەووتبوو. پۆلێک پێشمەرگە کـاک سەرگوردیان بـردە خـوارێ، پـۆلێکیش هەمزەو سولەیمانیان بردە خوارێ کە هێشتا شەهید نەبوون بریندار بوون. لەخوارێ لەناو چۆمی هەمزەو سولەیمان شەهید دەبـن. کـاک سەرگوردو ئەبو سەقزی و کاک تـاهیر عەلیارو مامۆستا زێڕەو ناسر گودەرزی ڕوو لەدۆڵێک دەکەن و دەیانەوێ کاک سەرگورد لەنـاوچەی شـەڕەکە دوور بـکەنەوە. بەڵام هێزەکـانی ڕژێـم دەگەنەسـەر شـاخی ڕووبەڕوویـان و لەوێ بە تـۆپی ١٠٦ لێیـان دەدەن کە بەداخەوە کاک سەرگوردو کاک ئەبوو سەقزی هەردووکیان شەهید دەبن. دوای شەڕێکی چەندین کاتژمێری هەتا ئێـوارە وەکـوو فریشتە دوو کادری هیـزی شـەهیدانی وێیـردی بـانە لە ئێمە پەیـدابوون و ئێمەیـان کـرد بە دوو بەشـەوە، ئەوانەی بریـنـدارو

بەشی یەکەم

نەخۆش بوون بۆ لایەک و ئەوانەی کەمێک هێزو توانایان تێدا مابوو بۆ لایەکی تر. لەوکاتەدا دوژمن لەپشتەوە هێرشی کردە سەرمان ئیتر تەواو هەرچوار دەورمان گیرابوو. بەڵام خۆشبەختانە پێشمەرگەکانی (خەبات) پێشیان پێدەگرن و لێیان دەدەن و پاشەکشەیان پێدەکەن. ئێمە کەزانیمان پشتمان پێشمەرگەکانی سازمانی خەباتی لێیەو لەگەڵ دوژمن دەرگیر بوون. خۆمان سازماندەیی داوەو لەگەڵ فەرماندەی تێکۆشەر مامۆستا حەسەنی شیوەسەڵی کە نزیک بە ٢٠ پێشمەرگەیەک زیاتر یان کەمتر لەبیرم نەماوە گەڕاینەوە بۆ شوێنی یەکەمی شەڕەکە. چونکە زۆرێک لە پێشمەرگەکان دیار نەبوون. چووینە گوندی وشترمل لەوێ خەڵکەکە ووتیان جاش و پاسدارەکان پێشمەرگەیەکی بریندارى پشت کۆمیان گرت و بردیان. کە هەر جنێوی بە جاشەکان دەدا. پاشان بەرەو ئەو شوێنە ڕۆشتین کە کاک سەرگورد بە تۆپی ١٠٦ لێیان دان. هێشتا عەسرێکی زوو بوو کەدەستمان بەگەڕان کرد بەڵام هەتا تاریکی شەو هیچمان نەدیتنەوە. مەجبوور بەرەو گوندی (ناوە) وەڕێکەووتین. لەوێ (حاجی سەید باقی) شێخی ناوە مان دیت. لێرەدا مەبەستم لەم نووسین و ڕوونکردنەوەیە زیاتر ناساندنی ئەم پیاوە بەڕێزو نیشتیمان پەروەرو دڵسۆزەی کوردە. کاتێک چاوی بە ئێمە کەووت و دیتمان زۆر قیافەیەکی پیاوانەو نەرم و لەسەرەخۆو نورانی هەبوو. دڵسۆزی و هەستی کوردایەتی لەناوچاوان و هەموو هەڵسووکەوتی دەباری و دیار بوو. بەرەو پیرمان هاتوو هەموومانی لەئامێزگرت و ماچی کردن. دیار بوو دەیازانی حەتمەن ئێمە دەگەڕێینەوە، بۆیە دەستووری بە پیاوەکانی دابوو کە هەندێک قەبر هەڵکەنن و ئامادەیان بکەن کە دەزانم لەم شەڕە زەبەلاحەدا حەتمەن شەهیدیان هەیە. دووەم دەستووری دابوو نان و خواردن ئامادە بکەن. کاتێک فەرمووی لێکردین بۆ دیوەخان دوای چا خواردنەوەیەک و حەسانەوەیەک، ڕووی لەمامۆستا حەسەن شیوەسەڵی کردو فەرمووی چەند کاتژمێر پێش ئێستا فەرماندەی ئەم شەڕەی دوژمن لێرە بوو، زۆر خۆشحاڵ بوو گووتی زەربەی چاکمان لە زیدی ئینقلاب داوە. دیار بوو ئەوانە شارەزای ناوچەکە نەبوون. ئێستا پرش و بڵاومان کردوون و هەر ئەم شەو دیسان هێرشیان بۆدەکەین. بۆیە تکاتان لێدەکەم ئەمشەو ناوچەکە جێبێڵن و با تووشی زیانی زیاتر نەبن. ئەم گوندەی ئێمە (ناوە) جێگایەکی زۆر باشە بۆ دوژمن کە پێشمەرگە لەداو بخات. چونکە لەهیچ لایەکەوە پێشمەرگە ناتوانێ هێزی یارمەتی دەری بگاتێ، بۆیەش دوژمن ئێرەی هەڵبژاردوە دووەم: ئەو دوو شەهیدەی لێرەن ئێوە ناوەکانیان بنووسن و لە نایلۆنێکی بپێچن، ئێمە بۆخۆمان بەخاکیان دەسپێرین و ناوەکانیان لەبن سەریان دادەنێین با نەگۆڕدرێن. سێیەم: بۆ دیتنەوەی تەرمی کاک سەرگوردو کاک ئەبوو سەقزی من پیاوەکانم دەنێرم هەتا نەیانبینەوە دەست هەڵناگرین. ئێوە ئەم کارانە بە من بسپێرن و خاترجەم بن. لەکاتی ڕۆشتنمان پیرەژنێک گووتی من هەندێک پێشمەرگەم دیتن بەو ڕێگایەدا ڕۆشتن، بزانە لەو ماڵانە نین. کەچووین و گەیشتین لەوێ کاک تاهیر عەلیارو چەند کەسێکی تر لەوێ بوون. کاک تاهیر دەستی بەناوچاوانیەوە گرت و گریا. هەتا ئەوکاتە هەر هیوایەکمان مابوو کە کاک سەرگوردو کاک ئەبوو زیندوو بن. بەڵام ئەوجار تەواو زانیمان کە لە ژیاندا نەماون و شەهید بوون، وێکڕا دەستمان بەگریان کرد. یەکجار کاتێکی ناخۆش و دڵ هەژێن بوو. پاشان هەموومان بەرەو ناوچەی ئازادکراو حەرەکەتمان کرد لەژێر

بەشی یەکەم

ڕێنوێنی هەردوو کادری ئازاو فریشتە ئاسای کاک تۆفیق عەبدوڵاهی و بەداخەوە ناوی ئەوی دیکەم لەبیر نەماوە کە کادری کۆمیتەی شارستانی بانە بوون. پاشان حاجی شێخ باقی ناوە شەهیدەکانی بەخاک ئەسپاردبوون و، تەرمی هەردوو شەهید کاک سەرگوردو کاک ئەبوو سەقزیان دیتبوونەو هەر لە جێگای خۆیان بەخاکیان ئەسپاردبوون. پاش ماوەیەک کادرو پێشمەرگەکانی بانە دەیانگوێزنەوە بۆ ئەو شوێنەی کە ئێستا تێیدا بەخاکی پاکی کوردستان ئەسپێردراون٠ بۆیە هەتا ئێستا باسی پیاوەتی و شەهامەتی حاجی شێخ باقی ناوە م نەکردبوو چونکە لەژیاندا مابوو، نەمویست دوژمن کێشەی بۆ دروست بکات. بەڵام ئێستا بەداخەوە لەژیاندا نەماوە و ڕۆحی شادو نمونەی پیاوی وا دڵسۆزو نیشتیمان پەروەر زۆربێ.

هەرچەندە کوردستان بە هەزارن و هەزاران براو خوشکی وا دڵسۆزی تێدایە. دیسان ڕۆحی شادبێ جێگای بەهەشتە. سڵاو لەڕۆحی سەرجەم شەهیدانی کوردستان، ڕێگاو ڕێبازی خەباتیان بەردەوام و بەرزو بەڕێز بێت. مردن و نەمان بۆ ڕژیمی تیرۆریستی کۆماری پەت و سێدارە و نۆکەرەکانی. ڕێکەووتی ئەم شەڕە ڕۆژی یەک شەممەی ١٠ای پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٤ای هەتاوی بەرامبەر بە ٣٠ - ٦ - ١٩٨٥ای میلادی بوو.

یادێکی کورت لەشەهیدی نەمر هەژار قاسمی...



هەژار یەکێک پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانی حزبی دیموکرات و هاوڕێی هەموو هەژارەکانی کوردستان بوو. لەشارە جوانەکەی مەهاباد، شاری پێشەوا(قازی محمەد) چاوی بەدنیا هەڵێناوە. هەژار لەکاتی لاویەتی خۆیدا، بەهۆی ئەوەی لەناو بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو شۆڕشگێڕدا گەورە ببو هەستی زیاتر بەستەمی دوژمنان دەکرد. هەر بۆیە بێ دوو دڵی خۆی گەیاندە ڕیزی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان. هەژار لەکاتێکدا چەکی شەرەفی کردە شانی و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی. کە هەتا ڕادەیەکی زۆر تەقەی تفەنگەکانی شۆڕشگێڕان لە ڕۆژهەڵات کپ و بێدەنگ و کەمتر لەجاران دەبیسترا. بۆیە هەژار وەکوو هەڵۆیەکی تیژبانّی سەر دوندو شاخە سەختەکانی کوردستان باڵەکانی ئاوەڵا کردن. خۆی بۆ خەباتێکی سەخت و دژوار ئامادە کرد لەگەڵ هاوسەنگەرانی بەوەفای. لەناو سەنگەرێکی تازەی خەبات بەناوی (پارێزەرانی ڕۆژهەڵات). کاتێک ئەم هەڵۆیانە چوونەوە قوڵایی ناوچەکانی کوردستان، بەتایبەتی دەوروبەری پارێزگای (ورمێ) و شارەکانی. دەنگ و قرچەی بەسامی تفەنگی پێشمەرگە، بەهەموو ناوچەدا دەنگی دایەوە. دەنگی زیندووکردنەوەی خەبات و خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی ستەم و زۆرداری لەڕۆژهەڵاتی کوردستان. پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لەو ماوەیەدا توانیان چەندین عەمەلیاتی سەرکەووتوانە ئەنجام بدەن. وەکوو کەمین و لێدان لەدوژمن و بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ هێزشی هێزەکانی دوژمن. ژمارەیەکی زۆر لە بەکرێگیراوان کوژران و بریندار بوون. هەتا سەرئەنجام لە ڕێکەووتی ٢٢ - ٩ - ٢٠١٤

بەشی یەکەم

لەیەکێک لەو تێکهەڵچوونانە و شکاندنی کەمینی دوژمن لە دەشتی شنۆ. لە گوندی حەسەننوران لەیەکەم دەسپێژدا بەداخەوە هەژاری قارەمان شەهید دەبێ. دوای شەڕێکی دەستەویەخە دەستێکی باش لە دوژمنان دەوەشێنن و لەکەمینەکە دەربباز دەبن.

هەژار باقی ڕێگای خەبات بۆ هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بەجێدێڵێ.

ڕۆحت شاد هەژاری قارەمان و نەمر،

یادو ناوت هەمیشە زیندوو. ئارام بنوو خەبات دریژەی هەیە.

بەشی یەکەم

پیرۆزبایی لە لاوان...



لاوانی خەباتگێڕی کوردستان بە بۆنەی ٢٢ی خاکەلێوە، ٧٦هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پیرۆزباییتان لێ دەکەم. بناغەی پەتەوی هەموو میللەتێک لاوەکانیەتی، کە لەدواڕۆژدا دەبنە کۆڵەکەی بەهێزی وڵاتەکەیان. ئێوە درێژەدەری ڕێگای پێشەوا قازی محمدو ڕێبەرانی ڕابردوون. ئەرکێکی سەنگین و شۆڕشگێڕانەتان دەکەوێتە سەرشان لەداهاتووی ئەم نیشتیمانە. چونکە هەر ئێوەن فەرماندەران و پیاوانی سیاسی و شۆڕشگێڕانی بەحەق و ڕوناکبیران و ڕێبەرانی داهاتووی کوردستان. لەبیرتان نەچێ ڕوناک بیران ئەرکی سەرەکیان پتەوکردنی بناغەی ڕۆشنبیری وڵاتێکە لەسەر ڕێڕەوێکی دروستی ژیان و خەبات بۆ ئەو ژیانەی میللەت دەیەوێ و شایانیەتی. بەهیوای دواڕۆژێکی ڕوناک و سەربەرزانە بۆ لاوەکانمان و سەرکەوتووبن.

شۆڕش ئەسەدزادە

١٠ - ٤ - ٢٠١٩

یادێک لەشەهید: عەبدوڵا بیژەن فەڕ...



عەبدوڵا لەدایک بووی گوندی (قۆزلوێ)ی مەهابادە. هەتا تەمەنی ١٠ ساڵان لەو گوندە ژیاوە، پاشان ماڵیان چۆتە مەهاباد. لەبنەماڵەیەکی هەژارو کوردپەروەردا گەورە بووە. برایەکی بەناوی مستەفا بیژەن فەڕ یەکێک لەشەهیدەکانی ٥٩ لاوی مەهابادی بوو کەبەدەستی جەلادەکانی ڕژێمی ئیسلامی ئیعدام کران بێ ئەوەی تاوانێکیان کردبێ. عەبدوڵا پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێڕو ئازاو نەترس بوو. خۆشەویستی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بوو. لە زۆربەی کارو ئەرکەکانی حزبی دا چالاک و بەشدار بووە. لە چەندین شەڕی ناوچەکانی کوردستان بەشداری چالاکانەی کردووە. لەناوەندی ٢ی کوردستانەوە وەکوو ئەرکی حزبی دینێرنە بەشی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، بۆ پارێزگاری وەکوو پێشمەرگە لەسەروو دۆڵی قەڵاسەیدە. کەئەوکات ڕادیۆ لەوێ خەریکی دروستکردنی خانوو بوون بۆ ئەو بەشە لەڕادیۆ. زۆربوون ئەو کوڕە باشانەی لەوێ بوون، نامەوێ ناوی هەموویان بنوسم نەکوو هیچ کەس لەقەڵەم بکەوێ. ئەوکات هێشتا حکوومەتی (بەعس) مابوو ئەوناوچەیەش دۆڵەڕەقە ناوچەی قەدەغە کراو بوو. بەڵام زۆربەی خەڵکی ناوچەکەو کەسانێکی زۆر کە لاوان و کەسانی قاچاغ بوون لە حکوومەت بەبۆنەی ئێمەوەو لەکەناری ئێمە خۆیان حەشار دابوو. ئێمەش ڕێزێکی زۆرمان لێدەگرتن و زۆربەی پێداویستیەکانیان حزب بۆی دابین دەکردن. زۆرێک لەوانە سەربازی هەڵاتوو و یان ئەو کادرو پێشمەرگانەی حزبەکانی باشوور بوون، یان خەڵکی ئاسایی و خاوەنی زەوی و زاری ناوچەکە بوون. مامۆستا (تاهیر بەهرام وەند) بۆی گێڕامەوە کە ئەوکات ئەو کادری ڕادیۆ بوو لەبەشی وەشاندنی ڕادیۆ. کە ئێوارەیەکی زوو بوو هەموومان لەسەربانی ڕادیۆ دانیشتبوین کەسێک بەسواری ئەسپێکەوە پەیدابوو. سەگەکانمان هێرشیان بۆ کرد دەنگماندان یەکێک لەسەگەکان (شیکا) بوو پێشمەرگە

بەشی یەکەم

دێرینەکان دەیناسن. بەخێرهاتنمان کردو فەرموومان لێکرد و ناسیاوی یەکێک بوو لە پێشمەرگەکانی خۆمان. وادیاربوو پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتیمانی بوو بەڵام دانیشتبوو. زۆرمان ڕێزو حورمەت لێگرت و دوایە بەڕێمان کردو ڕۆشت. دوای ١٠ - ١٢ ڕۆژ دواتر ڕۆژێک سەگەکان هێرشیان بردە سەر گرەبەردەکانی سەرووی ڕادیۆ. ئێمەش هەموومان هاتینەدەرێ بزانین کێیە، عەبدوڵا دەستی دایە تفەنگەکەی و بەرەو شوێنەکە سەرکەووت و ڕۆی. دوای ئەوەی دەنگی وەڕینی سەگەکان نەماو بێدەنگ بوون. وادیار بوو کەسەکە ئاشنایەو عەبدوڵا لەگەڵی قسەی کردووەو فەرمووی لێکردوە. کەمێک دوور بوون لەئێمەوە بە ماوەی ١٠٠ مەترێک زیاتر. هەمان کەس بوو کەجاری پێشتر هات و زۆرمان ڕێز لێگرت. وادیاربوو کە عەبدوڵا فەرمووی لێکردووە، نەیویستووە میوان بێ و وای نیشان داوە ڕێبوارم و دەڕۆم. هەر عەبدوڵا پشتی تێدەکات کە بێتەوە بۆ ڕادیۆ. لە پشتەوە ٣ فیشەکی بە سەریەوە نابوو. ئێمەش کە گوێمان لەدەنگی تەقەکان بوو، خێرا خۆمان گەیاندە شوێنەکە. کەدیتمان عەبدوڵا شەهید بووە. وەدوای پێو شوێنی کەووتین دیار بوو بەدۆڵەکەدا داگەڕابووە ناو ئەو ماڵانەی لەچادردا بوون. دوایە بۆمان ڕوون بۆوە کە گوایا لە شاری نەغەدە ئەم قاتڵە ویستبووی ئیجازەی شۆفێری وەربگرێ، ئیتلاعات پێیان گوتبوو بڕۆ پێشمەرگەیەک بکوژە وەرەوە ئیجازەکەت دەدەینێ ئەم ڕووداوە لە ڕێکەووتی ٤ی خەرمانانی ١٣٦٩ بەرامبەر بە ٢٦ - ٨ - ١٩٩٠ ی میلادی ڕویداوە لەدۆڵی (قەڵاسەیدە) سەربە ناوچەی ڕانیە. بەرزو بەڕێز بێ یادی شەهید عەبدوڵاو هەموو شەهیدان بەتایبەتی شەهیدانی دەستی تیرۆر.. عەبدوڵاو نزیک بە ٣٠٠ کادرو پێشمەرگەی تر بەدەستی کەسانی خۆفرۆش و نەفس نزم و کوردی کاسەلیس شەهید کران تەنها بۆ پارەو پوڵێکی کەم.

خوێنی ئەم شەهیدانە نە ون دەبن و نە فەرامۆش دەکرێن ڕۆحتان شاد بێ.

سوپاس و ڕێز بۆ مامۆستا تاهیر هاوکاری کردم.

یادێک و وەفایەک بۆ فەرماندەی شەهید (قادر حاجی پوور)...



شەهید قادر لەدایک بووی گوندە جوانەکەی (بەرکەمران) لە ناوچەی (لاجان) سەربە شاری پیرانشار بوو. لێرە بەهەوای پاک و ئاوی سازگاری کوردستان پەروەردەو گەورە بووە. قادر نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانەو لەو ڕووناکیە بێبەش بووە.

بۆیە هاوکاری باوکی کردووە لە زەحمەت و مەینەتیەکانی ژیان. هەتا دوای ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی. قادر وەکوو هەموو لاوێکی ئەوکات بێ دوودڵی پەیوەند دەبێ بەیەکێتی لاوانی دیموکرات.

هەتا ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی بەیەکجاری چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانی و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ. شەهید قادر زۆر زوو هێزو تواناکانی خۆی نیشان داو، لەمەیدانی کردەوەدا هەموو هێزی خۆی بەکاردێنا بۆ سەرکەووتن بەسەر دوژمناندا. بەشێوەیەک بوو بە جێگای سەرنجی هاوسەنگەرانی.

شەهید قادر هیچ کاتێک بواری بەدوژمن نەدەداو تاڵاوی شکستی پێ دەچێشتن. قادر کوڕێک و پێشمەرگەیەکی بەتەواو مانای خۆی بوو. نەبەزو قارەمان و زیرەک و بەبەرنامە. بۆیە کردیان بە سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکان. شەهید قادر لەشەڕەکانی بەناوبانگی سێپەکان و شەڕەکانی جادەی نێوان سەردەشت - پیرانشار. شەڕی گەلی توان - جادەی میشەدێ بۆ دۆڵی گوێزان. شەڕی ناو شاری پیرانشار. وە چەندین عەمەلیاتی دیکەی ناوچەکە هەموو شاهێدی قارەمانیەتی شەهید

بەشی یەکەم

قادر بوون.

هەتا ساڵی ١٣٦٩ وەکوو جێگری لک دیاری دەکرێ. دواتر لەساڵی ١٣٧٠ لەلایەن هێزو تەشکیلات وەکوو فەرماندەری لک دیاری دەکرێ لەهێزی قەندیل. هەتا سەرئەنجام لە ڕێکەووتی ٢١ی پوشپەڕی ١٣٧٠ هەتاوی بەرامبەر بە ١٣ - ٧ - ١٩٩١ی میلادی لەکاتێکدا لەگەڵ پۆلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی قەندیل بەرەو قوڵایی ناوچە دەگەڕانەوە بۆ کارو ئەرکی حیزبی لەناوچەی پیرانشار لە شوێنێک بەناوی دۆڵەسپی دەکەونە ناو کەمینی دوژمن.

دوای شەڕێکی قارەمانانەو دەستەویەخە، بەداخەوە فەرماندە قادر شەهید دەبێ لەگەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی بەناوی (قادر ڕەحمانی). بــۆ هەمیشە چاویان لێکناو تێکەڵ بەکاروانی نەمران بوون.

یادو ناوتان هەمیشە زیندوو،

ڕێگای پیرۆزی خەباتان پڕ ڕێبوارە....

یادێک لە شەهید: فەتاح حاجی ڕەشیدی...



یەکێکی تر لەو بنەماڵانەی شاری مەهاباد، کە بەبنەماڵەوە لەخزمەت حزب و خەڵکدا بوون. بنەماڵەی شەهید فەتاح حاجی ڕەشیدی بوو لەچوار برا سێیان پێشمەرگە بوون. بێجگە لەوە ٣ خاڵیان شەهیدی کوردستانن. فەتاح لە شاری مەهاباد لەبنەماڵەیەکی هەژاری ئەم شارە لەساڵی ١٣٤٠ ی هەتاوی لەدایک دەبێ و هەتا ئەوەڵی نەزەری درێژە بەخوێندن دەدا. پاشان لەکاتی لاویەتی ئەودا شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران دەستپێدەکات و سەرئەنجام ڕژیمی پاشایەتی دەڕوخێ. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەوکات خەباتی ئاشکرای خۆی ڕادەگەیەنێ. دوای هێرشی سوپای ڕەش و نەزانین بەدەستووری خومەینی بۆسەر کوردستان. فەتاح چەکی بەرەنگاری لەخاک و نیشتیمان دەکاتە شانی و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ. هاوڕێکانی خۆی دەگێڕنەوە دەڵێن فەتاح هەرچەندە بەتەمەن کەم بوو بەڵام لەفکرو بیرکردنەوەدا کەسێکی لێزان و دووربین و جێگای سەرنج بوو. کەمی دەکووت و زۆر تێدەگەی. زۆر وریاو لێکدانەوەی دروستی هەبوو لەهەموو بارێکەوە. بۆیە جێگای خۆی لەناو دڵی هاوڕێیانی و هاوسەنگەرانیدا کردبۆوە. فەتاح لەگەڵ ئەوەی تەمەنی کەم بو، بەڵام پێشمەرگەیەکی ئازاو دلێرو نەترس بوو. هەمیشە لە سەنگەری پێشەوە بوو. هەتا سەرئەنجام لەڕۆژی ١ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٥٩ ڕۆژی شەممە بەرامبەر بە ٢٢ - ١١ - ١٩٨٠ی میلادی لەسەر جادەی نێوان ورمێ. مەهاباد لە ئاست گوندی کۆسەکەرێز لە ناوچەی شارویران. لەگەڵ ستوونێک لە هێزەکانی دوژمن ڕووبەڕوو دەبن. تەقە لەهەموو

بەشی یەکەم

لایەکەوە دەستپێدەکات، تویوتایەک بەسەرنشینەوە دەکەونە بەر ئاگری تفەنگی پێشمەرگەکان. پاشان بەهۆی درێژەی شەڕ باقی هێزەکانی دوژمن دەگەڕێنەوە بۆ سەر پێشمەرگەکان. هێلیکۆپتەر لەچەندین لاوە لێیان دەدەن. پێشمەرگەکان دەپەڕێنەوە ئەوبەری جادە. وەستا محمد هیندەوەش و فەتاح خۆیان دەگەیەنە بن یەکێک لە پردەکانی بن جادە. بەڵام ئەو هەموو هێزەو هەلیکۆپتەرەکان هێرشیان دەکەنە سەریان و دوای شەڕێکی دەستەویەخەو قارەمانانە هەردووکیان شەهید دەبن. وەستا محمد سەرپەلیان دێ و تا دوا فیشەک لەگەڵ دوژمن بەشەڕدێن و پاشان پیاوانە و سەربەرزانە ژیان و گیان و ڕۆحی خۆیان دەکەنە پردەبازی ڕێگای ئازادی بۆ نەوەکانی داهاتوو، هەتا بە ئاسوودەیی و سەربەخۆ بژین. تەرمی شەهید دێنەوە بۆ گوندی (لاچین) کاک هەژار کە فەرماندەری هێزی پێشەوا بوو پێشمەرگەیەک دەنێرێ لەدوای دایک و بابی شەهید فەتاح. دەڵێن فەتاح بریندارە بەڵام لەوێ ڕاستان پێدەڵێن کە بەداخەوە فەتاح شەهید بووە. بابی بەکاک هەژار دەڵێ من تەرمی کوڕەکەم دەبەمەوەو گۆڕستانی مەهاباد بەخاکی دەسپێرم. کاک هەژار قەبوڵ ناکات لەبەر باری ئەمنیەتی. دایکی شەهید دەڵێ ئیجازە هەیە وەکو دایکی شەهید قسەیەک بکەم. هەموو دەڵێن فەرموو.دەڵێ من کوڕی خۆم هەر لەم شوێنە بەخاک دەسپێرم. کاک هەژار ناوچاوانی ماچ دەکات و بەدڵێکی پڕەوە لەسەر تەرمی شەهید بەڵێنی دەدەن ڕێگای پیرۆزی درێژە بدەن هەتا هاتنەدی ئاواتی هەموو شەهیدانی کوردستان. ئەو جێگایە ئێستا ئارامگای پۆلێک لەپێشمەرگەکانی کوردستانە. لاوەکان کیژو کوڕانی خوێن گەرم، هۆگرانی شەهیدان و ڕێگای پیرۆزی حزبەکەتان حزبی دیموکرات. ئەم شەهیدانە بۆ ئازادی و سەرفرازی و ژیانێکی خۆشتر بۆ ئێوە گیانی خۆیان بەخشی. ئێوەش ڕێگایان ون مەکەن و درێژەدەری خەباتی ئەوان بن. چونکە هەر ئێوەن خاوەنی ئەم کوردستانە. هەر ئێوەن پیاوانی سیاسی و فەرماندەرانی داهاتوو. هەر ئێوەن داهاتووی ئەم وڵاتە دەگرنە دەست. سەنگەری شەهیدان چۆل مەکەن و چەکی شەهیدان بکەنە شانتان..

بژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، باسکی بەهێزی گەل.

سەردەکەوێ خەباتی ڕەوای گەلی کورد. بژی کوردستان.

چۆنیەتی شەهید بوونی ٥ لاوی قارەمان و پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستان ؟؟؟



١- مستەفا قارنی.. خەڵکی مەهاباد

٢- قادر خاوەریان .. خەڵکی مەهاباد

٣- سمایل سیگاری.. خەڵکی مەهاباد ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی بوو لکی ٣ی هێزی شەهید پێشەوا بە فەرماندەیی کاک (کەریم خاڵدار) بە ئەرکی حزبی لەناوچەی شارەکانی (سەقز - بۆکان) خەریکی کاروباری سیاسی و نیزامی بوون لە ناوچەکەدا. هەروەها هێزێکی کۆمەگی بوون بۆ هێزەکانی (بەیان و شەهید عەزیز یوسفی). پێشمەرگەکانی هەردوو هێزی (بەیان و پێشەوا) نەخشەی گرتنی پایەگایەکی دوژمن دادەڕێژن بە ناوی پایەگای (شاخی ئاڵتوون) کە دەیڕوانیە سەر شاری سەقزو ناوچەکانی دەوروبەری گوندی (سەرا)ی سەقز. ئەم پایەگایە هێزێکی زۆری دوژمنی تێدا بوو هەروەها چەندین تۆپ و خومپارەی لێ بوو کە شەوو ڕۆژ تۆپ و خومپارە بارانی ناوچەکەیان دەکرد. بەمەبەستی گرتنی ئەم پایەگایەو بە سزا گەیاندنیان. دوای شوناسایی و نەخشەی چۆنیەتی گرتنی پایەگا. پێشمەرگەکان بوون بە چوار دەستە،، دەستەی یەکەم کە پەلێکی هێزی بەیان بوو وەکوو کەمین لەسەر جادەی سەرەکی سەقز دانران بۆ ئەوەی پێش بە هەر هێزێکی یارمەتی دەری دوژمن بگرن و بەرپەرچیان بدەنەوە.. سێ دەستەش لە سێ قۆڵەوە دانران بۆ هێرش کردنە سەر پایەگای

بەشی یەکەم

دوژمن. جێگای پایەگاکە شاخێکی سەخت و بەرزو دژوار بوو، بۆیە هەرگیز دوژمن بیری لەوە نەکردبۆوەو پێیان وانەبوو پێشمەرگە بتوانێ هێرش بکاتە سەریان. ئەوکات کاک (سەروان سابیر) جێگری هێزی ١١٠ی بەیان بوو کە کاک (سەرهەنگ چیا) فەرماندەری هێز بوو هەروەها شاری (بۆکان) لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوو. کاتێک ڕۆژی عەمەلیات دیاری کرا، پێشمەرگەکانی هەردوو هێزی بەیان و پێشەوا خۆیان ئامادە کردوو سەر لە ئێوارەی ئەو ڕۆژە واتە ڕۆژی ٩ - ٦ - ١٩٨١ی میلادی بەرەو پایەگای دوژمن لە کێوی ئاڵتوون وەڕێکەووتن. سەعاتی (سفر) دانرا بۆ یەکەم لێدانی (ئاڕ پێ جی) لە مۆڵگەی دوژمن،، پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا لە دوو قۆڵەوە بۆیان وەسەرکەووتن، پەلێکی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لە قۆڵی سێیەم بۆیان وەسەرکەووتن سەرپەلەکەیان کوڕێکی قارەمان بوو خەڵکی مەهاباد بەناوی خالید هەتا کاتی سەعاتی سفر پێشمەرگەکان لە بن پایەگا دانیشتن و ئامادە بۆ هێرش، پێویستە بڵێم ئەو شەوە شەهیدان یوسف سازواری و جەعفەر گوشوارەو حەسەن گوڵە جەوانی و حەسەن سازواری لەگەڵ بوون. سەری کاتژمێری یەکی نیوەشەو ئاگر بەسەر پایەگادا باری لەلایەن پێشمەرگەوە. قرچەی تۆقێنەری دەنگی گوللەی پێشمەرگە دوژمنی بە شێوەیەک تەزاند هەموویان حەپەسابوون،، ئاگری پێشمەرگە ئەوەندە توند بوو لەسەریان ئەو پایەگا گەورەیە تەنیا بە ٣٠ خولەک بەتەواوی دەستی بەسەردا گیراو تەواوی چەکی قورس و سووک و هەموو کەرەستەکانی سەربازی کەووتە دەستی پێشمەرگەکان ٨ کەسیان بە دیل گیران ئەوانی تر هەموو کوژران. ٢ تۆپی ١٠٥ ملم ی لێ بوو لەگەڵ گوللە تۆپێکی زۆر لەبەر نەبوونی ڕێگاو سەختی ناوچەکە هەر لەوێ لەلایەن پێشمەرگەکانەوە ئاگریان تێبەردرا. هەروەها ٢ قەبزە خومپارەی ١٢٠ و ٨١ ملم و گوللەیەکی زۆری خومپارە کە هەمویان سوتێنران گرتنی زیاتر لە ٤٠ تفەنگ بە هەموو موهیماتەکانیانەوە کە لەگەڵ ئەسیرەکان هێنایانە خوارێ کە بەداخەوە خالید سەرپەلی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر لەکاتی گرتنی پایەگادا شەهید بوون. پێشمەرگەکانی کە کەمین بوون لەسەر جادە دوای ئەوەی زانیبوویان پایەگا گیراوە بەرەو گوندی (سەرا) کشابوونەوە، بەڵام هەر بەدوای ئەواندا هێزی دوژمن لە شاری سەقزەوە کە دەبینن پایەگا ئاگری تێبەردرا لەلایەن پێشمەرگەوە بەرەو گوندی (سەرا) هێرش دێنن بە تۆڵەی پایەگای ئاڵتوون.. خەڵکی شاری سەقزو دەوروبەر هەموو شاهیدی قارەمانیەتێ پێشمەرگەکانیان بوون و ئاگری پایەگا لە هەمو ناوچە دەدرەوشایەوە کڵپەی دەستاند. پێشمەرگەکان کە تازە گەیشتبوونەوە ناو گوندی سەرا هەست بەبوونی دوژمن دەکەن لە دەوروبەری گوندەکە کە دەنگی تانگ و ماشێنەکانی دوژمن دێ،، کاک کەریم خاڵدار خێرا سازماندەیی پێشمەرگەکان دەکات و جێگایان بۆ دیاری دەکات، بۆ خۆشی دەستکەووتەکان و دیلەکان دەباتەوە بۆ شاری بۆکان و خێرا بە تۆپێکی ١٠٦ ملم و چەند پێشمەرگەی تر دەگەڕێتەوە گوندی سەرا.. لەگەڵ ڕوناک بوونی هەوا شەڕ لە نێوان هێزەکانی دوژمن و پێشمەرگەکان دەست پێدەکات. کاک سەروان سابیر لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی بەیان و پێشمەرگەکانی هێزی پێشەواش هەموو پێکەوە بەرەنگاری ئەو هێزە گەورەی دوژمن دەبنەوە، بەم شێوەیە شەڕ هەر درێژەی دەبێ دوژمن هەتا نیوەڕۆ دووجار هێرشی بەربڵاوی هێنا بۆ سەر

بەشی یەکەم

سەنگەرەکانی پێشمەرگە هەموو جارێ بە دانی چەندین کوژراوو بریندار پاشەکشەیان پێدەکراو دەگەڕانەوە، دوای ئەوەی سازماندەیی خۆیان دەکردەوە هێرشی سێیەمیان هێنا شەڕ زۆر گەرم بوو دوژمن زۆری لێ کوژرابوو لە قۆلێکی شەڕەکە دوژمن زۆری فشار هێنابوو بە داخەوە لەکاتی هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر دوژمن(مستەفا قارنی) دەپێکرێ و شەهید دەبێ پاشان (قادری خاوەریان و سمایل سیگاری) هەردووکیان بریندار دەبن لەوکاتەدا هێزێکی زۆری دوژمن کە بە هەلیکۆپتەر دەیانهێنانە مەیدانی شەڕەکە هێرش دەکەنە سەریان بە بریندارى هەتا دوا فیشەکیان شەڕ دەکەن و پاشان بە بریندارى و بە بێ هۆشی دەکەونە دەستی دوژمن، پاشا ماوەیەک پێشمەرگەکان هێرش دەکەنە سەر دوژمن بە شێوەیەک ڕاویان دەنێن کە هەلیکۆپتەرێک کە هێزی دابەزاندبوو نەیتوانی هەستێتەوە بە ساغی کەووتە دەستی پێشمەرگەکان هەروەها هەلیکۆپتەری دووەم کە پێکرابوو لە نزیک شاری سەقز کەووتە خوارێ و هەموو سەرنشینەکانی سووتان. پاشان پێشمەرگەکان هەلیکۆپترەکەی تریان سووتاندوو نەفەراتی ناو هەلیکۆپتەرەکە توانیان بە زیندوویی هەڵێن. کاتێک قادرو سمایل بە بریندارى دەگیرێن دەیانبەنە پادگانی شاری سەقز دواى ئازارو ئەشکەنجەیەکی وەحشیانە لەلایەن جاش و پاسدارەکانەوە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانەو نامرۆڤانە شەهیدیان دەکەن. شەهید یوسف پیردۆخت لەو شەڕەدا بریندار بوو..

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلی کورد...

گرتنی پایەگای "گابازەڵە" لە شارۆچکەی مەهاباد بە تۆڵەی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد...



هاوینی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بوو، ئێمە لکی ١ی شەهید کاک شوان سەر بە هێزی پێشەوا لە ناوچەی "مەهاباد" شەش پەل بووین کە هەمیشە سێ پەلمان لە ناوچەی شارۆچکەی بوون بۆ عەمەلیات و کاروباری سیاسی و نیزامی سێ پەلەکەی ترلە ناوچەی مەحاڵی ئاختاچی بوون. " کەماڵ سمایلزادە " فەرماندەری لکی ١ بوو، بنکەکەمان لە گوندی "ئەمیناوا" بوو، ئێمە وەکوو ئەرکانی لک و لەگەڵ پەلی شاهۆ داگەڕاینە خواری بۆ شارۆچکە، بە نیازی عەمەلیاتێکی گەورە بووین بە تۆڵەی ٥٩ لاوی بێگوناح و شەهیدی مەهاباد کە زۆر زاڵمانە هەموویان لەلایەن پیاوکوژەکانی کۆماری سێدارەوە تیرەبارانکران. ئەوکات ڕێکخراوی شارۆچکەی زۆر چالاک و تێکۆشەر بوون کاک "سەید برایم کەریمی" بەرپرسی ڕێکخراو بوو، کۆبوونەوەیەک کرا کە باس لە گرتنی پایەگای " گابازەڵە " کرا کە ڕێکخراوی شارۆچکەدەست نیشانی کردبوو، وا دیار بوو ڕێکخراو لەگەڵ چەند کەسێک لە سەربازانی ناو پایەگا پەیوەندیان گرتبوو لە ڕێگای شەهید "یوسف پیرزاد" و کاک سەید برایم و چەند کەسێکی تر. کە ئەو دوو سەربازە لە گرتنی پایەگا هاوکاری پێشمەرگەکان بکەن، قەرارو بڕیار دانرابوو. دەبوو دوو سەربازەکە لە سەروکاتی هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر پایەگا ئاگادارمان بکەن لە ڕێگای هەڵکردن و کوژاندنەوەی "چراگاز " وە ٣ جار. هەموو شتێک ئامادە کرابو دەستەی هێرش بەر دیاری کرابوون، دەستەکانی کەمین و پارێزگاری دانرابوون، سەعاتی سفر دیاری کرابوو، پایەگا زۆر گەورە بوو، لەناوچەکەدا پایەگای "دایک" بوو زیاتر لە ١٠٠ کەسی تێدا بوو هەندێک پاسدارو ئیتلاعاتی سوپای تێدا بوو دیارە پایەگا دەست نیشان کرابوو بۆ گرتن، خۆ

بەشی یەکەم

ئەگەر کەسانێک لە ناو پایەگا هاوکار بوونایە گرتنی ئاسانترو خێراتـــر دەبوو بـۆ ئێمە٠ سێ پەلی لکی ١ لەوێ بـووین لە کـادرو پێشمەرگەکانی ڕێکخـراوی شـاروێران. هەروەهـا بە بەشـداری و فەرماندەیی کـاک "ئاسـۆ موکریـانی" کە ئەوکـات جێگری فەرماندە هێزی پێشەوابوو. دەورێکی زۆر چالاکـانەو باشی گێڕا لەگەڵ فەرماندە لـــک و سەرپەلەکان. ئەوەندەی بیرم بێ دەستەی هێرش بەر 25 کەس دەبووین شەوێ هەموومان کۆبووینەوە دەستەی هێرش بەر دەبو بـڕۆین لە بـن پایەگـا دانیشین چاوەڕوانی ئیشارەتی ئەو دوو کەسە بین، شێوەی هەڵکردنی چراگازەکە دیـاری کرابـوو، ئێمە هەمـوو لە بـن پایەگـا بـووین ئامـادە بـۆ هێرش کـردن، ئیشـارەتەکان لێدران بەڵام شێوەی لێدانەکان فەرقی هەبـوو وا نەبـوو کە بە ئێمەیـــان کوتبوو، بۆیە مەشکووک بـووین و گەڕاینەوە پێمـان وابـوو فێڵ و تەڵەیەک لە ئـارادایە. ئەو شـەوە نەچـووین و گەڕاینەوە، شـــەوی دووەمیش هەروا بە هـۆی هەندێک کـاری ئیشتبا نەمـانتوانی بۆیـان سـەرکەووین و گەڕاینەوە، ئێمە تەواو تـورە بووبوین بۆیە بـــۆ شەوی سێیەم بڕیاری خۆمانمان دا وەکوو دەستەی هێرش بەر، کووتمـان ئاگادارمـان بکەن یـا نەکەن هەر سەردەکەوین و پایەگـــا حەتمەن دەبـێ بگیـرێ ئەمشـەو دەستەی هێرش بەر تـوورە بـوون و ئاگریـان لە چـاوان دەبـاری لە داخـان بـۆیە بـێ گوێدانە هیچ شـێێک بە قەسـتی لێدان و گـرتن و تـۆڵە بۆیـان سـەرکەووتین. کە گەیشـتینە دوو مەتـری سـەنگەرەکانیان دەسـت لەسـەر پەلاپیـتکەی تفەنـــگ لەسـەنگەری یەکەم دەرەجەدارێـک چراگـازەکەی هەڵکـردوو ئیشـارەتی پێداین زانیمـان کە خـۆیەتی، ئێمە هەمـوو ئامـادە بـووین بـــۆ هەر شـێوە پیلانێـک و فێڵێـک ئەگەر لە ئـارادا بـێ ، چـونکە هەروا سـووک و ئاسـانیش باوەڕمـان پێنەکردبـوون بـۆیە سـێ لامـان لـــێ گرتبـوون، ئەگەر پیلانێکیش لە گۆڕێـدا بـوایە پایەگامان بەسەردا وێران دەکردن و هەمووبان دەکوژران، بـۆیە هەر جـۆرە جـوڵەیەکی مەشکووک کرابـا لێمـان دەدان. دەسـتی بڵند کردوو هاتە پێشێ سیمی خاردارەکەی لەسەر ڕێگامـان لاداو جـادەکەی کـــــردەوە بۆمـان.. زۆر بەخێرایـی پێشمەرگەمـان نارده ناو سـەنگەرەکانی تـر هەمووبـان چەک کـردن، هیچ کەس لە سـەربـازەکان نەیانـدەزانی چ خەبەرە، ئێمە کە تەواو لە ناو پایەگادا بڵاو بووین هەموو پایەگامان خستە ژێر کۆنتڕۆڵی خۆمان سەنگەرەکانی دیدەبـانـــی و نیگابانی گیرابوون جێگا خەوەکانیـان مـابوو لەگەڵ ژوورێـک کە پاسـدارەکان و ئیتلاعاتەکـانی لـێ بـوون، دەنـگە دەنگێـک کە هەبـوو پاسـدارەکانی مەشکووک کردبـوو بەڵام هەستیان نەکردبـوو ئێمە لەنـاو پایەگـادایـن، بـۆیە دەبـوو بە بێدەنگی بیـانگرین گروبانەکـــە کە ئێمەی لە نزیکەوە بینی و هاوکـاری دەکـردین ژووری پاسـدارەکانی پیشـان دایـن هەر دەیکـووت ئـاخر قەرار نەبـوو ٥٠٠ کەس بێن پایەگا بگرن؟؟ ئێرە پایەگـای مـادەرە زیـاتر لە ١٠٠ کەسی تێدایە. "شـەکرە مەجنـون" پێی کـووت ئێمە هەر ٢٥ کەس دەبێ هاتووین بەڵام مەترسە کاری ٥٠٠ کەس دەکەین ئەویش هەر سەری بادەدا هەر پێی سەیر بوو دەیکووت ئێوە خودکوشی دەکەن پێشمەرگەکان خێرا خۆیـان گەیانـدە ئەو جێگایـانەی لێی خەوتبـوون هەمووبـان لەخەو هەستاندن،، هەستن هەستن هێندێکیان وەکو منداڵان بۆمان وەخەبەر نەدەهاتن گروبـانەکە هەڵیدەستاندن و لێیـان تـوڕە دەبـوو هەستن دەڵێی لە مـاڵە خاڵتان بە بێ غەمی لێـــی نووستون، هەموو حەپەسابوون و نەیاندەزانی کوێی دنیا ڕووخاوە هەموو کوڕە گوێ ببوون و هەر

بەشی یەکەم

کە چاویان بە ئێمە دەکـەووت خێرا دەستیان بڵند دەکردو بێ ئەوەی بـزانن چی بـووە ملیـان لە گریـانێ دەنـا. پاسـدارەکان زانیان لەناو پایەگا شتێک ڕوویداوە بەڵام نەیاندەزانی پێشمەرگەیەو هـاتۆنەتە سـەر سنگیان. بـوو بە پـاڕانەوەو گریـان و سوێند خواردن و بەسەر کەوشی پێشمەرگەدا دەکەووتن ماچیان دەکرد. پێش ئەوەی دەرگایان لێبکەینەوە پاسدارەکان هـاتنە دەرێ و یەکیان کە ئێمەی دی وەکوو بەرق لێیدا هەڵات و خۆی لە دەرەوەی پایەگا هاوبشت "مین" یێک لەبـن لاقیـدا تەقـی و کوژرا بە تەقینی ئەو مینە بـێ دەنگی شکاو وردە تەقەی پێشمەرگە دەستی پێکرد، دەستیان کردەوە دوای تەقەیەکی کەم پاسدارو ئیتلاعاتیەکـان هەمـوو کـوژران، شین و گریـانی دیلەکـان هـاوار هـاوارو یـا حسین یـا حسین پێم وابـێ تەواوی دەوروبەری پایەگا خەڵکەکە گوێیان لێ بوو. هەرچی تفەنگ و موهیمـــات و ماشێن و چەکە قورسەکان لە پایەگـادا هەبـوو هەموومان بە دیلەکـان لە پشتی ماشێن هاوبشتن و هێنامـانە خـوارێ، بێسیمەکەیان لە گوێکتەپە " ڕا هەر هـاواری دەکـرد دەیکووت،، لای ئێـوە چ خەبەرە؟؟ ئەو تەقەیە چـی بـوو؟؟ بـۆ جـواب نـادەنەوە؟ بێسیمەکەیان بە "شینە" بـوو جـوابی دانەوە کووتی پایەگا گیراوە پێشمەرگە هێرشیان کردۆتە سەرمان هەموومان گیراوین، باوەڕیـان نەدەکرد پاشـان کە زانیـان پایەگـا گیراوە پایەگاو دەوروبەری بە تۆپ و خومپارە داگرت ئـاگری لە پایەگـا بەردا، ئەم هەمـوو دیلە بە کـــەس کـۆنەدەکرانەوە هەر دەگریان و دەپاڕانەوە، هەتـا کاک ئاسۆ هات چونکە لە ئارتەشیدا بوو لە پێشدا زمـانی ئەوانـی دەزانـی نـازانم لە پـڕ شتێکی کووت خێرا هەموویان ڕیز بـوون شتێکی تـری کـووت خێـرا هەمـوو دەستیان بە ڕۆشتن کرد مـاڵی ئـاوەدان بـێ هەمـوو دیلەکـانی بە دوو کەلـیمە کـۆکردەوەو بەڕیـزی کـردن.. هێنامـانە نـاوچەی مەحـاڵ بـۆ گونـدی "ئەمینابـاد" لەوێ دامانـان و شەوێک دواتـر پەلێکی تـرمان کە بنکەیـان لە گوندی "کۆنەدێ" بـوو سەرپەلەکەیـان "سۆفی سەید سنعان" بـوو چووبـونەوە نـاو شـــاری مەهابـاد لە عەمەلیـاتێکی خافڵگیریـدا توانیـان "شارەبانی" مەهابـاد بگـرن و ٣٦ پاسـەبان بە دیـل بگـرن لەگەڵ هەموو چـــەک و موهیمات و ژمارەیەکی زۆر دەمانجە و لەگەڵ دیلەکان بیانهێنە دەرێ، بۆ بەیانی کە چاومان لێکرد لە لای "شیلاناو" ڕا ئەوە ڕیزێکی دوورو درێـژ بەرەو لای ئـێمە دێـن لە ئەمینابـاد پێمـان وابـوو پاسـدارن پێشمەرگەکان لە دوورەوە هاواریانکرد بۆ خۆمانین گوێمان لە قـاقـاکانی سۆفی بوو لێیدەدان ئەو دۆڵ و شاخانەی پـڕ کردبـوو دەنگی دەداوە، ئەوانـیش کەهاتن دیلەکان ئەوەندە زۆر بوون لەهیچ کوێ جێیان نەدەبۆوە، شەش کەسیان چوونە ناو مجاهدین کە بنکەیان هەبـوو لای ئێمە، ئەوانی تر هەموویان پێکەوە کۆمیتەی شارستان و هێـز بەڕێیـان کـردن بـۆ دەفتەری سیاسـی و ئەحمەدی شێر بەگیش سەرنج بەن سەرنج بدەنی لێدا لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانەوە بۆ خەڵکی کوردسـتان بە گشـتی و دایکـانی دڵسـووتاوی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد... ئەم یـادو بیرەوەریـانە درێژەیـان هەیە... بـڕی پێشمەرگە باسکی بەهێـزی گەل. ئەو کەسـانەی کە زۆر دەوریان هەبوو لە گرتنی پایەگا کاک سەید برایم،، کاک ئاسۆ موکریانی،، شەکرە،، کەماڵ سمایلزادە،، خالید وەنەوشە،، کەماڵ ئەمینی،، چرچە،، سالّە نادری،، ڕەحمان سوهرابی،، یوسف خۆشرەو،، یوسف پیـرزاد... هەروەهـا پێشمەرگەکانی کەمین و پارێزگاری.

بەشی یەکەم

شەهیدان: جەعفەر و یوسف گوشواره... کەمالّ عەلیزادە، چۆن و لەکوێ شەهید بوون؟؟



من بۆخۆم لەم شەڕەدا بەشدار نەبووم، بەڵام لە زمانی ئەو کەسانەوە باسی دەکەم، کە بۆخۆیان لەوێ بوون و بەشداری ئـــەم شەڕە بوون. زۆرم پێ کارێکی ئاسان نیە نووسینەوەی داستانێک کە بۆخۆم لە نزیکەوە لەگەڵیان نەبووم و شاهیدی قارەمانیەتی و نەبەزی ئەم شەهیدانەو هاوسەنگەرەکانیان نەبوبم. بۆیە دەمەوێ هەوڵ بدەم چۆنیان بۆ گێڕاومەتەوە هەر بەو شێوەیە بیگێڕمـەوە دوژمن زۆر لەهەوڵـدا بـوو بـۆی هەڵـکەوێ زربەیەک لە هێـزی پێشـمەرگە بـدات لەم نـاوچەیەدا. زستانەکەی پێشمەرگە دەستی چاکیـان لە دوژمن وەشاندبوو. دەیانەویست بە هێزێکی گەورەوە لە شوێنێک پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا لە داو بخەن. بە تـایبەتی کـە پێشمەرگە توانیبویان مۆرەیەکی گەورەی ڕژێم بە سزای خۆی بگەیەنن، بـۆیە دوژمن زۆر داخ لە دڵ بـوو لە پێشـمەرگە. جەعـفەر گوشـواره کە فەرماندەری لکـی١ ی هێـزی پێشـەوا بـوو، دەرکـی بەم بەرنامەیەی ڕژێم کردبوو، خەبەریان پێ دابوو کـــە پێویستە زۆر هوشیار بن دوژمن بەرنامەیەکی بەرفراوانی بەدەستەوەیە بۆ زەربە لێدان لە پێشمەرگە. جەعفەر وەکوو تاکتیکێکی هونەری شەڕو زیاتر ماندووکردنـی دوژمن، هەموو پێشمەرگەکانـی نـاردبوەوە نـاوچەی (مەحـاڵ) و ویستبووی دوژمن زیـاترو زیـاتر مانـدوو بکـات و ڕێگـای دابـێ پێشـمەرگەکانیش کەمێک بحەسێنەوە. بـۆیە بۆخـۆی و چەنـد کـەس لە هاوڕێکـانی دەمێنەوە هەتـا بـزانن هیچ کەس بەجێنەمـابێ و دوژمن نەتـوانێ زەفەریـان پێبـەرێ. چـونکە جـار جـار پێشـمەرگەکان لـــە شـاروێران سـەرپێچی یـان دەکـردو چەنـد ڕۆژێـک زیـاتر خۆیـان

بەشی یەکەم

دەخافڵاندوو دەمانەوە. جەعفەر لەگەڵ هاوڕێکانی سەردانی چەندین گوندی وەکوو (دارەلەک، قزڵقۆپی، لەج، و هتد) کرد لەوێ شەفیع یان دیتەوەو لەگەڵ سەید برایم ساغ بوونەوە کە هیچ کەس بەجێنەمێنێ. دوای دێنەوە بۆ گوندی (قوم قەڵا) دەزانن یوسف گوشوارە و برایم گوشوارە و کەماڵ عەلیزادە لەوێن، دەیانەوێ لەگەڵ خۆیان بیانهێنن و بەرەو ناوچەی مەحاڵ بڕۆن و شارۆیران چۆل بکەن. هێشتا لە گوندی قەرەخان بووین کە جەعفەر ئێوارەکەی هاتە قەرەخان و کووتی هەر ئێوە و کۆمیتەی شارۆیران لێرە ماون دەبێ هەموومان بڕۆینەوە بۆ ناوچەی مەحاڵ. یوسف خۆشرو، شەفیع،، ڕەحیم ئەفسەردلێر،، لەگەڵ جەعفەر بۆخۆی گووتی دەچین لە قومقەڵا یوسف و برایم و کەماڵ دێنین و دەگەڕێینەوە بۆ مەحاڵ. چرچەی بارام میرزا پێش ئێمە ڕۆشتبوو بۆ قومقەڵا کە ئێمە نەمانزانی بوو چرچە لە قەرەخان بوەو لەوێشەوە ڕۆیشتووە بۆ قومقەڵا بە تەنها هەر بە تەنیا. کاتێک چرچە دەگاتە یەکەم کوچە لە ناودێ. لەوێ دەچێتە ماڵێک، لەوێ خاوەن ماڵەکە هەست پێدەکات ناودێ پڕە لە چەکدار. خێرا دێتەوە چرچە ئاگادار دەکات کە خۆی دەربباز بکات ناودێ هەمووی گیراوە. ئەوکات چرچە فەرماندەری لکی ٢ی هێزی پێشەوا بوو، هەر قەراریش وابوو کە لکی ٢ پاش ماوەیەکی کورت بچنە شارۆیران لە جیاتی لکی ١ لەوێ بمێنەوە، لەوانەیە چرچە هەر بۆ ئەو مەبەستە چوبێتە قومقەڵا کە جەعفەری گوشوارە ببینێتەوە. چرچە لەماڵەکە دێتە دەرێ و دەیبینن تەقەی لێدەکەن هەر بە ماڵان و سەربانان دا خۆی لە ماڵی ئاخری قومقەڵا داوێ بەرەو گوندی قەرەخان. کاتێک ئێمەش بەرەو گوندی قومقەڵا هەڵاتین و دەنگی تەقە هات زانیمان لە ناودێ حەتمەن کوڕەکان دەوریان گیراوە، جەعفەر زۆر پەلەی دەکرد خۆی بگەیەنێتە ناو ئاوایی چونکە کەماڵ و هەردوو براکەی لەوێ بوون. کە گەیشتینە قەراغ ماڵەکانی قومقەڵا، لە ڕێگایەک دەگەڕاین کە بتوانین بچینە ناو دێیەکە. لە ناو دێراوە مێوەکاندا بووین کە بە تەکتیری قەناسە لێیان داین، زۆر دەقیق لێیان دەداین، دوژمن بەهێزێکی زۆرەوە هاتبوون تەواوی سەربان و شوێنە بەرزو حەساسەکانیان گرتبوو و لێی دامەزرابوون، تەواو زاڵ بوون بەسەر هەر چوار دەوری گوندەکەدا. هێزێکی زۆریشیان لەسەرجادە ئامادە بوون بۆ هێرشکردن بۆ دەوروبەری گوندەکە. جەعفەر نەیدەویست لێیان بدات، دەیویست هەر بەبێ دەنگی و بە بێ تەقە ئەو ٣ پێشمەرگەیە لە ناو قومقەڵا بێنێتە دەرێ و بکشێنەوە. چونکە ئەو هەموو هێزە کاری ٥ - ٦ پێشمەرگە نەبوو لەوکاتەدا. لەو کاتەدا ماڵێک ڕووبەڕومان بوو نەفەرێک لە پەنجەرەی ماڵەکەوە هەر جموجۆڵی دەکردو هەندێک جێگای شک و گومان بوو، هەتا تەقەی لێکردین، دوای ئەوەی بۆمان دەرکەووت کە ئەوە چرچەیە پێی وابوو ئێمە جاش و پاسدارین دەیویست لێمانبداو خۆی دەرباز بکات. چرچە هەر لەوێ بوو نەیدەتوانی بێتە لای ئێمە، جەعفەر دابەشی کردین، کووتی ئێوە سەرگەرمیان بکەن مەهێڵن تەک تیرئەندازەکان سەر هەڵێنن. جەعفەر هاواری لێکردن گووتی ئێمە ناتوانین ببینە لای ئێوە، بەڵام ئێمە لێیان دەدەین ئێوەش یەک یەک خۆتان بگەیەنە لای ئێمە. تەقەمان کرد چرچە یەکەم کەس بەهەڵاتن خۆی گەیاندە لای ئێمە هەرچەندە ونیانکرد لە تۆزو خۆڵێدا. یوسف و برایم و کەماڵ مابوون دیسان لێماندان یوسف گوشوارەش توانی خۆی بگەیەنێتە دەرەوەی دێ لای ئێمە

بەشی یەکەم

مابوو برایم و کەماڵ. دیسان تەقەمان کرد کەماڵ بە هەڵاتن هات لە ناوەڕاستی کوچە لێیان داو بەربۆوە، بەڵام بەدەستی ئیشارەی پێ دەکردین دەیکووت برۆن ئاگاتان لە خۆتان بێ من ناتوانم بێم لە لاقیان داوم. دوژمن زانیان و دیتیان کەماڵ بریندارە بە تەکتیری قەناسە لێیان دەدا، دیاربوو چەند گوللەی تریان لێدا، کەماڵ جوڵەی نەما، تەنها کاتێک گوللەی وێدەکووت دەجوڵاوە. لەو کاتەدا برایم دەرپەڕی و ئەویش خۆی گەیاندە لای ئێمە، جەعفەر زۆر هاواری لە کەماڵ کرد هەستەوە بەسینە خیز وەرە بەڵام دیار بوو کەماڵ شەهید بووە. یوسف ویستی بگەڕێتەوە بۆ کەماڵ، جەعفەر گووتی یوسف نەڕۆی وانابێ دەبێ ڕێگایەک بکەینەوە بتوانین تەرمەکەی بێنینەوە. یوسف گووتی خۆ بەجێی ناهێڵین ئێستا دەچم دەیهێنمەوە. یوسف گووتی کوڕینە پشتێندەکانتان بکەنەوە با هەموویان لێک گرێ بدەین و دەچم لەسەرشانەکەی گرێدەدەم و دەیکێشین. یوسف ڕەخت و تفەنگەکەی دانا، هەر بەبێ چەک لەسەری کوچەکە خۆی نەوی کردبوو، بە ئێمەی کووت لێیان دەن با من بتوانم بگەمە سەر تەرمی کەماڵ. جەعفەر هەر دەیکووت وانابێ یوسف ئەوانە دامەزراون، ئەوان ئێمەیان دیوە جێگاکەمان دەزانن لێت دەدەن. لەو قسانەدابوون یوسف خۆی گەیاندە سەر تەرمی کەماڵ، خەریکی بەستنی پشتێندەکە بوو، چاومان لێ بوو لە یوسف یان دا. بەحەدێک تەقەی لەسەر بوو زۆریان فیشەک لێداو بەسەر کەماڵ دا بەربۆوەو جوڵەی لێ بڕا. جەعفەر یەک بەخۆی گورانـدی ئاگری لێ دەباری دەتکووت شێرێکەو هەموو ڕێگایەکیان لێ گرتووە. حەجمینی نەبوو دەهات تفەنگی لێوەردەگرتین تەقەی پێدەکرد، دووربینی قەناسەکەی دەرهێابوو چاوی لێدەکردن. وەکوو شێتانی لێهاتبوو• بە هەموومان گرتبوومان ڕانەدەوەستا هیچ سوودی نەبوو قسەکردن لەگەڵی ئاگری لە جەرگی بەربوو. جەعفەر خۆی بەو ئاگرەدا داو خۆی گەیاندە سەر هەردووکیان ئەویش نە ڕەخت و نە تفەنگی برد لەگەڵ خۆی چووە سەریان دەتکووت شاخی قەندیلە، دەتکووت شای هەڵۆیانە، وەکوو چیرۆکە ئەفسانەکانی ناو مێژوو بەرەو ڕووی ئەو هەمو جاش و پاسدارانە بێ ترس و بەبێ منەتی لە دوژمن چووە سەر هەردوو شەهید، ئەوەندە تورەو ناڕەحەت بوو هەردوو تەرمەکەی لەبن هەنگڵی هەڵگرت هەریەکەیان بە دەستێکی، هەڵئەستاندنە سەرپێ و هەرووکیانی گووشی بەخۆیەوەو وەرسوڕاو بەرەو ڕووی ئێمە چاوێکی لێکردین کە هەزاران قسە لەو نیگایەدا دەکراو دەخوێندرایەوە، دڵمان بوو بە ئاو هەموومان لە دوژمنمان دەدا هەتا جەعفەر بتوانێ خۆی بگەیەنێتە لای ئێمە، لەوێ زانیمان جەعفەر چ توانایەکی هەیە. ئاخر زۆر سەختە لەناو ئەو هەموو ئاگرو ئاسن و جەهەنەمەدا دوو تەرمی ئاوا بەخۆوەو قورس بە دوو دەستان هەڵگری. تەنها کەوشەکانیان لە عەرزی دەخشان هێندە بە بڵندی بەخۆیەوە گووشیبوون• مەودای نێوان ئێمە تەرمەکان ١٠٠ مەتر نەدەبوو حەرەکەتی کردوو، ئای کە ناخۆش و دڵتەزێن بوو ئای چەندە بە ئازارو دڵ هەژێن بوو کە چاومان لێی بوو لە قیافەو هەیکەلی پیاوانەی جەعفەریان دا•ڕاوەستا لەجێی خۆی بە پێوە هەر چەندە هەر لێیان دەدا تەکانیان پێدەدا بەڵام تەرمەکانی بەرنەداوە، بە ئەسپایی داینان و ئەویش بەسەر ئەواندا بەربۆوە و خوێنی هەرسێکیان تێکەڵ بەیەک بوون. دوو براو هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی. ئەم دیمەنە برایمی برایان کە برا چکۆلەیان بوو هەمووی بەچاوی خۆی دی. چاوی

بەشی یەکەم

لــێ بوو چۆن ٢ برای لــە یەک جێگا شەهید بوون• ئەویش ئاگری گرت ویستی وەکوو ئەوان بچێ تەرمەکانیان بێنێتەوە. بە هەموومـان گرتمـان، یەک بەخـۆی هـاواری دەکرد، بـــە کەس ڕانەدەوەستا، چـرچە هـات لێی تـووڕە بـوو بـۆ ئەوەی ئـارامی بکاتەوە. چرچە گووتی ئێستا من فەرماندەتـانم ئاگاتـان لـــە برایم بـــێ و هەرچی زووتـر ئێـرە چۆل بکەن و بەرەو گونـدی قەرەخان پاشەکشە بکەن.

ئێمە زۆر نەبووین یوسف خۆشڕەو،، برایم،، چرچە،، شەفیع،، ڕەحیم، هەر ئەوەندەم لەبیرە. چەکـی شـەهیدەکانمان هێنان و گەڕاینەوە، بەداخەوە تەرمەکانیان کەووتە دەستی دوژمن و لـە نێوان بەنداوی مەهابادو پادگانی مەهاباد لە جێگایەک شاردویانەتەوە.

یادێک لە شەهید: حەسەن جێید...



حەسەن لەدایک بووی شاری (مەهاباد) بوو. لەبنەماڵەیەکی هەژاری ئەم شارە چاوی بە دنیا هەڵێنابوو. دوای سەرکەووتنی شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی. حەسەن بەرهەمی ڕەنج و ماندووبونی ڕۆژانی خۆپێشاندان بەدژی ڕژیمی پاشایەتی هەڵگرتەوەو کۆتایی بە ڕژیمی شاه هات. بەهاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، خومەینی دەستووری جهادی بەدژی خەڵکی کوردستان دەرکرد. جوابی چەندین ساڵەی خەباتی خوێناوی خەڵکە کوردستانی بە ئاگرو ئاسن و فڕۆکە دایەوەو شەڕی بەسەر گەلی کوردا داسەپاند. خەڵکی کوردستانیش دەستیان دایە چەک و لە دەوری حزبەکەیان حزبی پێشەوا قازی کۆبوونەوە، بۆ بەرەنگاری لە هێزی دوژمن بۆ سەر ئاوو خاک و شەرەفیان. حەسەن یەکێک لەو کوڕە ئازاو قارەمانانە بوو کە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی و لە ڕیزی شۆڕشگێڕانی حزبی دیموکراتی کوردستان خۆی دیتەوە. حەسەن لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان پێشمەرگایەتی کردوەو سەنگەری لەدوژمنان گرتووە. لەهێزی پێشەوا سازمان دراوو لە لکەکانی ٣ - ١ی ئەم هێزە بووە. حەسەن کوڕێکی و بە نەزم بوو. پێشمەرگەیەکی ئازاو بوێر بوو. هەمیشە هاوڕێیەکی دڵسۆزو هاوسەنگەرێکی بە وردو قایم بوو. حەسەن خۆشەویستی هەموو هاوسەنگەرانی بوو. پێشمەرگەکان زۆریان خۆشدەویست و کوڕێکی شۆخ بوو. سەرئەنجام لەهاوینی ساڵی ١٩٩٤ی میلادی، کاتێک جاسوس و جاش و بەکرێگیراوەکانی قەرارگای ڕەمەزان و لەشکری قودس و ئیتلاعاتی ئێران. کۆنترۆڵی باشووری کوردستانیان لەدەستا بوو، زەنجیرەیەکی زۆر

بەشی یەکەم

بەکرێگیراویان لە کورد بە پارە تەرخان کردبوو بۆ تیرۆرو گرتنی کادرو پێشمەرگەکانی حزبە کوردیەکانی رۆژهەڵات. بەداخەوە زۆرێک لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حزب کەووتنە بەر پەلاماری ئەم تیرۆرو ڕەشەکوژیەی ڕژیمی ئیسلامی ئێران. حەسەن یەکێک لەو شەهیدانە بوو، لە ناوچەی قەڵادزە بەشێوەیەکی زۆر دڕندانەو دور لە ڕەوشتی مرۆڤایەتی شەهیدیان کردبو دوای ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆرو بێ ڕوحمانە.

هەزاران سڵاو لە گیانی شەهید حەسەن و هەموو شەهیدانی حزب و گەل.


سەرشۆڕی بۆ جاش و بەکرێگیراوەکانی نەفس نزم.

سەردەکەوێ خەباتی حەقخوازانەی گەلەکەمان.

بژی پێشمەرگە.

ڕۆحتان شادو یادو یادگارەکانتان هەمیشە زیندوو دەمێنێتەوە.

یادێک لە ٢ شەهیدی زوڵم لێکراو... شەهید دیار جەناح شەهید سابیر ئیبراهیم پور...



نازانم چۆن جورئەت بکەم باسی قارەمانیەتی و چاونەترسی و چۆنیەتی شەهید بونیان بکەم. شەهید دیار خەڵکی شاری (مەهاباد) بوو،، دایک و بابی فەووتیان کردبوو ٣ براو خوشکێک بوون هەردوو براکانی شەهید بون بە ناوەکانی (ڕەحمان و جەماڵ). دیار بەقسەی هەموو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی و بەشاهێدی دۆست و دوژمن سەریان لە قارەمانیەتی و ئازایی و بەغیرەتی سووڕ مابوو، کەسێک بوو بەئیمان چاونەترس هیچ کەسێک نەبوو خۆشی نەوێت. پێشمەرگە بوو بەتەواوی مانای پێشمەرگە، خاوەنی تاکتیکی شەڕو نەخشەی نیزامی خۆی بو، زیاتر پێی خۆش بوو بەتەنیا بێ لە بەرگری و لەکاتی هێرش کردن بۆسەر دوژمن. زۆر پێی خۆش نەبوو وەکوو بەرپرسێک فەرمان بە پێشمەرگە بدات بۆیە هەرچی ویسبای بیکات لەکاتی شەڕدا بۆخۆی یەکەم کەس بوو لەهێرش و پەلاماردانداء، بۆیە ساڵێک لەزستاندا بڕیاربوو لەگەڵ چەند پێشمەرگە بڕواتەوە ناوچە بۆ کارێکی حزبی، بەڵام دیار وای پێ باش بوو بە تەنیا هەربۆخۆی بچێتەوە، کاتێک بەتەنیا خۆی دەگەیەنێتەوە قوڵایی ناوچە، دوای جەولەیەکی تێروتەسەل و پڕ لە دەستکەووتی سیاسی وتەشکیلاتی لەناو کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکەدا لەگەڵ هاوکاری و پشتیوانی خەڵک بەتایبەتی لاوەکان ڕووبەڕوو دەبێ. لەو ماوەیەی کە هاتبوەوە قوڵایی ناوچە دوژمن ئاگاداری هەمو جموجۆڵەکانی شەهید دیار بووە. چەندین جار لەسەر ڕێگاکان و قەراغ گوندەکان

بەشی یەکەم

کەمینیان بۆ داناوە لە ناوچەکانی مەنگوڕان و گەورکایەتی و مەحاڵ جاش و پاسدارەکان ئەوپەڕی هەوڵ و تێکۆشانیان کردوە بە یارمەتی سیخوڕەکانیان بەڵام هەر نەیانتوانی بوو لەداوی بخەن.. بۆیە تەواو تووڕەو عاجزو ماندوو بوبون، نەیاندەزانی ئەوە پێشمەرگەیە یان کەسێکی (غەیبی) دوژمن لەوە بێخەبەر بوو خەڵکی ناوچەکە وەکوو چاوی خۆیان دەپپارێزن. شەوێکی زستان دوای ئەوەی کە ئەو هەموو ناوچانە کە گەڕابوو بۆ حاواندنەوە دەیەوێ بچێتە گوندی (کولتەپە) و شەوێ لەماڵێک دەمێنێتەوە دەیەوێ پشوویەک بدات و بڕوات، بەڵام دوژمن کە جێ پێیان هەڵگرتبوو لە بەفردا جاش و پاسدارێکی زۆر بەجێگا پێکانیدا دێن هەتا دەگەنە ناودێ، دەزانن لەناودێ ماوەتەوە بەڵام نازانن لە چ ماڵێکدایە. بەیانی زوو خاوەن ماڵەکە هەڵدەستێ بچێ مەڕو ماڵات تفاق بدات دەبینێ سەر سەربانی هەموو ماڵەکان پڕن لە جاش و پاسدار، بە پڕتاو خۆی دەکات بە ژوورەوە دیار لەخەو هەڵدەستێنێ و دەڵێ ناودێ و سەربانەکان هەمووی گیراوە شەهید دیار زۆر لەسەرەخۆ بە ژنەکە دەڵێ هیچ خۆت تێکمەدەو مەشڵەژێ هەروابزانە من لێرەنیم کارەکانی خۆت بکەوکارت بەمن نەبێ. دیار بۆ ئەوەی ئەوماڵە تووشی ماڵوێرانی نەبن دەچێتە ناو ئاغەڵان و لەناو مەڕو ماڵاتەکەدا خۆی مات دەکات جاشەکان و پاسدارەکان ماڵ بەماڵ بەدوایدا دەگەڕێن دەزانن لەناو دێیەو نەچۆتە دەرێ، کاتێک نۆرەی ئەوماڵە دێ کە بیگەڕێن دێنە ژووڕێ و هەموو جێگایەک دەگەڕێن هیچیان دەست ناکەوێ لە خاوەن ماڵ دەپرسن دەڵێن ئێمە سوور سوور دەزانین دیار لێرەیە وا باشترە بۆخۆت پێمان بڵێی لەکوێدایە ، ئەگەر پێمان نەڵێی وادەکەین تاوابچێ.. ژنە وەکوو شێرەژن بەسەریاندا دەقیژێنێ وبەگژیاندا دەچێتەوەو لێیان تووڕە دەبێ، بەشێوەیەک کە یەکێک لەجاشەکان زلەیەک لە ژنەکە دەداو جنێوی پێدەدات و دەڵێ ئێستا بۆخۆم دەیهێنمەدەرێ ٢ جاش و پاسدارێکی بێسیمچی بەرەو دەرگای ئاغەڵەکە دەچن و بانگی دیار دەکەن زۆری جنێو پێدەدەن دەڵێن وەرە دەرێ و خۆت تەسلیم بکە ئەگینا وەکوو بێژینگ کون کونت دەکەین. دیار خۆی مات و بێدەنگ دەکات بەڵام چاوی لێیانەو هیچ ناڵێ هەتا دێنە ژووڕێ و هەتا دەگەنە ٢ قەدەمی و هەرسێکیان دەکوژێ و چەکەکانیان و هەندێک خەشابی زیادی هەڵدەگرێ و فیشەکێک بە بێسیمەکەوە دەنێ و بەرەو دەرەوە هێرش دەکاتە سەر ئەوانەی لەسەربانەکان ڕاوەستاون و نەیانزانیوە ئەو تەقەیە چی بوو. هەموانیان وەبەر ڕەگباران دەدات و پەرتەوازەیان دەکات و سەریان لێدەوەشێنێ خێرا دۆڵێک پێدەزانێ بەو دۆڵەدا ڕوو لە بەرزایی شاخەکە هەڵدەگەڕێ و کاتێک جاش و پاسدارەکان دەیبینن و وەدوای دەکەون هەموو جارێ خۆی لێ مات کردوون و بەڕەگباران لێی داون و سەربەرەو خوار ڕاوی ناون، تا ئەوان دەگەڕانەوە دیار خۆی دوورتر دەکردەوە لێیان بەم شێوەیە توانی لەگەمارۆی دوژمن خۆی ڕزگاربکات و بەقسەی خەڵکی گوندەکە ٧ جاش و پاسدار کوژرابوون دوو تفەنگیشی هێنابو لەگەڵ خۆی شەهید سابیر ئیبراهیم پوور، خەڵک و لەدایک بووی گوندی (کانی سێو) ئەویش یەکێک لەهاوڕێ و هاوسەنگەرو هاوشێوەی شەهید دیار بوو، ئەم دوو قارەمانە ئەگەر پشتیان بەپشتی یەکەوە دەدا هیچ هێزێکی دوژمن نەیدەتوانی نەسەنگەریان پێ چۆل بکات نە ورەی بەرزیان بلەرزێنێ. لەهەر شەڕێکدا ئەم قارەمانانەی حزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەو قارەمانانەی

بەشی یەکەم

ئێستـا بەخۆشیەوە لەژیاندا ماون کە من هەموویـان دیسـان بەلاوەکـان و تـازەپێگەیشـتووەکان دەناسێنمەوە، لەگەڵ بوونـایە سەرکەووتن لـە هەموو شەڕگەکان مسۆگەر بوو. چونکە هەموویان لەباشترین و چـاونەترس و بەبـاوەڕترین کوڕەکـانی شۆڕش و خەبات وخەڵک بون شەهید سـابیر ئەوکـات کە من لە دەبیرخـانە بـووم بەرپرسی پێشمەرگەکانی پارێزگـاری لەدەفتەری سیاسـی بـوو، سـەرپەلێکی ئاگـا بە بەرنـامەو خـاوەن کەسـایەتی خـۆی بـوو، مـاوەیەکی زۆر لەوێ بـوو ئەرکەکـانی زۆر بەرپرسانەو پڕ لە خۆشەویستی و میهرەبانـی بەڕێوە برد. لەو ماوەیەدا کۆماری ئیسلامی و نۆکەرەکـانی زۆر جـار شەوانە بە ئاڕپێجی و خومپارەو بیکەیسی لەماڵ و منداڵـــی کادرو پێشمەرگەکان دەدا، شەهید سـابیرو پێشمەرگەکان زوو بەرەنگاریـان دەبوونەوە. لەڕۆژی ٧ - ٩ - ١٩٩٢ کاتێک شەهید دیـارو شەهید سـابیر بـۆ کـارێکی حزبـی بەرەو گونـدی (چـۆمەڵ) دەچـوون کاتێک دەگەنە نزیک ئاوایی هەست دەکەن نـاودێ هێـزی چەکـداری تێـدایە، بـۆیە سـابیر بە بێسیم بەدیـدەبانەکە دەڵـێ کە بـرایم دەرمـانی بـوو، ئـێمە لەنـاو دێ نزیـک دەبینـەوە بەڵام مشکیلەیەکمان لەپێشـە٠ کاتێـک دەگەنە نـاو گونـدی چـۆمەڵ، هاوسـەنگەرو فەرماندەکەی پێشـوویان دۆزخ بـۆ ئەم دوو قـارەمـانە دروست دەکەن پـێم خـۆش نـیە زۆر بچـمە نـاو قـوڵایی بەسەرهاتەکە چونکە پێمباشە ببێتە دەرس و ئەزمونێک بۆ نەوەکانی داهاتوو.. بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم ئەوەندەیان گوللە پێوەنابوون نە دەناسرانەوە نە بـۆ ئەوەی دەبـوون هەڵبگیـرێن تەنهـا دەبـوو خێـرا بەخاکیـان بسپێرن ،، چونکە دەیـانزانی ئەوانە دیارو سابیرن ئەگەر بەردێکیان دەست بکەوێ سەنگەری لێ بگرن نەک ئەو هێزە کە لەگوندەژە دا بوون زیـاتر لە ١٠٠ کەس بوون ئەگەر سێ ئەوەندەش بوونـایە نەیانـدەتوانی زەفەریـان پـێ بەرن و لەداویـان بخەن. بـۆیە بەو شێوە درێندانەیە شەهیدیان کردن ترساون نەکوو زیندوو بن چونکە دەیانزانی چ قـارەمانێک بوون، خەڵکی دێ دیاریان دەناسی دەیـانزانی لە گوندی (کولتەپە) چ ئەفسانەیەکی خوڵقاند ئێستاش خەڵکی ناوچە ئەو داستانە دەگێڕنەوە. ئـەو زوڵمەی لەم دوو شەهیدە کرا دادەنێم بۆ نەوەکانی داهاتوو کە سوود لەم نوسـراوەیە وەربگـرن بـۆ لێپرسینەوە لە بەرپرسـانی ئـــەم جنـایەت و کـارە قێزەونە... خەڵک تەرمی ئەم دوو شەهیدە بەخاک دەسپێرن. هەر بۆ سبەینێ جاشەکان دەچنە ماڵی شـــەهیدی نەمر سـابیر لە (کانی سێو) بەدایکی دەڵێن حزبی دیموکرات کوڕەکەتیان کوشت.. هەروەها تـاقە خوشکەکەی شەهید دیـاریش هەرچی غەم و ماڵوێرانی هەیە بەسەریدا دەبارێ و بۆ هەمیشە بزەیان لەسەر لێوی تۆراند.

سوپاسی کاک ئەسعەد قەیدی دەکەم.. سوودم لەنوسراوەکەی کاک کامرانی سوهرابی وەرگرتووە لەسەر ئەم دوو شەهیدە. یادو یادگارەکانیان هەر زیندوو بن...

یادێک لەم دوو شەهیدە شەهید سەعدون عەباسی شەهید میرزا ئەحمەد ناسراو بە (ئەحمەدی فاتێ)



سەعدون عەباسی: سەعدوون خەڵکی گوندی قوڵەسەن ی ناوچەی مەهاباد و هەر لەو گوندەش لەدایک بووە. سەعدوون هەر لە سەرەتاوە خەریکی کاری ڕێکخاوەیی و تەشکیلاتی بوو. زۆر زوو توانی پلەکانی حزبی و تەشکیلاتی ببڕێ و وەک کادرێکی دڵسۆزو خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکە جێگای لەناو دڵی خەڵک و هاوسەنگەرانی بکاتەوە. ئێمە وەکوو پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا بە تایبەتی لکی ١ ی شەهید کاک شوان. بەهۆی کارەکانمان لەناوچەی شاروێران نزیکایەتی و هاوکاریمان زۆر بوو لەگەڵ کادرەکان و بەرپرسانی ڕێکخراوەکانی شاروێران و شامات. سەعدوون یەکێک لەو کوڕانە بوو کە زۆر تێکەڵاو بوو لەگەڵ پێشمەرگەکان. کاتێک ئێمە لە ناوچەی مەحاڵ بووین شەهید سەعدوون لەبیرمە بەرپرسی بەشی ماڵی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد بوو. هەروەها ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان بوو. لە کۆنگرەی حەوت وەکوو ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. لە دوای کۆنگرەی هەشت و هەڵوێستی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر سەعدون هەڵوێستی خۆی گرت و پشتیوانی خۆی لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەربڕی. هەرچەندە لەت بوونی حزبێک وەکوو حزبی دیموکرات ناخۆشەو جێگای داخە بۆ هەموومان بەڵام من پێموایە کارێکی سروشتی یەو لەدنیادا لەم هەڵوێستانە زۆرە. کە هیوادارم هەردوو باڵی دیموکرات ببێتەوە بە حزبێکی بەهێزتر لەجاران.

بەشی یەکەم

شەهید میرزا ئەحمەدی سەردەشتی؛ پیاوێکی ناسراوی شاری سەردەشت و کەسایەتیەکی کوردپەروەرو دڵسۆزو جێگای باوەڕی هەموومان بوو. لەگەڵ ئەوەی شەهید سەعدوون زاوای کاک میرزا ئەحمەد بوو، بەڵام هەمیشە پێکەوە بوون و هەتا ماڵیشیان هەر پێکەوە بوو لەخانوویەکدا. کاتێک سەعدون بەرپرسی نەخۆشخانەی دەشتێو بوو بۆ ماوەیەک ماڵەکەی لەگەڵ میرزا ئەحمەد لەشاری قەڵادزێ بوو. دوای تەخت کردنی شاری قەڵادزێ لەلایەن حکوومەتی بەعس، ماڵەکەیان هاتە شاری ڕانیەو لەوێ نیشتەجێ بوون ساڵ ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی بوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حزبەکانی باشوور بێ گوێدانە حزبەکانی ڕۆژهەڵات دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری پەت و سێدارەی ئێرانیان ئاوەڵا کردبوو، بەشێوەیەک کە هەرێمی کوردستان ببوو بە مەیدانی سوپای پاسداران و ئیتلاعاتی ڕژێمی ئیسلامی ئێران. هەر بۆیە لە شەوی دوو شەممە ٢٠ی گوڵانی ١٣٧٢ بەرامبەر ١٠ - ٥ - ١٩٩٣ی میلادی. چەند تیرۆریست هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەیان لە شاری ڕانیە و لەپێش چاوی ژن و منداڵەکانیان زۆر بێ ڕووحمانە دەیاندەنە بەر ڕەگبارو هەردووکیان شەهید دەکەن.

ئەمە یەکێک بوو لەکارە قێزەونەکانی سوپای پاسداران و ئیتلاعاتی تاوانبارو بەدوای ئەواندا بە دەیان کادرو پێشمەرگەو خەڵکی ڕۆژهەڵات لەباشوور زۆر بێ ئینسافانە لەژێر دەسەڵاتی حزبەکانی باشوور بە دڕندانەترین شێوە شەهید کران.

یادو ناوتان هەر بە یندوویی و سەربەرزانە دەمێنێتەوە.

ڕۆحتان شادو ڕێگای خەباتان بەردەوامە..

ڕووڕەشی بۆ تیرۆریستان و مەرگ و نەمان بۆ ڕژیمی جنایەتکاری ئیسلامی ئێران.

بژی پێشمەرگە،، سەرکەووتن هەر بۆ گەلەو بژی کوردو کوردستان...

بەشی یەکەم

شەهیدی قارەمان سەعدون بارزان...




شەهیدی قارەمان سەعدون بارزان،، خەڵکی برایمئاوای ناوچەی بۆکان بوو. لە بنەماڵەیەکی هەژارو کاسبکاردا گەورە ببوو چاوی بە سروشتە جوانەکەی کوردستان هەڵێنابوو، یەکەم هەناسەی لە هەوای پاک و بێگەردی کوردستان هەڵمژیبوو ئاسایی بوو کە گەورەبوو دەبێتە کوردێکی بێ غەلوغەش.. هەرواش دەرچوو لەسەرەتای لاوێتیەوە خۆی لە ڕیزی خەباتکاران و پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستاندا دیتەوە.. ڕاست ئەو جێگایەی کە دەبوو لەوێ بێ. هەست کردن بە زوڵم وزۆر چەوساندنەوەو خاک داگیرکردن، کوشتنی بەکۆمەڵی گەلەکەی، شەڕو هێرش و تۆپ و تەیارەو بۆمبارانی دوژمن بۆ سەر خەڵکی کورد، سەعدونیان کردە پێشمەرگەیەکی تاسەر نێسقان کوردو کوردپەروەر.. هەموو ئەو جنایەتانەی ڕژێمی ئیسلامی مەلاکان سوێندیان بە سەعدون خوار کە هەتا دوا هەناسەو هەتا دوا دڵۆپی خوێن دیفاعی مقەدەس لە خاک و خەڵکەکەی بکات... دوای چەندین جار بریندار بوونی قورس سوورتر لە جاران دەگەڕایەوە ناو سەنگەری شەرەف.. هەرگیز سەنگەری پێشمەرگایەتی چۆل نەکرد. بۆیە هەمیشە وێردی زمانی خەڵک و هاوسەنگەرانی بوو، هەموو کاتێک دوژمنی بە هیچ زانیوەو بە بێ نرخی زانیون. لەماوەی ژیانی خۆیدا لە پێشمەرگایەتیدا توانیبوی گەورەترین زەربەو خەسارەت بە هێزەکانی

بەشی یەکەم

داگیرکەر بگەیەنێ. کوردستانی بۆ کردبوونە گۆڕستانێکی گەورە... سوعدون پێشمەرگەو فەرماندەیەکی جەسوور ئازاو بە بەرنامە بوو. باوەڕپێکراوی خەڵکی ناوچەکە بوو سەر ڕاست و داوێن پاک و ئەمانەت دار، بۆیە دەکرا سەرو ماڵی پێ بسپێری. لە ناو شۆڕشگێڕاندا زۆر کەم هەڵدەکەووتن وەکو سەعدون ئەم قارەمان و شۆڕشگێرە مەزنە، بەداخەوە لە ڕێکەووتی ٧ - ٢ - ١٩٩٥ی زایینی لە نێوان شاری "ڕانیە" و دۆڵی قەڵاسەیدە لەگەڵ دوو هاوڕێی تری کەوتنە ناو کەمینی هەندێک کەسانی خۆفرۆشی سەر بە ئیتلاعاتی ئێران و بە پێی پیلانێکی لە پێشدا نەخشە بۆ دارێژراوو بە داخەوە سەعدون لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر بە ناوی مام حەسەن شەهید دەبن و شۆڕشگێڕێکی تر موعجیزە ئاسا بە بریندارى ڕزگاری دەبێ لە کاتێکدا دیسان وەبەر ڕەگبارباران دەدەنەوەو نەفەرێکیان یەک بە یەک گوللەی خەلاسیان لێدەدا بەڵام خۆشبەختانە ڕەحیم تەها گەڕایەوە ناو هاوسەنگەرانی و ئێستاش لە ژیاندایە.

ڕۆحتان شادو ڕێگای هەموو شەهیدان پڕ لە ڕێبوارو ئاوات و ئامانجەکانیا بێتە دی....

یادێک لەم دوو شەهیدە قارەمانانە. شەهید سەید تەها ئیسماعیلی شەهید کەماڵ ئەمینی



– سەید تەها؛ خەڵکی مەهاباد و لە دایک بووی گوندە جوانەکەی (لاچین) بوو، لەسەرەتاوە هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات و خەباتی خۆی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەی دەست پێکرد. سەید تەها زۆر زوو بوو بە خۆشەویستی هەموو هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچەکە. لەشەڕەکاندا ئەوپەڕی ئازایەتی و فیداکاری لەخۆی نیشان داو هەمیشە لەسەنگەری پێشەوەدا ئامادەو هوشیار بوو بۆ بەسزاگەیاندنی داگیرکەران لەناو خاکەکەیدا. سەید تەها زۆر جاران لمبۆزی داگیرکەرانی لە خاک و خوێن وەرداوەو هەر بە زیندوویی تۆڵەی خۆی و هاوڕێ شەهیدەکانی کردبۆوە، لەهەموو شەڕو کەمین و شەڕەکانی ناو شاری مەهابادو دەوروبەر بەشدار بوەو زۆر پیاوانەو قارەمانانە ترس و لەرزەی لەناو دڵی دوژمن داویشت و وەکوو شێر لە مەیداندا بەسەریاندا زاڵ بوو. سەید تەها بە شۆخی و قسە خۆشەکانی دڵی هەموو هاوڕێیانی خۆش دەکرد، هەمیشە خۆی بە خاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کورد دەزانی، لەسەنگەردا دەبوو پشتی پێ بسپێری و هەر جێگایەک سەید تەها سەنگەری تێدا گرتبوو مەحاڵ بوو دوژمن توانیبێی لێی نزیک بێتەوە. هەر بۆیە هەموو پلەکانی بەرپرسایەتی یەک لەدوای یەک سەرکەووتوانە بڕی و لە جێگری پەل بۆ سەرپەل و بۆ جێگری دەستەو لەوێشەوە

بەشی یەکەم

بۆ جێگری لک و سەرئەنجام لەڕێکەووتی ٢٨ی ڕەشەمەی ١٣٦٢ ی هەتاوی لە شەڕ لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان شەهید بوو لە شارۆچکەی مەهاباد، تەرمی شەهید سەیدتەها لە گۆڕستانی گوندی قوزلوجە بەخاک دەسپێردرێ.

شەهید کەماڵ ئەمینی؛ خەڵکی گوندی (سەیداوا) لە ٢ کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی مەهاباد چاوی بە دنیا هەڵێناوەو دوای ڕووخانی ڕژێمی شاهەنشاهی، ئەویش وەکوو هەموو لاوێکی کورد هەستی بە زوڵم و زۆری و مافی خوراوی گەلەکەی کردبوو بۆیە هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات لە لکی ١ لەهێزی پێشەوا، هەرچەندە کەماڵ جەوان بوو برایەکیشی بە ناوی شەهید عەولای ئەمینی سەرپەل بوو هەردوو برا لەسەنگەری شەرەفدا بەرگریان لە خاکی کوردستان دەکرد. کەماڵ تفەنگی نارنجۆک هاوێژی پێ بوو، زۆر چاک دەستی بەم چەکە ڕاهاتبوو، لەکاتی شەڕەکاندا سەنگەرەکانی دوژمنی هەڵدەتەکان و ڕاست گوللەی لەناو سەنگەرەکانی دوژمن دەکرد. کەماڵ لەماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیدا کوڕێکی بێدەنگ و بە ئەدەب و لەسەرەخۆ بوو کوڕێکی گوێڕایەڵ و وەزیفەکانی خۆی بێ ئەلاو ئەولا جێبەجێ دەکردو خۆشەویستی هاوسەنگەران و جێگای باوەڕو قارەمانێک بوو وەکوو شەهید عەولای برای. تا سەرئەنجام لەڕێکەووتی ٢٨ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦١ لە گوندی قەرەداغ بەهۆی شەڕێک کە لە لایەن کۆمەڵەوە هەڵایساو ئێمەش جوابمان دانەوە بوو بەهۆی شەهید بوونی کەماڵ ئەمینی، تەرمی شەهید لە گۆڕستانی شەبەک بەخاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردرا.

یادگارەکانیان هەمیشە زیندوو و ڕۆحیان شاد بێ.

بەشی یەکەم

یادێک لە شەهیدانی (بنەماڵەی ئاغاز)...



زۆرن ئەو بنەماڵانەی چەندین شەهیدیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی و ڕزگاری گەلەکەیان کردووە لە کوردستان..

ئەم بنەماڵانە نمونەی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانن. هیچ شتێک جوبڕانی خوێنی شەهید ناکاتەوە، مەگەر تەنها درێژە بدەین بە و ڕێگایەی هەموومان پێکەوە هەڵمانبژارد، ڕێگای پیرۆزو بە حەق و ڕەوای شۆڕش بۆ وەدەستهێنانی ژیانێکی نوێ و ئاسوودە و پڕشنگدار بۆ نەوەکانی داهاتوومان. یەکێک لەو بنەماڵە سەربەرزانە، بنەماڵەی (ئاغاز) ـە کە ٣ قارەمان لەم بنەماڵە چوونە ناو ڕیزی کاروانی شەهیدان و نەمرانی کوردستان.

١- **شەهید بایز ئاغاز:** خەڵکی گوندی (گردەڕەش)ی ناوچەی مەهاباد. زۆربەی زۆری ئێمە ناوبانگی شەڕی قارەمانانەو حەماسی (سریلاوا)ی چۆمی مەجیدخانمان بیستووە. هەروەها منیش ئەو شەڕەم لە ٣ بەشدا بڵاو کردۆتەوە لەسەر (سەید سمایل مەعروفی) لەگەڵ ٣ کەس لەهاوسەنگەرانی کە ئەم حەماسە گەورەیەیان خوڵقاندو شکستیان بەدوژمن هێناو زەڕبەیەکی گەورەشیان لێدان. شەڕێک کە هەتا ئێستا زۆر کەم و دەگمەن بووە لە کوردستان لەگەرمەی ئەم شەڕەدا تەنها ٣ - ٤ پێشمەرگە ڕۆژێک هەتا ئێوارە لەچەند ماڵێکی ئاواییەوە لەگەڵ هێزێکی زەبەلاحی دوژمن کە بە هەموو چەکێک لێیان داون و دەورەیان داون، هەتا لە هۆڵێکدا بە دەیان نارنجۆکیان لەناو هاویشتوون بەڵام هەر تەسلیم نەبون و بەرەنگاریان کردووەو هەر پاسدارێکیش خۆی دەرخستبا لێیان داوەو کوشتوویانە٠ بایز لەکاتی سەنگەر گواستنەوەدا لە کوچە کۆڵانێکی

بەشی یەکەم

ئاواییدا بەداخەوە دەکەوێتە بەر دەستڕێژی گوللەی داگیرکەران و شەهید دەبێ. تەنها دەتوانم ئەوەندە بڵێم بڕۆن ئەو چیرۆکی ئەو شەڕە بخوێنەوە کە نووسیومە لەسەر سەید سمایل مەعروفی و شەڕی سریلاوا. جا ئەوجار لەگەورەیی ئەو شەڕە تێدەگەن. شەهید بایز لەگوندی (بۆزە) بەخاکی پاکی کوردستان دەسپێردێ و تێکەڵ بەکاروانی نەمران و شەهیدان دەبێ...

٢- شەهید ئەحمەد ئاغاز: خەڵکی گوندی (گردەڕەش)ی ناوچەی مەهاباد. لە ڕێکەووتی ٥ شەممە ٢٢ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لەشەڕێکی قورس و قارەمانانەدا لە گوندی (قەباکەندی) بۆ پارێزگاری لەخەڵکی ئەم گوندەو بەرپەرچ دانەوەی هێرشی دوژمن بۆسەر خەڵکی بێ دیفاع. شەڕێکی ماڵ بەماڵ و دەستەو یەخە هەتا کاتی ئێوارە درێژەی دەبێ. لەناو دێ و دەوروبەری ئاوایی. بەداخێکی گرانەوە ئەحمەد ئاغاز لای ئێوارە شەهید دەبێ و گیانی خۆی کردە قوربانی ئازادی و ڕزگاری گەلەکەی. لەم شەڕەدا زیاتر لە ١٥٠ کەس لەهێزەکانی دوژمن کوژران و بریندار بوون. کە جەنازەی زۆربەیان لە مەیدانی شەڕ بەجێمابوون. تەرمی شەهید لە گوندی (بۆزە) بەخاکی پاکی کوردستان دەسپێردرێ...

٣- شەهید جەعفەر ئاغاز: خەڵکی گوندی (گردەڕەش) لەناوچەی مەهاباد. لەڕێکەووتی ٤ شەممە ٢٤ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی. لە کاتێکدا دوژمنانی ئازادی بۆ تۆڵە کردنەوە لە خەڵک و پێشمەرگە، لەبەرامبەر ئەو شکستە گەورەی کە لە شەڕی گوندی (قەباکەندی) خواردبوویان لەدەستی پێشمەرگە قارەمانەکانی لکی ٢ی هێزی پێشەوا هێرش دەکەنە سەر گوندی(ئازاد) و دەوربەری ئاوایی هەمووی دەگرن و تەپکێک کە دەڕوانێتە سەر ئاوایی ئەوێش دەگرن. بەیانی زوو لەگەڵ ڕوناک بوونی هەوا شەڕ لەنێوان پێشمەرگەو جاش و پاسدار دەست پێدەکات و شەڕ شەڕی ماڵ بە ماڵ و کۆڵان بە کۆڵان دەبێ قارەمانەکانی لکی٢ لە ماوەیەکی کورت دا دەوروبەری ئاوایی یان لێدەستێنن و شەڕێکی خەست و نابەرامبەر هەتا ئێوارە درێژە دەکێشێ. لەکاتێکدا پێشمەرگە سەرکەووتنی زۆر گەورەیان تۆمار کردبوو لە کاتەکانی کۆتایی شەڕەکەداو ڕاونانی دوژمن دا بە داخێکی گرانەوە سەرپەلی ئازارو قارەمان (جەعفەر ئاغاز) سەرپەلی پەلی شەهیدانی شامات لە لکی ٢ شەهید دەبێ و گیانی خۆی دەکاتە پردەبازی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی بۆ نەوەکای داهاتوو. تەرمی شەهید جەعفەر لە گۆڕستانی گوندی (بۆزە) بەخاکی پاکی کوردستان دەسپێردێ. پێویستە بڵێم لە بنەماڵەی ئاغازەکان کوڕەپوڕێکیان کە سەرپەل بوو لە لکی ٢ ی هێزی پێشەوا بە ناوی (سولەیمان خوسرەوی) لە ڕێکەووتی ١٦ - ١٠ - ١٣٦١ لە کەمینێک لە نێوان جادەی مەهاباد. میاندواو شەهید دەبێ و تێکەڵ بە کاروانی نەمران و شەهیدانی کوردستان دەبێ. هەزاران سڵاو لە ڕۆحی شەهیدان و یادو یادگارەکانیان زیندو زۆر سوپاسی برای ئازیزو خۆشەویستم کاکە سەید (عەولای حوسەینی) دەکەم کە زۆری هاوکاری کردم لەم یادەدا.. سەرچاوەی وێنەکان لە پەیجی شەهید وەرگیراوە

یادێک لە شەهیدی نەمر کاک(عەلی کاشفپوور)...



لەدایک بووی گوندی(پیرانجک) سەر بەناوچەی ورمێ بوو، خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواو کردووە. پاشان بۆ درێژە دان بە خوێندن چوێتە شاری (ورمێ) هەتا دیپلۆمی وەرگرتووە هەر لەم شارە خوێندوویەتی. پاشان بەشداری لە هەردوو کۆنکووری دانیشگاکانی(تەورێز و تاران) بەجودا دەکات. سەرئەنجام لە دانیشگای تاران لە بەشی (حقوقی سیاسی) وەرگیراوەو قەبوڵ کراوە. لە خۆپیشاندانەکانی سەرتاسەری گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ کاک عەلی بەشداریەکی چالاکانە دەکات. بۆیە پیاوەکانی ساواکی شاهەنشاهی چەندین جار دەستگیری دەکەن و دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر ئازادی دەکەن. بەڵام هەمیشە لەژێر چاوەدێریدا بووە. دوای ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی و ئاشکرابوونی خەباتی ئاشکرای حزبی دیموکرات لە ساڵی ١٣٥٧ - ١٣٥٨ بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ و خەباتی خۆی و ڕزگاری گەلەکەی لە بەرنامەی حزبی دیموکرات دا دەبینێتەوە. بۆیە بێ وچان و ماندوو نەناسانە لەناوچەی شومالی کوردستان و دەوروبەری شاری ورمێ قۆڵی هیمەت لە خەبات بۆ ئازادی هەڵدەماڵێ. لەکۆنگرەی ٤ ی حزب کە لە مەهاباد گیرا. کاک عەلی لەبەر دڵسۆزی و هەڵسوڕان و بناغەی پتەوی خۆشەویستی لەناو خەڵکی ناوچەی شومالی کوردستان. وەکوو جێگری کۆمیتەی ناوەندی حزب هەڵبژێردراوە. هەروەها لە کۆنگرەی ٥ ی حزب وەکوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب هەڵدەبژێردرێ و ئەرکی کاک عەلی قورس و قورستر دەبێ. حزب لەساڵی ١٩٨٧ی زایینی شەهید عەلی دەنێرنە ولاتی (فەرانسە) بەڵام کاک عەلی هەر مانگێک لەوێ دەوام دێنێ و خێرا دێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، کە دەیکووت یەک ڕۆژی کوردستان ناگۆڕمەوە بە هەموو ژیانی

بەشی یەکەم

ئەروپا. بۆیە هاتەوەو گەڕایەوە بۆ شوێنی خەبات و تێکۆشانی خۆی. لە کاتی هەڵوێستی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا کاک عەلی پشتیوانی لەم حزبە کردوو لەجاران زیاتر هەوڵی دەداو ماندوو نەناسانە کارەکانی حزبی ئەنجام دەدا. لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا دیسان هەمان کاری پێشووی پێ ئەسپێردراوە کە بەرپرسایەتی بکات لە ناوچەکانی شومالی کوردستان. بۆیە خەڵکی ناوچەکە پشتیوانی خۆیان لەم هەڵوێستە دەربڕی و خۆشەویستی کاک عەلی لەناو خەڵکی ناوچەدا گرێدرابوو لەگەڵ وەفاداری و گیانفیشایی و ڕاستگۆیی و دەست و شاوێن پاکی کاک عەلی خەڵک باوەڕی تەواویان پێی هەبوو. لەساڵی ١٩٩٠ ی زایینی بەهۆی گیروگرفتێک کە بۆ بنەماڵەکەی هاتبووە پێش. حزب کاک عەلی بەزۆر دەنێرن کە بچێ بە وەزعی ئەو گرفتانەی بنەماڵەکی ڕابگات. بەڵام کاک عەلی قەبوڵی ناکات کارەکانی حزبی بەجێبێڵێ بەڵام لەکۆتاییدا ڕێبەرایەتی حزب قەناعەتی پێدەکەن کە بڕوات ماوەیەک ئەو گرفتانە چارەسەر بکات. پاش ماوەیەکی زۆر لە شەوی ١٥ - ٨ - ١٩٩٠ی زایینی لەشاری(قوونیە) ٣ کەس لە لیباسی پۆلیس دا دێن و بەزۆری چەک و بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین لەپێش چاوی ژن و منداڵەکەی دا بەلێدان و بێ حورمەتیەکی زۆر لەگەڵ خۆیان دەیبەن. پاش ماوەیەک تەرمی شەهید عەلی ئە سەرجادەی نێوان (قوونیە - ئانکارا) بە دەست بەستراوی و بەشێوەیەکی زۆر درندانە شەهید کراوی دەبینرێتەوە. دەرکەووت کە تیرۆریستەکانی ڕژیمی ئێران ئەم تاوانە قێزەونەیان ئەنجام داوە. دیارە شەهید عەلی هەتا شەهید بوونی هەر ئەندامی کۆمیتەی ناوندی حزب بوو.

هەزاران سڵاو لە ڕۆحی پاکی ئەم ڕێبەرە تێکۆشەرو گیانفیدایەی کوردستان.

مردن و سەرشۆڕی بۆ دوژمنان و خائینانی کوردو کوردستان.

سەرکەووتن هەر بۆ گەلی کوردەو ڕووڕەشیش بۆ دوژمنان.

شەهید سالّەی حوسەینی...



سالّەی حوسەینی لە بنەماڵەیەکی جووتیاری گوندی "قۆزلوێی چووک" لەدایک بووەوچاوی بە دنیا هەڵێناوە، سالّە وەکوو هەموو منداڵێکی کورد بە بێ هیچ ئیمکاناتێکی منداڵانەو سەرگەرمی و لەگەڵ کارو زەحمەت گەورەدەبێ. خوێندنی سەرەتایی هەر لەوێ تەواودەکات، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە شاری "مەهاباد" هاوینان دگەڕاوە گوند بۆ هاوکاری بنەماڵەکەی لە کاری جوتیاری و کارو ڕەنجەکانی ژیان. سالّە لەکاتی خۆپیشاندانەکانی سەرتاسەری گەلانی ئێران هەر لە مەهاباد "دیپلۆم" وەردەگرێ، ئەویش وەکوو زۆزربەی گەنجەکانی ئەوکات بەشداری چالاکانە دەکات لە هەموو خۆپیشاندانەکانی شاری مەهاباد بەدژی ڕژیمی پاشایەتی. لەداوی ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی و ئاشکرا بوونی خەباتی حزبی دیموکراتی کوردستان و ئازادی هەموو شارو گوندەکانی کوردستان. سالّە بە هەست کردن بە وەزیفەی کوردایەتی و نەتەوایەتی دەبێتە لایەنگری حزب و وەکوو لاوێکی دڵسۆزو نیشتمان پەروەر. لە ساڵی ١٣٥٩ لە دەورەیەکی مامۆستای شۆڕش بەشداری دەکات کە لە گوندی "کامەم" دەکرێتەوە بۆ خوێندەوار کردنی منداڵانی کورد بە زمانی کوردی. زۆر باش و سەرکەووتوانە ئەرکی پیرۆزی مامۆستایی بەڕێوە دەبات و دەبێتە هاوڕێ و خۆشەویستی منداڵان و خەڵکی "زیندووقۆڵ" کە لەو گوندە مامۆستا بوو. هاوینان لە کاتی پشووی هاوینەی خوێندندا بێکار دانەدەنیشت و هاوکاری کۆمیتەی ناوچەی "گەورکی ٢"ی دەکرد. لەوێش جێگای خۆی لەناو دڵی هاوڕێیانی کۆمیتەو خەڵکی ناوچەدا کردبۆوە. زۆری نەبرد لەبەر هەڵسوڕاوی و دڵسۆزی بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوچە. سالّە پاش ماوەیەک کار کردن هەموو تواناکانی خۆی پیشاندا لە

بەشی یەکەم

کارو وەزیفەکانی حزبیداو خەڵکی ناوچەو هاوڕێیانی زۆریان باوەڕ پێی هەبوو بە جۆرێک ببوە جێگای متمانەی خەڵک. هەتا کۆنفرانسی کۆنگرەی ٧. لەوێ کاک سالّە وەکوو بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی مەنگوڕی ١ دیاری کرا. ئەرک و کارەکانی و بەرپرسایەتی سالّە زۆرتر ببون و دەبوو هەرچی زیاتر خۆی ماندووتر بکا بۆ ئەوەی بتوانێ سەربەرزانەو دڵسۆزانە ئەرک و کارەکانی خەڵک و حزبەکەی ڕاپەڕێنێ. بۆیە لە جاران زیاتر هەوڵی دەداو خۆی ماندوو دەکرد، بەڵام سالّە باوەڕو متمانەی خەڵک و هاوسەنگەرانی و حزبەکەی بە دەست هێنابوو. ڕەگ و ڕیشەی لەناو دڵی خەڵکدا داکووتابوو، خۆشەویست بوو ڕۆح سووک بوو هەڵسوڕو دڵسۆز بوو کەسێکی زاناو تێگەیشتووبوو.. هەروا درێژەی بە کارو فەرمانەکانی دەدا هەتا سالّی ١٣٦٤ بۆ بەڕێوە بردنی جەژنی ٢٥ی گەلاوێژی ٤٠ سالّەی حزب ڕۆژی ٢٤ی گەلاوێژ ڕۆژێک پێشتر دەچێتە گوندی "هەمزاوا" لە نزیک شاری "مەهاباد" لەوێ بە هۆی خیانەت و سیخوڕی زۆڵە کوردێک و ئاگادار کردنی جاش و پاسدارەکان ، لەو گوندە گەمارۆی دەکەن و سالّە دەستی بە چەکەکەی ڕاناگات و بە دیلی دەگرن.. خۆ ئەگەر دەستی بگەشتایە تفەنگەکەی نە جاشەکان نە پاسدار نەیاندەتوانی نزیکی ببنەوە سالّە پێشمەرگەیەکی زۆر ئازاو بە غیرەت و بەجەرگ بوو هەرگیز نەیدەهێشت بە زیندوویی بگەڕێنەوە، بەڵام داخ و مەخابن دەستی نەگەیشتە تفەنگەکەی هەتا داستان و سەرنجی لە ڕادیۆ ڕاگەیاندبا وەکوو قارەمانیەتیەکی بێ وێنە تۆمار کرابا لە مێژووی خەباتی کوردا.. کاتێک بە دیلی دەگرن هەر لەوێ زۆری ئەشکەنجە دەکەن و لاق و دەستی دەشکێنن و دوای سوکایەتی کردن پێی هەر لەوێ شەهیدی دەکەن و جەنازەکەی لە پشتی ماشێن دەکەن و ڕایدەکێشن هەتا ناو شاری مەهاباد.. ئەوە ڕەوشت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامییە بەرامبەر بە گەلی کورد.

مردن و سەرشۆڕی بۆ خۆفرۆشان و دوژمنانی گەلەکەمان..

سەردەکەوێ خەباتی حەقخوازانەی حزبی دیموکراتی کوردستان..

بژی کورد بژی کوردستان...

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل.

دەڵێن قارەمان.. ئازا.. بە غیرەت.. ڕەشید.. لەخۆبردوو.. گیانفیدا.. خۆنەویست.. دلێر. هەموو ئەم وشانە بۆ کەسانێک بەکار دەهێنرێن کە لەبەرامبەر ناحەقی و ماف و چەوسانەوە ڕادەوەستن و بەرەنگاری دوژمن دەبنەوەو هەتا بەدەست هێنانی ماف.. یا ئازادی.. یا هەر شتێک کە خەباتی بۆ بکات ڕادەوەستن و کە ئامادەن لە پێناویدا سەری خۆشیان دابنێن.. ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم ئەمجارە.

شەهید: عوسمان ئەمجەدی...



شەهید "عوسمان ئەمجەدی" یە کە ئەوەی لەسەرەوە باسمکرد هەمووی لە "عوسمان" دا هەبوو تەواوی بە بەژن و بالاو دەست و چەک و هەڵمەتی شێرانەی دا برا بوو.. عوسمان لە دایک بووی گوندی "قەرەگۆل"ی ناوچەی چۆمی مەجیدخان بوو سەر بە شارستانی مەهاباد. لە بنەماڵەیەکی هەژارو دەستکوورت دا گەورە بوو وەکوو زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان.. بەکارو کاسپی و شوانی و کاری کشتوکاڵی ژیانی خۆیان دابین دەکرد.. لەبەر هەژاری و دەستکورتی نەیتوانیبوو لە خوێندن و نووسین بەهرەدار بێ... ساڵی ١٣٥٩ وەکوو هەموو لاوێکی خوێن گەرم و نیشتمان پەروەر هەستی کوردایەتی و بە تایبەتی نەتەوایەتی دەبزوێ و بە هۆی هەست پێکردن و بە چاوی خۆی دەیدیت کە چۆن تورکە ڕەگەزپەرستەکانی دەوروبەریان چۆن زوڵم و زۆریان لێدەکەن لە گوند نشینەکانی دەوروبەری شاری "میاندواو بۆیە بڕیاری دا ببێتە پێشمەرگەی حزبی دیموکرات و چەک هەڵگرێ لەبەرامبەر دوژمنانی نەتەوەکەی و ڕێکای نەدەدا دوژمن خاکەکەی لێ داگیر بکات.. لە لکی٢ ی هێزی پێشەوا لە پەلی شەهید ئەحمد ڕەحیم سازمان دەدرێ و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ. کە ئەوکات بنکەکەیان لە گوندی "سەرچنار" بوو فەرماندەری لکی٢ کاک سەید ڕەسوڵ ورچان بوو. سەرپەلەکەشی شەهید "سمایل دامەنگیر" بوو. کاتێک لەساڵی ١٣٦١ یەکەم هێرشی دوژمن دەستی پێکرد بۆسەر ناوچەی "چۆمی مەجیدخان عوسمان تواناکانی خۆی نیشان دەداو بە شێوەیەک کە ببوە جێگای سەرنجی هاوسەنگەرانی، هەر لەوشەڕە بەربلاوەدا عوسمان زۆر بە تونڈی بریندار بوو،

بەشی یەکەم

هەر دوای سارێژ بوونەوەی برینەکەی گەڕایەوە ناو هاوسەنگەرانی، دوای ئەوە شەڕی هەمیشەیی هەبوو لەناوچەکەدا پێشمەرگەش دیفاعی پیرۆزی دەکرد. بە شاهێدی هاوسەنگەرانی شەهید کە دەگێڕنەوە عوسمان لە هەر عەمەلیاتێک یان هەر هێرشێکی دوژمن دا فەرماندە بوایە یان نەبوایە فەرماندەیی شەڕەکەی دەکردو هەر جێگایەک شەڕی قورسی لێبوایە دەچووە ئەوێ. یا ئەگەر کەمینیان بۆ دوژمن دادەنا بۆخۆی فەرماندەیی کەمینەکەی دەکردو ئەوەندە لە کەمینەکەدا دەمایەوە هەتا دوژمن دەهاتە بەر لوللەی تفەنگ جا لێیان هەڵدەستاو لێیدەدان کە هەموو جارێ دەبوو بە شەڕی دەستەو یەخەو زۆران بازی لەگەڵ هێزەکانی دوژمن. زۆر کەم لە شەڕدا دادەنیشت هەر بە پێوە هێرشی دەکردو لێی دەدان. هاوسەنگەرێکی دەڵێ لەکاتی هێرش بردندا چەندین جار دیتومانە کە دەراغی سەر تفەنگەکەی تەواو دەبوو خۆی بە پاسدارانداو دەداو دەبوو بە زۆران بازی، هەتا دەیکوشت و تفەنگ و فیشەکی پەیدا دەکرد. بەڕاستی چاو نەترس و ئازا بوو تینوی فیداکاری بوو، لەکاتی شەڕو بەربەرەکانیدا پێی وا نەبوو دوژمن چەکی پێیە، پاسدارو بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی وەکوو دوژمنی لە ئاشتی نەهاتوو چاولێدەکرد سازش و نەرم و نیانی لەگەڵ دوژمن لەلای عوسمان مانای نەبوو. بیرو فکری عوسمان بیری یا سەرکەووتن یا مردن بوو. عوسمان لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەکانی "مەهاباد،، بۆکان،، پیرانشار،، زمزیران،، بەشداری چالاکانەی هەبوو لە هەموو ئەو شەڕانەدا لە ڕیزی پێشەوەی شەڕەکاندا بوو، هەرگیز خۆی نەدەپاراست،لە شەڕەکاندا یا دەبوو یەکەم کەس بوایە لە پێشەوە یا دەبوو بۆخۆی بڕیاری یەکەم تەقەی داباو دەبوو بۆخۆی یەکەم دەستڕێژی لە دوژمن کردبا. لە عەمەلیاتی گەورەی دەشتی شاروێران و ناو شاری مەهاباد کە دەبوو پێکەوە دەستیان پێکردبا کە لەشاروێران لەشەڕێکی گەورەو کەم وێنەدا "چرچەی بارام میرزا" و هاوڕێیانی شەهید بوون لەناو شاری مەهابادیش سالّی ١٣٦٣دوای شەڕێکی قارەمانانەو کۆڵان بەکۆڵان و ماڵ بە ماڵ، ڕەشید ئەمجەدی " بۆ عوسمان شەهید دەبێ و عوسمانیش دیسان بە سەختی بریندار دەبێ. کە ڕۆژێکی ناخۆش بوو.. هاوسەنگەرێکی دەگێڕێتەوە لە زستانی سالّی ١٣٦٣ لە جەولەیەکی سیاسی نیزامی دا بووین لە گوندی "خێراوا" بووین کە هەواڵمان پێگەیشت دوژمن هێزێکی زۆری کۆکردۆتەوە بە نیازی هێرش کردنە. ئێمەش شەوێ وەرێکەووتین بەرەو گوندی "گەزەڵێن" و "دێوبساغا" لە کاتێکدا ڕێگامان دەبڕی لەگەڵ عوسمان ئەمجەدی و عومەر مەنگوڕ کە هەردووکیان سەرپەل بوون عومەر بە عوسمانی گووت سبەینێ خۆتن سەران دەبات ڕۆژ ڕۆژی پیاوانە دەبێت هەر شتێک کە ڕوبدا یەکتر بەجێنەهێڵین و دەرسێکیان دابدەین هەرگیز بیریان نەچێتەوە. بۆ سبەینێ دوژمن هاتە سەرمان و شەڕ دەستی پێکردو زۆر بە گەرمی و بە قورسی شەڕ درێژەی هەبوو کەلاکێکی زۆری جاش و پاسدار لە مەیدانی شەڕەکەدا مابوونەوە، پێشمەرگەکان و عوسمان و عومەر بە تایبەتی قارەمانیەتیەکی زۆر بێ وێنەیان لەخۆیان نیشاندا. کە بەشاهیدی هەموو پێشمەرگەکان عومەر بە ئارپێجی کارێکی بە دوژمن کرد با بە دەواری شڕی نەکردوەە. کە بەداخەوە لەو شەڕەدا لای نیوەڕۆ عومەر شەهید بوو عوسمان دیسان بە تۆندی بریندار بۆوە. لەو شەڕە مەزنەدا ٥ قارەمان شەهید بوون ١- عومەر مەنگوڕ ٢- ڕەزا پیرۆتی ٣- لاوە پاچیدە ٤- ڕەحمان مەعروفی ٥- سەید حوسەین

بەشی یەکەم

ئیبراهیمی. ڕۆحیان شاد بێ... هەروەها لە پایزی ساڵی ١٣٦٦ بە فەرماندەیی شەهید "خدرە سوور" و بە پشتیوانی و شارەزایی عوسمان ئەمجەدی لە لکی ٢ی هێزی پێشەوا جەولەیەکی سیاسی نیزامی مان بۆ قۆڵایی ناوچەکانی "مەحاڵ و چۆمی مەجیدخان" دەست پێکرد. بڕیارمان دا زەربەیەکی گەورە لە پێگەی دوژمن بدەین و کەمێنێکیش لە نێوان گوندەکانی "قۆرغان و غەوسابات" دانێین بۆ لێدانی گروهی زەربەتی دوژمن من بۆخۆم لەژێر فەرمانەیی عوسماندا بووم بۆ لێدانی پێگەی دوژمن لە "قۆرغان" وەرێکەووتین بەرەو شوێنی دیاری کراوی عەمەلیاتەکە، دوای ئەوەی بە فەرمان و فەرماندەیی عوسمان هەموومان دابەش بووین، لە سەعاتی سفر لێدانی پایەگاو تەئمینەکانی پایەگا وێکڕا دەستی پێکرد، تیمی کەمینیش لەگەڵ هێزی کۆمەگی دوژمن دەرگیر بوون شەڕ لە هەموو لایەکەوە دەستی پێکرد هەتا دەهات تەقە گەرمتر دەبوو هێزی کۆمەگی دوژمن و گروهی زەربەت تەفروتونا کرابوون تەئمینەکانی پایەگا هەموو کوژرابوون. تەنیا جێگایەک مابوو مقاومەتیان دەکرد پایەگا بوو . ئاگری پایەگا لەسەرمان زۆر توند بوو. پێمان سەیر بوو عوسمان ماوەیەک بوو دیار نەبوو، لەگەڵ پێشمەرگەکان بەدوایدا دەگەڕاین جێگاکەمان قاناو قاناوی باغی بوو کاتێک لە قاناوێکدا بووم گوێم لێ بوو شەهید خدرە سوور بە "بێسیم" بانگی دەکرد "هوشیار هوشیار" ناوی نهێنی عوسمان بوو لەسەر "بێسیم" کە چومە قاناوێکی ترەوە بەداخێکی زۆرەوە بەسەر جەنازەی عوسماندا کەووتم، بە گریانەوە چووم بۆ لای شەهید خدرەسوور کووتم بە داخەوە عوسمان شەهید بووە کاک خدر زۆر تێکچوو کووتی پەکوو پشتت شکاندم. بێسیمەکەی بە سنگیەوە ناو چاوەکانی تەڕ بوون کاک خدر دەیزانی چیمان لەدەست داوە. کاک خدر ئەوەندەی بە من کووت ئاگری پایەگا لەسەرتان تونده بڕۆ پێیان بڵێ ئاگر لەسەر پایەگا توندتر بکەن. لەو شەڕەدا شەهیدێکی ترمان هەبوو بە ناوی "جەعفەر شیلی" ناسراو بە "شاهۆ" ئەو ڕۆژە ناخۆشترین ڕۆژی پێشمەرگایەتیم بوو چونکە ئازاترین و قارەمانترین هاوسەنگەر و دەست و تفەنگم لە دەست دا ڕێکەتی ١٢ - ٨ - ١٩٨٧ بوو پاشان هێنامان لە گوندی "کانی کەوتەر" بە خاکمان ئەسپاردن. چەند ڕۆژ دواتر دوژمن جەنازەکانیان دەرهێنابوونەوەو لەناو شاری "میاندواو" بە خیاباندا گێڕابویان و زۆریان بێ حورمەتی بە تەرمی پیرۆزیان کردبوون.. ئەوکات فەرماندەی گروهی زەربەتی "میاندواو کەسێکی فالانژ بوو بە ناوی "سالە" کە زۆر لە شەهید عوسمان دەترساو هەمیشە حسابی تایبەتی بۆ دەکرد هەر بۆیە جەنازەکەشی دەرهێناوەو لە ناو شاریدا گێڕای کە دوای ئەوە پلەو پایەی زۆر بەرز بۆوە.. کە پاشان کەسوکاری شەهید جەنازەکانیان وەرگرتنەوەو لە گۆڕستانی گوندەکەی خۆی "قۆرغان" بە خاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردران.. عوسمان لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا زیاتر لە ١٣ جار بە تۆندی بریندار ببوو، ٣ جار زگی دڕاوەو ڕیخۆڵەکانی هاتبوونە دەرێ. هەموو جارێ دوای چاکبونەوەی بە پەلە خۆی گەیاندبۆوە هاوسەنگەران و کۆڕی هاوڕێیانی، لە بەر ئازایەتی و بریندار بوونی زۆر زۆر جار بە "زگدڕاو" و یا عوسمان خەبات بانگیان دەکرد... هاوسەنگەرێکی دیکەی شەهید عوسمان دوای بیرکردنەوەیەکی کورت گووتی بە ڕاستی نازانم چۆن وەسفی عوسمان بکەم چونکە هەڵسوکەوت و بڕیاردان و شەڕە دەستەو یەخەکانی و هێرش و پەلاماردانی دوژمن ئەوەندە نەترسانە و بێ باکانە

بەشی یەکەم

بوو وەکوو فیلمی سینەمایی دەچوو زیاتر. ئەگەر بیگێڕمەوە لەوانەیە زۆر کەس باوەڕ نەکات، بەڵام ئەوە ڕاستیەک بوو کە بەچاوی خۆمان دەماندیت، هەر شەڕێک عوسمان لەگەڵ بوایە سەرکەووتن بە گرێنتی و حەتمی بوو، هەرچەندە دەمانزانی ئەگەر شەهید نەبێ حەتمەن و قسەی تێدا نیە بریندار دەبێ. هەر دەبوو بریندارێش ببێ، چونکە ئەو دەتکووت کاتی ئاساییەو بەبێ هیچ ترسێک بە پێوەو بێ سەنگەر گرتن هەڵیدەکوتایە سەر دوژمن بە شێوەیەک دوژمن پێیان سەیر بوو پێیان وابوو شێت بووە هەڵدەهاتن لەبەری. هەرچی بڵێن سەبارەت بە شەهید عوسمان ڕاستەو کەمیان کووتوە. خەڵک و حزب کەسێکیان لەدەستدا زۆر دەگمەنن.

سوپاسی هاوسەنگەرانی دەکەم کە هاوکارین کردم لەم یادەدا. کاک ڕەزا قەباکەندی.. کاک سەید عەبدوڵا حوسینی .. کاک سوڵتان گوڵاوی.. کاک سولەیمان سەعیدی.. کاک تۆفیق بەهروز...

عوسمان ئیبراهیم زادە ناسراو بە (عوسمان شوانە)...



(شەهید عوسمان خەڵکی شاری (مەهاباد) لەساڵی ١٩٥٦ی میلادی لە بنەماڵەیەکی ئایینی لەدایک بوە. بابی مامۆستای ئاینی بوو بەناوبانگی (مەلا ڕەشە). سەرەتای ساڵی ١٣٥٩ عوسمان هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی پێشەوا لە ناوچەی مەهاباد و لەلکی ١ شەهید کاک شوان سازمان درا. عوسمان هەر زۆر زوو تواناکانی خۆی نیشان داو بەهەق کورێکی بوێرو چاو نەترس و قارەمان بوو، بەشێوەیەک ببوە جێگای سەرنجی هاوسەنگەرانی، عوسمان زۆر کەسایەتیەکی قورس بوو زۆر کەم دوێن بوو هیچ کات نەدەهاتە ناو مەوزوعی قسەوباسەکان هەمیشە بۆ عەمەلیاتەکان زۆر خێرا نەزەری خۆی دەکووت و زۆرتر حەزی بەتەنیایی دەکرد، زۆر جار بە تەنیا دەڕۆی شوناسایی شوێنەکان و سەنگەرەکانی دوژمنی دەکرد، هەتا جێگایەک بۆ عەمەلیات بدۆزێتەوە. شەو و ڕۆژی نەدەزانی نەهەستی بەسەرما دەکرد نە هیچ شتێک دەیتوانی ڕێگای پێبگرێ، بەفرو باران و گەرماو سەرمای نەدەناسی بۆ زەربە لێدان لە پەیکەری دوژمن ئامادەی هەموو شێوە فیداکاریەک بوو. شەهید عوسمان شوانە بەهۆی ئازایەتی و نهێنی پارێزی و پێشمەرگەیەکی زیرەک و تەراح پلەی سەرپەلیان پێداو کرا بەسەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکان لە لکی ١. کاتێک هەستی کرد باری شانی قورستر بووە زیاترو زیاتر هەڵدەسوڕاو خۆی ماندووتر دەکرد، بەشێوەیەک کە لە ناوچەی (شاروێران) خەوی لەچاوی دوژمن زەڕاندبوو، ڕۆژ نەبوو (مین) یکی عوسمان شوانە لەبن لاقیان نەتەقێ، زۆر جار لە ١-٢ مەتری پایەگاکانیان مینی بۆ دادەنان.. چەندین

بەشی یەکەم

جار تانکی دوژمن لەسەر تەپکی (بەردەکونتێ) کەووتنە سەر مینەکانی عوسمان، وایلێهاتبوو دوژمن نەیەندەوێرا لە جادەی قیر لابدەن. بەشێوەیەک دوژمنی تۆقاندبوو لەترسان لەجادە خاکیەکان بۆ ئەوەی بتوانن پێیدا بڕۆن خەڵکیان وەپێش خۆیان دەدا. عوسمان شوانە لەماوەی پێشمەرگایەتیدا زۆر پیاوانەو قارەمانانە ژیاو گەورەترین زەربەی لەهێزەکانی دوژمن دا. زۆرترین عەمەلیاتەکانی یان بەتەنیا ئەنجام دەدا یان وەک تیمی ٢ - ٣ کەسی. هەتا لەڕۆژی ١٥ - ١١ - ١٩٨٢ لە گوندی (ئیندەرقاش) لەشەڕێکی قارەمانانەدا لەگەڵ هێزەکانی دوژمن شەهید دەبێ و گیانی فیدای خاک و نیشتمانەکەی کرد، تەرمی شەهید عوسمان لە گوندی (قەمتەرە) بەخاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردراو ئەگەرچی بەجەستە لەناوماندا نەماوە بەڵام بۆ هەمیشە لەناو دڵ و دەرونمان بەزیندوویی دەمێنێتەوەو گەورەترین شانازی شەهیدبوونی وەرگرت.

نامرن ئەوانەی لەدڵی میللەتا دەژین...

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل.

یادێک لە شەهیدانی گوندی (قازیاوا)ی ناوچەی مەهاباد...



دەوران دەورانی شەڕو حەماسەو بەرەنگاری قارەمانانەی پێشمەرگەکانی کوردستان بوو، لەگەڵ لەشکری ڕەش و نەفامی و داگیرکەرانی کوردستان. سەرەتای ساڵەکانی ١٣٦٠ی هەتاوی بوو. لەسەرتاسەری کوردستان شەڕێکی تەواو عەیار لەلایەن ڕژێمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەسەر گەلی کوردا سەپێنرابوو. خومەینی حوکمی جەهادی بەرامبەرمان وەکوو کافرو کوردو سونی دەرکردبوو. لەکاتێکدا کوردی بێ دەرەتان تەنها و تەنها داوای سەرەکی ترین مافەکانی ژیانی خۆی کردبوو دوای دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشان لەگەڵ ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران. بۆیە خەڵکی کورد دوای ئەم زوڵمە گەورەیە لەلایەن ڕژێم زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان پشتیوانیان لە حزبی دیموکراتی کوردستان کردو بە کردەوە هاتنە مەیدانی خەبات بەدژی هەر هێرشێکی ڕژێم. لەکات و وەزعێکی لەم شێوەیە کە کوردستان سەرتاسەری غەرقی شەڕێکی زەبەلاح و گەمارۆی ئابوری بوو بەرەنگاری و هێرش لە ئەوجی خۆیدا بوو. ڕۆژ نەبوو بە دەیان کوژراوو بریندار بۆ ڕژێم نەچێتەوە، کە لە کوردستان بە دەستی قارەمانەکانی گەل سەریان لەشاخە سەختەکانی کوردستان دەدرا. لە ڕێکەووتی دوو شەممە ١٤ ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٦١ ی هەتاوی بەرامبەر بە ٤ - ٥ - ١٩٨٢ی میلادی. جاشە خۆفرۆشەکان و هێزێکی زۆری سوپاو بەسیج و ئارتەش بە ڕێنوێنی و چاوساغی جاشەکان. لە نیوە شەوی ئەم ڕۆژەدا زۆر بە بەرنامە دەورەی گوندی (قازیاوا) دەدەن لە چەند کیلۆمەترێک لە شاری مەهاباد دوورە. تەواوی شاخ و دەشت و دەوروبەری ئاواییان گرتبوو.

بەشی یەکەم


کاتێک پێشمەرگەکان هەرگیز چاوەڕوانی ئەو هێرشەیان لەدوژمن نەدەکردو پێیان وانەبوو بتوانن بگەنە ئەم گوندە. لەگەڵ ڕوناک بوونی هەوا لەبەر دەرگای بنکەی پێشمەرگەکان شەڕێکی دەستەویەخە دەست پێدەکات. بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی پێشمەرگەکان ئەوەندەی ڕێگاو وەختیان هەبوو بەرەنگاریان ببوونەوە. لەکاتێکدا هەر چوار دەوری بنکەکەیان گیرابوو، دوای مقاومەتێکی شێرانە پێنج پێشمەرگە پێنج لاوی مەهابادی بە هەزاران ئاوات و ئامانجەوە شەهید دەبن و خوێنیان تێکەڵ بە خاکی پاکی کوردستان دەبێ و ماڵئاوایی لەهاوسەنگەران و خەڵکەکەیان دەکەن و تێکەڵ بە کاروانی نەمران و شەهیدان دەبن

ناوی شەهیدەکان:

١- شەهید ڕەحمان پادەوی خەڵکی مەهاباد.
٢- شەهید خالید توبا خەڵکی مەهاباد
٣- شەهید خالید مرادی خەڵکی مەهاباد
٤- شەهید کەماڵ ئەلیاسی خەڵکی مەهاباد
٥- شەهید سمایل مەحمودزادە خەڵکی مەهاباد.

ڕۆحیان شادو یادو یادگارەکانیان هەر زیندوو بێ. ڕێگای خەباتیان بەردەوام...

یادێکی کورت لە شەهیدی هەمیشە زیندوو کەریم ئارامش... ناسراو بە کەریم عەلی فەرامەرز...




ئەوکات هاوینی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بنکەی پەلی ئێمە(شاهۆ) لە گوندی بەسری بووین، کاک سەرهەنگ (چیا) فەرماندەری هێزی ١١٠ی بەیان ی ناوچەی بۆکان بوو٠ دەفتەری سیاسی پێیان ڕاگەیاندبوو کە هەتا فەرماندەی تازە بۆ هێزی پێشەوا دیاری دەکرێ دوای شەهید بوونی کاک هەژار، کاک چیا فەرماندەیی هێزی پێشەوا بە ئەستۆ بگرێ. دیارە کاک چیا کەسێکی خۆشەویست بوو لەلای ئێمە و ئامادە بووین هاوکاری بکەین. کۆمیتەی شارستانی ئەوکاتی مەهابادیش ڕازی بوون کە کاک چیا ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی بۆ ماوەیەکی کاتی. کاک چیا الحەق فەرماندەیەکی پوخت و لێزان و بە بەرنامە بوو هەموو کارەکانی پێیخۆش بوو بە نەزم و بە دیسپلین بەڕێوەبچێ وەکوو سوپای ولاتێک. لەو خاڵەدا لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا یەکیان نەدەگرتەوە. چونکە ئێمە زۆر ئازادو سەربەخۆ ڕاهاتبووین بۆ زۆر عەمەلیاتان هەر سەربەخۆو لەسەر کارو ئەزمونی خۆمان کارەکانمان ئەنجام دەدا. بۆیە کاک چیا زۆر هەوڵی دا کە وەکوو فەرماندەری هێز بمانخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی بەڵام هیچ کات نەیتوانی سەرکەوێ بەسەر غرورو عەزم و جەزمی ئەوکاتی ئێمەدا، ئێستا دەزانم حەق بەکاک چیا بوو نەک بە ئێمە. ئاشنایەتی ئێمە لەگەڵ شەهید کەریم عەلی فەرامەرز بە بۆنەی کاک چیا بوو. ڕۆژێک کاک کەریمی بە ئێمە ناساند لەو ڕۆژەوە کاک کەریم زۆر زوو جێگای لەدڵی هەموو پێشمەرگەکانی پەلی شاهۆدا کردەوە. هەر دەتکووت بیست ساڵە پێکەوەین. ڕۆژێک پێموابێ ٢ یا ٣ حەوتوو پێش ئەوەی شەهید بێ لەگەڵ چوار

بەشی یەکەم

هاوسەنگەری خۆی هاتن بەتایبەتی میوانی ئێمە بوون لە بەسری. پێموابێ ئەوکات بنکەی هێز لە گوندی قەرەبڵاغ بوو. ئەو شەوە هەتا بەری بەیان دانیشتین مەجلیسێکی خۆش و پڕ لە سەفاو سەمیمیەت و پێشمەرگانە، بۆ سبەینێ لای نیوەڕۆ هەموو وەختەبەر هاتین دوای نەهاریّ ئەوان ڕۆشتنەوە و ئەوە دواییین دیدارم بوو لەگەڵ شەهید کەریم. پاشان ئێمەش چووین بۆ شاروێران. هەتا لە ڕۆژی ٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٠ لە هێرش بۆسەر پایەگای دوژمن لەسەر گوندی حسین مامە و بۆ بەسزا گەیاندنی جنایەتکارانی ڕژیمی ئیسلامی بەرنامەی گرتنی ئەم پایەگایەیان داڕشتبوو. لەسەری سەعاتی سفر هێرش دەستپێدەکات و بە یەکەم گرمەی ئارپێجی دوژمن تۆقێنی پێشمەرگە لەرزە دەخەنە ناو دڵ و جەستەی دوژمنان. دوای هێرشێکی تۆند بەداخەوە لەگرتنی یەکەم سەنگەری دوژمن و پێشڕەوی بۆ ناو پایەگا کەریم وەکوو فەرماندەری لک زۆر ئازایانەو شێرانە هەڵدەکوتێتە سەر سەنگەرەکانی دوژمن، کەبەداخەوە کەریم بریندار دەبێ خێرا چەند پێشمەرگە دەیهێننە خوارەوەی پایەگاو لەمەترسی ڕزگاری دەکەن.

بەڵام لەبەر خوێنڕێژی زۆرو قورسی بڕینەکەی بەداخەوە دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ، ڕۆح و گیانی خۆی کردە پردە بازی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی گەلەکەیی و بەخوێنی خۆی ڕێگای ژیانێکی ئاسودەو سەرفەرازی بۆ نەوەکانی دواڕۆژی کوردستان ڕوناک کردەوە٠ کاتێک ئێمە زانیمان کەریم شەهید بووە، چەند کەسێک بووین بەپەلە لەشارۆیران گەڕاینەوەو خۆمان گەیاندە ڕۆژی بەخاک سپاردنەکەی و توانیمان بۆدواجار مالئاوایی لەگەڵ بکەین.

یادێک لە شەهیدان: یوسف ئیسماعیلزادە و کەمالّ ئیسماعیلزادە...



شەهید یوسف برا گەورەی شەهید کەمالّ بوو. لەسەرەتای شۆڕشەوە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشیبوو. هاتبوە ناو ڕیزی پێشمەرگەو شۆڕشگێڕانی (حزبی دیموکرات).یوسف پێشمەرگەیەکی ئازاو جەسوورو بە بیروباوەڕ بوو. کەسێکی هوشیارو تێگەیشتوو بوو. بەڵام بەداخەوە لەسەرەتای ساڵەکانی شۆڕش. کاتێک حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ و دارودەستەکەی بەنیازی دروستکردنی شەڕی نێوان دووگەلی برا، واتە تورک و کورد هێرشیان دەکردە سەر گوندە کوردەکان. بەداخەوە ئەوکات یوسف لە گوندی (خەڵیفەلیان) سەر بە ناوچەی نەغەدە. لە ڕێکەووتی ٢٠ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لەشەڕێکی کەم وێنەدا دوای چەندین کاتژمێر شەڕو بەربەرەکانی زۆر قورس یوسف لە کۆتایی شەڕەکەدا کە دوژمن دەشکێ و ڕاویان دەنێن لەناوچەکە سەربەرزانە شەهید دەبێ. لەشاری مەهاباد لەناو ئاپۆڕای خەڵکی شاردا بە خاکی پاکی کوردستان دەپێردرێ. ڕۆحت شاد...

شەهید کەمالّ ئیسماعیلزادە،

هەروەها برا گەورەکەیان بەناوی (قادر ئیسماعیلزادە) ئەویش هەر ئەندامی حزب بوو. لە تاران ئیعدام کراو شەهید بوو. من زۆر زانیاریم لەسەر شەهید قادر نیە بەوردی هەتا لێرەدا باسی بکەم. بەڵام هەوڵ دەدەم زانیاری تەواو بەدەست بێنم و یادی بکەمەوە.

بەشی یەکەم

لەسەرەتای پێشمەرگایەتیمانەوە لەگەڵ کەماڵ پێکەوە بووین. کاتێک لەشار هاتینە دەرێ و بنکەکانمان بردنە دەرەوەی شاری مەهاباد. ئەوکات کەماڵ ساڵێک لەمن گەورەتر بوو. زۆر جار باسی شەهید یوسفی برای دەکرد. زۆری خۆشدەویست، زۆر باشم لەبیرە لەهەموو عەمەلیاتەکاندا تروسکەیەک لەچاوەکانی هەڵدەستا ڕووی لەشوێنی دوژمن دەکردو بەدڵێکی بەهیواو بە دەنگێکی گیراوەوە دەیکووت یوسف گیان (بە تۆڵەی تۆ) ئیتر دوای دەستپێکردنی عەمەلیاتەکە هەتا تەواو بوونی شەڕەکە کەماڵ نە سەری دادەنەواند، نە هەرگیز خۆی دەچەماندەوە ڕووبە دوژمن. دەستی لەهیچ کەسێکی دوژمن نەدەپاراست. زۆرجار من نەمدەهێشت زۆر سەرکێشی بکات. بەڵام جوابی نەدەدامەوە. دوای شەڕەکە دەهات سەری بە سەرمەوە دەناو دەیکووت ڕۆحم بە تۆ قەرزدارە. هەتا ئێرە کەماڵ لەناو ئێمەدا ببوە جێگای سەرنجی هەموومان. حەسەنی سوهرابی کە سەرپەلمان بوو هەمیشە پێیدەگووتم زۆرت ئاگا لە کەماڵ بێت. ئەو لەکاتی شەڕەکاندا بە هیچ شێوەیەک ئاگای لەخۆی نیەو نازانێ لە کوێیە. بەهەموومان ئاگاداریمان لێدەکرد. دەمانزانی بەهۆی شەهید بوونی یوسفی برای چەندە ناڕەحەتە هەرگیز نەماندەهێشت بەتەنیا بێت.

کەماڵ لەمنداڵیەوە لەلای پووری بە ناوی (دێدە) بانگیان دەکرد گەورە ببوو. دێدەو خێزانی شەهید یوسف زوو زوو سەردانی کەماڵیان دەکرد. شەهید یوسف کوڕێکی هەبوو. کەماڵ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاترو زیاتر تواناکانی خۆی پیشان دەدا. لەباری قارەمانیەتی و تەراحیەوە لەئەوپەڕی خۆیدا بوو. کوڕەکانی شاهۆ هەمووبان وابوون. هەریەکەیان دەیانتوانی گەورەترین کاری بەرپرسایەتی هێزی پێشمەرگەیان کردبایە. قاڵبۆوەی ناو شەڕو داستانە حەماسیەکان بوون. بەدەیان عەمەلیات کەماڵ جێگای دەستی دیار بوو. هەتا لەشەڕی داگیرکردنی (گوێکتەپە) لەلایەن دوژمنەوە، حەسەن سوهرابی سەرپەلمان بوو شەهید بوو.

کە لە بیرەوەریەکانمدا بە دوورو درێژی نوسیومەتەوە. دوای شەهید بوونی حەسەن، کاک هەژار داوای لەمن کرد بەرپرسایەتی پەل وەربگرم. بەڵام بەهۆی خۆشەویستی من بۆ حەسەن نەمتوانی جێگای ئەو بگرمەوە. سۆفی مان کردە سەرپەل. پاشان کەماڵ کرایە سەرپەلی شاهۆ. لەسەردەمی کەماڵ دا عەمەلیاتی زۆر گەورە کران. کەماڵ هێندەی دیکە جێگای خۆی لەناو دڵی هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچەکەدا کردەوە. بەتایبەتی بە خستنە خوارەوەی ٣ هەلیکۆپتەرەکەی گوێکتەپە لەدەشتی شاروێران کە کەماڵ دەستێکی بەهێزی هەبوو لەو عەمەلیاتە دا، چونکە بە کالیبر ٦٩ تەقەی لە هەلیکۆپتەرەکان دەکرد. ئەو عەمەلیاتەشم بەوردی نووسیوەو بڵاو کردۆتەوە. کەماڵ بەهۆی خۆشەویستی و قارەمانیەتی سەرەتای ساڵی ١٣٦٢ کردمانە فەرماندەری لکی١ شەهید کاک شوان. کاتێک کەماڵ بوو بە فەرماندەری لک. دەبوو بچێتە ئەرکانی لک و لەوێ بێ. کاتێک دەهات بڕوات و پەلی شاهۆ بەجێبێڵێت. چاوەکانی پڕ بوون لەگریان و

بەشی یەکەم

هەموو کوڕەکانی ماچ دەکرد. گەیشتە لای من و چاوێکی لێکردم و بەدەم وردە گریانەوە وەکوو منداڵێکی پاک و سادە لەو گریانەدا چاوی لەچاوم بڕی و پێکەنینێکی مەعسومانە ڕوخساری گەش کردەوەو گووتی شۆڕش من دەیان ڕۆح و گیان بەتۆ قەرزدارم. یان ئێستا تۆش دێی لەگەڵم باشە، دەنا ئەمنیش لێرە ناڕۆم. بە مجبووری منیش بە تفەنگی خۆمەوە لەگەڵی چووم بۆ بنکەی تازەمان، ئەرکانی لکی ١ پەلی شاهۆمان بەجێهێشت. لەدەورانی فەرماندەیی کەماڵ هەموو تەرح و بەرنامەکان پێکەوەو بەهاوکاری سەرپەل و سەردەستەکان تەراحی دەکران و بە هیمەتی پێشمەرگە دڵسۆزو قارەمانەکان بەڕێوە دەبران. زۆرترین عەمەلیاتی گەورەو چکۆڵە ئەنجامدران. زۆرتیرین دەستکەووتمان هەبوو. لەچاو گەورەیی عەمەلیاتەکان کەمترین شەهیدو بریندارمان هەبوو. کەماڵ هەرئەوکات ژیانی هاوسەری لەگەڵ (ئێران قارەمانی) پێک هێنا. هەتا بەهاری ساڵی ١٣٦٣ کاتێک ناوچەمان لێگیرابۆوە. بەهۆی بێ بەرنامەیی هێزو تەشکیلات و دەفتەری سیاسی زۆرێک لە پێشمەرگەکان لە هەموو هێزەکانەوە دەچوونەوە خۆیان تەحویلی ڕژیم دەداوە و دەگەڕانەوە سەر ژیانی کەسی خۆیان. کەماڵ کە باری بەرپرسایەتی زۆر باش بوو، زۆر جێگای باوەڕو متمانەی هاوسەنگەرانی بوو. هیچ کەسێک باوەڕی نەدەکرد کەماڵ ڕۆژێک لەڕۆژان خۆی تەحویلی ڕژیم بداتەوە. من ئێستاش باوەڕناکەم. بەڵام هەموو شتێک ڕوون بوو کە کەماڵ خێزانەکەی واتە ئێران زۆر کاریگەری هەبووە سەبارەت بەم هەڵوێستەی کەماڵ. هەرچۆنێک بوو کەماڵ چۆوەو خۆی تەحویلی ڕژیم دایەوە. بەڵام زۆری نەخایاند کەماڵ هاتەوە دەرێ و لە گوندی ئازاد خۆی گەیاندەوە لای کادرو پێشمەرگەکان. لەوێ مەنسوور ئەمیری دیبوو.

پاشان دەینێرنە هێزو تەشکیلات. کە بەداخەوە لە گوندی کانی ڕەش لەگەڵ خێزانی زۆر مەزڵوومانە تیرباران دەکرێن، بەهۆی بڕیارێکی نابەرپرسانەی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی شارستانی ئەوکاتی مەهاباد. بەهەر پێوەرێک بوایە حزب نەدەبوو کەماڵ و خێزانە دووگیانەکەی ئیعدام بکەن. ڕۆحت شادو یادو یادگارەکانت هەمیشە زیندوو.

سڵاو لەڕۆحی کەماڵ و هەموو شەهیدان.

شەهید یوسف ئیسماعیلزادە،

شەهید یوسف برا گەورەی شەهید کەماڵ بوو. لەسەرەتای شۆڕشەوە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشیبوو. هاتبوە ناو ڕیزی پێشمەرگەو شۆڕشگێڕانی (حزبی دیموکرات). یوسف پێشمەرگەیەکی ئازاو جەسوورو بە بیروباوەڕ بوو. کەسێکی هوشیارو تێگەیشتوو بوو. بەڵام بەداخەوە لەسەرەتای ساڵەکانی شۆڕش. کاتێک حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ و داروودەستەکەی بەنیازی دروستکردنی شەڕی نێوان دووگەلی برا، واتە تورک و کورد هێرشیان دەکردە سەر گوندە کوردەکان. بەداخەوە ئەوکات یوسف لە گوندی (خەڵیفەلیان) سەر بە ناوچەی نەغەدە. لە ڕێکەووتی ٢٠ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٩ی

بەشی یەکەم

هەتاوی لەشەڕێکی کەم وێنەدا دوای چەندین کاتژمێر شەڕو بەربەرەکانی زۆر قورس یوسف لە کۆتایی شەڕەکەدا کە دوژمن دەشکێ و ڕاویان دەنێن لەناوچەکە سەربەرزانە شەهید دەبێ. لەشاری مەهاباد لەناو ئاپۆڕای خەڵکی شاردا بە خاکی پاکی کوردستان دەپێردرێ.

ڕۆحت شاد...

ڕەوانشاد: مام ڕەسوڵ ئەمین عەشایری... ناسراو بە (مام ڕەسوڵ ئاغا)...



دواییین دیدارم لەگەڵ مام ڕەسوڵ ئاغا. مام ڕەسوڵ لەدایک بووی گوندی (شیناوێ) سەر بەناوچەی پیرانشار بوو. لە بنەماڵەیەکی دەسترۆیشتوو دەسەڵاتدار بوو. هەر لە بنەڕەتدا با ئاغایی و دەسەڵاتداری هێنابویان، هەتا ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی. دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی ئاغاکان ئەو دەسەڵاتەیان نەما. مام ڕەسوڵ ئاغا هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە بە ئاشکرا هاتە ناو ڕیزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان، هەرچەندە لە زەمانی شاە، هاوکاری و یارمەتی شۆڕشگێڕانی ئەوکاتی زۆر کردبوو بەڵام هەمووی بە نهێنی بووە. مام ڕەسوڵ کەسایەتیەکی پاک و بە ئەدەب و کوردپەروەرو دڵسۆزی حزب و خەڵک و شۆڕش بوو. حزب بەهۆی ئەوەی ئاغاکانی باشوور زۆریان ڕێز لەمام ڕەسوڵ دەگرت. زیاتر وەکو پەیوەندیەکانی نێوان حزب و سەرۆک عەشیرەکانی باشوور لە پەیوەندی دا بوو. مام ڕەسوڵ بەرپرسی ئەو پەیوەندیانە بوو. ماوەیەکی زۆر پێکەوە لە دەبیرخانە لەخزمەتیدا بووم. کەسێکی کراوەو خۆشەویست و قسە خۆش بوو. زۆرجار شۆخی م لەگەڵ دەکرد و دەمبزاود بۆ من هیچی نەدەگووت، هیچ کاتێک نەمدەهێشت دڵی لێم بێشێ، هەرچەندە منی زۆر خۆشدەویست شۆخی پێخۆش بوو لەگەڵ من زۆر جار قسەی هیچ کەسێکی نەدەسەلماند، ئەوەی دەیکووت هەر دەبوو وابایە. ئەگەر قسەکەی بەدڵ نەبوایە دەیکووت (خۆنا) ئەگەر بەدڵی بوایە دەیکووت (خۆ با) لەگەڵ زۆرێکی تر لە عادەت و خووڕەوشتی خۆی کە تەنها تایبەت بوون بەخۆی. ئاخرین دیدارم لەگەڵ مام ڕەسوڵ ئاغا، ساڵی ١٩٩٧ی میلادی بوو ئەوکات مام ڕەسوڵ ئاغا لەبنکەی پەیوەندیەکانی هەولێر کاری دەکرد منیش سەرقاڵی سەفەر کردن بووم بۆ تورکیا. پاسپۆرتێکی جەعلیان بۆ دروست کردبووم کە ماوەکەی هەر ١٥ ڕۆژ

بەشی یەکەم

بوو مۆرێک مابوو لێیبدەن و بڕۆم منیش پاسپۆرتەکەم لەلای مام ڕەسوڵ دانابو کە هاتمەوە دەبوو بچم مۆرەکەی لێبدەن و تەواوبێ، کە دیتم مام ڕەسوڵ لە مەقەڕێ نەبوو، لە ئەحمەد هەمزەزادەم پرسی مام ڕەسوڵ لەکوێیە؟ کووتی چۆتە حەمامی شار، دەمزانی دەچێتە کام حەمامە. یەکسەر چووم لەکابرای خاوەن حەمامم پرسی کەسێکی لەم ڕەنگ و شێوەیە نەهاتۆتە ئێرە؟ کووتی نازانم بەڵام دەتوانی بچیتە ژووری چاولێبکەی، منیش هەر بەلیباسەوە چوومە ژووری گەرماوەکە زۆر گەرم بوو زۆریش تەم و مژڕ بوو ژوری زۆرم چاوگێڕا فایدەی نەبوو نەمدیت، بە مێشکمدا هات گووتم با یەک بەخۆم بانگی بکەم ٢ - ٣ دیوی چکۆڵەی لێ بوو کوتم دەبێ لەوێدا بێ. یەک بەخۆم هاوارم کرد و کووتم (خۆنا) دوبارەم کردەوە دەنگی مام ڕەسوڵ هات کووتی (خۆبا، خۆبا) ئەوە کێیە؟ ئەو خەڵکە پێیان وابوو شێتم هەموو چاویان لێدەکردم. وەڵا مام ڕەسوڵم دیتەوەو هێنامەوە بۆ مەقەڕێ. مام ڕەسوڵ گوتی هەم من فیتووی خۆمم ناسی، هەم تۆ توانیت من ببینیەوە.

ئەوە دواین دیدارم بوو لەگەڵ مام ڕەسوڵ ئاغا. مام ڕەسوڵ ئاغا ساڵی ٢٠٠٠ بەهۆی نەخۆشی لە هەولێر کۆچی دوایی کرد.

یادو یادگارەکانت هەمیشە بەزیندوویی دەمێنەوەو ڕۆحت شابێ و ڕێگای خەباتت دریژەی هەیە.

بەشی یەکەم

یادێک لە شەهیدانی(بێکەس)



کاتێک مرۆڤ بۆ ئازادی بۆ ڕزگاری میللەتەکەی لە ژێر دەستی ئیستبداد و زوڵم و زۆری و چەوسانەوە،، لەگەڵ ئازاری خاک، لەگەڵ دەنگی نیوە زیندوانی زیندانەکان،، لەگەڵ شین و گریانی دایکی شەهیدان، لەگەڵ شاخ و دۆڵ و هەموو خاکی کوردو کوردستا تێکەڵ دەبن و لە ناو یەکدا دەتوێنەوە و دەبن بەیەک، لەناو ئەم تێکەڵەیەدا گوڵێک دەڕوێ وگەورە دەبێ و بااڵ دەکاتبە ناوی ""پێشمەرگە"" پارێزەری خاک و خەڵک لەهەر دەست درێژیەکی دوژمنان وەکو "قەندیل" و "هەڵگورد" و "بێستوون سەر سەختانە بە ڕویاندا دەوەستێت و دەبێتە باسکی بەهێزو پڕ توانای گەل.. با هەموومان پێکەوە بڵێین... بژی پێشمەرگە

١- حەسەن مەلازادە: ناسراو بە (حەسەن بێکەس) لەدایک بووی شاری مەهاباد لەسەرەتای شۆڕشەوە بەشداری چالاکانەی هەبوو لە کارو ئەرکەکانی حزبی دا٠ لە شەڕی ٣ مانگەدا لەگەڵ پێشمەرگە قارەمانەکان دەرسێکی باشیان دا بە هێزە داگیرکەرەکانی ڕژیم و دوژمنیان هێنایە سەر مێزی دانوستان و گفتوگۆو شکستیان بە هێزی شەڕخوازی ڕژیم هێنا. حەسەن سەرپەلی پەلی (بێکەس) بوو لە هێزی پێشەوا لە ناوچەی مەهاباد. لە ڕۆژی هەینی ١٣ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥ لەکاتێکدا لەبنکەی پێشمەرگەکان لە گوندی (داغە) سەر بە ناوچەی مەنگورانی مەهاباد، پێشمەرگەیەکی کەم ئەزموون ئاڵقەی نارنجۆکێک دەکێشێ، حەسەن خێرا بە پێشمەرگەکان دەڵێ بڕۆنە دەرێ دەیەوێ نارنجۆکەکە فڕێبدات دەبینێ لەدەوروبەری ژن و منداڵی ئاوایی لێیە٠ بۆ ئەوەی هیچ کەسێک زیانی پێنەگات خۆی بەسەر نارنجۆکەکەدا دەداو پێیدا دەتەقێتەوەو

بەشی یەکەم

شەهید دەبێ. شەهید حەسەن بێکەس لەناو ئاپۆڕای خەڵک و هاوڕێیانـــی لە گوندی (گوێچکەدەرێ) بەخاک دەسپێردرێ.

٢- برایم مەلازادە: ناسراو بە (برایم بێکەس) لەدایک بووی مەهاباد بـرای شـەهید حەسـەن بێکەس. بـرایم هەرچەنـد لە شـەهید حەسـەن کەم تەمەن تـر بـوو، بەڵام ئەوێـش لەسـەرەتـای شۆڕشـەوە لەهەمـوو چالاکیەکـان بەشـداری هەبـوو وەکـوو سـازماندەیی درابـوو بە پەلـی شـەهید (محمـد گـوگە) لە ڕۆژی جەژنـی قوربـان ٢٨ - ٧ - ١٣٥٩ پێشمەرگەکان بە مەبەستی لەداوخستنی دوژمن. لەباغەکانی سمایل ئاغای کۆسەکەرێز لەسـەر جـادەی (مەهابـاد - ورمێ) کەمین دادەنێن. لای نیـوەڕۆ هێزێکـی گەورەی دوژمن دەکەونە ناو کەمینی پێشمەرگەکان کەچەندین تـانگ هەڵگرو ماشێنـی سەربـازی دەبـن٠ لەگەڵ یەکەم دەنگی دوژمن تـۆقێنی ئـاڕپێ جـی بـارهەڵگرێـک دەسـووتێنن بە تـانگەوە شـەڕ دەستپێدەکات و هێـزی یـاریـدەدەری دوژمـن لە نەغەدە و دەوروبەر دەگەنە جێگـای شـەڕەکە. بەشـێوەیەک دەوری پێشـمەرگەکان دەگـرن و شـەڕ دەبێـتە شـەڕی دەسـتەویەخەو شەڕی مان و نەمان.. شەڕ هەروا گەرم گەرمتـر دەبـێ هەتـا هێـزی یـاریـدەدەری پێشـمەرگە خۆیـان دەگەیەنـــە مەیـدانی شـەڕو بەڵام لە کۆتـایی دا دەگەنـێ، بەڵام دەتـوانن هێزەکـانی دوژمـن ڕاو بنـێن و نەهـێڵن بـگەنە سـەریان٠ کەبەداخەوە یەک پێشمەرگە تـوانی ڕزگاری بێ لەم گەمـارۆ بەرتەنگەی دوژمن دا. لەم شـەڕە دژوارو حەماسی یەدا دوای ئەوەی ژمـارەیەکی زۆر لەهێزەکانی ڕژێم کوژرابـوون بەڵام پێشمەرگەکان بڕیـاریـان دابـوو هەتـا دوا هەناسـە شـەڕ بکەن، هەر واشیـان کـرد٠ حەوت پێشمەرگەی قـارەمان گیـانی خۆیان کردە قوربانی بۆ ئازادی و ڕزگاری گەلەکەیان٠ لە بیرەوەریەکانم دا ئەم شەڕەم بە وردی نوسیوەو بڵاو کردۆتەوە.

ناوی شەهیدەکان:

١- محمد پور ڕەشیدی ناسراو بە محمد گوگە سەرپەل.

٢- مەنسوور ڕەهایـی.

٣- سولەیمان سەرخانیـی.

٤- ڕەحیم سابت.


٥- سولەیمان سەرکەبود.

٦- برایم بێکەس.

٧- سولەیمان مەنسووری...

ڕۆحیان شادو یادو ناویان هەمیشە زیندوو. سەرچاوری وێنەکان لە پەیجی شەهید وەرگیراوە.

عەبدولا خزری ناسراو بە (عەولای مام حەسەنی)...



... لە ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی لە گوندە جوان و دڵڕفێنەکەی "بنێوخەڵێف" ی ناوچەی "سەردەشت" لەدایک بووەو چاوی بە دنیا هەڵێناوەو یەکەم هەناسەی بە هەوای پاک و سازگاری کوردستان هەڵمژیوەو هەر بەو ئاو هەوا ساف و خاوێنە درێژەی بە ژیان داوە. هەتا لە ساڵی ١٣٤٦ لەگەڵ ٢ هاوڕێی باورپێکراوو خۆشەویستی خۆی بە ناوەکانی شەهید "عەولای مام ئاغا" و کاک "عەلی شا" بونەتە ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستان و پەیوەندیان بە شەهید "مەلا ئاواڕە" وە کردوەو هەمیشە لە پەوەندیدا بوون پێکەوە ، وەکوو هەستەیەکی باش و ئەندامانێکی سەر ڕاست و بەوەفاو بە بیروباوەڕ هەموو جموجۆڵەکانی جاش و ژاندەرمە پیاوکوژەکانی پاشایەتیان خستۆتە بەر نەزەرو هەرچی هەبوایە دەیانگەیاندە "مەلا ئاواڕە" و باقی بەرپرسانی ئەوکاتی حزب لە ناوچەکەدا.. هەتا ساڵی ١٣٥٧ و لە کاتی خۆپیشاندانەکانی سەرتاسەری گەلانی ئێران و سەرئەنجام ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی.. شەهید عەلاو هاوڕێکانی دەست بەسەر پاسگای حکوومەت دەگرن لە گوندی "بنێوخەڵێف" و هەموو چەکو چۆلی کە بە دەستکەوت گیرابوو بەسەر خەڵکی گوندەکەدا دابەش دەکەن و چەکداریان دەکەن. دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی. بنکەیەک لە گوندەکەیان دەکەنەوە دوای ئەوە بەڕەسمی هەرسێکیان دەبنە پێشمەرگەی حزب و لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشن و بە ئاشکرا چەکی شەرەف دەکەنە شانیان لە بەهاری ساڵی١٣٥٨ بە

بەشی یەکەم

مەئموریەتی حزبی دەیانێرنە باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەوێ بەشداری لە شەڕی "حەساریان" کردووە و پاشان لەشەڕی داسەپاوی شاری "نەغەدە بەشدار بووون.. هەروەها کاک عەڵای مام حەسەنی لە ساڵی ١٣٥٩ لە شەڕێکدا لە ناوچەی سەردەشت بریندار دەبێ و پاش چاکبونەوەی برینەکەی دەگەڕێتەوە ناو سەنگەری شەرەف، دوای ئەوە لە زۆربەی هەرە زۆری شەڕەکانی ناوچەی سەردەشت بەشداری چالاکانەی کردووەو ئازایەتی تواناکانی خۆی پیشان داوەو بۆتە جێگای سەرنجی خەڵکی ناوچەو هاوسەنگەرانی، دیسان هەر لەو ساڵەدا جارێکی تر بە چەکی قەناس زۆر بەسەختی بریندار دەبێ... پاشان دوای ماوەیەک لە پێش ماڵی "باساوێ" جێگایەک بە ناوی"گەسکە سووركان" هێزێکی زۆری دوژمن بە مەبەستی گرتنەوەی "بۆبانێ" پێشڕەوی دەکەن. کە هێزێکی پێشمەرگە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی عەوڵای مام حەسەنی بەرەنگاری ئەو هێزەی دوژمن دەبنەوەو دوای لێدانێکی کوردانەو پێشمەرگانە ئەوی کوژرا دەکوژرێ یان بە دیل دەگیرێن و هیچ کەس لەو هێزەی دوژمن دەرناچێت و ناگەڕێتەوە. عەوڵا لەبەر ئازایەتی و قارەمانی دەکرێتە سەرپەلی پەلێ لە پێشمەرگەکان. هەر لە پایزی ئەوساڵەدا دەبێتە سەردەستەی دەستەی ٣ .. لەو ماوەی بەرپرسایەتی خۆیدا لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی سەردەشت و دەوروبەری بەشداری چالاکانەی دەبێ، هەتا لە پایزی ساڵی ١٣٦٢ جارێکی تر بەهۆی خومپارە لە "سونێ" بە سەختی بریندار دەبێ و پانیەی پێی دەپەڕێ و دەبێتە کەمئەندام و تا سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی بە هۆی نەخۆشی بە یەکجاری ماڵئاوایی لە هەموو هاوڕێیانی و خۆشەویستانی و ماڵ و منداڵی دەکاو ئاوات و ئامانجەکانی بە چاوی خۆی نەدی و کوردو کوردستان و شۆڕشی بە هاوسەنگەرانی و لاوەکانی کوردستان ئەسپاردو ئێمەی کردە ڕێبواری ڕێگای پیرۆزی ...

ڕۆحی هەموو شەهیدانی کوردستان شادبێ...

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل ..

بەشی یەکەم

یەکەم شەڕی گۆندی "زگدڕاو" لە ناوچەی مەهاباد...



ئەم بیرەوەرییانەم کە بۆ لاوەکانی کوردستانی دەگێڕمەوە، ئەو بیرەوەرییانەیە کە بە چاوی خۆم دیومە. لەوانەیە هاوڕێیەکی تر بە شێوەیەکی دیکەی دیتبێ یا لە گۆشەیەکی ترەوە لەگەڵ دوژمن ڕوبەڕوو بوبێ. تکاتان لێ دەکەم هەر کەس هەر بیرەوەرییەکی هەیە لەم شەڕانە هاوکاریم بکات با دەوڵەمەندتری بکەین. هاوینی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بوو. هێزی پێشەوا لە "مەهاباد" و دەوروبەری دوژمنی وە زاڵە هێنابوو، هەموو ڕۆژێ دوژمن لەهەموو لایەکەوە زەربەی بەهێزی دەخوارد لە لایەن کوردەکانی دیموکراتەوە. پێشمەرگەو خەڵک پێکەوە هەوێنی ڕاوەستانی شۆڕشێک بوون، زۆر سەخت بوو بۆ دوژمن بتوانێ لێکیان جودا بکاتەوە. دوژمن پێشمەرگەو خەڵکی ئاسایی پێ جودا نەدەکرایەوە. بۆیە هەموو خەڵکی کوردستانی پێ پێشمەرگە بوو. پەلی ئێمە "پەلی شاهۆ بنکەکەمان لە گوندی "زگدڕاو" بوو کاک "هەژار" فەرماندەری هێزی پێشەوا بوو. ئێمەی لە بنکەی هێز دانابوو بۆ ئاگاداری لە بنکەی فەرماندەیی هێزی پێشەوا. گوندی "زگدڕاو" نزیکترین خاڵی هێزی پێشمەرگە بوو لەگەڵ هێزەکانی دوژمن. پێشتر لە عەمەلیاتەکانی پێشوودا باسی شەڕەکانی گوندی "گوێکتەپە" ی شاروێرانم بۆ کردبوون کە دوژمن چۆن هات دوای چەندین شەڕی گەورەی بە ناوبانگی وەک، شەڕی کەربەلای دارەلەک.. شەڕی گوندی "لەج" شەڕی کەوتنەخوارەوەی سێ هەلیکۆپتەرەکانی گوندی "گوێکتەپە"ی شاروێرانی مەهاباد و چەندین هێرشی دیکەی دوژمن، هەر جارەی بە ناوێک، وەکوو شەڕی کۆماندۆکان... شەڕی کلاو سەوزەکان... شەڕەکانی هەردوو جادەکانی نێوان "مەهاباد ورمێ و میاندواو" بە دەیان جار هێرش کردن بۆ سەر ناوچە کوردیەکان و بنکەکانی پێشمەرگە لە "شاروێران" و "شامات " و" چۆمی مەجیدخان". لە هەموو ئەم هەوڵ و هێرشانەی دوژمن بۆ زاڵ بوون بەسەر ناوچەکەدا، بێ هیواو نا ئومێد بوون، لە هەر هێرشێک کە دەیانکردە سەر ناوچە ئازادەکان. لەگەڵ بەرەنگاری پێشمەرگەو خەڵک ڕووبەڕووەبونەوەو

بەشی یەکەم

بە دانی دەیان کوژراوو بریندارو ئەسیر مەجبور بە پاشەکشە دەبوون و سەرشۆڕانە دەگەڕانەوە..... وەو غیرەت و ئازایەتی و شۆڕشگێڕی لە قیافەی پیاوانەو بە سام بە هەیبەتی پێشمەرگە دەباری و دەدرەوشایەوە. دوژمن دەیزانی پێشمەرگە هەرچی بیەوێ بیکات، غەیرە مومکن نەبوو. هەر بۆیە نە دەبوو دوژمن لە هێرش ڕابوەستێ، نە پێشمەرگەش لە دیفاع کردن. ئێمە بۆ جارێکیش هێرشمان نەکردە سەر گوندێکی غەیرە کورد.. هەر ئەوان بوون هێرشیان دێنایە سەر گوندە کورد نشینەکان. دیفاع حەقی بێ ئەلاوئەولای خۆمان بوو کە لە خۆمان و لە خەڵکەکەمانی بکەین..... بۆیە خەبەرمان هەبوو دوژمن بە نیازە هێرش بکاتە سەر گوندی "زگدڕاو" کە هەردوو بنکەی هێزو بنکەی پەلی شاهۆی لێ بوو.. بە هەمووشمان ٢٠ کەس نەدەبووین. بەڵام پەلەکانی تری لکی یەکی کاک شوان بە دەوروبەرمانەوە بوون. لە گوندەکانی "بەردەمێش" "قەرەبڵاغ" "سارەوانان و حەوتەوانان و سەیدئاوا" هەروەها سێ پەلیش هەمیشە لە شاروێران بوون.. ئێمەش چەند شەوێک بوو کەمینمان دەردەکردو، هەم پێشمەرگەمان دەچوو بۆ سەر شاخی "مەنجەڵ شکێن" کە شاخێکی زۆر سەخت و بەردەڵان بوو لە پشتی گوندی زگدڕاو. کە دەیڕوانیە سەر تەواوی ناوچەکە. هەم کەمینی سەر جادەمان هەبوو کە ڕێگایەکی خیزڕێژ بوو لە سەر جادەی قیرەتاوی مەهاد بۆ میاندواو، جودا دەبۆوە. ئەم جادەیە دەڕۆی هەتا ناو شاری "بۆکان" بۆیە دەوڵەت زۆر هەوڵی دەدا زاڵ بێ بەسەریدا..... دوو ڕۆژ بوو دوژمن بە تۆپ و خومپارە ئەم ناوچەیەی دەکوتا. شەوو ڕۆژی بۆ نەبوو بێ ڕاوەستان ئەم ناوچەیە لە ژێر ئاگرو ئاسندا بوو. بە خەڵکی گوندەکەمان کووت برۆن و چۆلی بکەن. ئێمە لێرە ناڕۆین. با زەرەری گیانیمان نەبێ. گوندەکەیان بۆ بەجێهێشتین هەندێک لە ژنەکان و جەوانەکان مابوونەوە لەگەڵمان خەریکی نان کردن بوون بۆ پێشمەرگە. بەیانیەک هەوا ڕووناک ببوو. بەڵام هێشتا هەتاوو تەواو گەرم نەببوو. پێشمەرگەکان لە کەمینی شاخ و جادە گەڕابوونەوە. تۆپ و خومپارە باران هەر هەبوو وەکوو ڕۆژان.گوندی "دۆستاڵی" و گوندی "زگدڕاو" زنجیرە شاخێکیان نێوان بوو. دۆستاڵی دەکەوێتە ڕۆژئاوای زگدڕاو بە لای شاری مەهابادا. کە دیتمان سەر ئەو شاخە نەفەراتی لێیەو نەماندەزانی ئەوانە کێن لەوێ. لە ڕاستیدا پێمان وابوو "کۆمەڵە"ن دوای چەند دەقیقەیەک کوڕەکانی خۆمان بە پەلە لە ناو دێ وە هاتن کووتیان سەر تیرەگی گوندی "تیکانلوجە" کە گوندێکە لە خوار گوندی زگدڕاو لە قوڵاییەکدا بوو. پڕە لە هێزی دوژمن و ماشێن و تانک و ستوونیان لەگەڵەو بەرەو لای ئێمە دێن. زانیمان دوژمن هێرشی هێناوە. خۆمان کۆکردەوە سۆفی سەید سەنعان سەرپەلمان بوو. کوڕەکانی پەلی شاهۆ هەر یەکە بۆ خۆی فەرماندەیەک بوو. بۆیە لە کاتی شەڕداو لە کاتی حەساسدا. هەر بۆخۆمان تەقسیمی کارمان دەکردو. سەنگەرەکانمان دابەش دەکرد. دەستەی هێرش دەبوینە دوو یا سێ دەستەی سێ چوار کەسی. دیفاع و خەتی پشتەوەمان نەبوو. سۆفی کە سەرپەل بوو لەگەڵ یەکێک لە دەستەکان دەکەووت. زۆرتر مەبەست پێشڕەوی و هێرش بوو بۆ سەر دوژمن . ناوێکی نهێنی دادەنراو بە بڵاوی وەڕێدەکەوتین بەرەو ڕووی دوژمن. زۆر جار لە پێشدا بڕیارمان دەدا کە چەدەکەین و بۆ کوێ دەچین. زۆر جاریش هیچ لە گۆڕێدا نەبوو. دوژمن دیار بوو لە کوێن . زۆر بە پەلەو زۆر بە خێرایی و بە هەڵاتن بەرەو شوێن و سەنگەرەکانی دوژمن..... کە زانیمان شاخی

بەشی یەکەم

نێوان زگدڕاوو گوندی دۆستانّی گیراوە. نەخشەی یەکەممان لێ پوچەڵ بۆوە. چونکە ئەگەر ئەوێ بە دەست ئێمەوە بوایە. دوژمن تەواو گەمارۆ دەدرا. مەجبور بووین هەر ڕاست و ڕاست بۆیان بچین. ئەویش زۆر دژوار بوو. کورەکانی گوندی " بەردەمێش" کە لکی دووی لێ بوون ئەوکات وابزانم کاک ناسر و شەهید زەنگەنە لەوێ بوون لەگەڵ پەلێک پێشمەرگە. زوو هاتن کە زانیان دوژمن هێرشی کردۆتە سەرمان. کە تەقسیمی کار کراو لەمبەری جادە بە لای ئاواییەوە دامەزراین هەتا دوژمن بێتە پێش و لێیان دەین. چاومان لێیان بوو هێواش و زۆر لەسەر خۆ. بە جادەیدا دەهاتنە پێش. جیبێکی فەرماندەیی سێ یا چوار کەسی تێدابوو. زۆر سەبر دەهاتە پێشێ. چوار کەس دەزگای مینیابیان بە دەستەوە بوو پێکەوە بە پانتایی جادەکە لە مین دەگەڕان و دەهاتن. نەفەراتی ناو جیبەکە دەرگاکانی کردبۆوە. ئامادە بوون هەر مین بتەقێ خۆیان فڕێ بدەن. ئەوانی تر هەموو بە ڕیز دەبوون و بە دوای ئەواندا دەهاتن . دیار بوو زۆر دەترسان . هەر 10 - 15 مەتر دەهاتن و ڕادەوستان. ئێمە کە سەرقاڵی ئەوان بووین. کورێکی سنەییمان لەگەڵ بوو ناوەکەییم لە بیر نەماوە. بە هەڵاتن هات کووتی بە پشتەوەدا هێزێکی زۆری پیادەی دوژمن بە پشتی شاخی "مەنجەڵ شکێن" بەرەو سەر شاخەکە لە حاڵی پێشڕەویدان. ئەگەر بگەنە ناو بەردەڵان و تاشە بەردەکان دەرکردنیان زۆر زەحمەت دەبێ. منیش b.k.c پێ بوو خێرا هەموو کووتیان شۆڕش هەستە بڕۆ بگەیە. ئێمە لێرە لێیان دەدەین .تۆو کەماڵ بڕۆن بگەنە شاخی. کەماڵ نارجۆک ئەندازەکەی لە عەباس وەرگرت و بەرەو شاخی زۆر بە پەلە هەڵکشاین. ئێمە لەم دیوەی شاخەکەوەو دوژمنیش لەو دیو شاخەکەوە .سەر شاخەکەش سێ پێشمەرگەی دیکەی لێ بوون. جەوانی و ئەو هەموو هێزو توانایەی بەدەنی ئەگەر شەوق و زەوق و ئیرادەو بیروباوەڕی پتەوی لەگەڵ بێ. بێ ڕاوەستان بێ ئەوەی کەس بکۆخێ نانّەی بێ هەناسەی سوار بێ. لە چەند خولەکێکدا خۆمان گەیاندە یەکەم بەردەڵان و دوندی پێشەوەی شاخەکە. کە چاومان لێکرد. هیچ کەس دیار نەبوو. بەرەو لووتکەی بەرزتر وەسەر کەووتین. دوندی دووەم بەرزترو هەورازتر بوو. ماندوی کردین بەڵام تەسلیمی نەبووین. چۆکی لەرزاندین بەڵام نەیخستین. نەفەسی پێ تەنگ کردین بەڵام نەیوەستاندین خۆمان گەیاندە دوندی دووەم. بڵندتر بوو بەڵام هەموو پشتەوەی لێ دیار نەبوو.. لە ناو بەردەکان دانیشتین خۆمان یەکسان کرد لەگەڵ بەردەکان، سیگارەکەم دەرهێناو سیگارێکم هەڵکرد. هەموو کورەکان دەیانزانی من لە کاتی تەقەدا سیگارم زۆر دەکێشا. خۆشترین و بە تامترین سیگار ئەو سیگارانە بوون لە کاتی شەڕدا دەمکێشا. تامی ئەو سیگارانەم قەت لە بیر ناچێ. هەمیشە پێم وابوو ئاخرین سیگارە دەیکێشم. کە دیتمان هەورازێکی پێچ بوو دوو یا سێ کەسمان دەدیت و وەسەر دەکەون و لە فاسیلەی سێ جوار مەترداو ون دەبوون لێمان.. دیار بوو وەسەر دەکەون. بۆیە دەبوو دیسان زیاتر وەسەرکەوین. دەمانزانی هەرکامان زووترو خێراتر بڕۆین، دوندی سەرێ دەبێتە سەنگەری ئەو. بۆیە بە پەلەترو خێراتر خۆمان گەیاندە دوندی سەر سەرێ. کە گەیشتینە سەرەوە. دوندێکی تر ڕووبەڕوومان بوو نێوان ئێمەو دوندەکەی تر دەشتایی بوو هیچ بەردی لێ نەبوو. سێ پێشمەرگەکەی خۆمان لە پێشێ بوون.. پێمان کووتن ئێوە لێرە دانیشن. پاسدار بەودیودا سەردەکەون .ئێمە دەچینە ئەو بەر

بەشی یەکەم

سەر ئەو دوندەی تر، ئەگەر پاسدارەکان زووتر لە ئێمە گەیشتن تەقەیان لێ بکەن و ئاگاتان لە ئێمە بێ. هەتا بۆیان سەر دەکەوین .هەتا دەگەینە چەند مەتریان سەرگەرمیان بکەن مەهێڵن سەر بڵند بکەن تا لێیان دەدەین. ئەگەر ئێمەش زووتر گەیشتینێ و بوو بە تەقە ئێوەش وەرن بۆ لای ئێمە. بڕیارمان داو ئێمە بە هەڵاتن بەرەو دوندی ئەوبەر کشاین. زۆر ماندوو بووین فاسیلەکەی هەر سەد مەتر دەبوو، هەرچۆنێک بوو خۆمان گەیاندێ. کە چوین چوار پێشمەرگەی لکی دووی لێ بوو هەر نایاندیتین هەتا بەسەریاندا کەووتین. هێندەی نەمابوو لێیان دەین. پێمان وابوو پاسدارەکانن پێش ئێمە گەیشتوون، باش بوو ناسیمانن فەقیرانە هەر ئاگاشیان لێ نەبوو پاسدار لە چەند مەتریانن. ئێمەش هەر چەند چاومان لە خوارێ دەکرد بە هەموو لایەکدا دەمانڕوانی هیچ کەسمان لێ دیار نەبوو. زۆرمان پێ سەیر بوو ئەدی ئەو هەموو پاسدارە چییان لێ هات بۆ کوێ چوون؟؟ زۆر نیگەران بووین لەوەی دەورەیان نەگرتبین. یا تۆ بڵێی بە پشتەوەدا چووبن بۆ ناو دێ.. خۆ ئەگەر ئەوەیان کردبێ ئێمە هیچ کۆڕەکانی ناو ئاوایش گەمارۆ دەدەن . چاوێکم لە کەماڵ کرد کووتی دەڵێی چی شۆڕش.؟؟ چی بکەین ئێستا؟؟ هەرچەند فکرم لێ دەکردەوە. بۆم حەل نەدەبوو ئاخر ئەو هەموو پاسدارەی بە چاوی خۆما دیتمان بۆ کوێ چوون؟ چییان لێ هات؟؟ کووتم نازانم بەڵام یا گەڕانەتەوە. یا لە خوار ئێمەوە دۆڵ و قوڵکەی گەورەی لێیە لە ئێمەڕا دیار نیە. لەوانەیەلەوێ دانیشتبن بحەسێنەوە جا بێنە سەرێ. کەماڵ کووتی زۆر وێدەچێ. باشە من کەمێک دادەگەڕێمە خوارێ بزانم قوڵکەی لێیە. پازدە بیست مەترێک چووە خوارێ هەندێک بەردەڵانی لێ بوو لە لای دەستی چەپی ڕووی لەوێ کرد. گەیشتە ناو بەردەڵانەکە. لە پڕ خۆی بە بەردەکاندا داو دانیشت. یەک دوو دەقیقەیەک لەوێ بوو. خێرا هەستاو بە هەڵاتن هاتەوە سەرێ ۆ لای خۆمان. زۆر خراپ ماندوو ببوو. هەناسەی دەرنەدەهات. قسەی پێ نەدەکرا. سورو شین هەڵگەڕابوو. هەر بە دەستی ئیشارەی دەکرد کە ئەوەتان دێنە سەرێ. حاڵەتی ئیستفراق و کۆخە گرتبووی. وەختابوو بخنکێ. هەندێکم لە پشتی ڕاکێشاو هەندێک نەفەسی قوڵم پێ هەڵکێشا کەمێک ئارام بۆوە. پچڕ پچڕو جار جار دەیکووت. ئەوەتان لێرەن زۆرن.. یەکجار زۆرن. پەرچەمیشیان پێیە. حەوت کەس بوین. دامەزراین. زامنی تفەنگەکانمان ترازاند. نەفەسمان لە خۆمان بڕی. وردە وردە سەریان وەدەرکەوت، تا دەهاتنە پێشتر زیاتر وەدەردەکەوتن. گەیشتە سنگیان. تفەنگەکانیان ئامەدە بە دەستیانەوە. قیافەیان زۆر ناشیرین بوو. خۆیان چەماندبۆوە هەتا ناو قەدیان. دەترسان لەو جێگایەی ئێمەی لێ بووین. زۆر بە ترسەوە سەردەکەووتن. ئێمە لە قەڵشت و کەلێنی بەردەکانەوە دەماندیتن. زۆر زوو زوو دادەنیشتن ئاخر جار دە دەقیقە دەبوو دانیشتبوون. هەڵنەدەستا دوو کەسیان چوونەوە خوارێ لێمان ون بوون، ئەوانی تر هەموو درێژ بوون و تفەنگەکانیان ڕوو لە ئێمە.هێندەی نەگرت ویزە ویز دەستپێکرد بە خومپارە هاویشتن. هاژە هاژی تۆپ و خومپارە لە دەوروبەرمان هەموو شاخەکانی دەوروبەری دەهاژاندنەوەو دەنگی دەداوە. زۆری بە تۆپ لێداین زۆری بە تۆپ لێداین هەر نەیاندەتوانی دوندی شاخەکە بنگێون. یا. بە سەرماندا دەهات لێمان ڕەت دەبوو لە ناو زەویەکانی گوندی "بەردەمێش" دا دەتەقینەوە، یا لە

بەشی یەکەم

پێشمانی دەدا، چەند گولەیەکیان لە نزیکمان دا بەڵام هیچ بریندارمان نەبوو.بوین بە دوو بەش، ریزێک بەرد بەرامبەرمان بوو سێ کەسمان نارەد ئەوێ، هەم زیاتر دیدمان هەبێ. هەم لەبەر تۆپ و خومپارە باران، باش نەبوو هەموومان لە یەک جێگادا بین. کاتێک گەیشتنە ناو بەردەکان لە ناکاو پێشمەرگەکان شڵەژان و بڵاو بوون ، ڕەگبارێکی قورس و دوور درێژیان لێکردن، گوللەکان هەموو ئاگردار بوون سوور سوور لە ناویان دکەووتن و هەڵدەستانەوە. زۆر خێرا پێشمەرگەکان لێیان وەدەست هاتن و تەقەکە بوو بە دوو لایەنە. شەڕ گەرم بوو، چاومان لێیان بوو دەمانزانی کوڕەکان بەرزاییەکەیان گرتبوو، زاڵ بوون بە سەریاندا، ئەگەر زانیبامان هێرشیان زۆر لەسەرە خێرا خۆمان دەگەیاندنێ. بەڵام وا دیار بوو سەرکەووتون، کوڕەکان لێیان دەقوتلاندن زۆر خۆشحاڵ بووین، پێمان باش نەبوو ئەو. شاخەی لێی دامەزرابووین چۆلی بکەین. ئەگەر جاش و پاسدار هاتبان گرتبایان ئەوە بەرزاییەکان هەمووی دەکەووتە دەستی ئەوان. بۆیە لەوێ ماینەوە، بەڵام پێمان سەیر بوو ئەو جەماعەتەی کە دیتمانن بۆ گەڕانەوەو ۆ کوێ چوون. وا دیار بوو کەسی زۆر شارەزایان لەگەڵ بوو. گەڕابوونەوە بە نێوانی ئێمەو کوڕەکانی کە لە ناودێ دا بوون لە کەمیندا بوون بۆ دوژمن، ناوبڕ لێیان دابوو هاتبوونەوە پشتی ئێمە. منیان نارد بچم بزانم ئەو پێکدادانە چۆنە؟ خۆم گەیاندە کوڕەکان لە جەوادم پرسی. ئەویش کووتی پێم وابێ ئێوە هەر لەوێ بن نەکوو بگەنە لای ئێوە.. ئەگەر ئەوێ بگرن هیچمان پێناکرێ. ئەوانە هاتوون لە گوندی "تیکانلوجە" وە بە دوو دەستە وەسەر کەووتون. دەبێ زۆر ئاگامان لە دەستەکەی تر بێ. ڕەنگە بایاندابێتەوە بۆ لای ئێوە. ئەوانەی ئێرە هەموو هەڵاتن لێیان بەجێماوە. کوژراویان هەیە.. گەڕامەوە لای کوڕەکان. مابووم بگەمە ناو بەردەکانی کە کوڕەکانی لێ دامەزرابوون. دایانگرتم بە قەناسەو ڕەگباران. وێم نەکەوت خۆم لە ناو بەردەکان پەنا دا. کوڕەکان تەقەیان لێکردنەوە هەتا گەیشتمەوە. تاوێک حەسامەوە. تیرەگاو تیرەگ بە دەستی ڕاستدا بۆیان چوین. زۆر دەقیق لێیان دەداین بە تەکتیر. وردە وردەش تۆپ باران لەسەر ئێمە دەستی پێکردەوە. نەمانهێشت زۆر بگرێ و جێگای خۆیان قاییم بکەن گەیشتینە سەریان، دوژمن یا دەبوو شەڕی مان و نەمان بکات لەوێ. یا ئەگەر هەڵاتبان لەو جێگایەی لێی بوون بەردەڵان بوو، لەوێ ترازابان هەتا ناو دێی "تیکانلوجە" ڕووتەن بوو وەکو بەری دەست. دەبونە نیشانە بۆ پێشمەرگە. کەوتینە سەریان لێماندان زۆر چاکمان لێدان. زۆر خۆیان نەگرت سەر بەرەوخوار وەکوو بۆشکە بە تەپ و تۆز دادەگەڕانە خوارێ. هەندێک بە دووکەس جەنازەیەکیان بە دوای خۆیاندا ڕادەکێشا. کوژراوو بریندارین زۆر بو دەنا بە نیاز نەبوون وا زوو بڕۆنەوە خوارێ. لێمان کردنە هاوار هاوارو تێمان قولاندن، زۆریان بوونە نیشانەو کوڕەکان کەیفیان پێ دەکردن دەیانهەنگاوتن و خلۆریان دەکردنەوە. کوڕەکانی کەمین لێیان دابوون تەواوی ئەو ماشێنانە لەسەر جادەکە مابوونەوە. ئێمە ئەوجار زۆر جوان زاڵ بووین بەسەریاندا. کە زانیان پاسدارەکان شکان و هەموو کوژران یا بە هەڵاتن هەڵدەهاتنە خوارێ. ورەیان ڕوخاو تەنها بەرەنگاریان دەکرد. دەیانویست ماشێنەکانیان بادەنەوەو نەهێڵن بگیرێن و بکەونە دەستی پێشمەرگە. بە شێوەیەک تێک هاڵابوون هەرچەندیان دەکرد نەیاندەزانی چۆن لە بن ئەو ئاگر بارانەی پێشمەرگە کە لەسەریان بوو. چۆن بگەڕێنەوە

بەشی یەکەم

هەندێک ماشێنیان بە تەقەی پێشمەرگە لەکار کەووتبو ڕێگایەکەی گرتبوو. داوای یارمەتی زیاتریان کردبوو. هێزێکی زۆر هات بە یارمەتیانەوە. تۆپ و خومپارە باران زیادی کرد لەسەرمان. خۆیان سازماندەیی داوەو لەهەموو لایەکەوە هێرشێکی بەربڵاویان هێنا. ئێمەش لەسەر شاخ زۆر بە دیقەت لێمان دەدان تەنها b.k.c ی من کاری دەکرد. هێرشیان کردەوە بۆ سەر ڕێمە بۆ جاری دووەم بەڵام ئێمە هەموو جێگا ئاستەمەکانمان گرتبوو. هەرچەندە زۆریان فشار بۆ هێناین ، تۆپ بارانمان زۆر لەسەر بوو توانیان سەنگەری یەکەممان لێ بگرنەوە. بەڵام نەمانهێشت زۆر لەوێ بن دیسان دەرمانپەڕاندنەوە. جەنازەکانیان بە دوای خۆیاندا ڕاکێشا بوو بردبویانەوە. لای ئێوارە درەنگ هێرشێکی تریان کردەوە ۆ ناودێ. شەڕەکە توند بوو وادیار بوو جەنازەو بریندارییان لێ بەجێ مابوو. پێش ئەوەی هەوا تاریک بێ هێزەکانیان کۆکردەوە، کوڕەکان زۆر بە تووندی هێرشیان کردە سەریان هەتا لە "تیکانلوجە" ئاودیویان کردن بۆسەر جادەی "مەهاباد ـ میاندواو." زۆر جوان لە ئێمەوە دیار بوو، زۆر جێگا هێشتا دەسووتا لە ناو "زگدڕاو" دوکەڵ تەواوی سەر ئاوایی و قەدی ئەو شاخانەی گرتبوو. دەنگی تۆپ و خومپارە هەر دەهات. کوێرانە هەر دەیانهاویشت. لە شاخی نێوان گوندی هەردوو "دۆستاڵی و زگدڕاو" هێزی دوژمن هێشتا چۆلیان نەکردبوو. لەوێرا بە پەدافەندی هەوایی لێیان دەداین دارو بەردو شاخیان ئاگر تێ بەردەدا. ئەو سەنگەرانەی ئێمەی زۆر دەکوتا، دیدەبانی بۆ تۆپخانەش دەکرد. پاشان ئەوان هەوا تاریکی کردبوو کە کشانەوە. دەترسان نەکوو وەدوای ستونەکە بکەوین و لە گەڕانەوەدا لە کەمینیان هاوێین. پارێزگاریان لەوان دەکرد. کە هاتینە خوارێ ۆ ناو دێ. خەڵکەکەش دەگەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان، کوڕەکانیش لە بەیانیەوە نانیان نەخواردبوو، قەل و قازو مریشکێکی زۆری خەڵکیان گرتبوون و کوشتبویانەوەو وەسەریان نابوو لە سەر حەوزێ لێی دانیشتین خەڵکەکەش هەر دەیانکووت بیخۆن نۆشی گیانتان بێ .هەرچەندە زۆربشیان پێ ناخۆش بوو. ئەوە کارێکی خراپ بوو پێشمەرگەکان دەیانکرد لە هەر ئاواییەک شەڕی تێدا دەکرا. نازانم ئەم فەرهەنگە ناشیرینە لە کوێوە هاتبوە ناو فەرهەنگی پێشمەرگەوە من زۆرم پێ ناخۆش بو.نانمان دەخوارد، لای خواری ئاوایی دەنگی هەندێک تەکتیرو دوو ڕەگباران بێدەنگیەکەی شکاندو نەماندەزانی چیە. خەڵکەکە شڵەژان و حاڵەتێکی هەڵات دروست بوو، هەندێک لە کوڕەکان هەستان ڕۆشتن بەرەو لای دەنگی تەقەکان، چەند کەسێکیان هاتنەوە بوو بە هەرا هەرا خۆتان ببەستن. ئامادە بن دیسان پاسدار هێرشیان هێناوە، بە پەلەو زۆر بە شپرزەیی خۆمان پێچاوە، بەرەو خواری ئاوایی ڕۆشتین. سۆفی کووتی بە دەوری دێدا با دابەش بین بزانین بە کوێدا هاتون. دەوری دێمان گرت. پێشمەرگەی زۆر لێ بوو بە درێژایی ڕۆژی شەڕەکە دەهاتن بە کۆمەگمانەوە. هەرگیز پێشینەی نەبوو پاسدار دوای شەڕو هەر ئەو ڕۆژە بە شەوەکەیدا دیسان هێرش بکەنەوە. زۆرمان پێ سەیر بوو. هەموومان ئامادە بووین و بەرەو لای جادە پێشڕەویمان کرد، کوڕەکان بە لای تیکانلوجەدا

ڕۆشتبوون توشی پێشمەرگەیەکی خۆمان دەبن بە ناوی سالە، لێرە چەکەی سالە؟؟ لە کوێ بوی؟ لەم پرسیرانە دەڵێ بابە


بەشی یەکەم

گیان هیچ نەبوو من بووم ئەو تەقانە وەدوای مریشکێک کووتم هەڵات بۆ ئێرە کە دیتم نەفەرێک بە کۆمە کۆمە دەڕوات زانیم پاسدارە. کوشتم وامزانی دیسان هاتونەتەوە کووتم با کوڕەکان ئاگادار بنەوە، هەر لەوێ خۆی مات کردبوو پێی وابوو لە کەمینی پاسداران کەوتوە. هەتاکوڕەکان دەگەنێ و جا دەزانێ کەمین نەبوە.. پاسدارێکی بریندار بەجێمابوو ویستبوی خۆی ڕزگار بکا پاشان زانیمان کە هێرش نیە. گەڕاینەوە و ئەوجار بە ئیشتیا دانیشتین تێر تێرمان خوارد.

بە خۆشییەوە هیچ شەهیدمان نەبوو. چەند بریندارێکی سووکمان هەبوو. دەستکەووتی باشمان هەبوو.

هەتا لاوەکان و تازەپێگەیشوەکانمان بزانن پێشمەرگە چۆن بەرەنگاری لە بست بە بستی ئەم کوردستانە کردوەو هەتا دوا هەناسەو دوا دڵۆپی خوێن پاراستویانە. لاوەکانمان چەکی شەهیدەکان هەڵدەگرنەوەو سەنگەرەکانیان ئاوەدان دەکەنەوە. لەهەر شوێنێکی ئەم کوردستانەی سڵاو بنێرە ۆ ڕۆحی پاکی شەهیدەکان و قەدری زیندوەکان بگرن هەتا لە ژیاندا ماون. دەرس و ئەزموون وەرگرن و فێر بن، بۆ داهاتووی خۆتان چونکە ئێوە فەرماندەران و قارەمانان و ڕێبەرانی داهاتووی ئەم کوردستانەن. ئەم کوردستانە مولک و ماڵ و سەنەدییەتی تەواو عەیاری ئێوە کیژو کوڕانن.

قسەیەکی خۆش...



ساڵی ١٩٩١ بوو. هەوا تەواو ساردی کردبوو خەریکی نایلۆن لێدان بووین لە خانوەکانمان لە دۆڵی قەڵاسەیدە بووین.
حزب هێشتا نەفتی دابین نەکردبوو بۆ ماڵەکان. نە هیچ سووتەمەنیەکی تر.

لە هەر چوار دەورەمان بەفر سەری شاخەکانی گرتبوو. دەمانزانی چەند ڕۆژێکی تر
بەفر هەموو ولاتی دادەگرێ. بۆنی زستانێکی زۆر سارد دەهات.
ئەمنیش کادری دەبیرخانە بووم هاوڕێی بەڕێزم (عەبدوڵا ئەحمەدی)
هاوکارم بوو. ڕۆژێکیان. هەردووکمان لە دەبیرخانە دانیشتبووین. تەلەفونەکە زەنگی لێدا
ئەمنیش کووتم. عەوڵا هەڵیگرە بزانە کێیە.؟؟
عەوڵاش کووتی فرموو. بوو بە سڵاوو چاک و خۆشی. زانیم کاک (ئەمیر قادری) یە.
بەڕپرسی کۆمسیۆنی ماڵی بوو لەگەڵ کاک خدر دۆڵەگەرمی
هەواڵی کاک حەسەنی دەپرسی. عەوڵاش کووتی کاک حەسەن هێشتا نەهاتووە.
کووتی باشە تاوێکی تر. تەلەفوون دەکەمەوە
دوای نیو سەعاتی تر زەنگی لێداوە. من هەڵمگرت. کووتم فەرموو کاک ئەمیر.

بەشی یەکەم

کووتی سەلام کاک حەسەن.

کووتم کاک حەسەن نیم

پێکەنی و قاقایەکی کێشا.

کووتم هەو نیم کاک ئەمیر من شۆڕشم.

کووتی قوربان. شۆخی دەکەی. کوڕەکان چاوەڕوانن. چیبکەین؟؟؟

منیش بە خۆم نەبوو پێکەنین گرتبوومی. کووتم باشە یەک دەقە ڕاوەستە

عەولا کووتی ئەوە چیە ؟؟؟ کووتم کاک ئەمیرە هەر دەڵێم من شۆڕشم کاک حەسەن نیم

باوەڕم پێناکا. کووتم عەولا ئێستا خۆمی لێدەکەم بە کاک حەسەن تۆ کارت بە هیچ نەبێ.

کووتی زۆر باشە. من هەر لێرە نیم. ئێ کووتم زۆر باشە.

تەلەفونەکەم هەڵگرتەوەو. ئێستا وەکوو کاک حەسەن قسەم دەکردو خۆمکرد بە کاک حەسەن

کووتم. ئەرێ ئەمیر ئەو جووکە جووکەت لێ چیە؟؟؟

بەو بەیانیە دەڵێی هەڵوات خواردووە.

بە پێکەنینەوە کووتی بە گیانی ئەو کاک حەسەنە من لە مێژە لێرەم و کوڕەکانی تەداڕووکات

لێرە لەسەر تۆ ڕاوەستاون.

منیش نەمدەزانی کوڕەکان بۆچی لەسەر من ڕاوەستاون. ئەی خودایە بڵێم چی؟؟

کووتم باشە باش. بۆچی لەوێن. کووتی ئەی شەوێ نەتکووت سبەینێ بۆخۆم دێم و پوڵیان دەدەمێ.

ئەها وابوو. وابوو. باشە یا بۆت دەنێرم. یا بۆخۆم دێم.

کووتم. خەبەرو مەبەر چیە؟؟؟

کووتی کابراشم بەڕێکرد. لەگەڵ وای کووت زانیم کەسێک بە نهێنی لێرە بووە ئاوڕم داوە لە عەولا بپرسم بزانم دوێنێ شەو

میوانی تایبەتیمان هەبووە یا نا.

کە دیتم عەولا دەستی بە زگیەوە گرتبوو لە بەر پێکەنینان هەر قسەی پێنەدەکرا.

ئەی خودا چی پێ بڵێم و چۆنی کەشف بکەم ئەو کەسە کێبووە.

هەر دەیکووت کاک حەسەن دەفەرمووی چی حاڵی نەبووم.

کووتم لەگەڵ تۆم نەبوو. ئەوە کەی بەڕێت کرد؟؟؟؟

کووتی ئەی ناڵێم لە بەیانی زووەوە لێرەم هەر کە بەڕێمکرد ئیتر نەنووستوومەتەوە

کووتم خۆ کەس نەیدی؟؟؟

بەشی یەکەم

کووتی قوربان چۆن دێڵم هەر کە گەیشتینە سەیتەرەی خۆمان سەری دانەوەناندو
نەیاندی. تا ئەو جێگایەی فەرموت بەڕێم کرد.
نەمدەوێرا زۆری وەدوو کەووم دەنا هەموو شتێکم پێ کەشف دەکرد. مەبەستیشم نەبوو
بزانم کێیە من مەبەستی شتێکی ترم هەبوو.
کووتم زۆر باشە دەستت خۆش بێ. بەڵام کەسێک دیتبێتی گوێت دەبڕم ئەمیر.
کووتی نا نا بە سەری تۆ کەس نەیدیت.
دەیویست قسەی تر بکا. قسەکەییم پێ بڕی. کووتم. زۆری لەسەر مەڕۆ
گوێت لێ بێ بزانە چت پێ دەڵێم. کووتی فەرموو.
کووتم ئەوە (شۆڕش) دەنێرم بۆ لات. (چل). لیتری نەفت بدەیە.
کووتی ئاخر هەر حەفتا هەشتا لیترمان هەیە. بۆ نانەواخانەمان داناوە
کووتم. هەیهوو. من دەڵێم چی و تۆ دەڵێی چی. ئەوا هات بیدەیە.
کووتی باشە بە چاوان.
تەلەفونەکەم دانایەوەو. دیتم عەولا گەشکە بووە قسەی پێنەدەکرا
کووتم ئەوە من دەچم نەفتەکەی وەردەگرم.
ماڵەکەمان هەر ڕووبەڕووی کۆمسیۆنی ماڵی بوو.
چوومەوە هاواری خێزانم کرد کووتم دوو دانە بیست لیتریم بۆ بێنە.
کووتی بۆ شکور نەفت هاتووە. کووتم نەچی بیکەی بە هەرا دەرو جیرانانم
لێ تێبگەیەنی. نەفت نەهاتووە. کەمێک نەفت خودا ناردوویەتی ئەی نالێن خودا کلاوی بۆ بەڕوو کردوە. ئەوا خوداش
نەفتی بۆ ئێمە ناردوە.
تونگەکانم دەست دایەو چوومە ژوورێ. سلاوم کردوو کاک ئەمیر لە بن عەینەکانەوە چاوێکی لێکردم و کووتی هاتی ؟؟.
کووتم بەڵێ کاک ئەمیر.
بە ڕەحمەت بێ مەلا خدر دۆڵەگەرمی و شەهید سەعدوون بارزان و سولەیمان سەعیدی و چەند کەسێکی تری لێ بوو.
کاک ئەمیر بە مەلا خدری کووت بیست لیتری بۆ شۆڕش بنووسە نەفت.
منیش کووتم. کاک ئەمیر گیان چل لیتر بوو.
کووتی نا کاک حەسەن کووتی بیست لیتری بدەیە

بەشی یەکەم

قسەیەک لە من و قسەیەک لە کاک ئەمیر. کووتم کاکە گیان. موشکیلە نیە دەچمەوە بۆ لای کاک حەسەن با بۆخۆی تەلەفوونت بۆ بکاتەوە.

هاتمەوە دەبیرخانە. عەولا کووتی ئەوە چی بووە ؟؟؟

کووتم ئاخر خۆ تۆ لێرە بووی تو شەرەفت من پێم کووت بیست لیتر یا چل لیتر

کووتی وەلا کووتت چل. دە کووتم کاک ئەمیر پێی چەقاندووە دەڵێ کاک حەسەن بە منی کووتوە بیست لیتری بدەیە.

عەولاش کووتی جا بۆ تۆرەی پێی بڵێ. تۆ بۆ خۆت هەم شۆڕشی هەم کاک حەسەنی هەم کاک ئەمیری.

زەنگم بۆ لێداوە. سەعدوون بارزان هەڵیگرت. کووتی فەرموو کێی جەنابت.

کووتم حەسەنم بیدە بە ئەمیر. گوێم لێبوو بە کاک ئەمیری کووت کاک حەسەنە.

کووتم ئەمیر. بەڵێ قوربان

ئاخر نەمکووت چل لیری بدەیە ؟؟؟؟

کووتی پێم وابوو بیستی دەڵێی. کووتم. نا نا. چل ئێستا حاڵی بووی

کووتی بەڵێ بەڵێ چل لیتر. ئەها. ئەوە تەواوە

تەلەفونەکەم داخستەوە یەعنی ها قەڵسم.

دیسان چوومەوە. کووتم ئەرێ چ بوو ؟؟. کاک حەسەن زەنگی لێداوە بۆت ؟؟؟

کووتی ئەدی پێی کووتم. هەی نا شۆڕش وەختا بوو لەسەر جەنابت تووشی کێشە بم لەگەڵ کاک حەسەن نقە نق دوو تونگەم دەستدایەو هاتمەوە بۆ ماڵێ.

ئێمە چوار ماڵ لە دەوری یەک بووین. ماڵە مامۆستا مەلا محمد عوسمانی. ماڵە کاک سەعید بەگزادە ماڵە سەرگورد. ماڵە من. دەوروبەریشمان ماڵەکانی

کاک حەسەن بوو. کاک حوسین مەدەنی بوو. کاک هاشم کەریمی بوو کاک جەلیل گادانی بوو لەلای سەرەوەمان ماڵە کاک فەتاحی کاویان بوو.

تووشی مەلا محمد بووم. کووتی کاک شۆڕش ئەوە دەڵێی نەفت هاتوە ؟؟؟

کووتم مامۆستا نەفت نەهاتووە. مەیکە بە هەرا خودا ناردوویەتی باکی عەشتارەکەتم بۆ بێنە تا بۆت پڕ بکەم و دەنگێ مەکە. کووتی کورە زۆرت لێ مەمنوون دەبم. نەوەلا دەنگێ ناکەم

هەرکە سەرم هەڵبڕی دیتم خێزانی کاک سەعید هات و کووتم براژن هیچ مەڵێ برۆ باکەکەت بێنەو بە بێدەنگی خێزانی سەرگوردیش هات.

بەشی یەکەم

هەر ماڵەی پێنج لیترم دانێ. و. چوومەوە بۆ دەبیرخانە. عەولا کووتی چ بوو ؟؟؟

هەموویم بۆ گێڕایەوە. کووتم عەولا لەکن کاک حەسەن باسی نەکەی.

کووتی. ناوەلا. چۆنی باس دەکەم.

دوای سەعاتێک دیتم کاک حەسەن دەستێک ڕانک و چۆغەی سپی لەبەر کردبوو. وردە وردە لەگەڵ مستەفای کوڕی دەهاتن بۆ دەبیرخانە.

هات و سڵاوی کردوو چاوێکی پێدا خشاندم و کووتم چیە کاک حەسەن بۆ وا چاوم لێدەکەی ؟؟؟

کووتی وەڵاهی هەتیوە من حەسەن بم. شتێکت لە بن سەریدایە. دەتخوێنمەوە. هیچ کەس وەک منت ناناسێ

کووتم وەلا هیچ نەبوە

کووتی دەی با بزانین. ئەوەندەم نەزانی عەولا پڕماندی و لە قاقای پێکەنینی دا.

کاک حەسەن کووتی عەولا پێم دەڵێ. وەلا عەولا خۆی پێڕانەگیراو وبستی بۆی بگێڕێتەوە.

کووتم: نەکەی تۆ بۆی نەگێڕیتەوە هێندەی بە ناخۆشی بۆ دەگێڕیەوە قەڵسی دەکەی لێم.

کاک حەسەن کووتی نەمکووت شتێکت لە بن سەریدایە. ئاخر دەتناسم.

شۆڕش چ بووە بۆخۆت بیگێڕەوە.

منیش ئێستا چۆنم بۆ ئێوە گێڕاوە ئاواش بۆ کاک حەسەنم گێڕایەوە.

هێندە پێکەنی. کووتی خۆ پوڵ و شتی وات لێ نەسەندووە.؟؟

هەی دەستت خۆش بێ وەلا نۆشی گیانت بێ. دەی خۆ ناوی نەفەرەکەی پێ نەکووتی؟

کووتم وەلا پێم خۆش نەبوو دەنا لەوە زیاتریشی بۆ دەگێڕامەوە.

کووتی دا ئەو تەلەفوونەم بۆ بگرە. کووتم بۆ دەتەوێ چیبکەی؟؟

کووتی تەلەفوونی بۆ دەکەم. کووتم بابە پیاوی چاک بە بە خودای لەگەڵم بەشەڕ دێ.

کووتی جا ئێستا نیوەی دەکەی لەگەڵم باشە دەنا تەلەفوونی بۆ دەکەم.

منیش وەک تۆ نەفتم نیەو سەرمامە. بۆم تەوزیح دا کە بەشی سێ ماڵی ترم لێداوە.

ئاخری دە لیتر لێ وەرگرتم.

کاک ئەمیر نەیزانی تا کۆنگرە لەوێ عەولا ئەحمەدی باسی کرد.

کاک ئەمیر قەڵس بوو کووتی شتی وا نەبووە.

کاک حەسەنیش کووتی دانیشە ئەمیر خۆت سوور هەڵمەگێڕە. منیش بەشی خۆم وەرگرت لەو نەفتە..

کاڵێ کەلهوڕی چۆن شەهید بوو؟؟



مێژوومان پڕە لە سەروەری و فیداکاری، کوردو ڕۆڵەکانی زۆر سەخاوەتانە هاتوونەتە ناو ڕیزی شۆڕشگێڕان و بوونەتە بەشێک لە سووتەمەنی ئەو خەباتە. هەتا ئاگری شۆڕش و بەرەنگاری دانەمرکێتەوە، تا ئاخرین قەترەی خوێن و تا دوا نەفەس لە سەنگەری مەردایەتی و شەرەفدا سنگیان داکوتاوەو چۆلیان نەکردوە. ئەم قارەمانانە زۆربەیان لە ئاخرین کاتەکانی ژیانیاندا دەم بە پێکەنین و بە حوورمەتەوە خاکی پاکی کوردستانیان ماچ کردوەو، بۆ هەمیشە لەگەڵ هاوەڵانیان لە زیندانەکانی دوژمندا کە ئەوانیش لە سەنگەری زیندانەوە بە خوێندنەوەی سروودی دوژمن شکێنی "ئەی ڕەقیب" و ماچ کردنی پەتی سیدارە یان تیرباران کردنیان. مالئاواییان لە هەموومان کردو بۆ هەمیشە لە دڵی هەموو کوردێکدا زیندوون و نەمرن. زۆریش لەو قارەمانانە بە خۆشییەوە لە ژیاندا ماون. من بە پێویستی دەزانم ئەم قارەمانە زیندووانە بە لاوەکان بەتایبەتی و بە خەڵکی کوردستان بە گشتی بناسێنم. ئێستا با بزانین (کاڵێ کەلهوڕی) کێ بوو؟ چۆن شەهید بوو؟؟

کاڵێ ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی وەکوو ژنێکی شۆڕشگێڕو دڵسۆزی گەلەکەی بڕیاری دا کە بێتە ناو ڕیزەکانی حزبی دیموکرات و چەکی شەرەف و کوردایەتی بکاتە شانی بەدژی ڕژێمی کورد کوژی کۆماری ئیسلامی ئێران، کاتێک لەبەرامبەر داوای مافی

بەشی یەکەم

ڕەوای گەلی کورد بۆ ئازادی و ڕزگاری، لەلایەن (خومەینی) و مەلاکانی دەسەڵاتدارەوە بە هێرشی سەربازی و بە تۆپ و گولەو ئاگرو ئاسن جوابی داواکانی نەتەوەی کوردیان دایەوە. بۆیە پێویست بوو لەسەر هەموو کوردێک بەرەنگاری لە خاک و ئازادی کوردستان بکەن، شەڕێکی نارەوا لەسەرتاسەری کوردستان بەسەر گەلەکەماندا سەپا. (کاڵێ) وەکوو هەموو کوردێکی دڵسۆز خۆی گەیاندە ناو کۆڕی شۆڕشگێڕانی دیموکرات. سەرەتا لەناوچەی (مەهاباد) دەستی بەکارو تێکۆشان کرد، پاشان چووە نەخۆشخانەی حزب لەوێ درێژەی بە چالاکیەکانی دا وەکوو پێشمەرگەیەک دەستی بە پاکوخاوێنی نەخۆشخانەو خزمەت کردنی برینداڕەکان کرد. ماوەیەک لەم کارە پیرۆزەدا مایەوە زۆر دڵسۆزانەو میهرەبانانە خزمەتی نەخۆش و برینداڕەکانی سەنگەری دەکرد، پاشان ئەوەندە داخ لەدڵ بوو لەم ڕژیمە جنایەتکارە بێ پسانەوە داوای دەکرد بینێرنە ناو پێشمەرگەکان و دەیویست وەکو پێشمەرگەکان لەسەنگەری پێشەوەدا بەرەو ڕووی دوژمن بێتەوە، سەرئەنجام داواکەیان لێ قەبوڵ کردو هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگە لە سەنگەری پێشەوەی شەڕەکان.. درا بە لکی۲ ی هێزی پێشەوا. دەستی بەکاری نیزامی کرد کە زۆر خێرا هێزو تواناکانی خۆی پیشان داو وەکوو پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمان لەناو دڵی هاوسەنگەرانیدا جێگای خۆی کردەوەو جێگای شانازی هەموو هاوسەنگەرانی بوو. کە لەزۆربەی شەڕەکانی ناوچەدا شان بەشانی برا پێشمەرگەکانی بەوپەڕی ئازایەتی لەسەنگەری پێشەوەدا بەشداری دەکرد. کاری دەرمانی باش دەزانی زۆر جار یارمەتی برینداڕانی هاوسەنگەری دەداو گیانیانی ڕزگار دەکرد، لەگەڵ ئەوەی کاری پێشمەرگایەتی خۆی ئەنجام دەدا، زۆر جاران وەکوو ئافرەتێک ڕەوانەی ناوشاری (مەهاباد) دەکرایەوە بە نهێنی بۆ کاروباری تەشکیلاتی، هەروەها بۆ کاری شوناسایی بنکەکانی سوپای پاسداران کە لەناو مالآنیان دانابوون بۆ ڕێگا گرتن لە چوونەوەی پێشمەرگەکان بۆ ناوشار.. لەم کارەشدا کاڵێ زۆر شارەزایانەو نەترسانە زۆر بەنهێنی و دەقیق کارەکانی ئەنجام دەدان. دوای ماوەیەک کاڵێ لەسەر داوای خۆی هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی لکی۱ی شەهید کاک شوان، لەوێش تواناکانی خۆی نیشان داو لەچەند شەڕێکدا بەشداری بوێرانەی کرد. نیشانی دا کە پێشمەرگەیەکی ئازاو بەجەرگ و قارەمانە وەکوو بڕا هاوسەنگەرەکانی وەک شێر هەڵیدەکوتایە سەر دوژمنان و داگیرکەران، من ئەوکات شاهیدی قارەمانەتی کاڵێ بووم لەنزیکەوە لە شەڕی ناوشاری مەهاباد.. هەروەها لە کەمینێک کە بۆ دوژمنمان دانابوو لە گوندی(وسوکەند) کە چۆن هیچ نرخێکی بۆ دوژمن دانەدەنا لە ڕووبەڕووبونەوەدا. پاش ماوەیەک لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی (حەسەن ریحانی) ناسراو بە حەسەن چکۆڵ بەدڵی خۆیان هاوسەرگیریان کرد. ژیانێکی خۆش و سادەو پێشمەرگانەیان بۆخۆیان دروست کردبوو،، پاش چەند ساڵێک حەسەن خۆی تەحویلی ڕژیم دایەوە. بەڵام کاڵێ نەیدەزانی چی بکات.. درێژە بەخەبات و پێشمەرگایەتی بدات، یان بچێتەوە شاربۆلای هاوسەرەکەی؟ بۆ ماوەیەک دەچێتەوە ئێران و هەتا ساڵی ۱۳۷۱ بۆ جارێکی تر دێتەوە ناو ڕیزی پێشمەرگەکان لەڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، دەستی کردەوە بە کاروو تێکۆشانی حزبی وەکوو پێشوو ئازایانەو بوێرانە. دوو ساڵ لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا مایەوە پاشان وازی هێنا چونکە داوای دەکرد کاری تەشکیلاتی ناوشاری مەهابادی پێ بسپێرن.

بەشی یەکەم

ئەوکات حزب ئەوکارەیان پـێ نەداو. دوایی پەیوەندی بە (حدکا) وە دەکات و دەچێتەوە ناوشاری مەهابـاد. لەوێ لەگەڵ ٣ کەسی تـردا لە ماڵێکدا دەمێنەوە بە نهێنی بەڵام بەداخەوە ئاشکرا دەبـن و دەورەیـان دەدەن و هەموویـان دەگـرن.. (هەژار) کوڕی شەهید کاڵێ دەڵێ من منداڵ بـوم کە زانیمان دایکمان گیراوە ئـێمە دوو خوشک و دوو بـرا بـووین بەناوەکـانی، هەژار، فەرزانە، ئارەزوو، سیامەک. کە بـاپیریان منداڵەکان وەخۆ دەگـرن . بەڵام هەژار دەڵـێ هەمـوو بنەماڵەکەمـان کـۆمەڵە بـوون تەنیا دایکم حزبـی بـوو. دەڵـێ کە دایکم گیـرا پـازدە ڕۆژ لە زیندان مـایەوە پاسداران هـاتنە بەر دەرگـاو خەبەری شەهید کرانی دایکمیان بە بـاپیرم داو پێیان گووت وەرن جەنـازەکـەی بەرنەوەو (پوڵی فیشەکاکان) دەبێ بدەنەوە بە سـوپا.. هەژار دەڵێ بـاپیرم جەنـازەکەی دایکمی وەرنەگرتەوە، دەڵێ مەمکیـــان بڕیبـوو هەروەهـا دەست و لاقـی پێـوە نەمـابوو. هەژار دڵـی پڕبوو لەگریان و قسەی تری پێنەوتـرا، دیـارە کاڵێ لەژیانـــی خۆیـدا چوار جار لەلایەن ڕژێمەوە گیرابوو، جـاری یەکەم بـۆ ماوەی ٣ مانگ گیرا هیچی لەسەر سابت نەبوو ئازادکرا. جاری دووەم بۆ ماوەی ٤٠ چل شـەو گیـرا، جـاری سێیەم سێ سـاڵ و نیو گیرا پاشان بەزەمانەت ئـازادکراو هـاتەوە نـاو ڕیـزی پێشمەرگەکانی حـزب لە ڕێبەرایەتـی شۆڕشگێڕ. بـۆ جـاری چـوارەم چـووەوە نـاو شـاری مەهابـاد بـۆ کاروبـاری حزبـی بەڵام بەداخەوە گیـراو سەرئەنجـــام تیربـاران کـرا لەلایەن دوژمنـانی ئازادی...

یادو یادگارەکانت هەر زیندوو بن وڕێگات هەتا وەدەستهێنانی ئازادی دڕێژەی هەیـە.

سوپاسی برای خۆشەویستم کاک عوسمان ئەفشین دەکەم کە هاوکاری کردم لەم یادەدا..

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل.....

یادێکی کورت لە ڕەوانشاد (وەستا عەولا) ی فیلمهەڵگر.



وەستا عەولا لەسەرەتای شۆڕشەوە هاتە ناو ڕیزەکانی حزبی دیموکرات و بەوپەڕی توانایەوە دەیویست خزمەت بەحزب و خەڵک بکات. وەستا عەولا کەسێکی ڕۆح سووک و بە باوەڕو خۆشەویست بوو. دۆست و هاوڕێیەکی دڵسۆزو وەفادار بە هاوڕێیانی و هاوسەنگەرانی بوو. هەر بۆیە جێگای خۆی لەناو دڵی هەموو کەسێک دا کردبۆوە. وەستا عەولا عاشقی هونەری عەکاسی و کاری فیلمهەڵگرتن بوو، لە کاتی عەمەلیاتی پێشمەرگەکان لەهەموو هێزەکانی کوردستان ئامادە بوو. دیارە ئەوکات دەزگایەکی زۆر کۆنی دەورانی سەدەی ڕابردووی پێبوو، دوربینێکی فیلمبەرداری بوو کە بە هەندلی دەستی کاری دەکرد، یان بەشێوەی قوڕمیش کردن. دوای تەواوبوونی فیلمەکە دەبوایە بەتایبەتی ناردرابایە دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی فیلمەکە بشۆردرێتەوە و پاشان بەشێوەی دەزگای سینەمایی خرابایە سەر پەردە. کە دیارە دواتر دەکرا هەر ئەو فیلمانە بخەنە سەر نەواری ڤیدیۆو بەدەزگای ڤیدیۆ لەسەر سەفحەی تەلەڤیزیۆن نیشان درابایە. بەهەرحاڵێک بوو وەستا عەولا دەستی لەگەڵ ئەم شێوە کارکردنە ڕاهاتبوو زۆرێک لە کۆنفرانس و کۆنگرەکان و کۆبوونەوەکان و ژیانی خەڵکی کوردستانی فیلمبەردارى کردبوو وەکوو مێژوویەکی حزبی و خەڵکی تۆماری کردبوون. پێویستە بڵێم کاتی کەووتنە خوارەوەی ٣ هەلیکۆپتەرەکانی ڕژیم لەناوچەی شاروێرانی مەهاباد لە گوندی گوێکتەپە، وەستا عەولا بۆ ڕۆژی دوای شەڕەکە لە دەفتەری سیاسی ڕا خۆی گەیاندە جێگای شەڕەکەو توانی هەندێک فیلم لەو هەلیکۆپتەرە سووتاوانەو ئەو هەموو جەنازە بەجێماوەی کۆماندۆکانی سوپای پاسداران هەڵگرێتەوە بۆ ئارشیوی قارەمانیەتی پێشمەرگە لەمێژووی گەلەکەمان دا. لەبیرەوەریەکانم دا ئەو شەڕانەم بە وردی باسکردووە.

بەشی یەکەم

کەم نین ئەو مێژوویەی وەستا عەولا بە خۆیی و دوربینێکی کۆنەوە دروستی کردو بۆ نەوەکانی داهاتووی تۆمار کرد.

ئێستاش دیتن و چاولێکردنی ئەو فیلمانە تام چێژی تایبەت بەخۆی هەیەو ئەو کەسانەی بەدوای مێژووی زیندودا دەگەڕێن دەتوانن زۆرترین سەنەدو مەدرەک لەو فیلمانەدا بەدەست بێنن. وەستا عەولا لەشاری مەهاباد بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و ماڵئاوایی لـە هەموومان کرد و بەجێیهێشتین.

یادو یادگارەکانت هەمیشە زیندوون و ڕۆحت شاد بێ.

بەشی یەکەم

قاله ڕیشه: پیاوێکی بەهیمەت و جەسوور بوو.



کاتێک قاله ڕیشەم دەدیت قیافەیەکی پڕاوپڕ پێشمەرگانەی هەبوو.

خێرا لەزەین و فکردا وا هەستت دەکرد، لەوەتی کورد هەیە قاله ڕیشەش پێشمەرگەیە.

زۆر جار دەهاتە دەبیرخانە بۆلام و بوخچەی دڵی خۆی بۆ دەکردمەوە، هەرچی لەناخی دا هەبوو بۆی هەڵدەڕشتم.
هەتا مردن زامنی ڕاگرتنی نهێنیەکانی ژیانتم هاوڕێ.

قاله ڕیشە(قادر عیزەتی)، یەک لە بریندارانی پەلامارە موشەکییەکەی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دێموکرات دوای دوازدە ڕۆژ بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ شەهید بوو. لە ڕێکەوتی ٢٨ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی شەهید بوو.

ڕۆحت شادو یادو یادگارەکانت هەمیشە زیندوو.

مالّئاوا کاکە قاله.

بەشی یەکەم

ئێستاش ترپەی دڵی دایکم دەناسمەوە



دایکم هەرچەند دوورتر بوایە لێم، لە باری ڕوحیەوە نزیکتر بووین.

ڕەنگە زۆر کەس لەمانای ئەم مەبەستە تێنەگەن.

نێوانی دایک و منداڵ پەیوەندیەکی ڕۆحی هەیە، کە کەم کەس هەستی پێدەکات.

من تەمەنم ٣٥ ساڵ بوو دایکم هات سەردانی کردم، بۆ دواین جار بوو کە دیتم ساڵی ١٣٧٤ بوو لە قەڵا سەیدەی باشووری کوردستان.

کاتێک سەرم بەسینگی دایکمەوە نا، وەکوو خۆشەویستی خۆم بۆ دایکم. کاتێک وەئاگا هاتم خێزانم گووتی تۆ بۆ دایکت ئازار دەدەی؟ تۆ نزیک بەدوو کاتژمێرە بە سینگی دایکتەوە نووستووی.

ئەوجار زانیم ترپەی دڵی دایکم هەمان ترپە بوو، کە ٩ مانگ پێکەوە هاوڕێ بووین.

ڕۆحت شادبێ دایە گیان...

بەشی یەکەم



سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧١٩ی کوردی = جانیۆیڕی ٢٠٢٠ی زایینی

نۆژەنکردنەوەی: خەزەڵوەری ٢٧٢٦ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٦ی زایینی



سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ شۆڕش ئەسەدزادە بۆ نووسین و ئامادەکردنی لێدوان، نووسراوە و بیرەوەرییەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

